یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری - بۆردی هۆشیاری

# تۆماری سەروەری

# 3

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر ڕۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و ڕەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

# تۆماری سەروەری

بەرگی سێیەم

(3)

تیپەکان :- ١٩٨٢- ١٩٨٨

نووسین و ئامادەکردن: ئازاد سەراوی

## تۆماری سەروەری - بەرگی سێیەم-
## تیپەکان :- ١٩٨٣- ١٩٨٨

نووسین و ئامادەکردن :- ئازاد سەراوی
تایپ :- ئاشنا دلێر - نیگا سالار
دیزاین :- هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی حەمدی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم
سالّی چاپ :- ٢٠٢٤

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٦٦) سالّی ٢٠٢٤ پێدراوە
سەرجەم مافەکانی لەچاپدانەوە و بلّاوکردنەوەی پارێزراون.

لە بلّاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## پێڕست

تیپی ١١ هەورامان
- تیپی هەورامان ..... ٣٢
- چالاکی ..... ٣٢
- چەککردنی لەشکری ئیسلامی ..... ٣٣
- لێدانی ڕەبییەی زەمەقی ..... ٣٣
- چالاکی هاوبەش ..... ٣٤
- گردی گۆ ..... ٣٤
- شەڕی تەپە تۆڵەکە ..... ٣٥
- گرتنی نائب زابتێک ..... ٣٥
- لێدانی قایمقام ..... ٣٥

****

تیپی ١٥ شارەزوور
- کەوتنی کۆپتەرێک ..... ٣٨
- گرتنی ٣٥٠ جاش – سەرباز ..... ٣٨
- بارەگای ڕەزڵە ..... ٤١
- گامێش تەپە ..... ٤٢

****

تیپی ١٥ هەورامان
- شەڕی جادەی تەپە تۆڵەکە ..... ٤٥
- شەڕی ناقیلەکە ..... ٤٥
- ڕەبۆکەی جەلال کۆڵکنی ..... ٤٦
- ڕەبییەکانی گردی نازێ ..... ٤٧
- لێدانی هێزێکی دوژمن ..... ٤٧
- بۆسەی پێشمەرگە ..... ٤٧

- گرتنی دوو ڕەبییە ........................................................ ٤٨
- شەڕی ناوگردان ........................................................ ٤٨
- ڕەبییەی شنروێ ........................................................ ٥٠
- شەڕی بیە ڕەشکە ........................................................ ٥١
- گرتنی رەبییەکانی مرواری ........................................................ ٥١
- جاشێک لە بامۆک ........................................................ ٥٢
- قلیجە ........................................................ ٥٢
- خۆ ڕێکخستنەوە ........................................................ ٥٣
- چالاکی هاوبەش ........................................................ ٥٣
- هەڵەبجە – چالاکی ........................................................ ٥٤
- ڕاپەرینی سەید سادق ........................................................ ٥٤
- محەمەد مۆریاسی ........................................................ ٥٦
- دەقی بروسکەکە ........................................................ ٥٧
- لێدانی سەربازگەی عەربەت ........................................................ ٥٨
- سووتاندنی سواری ........................................................ ٥٨
- شەڕی تاسڵوجە ........................................................ ٥٩
- گرتنی ڕەبییەکانی سێتەپان ........................................................ ٦٠
- بناری سورێن ........................................................ ٦١
- گرتنی سریەی مغاویر ........................................................ ٦١
- بەرەو ئێران ........................................................ ٦٢
- لە ناوچەکانیتر ........................................................ ٦٤

****

تیپی ٣١ پێنجوێن

- درووستبوونی مەڵبەندی یەک ........................................................ ٦٨
- تیپی ٣١ پێنجوێن ........................................................ ٦٨

- چۆڵکردنی پێنجوێن ........ ٦٩
- کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن ........ ٦٩
- کەرتی ٣ تیپی ٣١ ........ ٧٠
- ڕێگای ناو پارێز ........ ٧١

****

تیپی ٣٣ سلێمانی

- تیپی ٣٣ ........ ٧٤
- ڕەبییەی شێرە بەرە ........ ٧٥
- شەڕی چەنا خچیان ........ ٧٦
- لێدانی مەخفەری سلێمانی ........ ٧٦
- چالاکی ناو شار ........ ٧٧
- شەهیدانی قڕگە ........ ٧٨
- چەند چوارینەیەک ........ ٨١
- سزادانی سیخوڕێک ........ ٨٣
- چەند چالاکییەک ........ ٨٤
- ناو شاری سلێمانی ........ ٨٦
- شەهیدبوونی فەرەج وەندەرێنەیی
- شەهیدبوونی کاکە برا بەرزنجی

****

تیپی ٣١ سلێمانی

- تێکەڵکردنی تیپەکان ........ ٨٨
- لێدانی ڕەبییەی ئەزمڕ ........ ٨٩
- ناو سلێمانی ........ ٨٩
- شەڕی پیری شەوکێڵ ........ ٩٠
- دەفتەرەکەی عەلی چوارتایی ........ ٩١

- شەڕی کەتووی گەورە ........ ٩٤
- داستانی کەتو ........ ٩٦
- شەهیدبوونی جەزای کەوێ و هاوڕێکانی ........ ٩٩
- چالاکی ناوشار ........ ١٠٠
- چالاکی چوارتا ........ ١٠٠
- بەرزنجە – عەربەت ........ ١٠٠
- گرتنی ٤ جاش ........ ١٠١
- گرتنی ڕەبییەی ئیسکان ........ ١٠١
- سلێمانی – چوارتا ........ ١٠٢
- گرتنی ڕەبییەیەک ........ ١٠٢
- ڕێکخستنەوەی تیپی ٣١ ........ ١٠٢
- لە مالومەوە بۆ چیای لۆتکە ........ ١٠٣
- چیرۆکێکی حەزین ........ ١٠٧
- بۆسەی گۆجاڕ ........ ١٠٧
- بەرەو ڕاپەڕین ........ ١٠٨

***

تیپی ٣٧ شارباژێڕ

- درووستبوونی مەڵبەندەکان ........ ١١٠
- تیپی ٣٧ شارباژێڕ ........ ١١٠
- کۆنفرانسی ناوچەیی کۆمەڵە ........ ١١٢
- بزوتنەوەی سۆسیالیتی کوردستان ........ ١١٣
- یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ........ ١١٥
- پلنیۆمی خەتێ ........ ١١٥
- ناوچەی ١٤ چوارتا ........ ١١٥
- دانانی لوغم ........ ١١٦

- تەقاندنەوەی مەرکەزی قەلاَچوالان ..... ١١٧
- لێدانی دۆشکەی حامیە ..... ١١٧
- چالاکی خێوەتە ..... ١١٧
- بێرەمەڕ ..... ١١٩
- چالاکییەکانی پێشمەرگە ..... ١١٩
- ئازاد مارە ڕەشی ..... ١١٩
- چالاکی سورە قەلاَت ..... ١٢٠
- شەڕی هەنگەژاڵ ..... ١٢١
- نێوان خێوەتە قشلاَخ ..... ١٢١
- زنجیرەیەک چالاکی بەرفراوان ..... ١٢١
- چالاکی ناوشار ..... ١٢٣
- قیمە و ساوەر ..... ١٢٦
- بەرزاییەکانی سورەقەلاَت ..... ١٢٧
- شەهید هەڵۆ ..... ١٢٩
- لە تۆڵەی شەهید هەڵۆدا ..... ١٣٠
- لە چلەی شەهید هەڵۆدا ..... ١٣١
- نیو کاتژمێر پێش گفتوگۆ ..... ١٣٣
- گفتوگۆی شۆڕش و میری ..... ١٣٣
- شەهیدبوونی عوسمان ماوەتی ..... ١٣٤
- هاتنی جەمالی حەمەی خوا کەرەم ..... ١٣٤
- مەرزی میراوا ..... ١٣٥
- حزبەکانی ڕۆژهەلاَت ..... ١٣٥
- تێکچوونەوەی گفتوگۆ ..... ١٣٨
- سەبارەت بە شەهیدبوونی مامە ڕیشە ..... ١٣٨
- تالیب گەنکەیی ..... ١٣٨

- پلانی ڕزگارکردنی ماوەت ........ ١٣٩
- چالاکی هاوبەش ........ ١٤٠
- شەهیدکردنی یاسین عومەر ........ ١٤٢
- داستانی کەتو ........ ١٤٢
- پەڕینەوە بەری کەتو ........ ١٤٢
- لێدانی مۆڵگەی جاش ........ ١٤٥
- بەرەو برزوت – بایلۆسە ........ ١٤٥
- کەڵکی قامیش ........ ١٤٧
- شەوانی برزوت ........ ١٤٧
- کانی مام خۆشی ........ ١٤٨
- هاوڕێ سۆران ........ ١٤٨
- محەمەدی حاجی سەعید ........ ١٤٩
- ناسری شا کەرەم ........ ١٤٩
- مەرزی سەفرە ........ ١٥٠
- شینکایەتی ........ ١٥٠
- شەهیدکردنی پێنج هاووڵاتی ........ ١٥١
- بەرەو سەرگەڵو ........ ١٥٢
- بریندابوونی عەبدوڵڵا و جەزا ........ ١٥٤
- چۆنیەتی شەڕەکە ........ ١٥٤
- گەڕانەوە ........ ١٥٥
- ڕۆمانی هەرەس ........ ١٥٥
- جەولە – کۆپتەر ........ ١٥٧
- مریشکی برژاو ........ ١٦٠
- قوربانی ........ ١٦٠
- ساز مەزەنەکەی مام وەسمان ........ ١٦٠

- هێزی پشتگیری ولاغلو ........ ١٦١
- تۆپخانەی شۆڕش........ ١٦٣
- کورتە باسێکی ولاغلو ........ ١٦٤
- ئاڵای شۆڕش........ ١٦٥
- چالاکی دێرێ........ ١٦٦
- شەهیدبوونی ئازادی کوێخا حەسەن و کاروان ........ ١٦٨
- سێ سەربازی ڕاکردوو........ ١٦٩
- گەڕانەوەی نەبیل........ ١٧٠
- چیرۆکی ڕفاندنی ئۆتۆمبێلەکە........ ١٧١
- من و پایز و حاجی هەباس........ ١٧٢
- داستانی کوڕەداوێ ........ ١٧٣
- وەستا فاروق لە یاخیان ........ ١٧٥
- داستانی کوڕەداوێ لە ئیزگەوە ........ ١٧٦
- شەهید ستار ڕەئوف........ ١٧٩
- داستانی ئەسحاب ........ ١٨٠
- شەهیدبوونی عوسمان مەروێیی ........ ١٨٢
- بەخاک سپاردنی عوسمان ........ ١٨٢
- شەوانی مەقەڕ........ ١٨٣
- مینەی مەلا ........ ١٨٣
- ڕاوە سەر کانی ........ ١٨٣
- هاتنی سەلیم ئاغا........ ١٨٤
- دکتۆری تیپ ........ ١٨٤
- گرتنی ڕەبییەی زەینەڵ........ ١٨٦
- شارباژێڕ دوژمنی لە گۆڕنا ........ ١٨٦
- ئێران لە سەرسیر ........ ١٨٨

- پەڵەی بەفر ............ ١٨٩
- تەسلیم کردنەوە ............ ١٨٩
- شەهید مەلا سەراوی ............ ١٩٠
- چۆڵکردنی ناوچەکە ............ ١٩١
- تۆپبارانی سەرکردایەتی ............ ١٩٢
- وردە گومرک ............ ١٩٣
- تۆپبارانی سەرکردایەتی و ............ ١٩٣
- گوللەیەکی ڕێ ونکردوو ............ ١٩٤
- گومرکی شاناخسێ ............ ١٩٦
- جەولەی کوڕادوێ ............ ١٩٧
- هێرشی گەڵاڵە ............ ١٩٧
- بزەیەک لە نێو دوکەڵدا ............ ١٩٨
- چالاکی میراوا ............ ١٩٩
- دێی شاناخسێ ............ ١٩٩
- شەڕی ولاغلو – دۆڵبێشک ............ ٢٠٠
- گرتنی ناحیەی قەرەداخ – ئاغجەلەر ............ ٢٠١
- گرتنی سەربازگەی سوسێ ............ ٢٠٢
- نامەیەک لە ڕەنگی خوێن ............ ٢٠٤
- دوو پێشمەرگەی شەهید ............ ٢٠٥
- ئەرشیفی وێنە ............ ٢٠٥
- شەهیدبوونی سێ پێشمەرگە ............ ٢٠٦
- خەمی کامیل ............ ٢٠٧
- ساڵح گرگاشەیی ............ ٢١٠
- سالار بەیانانی ............ ٢١٠
- کۆستی خێزانێک – لە مڕانە بۆ سلێمانی ............ ٢١١

- مڕانه له بۆتەی شۆڕشدا ........ ٢٢٤
- بەرەو بێتوش........ ٢٢٤
- بەر له زینوی سپی ........ ٢٢٥
- داستانی زینوی سپی ........ ٢٢٦
- شەڕی قوڵە پۆشین ........ ٢٣١
- بریندار‌بوونی سەید ئەحمەد ........ ٢٣١
- بەرەو هەڵەبجەی شەهید ........ ٢٣٢
- ڕەبییەکانی هەوارە کۆن ........ ٢٣٣
- ونبونی عارف ماشانی ........ ٢٣٣
- سیانزه پیاڵە ........ ٢٣٥
- سالاری حاجی دەرویش........ ٢٣٥
- مێردەکانتان شەهیدبوون ........ ٢٣٦
- هێنانەوەی تەرمی فایەق ئاڵکی و عەتا........ ٢٣٧
- دوو نوکته ........ ٢٣٨
- بەرەو مەڵبەندی سێ ........ ٢٣٨
- شێرکۆ جدی شەهیدی بێگۆڕ........ ٢٣٩
- له تەتەرەوه بۆ جیهاز ........ ٢٤٢
- شەهیدانی شاربازێڕ........ ٢٤٩
- ڕاپەڕین و زەماوەندی سلێمانی........ ٢٥٤

***

دروستبوونەوەی تیپی هەورامان و شارەزور

- دروستبوونەوه........ ٣٦٠
- بنکەی سورێن ........ ٣٦١
- تیپی ١١ هەورامان ........ ٣٦٢
- تیپی ١١ ........ ٣٦٣

- بارەگاکانی تیپی ١١ ........ ٢٦٣
- گرتنی ڕەبییەیەک ........ ٢٦٣
- ڕەبییەیەکی تر ........ ٢٦٥
- تیپی ٣٣ سورێن ........ ٢٦٥
تیپی ٤٧ پیرەمەگروون
- تیپی ٤٧ ........ ٢٦٨
- شەڕی سەری دابان ........ ٢٦٩
- شەڕی بیران ........ ٢٧٠
- شەهیدبوونی سەلاحی موهەندیس ........ ٢٧٠
- چالاکییەکانی ناوشار ........ ٢٧١
- چالاکی ماوەت ........ ٢٧١
- هێنانی هەزار سەر ئاژەڵ ........ ٢٧٢
- بە سزا گەیاندن ........ ٢٧٢
- شەهیدبوونی هاوڕێ جەبار ........ ٢٧٣
- کەرتی ڕێکخستنی دووکان ........ ٢٧٣
- ناوچەی ١٢ دووکان ........ ٢٧٤
- شەڕی کانی بەردینە ........ ٢٧٦
- گفتوگۆی شۆڕش ........ ٢٧٧
- تیپی ٤٧ لە شارستێن ........ ٢٧٨
- هاتنی شۆڕش ئیسماعیل ........ ٢٧٨
- زیلە سووتاوەکان ........ ٢٧٩
- ڕەبییەی سەرچنار ........ ٢٧٩
- تۆڵەی شەهید عەلی چوارتایی ........ ٢٨٠
- سووتاندنی کانی بەردینە ........ ٢٨١
- چالاکی سلێمانی ........ ٢٨٢

- شەهیدبوونی محەمەد ئیسماعیل ..... ٢٨٣
- بۆسە - مەجید بەگ ..... ٢٨٤
- ڕەبییەی شاخەسوور ..... ٢٨٤
- چەند چالاکییەک ..... ٢٨٥
- پردی بێ مەحکەمە ..... ٢٨٥
- چالاکی ژاژڵە ..... ٢٨٦
- بۆسە – سەرچنار ..... ٢٨٧
- گرتنی ڕەبییەی ناو گردان ..... ٢٨٧
- گرتنی سەرۆک نەقابە ..... ٢٨٨
- شەهیدبوونی عەبدولڕەحمان حەمەی فەرەج ..... ٢٨٨
- گرتنی ڕەبییە ..... ٢٩٠
- مەرزی سەفرە ..... ٢٩١
- چالاکی سەرچنار ..... ٢٩٢
- ڕەبییەی کانی بیوکێ ..... ٢٩٢
- هێمن سەراوی ..... ٢٩٣
- شەهیدانی شێر کوژ –هێمن سەراوی وهاوڕێکانی ..... ٢٩٣
- لە چلەی هێمن سەراویدا ..... ٢٩٤
- لە چلەی هەشت دار بەڕوو ..... ٣٠٠
- چەند چالاکییەک ..... ٣٠٢
- هاتنە ناو شار ..... ٣٠٢
- سێ چالاکی ..... ٣٠٣
- ئازادەکان ..... ٣٠٣
- گۆڕانکاری نوێ ..... ٣٠٤
- بۆمبارانی فڕۆکە ..... ٣٠٤
- چالاکی – سەرچنار ..... ٣٠٤


***

تیپی ٤٣ ئاسۆس


- پێکهاتەی تیپ ........ ٣٠٦
- شەڕی قەرەتەپە ........ ٣٠٦
- چەککردنی ئیسلامییەکان ........ ٣٠٦
- گرتنی مستەشارێک ........ ٣٠٧
- سەردانی بێتوش........ ٣٠٧
- چیرۆکی کوڕ وکچەکە ........ ٣٠٨
- چەڵە مەشکێنە ........ ٣٠٩
- شارستێن – سێدەر ........ ٣١٠
- نزیک کوێرەکانی ........ ٣١١
- چالاکی کوێرەکانی ........ ٣١١
- شەڕی جوبڵاخ ........ ٣١٣
- بۆسە و بەلەم ........ ٣١٣
- دوای شەڕی دابان ........ ٣١٤
- ڕۆژێک پێشتر ........ ٣١٥
- شارستێن – سێدەر ........ ٣١٥
- نزیک کوێرەکانی ........ ٣١٦
- چالاکی تۆپزاوا ........ ٣١٦
- لێدانی جاش ........ ٣١٧
- چالاکی سێوکان ........ ٣١٧
- داستانی ئاسۆس........ ٣١٨
- قەرەتەپە و مەمەنداوا ........ ٣١٩
- نەقڵبونی عبدالڕحیم ........ ٣٢٠
- شەڕی گردە سوران........ ٣٢٠
- دوو نوکتە ........ ٣٢٠

- شەهیدکردنی ١١ هاووڵاتی ........ ٣٢١
- گرتنی جێبێک ........ ٣٢٢
- ڕۆژی خاتران ........ ٣٢٣
- جادەی قەرەسەرد ........ ٣٢٣
- هاتنی ئازاد هەورامی ........ ٣٢٤
- شەهیدبوونی مەحموود سێدەری ........ ٣٢٧
- داستانی زینوی سپی ........ ٣٢٨

****

تیپی ٦٨ مامەند

- پێکهاتەی تیپ ........ ٣٣٢
- خیانەت ........ ٣٣٢
- شەهیدبوونی سەلام ........ ٣٣٣
- شەهیدبوونی کەمال سێدەری ........ ٣٣٤
- شەڕی موغاغ ........ ٣٣٤
- دوای گفتوگۆ ........ ٣٣٦
- هێنانی چەک ........ ٣٣٧
- ئەنفالی یەک ........ ٣٣٧
- سەری گادەر ........ ٣٣٨

****

تیپی ٤٤ چەکوچ

- تیپی چەکوچ ........ ٣٤٢
- شەڕی باوزێ ........ ٣٤٢
- ڕێکەوتنی ناوچەیی ........ ٣٤٣
- زینوی سپی ........ ٣٤٤
- لە ئەنفالدا ........ ٣٤٥

****

تیپی ٦١ کورەش

- تیپی ٦١ ........ ٣٥٠
- کۆتایی ١٩٨١-١٩٨٢ ........ ٣٥٠
- بەرەو سێروان - خۆشناوەتی ........ ٣٥١
- لێکدانی دوو تیپ ........ ٣٥١
- پایزی ١٩٨٣ ........ ٣٥٢
- چالاکی بەرد قەڵیشو ........ ٣٥٢
- پێش تێکچوونی گفتوگۆ ........ ٣٥٣
- لێدانی کەمینی دوژمن ........ ٣٥٣
- پەیوەندی لەگەڵ ئێران ........ ٣٥٤
- بینینی نوێنەری کۆماری ئیسلامی ........ ٣٥٥
- ئۆردوگای ژاراوا ........ ٣٥٦
- سەلیم سەر سپی ........ ٣٥٦
- نامەکەی کاک مەسعوود ........ ٣٥٧
- گواستنەوەی ئیزگە ........ ٣٥٨
- شەڕی سارد ........ ٣٥٨

****

تیپی ٦٣ جوتیاران

- تیپی ٦٣ ........ ٣٦٠
- مەفرەزەی مەکتەبی عەسکەری ........ ٣٦١
- چالاکی بێگەڵاس ........ ٣٦٢
- ناوشاری قەڵادزێ ........ ٣٦٢
- گۆڕینی مۆر ........ ٣٦٣
- گردە بێناس ........ ٣٦٣
- شەڕی کەڵەکان ........ ٣٦٤

- گردە بێناس ..... ٣٦٨
- کەوتن و پێکانی دوو کۆپتەر ..... ٣٦٩
- چەکوان ..... ٣٧١
- شەڕی گەناو ..... ٣٧١
- ئاڵای ڕزگاری ..... ٣٧١
- بروسکەی مام جەلال ..... ٣٧٣
- بەرەو کانی تو ..... ٣٧٤
- شەڕی نێودەشت ..... ٣٧٤
- مەرگە – شکانی جاش ..... ٣٧٥
- گرتنی ڕەبییە و ..... ٣٧٥
- تێکشکاندنی بۆسەیەکی دوژمن ..... ٣٧٦
- بۆمباران ..... ٣٧٧
- سەنگەسەر ..... ٣٧٧
- ڕەبییەی باوزێ ..... ٢٧٧
- زینوی سپی ..... ٣٧٨

****

تیپی ١٤ ئاکۆ

- تیپی ئاکۆ ..... ٣٨٠
- شەڕی پارتی - شیوعی ..... ٣٨٠
- گرتنی ١٤ سەرباز ..... ٣٨١
- لێدانی سەیتەرە ..... ٣٨١
- ڕانیە – چوارقوڕنە ..... ٣٨٢

****

تیپی ٧٥ کۆدۆ

- تیپی ٧٥ ..... ٣٨٤

- چالاکی کانیماران ........................................ ٣٨٤
- بۆسەی پایز ........................................ ٣٨٥
- کوشتنی عەبدوڵڵا سور ........................................ ٣٨٥

***

تیپی ٧٣ – ٧٩

- تیپی ٧٣ قەندیل ........................................ ٣٨٨
- تیپی ٧٩ شەهیدان ........................................ ٣٨٨
- گومرگ – باجگە ........................................ ٣٨٩
- تیپی ٧٩ سارد ........................................ ٣٩٠
- بەرەو هەڵەبجە ........................................ ٣٩٠
- تیپی ٧٣ قەندیل ........................................ ٣٩١

***

تیپی ٩٩ بیتوێن

- تیپی ٩٩ ........................................ ٣٩٤
- شەهیدبوونی مەلا حەسەن ........................................ ٣٩٤
- ناوچەی بیتوێن ........................................ ٣٩٥
- هاتنی عەبدوڵڵای مام عەلی ........................................ ٣٩٦
- گرتنی بێتوانە ........................................ ٣٩٧
- لێدانی ڕەبییە ........................................ ٣٩٧
- دانانی مین ........................................ ٣٩٧
- کانی وەتمان – چالاکی ........................................ ٣٩٨
- چوارقوڕنە – ڕانیە ........................................ ٣٩٨
- دۆڵی خەلەکان ........................................ ٣٩٩
- دوای گفتوگۆ ........................................ ٣٩٩
- دۆڵی خەلەکان – بیتوێن ........................................ ٤٠٠

- لێدانی ڕەبییە ........ ٤٠٠
- دەستگیرکردنی ٣ جاش ........ ٤٠١
- چالاکی هاوبەش ........ ٤٠١
- چالاکی ناوشار ........ ٤٠١
- خەلەکان - دووکان ........ ٤٠٢
- بۆسە – لێدانی جاش ........ ٤٠٢
- دۆڵی خەلەکان ........ ٤٠٣
- شەڕی ئاغجەلەر ........ ٤٠٤
- شەهیدبوونی ئازادی حەمەی گەمحان ........ ٤٠٤
- ڕەبییەکانی قەرەنیاغا ........ ٤٠٥
- چالاکی ناو شاری ڕانیە ........ ٤٠٦
- تیپی ٩٩ لە ئەنفالی ٥-١ ........ ٤٠٨
- پارتیزانەکان ........ ٤٠٩
- تیپی ٩٧ کۆسرەت ........ ٤١٢
- پێکهاتەی تیپ ........ ٤١٢

****

تیپی ٦٥ بلّفەت

- تیپی بلّفەت ........ ٤١٤
- گرتنی بەعسییەک ........ ٤١٤
- گەورە قەڵا ........ ٤١٥
- زینوی سپی ........ ٤١٥
- مەلا سەفی ........ ٤١٥
- ئەنفالی یەک ........ ٤١٦
- خەمێکی قوڵ ........ ٤١٦
- سۆزی وەتەن ........ ٤١٧

****

تیپی ٤١ کوڕەکاژاو


- تیپی کوڕە کاژاو ........ ٤٢٢
- هەرێمی ١١ ........ ٤٢٢
- پێکهاتەی تیپەکە ........ ٤٢٣
- تیپی ٥٦ گەڵاڵە ........ ٤٢٦
- تیپی ٥٦ مەنگوڕایەتی ........ ٤٢٦
- ڕەوەندەکان ........ ٤٢٧
- چل بزنە ........ ٤٢٨
- لێدانی مونەزەمە ........ ٤٢٨
- پەلاماری دوژمن ........ ٤٢٨
- ئەرکەکانی تیپ ........ ٤٢٩
- سەری گۆمێ ........ ٤٣٠
- شەڕی هەڵەبجە ........ ٤٣١
- تیپەکان لە قەڵاتوکان ........ ٤٣١


***

تیپی مەڵبەندی دوو


- تیپی مەڵبەند ........ ٤٣٤
- ڕەبییەی تۆپزاوا ........ ٤٣٥
- شەهیدکردنی پێشمەرگەیەک ........ ٤٣٦
- شەڕی کەندەشین ........ ٤٣٦
- گڕدانی عەمبارێک ........ ٤٣٦
- گرتنی ڕەبییەی سارا ........ ٤٣٧
- خولی تۆپخانە ........ ٤٣٨
- تۆپبارانی سوسێ ........ ٤٣٨
- شەڕی سورداش ........ ٤٣٩

- بۆمبارانی دۆڵی جافەتی ........ ٤٤٠
- تۆپبارانی مۆڵگەی دوژمن ........ ٤٤١
- گولله بارانکردنی هەشت هاووڵاتی ........ ٤٤١
- کوشتنی دوو مفەوەزی ئەمن ........ ٤٤١
- گرتنی ڕەبییەی سپیلک ........ ٤٤٢
- بۆسە ........ ٤٤٢
- گرتنی پێنج ڕەبییە ........ ٤٤٣
- ڕەبییەی سەری سارا ........ ٤٤٥
- شەڕی ئاغجەلەر- تەوەکەڵ ........ ٤٤٥
- خێزانێکی تێکۆشەر ........ ٤٤٦
- شەڕی قەمچوغە ........ ٤٤٧
- گرتنی ڕەبیەی حاجیتان ........ ٤٤٧
- چالاکی خوڕخوڕە ........ ٤٤٨
- تێکشکاندنی پەلاماری دوژمن ........ ٤٤٩
- خولانەوە لە بازنەیەکدا ........ ٤٥٠
- شەڕی مێشەرۆ ........ ٤٥٢
- شەڕی دۆڵەکۆکە ........ ٤٥٣

****

تیپی پارێزگاری

- تیپی پارێزگاری ........ ٤٥٦
- شوێن دۆشکەکان ........ ٤٥٧
- دۆشکەکانی یاخسەمەر ........ ٤٥٧
- شەهید بوونی حەمە سورەبانی ........ ٤٥٨
- زینوی سپی ........ ٤٥٩
- بۆسە - گۆجاڕ ........ ٤٥٩

– بریندارەکانی تیپی پارێزگاری ........ ٤٦٠
– شەڕی سوورە دێ – قەندیل ........ ٤٦١
– دەستەی مەشق ........ ٤٦١
– شەهیدەکانی تیپی پارێزگاری ........ ٤٦٢

****

تیپی ٤٩ سارا

– تیپی سارا ........ ٤٦٦
– کیمیا بارانی شاناخسێ ........ ٤٦٧
– بارەگای تازەی تیپ ........ ٤٦٧
– بەرەو پیرەمەگرون ........ ٤٦٨
– بەرەو ڕاپەرین ........ ٤٧٠

****

تیپی٢٧ تۆکمە

– تیپی تۆکمە ........ ٤٧٢
– نامەی بەخێرهاتنی هەڤاڵ مام جەلال ........ ٤٧٣
– پێکهاتەی تیپ ........ ٤٧٤
– چالاکیەکانی تیپی تۆکمە ........ ٤٧٤
– گرتنی ڕەبییەی کۆتەڵ ........ ٤٧٥
– ئەنفالی ٤ ........ ٤٧٦

****

تیپی ٢٩ کەڵکە سماق

– تیپی کەڵکە سماق ........ ٤٧٨
– هەقە ........ ٤٧٨
– نازناوی هەقە ........ ٤٧٩
– مامە ڕەزاییەکان ........ ٤٧٩

- مامە ڕەزاییەکان لە شۆڕشدا ........ ٤٨٠
- درووستبوونی تیپی کەڵکە سماق ........ ٤٨٠
- چالاکی تەوەکەڵ ........ ٤٨٢
- چالاکی کۆیە – تەق تەق ........ ٤٨٢
- چالاکی سەرجادەی دووکان – سلێمانی ........ ٤٨٢
- ئەنفالی یەک ........ ٤٨٢
- گەڕانەوە بۆ دەشتی کۆیە ........ ٤٨٣
- ئەنفالی چوار ........ ٤٨٤

****

تیپی تۆپخانەی شۆڕش

- تیپی تۆپخانەی- مەڵبەندی دوو ........ ٤٨٦
- پێکهاتەی تیپی تۆپخانە ........ ٤٨٦
- کەرتی دۆشکە ........ ٤٨٧
- کەرتی هاوەنەکان ........ ٤٨٧
- کەرتی ڕاجیمە ........ ٤٨٧
- تۆپبارانی سەربازگەی سوسێ ........ ٤٨٩
- شەڕی قوڵە سەوز ........ ٤٩١
- ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک ........ ٤٩٢
- ئەنفالی یەک ........ ٤٩٢
- ڕۆژژمێری ........ ٤٩٣

## تـــــــیپەکان

ئەم بەرگە ژمارەیەک تیپی ناوچەکانی شارەزور- هەورامان، جافایەتی، دووکان، پشدەر، مەنگوڕایەتی، شێنێ، سندۆڵان، بیتوێن لە خۆ دەگرێت

پێشمەرگە دێرینەکانی ئەم تیپانە لە نێو داستان و هەڵمەت و بەرگریدا دەمانبەنەوە جێگە ژووانـی سـەنگەرو پێشمەرگە، دیمەکانی ئەم بەرگە پڕن لە جوامێری و سەرکەشی و نەبەزین، پڕن لە زام و خوێن و برین، لە شکۆفەی دارو درەخت لە پشکوتن، هەندێکجاریش لە هەڵوەرین.

# تـــیپەکانی هــەورامان – شـــارەزوور
# (15-11)
# 1991 - 1982

# تیپی 11 ی هەورامان
# یەك

## تـــــیپی 11 ی هـــەورامان
## 1982

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی یەک تیپی ١١ی هەورامان درووست بوو.

**دەستەی تیپ:**

+ شەوکەت حاجی موشیر فەرماندەی تیپ
+ مامۆستا شاهۆ فەرماندەی کەرت
+ مەحموودی حاجی فەرەج فەرماندەی کەرت
+ جەلال کوڵکنی فەرماندەی کەرت
+ لەتیفی حەمەی مەلا سابیر فەرماندەی کەرت

حەمەی حەمە سەعید، فاتیح ئێناخی، فەیسەڵی مەلا عەلی (کاکە شێخ)، عومەر چاو جوان درەنگتر بوونە فەرماندەی کەرت.

تیپی هەورامان چەندین چالاکییان ئەنجامدا، چەندین بۆسەیان بۆ دوژمن دانا، لە ناو شارۆچکەکاندا چەندین پیاو خراپیان دەستگیر کرد، چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامدا.

## کـــــەرتی (4)
## چـــــالاکی

ناوەڕاستی مانگی ١٩٨٢/٦ لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی بەیانی مەفرەزەیەک بە سەرپەرشتی فاتیح مستەفا بۆسەیەکیان لە نێوان بۆین و بەفری میری دانا و دوو سەرباز کوژران و سەربازێک هەڵات.

**دەستکەوت:**

١ کلاشینکۆف

١ ئاربیکەی

دوای کوشتنی سەربازەکان ڕەبییەکانی شاوەتێ و بەفری میری دەستیانکرد بە تەقە.

## چـــەککردنی لەشکری ئـــیسلامی
## مانگی 1982/7

لەشکری ئیسلامی لە حاجی مامەند بارەگایان دانابوو (٥٠٠) چەکداریان هەبوو ئێران هاوکاریدەکردن .

(ی ن ک) خەڵکی ناردبووە ناویان شانەی نەهێنی لە ناویاندا درووست کردبوو، بەشێک لەو کەسانەی یەکێتی ناردبوویە ناویان پلەیان وەرگرتبوو.

سەرکردایەتی (ی ن ک) لە بەر هەندێک هۆکار بڕیاریدا لەشکری ئیسلامی چەک بکات، مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٢ بەشێک لە هێزەکانی (ی ن ک) لە ناویاندا هەر دوو تیپی هەورامان و شارەزوور هێرشیان کردە سەر بارەگای لەشکری ئیسلامی لە حاجی مامەند و چەکیان کردن و ناردیاننە ماڵەوە.

**لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگە شەهید بوون:**

١/ جەلالی مەلا نەجم

٢/ مامە عومەری پەلی هێرۆ

٣/ حەمەی مەلا وەیسە

٦٠٠ پارچە چەک دەستکەوت بوون کە تیایاندا دۆشکاو BKC و RBG تیا بوو.

## لـــێدانی ڕەبیەی زەمـــەقی

مەفرەزەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی شەهید فاتیح و کەرتی شەهید فەیسەڵی تیپی ١١ی هەورامان لە شەوی ١٩٨٣/١/٢٥/٢٤ چوونە ناو شاری هەڵەبجە، بە چەکی هەمە جۆر لە ڕەبییەی سەر مۆڵگەی مونەزەمەکەیاندا ڕەبییەکەیان بە سەر دوژمندا ڕووخاند.

## چـــالاکی هــاوبەش
## هـــاوینی ســـاڵی 1982

هاوینی ساڵی ١٩٨٢ کەرتی (٤) ی تیپی ١١ی هەورامان هاتنە هەڵەبجە لە ڕێگا تووشی مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی بوون بڕیاریاندا بە یەکەوە لە ڕەبییەی سەر بارەکە بدەن پێشمەرگەکانی کەرتی (٤)ی تیپی ١١ی هەورامان لە لایەک و حزبی شیوعی لە لایەک تەقەیان لە ڕەبییەکە کردو بە ئاربیجی لێیاندا، چەند سەربازێک لە ناو ڕەبییەکەدا کوژران.

## مــــــەوەرۆ
## 1982

کەرتی (٤)ی تیپی ١١ی هەورامان مەڕێکیان سەربڕیبوو مەڕەکە نەخۆش بوو، ووریا بیارەیی سەیری جگەرەکەیکرد ووتی ئەم گۆشتە مەوەرۆ.

کەرتی ٤ هەموویان هەورامی بوون جگە لە ئەکبەرو فاتیح ئەوان لەوە نەگەیشتن کە گۆشتەکە خراپ بووە بەشی خۆیان خوارد، برادەرەکانیان ووتیان ئەوە خواردتان ئەی نەمانووت نەخۆشە، فاتیح و ئەکبەر ووتیان مەوەرۆ چییە؟ بتانووتایە مەیخۆن خراپ بووە.

## گـــردی گـــۆ
## مـــانگی 1ی 1983

پێشمەرگەکانی تیپی ١١ی هەورامان گوللەیەکی قازیفەیان بە ئاڕاستەی ڕەبییەی گردی گۆ دانا، گوللە قازیفەکە تەوقیت کرابوو لە سەر شۆستەی پردەکەی زەڵم دانرا، لە کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقەی پێش نیوەڕۆ تا کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ چاوەڕێیانکرد نەتەقی، لە تەپە سەر قوڵەوە چوونە گردی گۆ لە سەر پردەکەی زەڵم گوللە قازیفەکەیان هێنایەوە، جارێکیتر بردیان دایاننایەوە پێشمەرگەکان چوونە گردی قازی هێندەی نەبرد گوللە قازیفەکە تەقی و دای لە ڕەبییەکە دوای لێدانی گوللە قازیفەکە بوو بە تەقە.

## شـــەڕی تەپە تـــۆڵەکە
## 1983/2/21

هێزێکی هاوبەشی تیپی ١١ی هەورامان و ١٥ی شارەزوور چوونە ناو تەپە تۆڵەکە، هێزێکی دوژمن هاتە ناو تەپە تۆڵەکە، لە گەڵ تیپی هەورامان و شارەزووردا تووشی شەڕ بوون، لەو شەڕەدا مەولوود قلرخی پێشمەرگەی تیپی ١٥ی شارەزوور شەهید بوو.

## گـــرتنی نـــائب زابـــتێك
## هـــاوینی 1983

ناوی دوو نائب زابتیان دایە کەرتی (٤) بچنە ناو هەڵەبجە و بیانگرن، ئەگەر یەکەمیان خۆی نەدا بەدەستەوە بیکوژن بەڵام دووەمیان لە بەر ئەوەی بەعسی نییە نەیکوژن. چوونە ماڵی یەکەمیان لە ماڵ نەبوو، ماڵی دووەمیان ناوی ئەنوەر بوو کەسێکی باش بوو ئەویانگرت.

ئەکبەر یەناخی چووە ژوورەوە ووتی من پێشمەرگەم ئیشم پێتە، هێنایانە عەبابەیلیّ، جاشێک ووتبووی ئیتر ناهێڵم پێشمەرگە بێتە ناو هەڵەبجە و گەڕەکی ئێمە، پێشمەرگەکانی کەرتی (٤)ی تیپی هەورامان (ئەنوەر)یان لە جێگەیەک دانا.

مەحموود مۆردین، عومەر مینە، ئەکبەر یەناخی گەڕانەوە چوونە هەڵەبجە، لە دەرگای ماڵی جاشەکەیاندا و چوونە ژوورەوە جاشەکە ڕەشاشێکی دانابوو پێشمەرگەکان ووتیان ئاوا ناهێڵی پێشمەرگە بێتە هەڵەبجە، جاشەکە برایەکی سەر بە ڕێکخستنەکان بوو چەکەکەیان لێسەندوو ووتیان دەیکەینە خاتری دایکت نەیانبرد لە گەڵ خۆیاندا.

## لـــێدانی قـــایمقام
## هـــاوینی 1983

قایمقام تەوێڵەیی بوو چوو بوو بۆ بینینی سەدام حسێن، (٥) پێشمەرگەی کەرتی (٤) هاتن بۆ لێدانی قایمقام لە پەنا بارەگای جاش شەعبییەوە ئاربیجیان نا بە ماڵی قایمقامەوە لە قاتی سەرەوەی خانووەکەیدا قایمقام و میوانەکانی لە قاتی خوارەوە بوون.

# تـــیپی 15ی شـــارەزوور
# دوو

## تـــیپی 15ی شـــارەزوور
## 1982

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی یەک تیپی ١٥ی شارەزوور درووست بوو.

**دەستەی تیپ:**

حامیدی حاجی غالی فەرماندەی تیپ

دلێر جاف فەرماندەی کەرت

مەحموود گەرمیانی فەرماندەی کەرت

ئەحمەد شاتووانی فەرماندەی کەرت

حەمە ڕەش گرێزەیی فەرماندەی کەرت

سنووری چالاکی تیپی شارەزوور لە سەرووی چەناخچیانەوە دەستی پێدەکرد تا پردی زەڵم.

## کـــەوتنی کـــۆپتەرێك
## 1983/3/21

پێشمەرگەکانی شارەزوور – هەورامان لە بێرەشکە یارییان دەکرد کۆپتەر هاتە سەریان، پێشمەرگەکانی تیپەکانی هەورامان – شارەزوورو (٥٥)ی قەرەداخ تەقەیان لە کۆپتەرەکە کردو دووکەڵی لێهەستا لە نێوان تەپە ڕەش و سەید سادق کەوتە خوارەوە.

هەمان ڕۆژ دۆشکەیەکی چوار لوولە لە گردی حاجی عەبدوڵڵای نزیک سەید صادق تەقەی لە پێشمەرگەکان کرد بە دەستڕێژی دۆشکەکە پێشمەرگەیەکی تیپی (٥٥)ی قەرەداخ شەهید بوو بە ناوی «جەلیل».

## گـــرتنی 350 جـــاش، ســـەرباز
## 1983

پێشمەرگەکانی تیپی ١٥ی شارەزوور لە ناوچەی وارماوا بوون بەڵێن بوو لە گەڵ شێخ عەلی بچن بۆ گرتنی ڕەبییەیەک.

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی حەمە قاشتی چوون بۆ چاودێریکردنی ڕەبییەیەک بڕیار بوو شێخ عەلی و هەڤاڵەکانی بێنە دێی ئەحمەد بڕنە لەوێوە بچن لە ڕەبییەکە بدەن.

حەمە قاشتی و مەفرەزەکەی وازیان لە گرتنی ڕەبییەکە هێناو چالاکییەکی تریان هەڵبژارد، ڕێکخستن زانیاری بە پێشمەرگەکاندا کاتژمێر ٤ی بەیانی جاش و جاش شەعبی و ئەوانەی موالیدیان بانگکراوە بۆ سەربازی ڕۆژانە لە کفری و کەلارو باوە نورو دەربەندیخان دەڕۆن بۆ معسکر سەلام بۆ تەدریب.

حەوت پێشمەرگە بە فەرماندەیی حەمە قاشتی کاتژمێر چواری بەیانی لە سەر ڕێگەی سەرەکی سلێمانی دەربەندیخان نێوان دێی بیرکێ و سیارە بۆسەیەکیان دانا ژمارەیەک ئۆتۆمبێل و پاس هاتن ڕایانگرتن ٣٥٠ سەربازو جاش شەعبییان دەستگیر کرد ئەوانەی فەرمانبەر و خوێندکار بوون ئازادیان کردن.

پێشمەرگەیەکیان خستە پێش سەربازو جاش شەعبییەکان بە چەمی سیارەدا بۆ عازەبان لەوێشەوە بۆ ئەحمەد بڕنە.

ڕەبییەکانی دوژمن ڕێچکەی سەربازەکانیان بینیبوو وایانزانیبوو پەلاماری ئەحمەد بڕنە دەدەن، پێشمەرگەکان سەربازو جاش شەعبییەکانیان بردە ئەحمەد بڕنە، شێخ سەعیدی ئەحمەد بڕنە وایزانیبوو پەلاماری دێیەکە دەدەن قورئانێکی هەڵگرت و بەرەو لای سەربازەکان هات ووتی بۆ خاتری ئەم قورئانە دێیەکە مەسووتێنن، حەمە قاشتی بە شێخ سەعیدی ووت ئەوە تۆ دەڵێی چی شێخ سەعید هەڵوەستەیەکی کردوو بە حەمە قاشتی ووت ناشێ ئەمانەت هێنابێ، حەمە قاشتی ووتی بەڵێ، شێخ سەعید ووتی دەبیکە بە خاتری ئەم قورئانە ئەم فیتنەیەمان لە کۆڵ بکەرەوە.

سەربازەکانیان بردە ناو مزگەوت وماڵەکانی ئەحمەد بڕنە دەرگایان لە سەر داخستن، هێندەی نەبرد ٤ دەبابە و ٣ جێبی ١٠٦ فەوجێک سەرباز بەرەو ئەحمەد بڕنە هاتن.

شاخی کێوە ئاسنینە لە پێشیانەوە بوو شێخ عەلی و هێزێک لە دێی وازۆڵ بوون نزیک بوو لە ئەحمەد بڕنە سەربازەکانی بینیبوو وایزانیبوو پلانی گرتنی ڕەبییەکە

ئاشکرا بووە بۆیە ئەو هێزە هاتوونەتە ئەحمەد بڕنە.

هێزەکەی لای شێخ عەلی چوونە گوڵان تا ئێوارە لە هێزەکە بدەن، حەمە قاشتی گەنجێکی ئەحمەد بڕنەی ناردە لای شێخ عەلی تا لە دۆخەکە ئاگادار بێت هێزێک بنێرێتە سەر شاخ لە سەرەوە بەرگرییان لێبکەن، لە گەڵ ڕۆیشتنی گەنجەکە بۆ لای شێخ عەلی (٣) کۆپتەر هاتنە سەر ئەحمەد بڕنە.

لە ڕێگەی F M ڕادیۆ گوێیان لێبوو لە سەربازگەی دوو دارەوە لە گەڵ کۆپتەرەکان قسەیان دەکرد دەیانووت بە سەر دێیەکەدا بگەڕێ کۆپتەرەکە دەیوت هیچ شتێک نابینم، پێیان ووت بە ساروخ لە شاخەکە بدە بەڵکو جوڵە ببینی کۆپتەرەکان بە ساروخ و دۆشکە لە شاخەکەیاندا جووڵە نەبوو، کۆپتەرەکان ووتیان بەنزینمان پێنەماوە گەڕانەوە بۆ دابینکردنی بەنزین.

کاتژمێر (٢)ی دوانیوەڕۆ هێزەکەی دوژمن لە ئەحمەد بڕنە نزیک بوونەوە پێشمەرگەکان بەشێک لە سەربازە گیراوەکانیان ئازاد کرد بەرەو هێزە سەربازییەکەی دوژمن بەڕێیانکردن.

سەربازە ئازادکراوەکان ڕێنمایی پێشمەرگەکانیان جێبەجێکردبوو بە هێزەکەی دوژمنیان ووتبوو زیاتر لە ٣٠٠ پێشمەرگە لە ناو ئاواییەکەدان، هێزەکەی دوژمن نەیانتوانی بێنە ناو دێ دوای بۆمبارانی دێیەکە گەڕانەوە.

شێخ عەلی فەرماندەی تیپی ١٥ی شارەزوور گەیشتە ناودێی ئەحمەد بڕنە لەو هێزەی کە مابوو ٤٣ جاش شەعبییان جیاکردەوەو ئەوانیتریان ئازاد کرد.

هەر جاش شەعبییەک بە (١٠٠٠) دینار سزایاندان دواتر ئازادیانکردن بەو پارەیە ژمارەیەکی زۆر چەکیان کڕی بۆ تیپەکە.

## بـــارەگای ڕەزڵـــە
## 1983/6/10

بە برووسکەیەک هەر دوو تیپی ١١ی هەورامان و ١٥ی شارەزوور چوونە شارباژێڕ لە ڕەزڵە بارەگای هەر دوو تیپ درووستکرا.

مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٣ هێزێکی سەربازی دوژمن بەرەو سەرکان و ئاروزەرو دەرەمیانە و بایەنە هات بە مەبەستی دەست بە سەردا گرتنی ناوچەکە، پێشمەرگەکانی تیپی ١٥ی شارەزوورو ١١ی هەورامان بەریان بە هێرشەکەی دوژمن گرت.

ئێران دەیویست بێت تالیەرو لەرێ و شێخەڵمارێن بگرێت، حکومەتی عێراقیش دەیویست ئەو دێیانە بگرێت تا نەکەونە دەست دوژمن.

هەر دوو تیپی قارەمانی ١٥ی شارەزوورو ١١ی هەورامان لە دەرەمیانە و سەرکان ڕێگەیان بە پێشڕەوی هێزەکەی دوژمن گرت ماوەی دوو هەفتە شەڕ بەردەوام بوو.

هێزەکانی دوژمـن کە لە سـەربـازو جاش پێکهاتبوون بـەردەوام پەلاماری ناوچەکەیان دەدا بەڵام لە بەردەم وورەی بەهێزی پێشمەرگەدا دەشکان.

لە گەڵ فراوانبوونی بازنەی شەڕەکە تیپەکانی ٣١ی پێنجوێن و ٣٣ی سلێمانی بەشداری شەڕەکە بوون.

دوای دوو هەفتە شەڕی بەردەوام دوژمن نەیتوانی هەنگاوێک بێتە پێشەوە، هێزی پێشمەرگە لە سەر داوای سەرکردایەتی لە شەڕەکە کشانەوەو ڕەزڵەیان چۆڵکرد هاتنە حاجی مامەند، دۆسەیەری، پاڕەزان، عازەبان.

دوای شەڕی دوو هەفتەیی دەرەمیانەو سەرکان شەوکەتی حاجی موشیر گواسترایەوە مەڵبەندو مەحموودی حاجی فەرەج کرایە فەرماندەی تیپی ١١ی هەورامان، تیپی ١١ی هەورامان ناوچەکەیان چۆڵکردوو چوونە کوڕە کاژاو.

لە گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ ڕژێمی عێراقدا مەحموودی حاجی فەرەج لە تیپی ١١ی هەورامان گواسترایەوەو کرایە فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخالان.

مەحموود سەنگاوی کرایە فەرماندەی تیپی ١١ی هـەورامـان لە گەڵ شـەڕ بوونەوەو کۆتایی هاتنی گفتوگۆ هەر دوو تیپی ١١ی هەورامان و ١٥ی شارەزوور تێکەڵکران بوونە تیپی ١٥ی هەورامان.

## تـــیپی شـــارەزوور
## گـــامێش تـــەپە

لە شـەوی ١٩٨٣/٧/١١/١٠ دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ١٥ی شارەزوور چوونە دێی گامێش تەپە چەند خۆفرۆشێک بۆسەیان بۆ مەفرەزەکەی شارەزوور دانا، لەو بۆسەیەدا فەرماندەی مەفرەزە عوسمان مەسەکانی شەهید بوو.

بەیانی هەمان ڕۆژ دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی شارەزوور لە سەر جادەی ٣٠ مەتری سلێمانی نارنجۆکێکیان خستە ناو زیلێکی سەربازی ژمارە (١٢٠٨٧٥) دوو سەرباز کوژران و سەربازێک بریندار بوو.

# تـــیپی 15ی هـــەورامان
# سـێ

## تـــیپی 15ی هـــەورامان

کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ هەر دوو تیپی ١١ی هەورامان و ١٥ی شارەزوور تێکەڵ بە یەکتر کران، تیپی ١٥ی هەورامانی لێپێکهات.

سەرەتای درووستبوونی تیپەکە فەرەیدوون حەمە ساڵح کرایە فەرماندەی تیپی ١١ی هەورامان دوای فەرەیدون حەمە ساڵح دلێر جاف کرایە فەرماندەی تیپ.

## دەســـتەی تـــیپ

دلێر جاف فەرماندەی تیپ

مەحموود گەرمیانی جێگری فەرماندەی تیپ

ساڵح مەجیلان فەرماندەی کەرت

حەمە قاشتی فەرماندەی کەرت

جەلال کوڵکنی فەرماندەی کەرت

فەلاح حەمە بۆر فەرماندەی کەرت

سیروان سەعید جوکڵی فەرماندەی کەرت

تایەر مەحموود فەرماندەی کەرت

شەریفە سوور فەرماندەی کەرت

ئازاد گەلاڵی فەرماندەی کەرت

پاش ماوەیەک مەحموود گەرمیانی گواسترایەوە بۆ جێگری تیپی ٥٣ی شێروانە

+ جەلال کوڵکنی کرایە جێگری تیپ

+ دوای ماوەیەک جەلال کوڵکنی گواسترایەوە بۆ جێگری تیپی ٥٥ی قەرەداخ

+ حەمە سەعید سێتەلانی کرایە جێگری تیپ

+ دوای چەند مانگێک جەلال کوڵکنی کرایە فەرماندەی تیپی ١٥ی هەورامان

+ دوای گواستنەوەی حەمە سەعید سێتەڵانی فەلاحی حەمە بۆر لە ساڵی ١٩٨٦ کرایە جێگری فەرماندەی تیپ

+ مام هەڵمەت لێپرسراوی ناوچەی شۆڕشگێڕان بوو

+ دوای مام هەڵمەت ئەنوەری خەلیفە خورشید کرایە لێپرسراوی ناوچە

+ کاک سۆران لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە بوو

جەعفەری مام ئەولێ تەوێڵەیی (جەعفەر عەبدوڵلا) ڕێبەری سیاسی تیپ

دوای جەعفەر عەبدوڵلا دکتۆر گۆران کرایە ڕێبەری سیاسی

پێش کاک سۆران هەڵۆی ئەحمەد کوردە، عومەر غەریب لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە بوون

تیپی ١٥ی هەورامان لە سەرەتای درووستبوونی تا ئەو کاتەی کرایەوە بە تیپی ١٥ی شارەزوور دەیان چالاکی و نەبەردی ئەنجامدا ڕۆڵی گرنگی بینی، لە گەڵ بوونەوەی بە تیپی ١٥ی شارەزوور تا لە ساڵی ١٩٨٨ بە هەمان ڕەوتی گورجوگۆڵی جارانەوە تێکۆشاوە.

## شەڕی جادەی تەپەتۆڵەکە

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٤ تیپی ١٥ی هەورامان لە کاتی پەڕینەوە لە جادەی تەپە تۆڵەکە لە گەڵ هێزێکی دوژمن تووشی شەڕ بوون.

بەشێک لە هێزەکەی تیپی هەورامان چوونە بەری تەپی سەفاو گەڕانەوە بۆ شەڕەکە دۆشکەی گردی گۆ تەقەی لێکردن لەو شەڕەدا نائب زابتێک و دوو سەرباز کوژران، ئۆتۆمبیلەکەشیان سووتا.

بارەگای تیپ و کەرتەکانی تیپی هەورامان دابەش ببوون بە سەر دێیەکانی ئاوەکەڵە، کۆرە، سێتەلان، کانی هەنجیر.

## شەڕی ناقیلەکە
## 1985/8/15

ناقیلەیەک ڕۆژانە دەهاتە سەر جادەی زەڵم خورماڵ- پاسەوانی جادەکەیدەکرد، جەلال کولکنی ووتی با ئەم ناقیلەیە بشکێنین، هێزەکەیان بردە تەپە سەر قوڵە لە چەمی زەڵم دایاننان.

جەلال کولکنی، فەلاحی حەمە بۆر، ئەحمەد سۆیلەمێشی، هاشم بۆینی و پێشمەرگەیەکیتر ڕۆیشتن بۆ لێدانی ناقیلەکە.

فەلاحی حەمە بۆر RBG پێبوو هاشم سۆیلەمێشی گوللەکانی هەڵگرتبوو ئەحمەد سۆیلەمێشی و جەلال کوڵکنی کلاشینکۆف و حەفتاو پێنجییان پێبوو.

هەر پێنج پێشمەرگەکە چوونە نزیک ناقیلەکە ڕۆژی پێشووتر سەیریان کردبوو چۆن دادەبەزن و چەند سەربازی تیایە، ناقیلەکە چوار سەربازی تیابوو ئێواران دەچووە زەڵم جارێکیتر لەو سەرەوە دەهاتەوە ئینجا دەڕۆیشتەوە بۆ خورماڵ.

ناقیلەکە بەرەو زەڵم ڕۆیشت پێشمەرگەکان چوونە شوێنەکەی دامەزران تا لەو سەرەوە دەگەڕێتەوە، لە گەڵ چوونە سەر جادە جەلال کوڵکنی ووتی هات، کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی پڕ لە سەرباز پیکابێک لە پێشەوە بوو (BKC) و ژمارەیەک سەربازی بە سەرەوە بوو فەلاحی حەمە بۆر (RBG) یەکی پێوەنا دای لە سەقفەکەی پیکابەکە وەرگەڕا و کەوت بەو دیودا (RBG) یەکە بە ئاسمانەوە تەقییەوە.

ئۆتۆمبیلەکان پاسەوانی ئامر لیوا بوون ناقیلەیان لە گەڵدا بوو پیکابێک لە پێشیانەوە دەڕۆیشت جەلال کوڵکنی و فەلاح چوونە ئەو بەر BKC و قەناس بهێنن قفڵ بوون فەلاح گوللەیەکیتری نا بە پیکابەکەوە تەقیەوەو سەربازێک دەرپەڕی هێزەکەی دوژمن ئاگریان بە سەر پێشمەرگەکاندا دەباراند.

جەلال کوڵکنی ووتی لەمبەرەوە بین کوژراوین دەبێت بچینە ئەو بەر، هەر دووکیان هەستان بە ڕاکردن لە بەری تازە دێوە پەڕینەوە بۆ بەری زەڵم، تەقەیەکی زۆر لە سەر پێشمەرگەکان بوو بە جۆرێک گوللەی دۆشکە درەختەکانی دەبڕیەوە.

ڕەبــۆکەی جــەلال کــوڵکنی

جەلال کوڵکنی ڕەبۆی بوو هەر دەڕۆیشت پەمپێکی دەکرد بە دەمیدا، هاشم بۆینی تۆزی RBG چوو بوو بە سەریدا تەنگە نەفەس ببوو دەیووت جەلال فسێکیش بکە بە دەمی مندا منیش تەنگە نەفەس بووم، لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە و بێ زیان بوون.

## ڕەبـــییەکانی گردە نـــازێ
## 1985/8/15

دوای شەڕی ناقیلەکە بەرنامەیان دانا مقەڕ سریەو ڕەبییەکانی گردە نازێ بگرن دەمەو ئێوارە هەر سێ ڕەبییەکەو مقەڕ سریەکەیان گرت چەند جاشێک کوژران چوار جاش بە دیل گیران.

لەو شەڕەدا پێشمەرگەی قارەمان عومەر سۆیلەمێشی شەهید بوو، مەحموود ڕەحیم سەید سادقی بریندار بوو قاچێکی شکا.

مەحموودیان خستە ناو پەتویەکەوە ناردیان لە مەسەکان پەیژەیەکیان هێنا پەتویان بۆ دانا مەحموودیان خستە سەری خستیانە تراکتۆرەوە گەیاندیانە قەرەداخ.

## لــێدانی هـــێزێکی دوژمـــن
## مـــانگی 1985/9

هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە سەرۆک جاش و ئامرلیوا و قوات خاسە بە پاڵپشتی دەبابەو مودەڕەعە لە دسکەرەی شارەزوور کۆبوونەوە بە نیازی پەلاماردانی پێشمەرگە.

پێش ئەوەی هێزەکەی دوژمن پەلامار بدەن هێزێک لە پێشمەرگەکانی هەورامان و قەرەداخ لە چەند لایەکەوە هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن و تێکیانشکاندن، هێزەکەی دوژمن هەڵات سێ سەربازو جاشێک کوژران.

## بـــۆسەی پـــێشمەرگە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی (١٥) هەورامان لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٧ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی خورماڵ زەڵم دانا لە کاتژمێر ٤,١٠ دەقیقەی ئیوارەدا ئامر لیوا کەوتە بۆسەکەوە و پێشمەرگەکان گوللەبارانیانکردن شەڕ تا (٥)ی ئێوارە بەردەوام بوو.

دوو ئۆتۆمبێلی قوات خاسە کە حیمایەی ئامر لیوابوون کەوتنە بەر دەستڕێژی

گوللەی پێشمەرگەکان (٨) قوات خاسە کوژران.

لەبەر نزیکی لە ڕەبییە و سەربازگەی دوژمن نەتوانرا دەست بەسەر چەکەکانیاندا بگیرێت هاوکات ٣ دەبابە و زیاتر لە (٥٠٠) جاش هاتن بەهانای هێزە تێکەوتووەکەیانەوە ئەوانیش کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەو هەڵاتن بەڵام لەکاتی هەڵاتندا ئاگریان بەردایە دێی حاجی حەمەدەمین لە تەنیشت خۆڕماڵەوە.

زیانی دوژمن کوژرانی ٨ کەس و سووتاندی دوو ئۆتۆمبێل

## گــرتنی دوو ڕەبــییە

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٩ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی (١٥) هەورامان هێرشیانکردە سەر دوو ڕەبییە و مۆڵگەیەکی جاش لەسەر جادەی سەید سادق – هەڵەبجە لەماوەی نیوو کاتژمێردا دەستیانگرت بەسەر هەردوو ڕەبییەکەدا ئەو کەمینەی بۆ پێشمەرگەشیان دانابوو تێکشکا.

جاشەکان بە ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیان بەرەو هەڵەبجە هەڵاتن.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٩ جاش کەیەکێکیان ئامر سریە بوو، یەک دیل

**دەستکەوت**

٧ کلاشنکۆف ٥ مەخزەن

١ مەخزەنی حەفتاوپێنجی

٢٠٠ فیشەکە

سووتاندنی دوو ڕەبییەکە .

## شــەڕی نــاوگردان

## 1985/9/19

هێزێکی دوژمن هێرشیکردە سەر ناوچەی شارەزوور پێشمەرگەکانی تیپی ١٥ی هەورامان ڕووبەڕوویان بوونەوە، هێزەکەی دوژمن لە دوو قۆڵەوە پەلاماریاندا،

قۆڵی یەکەم لای کانی پانکەوە ٨ دەبابە، ١٠ ئیڤا، ٢ جیێب قیادە.

قۆڵی دووەم «٣» دەبابە، ١٣ ئیڤا، ٥ جیێب قیادە لە سیروانەوە بەرەو ناوگردان بە سەرپەرشتی ئامر لیوا پەلاماریاندا، ٤ کۆپتەری باری و جەنگی پشتیوانی هێزەکەیان دەکرد.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١١ی هەورامان بۆیان دابەزینە سەر جادەو لەو تەختاییەی شارەزووردا خۆیان لە بۆسەنا هێزەکەی دوژمن لە بەردەم هێزی پێشمەرگەدا خۆیان نەگرت و شکان.

لە گەڵ شکانی هێزەکەی دوژمن تێکڕای هێزەکانیان خستە ئینزارەوە جاشەکانی هەڵەبجە و سەید سادق و سیروانیان کۆکردەوە بۆ لێدانی پێشمەرگەکانی هەورامان و گەمارۆیاندان.

پێشمەرگەکانی تیپی هەورامان نەخشەو پلانی دوژمنیان تێکدا بۆسەیان گواستەوە بۆ بن لووتی دەبابەکان.

پەلاماری جاش لە دوو لاوە دەستیپێکرد بۆ سەر ناوگردان، پێشمەرگەکانی تیپی هەورامان لە دەوروبەری ناوگردان لێیاندان تا کاتژمێر ٥:٢٠ دەقیقەی ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو جاشەکان بە لووتی شکاوەوە گەڕانەوە، زیانی دوژمن کوژرانی ٢٣ جاش کە لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا بوون.

**دەستکەوت:**

١/ یەک ڕەشاشی RBK

٢/ ٩ کلاشینکۆف

٣/ یەک ژێرسێ

٤/ یەک دەمانچەو شریتێکی ٢٠٠ فیشەکی و BKC و مەخزەنێکی حەفتاو پێنجی پێشمەرگەکانیش سەرکەوتوانە و بێ زیان بوون.

## ســـیروان – نـــاوگردان

هێزێکی زۆری دوژمن لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/١ لە دوو قۆڵەوە پەلاماری ناوچەی شارەزوریاندا

قۆڵی یەکەم پێکهاتبوو لە ٨ دەبابە و (١٠) زیل و ٢ جێب قیادە بە پاڵپشتی چوار کۆپتەری باری و جەنگی و هێزێکی زۆری جاش لە سیروانەوە بەرەو ناوگردان هاتن.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (١٥) هەورامان ڕووبەڕوویان بوونەوە و شەڕێکی سەختیان لەگەڵدا کردن.

زیانی دوژمن کوژرانی ١١ جاش

**دەستکەوت**

١ ئاربی کەی

٩ کلاشنکۆف

١ ژێرسێ

١ دەمانچە

## ڕەبـــییەی شـــنروێ
## 1986

ڕەبییەیەک لە پشتی شنروێ دانرابوو، ئامێرەکانی ڕێگاوبان سەرقاڵی درووستکردنی ڕێگە بوون بۆ شنروێ.

(٥) پێشمەرگە حەمەی حەمە سەعید، ڕەفعەت یەناخی، ئەکبەر یەناخی، مەهدی، نەوشیروان لە سەر شاخەوە سەیری ڕەبییەکەیانکرد بڕیاریاندا لێیبدەن.

جاشەکان ڕەبییەکەیان چۆڵکرد پێشمەرگەکان چوونە ناو ڕەبییەکە کەسی تیا نەبوو ، (٥) شۆفڵ و گرێدەرێکی تیا بوو سووتاندیانن لە عەبابەیلێ تەقەیان لە پێشمەرگەکان کرد پێشمەرگەکانیش لە دوورەوە تەقەیان لێدەکردنەوە فیشەکێک هەڵبەزییەوە بەر قاچی ئەکبەر یەناخی کەوت.

## شـــەڕی بـــێڕەشکە
## 1986/5/12

هێزێکی تیپی ١٥ی هەورامان لە بێڕەشکە بوون هەواڵیانزانی دوژمن پەلاماریان دەدات، هێزەکەی تیپی هەورامان لە کاتژمێر ٣ی شەوەوە لە سەنگەرەکانیاندا دامەزران.

کاتژمێر ٤ی بەیانی هێزێکی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا، پێشمەرگەکانی هەورامان لێیاندان، شەڕ تا کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ بەردەوام بوو.

لەو شەڕەدا ژمارەیەک جاش و سەرباز کوژران سێ هاوولاتی شەهید بوون کە دوانیان بە میوانی هاتبوون بۆ بێڕەشکە، هەر سێ هاوولاتییەکە لە تۆڵەی شکستەکەی دوژمن گوللەبارانکران.

١/ حەسەن ڕەحیم بێڕەشکەیی

٢/ مستەفا حەسەن ناوگردانی

٣/ ئەحمەد محەمەد مارف

دوای شەڕەکە پێشمەرگەکانی هەورامان کشانەوە کەڵتەکەو سواری.

## گـــرتنی ڕەبـــییەکانی مـــرواری

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (١٥)ی هەورامان و کەرتێکی مەڵبەندی یەک و لقی سلێمانی حزبی سوسیالیست لە شەوی ١٥-١٩٨٦/٥/١٦ هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەکانی مرواری و لەماوەی (١٠) دەقیقەدا دەستیان بەسەرداگرتن.

دوای گرتنی ڕەبییەکانی مرواری هەڵمەتیانبردە سەر مقەڕ سریەیەکی نزیک دەربەندیخان کە دەبابەیەکی تیابوو، دوای دوو کاتژمێر شەڕ دەستیانگرت بەسەر مقەڕ سریە و دەبابەکەدا.

زیانی دوژمن کوژرانی ٢ کەس

بەدیلگرتنی ٢٦ کەس

دەستکەوت یەک دەبابە دوای دەرهێنانی دۆشکەو ڕەشاشەکەی تەقێندرایەوە ، ١ دۆشکەی ١٢,٧ ملم، ١ ڕەشاشی MM ، ٢٢ کلاشنکۆفو ٩٢ مەخزەن، ١ دووربینی شەو، سووتاندنی هەموو کەلوپەلەکانی ناوڕەبییە و مقەڕ سریەکە.

## جـــاشێك لە بـــامۆك
## 1986

جاشێک لە بامۆک ووتبووی ڕێگە نادەم پێشمەرگە بێنە بامۆک، ئەکبەر ئێناخی و ڕەفعەت چوونە سەری و چەکەکەیان لێسەندو جاشەکەیان جێهێشت.

## شـــــەڕی بـــۆین

هێزێکی تیپی ١٥ی هەورامان لە ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢١ لە (بۆین) بەرەنگاری تاقمە جاشێک بوونەوەو شەڕێکی دوو کاتژمێریان لە گەڵدا کردن، جاشەکان شکان و هەڵاتن.

لەو شەڕەدا جاشێک کوژرا (٣) جاش دەستگیرکران، دەستکەوت ٤ کلاشینکۆف و ٢٨ مەخزەن و ١٥٠٠ فیشەک، ٣ نارنجۆک، پێشمەرگەکان سەرکەوتووانەو بێ زیان بوون.

## ســـــەرجادەی دەربـــەندیخان

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٥ی هەورامان لە سەرجادەی دەربەندیخان- سلێمانی بۆسەیەکیان دانا، جێب قیادەیەک کەوتە بۆسەکەوەو گوللەبارانکرا، جێبەکە سووتاو ٣ سەرباز کوژران.

## قـــلیجە- بـــێسڵمێن
## مـــانگی 1986/7

ماوەیەک دوای گرتنی ڕەبییەکانی کانی بەردینە- کانی مرواری جادەیەک دروستکرا لە قلیجە بۆ بێسڵمێن ڕەبییەیان بۆ جادەکە دانابوو پاسەوانی بکات.

شەش ڕەبییە لە شاخی ئەحمەد بڕنە بوون کەرتی دووی تیپی ١٥ هەورامان و

مەفرەزەیەکی حەمە سەعید سیتەلانی هێرشیان کردە سەر ڕەبییەکان و دەستیان گرت بە سەر چوار ڕەبییەدا.

لە گرتنی ڕەبییەکاندا ٤ جاش دەستگیرکران و چەکەکانیان کەوتە دەست پێشمەرگە.

## خــــۆ ڕێکخستنـــەوە
## 1987

دوای شەڕەکانی قەیوان ماوەت و سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ گۆڕانکاری بە سەر تیپی هەوراماندا هات، هەندێک لە فەرماندەکان لە تیپی هەورامان نەمان یان وازیان لە پێشمەرگایەتی هێنا.

هەر بۆیە تیپی ١٥ی هەورامان ڕێکخرایەوە ژمارەیەک جێگر کەرت بوونە فەرماندەی کەرت.

+ عەزیز کوڵکنی فەرماندەی کەرت
+ ڕەئوفی حاجی سابیر فەرماندەی کەرت
+ فازیل شیرەمەڕی فەرماندەی کەرت
+ خەلیل سەرکانی فەرماندەی کەرت

بەشێک لە تیپی هەورامان چوونە نزیک سنوورەکانی ئێران بۆ هێنانی چەک.

کەرتی ٤ی تیپی ١٥ی هەورامان ماوەی دوو مانگ لە شاخی میریاسی مانەوە، تاوەکو دوژمن نەتوانێت بەرەو قەرەداخ بڕوات کەرتەکە بە فەرماندەیی عەزیز کوڵکنی بوو.

## چـــالاکی هـــاوبەش

هێزێکی تیپی (٥٥) قەرەداخ و مەفرەزەیەکی مەڵبەند و تیپی ١٥ هەورامان لەشەوی ١٧-١٩٨٧/٢/١٨ هێرشیانکردە سەر زنجیرە چیای ئەحمەد بڕنەو

**دەستکەوت**

٥٠ گوللەی ئاربی جی، ٦ سندوق فیشەکی ڕووسی، ١ جیهازی ١٠٥، ١ دوربین

## هــەڵەبجە – چـــالاکی

پێشمەرگەکانی تیپی ١٥ هـەورامـان لـە دوانـیـوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٢٦ بۆسەیەکیان بەرانبەر بەنزینخانەی هەڵەبجە دانا ئۆتۆمبیلێک کەتە بۆسەکەوە و درایە بەر دەستڕێژی گوللە، لەئەنجامدا ئامر مەفرەزەیەکی خاسە کوژرا.

## ڕاپــەڕینی ســـەید صادق- هــەڵەبجە 1987/5/13

دوژمن پێشتر دەستیکردبوو بە ڕاگواستنی دێهاتەکان، یەکەم هەنگاو چوار دێی ڕاگواست، گێلەک، شیرەمەڕ، ئەحماوا، تەکیە، ڕژێمی عێراق بە بڕیارێکی تایبەت و لە ساڵی ١٩٨٦ ئەم دێیانەی ڕاگواست و قەدەغەیکرد جوتیارەکان بچنەوە سەر زەوی و زاری خۆیان.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ ڕژێمی عێراق فشاری بۆ دێهاتەکان هێناو ئاگاداریکردنەوە کە دەبێ ١٩٨٧/٥/١٣ هەموو دێهاتەکان بار بکەن.

پێشوەخت هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستن پێکەوە هەماهەنگ بوون بۆ بەرگریکردن لە ڕاگواستنی دێهاتەکان.

لە شانەدەری، سەید صادق، خورماڵ، سیروان، هەڵەبجە پێکەوە هێرشیانکردە سەرداموودەزگاکانی بەعس هێزی پێشمەرگە هاتنە چەمی زەڵم، لە کشێری و چەمی کوڵکنی و زەڵم دابەشبوون هێزی پێشمەرگە چوونە ناو ناحیەی سیروانەوەو دەستیان بە سەر بەشێکی سیرواندا گرت.

سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی ڕژێمی عێراق لە بە زۆر ڕاگواستنی دێهات و شارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆ بیابانەکانی خواروی عێراق و سەر سنوری ئوردن و سعودیە ڕق و توڕەیی خەڵکی کوردستانی گەیاندە تەقینەوە و پەلاماردانی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم.

شەوی ١٩٨٧/٥/١٣/١٢ لە بڵندگۆی مزگەوتەکانی سەید صادق بانگی مانگرتن و ڕاپەڕین دراو داوایان لە خەڵککرد مان بگرن و نەچنە سەر کارو کاسپی و دووکان و بازاڕ نەکەنەوە بۆ بەیانی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دوژمن ویستیان بە زەبری چەک و هەڕەشە مانگرتنەکە بە خەڵک بشکێنن و سەر بە خەڵکی خۆراگری سەید صادق نەوی بکەن بەڵام خەڵکەکە بە پاڵپشتی پێشمەرگەو هەندێک چەکدار لە ڕووی ڕژێم وەستانەوەو هەڵیانکوتایە سەر دامودەزگاکانی ڕژێم شەڕ لە نێوان خەڵکی ڕاپەڕیوو چەکدارەکانی ڕژێم دەستیپێکرد.

لە کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقەی بەیانییەوە کۆپتەرەکانی ڕژێم کەوتنە بۆردومانکردنی شارەکەو دوکەڵ لە چەند لایەکی شارەکە بەرز بووەوە، خەڵکی سەید صادق دوو دەبابەیان لە ناو شاردا تێکشکاندو مودەڕەعەیەکیان بە ساخی گرت و ژمارەیەکی زۆریان لە چەکدار و سەربازەکانی ڕژێم کوشت و بریندار کرد دەستیان بە سەر بەشێکی شارەکەدا گرت لەو ڕاپەڕینەدا چەند کەسێک شەهید بوون.

ئەو چەکدارانەی بەشداری ڕاپەڕینەکەیان کردو ویژدانیان ڕێگەی نەدا بێدەنگ بن بە سەرپەرشتی محەمەد مۆریاسی ڕوویان کردە شاخ و بوونە پێشمەرگە .

لە سنووری ناوچەی هەڵەبجە هێزی پێشمەرگە هاتبوونە دێیەکانی خێڵی حەمە، تەپە کوڕە، بەشارەتەکان، پریسەکان، بەکراواو ناوچەی باڵامبۆو دوانزە ئیمام پەیوەندیان لە گەڵ ڕێکخستنەکانی شاردا هەبوو.

ڕێکخستنەکانی ناو شار بەیاننامەیان بڵاوکردەوە سەبارەت بە خۆسازدان بۆ ڕاپەڕین، خەڵکی هەڵەبجە هاوشانی خەڵکی سەید صادق و شانەدەری و شوێنەکانیتر ڕاپەڕین و بەگژ دامودەزگاکانی ڕژێمدا چوونەوە.

جەماوەری ڕاپەڕیوو لە کانی عاشقانەوە هاتنە ناو بازاڕ بەرەو سەراو ئیستخبارات و ئەمن و معسکری هەڵەبجە ڕۆیشتن، ڕژێم دەبابەیەکی زۆری بە ناو هەڵەبجەدا بڵاوکردبووەوە چوار کۆپتەر بەردەوام بە دەوروپشتی هەڵەبجەدا دەسوڕانەوە بۆردومانی دێهاتەکانیان دەکرد.

خوێندکارێک بە ناوی مەریوان شەهید بوو خۆپیشاندەران تەرمەکەیان خستبووە سەر شانیان و بە ناو شاردا دەیانگێڕا دەبابەو دۆشکەکانی سەری تەقەیان لە خۆپیشاندەران دەکرد.

ڕۆژی دوای خۆپیشاندانەکە نزیکەی ٤٥ کەس لە خەڵکی ڕاپەڕیوی هەڵەبجە دەستگیر کران بەشێکیان لە سەربازگەی هەڵەبجە گوللەباران کران و کران بە ژێر خاکەوە ڕژێمی فاشی عێراق گەڕەکی کانی عاشقانی هەڵەبجەی تەقاندەوەو لە گەڵ خاکدا یەکسانیکرد.

ڕژێمی عێراق جگە لە جاش و سووپا فەڵەستینی هێنا بوو بۆ گیانی کورد ئەو فەڵەستینیانەی چەکدار کردبوو شەڕی کوردی پێدەکردن.

شەڕێکی گەورە لە چەمی زەڵم لە بەرانبەر گردی گۆ لە نێوان پێشمەرگە و جەماوەر لە لایەک و هێزەکانی ڕژێم لە لایەکیتر ڕوویدا، لە هەڵەبجە و سەید صادق و خورماڵ و شوێنەکانیتر خەڵکێکی زۆر دەستگیر کرا ژمارەیەک لەو کەسانە لە دێی حاجی نامیق نزیک سەید صادق گوللەبارانکران و کران بە ژێر خۆڵەوە.

ڕاپەڕین لە ئەنجامی لاسەنگی هێزدا کپ کرایەوە، شارۆچکەی سەید صادق لە گەڵ زەویدا تەختکرا.

بەشێکی زۆر لە خەڵک و لەو چەکدارانەی ڕژێم کە بەشداری خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکەیان کردبوو شاریان جێهێشت و بوونە پێشمەرگە.

## مـــحەمەد مـــۆریاسی

محەمەد مۆریاسی یەکێک لەو چەکدارە بە هەڵوێستانە بوو هاتە پاڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی سەید صادق و دواتر ڕویکردە شاخ و بووە پێشمەرگە، بەو بۆنەیەوە هەڤاڵ مامجەلال برووسکەی پیرۆزبایی پێشکەش کردوو بەخێر هاتنی کرد بۆ ڕیزەکانی شۆڕش.

## دەقـی بـــرووسکەکە

**لە مامجەلالەوە بۆ کاک محەمەد مۆریاسی بەڕێز**

سلاوێکی کوردانەی گەرم....

بە ناوی (ی ن ک) و هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی خۆت و هەموو برا پێشمەرگەکانی لای خۆت دەکەم و سووپاسی ئەو هەڵوێستە کوردانە و دڵسۆزانەشتان دەکەم کە بە کردەوە نیشانتانداوە بەڕاستی هەڵگەڕانەوەکەتان لە دوژمنی ئەفلەقی خوێن ڕێژ لەم کاتەدا کە وەک داگیرکەری هار بەر بووەتە گیانی خەڵکی کوردستان بۆ ڕاگواستن و تەفرو تونا کردنیان، وە گەڕانەوەتان بۆ ڕیزی شۆڕش کارێکی دلێرانە و جوامێرانەیە کە دەشێ ببێتە سەرمەشق بۆ هەموو کوردێکی فریودراو هەروەک ئەم ڕاستیە دووپات دەکاتەوە کە دوژمنە هارە ئەفلەقییەکەی گەلەکەمان هەتا سەر ناتوانێت کوردان فریو بدات و بیانکاتە داردەستی سیاسەتی ئیستعماری ئیستتانی خۆی بەڵکو ڕۆژێک دێت هەموو کوردیش جەوهەری ئەو جەللادە فاشستانەی بۆ دەردەکەوێ و هەرچی شەرەفی هەبێ دەماری پیاوەتی مابێ وەک ئێوەی دڵسۆزو بەشەرەف ئەگەڕێتەوە باوەشی دایکی نیشتمان و دێتەوە ناو شۆڕش.

ئێوە نموونەیەکی زیندوی پیاوەتی و دڵسۆزی و پەرۆشن بۆ کوردو کوردستان و مژدەهێنەری سەرهەڵدانی هاوبەشیکردنی چەکدارەکانن لە ڕاپەڕینی کۆمەلانی خەڵکدا ئەو ڕاپەڕینە وا لە سەرتاسەری کوردستاندا خەڵکی شارو شارۆچکە و لادێ خۆیانی بۆ سازو ئامادە دەکەن.

دووبارە بە گەرمی بەخێرهاتنەوەتان دەکەم و دەستی یەکەیەکەتان دەگوشم و هیوادارم هەمیشە سەربەرزو سەرکەوتوو بن.

بژی کوردو کوردستان

بمرێ دوژمنە هارە عەفلەقییەکان

تەفرو تونا بێ سیاسەتی ئیستعماری ئیستتانی لە کوردستانی خوارووددا.

برای دڵسۆزتان مامجەلال

سکرتێری گشتی (ی ن ک)/ ١٩٨٧/٥/٢١

## لـــێدانی ســەربازگەی عـــەربەت مـــانگی 1987/6

سەربازێک لە سەربازگەی عەربەت لە گەڵ تیپی هەوراماندا ڕێکەوت سەربازگەکە تەسلیم بکات.

بەشێک لە تیپی ١٥ی هەورامان و تیپی ٥٥ی قەرەداخ بە پێی نەخشەو پلانی وورد هەڵمەتیان بردە سەر سەربازگەی عەربەت و دەستیان بە سەردا گرت چەکێکی زۆر دەستکەوت بوو بە تراکتۆر گواستیانەوە.

لە گرتنی سەربازگەی عەربەتدا دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت ژمارەیەکی زۆر سەرباز کوژران و ژمارەیەکیش دیل بوون، دیلەکان گەیەندرانە بارەگای تیپ، دوای شەڕەکە فیشەکێک دەرچوو نەجمەدین بامۆکی (مامەدین) شەهید بوو.

## ســـووتاندنی سواری- تـــەپی کـــەرەم 1987/6/27

تیپی ١٥ی هەورامان لە سواری شارەزوور بوون گەیشتنە تەپی کەرەم هێزێکی سەربازی بە پشتیوانی دەبابەو ناقیلە هاتن چوونە سواری و ڕووخاندیان، دوای ڕووخاندنی سواری بەرەو تەپی کەرەم جووڵەیانکرد.

لە گەڵ جووڵەی هێزەکەی دوژمـن پێشمەرگەکانی هـەورامـان لە ئاوەکەی تانجەڕۆ پەڕینەوە چوونە ناو گوڵە بەڕۆژەکانەوەو لە چاو وون بوون.

کاتژمێر ٩:٣٠ دەقیقـەی بـەیانی بـوو پێشمەرگەکانی هـەورامـان لـە ناو گوڵەبەڕۆژەکاندا خۆیان پەنادابوو هێزەکەی دوژمن تەپی کەرەمیان سووتاند، دوای سووتاندنی هەر دوو دێی سواری و تەپی کەرەم هێزەکەی دوژمن گەڕانەوەو چوونە مووانەکان.

دوای گـەڕانـدنـەوەی هـێزەکـەی دوژمـن پێشمەرگەکانی هـەورامـان لـە ناو گوڵەبەڕۆژەکاندا هاتنە دەرەوەو چوونە تەپەکەڵ تا نزیک ئێوارە لەوێ مانەوە بڕیاریاندا هێرش بکەنە سەر ڕەبییەکانی تاسڵوجە.

## شــەڕی تـــــاسلووجە
## 1987/6/27

نەبەرد عەمەڵەیی، ئەکرەمی ئەحۆل، شەهاب گردی شەریفی، ڕەفعەت ئێناخی چوونە ناو تاسلۆوجە تا بزانن لە کوێوە کەمین هەیە تەلبەندی ڕەبییەکان لە کوێوەیە، دوای تەماشاکردنی دەورووبەری ڕەبییەکان پێشمەرگەکان گەڕانەوە ووتیان تەلبەندە بەڵام دەرگاکەی نازانین کەمینیش هەیە.

دوای زانین و هەڵسەنگاندنی دۆخی ڕەبییەکان، تیپی هەورامان هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی تاسلۆوجە لە تەلبەندی ڕەبییەکان نزیک بوونەوە بەڵام ڕەبییەکان نەگیران، لەو شەوەدا هەر دوو پێشمەرگەی قارەمان ساڵحی مەجیلان- فەیسەڵ ئێناخی شەهید بوون، فەیسەڵ ئێناخی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو برادەرێکی خۆی لە گەڵدا بوو نەیتوانیبوو تەرمەکەی هەڵگرێت.

پێشمەرگەکان پاشەکشەیانکرد گەیشتنە دێی قوماشی حەمە ڕەشید لەوێ دانیشتن چاوەڕێ بوون نەوەک پێشمەرگەیەک جێما بێت، لە چاوەڕوانیدا بوون کاتێک عەلی هات دەگریا ووتیان چی بووە عەلی ووتی فەیسەڵ شەهید بووەو جێماوە.

دوانزە پێشمەرگەی تیپی هەورامان گەڕانەوە خانوو بە خانووی ڕووخاو گەڕان هەتا تەرمەکەیان ڕزگار کرد لە ڕەبییەکانەوە ١٨ گولله RBG یان پێوەنان.

تەرمی هەر دوو شەهید ساڵحی مەجیلان و فەیسەڵ ئێناخی یان هێنایە سۆیلەمێش شەو لەوێ مانەوە بۆ ڕۆژی دوایی تەرمەکانیان خستە ناو تراکتۆرێکەوە لە گردی شەریف بە خاکیان سپاردن.

دوای بە خاک سپاردنی شەهیدەکان چوونە کوڵکنی بەرنامەی گرتنی ڕەبیەکانی سێتەپانیان دانا.

## گـــرتنی ڕەبییەکانی ســێ تــەپان لە تـــۆڵەی شــــەهیداندا

هێزێکی هاوبەش لە کەرتەکانی (٢، ٣، ٤)ی هەورامان و مەفرەزەیەکی تیپ لە شەوی ١٩٨٧/٧/٢/١ لە سێ لاوە هێرشیان کردە سەر ڕەبییەکانی سێ تەپان کە یەکێکیان ڕەبییەی سەربازی بوو لە بناری سوورێن پێشمەرگەکان لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بە سەر سێ ڕەبییەدا گرت.

**زیانی دوژمن:**

١/ کوژرانی یەک جاش

٢/ بەدیلگرتنی دوو نائب زابت

دەستکەوتەکان:

١/ یەک ڕەشاشی دکتاریۆف

٢/ دوو ڕەشاشی ئاربیکەی

٣/ ١٠ کلآ شینکۆف و ٣٤ مەخزەن

٤/ یەک جیهازی تانسۆی فەڕەنسی

٥/ یەک جیهازی سینوای یابانی

٦/ یەک دەمانچەی تەنویر

٧/ یەک قیناعی غاز

٨/ یەک شاحینەو دوو سندوق فیشەک

دوای لێدانی ڕەبیەکانی سێ تەپان هاتنە شیرەمەڕ، لەوێشەوە بۆ چەمی کوڵکنی تۆپخانەی دوژمن ڕەبییەکانی دایە بەر تۆپ وایانزانیبوو پێشمەرگە نەچوونەتە ناویان، لە ئێوارەدا چوونەوە ڕەبیە خاپوور کراوەکان دوای گرتنی ڕەبییەکان پێشمەرگەکانی هەورامان چوونە هەڵەبجە بۆ پرسەی شەهید ساڵحی مەجیلان چوونکە بڕیاریاندابوو تاوەکو تۆڵەی شەهیدەکان نەکەنەوە نەچنە پرسەیان.

## بـــــناری ســــووریێن
## مــــانگی 1987/7

جبەخانەیەکی زۆر لە بناری سوریێن بوو تیپی ١٥ی هەورامان بە چاو ساغی حەسەنی زبە تەقاندیانەوە.

دوانزە پێشمەرگە بە فەرماندەیی جەلال کوڵکنی جبەخانەکانی بناری (سوریێن) یان ئاگرداو تەقاندیانەوە.

پێنج جبەخانە لە بناری سوریێن بوون نەوتیان پیاکردوو ئاگریاندا یەک بە دوای یەکدا تەقێندرانەوە.

پێشمەرگەکانی هەورامان دوای گڕدانی جبەخانەکانی دوژمن گەڕانەوە بناری قەرەداخ هەتا گەیشتنە سەید صادق هەر دەنگی تەقینەوە بوو ئەو شاخ و کێوانەی دەهەژاند.

## گـــرتنی ســــــریەی مــــغاویر

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی (١،٢،٣) و مەفرەزەیەکی تیپی ١١ هەورامان لە شەوی ١٦-١٩٨٧/٩/١٧لە کاتژمێر ٢,٣٠ دەقیقەی شەودا هێرشیانکردە سەر مقەڕ سریەی مغاویری سەربەوەحدەی _٢١٢٨)ی لیوای (٩٩) لەماوەی (١٥) دەقیقەدا دەستیان بەسەرداگرت.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ژمارەیەک سەرباز، بەدیلگرتنی ٥ سەرباز

**دەستکەوت**

١ ڕەشاشی بی کەی سی

٢ ئاربی جی و ٥٠ گولله

١ هاوەن ٦٠ملم

٤ کلاشنکۆف و ٩ مەخزەن

١٠ جیهازی ڕاکاڵی بچووک

٢ سندوق نارنجۆک
٢ سندوق فیشەک
تەقاندنەوەی مەشجەبێک و مقەڕ سریەیەک

## بـــەرەو ئـــێران
## بـــۆ هێنانی چـــەك 1987

عومەر فەتاح نامەیەکی بۆ فەلاحی حەمە بۆر نووسی خۆت ئامادە بکە کاک جەبار دێت، جەبار فەرمان هاتە کانی هەنجیر هێزێکی لە گەڵدا بوو هەتا هاوار فەلاحی حەمە بۆر لە گەڵ کاک جەبارو دوو پێشمەرگە لە پێشەوە دەڕۆیشت پێشمەرگەکانیتر لە دواوە کاک جەبار دەیویست ڕێگاکە شارەزا بێت.

لە میرەدێ پەڕینەوە چوونە کانی مرواری نانیانخوارد لەوێوە چوونە بێسلمێن لەوێشەوە بۆ هەڵەبجە لە ماڵی دایکی شەهید فاتیح نانیانخوارد پێشمەرگەکانیش لە کانی عاشقان دامەزران.

پێش ئـەوەی لە هەڵەبجە دەرچـن لە مونەزەمەی هەڵەبجەیاندا و لە چیای «شنروێ« چوونە هەوارە کۆن.

لە سیمەکەی دەراوی گریانە پەڕینەوە چوونە ئەو بەر پاسدارێک دانیشتبوو چاوێکی تەواو نەبوو لێپرسراوی عەمەلیاتی «دواوە» بوو پێش ئەوەی بچنە ئەو بەر حزبی دیموکرات بە فەلاحی حەمە بۆریان ووتبوو ئەگەر چوونە ئەو بەر بزانە کوێ «مین»ی تیایە.

فەلاحی حەمە بۆر بە پێشمەرگەکانی ووت لە ڕێگا بەرد گل بکەنەوە ئەگەر «مین»ی تیادا بێت دەتەقێت، پاسدارەکە بە فەلاحی ووت ئاغا بە پێشمەرگەکان بڵێ بەرد گل نەکەنەوە فەلاح ووتی قاچیان بەریدەکەوێت پاسدارەکە کە ناوی ڕیحانی بوو ووتی نەخێر.

بە دەم ڕۆیشتنەوە فەلاحی حەمە بۆر ناوی دێیەکانی ناوچەکەی دەووت ڕیحانی ووتی ئاغا ناوەکان هەڵەن کاک فەلاح ووتی من شارەزام بەشێک لەو دێیانە خزمی

ئێمەن، ڕیحانی ووتی کەی هاتوویتە ئێرە کاک فەلاح ووتی ساڵی ١٩٧٩ لێرەوە هاتوم هەڵوێستی ڕیحانی گۆڕا.

پایگایەکی جاش لە نۆریاو بوو پێشمەرگەکان چوونە لایان ڕیحانی لێیان تورە بوو چۆن دەهێڵن پێشمەرگە بێتە ناو پایگا.

ڕیحانی ڕۆیشت ئۆتۆمبێلیان بۆ بهێنێت بەڵام نەگەڕایەوە، مامە نامی یان نارد بۆ لای ڕیحانی ووتبووی بە جەبار فەرمان بڵێ بە پێ بێن.

جەبار فەرمان و هێزەکە چوونە پایگاکە هەڵوێستیان خراپ بوو کاک جەبار بە فەلاحی ووت ئەمانە نیازیان خراپە ئەگەر بە پێشمەرگەکانیان ووت وەرن نان بخۆن کەس نەیەت با بچن لە دێیەکان دابەشبن من دەچمە ژوورەوە تۆ وەرە لە بەردەمی قاپییەکەدا بووەستە منیش پێم ووتی دانیشە دانەنیشیت.

فەلاح بە بیانووی ئاو خواردنەوە فیشەکی لێخوڕی و تفەنگی خستە سەر سەلیە و لە بەردەم دەرگاکە وەستا، کاک جەبار ووتی فەلاح ئەگەر چەکمان بکەن تۆ گوێ مەدەرە من چی لە ژوورەوەیە بیکوژە بە پێشمەرگەکانیش بڵێ دەست نەپارێزن.

کاک جەبار چووە ژوورەوە بۆ کۆبوونەوە فەلاحی حەمە بۆر بە پێوە وەستا بوو هەر چەند داوایانکرد دانەنیشت، ڕیحانی کەوتە گلەیی لە کاک فەلاح ووتی من حزبی دیموکرات چاوی کوێر کردووم کاک جەبار ووتی چ پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ئێمە لە سەر دەعوەتی ئێران هاتووین.

ڕیحانی هێمن بووەوە ووتی کاک فەلاح دەمانچەکەت زۆر جوانە ، کاک جەبار دەمانچەکەی لە کاک فەلاح وەرگرتوو دایە ڕیحانی ووتی ئەوە دیاری (ی ن ک)ە بۆ تۆ.

دۆخەکە ئاسایی بووەوە دوو ئۆتۆمبێلیان بۆ ئامادە کردن سەرکەوتن و چوونە پاوە مامۆستا ساڵح ژاژڵەیی لێپرسراوی پەیوەندییەکانی یەکێتی بوو لە پاوە پێشمەرگەکان لەوێ مانەوە جەبار فەرمان و فەلاحی حەمە بۆر و دوو پێشمەرگە بە سواری مارسیدسێک چوونە تاران شەوکەتی حاجی موشیر و حەمەی حەمە سەعید لەوێ بوون، لە ناو ئوتێلدا جیهازیان کردەوە ئیتلاعات گەیشتە سەریان

سووپا فریایان کەوت کاک جەبار ووتی من دەقە بە دەقە دەبێت پەیوەندیم لە گەڵ مامجەلال هەبێت.

دوای شەش ڕۆژ کۆبوونەوە لە تاران گەڕانەوە کرماشان، ٦٠ هێستریان پەیدا کرد هەزار کلاشینکۆف و (١٠) قەنناسەیان وەرگرت لە گەڵ گوللەی کاتیۆشا، چەک و تەقەمەنییەکانیان بە پشتی وولاخدا نارده شێخان وویستیان لە چنارو مۆردینەوە بیپەڕێننەوە سەرکەوتوو نەبوون.

چەکەکانیان هێنا، گوللەکان نەگوازرانەوە هەندێک لە چەکەکان لە هاوارە کۆن مایەوە هەندێک برایە بنکەی سورێن و گواستیانەوە، بەمجۆرە توانرا هەندێک چەک و پێداویستی بۆ پێشمەرگە پەیدا بکرێت.

## لە نـــاوچەکانیـــتر

بە درێژایی سالانی شۆڕش تیپی ١٥ی هەورامان پێشتریش تیپەکانی ١١ی هەورامان و ١٥ی شارەزوور لە ناوچەکانیتر ئەرکیان پێسپێردراوەو لە سەردەمی هەرێمیشدا بە هەمان شێوە.

هێزەکانی هەرێمی یەک چەند جارێک چوونەتە مامەندەو چەند مانگێک ماونەتەوە بۆ پارێزگاری لە سەرکردایەتی.

چەند جارێکیش لە ناوچەکانی دۆڵی جافەتی و پارێزگاریکردن لە سەرکردایەتی ئەرکیان پێسپێردراوە، لە ناوچەکانی قەراخ- سورێن- میریاسی لە ئەرکدا بوون.

لە شەڕەکانی هێزی پشتیواندا پێشەنگ بوون قوربانی گەورەیان بەخشی لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت ورەی بەرزی سەنگەر بوون.

لە گرتنی شاری هەڵەبجەدا بەشێکی زۆر لە هێزی پێشمەرگە بەشدار بوون تیپی ١٥ی هەورامان یەکێک بوو لەو تیپانە لە کاتی چوونە ناو هەڵەبجە حەوت ئەفسەر تەقەیان لە پێشمەرگە کرد دوو بیکەیسی یان پێبوو فەلاحی حەمە بۆر، عومەر کوڵکنی، عوسمان حاجی فەرەج دوایان کەوتن خەریک بوو لە شار دەرچن لە کۆلانێکدا تەقەیان لێکردن.

یەکێک لە ئەفسەرەکان جیهازی ڕاکاڵی بە کۆڵەوە بوو تەقەیان لێکردوو کەوت، ئەفسەرێک گەڕایەوە تەقەی لە جیهازەکە کرد بە پشتی هاوڕێکەیەوەو شکاندی.

ئەفسەرەکان کەوتنە دەستی پێشمەرگەکان کەوتنە پاڵ دیوار تەقەیان لێکردن هەموویان کەوتن کە چوونە سەریان لە عەمیدەوە هەتا ملازمی تیا بوو.

٢ بیکەیسی

٤ کلاشینکۆف

دوو دەمانچەیان پێبوو

ئەفسەرێکیان ڕایکرد تەقەیان لێکرد بەرنەکەوت.

# تیپی 31ی پێنجوێن
# چوار

## درووســـتبوونی مـــەڵبەندی یـــەك

لە ساڵی ١٩٨٢ دا هەرێمەکان بوونە مەڵبەند و مەڵبەندەکانیش چەند تیپێکی لێدرووستکرا، مەڵبەندی یەک سەرەتا بارەگاکەی لە حاجی مامەند بوو، مەلا بەختیار لێپرسراوی مەڵبەند بوو، پاش ماوەیەک مەلا بەختیار گوازرایەوەو کاک بەکری حاجی سەفەر کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی یەک، لە سێ تیپ پێکهێنرا، واتە هەرێمی سێ بووە سێ تیپ، تیپەکانی (٣١ ی پێنجوێن و ٣٣ ی سلێمانی و ٣٧ ی شارباژێر).

## تـــــیپی 31ی پـــێنجوێن

تیپی ٣١ یەکێک لە تیپە قارەمانەکانی مەڵبەندی یەک و هەرێمی ٣ ی پێشوو بوو، سەرەتا دانای ئەحمەد مەجید کرایە فەرماندەی تیپ و دوای شەش مانگ گواسترایەوە بۆ سنووری سورداش و جەمالی حەمەی خواکەرەم کرایە فەرماندەی تیپی ٣١ و هەر یەکە لە حەمەمینی خەجێ و عزەت شەمساوایی و جوامێرو ئازاد دەرەمیانەیی کرانە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٣١، لە گەڵ درووستبوونی تیپی ٣١ دا جمووجۆڵێکی زیاتر کەوتە ناو هێزی پێشمەرگە و کەرتەکان کەوتنە چالاکی خۆیان و هەندێک شەڕیش بە هاوبەشی لە نێوان کەرتەکان و بە سەرپەرشتی فەرماندەی تیپ ئەنجامدرا، شەڕی بانوان یەکێک لە شەڕە دیارەکانی سنوورەکە بوو کە تیپی ٣١ ئەنجامیدا و هەر دوو فەرماندەی کەرت عێزەت شەمساوایی و کاک جوامێر بەشدار بوون، دووەم گەورە شەڕی تیپی ٣١ ی پێنجوێن شەڕی گەورەی دەشتی پێنجوێن، سەرجادەی سەرەکی گەرمک و نزیک گوندی ڕاوگان بوو کە ڕەبیەی ڕژێم بە سەر گردێکەوە دەیڕوانییە سەر جادەکە، لەوێدا تیپی ٣١ کەمینێکی تۆکمەو مەحکەمیان دانا کە دوو سەیارەی جێب قیادەی سەربازی کەوتنە ناو بۆسەی کوڕانی تیپی ٣١ و لە ماوەیەکی کەمدا تێکڕای سەرنشینەکانیان کوژران، یەکێک لە جێب قیادەکان ٧ ئەفسەرو دەرەجەداری تیا بوو.

شەڕی سەر جادەی گەرمک – پێنجوێن و نزیک گوندی ڕاوگان بە یەکێک لە شەڕە ناودارەکانی سنوورەکە ئەژمار دەکرێت کە لە شوێنێکی زۆر گرنگ و

هەستیاری پێنجوێن بە بەرچاوی ڕەبیەو مۆڵگەکانی ڕژێمەوە ئەنجامدرا، لەو شەڕە جگە لە فەرماندەی تیپ حمەمینی خەجێ وەکو فەرماندەی کەرتی چواری تیپی ٣١ ڕۆڵی دیارو بەرچاوی تیابینی لە گەڵ پێشمەرگەکانی کەرتە دلێرەکەیدا.

## چـــۆڵکردنی پـــێنجوێن

پێنجوێن لە مێژووی دێرینی خۆیدا چەندین جار تووشی سووتان و کارەساتی سرووشتی و چۆڵکردن و وێران بوون بۆتەوە، لە ساڵی ١٩٤٧ ڕووبەڕووی بوومەلەرزە بوەوەو لە ساڵی ١٩٨١ یشدا کەوتە نێو بەرداشی شەڕی عێراق و ئێران و دانیشتوانەکەی بەرەو شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەووروبەری کۆچیان کرد.

## کـــەرتی ڕێکخستنی پـــێنجوێن

هاوشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەش ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە و جەماوەری ناوچەی پێنجوێن لە ڕیزەکانی ڕێکخستن دا.

کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن پەل و پۆی هاویشتبووە ناو جەماوەرو وەکو پورەی هەنگ خەڵکی لە دەور کۆببوەوە، لە ڕیزەکانی پێشمەرگەش دا کادیرە سیاسیەکانی چالاک و وریاو ژیر بوون.

## پێکهاتەی کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن

| | |
|---|---|
| + مامۆستا جەمال | لێپرسراوی کەرت |
| + شێخ فازل | ئەندام کەرت |
| + شێخ جەمیل | ئەندام کەرت |
| + حامیدە سوور | ئەندام کەرت |
| + سالار عوسمان | ئەندام کەرت |
| + مامۆستا جوامێر | ئەندام کەرت |

ڕێبەری سیاسی کەرتەکان

+ کەمال تاماس

+ شێخ سالار
+ مامۆستا عەلی بچکۆل
+ عەلی ڕەشید
+ تۆفیقە ڕەش

## کـــەرتی 3 ی تـــیپی 31

یەکێک لە فەرماندە کەرتە چالاکەکانی تیپی ٣١، عێزەت شەمساوایی بوو کە فەرماندەی کەرتی ٣ بوو، کەرتی ٣ یەکێک لە کەرتە چالاک و دەست وەشێن و قەرەباڵغەکان بوو کە هەندێک جار ژمارەی نزیک بە ١٠٠ پێشمەرگە دەبوو، عێزەت شەمساوایی پێشتر لە هەرێمی چوار بوو لای جەمالی عەلی باپیر، بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی هەرێمی چواری کردبوو، لە گەڵ تەشکیلکردنی تیپەکاندا گواسترایەوە تیپی ٣١ ی سلێمانی و کرایە فەرماندەی کەرتی ٣.

کەرتی ٣ بە فەرماندەیی کاک عێزەت و بە هاوبەشی لە گەڵ کەرتەکەی کاک جوامێر لە سەر ڕێگای (باسنێ،بێورێ) چەند چالاکیەکیان ئەنجامداو ژمارەیەک چەکیان دەستکەوتبوو.

ساڵی ١٩٨٣ کەرتی ٣ی تیپی ٣١ بە فەرماندەیی کاک عێزەت لە سەر ڕەزان چالاکییەکی گەورەیان ئەنجامدا کە لە یەک کاتدا ٤٦ پارچە چەکیان دەسکەوت بوو جگە لە کوشتن و بریندارکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی ڕژێم.

لە ڕێگەی (بارێ بۆ بانوان) چالاکیەکیتریان ئەنجامدا کە ژمارەیەک پارچە چەک دەستکەوت بوو، لەو چالاکییەدا ژمارەیەک ئیڤای سەربازی سوتێنران کە تا ئێستاش قاوغی سووتاوی ئیڤاکان لەو ڕێگەیە بەرچاو دەکەوێت جگە لە زیانی گیانی لە هێزەکانی ڕژێم، دارشتن و هەڵبژاردنی چالاکیەکە لە لایەن کاک عێزەت و بەڕاوێژ لە گەڵ کاک جەمالی حەمەی خواکەرەم و کاک جوامێر بوو.

لە سەر ڕێگەی بەرەو ناڵپارێز لە ملەی نەڵمە چالاکیەکی دیکەیان ئەنجامدا کە تیایدا زیاتر لە ٢٥ پارچە چەک دەسکەوت بوون و چەندین ئیڤای سەربازی

سوتێنران و دەیان سەرباز کوژران و بریندار بوون، ژمارەیەک جیهازی گەورەی ڕاکاڵ دەستکەوت بوون، کە بۆ ئەو کاتە گرنگی زۆری هەبوو.

## ڕێگـای نـــــاوپارێز

لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٣ مەفرەزەیەکی قارەمان لە پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی (٢) و کەرتی (٤)ی تیپی ٣١ی پێنجوێن بە ئیشوکاری تایبەتی چوونە سەر ڕێگای ناوپارێز بەردە بەلەکە و لە گەڵ دوو ئۆتۆمبێلی پڕ لە سەرباز ڕووبەڕوو بوونەوە پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ لێیاندان و ئاگربارانیان کردن لە ئەنجامدا سەربازەکان هەڵاتن پاش ئەوەی ئەم زیانانەیان لێکەوت:

١/ کوژرانی سەربازێک

٢/دەستگیرکردنی ٢ سەرباز

دەستکەوت:

١/ سێ کلاشینکۆف و ١٢ شانە

٢/ جیهازێکی ڕاکاڵی موحسن

٣/ یەک سندوق فیشەکی ڕوسی

٤/ ئۆتۆمبێلێکی شۆفرلێتی ژمارە ٥٢٠٢

٥/ ئۆتۆمبێلێکی لاندکروزەر ژمارە ٢١٩٢١

٦/ هەندێک بەتانی و پاڵتۆو کەلوپەل

پاشان سێ کۆپتەری جەنگی هاتنە سەر ناوچەی شەڕەکەو کەوتنە گەڕان بە دوای پێشمەرگە قارەمانەکاندا بەڵام هیچیان پێنەکراو گەڕانەوە هەر لە گەڵ یەکەم تەقەدا پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتەکانی تیپ و کەرتی ٢ و کەرتی ٣ و کەرتی ٤ ی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ هاتن بە هانای برا پێشمەرگەکانیانەوە بەڵام بە گەیشتنی ئەوان شەڕ کۆتایی هاتبوو.

لە هێرشێکی سوپای عێراق بۆ سەر گوندی چنارە کە هێزەکانی کەرتی ٣ی لێی بوو، وەڵامێکی توندی هێزەکەی سوپای عێراقیان دایەوەو ژمارەیەک سەربازیان

بەدیل گرت و نزیکەی ٢٠ چەکیتر دەستکەوت بوو، دوژمن لە سەر دەستی کەرتی ٣ لە چنارەی لای باساک شکستی گەورەی خوارد، کەرتی ٣ زۆرترین دەستکەوتی هەبوو، دەیـان پارچە چەکی دەستکەوتبوو، بۆیە بەشێک لەو چەکانەیان دایە مەڵبەند، دەیان پێشمەرگەی چالاک و نەبەز و تێکۆشەر کە لە ئاستی فەرماندەی کـەرت بـوون لە کەرتی ٣ مابوونەوە، جەمال حەسەن و وەستا کەمال و مەلا عەتارو مام غەریبی دۆڵە چەوت لەو پێشمەرگانە بوون، جگە لە چالاکی سەر ڕێگا سەرەکیەکان و بۆسەنانەوەو هێرش بردنە سەر ڕەبیە و مۆڵگەکانی دوژمن کەرتی ٣ چەندین چالاکی لە ناو شاری سلێمانی و شارو شارۆچکەکانیتر ئەنجامدا، کە تیایدا سەرکەوتوانە دەستی قورسیان لە دوژمن وەشاندوو دەستکەوتی بەرچاویان هەبوو.

تیپی ٣١ ی پێنجوێن لە درێژەی جمووجۆڵی پێشمەرگانەی خۆیاندا دەیان چالاکی هەمە جۆریان لە پانتایی ناوچەکانی سنووری تیپی ٣١ دا ئەنجامدا کە تا گوندەکانی مامە خەلان و دۆڵ پەموو هاوشانی گوندەکانی شارەزوور درێژبوونەوەی هەبوو تا دەگاتە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٤.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ گفتوگۆ لە نێوان ڕژێم و سەرکردایەتی شۆڕشدا سەری هەڵدا، ڕژێمی عێراق چەند ساڵێک بوو لە شەڕی ئێرانەوە گلابوو، زەرەرو زیانی زۆری گیانی و مادی و ئابووری پێگەیشتبوو، هێزەکانی شەکەت و ماندووی شەڕێکی قورس و تاقەت پڕوکێن بوون، لە لایەک لە شەڕگەکانی لە گەڵ ئێران ڕووبـەڕووی شکستی گەورە ببوەوە، لە لایەکی دیکەشەوە چالاکی بەرفراوانی هێزی پێشمەرگە لە تێکڕای ناوچەکانی کوردستاندا بڕستی لێبڕیبوو، بۆیە ناچار بە گفتوگۆ بوو لە گەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا، ئەو سەردەمە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەش لە ژێر گوشارێکی سەختی ئابووریدا بوو، بۆیە گفتوگۆ بە دیویێکیتردا سوودی بۆ شۆڕشیش هەبوو.

لە گەرمەی گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ ڕژێمدا هەر دوو فەرماندەی تیپەکانی ٣١ ی پێنجوێن و ٣٧ ی شارباژێر جێگۆڕکێیان پێکرا.

# تـــیپی 33ی ســلێمانی
# پـــێنج

## تـــیپی 33 ی ســـــلێمانی

لە سـەر ڕاسـپاردەو بڕیاری سەرکردایەتی هەرێمەکان گۆڕا بۆ مەڵبەندو مەڵبەندەکانیش لە ژمارەیەک تیپ پێکهێنران

لە سنووری بەرزنجە تیپی ٣٣ی سلێمانی پێکهات و ئاوات قارەمانی کرایە فەرماندەی تیپ. حەمە عەلی بەرزنجی فەرماندەی کەرتی یەک.

حاجی ئاراس فەرماندەی کەرتی دوو عەلی ڕەشە جووتە فەرماندەی کەرتی سێ.

کاکە برا بەرزنجی فەرماندەی کەرتی ٤.

فەرەج وەندەرێنەیی فەرماندەی کەرتی ٥.

نامیقی حەمە چەتە ماوەیەک فەرماندەی کەرت بوو دواتر شەهید بوو حاجی ئاراس چووە شوێنی،

بەم شێوەیە تیپی ٣٣ ی سلێمانی پێکهات و بەردەوام بوو لە چالاکی.

جگە لە پێکهاتەو تەشکیلەی کەرتەکان، ئەو سـەردەمە ڕێبەری سیاسی و لێپرسراوی دارایی و لە لایەکی دیکەش کەرتەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە و دواتریش ناوچەی شۆڕشگێڕان لە سنووری تیپەکان درووست بوو کاری سیاسی خۆیان دەکرد، ڕێبەری سیاسی یان ڕێکخەری سیاسی تیپ، سیاسەتی یەکێتی دەگەیاندە پێشمەرگەو هەڵوێستە سیاسی و گۆڕانکاریە سیاسییەکانی ڕوون دەکردەوە، کەرتەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە و ناوچەی شۆڕشگێڕان هەر یەک بۆ ڕێکخستنەکانی خۆیان لە جووڵەو چالاکی و ڕێکخستن، خەڵکی ناوچەکان و شارو شارۆچکەکانیان لە ڕیزەکانیاندا ڕێکدەخست و سنووری چالاکیان دیاریکراو بوو.

کەرتەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە وەکو پورەی هەنگ جەماوەریان لێهاڵابوو لە پۆل و شانەی سەرەکی و شانەکانیدا خۆیان ڕێکخستبوو، هاوکارو پاڵپشتی گەورەی شۆڕش بوون، هەر لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە زانیاری وردوو هاوکاری گرنگ و چاوساغی و بار بوو پێشکەش یەکێتی دەکرا، جگە لەوەی بە دەیان کەس لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو یەکێتیدا چالاکی گەورەی ناوشارەکانیان ئەنجام

دەداو بە سەدانیش لە ڕیزی ڕێکخستنەکانەوە دەهاتنە شاخ و دەبوونە پێشمەرگەو سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان ئاوەدان دەکردەوە، بەشێکی بەرچاو لەوانە بوونە فەرماندەو کادیرو سەرکردەی سیاسی یان شەهید بوون و سەریان بە ئەستێرەی سەروەری گەیشت.

لەو دەمەدا کاک سوورکێو ڕێبەری سیاسی تیپی ٣٣ی سلێمانی بوو بەختیاری حاجی فارس لێپرسراوی دارایی و کاک کەمال عەلی-یش لیپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە بوو، بە هەموانیش هەر لە کۆمەڵە تا شۆڕشگێڕان و فەرماندە سەربازیەکانیان لە خزمەتی شۆڕش و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بوون.

## ڕەبـــییەی شـــێرە بەرە

ڕەبیەی شێرە بەرە لە پشتی گرێزە و بە ڕووکاری مۆریاسدا هەڵتۆقیبوو، بە سەرماڵەکانی شێرە بەرەدا دەیڕوانی و وەکو دوومەڵی سەردڵی ئەو ناوە بوو، ئاوات قارەمانی فەرماندەی تیپ بە پێی نەخشەیەکی ووردوو بەڕاوێژ لە گەڵ هەڤاڵانی پلانی هێرشکردنە سەر ڕەبیەی شێرە بەرەیان دارشت، ڕەبیەی شێرە بەرە بە گردو بەرزاییەکی ڕووتەنەوە هەڵواسرابوو نە دار نە بەرد نە گاشەبەرد لەوێ نەبوون، تەنها و تەنها هەڵەتێکی ڕووتەن و ساف و بێگرێ بوو، لە شەوێکی باراناوی بەرەو کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٢ پەلاماری ڕەبیە درا، ئاوات قارەمانی دوو گوللە ئار بی جی یەک لە دوای یەکی نا بە ڕەبیەکەوە، حەمە چاوشین کە پێشمەرگەیەکی دلێرو ئازا بوو دوابەدوای وریشەی دوو گوللە ئار بی جی دوو ڕوومانەی یەک لە دوای یەکی هەڵدایە ناو ڕەبیەو سەربازەکانی ڕەبیەکە هاواریان لێهەڵسا، ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرباز کوژران و بریندار بوون، لە بەر ڕووتەنی و لێزمەی باران و دۆخی نالەباری دەوروبەری ڕەبیەکە نەتوانرا دەست بە سەر ڕەبیەکەدا بگیرێت بەڵام زەرەرو زیانی زۆریان پێگەیاند و هێواش هێواش بەرنامەی پاشەکشەیان داناو کشانەوە، ئاوات قارەمانی و حەمە چاوشین و عەتاو فەخرەدین

و شوانەی ڕەئوف نوری و عوسمان کاژاوی لە دەستەی هەڵمەت و هێرشی سەر ڕەبیەکە بوون.

دەنگی پرخە پرخی فەخرەدین لە دواوە دەهاتە گوێ بەڵام قسەی نەدەکرد و ووردە ووردە دەنگی نەما، عەتا کە هاوڕێی دێرینی فەخرەدین بوو هەردووکیان خەڵکی گەڕەکی سەرچناری سلێمانی بوون، بەرەو لای فەخرەدین گەڕایە دواوە، کە سەیری کرد گوللەیەک لە سەری فەخرەدینی داوەو خوێن لە سەرو جەستەی دەچۆڕێ، تەرمی فەخرەدین لە ڕەبیەکە برایە خوارەو بەرەو ماڵەکانی شێرە بەرە بەڕێکرا، تا گەیشتنە ناودێ، تاریکی و لێزمەو ڕەهێڵەی باران هێندەیتر دۆخەکەی قورستر کردبوو، لە شێرە بەرە تەرمی فەخرەدین یان خستە سەر پشتی وڵاخ و بەرەو مۆریاس بەڕێکەوتن، لە مۆریاس تەرمی شەهید فەخرەدین شۆردراو کفن کراو، لەوێشەوە تەرمەکە بەرەو گورگەیەر بەڕێکراو لەوێ سپاردەی خاک کرا، خەڵکی ناوچەکە بە پەرۆش بوون بۆ شەهید بوونی فەخرەدین وەکو کوڕی خۆیان کفنیان کردە بەرو بە گڵ و خاکی گورگەیەر دایانپۆشی و تازیە بار بوون، هەر خۆشیان پرسەیان بۆ دانا.

## شـــەڕی چەناخچـــیان

ساڵی ١٩٨٣ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، قارەمانەکانی تیپی ٣٣ی سلێمانی بە فەرماندەیی کاک وەهـاب و ئەبوو شەهاب لێپرسراوی ڕێکخراوی کۆمەڵە بۆسەیەکیان بۆ هێزێکی داگیرکەر دانـا، قافڵەیەکی دوژمـن کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگە قارەمانەکانی سلێمانی لە قافڵەکەیانداو شەڕ درووست بوو، لە ئەنجامدا ٤٠ سەربازی دوژمن کوژران.

## لـــێدانی مەخفەری ســـلێمانی

هەر لە ساڵی ١٩٨٣ دا هێزێکی تیپی ٣٣ی سلێمانی هاتنە ناو شاری سلەیمانی و لە مەخفەری ئازادییاندا، زیانی گیانی زۆر لە دوژمن کەوت، لە ئەنجامی لێدانی مەخفەرەکە گوللە بەر تەنکی ئاوی ئازادی کەوت، تەنکیەکە کون بوو سەر ڕێژی کرد، ئاو هاتە کۆڵانەکانەوە.

## چـــالاکی ناو شاری ســــــلیمانی
## بە ســـزا گەیاندنی پـــیاوانی بــــەعس

دوای ئەوەی تۆپخانەکانی ڕژێمی داگیرکەر ئاوایی ولۆبەی نزیک سلەیمانیان تۆپبارانکردو چەند هاوولاتیەک شەهید بوون، دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، کوڕانی سلەیمانی لە کاتژمێر (٣)ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ١٩٨٣/٢/٣١ هێرشیانکردە سەر ئۆتۆمبێلی تاوانبار (سامر حسن عەتاوی) ناسراو بە ئەبو ڕیاز لە سەر شەقامی پیرەمێرد، نزیک سەرای سلێمانی، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٣٣ی سلێمانی ئۆتۆمبێلەکەیان دایە بەر دەسترێژی گوللە و هەر لە جێدا ئەبو ڕیاز بە سزای خۆی گەیشت، دوو خۆفرۆشی کوردی لە گەڵدا بوو.

ئەبو ڕیاز چەندین لێپرسراویەتی لە ناو شاری سلەیمانیدا هەبووە، ئازارو ئەشکەنجەی خوێندکارە دەستگیرکراوەکان و خۆپیشاندەرانی کوردی داوە، ئەندامی شوعبەی سلێمانی و لێپرسراوی مونەزەمەی عوسمانی کوڕی عەفان و قاطعی جەیشی شەعبی و بەشی ڕێکخستنی فەرمانبەران و بەڕێوەبەری دائیرەی بەریدوبەرقی سلێمانی بوو، دوو خۆفرۆشەکەی لە گەڵیدا بوون (ح.ع.گ) و یەکێکیتر لە نەخۆشخانە مردن و بە سزا گەیشتن.

## چـــــالاکی ســــلێمانی

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٣٣ی سلەیمانی لە شەوی ١٩٨٣/٦/٢٣/٢٢ چوونە ناو شاری سلەیمانی، لە سەر جادەی مەولەوی هەڵمەتیان بردە سەر ئۆتۆمبێلێکی دوژمن و گوللەبارانیانکرد.

لە لایەکی دیکەوە مەفرەزەیەکی کەرتی تیپی، تیپی ٣٣ی سلەیمانی لە سەر جادەی کاوە گەمارۆی کۆمەڵێک جاشیانداو گوللەبارانیانکردن.

دواتر هەر دوو هێزە هاوبەشەکە، هەڵمەتێکی خێرایان کردە سەر ڕیعایەی عیلمی گەڕەکی سەر شەقام.

لە تێکڕای ئەو هەڵمەت و هێرشانەدا (١٦) قوات خاسە و جەیشی ناشەعبی و

پۆلیس کوژران و بە بەرچاوی خەڵکی سلەیمانیەوە بە سزا گەیەندران.

کوڕانی تیپەکانی (٣١، ٣٣، ٣٧، ٥٧، ٥١ ) و تیپەکانی شارەزوورو هەورامان نەک جارێک دەیان جار سلێمانی و شارەزوورو ناوچەکانی دیکەیان کردووەتە گۆڕەپانی بە سزاگەیاندنی داگیرکەران.

## شـــــەهیدانی قــــڕگە
## 1983/6/29/28

تیپەکانی مەڵبەندی یـەک، پێشمەرگە دلێرەکانی کوردسـتـان لـە سنووری شارباژێڕی تەخت و سەخت چالاکیەکانیان هەر لە سنووری ناوچەکانیان قەتیس نەکردبوو بەڵکو زۆربەی شەوان لە ناو شارو لە قەراغ شاری سلێمانی چالاکیان ئەنجام ئەداو وانەی دوژمنیان دائەدا.

جگە لەو تیپانەی ٣١ی پێنجوێن و تیپی مەڵبەندو ٣٣ی سلێمانی تیپەکانی (٤٧) ی پیرەمەگرون و ٥٧ی سەگرمە و ٥٥ی قەرەداخ لە سنووری سەگرمەو قەراخ چالاکی گەورەیان لە ناو شاری سلێمانی ئەنجام ئەدا بە جۆرێک شەوان شار بە دەستی پێشمەرگەوە و ڕۆژ دەکەوتەوە دەست ڕژێم.

هەڤدە پێشمەرگەی گەل، هەڤدە پێشمەرگەی گیان لە سەر دەستی (ی ن ک) لە بۆسەیەکدا بە دەستی جاشە خۆفرۆشەکانی داگیرکەرانی کوردستان شەهید بوون و سلێمانی و تێکڕای کوردستانیان غەمگین و تازیە بار کرد.

هێزێکی هاوبەشی کەرتەکانی تیپی مەڵبەندی یەک و تیپی ٣٣ی سلێمانی بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکییەک بەرەو ناو شاری سلێمانی بەڕێکەوتن، دەستی بەزەبریان لە دوژمن وەشاند، ئەو شەوە سلێمانی لە دوژمن کرابووە قەیسەری و جێگەی سزادانی جاش و خۆفرۆشەکانی داگیرکەر بوو، خەڵکی سلێمانی بە خۆشحاڵیەوە گوێبیستی دەسڕێژی گوللەی تۆڵەو سەرکەوتنی کوڕەکانیان بوون لە ناو شاری سلێمانیدا.

دوای ئەنجامدانی چالاکی ناو شار، هێزی پێشمەرگە دوای نیوە شەو شاریان جێهێشت و گەڕانەوە، پۆلێک پێشمەرگە لە ناو تراکتۆرێکدا بوون، ماوەیەکی کەم لە قڕگە دوورکەوتنەوە بۆ نزیک وێڵەیەرو بەرزاییەکانی شار، بێ ئاگا لەوەی خۆفرۆشان بۆسەیان بۆ داناون، ئەوان سەرگەرمی خۆشی و شادی سەرکەوتن بوون لە ناکاو کەوتنە بۆسەی دوژمنەوەو شەڕ درووست بوو.

جاشە خۆفرۆشەکان بە ئاربیجی لە تراکتۆرەکەیاندا پێشمەرگە قارەمانەکان بەو جۆرەش وەڵامی پەلاماری جاشەکانیان دایەوە شەڕێکی قارەمانانەیان لە گەڵ جاشەکاندا کرد، لەو بۆسەیەدا حەڤدە پێشمەرگەی قارەمان و دوو هاووڵاتی کە لە ناو تراکتۆرەکەدا بوون شەهید بوون، شێخ حسێن، ئازاد، فەرەیدوون سێ پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان دوای شەڕێکی کەم وێنە لە بۆسەکە ڕزگاریان بوو.

## شـــــەهیدانی قـــــڕگە

شەوی ١٩٨٣/٦/٢٩/٢٨ حەڤدە پێشمەرگەی قارەمانی مەڵبەندی یەک و دوو هاووڵاتی لە تراکتۆرێکدا بوون لە قڕگەی نزیک سلێمانی کەوتنە بۆسەی داگیرکەرو جاشە ڕوو ڕەشەکانیەوە و شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید ئاگری شێخ نوری، پێشمەرگەی ڕاگەیاندنی مەڵبەند (کۆمەڵە).

٢/ شەهید ئایار عەبدوڵلا پێشمەرگەی ڕاگەیاندنی مەڵبەند (کۆمەڵە).

٣/ شەهید تەها عەبدوڵلا، پێشمەرگەی ڕاگەیاندنی مەڵبەند (کۆمەڵە).

٤/ شەهید کاروان غەریب، پێشمەرگەی ڕاگەیاندنی مەڵبەند (کۆمەڵە).

٥/ شەهید عیسا غەفور پێشمەرگەی کەرتی (٢)ی مەڵبەند (کۆمەڵە).

٦/ شەهید شێخ محەمەد شێخ ئیبراهیم، پێشمەرگەی کەرتی دووی مەڵبەند (کۆمەڵە).

٧/ شەهید ڕەحیم عوسمان پێشمەرگەی کەرتی (٢)ی مەڵبەند.

٨/ شەهید بەکر غەریب پێشمەرگەی کەرتی (٢)ی مەڵبەند (کۆمەڵە).

٩/ شەهید محەمەد عەبدولڕەحمان، پێشمەرگەی کۆمیتەی ژمارە (٥) کۆمەڵە.
١٠/ شەهید عومەر شەریف پێشمەرگەی کۆمیتەی ژمارە (٥) کۆمەڵە.
١١/ شەهید نەوزاد محەمەد پێشمەرگەی تیپی ٣٣ی سلێمانی (کۆمەڵە).
١٢/ شەهید سالار فەتاح پێشمەرگەی تیپی ٣٣ ی سلێمانی کۆمەڵە.
١٣/ شەهید بەکر نەسروڵڵا پێشمەرگەی تیپی ٣٣ی سلێمانی (کۆمەڵە).
١٤/ شەهید محەمەد کەریم پێشمەرگەی تیپی ٣٣ی سلێمانی (کۆمەڵە).
١٥/ شەهید عومەر قادر پێشمەرگەی تیپی ٣٣ی سلێمانی (کۆمەڵە).
١٦/ شەهید ئاراس مەحموود پێشمەرگەی کەرتی تیپی مەڵبەند (کۆمەڵە).
١٧/ شەهید ئازاد عەبدوڵڵا پێشمەرگەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون (کۆمەڵە).
١٨/ شەهید شیروان سادق (هاووڵاتی).
١٩/ شەهید غەفور حاجی عەبدولکەریم (هاووڵاتی)

شەهید بوونی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە زیانی گەورە بوو لە مەڵبەندی (یەک) و لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەڵکی کوردستان تێکڕا لە پرسەدا بوون بۆ کوڕانی گەل و نیشتمان.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە تۆڵەی ئەو شەهیدانەدا چەندین دەستی بەزەبری لە داگیرکەران وەشاند یەکێک لەو چالاکییانەی لە تۆڵەی شەهیدانی قڕگەدا ئەنجامدرا، چالاکیەکی تیپی ٢١ی کەرکوک بوو بەمجۆرە.

هێزێکی هاوبەش لە کەرتە قارەمانەکانی کەرتی یەکی شەهید شەماڵ مەحموود، کەرتی سێی شوان، کەرتی سێی شەهید بێستوون تیپی ٢١ی کەرکوک لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٦ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی نێوان قەرەهەنجیر نزیک دێی کلاو قوت دانا، کاروانێکی سەربازی کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانەوەو دایانە بەر دەستڕێژی گوللە، شەڕ دەستیپێکرد کۆپتەرەکانی دوژمن هاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکەو تا ئێوارە سووڕانەوە بەڵام پێشمەرگە لە ئاسمانیان توونـد کردن.

هێزی پێشمەرگە ، قارەمانەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک، گورزی گەورەیان لە دوژمندا، دوژمن کوژراوو بریندراری هەبوو بەمجۆرە:

+ کوژرانی (٥) سەرباز
+ بەدیلگرتنی (٧) سەرباز

**دەستکەوت:**

+ گرتنی (٣) ئیڤای سەربازی بە ژمارەکانی (٢٠٧٧٥١) (٧٨٣٥٠) (٢٠٧٦٤٧)
+ گرتنی (١٠) کلاشینکۆف و (١٤) مەخزەن
+ گرتنی (١٠١) فیشەکی دۆشکای ١٤,٥ ملم
+ گرتنی دۆشکەیەکی ١٢,٥ ملم و یەک سندوق فیشەک
+ گرتنی (٨) سندوقی گەورەی پڕ فیشەک بە شریتەوە دۆشکای چوار لولە
+ گرتنی (٨) سندوق فیشەکی قەناس
+ گرتنی (١٠٠٠) فیشەکی ڕووسی
+ گرتنی یەک سندوق نارنجۆکی دەستی
+ گرتنی (١٣) قناعی غاز
+ گرتنی (٣٠) سندوق ئەوراق و بەڵگە نامەی لیوای (٥)
+ گرتنی یەک هاوەنی (٦٠) ملم یەک دەمانچەی میکارۆف

## چـــەند چوارینەیەك شیعری ســــــروود بۆ شـــەهیدانی قــــڕگە

لە ژێر ئەو ناونیشانەدا مامۆستا شێرکۆ بێکەس چەند چوارینەیەکی جوانی بۆ شەهیدانی قڕگە نووسی، لەو چوارینانەدا، شەهیدانی قڕگەی بە هێشوویەک ئەستێرەی شین چواند و خۆفرۆشانیش بە کێردی نامەردی و قین، خوێنی ئەوانی بە هەوێنی سەرکەوتن ناوبرد.

ئەمەش دەقی چوارینە شیعریەکانە کە مامۆستا شێرکۆ بە باڵای شەهیدانی قڕگەی بڕیوە:

# چـــــەند چـوارینەیەك

شــــیعری سروود «بۆ شـــــەهیدانی قڕگە»
ئەو شەوەی قڕگە بوو بە گۆمی خوێن
بناری گۆیژەم سوور سوور هەڵگەڕا
شاری هەڵمەت و قوربانی و بەڵێن
بزە لە لێوی سەد ساڵەی بڕا
***
لە جێی هەر قەترە خوێنێکی ڕژاو
تۆڵەی یەک بە دە ئەسێنینەوە
لە جێی هەر گوڵە باخێکی سووتاو
تۆوی هەزاران ئەچێنینەوە
❊❊❊

ئەوان هێشوویەک ئەستێرەی شین بوون
بۆ دوا ڕۆژی کورد ئەجریوانەوە
ئەوانیش کێردی نامەردی و قین بوون
بۆ سەر بڕینیان ئەبریسکانەوە
***
بە ڕێگەی خۆردا بەرەو سەرکەوتن
کاروانی سووری ئەم کوردستانەین
ئێمەی نەترساوو لە شەوی مردن
هەر ئەبێ ئاڵای سەربەستی هەڵکەین

## هـــــاتنی کاك وەهـــاب

پاش ماوەیەک کاک ئاوات قارەمانی لە فەرماندەی تیپی ٣٣ ی سلێمانی گواسترایەوە بۆ تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون و کاک وەهاب کرایە سەرتیپی، تیپی ٣٣ ی سلێمانی و حەمە عەلی بەرزنجی کرایە جێگری، هەر دوو تیپی ٣١ی پێنجوێن و ٣١ ی سلێمانی بوونە یەک و لەبزەینیان بڕیاری تێکەڵکردنی هەر دوو تیپەکە بە ئامادەبوونی کاک جەبار فەرمان لێپرسراوی مەڵبەند بەڕێوەچوو، جەلالی حەمەی محە بووە فەرماندەی تەشکیلەی تازەی تیپی ٣١ی سلێمانی مۆرەکەی تیپی ٣٣ی سلێمانی دوو چوکڵەی یەکەمی لە لایەن کاک جەبارەوە شکێنراو ٣٣ کە بووە ٣١ و بە ڕەسمی مۆرەکە بووە تیپی ٣١ ی سلێمانی.

لە چەند گۆڕانکاریەکی تردا کاک حەمە عەلی بەرزنجی کرایە جێگری فەرماندەی تیپ و وەکو سەرپەرشتیاری تیپ مامەڵەی دەکرد، دواتر بۆ ماوەیەکی کەم کاک سامان گەرمیانی بووە فەرماندەی تیپەکە دواتریش کاک ئازاد دەرەمیانەیی کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٣٣و مۆرەکەی تەسلیم کرا لە هەمان کاتدا فەرمانی کاک هەڵۆ ئەحمەد کوردە وەکو فەرماندەی تیپ دەرچوو.

## مـــەڵبەندی یـــەك
## تـــیپی مـــــەڵبەند
## ســـــزادانی ســـیخوڕێك

لە گەڵ درووستبوونەوەی شۆڕشی نوێ، لە گەڵ هەڵایسانی مەشخەڵانی شوڕشێکی نوێخواز، دوژمنان لە بۆسەدابوون، دەیان سیخوڕو خۆفرۆشیان کڕی تا شوێن پێی پێشمەرگە هەڵگرن و زیان بە شۆڕش بگەیەنن ئەوان بێ ئاگا لەوەی کە کاروانی شۆڕش کەوتووەتە ڕێگە تا سەرنەکەوێت کۆڵ نادات، ڕەنگە تووشی نوچدان، هەڵەنگوتن، هەندێکجار شکست بێت بەڵام ئەسپەشێی شۆڕش لە کوڕژن ناکەوێ و کاروان هەر دەگاتە جێ،  با دڕکە زێکانی ڕێ زۆر بن بەڵام پێشمەرگە و گەل هەزار بارتەقای ئەوانن.

کەسێک بە ناوی (م.م. دابەش) کە خەڵکی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، ماوەی سێ ساڵ بوو لە باشور دەژیا، پەیوەندی بە داموو دەزگا سیخوڕیەکانی بەعسەوە هەبوو کاری بۆ ئەوانە دەکردوو سیخوڕی لە سەر پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک دەکرد.

لە کاتێکدا پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک دەچوونە ناوپارێز بۆ ئەنجامدانی چالاکی، ئەو کەسە سیخوڕەی بەعس هەنگاوەکانی هەڵگرتبوون و زانیاری لە سەر جمووجۆڵی ئەوان دابووە دەزگاکانی بەعس، لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەی قارەمان مام عومەرو بەرزان لە ناوپارێز شەهید بوون.

دوای شەهید بوونی مام عومەرو بەرزان، مەڵبەندی یەک کەوتنە لێکۆڵینەوەو سەرە داوی ئەو تاوانەیان دۆزیەوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٣٠ (م.م) ی سیخوڕ دەستگیرکراو دانی بە تاوانەکەیدا نا، بە بڕیاری مەڵبەندو سەرکردایەتی و دوای لێکۆڵینەوەی ورد لە لایەن دادگای شۆڕشەوە بڕیاری کوشتنی درا.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٢٢ و لە شوێنی شەهیدان مام عومەرو بەرزان لە ناوپارێز بە سزای تاوانەکەی گەیشت.

## چـــەند چـــالاكییەك

مەفرەزەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٢ی تیپی ٣٣ی سلێمانی لە شەوی ١٩٨٣/١٠/١٩/١٨ چوونە ناو شاری سلێمانی بە ئاربیجی و چەکی سوک ئاگربارانی ماڵی زابت ئەمنیانکرد کە لە خانووەکانی جامیعەبوو لە ئەنجامدا دوو پۆلیس بریندار بوون.

هەمان شەو مەفرەزەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگە بە هەڵمەتەکانی کەرتی تیپ و کەرتی ٣ی تیپی ٣٣ی سلێمانی بە چەکی قورس و سوک ئاگربارانی مقەڕی مونەزەمەی فاشیەکان و سەرای چوارتایانکرد شەڕ سێ کاتژمێری خایاند.

لە شـەوی ١٩٨٣/١٠/٢٠/١٩ مەفرەزەیەکی قارەمانی کەرتی ٢ی تیپی ٣٣ی

سلێمانی چوونە ناو شاری سلێمانی و لە گەڕەکەکانی سەرکارێزو ئیبراهیم پاشاو مەڵکەندی بۆسەیان بۆ دوژمن دانا لە کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقەی شەودا شۆفرلێتێکی پڕ لە قوات خاسە لە سەر جادەی ئیبراهیم پاشا کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی تیپی ٣٣ی سلێمانی.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٩ دوو پێشمەرگەی قارەمانی کەرتی ٣ی تیپی ٣٣ی سلێمانی بۆ ئەنجامدانی کاری شۆڕش چوونە ناو شاری سلێمانی لە سەر جادەی گۆران تووشی ٣ جاش شەعبی بوون، جاش شەعبییەکانیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و جاش شەعبییەک کوژراو جاش شەعبییەک بریندار بوو.

لە ڕۆژانی ٩/١٥ تا ١٩٨٣/٩/٢٠ مەفرەزەیەکی قارەمانی تیپی مەڵبەندی (١) توانیان لە ناو شاری سلێمانیدا ئەم چالاکییانە ئەنجامبدەن.

١/ دەستگیرکردنی دوو نائب زابت بە دوو دەمانچەی تۆکاریۆفەوە پاش ئامۆژگاریکردن ئازادیانکردن.

٢/ نارنجۆکێکی دەستییان خستە ناو زیلێکی سەربازییەوە بووە هۆی کوژرانی (٢) سەربازو بریندار بوونی چواریتر.

٣/ هەمان مەفرەزە توانیان تیوتایەکی حکومی بهێننە دەرەوە.

## تـــیپی 31ی پـــێنجوێن

تیپە هەڵمەت بەرو قارەمانەکەی پێنجوێن لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٣ چوونە ناو شارۆچکەی ناوپارێز.

مەفرەزەیەکی کەرتی (٢) و کەرتی (٤)ی تیپی (٣١) ی پێنجوێن، بە ئیشوکاری تایبەت چوونە سەر ڕێگای ناوپارێز بەردەبەلەکە، ڕووبەڕووی دوو ئۆتۆمبێلی سەربازی بوونەوە کە پڕ بوون لە چەکدار، پێشمەرگە قارەمانەکانی پێنجوێن لێیاندان و زەرەرو زیانی زۆریان لێدان سێ کۆپتەری جەنگی بۆ پشتیوانی هێزە شکستخواردوەکەیان هاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکە، ئەوانیش ڕاونران و لە ئاسمان گیر بوون.

## نـــاو شاری ســـــلێمانی

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی سلێمانی لە سەر شەقامی کاوە نارنجۆکێکیان فڕێدایە ئۆتۆمبێلی سـەرۆک جاش (م. ح. د) کە چـوار جاشیتری لە گەڵدا بوو سەرەنجام (ح) و دوو جاشیتر کوژران و دوو جاشەکەی تریش بریندار بوون.

شـــەهید بوونی فـــەرەج وەنــــدەرێنەیی

لە سەرەتای گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ حکوومەتی عێراق و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ فەرماندە فەوجێکی سووپای عێراق پەلاماری (حاجی مامەند)یدا.

فەرەج وەندەرێنی و هاوڕێکانی بەرپەرچی پەلامارەکەی دوژمنیان دایەوە، فەرەج وەندەرێنەیی پێشمەرگەکانی ڕەوانە کرد تا لە حاجی مامەند بچنە دەرەوە بەڵام لە دواوە فیشەکێک لە کەلەکەیداو بریندار بوو.

ساردوو سەرمایەکی زۆر بوو بارانێکی زۆر باریبوو شوێنێک نەبوو فەرەج وەندەرێنی تیادا تیمار بکرێ و پشوو بدات خێمەیەک لە سەر شاخی حاجی مامەند بوو پێشمەرگەیەک سووتاند بووی، سەرماو سۆڵەو بێ چارەسەری و تیمار کردن کاریان لە برینەکەی کردوو شەهید بوو. هەر لەو شەڕەدا پێشمەرگەی قارەمان مەحمود موراد برینداربوو.

## شـــەهید بوونی کاکە بــــرا بەرزنجـــی

لە نـەورۆزی ساڵی ١٩٨٤ ئەو ڕۆژەی هەڤاڵ مامجەلال ووتارێکی گرنگ و مێژوویی لە سورداش پێشکەشکرد، کاکە برا بەرزنجی لە کاتی پاککردنەوەی ڕێگە لە (مین) بۆ خەڵکی ناوچەکە، (مین)ێکی پیادا تەقیەوەو شەهید بوو.

دوای شەهید بوونی کاکە برا بەرزنجی بەختیاری حاجی فارس کرایە فەرماندەی کەرت لە جێگەی کاکە برا.

تـــيّكەڵكـــردنی تـــیپەكان
31-33
تـــیپی 31ی ســـلێمانی
شـــەش

## تـــــێکەڵکردنی تـــــیپەکان

لە پێکهاتەیەکی نوێی تیپەکاندا گۆڕانکاری و پێکهاتەیەکی نوێ ڕاگەیەندرا کە تیایدا هەر دوو تیپی ٣١ی پێنجوێن و ٣٣ی سلێمانی لێکدران و تیپی ٣١ی سلێمانی درووستکراو عەلی چوارتایی کرایە فەرماندەی تیپە نوێیەکە کە دواتر لە پیری شەوکێڵ لە داستانی کەتودا شەهید بوو، پێکهاتەی ڕێکخستنی تیپەکەشی لە سەر بنەمای هەمان کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن بوو کە هەر کەرتە و ڕێبەری سیاسی خۆی هەبوو، مامۆستا جەمال لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن، پاش ماوەیەک گوازرایەوە بۆ سنووری تیپی ٣٧ و کاک سەیوان لە تیپی ٣٧ وە هێنرایە تیپی ٣١ی سلێمانی، چەند جار ئەم ئاڵ و گۆڕە ڕوویداو مامۆستا جەمال جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ تیپی ٣١، پێش ئەوەی مامۆستا جەمال بگەڕێتەوە بۆ ماوەیەک شۆڕش ئیسماعیل سەرپەرشتیاری تیپ بوو، پێش ئەوەش هەڵۆی ئەحمەد کوردە لە سورداشەوە گواسترابوەوە بۆ تیپی ٣١، ئەو ماوەیە تیپی ٣١ کۆمەڵێک گۆڕانکاری خێرای بە خۆوە بینی، سنووری چالاکی تیپی ٣١ لە بەری گەڕەدێ و سنووری بەرزنجە پەڕیەوە بۆ سنووری تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، بارەگای مەڵبەندی یەک کە پێشتر لە حاجی مامەند بوو لە ماوەی گفتوگۆدا هاتبووە ناوچەی سیتەک، دوای تێکچوونەوەی گفتوگۆو ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوویاندا گواسترایەوە بۆ بەری قەرەداغ کە ئەو کات جەبار فەرمان لێپرسراوی مەڵبەند بوو، جارێکی دیکە پێکهاتەی تیپەکان گۆڕاو دابەشکرانەوە، تیپی ٣١ی سلێمانی کە لە سەر مەڵبەندی یەک بوو خرایە سەر مەڵبەندی دوو.

سنووری چالاکی تیپی ٣١ ببووە دوو بەش، بەشێکی لە گوندەکانی سنووری شارباژێر کە هەندێکیان مابوون، لە گوندەکانی شوکێ و باراوو گورگەیەرو وەندەرێنە و کاژاو تا خانووە قورەکان جەولەیان دەکرد، زۆر جار لە گەڵ هێزەکانی ڕژێم تووشی پێکادان دەبوون و بەرەنگاری هێرشەکانی ڕژێم دەبوونەوە کە دەیکردە سەر ناوچەکە، بەشەکەیتریش کەوتبوونە سنووری قەیوان و مێولاکە و خێوەتە و گوندەکانی مۆکەبە بارەگایان جێگیر بوو.

تیپی ٣١ ی سلێمانی چەندین چالاکی گرنگی لە ناو شاردا ئەنجامدا، لە ڕێگەی گۆیژەو چەقچەق و گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی .

## لـــێدانی ڕەبییەی ئـــەزمڕ
## 1985/5/20/19

شەوی ١٩٨٥/٥/٢٠/١٩ مەفرەزەیەکی قارەمانی تیپی ٣١ی سلێمانی بە پێی نەخشەیەکی ڕێکوپێک هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی بابل سەر بە لیوای (٨٠٦) فەوجی (١) سریەی (١) لە شاخی ئەزمڕ.

لە هەڵمەتێکدا پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکەداو (٧) سەربازیان دەستگیرکرد.

**دەستکەوت:**

یەک هاوەنی ٦٠ ملم و ١٥ گوللە

یەک ئاربیجی (٧)

یەک ڕەشاشی دکتاریوف

٨ کڵاشینکۆف و ٢ شانە

یەک بێتەلی تانشۆی فەڕەنسی

٣ سندوق فیشەکی ڕووسی

یەک سندوق نارنجۆکی دەستی

٣ دووربین

٧ قناعی غاز

## نـــاو ســـلێمانی

شەوی ٢٣-١٩٨٥/٥/٢٤ دەستەیەک پێشمەرگە چوونە ناو شاری سلێمانی و بە ئاربی جی هەڵمەتیانبردە سەر مۆڵگەیەکی دوژمن و بەسەریاندا ڕووخاندن

زیانی دوژمن کوژرانی (١١) قوە طواری

برینداربوونی (٥) یتر

# شـــەڕی پیری شـــــــەوکێڵ
# 1985/5/25

عەلی چوارتایی لە گەڵ هێزێکدا لە پیری شەوکێڵ بوو، بەرنامەی کۆبوونەوەی داڕشتبوو لە گەڵ هێزەکەدا و سەرقاڵی گفتوگۆ بوو لە گەڵ هەڤاڵەکانیدا، لە گەرمەی کۆبوونەوەدا دەنگی زنجیری دەبابە گەیشتە گوێ کە نزیک دەربەندی نێوان دوو ڕەبیە کە ببوونەوە کە نزیک پیری شەوکێڵ بوو، شەڕ بە گەرمی دەستیپێکرد پێشمەرگە ڕووبەڕووی هێرشی دەبابەو سوپاو گەلەجاش بوونەوە، کە بە پشتیوانی دەیان کۆپتەری باری و جەنگی هێرشیان هێنابووە سەر پیری شەوکێڵ، هێزێکی پێشمەرگە بۆ پاڵپشتی و هاوکاری پێشمەرگەکانی پیری شەوکێڵ بە فەرماندەیی عێزەت شەمساوایی و جەزای کەوێ لە کانی ساردەوە بەڕێکەوتن بۆ ئەحماوا، تا هێرشی سوپا پەرتەوازە بکەن و تێکبشکێنن، هێزەکە چوونە ناو پیری شەوکێڵەوە دەستڕێژی گوللەیان لە هێزەکەی ڕژێم کردوو تەرمی سەربازێکیان پێجێهێشتن.

هەر بۆ پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە لە پیری شەوکێڵ حمەمینی خەجێ و شێخ حسەینە سوور هاتن بە پیر شەڕەکەوە، کۆپتەرەکانی ڕژێم بە بەردەوامی ئاسمانی ناوچەکەیان تەنیبوو، ئاگرباران و ڕۆکێت بارانی ناوچەکەیان دەکرد، لەو شەڕەدا حەمەمینی خەجێ وشێخ حسێنە سوور برینداربوون، ڕژێم کە زانی لە نزیک ئەحمەد ئاوا و پیری شەوکێڵ کەوتوونەتە بەرهێرشی پێشمەرگە، ئەو سەربازو دەبابانەی بەرەو کەتووی بچووک پێشڕەویان کردبوو شکان و ڕایانکردوو سەربەرەوخوار بوونەوە، لە ڕاکردنیشدا کەوتنە بەر ڕەحمەتی ئار بی جی پێشمەرگە لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا دەیان کەلاکی دوژمن بە جێماو زەرەرو زیانی زۆریان بەر کەوت و چەندین تانک و دەبابە تێکشکێندران.

لەو نەبەردیە کەم وێنەیەدا عەلی چوارتایی پێشمەرگەی سەرەتایی شۆڕش و فەرماندەی تیپی ٣١ی سلێمانی شەهید بوو، حەمە سوورەبانی و عەباس بریندار بوون، تەرمی شەهید عەلی چوارتایی هێنرایە نزیک گوندی هەرمن و لەوێشەوە بۆ گوندی کوڕەداوێ بەریکرا، لەوێ لە نزیک شەهید هەڵۆ سەراوی و ئازاد مارەڕەشی و عەبدوڵڵا کوڕەداوێیی بەخاکسپێردرا.

عەلی چوارتایی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردو لە گوندی سووتوی دەشتە تاڵی شاری بانە لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەر لە دایک بووە، هەر زوو باوکی کۆچی دوایی کردووەو دایکی ئەرکی بەخێوکردنیانی لە ئەستۆ گرتووە، دوای کۆچی دوایی باوکی هاتوونەتە شارباژێر لای ماڵە خاڵوانی لە مارە ڕەش گیرساونەوە دواتر هاتوونەتە چوارتا و نیشتەجێبوون، عەلی چوارتایی لە بیرەوەرییەکانیدا کە بە دەستی خۆی نووسیویەتیەوە دەڵێ، چوومە قوتابخانەی شەو لەوێ فێری خوێندەواری بووم.

عەلی چوارتایی لە گەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ بووەتە پێشمەرگە، پێشمەرگە و فەرماندەی دەیان چالاکی و نەبەردی پێشمەرگانە بووە، لە هەرێمی ٣ فەرماندەی کەرت بووە، دواتریش کراوەتە فەرماندەی تیپی ٣٧ ی شارباژێر و دواجار لە تیپی ٣١ گیرسایەوە تا دواجار لە شەڕی پیری شەوکێڵدا شەهید بوو.

## دەفـــــتەرەکەی عەلی چـــــوارتایی

عەلی چوارتایی لە دەفتەرە بچکۆلەکەی بەر باخەڵیدا دەفتەری یادەوەری و تۆماری ڕۆژانە، کورتەیەک لە ژیاننامەی خۆی نووسیوەتەوە.

لە لاپەڕەی یەکەمی دەفتەرەکەدا بە خەتێکی وورد نووسیویەتی کوردستان یان نەمان، دواتر نووسیویەتی:

**یەکێتی نیشتمانی، ئاگرە بۆ دوژمنانی**

لە لاپەڕەی دووەمی تۆماری ڕۆژانەی دەفتەرە بچکۆلەکەیدا عەلی چوارتایی باس لە ژیان و ڕۆژانی سەختی خێزانەکەی دەکات، ژیانی پڕ لە زەحمەت و ڕەنج و تێکۆشان، بەم جۆرە دەست پێدەکات.

ئەم نووسراوە لە سەرەتای ژیانمەوە هەتا ئێستا کە لە شەوی ١٩٨٢/٨/١١/١٠ دا دەستم پێکرد، ژیاننامە، ژیانی تاڵی و ناڕەحەتی و چەوساندنەوە، ژیاننامەی عەلی چوارتایی.

عەلی چوارتایی نووسیویەتی لە ساڵانی (٥٣ یان ٥٤) لە گوندی سووتووی ناوچەی بانە لە دایک بووم، لە بەر ئەوەی کەسووکارم نەبوونی و هەژاری ڕووی

تێکردوون، لە چەند گوندێک لە ناوچەی دەشتە تاڵ لە بانە ژیانیان بردۆتە سەر، جا لە بەر ئـەوەی خۆم منداڵ بووم شارەزایی تـەواوم نیە لەو کاتەی لە ئێران بووین لە چەند گوند یان لە چەند جێگا بووین بەڵام باری ژیانمان زۆر کز بووە، باوکم زۆر پیرو دەردەدار بووە، تەندرووستی باش نەبووە، نەیتوانیوە چارەسەری تەندرووستی خۆی بکات، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٧ لە ناوچەی بانە کۆتایی بە ژیانی هات، ئێمەش کە سێ براو دوو خوشک بووین لە ساڵی ١٩٥٨ دا ئێرانمان بەجێهێشت هاتین بۆ عێراق بۆ گوندی مارە ڕەش سەر بە قەزای چوارتا، لە بەر ئەوەی ماڵی خاڵم لەوێ بوون ماوەی ساڵێک لەوێ بووین.

ساڵی (١٩٥٩ – ١٩٦٠) لەوێوە چووینە قەزای چوارتا، لە چوارتا ماینەوە، هەر چەند منداڵ بووین بەڵام باری هەژاری و نەبوونی وایکرد کاسپی بکەین، وردە وردە باری ژیانمان باش بوو.

عەلی چوارتایی نووسیویەتی زۆر زۆر حەزم لە قوتابخانە بوو کە بخوێنم بەڵام نەمتوانی، هەتا ساڵی ١٩٦٠ لە چوارتا بووین، لەو ساڵەدا شۆڕشی ئەیلول بەرپا بوو لە بەر شەڕو شۆڕو باری نالەباری وەزعەکە لەوێش ماڵەکەمان چۆڵکرد بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک چووینە گوندی خمانێ پاشان گەڕاینەوە، بەڵام نەمانتوانی لەوێ دانیشین دیسان ماڵمان بار کردەوە بەرەو گوندی هۆمەراخ ماوەیەکی کەم لەوێ ماینەوە، پاشان گەڕاینەوە چوارتا، بۆ ماوەیەک لە چوارتا ماینەوە ،دیسان لە بەر ئاڵۆزی وەزعەکە چوارتامان چۆڵکردەوەو بەرەو گوندی کەناروێ کەوتینە ڕێ.

لە کەنارو ماینەوە دیسان گەڕاینەوە بۆ چوارتا، تا ماوەیەک ماینەوە، جارێکی تر چووینەوە گوندی هۆمەراخ تا ماوەیەکی کەم لەوێ بووین، پاشان نالەباری ژیان وایکرد لەوێش بارمانکرد بۆ گوندی قەیوانی بچووک، منیش هەروا وردە کەسابەتم دەکرد، ژیانمان بردە سەر هەتا ساڵی ١٩٦٨، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ دا گەڕاینەوە بۆ چوارتا ، لە چوارتا دەستم کرد بە کاسبی ساڵی ١٩٦٩ جارێکیتر چوارتامان جێهێشت و چووینە گوندی پڵنگە، کە بەیانی ١١ی ئازار دەرچوو گەڕاینەوە چوارتا، دیسان دەستمکردەوە بە کارکردن و ژیانمان بەرەو باش دەچوو.

هەروەک ئەوەل جار نووسیومە زۆرم ئارەزو لە خوێندن بوو، نەمئەتوانی تازە لە ڕۆژ دەوام بکەم، چووم بۆ قوتابخانەی شەو، چەند مانگێک لە قوتابخانەی شەو بووم،

کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ چوومە ڕیزەکانی (ی ن ک) ەوە لە زۆر شەڕو نەبەردیدا بەشداریم کردووە، فەرماندەی کەرتی یەکی هەرێمی سێ بووم هەتا ساڵی ١٩٨٢ هەر لەو ساڵەدا کرام بە فەرماندەی تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ.

نەوشیروان مستەفا، لە کتێبی لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ لە لاپەڕە (٢١٩) سەبارەت بە عەلی چوارتایی نووسیویەتی:

پێشمەرگەیەکی لێوەشاوەو وریا بوو، شارەزایی زۆری لە هەڵگرتنەوەو دانانی (مین) دا هەبوو، کرایە فەرماندەی کەرت و دواتر فەرماندەی تیپ بە دڵسۆزی و ئازایەتی ئەرکی قورسی پێشمەرگایەتی بەجێهێنا تا شەهید بوو.

شێرکۆ بێکەس لە کەشکۆڵی پێشمەرگەدا بۆ عەلی چوارتایی دەڵێ:

هێشتا شیعرم بەهارانە گوڵبارانی باڵای شارباژێڕی دەکرد لە تەوقە سەری چوارتاوە دادەنەوی و کڕنوشی بۆ سۆرکێو دەبرد، بە کلوێسکی پەنجەی دابان وەکو هەللاج هێواش ورد ورد چاوی ئەستێرەی سیوەیل و گمۆی دەڕشت، هێندە نەبوو تازە پیری شەوکێڵ دەچوو، تاجی خوێنی عەلی و سالار بنێتە سەر سەری کەتوو.

## شـــەڕی کـــەتوو
## کــەرتی تــیپ

پێش شەڕی کەتوو دوژمن لە هەموو لایەکەوە هێرشی هێنایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە شاخی (کەتوو) (پیری شەوکێڵ) هێزەکانی دوژمن پەلاماری شاخی (سەیەر)[١] یاندا تا پشتی پاڕەزان و حاجی مامەند بگرن.

کەرتێکی تیپی (٣١)ی سلێمانی بە فەرماندەیی حەمە زیاد لە (سەیەر) بوون، هێزێکیش بە فەرماندەیی فەرماندەی تیپ و بەختیاری حاجی فارس لە کوڕەکاژاو بوون.

[١] سەیەر شاخێکی بەرزە دیوێکی بە سەر حاجی مامەندا دەڕوانێ دیوێکی دەچێتەوە باراو.

هێزەکانی دوژمـن بۆ مـاوەی سێ ڕۆژ هێرشیانکردە سـەر کـوڕەکـاژاو پێشمەرگەکانی تیپی ۳۱ ی سلێمانی بەرگرییەکی کەم وێنەیان کرد، دوای سێ ڕۆژ شەڕی بەردەوام شاخی (سەیەر) دەستی بە سەردا گیرا و هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیانکرد.

لە ماوەی سێ ڕۆژ شەڕوو بەرگری پێشمەرگەدا کۆپتەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕانەوەو بۆمبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکرد.

## شـــەڕی کەتووی گـــــەورە

سـەرەتـای سالّی ۱۹۸٦ حکومەتی عێراق بە پێی نەخشەو پـلان، بە نیازی داگیرکردنی ناوچەکە، لە چوارتا و قەڵاچوالانەوە هێزێکی زۆریان جووڵە پێکردوو لە ناو تاریکی و ڕەشایی شەودا پەڕینەوە بۆ بەری کەتوو پشتی شێراوێژە، هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگە لە کەتو پێشمەرگە بێ ئاگابوون لە هێرشەکە، هێزەکەی دوژمن لە ناکاو هێرشیکردە سەر هێزی پێشمەرگە، سالار قادر فەرماندەی کەرتی تیپی ۳۱ ی سلێمانی لەو هێرش و پەلامارەدا شەهید بوو.

ژمارەیەک پێشمەرگەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون چواردەوریان گیرابوو، تەنها دەروویەک مابوو، عێزەت شەمساوایی کە ئەو کات جێگری فەرماندەی تیپ بوو لە بارەگای مەڵبەند بەڕاسپاردە و لە سەر داواکاری کاک جەبار فەرمان بەرەو کەتووی گەورە بە ڕێکەوت تا پێشمەرگە دەورگیراوو تەوق دراوەکان ڕزگار بکەن، هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی داگیرکەر بە شێوەیەک نزیک و تێکەڵ بوون چاو لە چاوو شان لە شانی ئەدا، تەنها نێوانیان تاشە بەردو ڕکە و گردۆڵکەی بچووک و چەند میلێک بوو بە جۆرێک هەناسە لە هەناسەی ئەداو سەرو سیمای یەکتر جیانەدەکرانەوە، چەند جاشێکی ئاخوڕ لە مل، ملیان لە چەقۆ دەسوو، زۆر کاسە لێس و خۆفرۆش بوون، هەر بۆیە بە سزای شۆڕشگێڕانەی خۆیان گەیشتن و لە ئاخۆڕو ئالیک و ژێرخانی گەرم کەوتن.

لە ژێر بەرگری و پاڵپشتی و هێزەکەی کاک عیزەت، پێشمەرگە تەوق دراوەکان ڕزگاریان بوو هاتنە خوارێ و پاشەکشەیان کرد، مام هیوا لەو شەڕەدا بریندار بوو.

لێرەوە هێزەکانی سنووری شارباژێڕی تەخت بەرەو سنووری تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون پەڕینەوەو لەو ناوچەیە خۆیان ڕێکخستەوەو بارەگایان دانایەوە.

## تـــێکشاندنی تـــۆپێکی 175 ملم
## 1985/6/9

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٣٧) شارباژێڕ و (٣١) سلێمانی و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی یەک لە ئێوارەی ١٩٨٥/٦/٩ بەپێی نەخشەیەکی گونجاو خۆیان لەبۆسەنا بۆ تێکشاندنی ئەو تۆپە قورسەی ڕۆژانە دێهات و ناوچە ڕزگارکراوەکانی تۆپباراندەکرد هەندێک جاریش بۆردومانی هێزەکانی ئێرانی دەکرد، پێشمەرگەکان بەم جۆرە دامەزران

*دەستەیەک پێشمەرگە بۆ لێدانی ڕەبییەی کەنەکە ڕەشان لە پشتی شێراوێژە

*دەستەیەکیتر لە دەوەنەکانی بناری سەرسیر بەرەو ڕووی گۆڕەدێم

*دەستەیەک پێشمەرگە لەسەرجادەی چوارتا خمانە.

کاتژمێر ٤,٣٠ دەقیقەی ئێوارە ئیڤایەکی پڕ لە سەرباز کە پڕ بوو لەگوللە تۆپ تۆپەکەش بە پشتی ئیڤاکەوە بەستراوبوو، لەگەڵ ڕەسەد و عەدەدی تۆپەکە کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانەوە .

لەگەڵ یەکەم ناڵەی گوللەی ئار بی جی ئیڤاکە گڕیگرت و تەقییەوە و قاچی پەڕیوی سەرباز و پۆستاڵ گڕو کڵپە و خوێن و تەقینەوەی گوللە تۆپ تێکەڵ بەیەک بوون، سەرباز و چەکەکانیان سووتان، پێشمەرگەکان لە هەڵمەتێکی خێرادا دەستیانگرت بەسەر تۆپەکەدا بەڵام لەبەر قورسی تۆپەکەو نزیکی لە مۆڵگەکانی دوژمنەوە نەتواندرا بگوێزرێتەوە لەوجێیەدا تەقێندرایەوە .

دەستکەوت ڕەشاشێکی ئاربی کەیی و ( ٥ ) کلاشینکۆف بوو

دوای لێدان و تەقاندنەوەی تۆپەکە هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە دوو ئیڤای

پڕ لە سەرباز لە چوارتاوە بەڕێکەوتن بۆ یارمەتیدانی هێزە گیرخواردووەکەیان ئەوانیش کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکان و گوللە بارانکرن، ئەوانیش هەڵاتن.

زیانی دوژمن کوژرانی (١٥ ) سەرباز بوو.

لەسەربازگەی گۆڕەدێمیش هێزێکیتری دوژمن ویستیان بەهانای سەربازەکانیانەوە بێن، پێشمەرگەکان لێیاندان و بەزیانێکی زۆرەوە بەرەو مۆڵگەکەیان گەڕانەوە.

دوای ئەو گورزە کاریگەرەی لە دوژمـن درا ڕەبییەی سەر شاخی کەنەکە ڕەشان هەوڵیاندا ڕێگە لەکشانەوەی پێشمەرگە بگرن پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک لەوانیش هاتنە دەست و تاناو ڕەبییەکە ڕاویاننان.

دوای تێکشکاندنی دوژمن لە هەموو لایەکەوە کەوتنە تۆپبارانی ناوچەکە.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی (١٨) سەرباز، برینداربوونی (٢٠) سەرباز، تێکشکاندنی (٣) ئۆتۆمبێل و تۆپێک.

## دەستکەوت یەك ئاربی کەی، 5 کلاشنکۆف داســــتانی کـــەتوو

لە ڕۆژانــی( ١٣،١٥،١٦،١٧) مانگی ١٩٨٥/٦ هێزێکی زۆری سەرباز و جاش بەپاڵپشتی چەندین دەبابە و ناقیلە و تۆپی قورس و فڕۆکەی پیلاتۆس و کۆپتەر پەلاماری ناوچەکانی شارباژێڕ و چیای کەتویاندا بەڵام پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی یەک بەرەنگاریان بوونەوە.

*ڕۆژی١٩٨٥/٦/١٣هـێزێکـی گـەورەی دوژمـن کەپێکهاتبوو لە (١٥٠٠) جاش و سەرباز لە بەرزنجەوە بۆسەر حاجی مامەند و سەرشاخی سییەر پەلاماری ناوچەی مەڵبەندی یەکیاندا، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی مەڵبەندو مەفرەزەیەکی تیپی ٣١ سلێمانی بەرەنگاریانبوونەوە و گورزی کاریگەریان لێوەشاند لەئەنجامدا هێزە پەلامارده‌رەکەی دوژمن شکاو دەیان لاشەیان لەمەیدانی جەنگدا جێما، دوای تێکشکانی دوژمن بە تۆپی قورس و ڕاجیمە کەوتنە تۆپبارانی شاخی سییەر و

کۆرەکاژاو و کوڕە کەچەڵەو گەڵێ کە بووە هۆی شەهیدبوونی پێشمەرگەی قارەمان ( ڕەفیق محەمەد کەریم )

*کاتژمێر ٥,٣٠ دەقیقەی سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٦/١٢ هێزێکی گەورەی دوژمن لەجاش و سەرباز بە پاڵپشتی دەبابەو ناقیلە لە قەڵاچواللانەوە بە ڕێگای کانی وەیسەدا بەرەو پیری شەوکێڵ و شاخی کە تووهاتن پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٣١) سلێمانی و تیپی مەڵبەند و مەفرەزەیەکی ڕێکخراوی چوار و کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن و هێزێکی تیپی (٣٧) شارباژێڕ بۆیان دامەزران ئەو هێزە گەورەیە هێشتا کیلۆمەترێک لە مۆڵگەی سەربازەگەکانیان دوورنەکەوتبوونەوە کەوتنە بەرهەڵمەتی پێشمەرگە، هەموو دەبابە و ناقیلە و ئۆتۆمبێلەکانیان لە بەردەم گوللەی ئاربی جی پێشمەرگەدا بوونە قەرەبووت.

هێندەی نەبر دوای ئەوشکستەی دوژمن پەلاماری دووەمی دەستپێکرد بۆ کۆکردنەوەی لاشەی کوژاروو ڕاکێشانی دەبابە و ناقیلە سووتاوەکانیان لەو پەلامارەشدا دەبابەیەک و ناقیلەیەک پێکران و شکان.

پێشمەرگەکان کەوتنە دوای هێزە بەزیوو ڕاکردووەکەی دوژمن ، هاوکات لەهەموو سەربازگە و ڕەبییەکان دوژمن بە چەکی هەمە جۆرە ئاگربارانی پێشمەرگە و ناوچە ڕزگارکراوەکانی دەکرد.

بەوجۆرە ئاسمان و زەوی لە داگیر کەر بووە یەک پارچە دۆزەخ ، پێشمەرگە هەڵۆ ئاسا بەنارنجۆک هەلێدەکوتایە سەر دەبابە و ناقیلە و تێکیدەشکاند و دەیسوتاند هەروەکو چۆن

جەمال مەولود پێشمەرگەی قارەمان و جوامێر کوڕی کوێستانەکانی شارباژێڕ و هەڵۆی سەرسیرو پیرە محەمەد بەنارنجۆک هێرشی بردە سەر دەبابە و لەسەر دەبابەکە شەهید بوو.

**جەمال مەولود کوڕی چەلەنگ و چنگ بەگڕ، هەڵۆی بەرزەفڕی گمۆ لە**
**دامێنی پیر محەمەد بەئاوی سازگاری ئەوێ پەروەردەبوو**
**زنجیری دەبابەی دوژمن بەنارنجۆکی ئەو شکاو بووە مێژوو**

**جەمال جوامێرێکی سرکی کەناروێ بوو**
**لەپیری شەوکێڵدا پێکرا**
**ئەو میدالی سەرفرازی هەر چوار پارچەی کوردستانی لە مل کرا**

**لەئامەد بووە گوڵی سوور**
**لەقامیشلوو بە بەرخودان**
**لەسلێمانی هەڵمەت و لەمهاباد بوو بە چرا**

******

زیانی دوژمن لەوشەڕەدا کوژران و برینداریوونی زیاد لە (١٥٠) کەس
لاشەی نەقیبێک، ملازمێکو نائیب زابتێک دەبیندران
بەهۆی سەختی شەڕەکەوە و نزیک لە مۆڵگە و سەربازگەکانی دوژمن نەتواندرا هەموو دەستکەوتەکان کۆبکرێنەوە

**دەستکەوت**

١ ڕەشاشی ئاربی کەی
١ کلاشنکۆف و دەمانچەیەک

*لەکاتژمێر ١,٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٥/٦/١٧ جارێکیتر هێزێکی گەورەی دوژمن لە شێراوێژەو تەنکە بوار بەدیوی دۆڵە تودا ولای هەرمنەوە پەلاماریان دەستپێکرد، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگرون و تیپی (٣١) سلێمانی هەڵمەتێکی شێرانە یانکردە سەر هێزە پەلامار دەرەکەی دوژمن شەڕ تا کاتژمێر (٧)ی ئێوارەی خایەند، پێشمەرگە هەورە برووسکەی هەڵمەت بوو بۆ سەر دوژمن

زیانی دوژمن
کوژرانی دەیان کەس لاشەکانیان لەوقەدپاڵانە کەوتبوون
قوربانی پێشمەرگە سێ شەهید بوو بەمناوانە
١- شەهید سالار قادر فەرماندەی کەرتی (٢) تیپی ٣١ سلێمانی
٢- شەهید وەستا لەتیف محممەد ئەمین نادر پێشمەرگەی کەرتی (١) تیپی ٤٧ پیرەمەگرون
٣- شەهید کامەران هەمزە پێشمەرگەی کەرتی (١) تیپی ٤٧ پیرەمەگرون
سەرجەم زیانەکانی دوژمن
*شەرگەی هەولۆ – هەرمێلە زیاتر لە (١٠٠) کوژراو
*شەرگەی پشتی دۆڵە تۆ – سییەر زیاتر لە (٤٠) کوژراو
*شەرگەی کانی وەیسە – پیری شەوکێڵ زیاتر لە (١٧٠) کوژراو
*شەرگەی کەتوو زیاتر لە (٥٠) کوژراو
سەرجەم (٣٦٠) کوژراو

## شـــەهید بوونی جەزای کـــــەوێ و هاوڕێکانی
## 1985/9/4

کۆمەڵە جاشێکی خۆفرۆش شەوانە دەهاتنە کلکەی خەراجیان خەڵکیان ڕووت دەکردەوە، بەیانیان لە سەر ڕێگەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەهاتنە شارباژێڕ (خاڵی پشکنین)یان دادەنا ئازاری خەڵکی ناوچەکەیان دەدا، ئەوانەشی لە شارباژێڕەوە دەگەڕانەوە بە هەمان شێوە ئازاریان دەدان، خەڵکی ناوچەکەیان هەراسان کردبوو سەرانەیان دەسەند، بیانوویان بە خەڵک دەگرت.

هەواڵی بێ مۆڕاڵی و ڕاوو ڕووت و سەرانە سەندنی جاشەکان گەیشتە تیپی (٣١)ی سلەیمانی ، بڕیاریاندا بچن لە جاشەکان بدەن.

هێزێک بە فەرماندەیی جەزای کەوێ جێگری فەرماندەی تیپی (٣١)ی سلێمانی چوونە کلکەی خەراجیان ، کە پێشمەرگەکان گەیشتن کەمینی جاشەکان هەر لە

کلکەی خەراجیان بوو، لەوێ خەریکی ڕاوو ڕووت بوون، پێشتر کەمینیان دانابوو، هێزەکەی تیپی ٣١ بە ئۆتۆمبێلێک لەسیتەکەوە هاتن، لە ڕێگا ئۆتۆمبێلەکە شکا کە پێدەچوو هەر شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە خۆی لە کاری خستبێت، بۆیە ناچار بە لاندکرۆزەرە (٧٩)ەکەی جەزای کەوێ هاتن تا گەیشتنە کلکەی خەراجیان.

لە گەڵ ڕۆژهەڵاتندا شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو جاشەکانی کلکەی خەراجیاندا درووست بوو پێشمەرگە هەڵمەتیان بردە سەر جاشەکان، کەمینی یەکەمی جاشەکان شکا، لە ئەنجامی شەڕوو پێکادانی نێوان هێزی پێشمەرگەو جاشەکانی کلکەی خەراجیاندا، جەزای کەوێ جێگری فەرماندەی تیپ و بەختیاری حاجی فارس فەرماندەی کەرت و عەلی شینە فەرماندەی مەفرەزە و سەرداری عەلی ماتۆڕ ڕێبەری سیاسی کەرت شەهید بوون.

تەرمی پیرۆزی جەزای کەوێ و بەختیاری حاجی فارس کەوتە دەست دووژمن، تەرمی عەلی شینە و سەرداری عەلی ماتۆڕیش لەوەڵانە بە خاک سپێردران.

## چـــالاکی – ناوشـــار

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٣١) سلێمانی لەشەوی ٢٢-١٩٨٥/١٢/٢٣ چوونە ناو شارو سێ خۆفرۆشیان دەستگیر کرد. سەرکەوتوانەو و بێزییان گەڕانەوە.

## چـــالاکی چـــوارتا

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی لە شەوی ١٩٨٦/١/٢/١ چوونە ناو شارۆچکەی چوارتا دوو تاوانباریان بە سزا گەیاند هەمان شەو داگەڕانە قەڵاچوالان و جاشێکیان دەستگیرکرد.

## ســـەر جــادەی
## بـــەرزنجە- عـــەربەت

هێزێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/١/٤ دا بۆسەیەکیان لە سەر جادەی عەربەت- بەرزنجە دانا.

ماوەی (٨) مانگ بوو کۆمەڵێک دزو جەردە ژیانیان لە خەڵکی ناوچەکە تاڵکردبوو،

پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ خۆیان لە بۆسەنا، هێندەی نەبرد جاشە تاڵانچیەکان گەیشتنە جێ و کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی سلێمانییەوە، قارەمانەکانی سلێمانی لێیاندان، جاشێک کوژراو شەش جاشیش بە دیل گیران.

## گـــرتنی 4 جـــاش

هێزێک لە پێشمەرگەکانی تیپی (٣١) سلێمانی لەشەوی ٧-١٩٨٦/١/٨ چوونە ناو شاری سلێمانی و گەڕان بەدوای خۆفرۆشاندا، لەهەردوو گەڕەکی ئازادی و هەوارە بەرزە چوار جاشیان دەستگیرکرد دوو ماڵە جاشیان سوتاند.

هەمان شەو لە گەڕەکی هەوارەبەرزە هێرشیانکردە سەر بارەگای جاش و دۆشکەی سەر بارەگاکەیان تێکشکاند.

## گـــرتنی ڕەبییەی ئیـــسکان

مەفرەزەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی (٣١) سالێمانی لە شەوی ١٤-١٩٨٦/١/١٥ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی حیمایەی ماڵە ئەفسەرەکانی گەڕەکی ئیسکانی تازە لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا دەستیان بەسەرداگرت، لەئەنجامدا پۆلیسێک کوژراو سیانیتریش بەدیلگیران.

دەسکەوت (٧) کلاشنکۆف و (١١) مەخزەن

## گـــرتنی ڕەبـــییە 1986

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی (٣١) سلێمانی لەکۆتایی مانگی ١٩٨٦/١ هاتنە ناو شاری سلێمانی و لەگەڕەکی هەوارە بەرزە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن، لەگەڵ یەکەم هەڵمەتدا دەستیانگرت بەسەر ڕەبییەکەدا و (٨) کەسیان دەستگیرکرد

دەستکەوت (٩) کلاشنکۆف (٢) سندوق فیشەکی ڕوسی.

لەهەمانکاتدا مەفرەزەیەکیتر ڕەبییەی شەست مەترییان گوللە بارانکرد.

## سـلێمانی- چـوارتا

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٣١)ی سلێمانی لەشەوی ٢٥-١٩٨٦/٢/٢٦ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی سلێمانی چوارتا دانا، کاروانێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوەو گوللە بارانیانکردن.

زیانی دوژمن کوژرانی (٣٠) سەرباز و سووتاندنی (٣) زیل

## گــرتنی ڕەبیەیەك – سـلێمانی

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٣١)ی سلێمانی لە شەوی ٢٧-١٩٨٦/٢/٢٨ هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەیەکی دوژمن لەسەر جادەی (٣٠) مەتری سلێمانی و دەستیان بەسەرداگرت

زیانی دوژمن کوژرانی پۆلیسێک

سووتاندنی جێهازێکی پی ئارسی

بەدیلگرتنی (٣) پۆلیس

دەستکەوت (٥) کلاشینکۆف و (١٥) مەخزەن

## ڕەبـیەی تووی مـەلیك

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٣١) سلێمانی لەشەوی ١٩٨٦/٢/٢٨ چوونە ناو شاری سلێمانی و دەستیانگرت بەسەر ڕەبیەیەکدا لەگەڕەکی تووی مەلیک، لەئەنجامدا (٨) پۆلیسیان دەستگیرکرد.

دەستکەوت (٩) کلاشنکۆف و (٣٠٠٠) فیشەکی کلاشنکۆف

## ڕێـکخستنەوەی تیپی 31ی سـلێمانی

دوای شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت و ڕۆڵی قارەمانانەی تیپی ٣١ ی سلێمانی لە کەڵکی قەیوان و بەرگرییەکی کەم وێنە لەو زنجیرە شاخە سەختە ڕەقەن و ڕووتەنە تیپی ٣١ هەندێک گۆڕانکاری بەخۆە بینی بە مەبەستی خۆڕێکخستنەوەو

خۆسازدانەوەی تیپەکە، حەمە عەلی بەرزنجی کە جێگری فەرماندەی تیپ بوو بۆ ماوەیەک کرایە سەرپەرشتیاری تیپ، جەمال چاوشین وەندەرێنەیی کرایە جێگری فەرماندەی کەرت لە کەرتەکەی جەمالی حەمەکەریم، کەمالی مالیە کرایە جێگری کەرتی ٣، تیپی ٣١ی سلێمانی لە دوای شەڕی قەیوان بارەگاکەی چووە پیرکەو شاخی پشتی پیرکەش بووە جێگە سەنگەرەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی و بەو شاخەوە گیرسانەوەو لەوێ ئیشکگری نیشتمان بوون.

## لە مـــــالومەوە بۆ چیـــای لۆتکە

بارەگاکانی تیپی ٣١ی سلێمانی و ٣٧ی شارباژێڕ لە گوندی مالومە بوون، چوونکە پەیوەندیەکی دێرین لە نێوان هەر دوو تیپی ٣١ و ٣٧ دا هەبوو لە ڕووی جوگرافییەوە هاوسنوور و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەشی زۆریـان خەڵکی ناوچەکانی پێنجوێن و بەرزنجە و شارباژێڕ بوون و دۆست و ناسیاوی پێشتریان هەبوو، لە ڕووی فکری و گیانی نیشتمان پەروەریش یەک فکرو یەک ئامانج بوون، کەرتەکانی هەر دوو تیپ هاوبەش و تێکەڵاو ببوون بە جۆرێک هەر دوو کەرتی یەک و هەر دوو کەرتی دوو هەتا کەرتەکانی تر بەو شێوەیە تێکەڵاوو ئاوێتە ببوون لە ناو یەکدا.

مانگی ٧یساڵی ١٩٨٧ بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی قەڵای سوسێ و سەربازگەیەکی دەورووبەری هەر دوو تیپ بەرەو سنووری تیپی ٢٣ بەڕێکەوتن، دوای هەڵسەنگاندن و شەن و کەوکردنی دۆخی ناوچەکەو خوێندنەوەیەکی ووردی سەربازیانە، لە بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی قەڵای سوسێ پەشیمان بوونەوەو ئامانجەکە گۆڕدرا بۆ دەست بە سەراگرتنی سەربازگەیەک، قەڵای سوسێ قەڵایەکی قایم بوو گرتنی ئاسان نەبوو، زیان و قوربانی زۆری دەویست، هەڵکەوتەی جوگرافی قەڵای سوسێ بە جۆرێک بوو کە دەست بەسەراگرتنی کاتێکی زۆرترو قوربانییەکی بێشوماری دەویست، بۆیە بڕیاری دەست بەسەراگرتنی سەربازگەکە دراو گرتنی قەڵای سوسێ جێبەجێنەکرا، تیپی ٣٧ی شارباژێر کە لە گەڵ تیپی ٣١دا لە جەولەدا

بوون، ئەرکی دەست بەسەراگرتنی سەربازگەکەیان پێسپێردراو تیایدا سەرکەوتوو بوون، ئەو سەرکەوتنەش بە خوێنی گەشی شەماڵ وەڕازی کادێری پێشکەوتوی کۆمەڵە تۆمارکرا.

ئەو دەمە مامۆستا جەمال فەرماندەی تیپی ٣١ی سلێمانی بوو ئازاد دەرەمیانەیی جێگری بوو تیپی ٣١ لە تیپی ٣٧ جیابوونەوەو لە گەڵ تیپی ٢٥ی خاڵخاڵاندا بەرەو سنووری ئاغجەلەر بەڕێکەوتن، بە گوندەکانی گەورەدێ و کەڵەشێرەی مام نەریمان بۆ زنجیرە شاخی چیای «لۆتکە» لە پشتی ئاغجەلەر، تیپی ٣١ی سلێمانی چەند ڕەبییەکی بۆ دانرا تا بیگرن فەرماندەکانی ئەو کاتی تیپی ٣١، مەلا عەتاری کەنارو عەزیز قزڵجەیی فەرماندەی کەرت بوو لە گەڵ کەمالی مالیە، لەو شەڕەدا شەهید بوون، مامە سەعە کە تازە کرابووە فەرماندەی کەرت.

ڕێبەرە سیاسییەکانیش پێکهاتبوون لە مامۆستا بەکر ڕێبەری سیاسی کەرتی یەک، شێخ کامیل ڕێبەری سیاسی کەرتی دوو، هاوڕێ عەزیز ڕێبەری سیاسی کەرتی ٣، هەڵۆ پێنجوێنی ڕێبەری سیاسی کەرتی ٤، شێخ ستاری شێخ عارفی باساک ڕێبەری سیاسی کەرتی ٥ بوو.

هێزەکەی تیپی ٣١ ئەو شەوە چوونە گوندی ئازادی و لە دوورەوە ڕەبیەکانی چیای لۆتکیان نیشاندان و وتیان ئەوە ئەو ڕەبییانەن کە ئەمشەو ئەچن ئەیانگرن، پێشمەرگە لە هەڵمەتێکی خێرادا هەروەکو ئەو ڕەبیانە برووسکە لێیدابن لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا، ڕەبیەی یەکەم و دووەم تەسلیم بوون و دەستیان بەسەردا گیراو چوار جاش دیلکران، ڕەبیەی ئەو سەر کەرتی سێ هێرشیانکردە سەر بەرگریان کردو نەگیرا، لەو شەوە هێرشەدا مەلا عەتار پارچەی ڕومانە لە چاویدا و بە سەختی بریندار بوو، کەمالی مالیە لە سەر تەلی ڕەبیەکە شەهید بوو ویستبووی تەلەکە داگرێت و بچێتە ناو ڕەبیەکە هەر لە جێدا گیانی سپارد، وەستا عەزیز قزڵجەیی فەرماندەیەکی قارەمان بوو، ئەویش بە سەختی بریندار بوو دواتر لە نەخۆشخانە گیانی سپارد، هەر ئەو شەوە  تایەریش شەهید بوو.

هێزەکەی تیپی ٣١ جارێکیتر گەڕانەوە بۆ گوندی مالومە چونکە بارەگای

سەرەکیان لەوێ بوو، بە زنجیرە چیاکانی ئەو پەڕی مالومەوە بوونە دوو بەش بەشێکیان لە سەر شاخی گۆجاڕ بوون بەرانبەر گەورەدێ، کە گۆجارە بچکۆلەیان پێدەوت هێزێکی تریشیان لە کۆتایی شاخی ژیلوان بوون کە پێیان دەووت شاخی کلکە ڕێوی.

تەرمی شەهید وەستا عەزیز هێنرایەوە لە تەنیشت شەهید عوسمانی سەعە پیرەژن لە مالومە بە خاک سپێردرا، گڵکۆی شەهید عوسمانی سەعە پیرەژن، شەهید وەستا عەزیز بۆی هەڵبەستبوو لە تەنیشت گۆڕی شەهید عوسمانەوە گۆڕێکی بە تاڵ هەبوو کە پێشتر شەهیدێکی گەرمیانیان تیادا سپاردەی خاک کردبوو دواتر تەرمی شەهیدەکەیان دەرهێنابوەوەو بردبوویانەوە زێدی خۆی، لەو گۆڕەدا شەهید عەزیز بە خاک سپێردرا، چەند ڕۆژێک لەوەوبەر شەهید عەزیز وتبووی تۆ بڵێی ئەم گۆڕە بەتاڵە بە نسیبی کێمان بێت، دواجار بە نسیبی خۆی بوو.

دایکی شەهید عەزیز هاتبوو بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵو نەیزانیبوو کوڕەکەی شەهید بووە، لەوێ پێیان نەوتبوو کوڕەکەت شەهید بووە، وتبوویان بڕۆرەوە بۆ سنووری تیپی ٣١ لەوێ هەواڵت ئەدەنێ، تەرمی شەهید عەزیز لە ژێر کەپرەکەی بارەگای کەرتی یەک دانرابوو، دایکی شەهید عەزیزیش هاتبووە مالومە بۆ سۆراغی کوڕەکەی.

تەرمی شەهید عەزیز بە بەرچاویدا تێپەڕی دایکی نەیزانی ئەوە تەرمی کوڕەکەیەتی، تەرمی شەهید عەزیز بەرەو گۆڕستانی مالومە بەڕێکرا تا بە خاکی بسپێرن، پێش ئەوەی بە خاکی بسپێرن بانگی دایکی شەهید عەزیزیان کرد، دایکی شەهید عەزیز کوڕێکی بچکۆلەی لە گەڵ بوو کە برای شەهید عەزیز بوو زۆر خەمی ئەوەیان بوو بە بینینی تەرمی شەهید عەزیز تووشی حاڵەتی نەخوازراو بێت و کۆنترۆڵی خۆی پێنەکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە زۆر ئازایانە و شێرانە سەری شەهید عەزیزی لاداو دواماچ و دوامالاوایی لێکردو ڕوویکردە پێشمەرگەکان و ووتی، هەر یەکێک لە ئێوە عەزیزە بۆ من، هیوادارم ئێوە تەمەنتان درێژ بێت، تەمەنی عەزیز بۆ ئێوە بە جێمابێت، وتەی ئەو دایکە وورەیەکی بەرزی دایە پێشمەرگە،

هاوڕێیانی شەهید عەزیز چاو بە فرمێسک لە حزوری تەرمی شەهید عەزیز و بالای ورەی کەڵەگەتی دایکی وەستا بوون، تەرمی شەهید عوسمانیش لە تەنیشتی شەهید عەزیزەوە هێندەی تر زامەکەی بە سوێ و بە ئازارتر کردبوو، دواجار شەهید عەزیزو شەهید عوسمان لە گۆڕدا بوونەوە هاوسێ و هاوڕێکەی جاران.

شەهید عوسمان خاوەن دنیایەکی تایبەت و چیرۆکی حەزین و سەرنج ڕاکێش بوو، لە ئازایەتیدا پیاوێکی کەم وێنەو بێ ڕکابەر بوو، کام کەسە لە وێنەی مامە ڕیشەو گیڤارا بوو، شەهید عوسمان هاوشانی ئەو بوو لە قارەمانێتیدا ، بە جۆرێک هیچ حسابی بۆ دوژمن نەدەکرد، کاتێک تەقەی لێدەکرا بە پێوە دەوەستا دەیووت عەیبەیە من دانیشم بەرانبەر دوژمن هەر بە پێوەش شەهید کرا.

تیپی ٣١ی سلێمانی لە نێوان باڵخ و کارێزە کەمینێکی هەبوو شەوانە ئەچوونە پێشەوە، شوێنی کەمینەکە سەخت بوو ئەگەر بهاتباو هێرش بکرایەو شوێنی پێشمەرگە بگیرایە ئەوا ئەو کەمینە تیا ئەچوو چوونکە دەرفەتی هاتنە دوای نەبوو لە گردۆڵکەیەکی نزمدابوو، هەر شەوەی چوار پێشمەرگە دەچوون، کرا بووە سەرە، شەوێک لە شەوانی ئەو کەمینە مەحموود بناوە سوتەیی و هەڵۆ پێنجوێنی وملا عەلی و عوسمان بوون، دنیا بەرەو ڕوونبونەوە دەچوو ئاگرێکیان کردەوەو چایەکیان دەم کرد و دەستیان کرد بە چا خواردنەوە، عوسمان بەرەو شوێن حەرەسەکە ڕۆیشت هەر چەند ئەو شەوە سەرەی ئەو نەبوو بچێتە شوێن کەمینەکە بەڵام بەڕێکەوت، هەڵۆ پێنجوێنی لە بەردەم ڕووناکی بەرەبەیاندا کە تاریکی بارگەو بنەی پێچایەوەو چووە کێوان و هەڵکشا، ڕۆمانی ژانی گەلی دەخوێندەوە، عوسمان بەرەو بەرزاییەکە بەڕێکەوت، دوژمن تەقەی دەکرد بەڵام گردارەکان نەدەبینران چوونکە دنیا ڕوون ببووەوە وەکو دەڵێن شەبەقی دابوو، عوسمان بە پێوە وەستابوو چەند جارێک هاوڕێکانی بانگیان لێکرد تا دانیشێت دانەنیشت، فیشەکێک دای لە زەوی و بەرز بووەوەو دایی لە سکی، هێنایانە خوارەوە، لەو کاتەشدا بە وورەیەکی بەرزەوە بە هاوڕێکانی دەووت کوڕینە هیچ نییە فیشەکی دوژمن من نابڕێت، بەڵام بەداخەوە تووشی نەزیفی داخلی بوو بردیانە مزگەوتەکەی باڵخ، دواتر شەهید بوو.

## چـــــیرۆکێکی حــەزین

عوسمان ئاواتی بوو پێش ئەوەی شەهید بێت هاوسەرگیری بکات، چەند جارێک ئەوەی بە براکانی وتبوو هەندێک جار بۆ خۆشی ئەیووت هەر هاوسەرگیری بکەم ئیتر دوای ئەوە شەهیدیش بم ئاساییە، براکانی هەوڵی ژن هێنانیان بۆ دابوو هەر لە سەر ئەوە مابوو عوسمان لە گەڵ ئەو کچەی دەیخوازێت و خوازبێنیان بۆ کردوە یەکتری ببینن، کاتێک عوسمان بریندار بوو بەرەو کۆتایی و گیان سپاردن ئەڕۆیشت براکانی نامەیەکیان بۆ ناردبوو تیایدا مژدەی ئەوەیان دابوو بە عوسمان کە ژنیان بۆ دۆزیوەتەوەو تەنها لە سەر ئەوە ماوە یەکتری ببینن و بیگوازێتەوە، کاتێک نامەکە گەیشت عوسمان لە دواساتەکانی ژیانیدا بوو، خەریک بوو هەناسەی دەسپارد، عوسمان نەیتوانی نامەکە ببینێ و تەندروستی عوسمانیش ڕێگەی ئەوەی نەدەدا نامەکەی بۆ بخوێننەوە، کەمتر لە کاتژمێرێک دوای گەیشتنی نامەکە عوسمان گیانی سپاردوو شەهید بوو، لە جیاتی زاوایەتی و زەماوەندو بەرگی زەردوو سورو والا، کفنی سپی شەهادەتی لە بەرکردوو خۆیی و خەون و خولیای ژنهێنانی لە گەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵ.

## بـــۆسەی -گـــــۆجاڕ

هێزێکی هاوبەشی تیپی (٣١) سلێمانی لە ڕۆژی ١٩٨٨/١/١٩ بۆسەیەکیان لە بناری شاخی گۆجاڕ و دۆڵی گەورەدێ دانا ژمارەیەکی زۆری سەرباز کەوتنە بۆسەکەوە دوای شەڕێکی قارەمانانە (٢٤) سەرباز و ئەفسەر کوژران

١- نەقیب حەسەن عەباس حەسەن ئامر فەوج لیوای ٨٣

٢- نەقیب عەلاء ضابط رصد کەتیبەی مەدفەعی ٦٦٩

٣- ملازم ئەوەل عەباس حەسەن فظه امر سریه ٣

٤- ملازم غانم یاسین ڕەشید ئامر فصیل سریه ٣ فەوجی (١) لیوای ٨٣

بەدیلگرتنی (١٠٨) کەس

**دەستکەوت**

(٣) هاوەن٦٠ملیم
٣ بی کەی سی
١٥ ئاربی جی
٣ قەناس
٣ دکتاریۆف
٢ ئاربی کەی
٥٥ کلاشنکۆف
١ بیتەلی ١٠٥ ژمارەیەک بیتەلیتر

## بــــەرەو ڕاپــــەڕین

هێزەکانی یەکێتی بە مەبەستی دەستپێکردنی ڕاپەڕین و ڕامالینی هێزەکانی داگیرکەر، لە سووریێنەوە دابەزین بۆ شانەدەری و سەربازگەی گامێش تەپەو لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ دا تێکڕای ڕەبیەو مۆلگە و سەربازگەکانیان کۆنترۆلکردو لە شەڕێکی کورت و کەل ئاسادا تەپلی سەرکەوتنیان لیدا، جەماوەری ڕاپەڕیوی شاری سلێمانی بەرەو شارەزور بەڕێکەوتبوون، لە ڕۆژی ٨ی مانگ لە گەل پێشمەرگەدا تێکەل بوون و شادبوونەوەو بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتن.

مەفرەزە پارتیزانەکانی شارباژێڕی تەخت و بەتالیۆنی (٧) بەرە بەیانی ١٩٩١/٣/٨ لە گۆیژەوە دابەزینە ناو شاری سلێمانی و بەشداریان لە گرتن و پاککردنەوەی ئەمنە سوورەکەدا کرد، خەلکی سلێمانی و گۆیژە و هەوارە بەرزە لە کاتی دابەزیندا پێشوازی گەرمیان لێکردن.

# تیپی ( 37 ) ی شارباژێڕ
# حـــەوت

## تــــیپی 37ی شـــــارباژێڕ
## 1990-1982
## درووســــتبوونی مـــــەڵبەندەکان

(ی ن ک) پێکهاتەی هەرێمەکانی گۆڕی بە مەڵبەند و هەر مەڵبەندەی لە چەند تیپێک پێکهاتبوو تێکڕای مەڵبەندەکانیش چوار مەڵبەند بوون.

مەڵبەندی یەک:

مەڵبەندی یەک لەم تیپانە پێکهاتبوو:

(١١ی هەورامان، ١٥ی شارەزور، ٣١ی پێنجوێن، ٣٣ی سلێمانی، ٣٧ی شارباژێڕ).

**مەڵبەندی دوو:**

(٢١ی کەرکوک، ٢٣ی سـورداش، ٤٧ی پیرەمەگرون، ٥٧ی سەگرمە، ٥١ی گەرمیان،٤٣ی ئاسۆس، ٦٨ی مامەندە، ٤٤ی چەکوچ، ٦٣ی جوتیاران).

**مەڵبەندی سێ:**

( ١٢ی سۆران، ١٤ی ئاکۆ، ٧٤ی باڵەک، ٧٥ی کودۆ، ٧٨ی کارۆخ، تیپی کوڕەش.

مەڵبەندی چوار:

(٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٣ی هەورێ، ٩١ی سەفین، ٩٣ی کۆیە، ٩٩ی بیتوێن).

## تــــیپی 37 شـــــارباژێڕ

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان تیپەکان پێکهاتن، لە سنووری هەرێمی ( ٣ ) ژمارەیەک تیپ درووستکران، تیپی ٣٧ شارباژێڕ یەکێک لەو تیپانە بوو.

تیپی ٣٧ شارباژێڕ لە کەرتی یەکی هەرێمی (٣) پێکهات، کەرتی یەک ( ٤٠ بۆ ٤٦) پێشمەرگە بوو ، عەلی چوارتایی کرایە فەرماندەی تیپی ٣٧.

سەرەتا تیپی ٣٧ لە دوو کەرت پێکهات

- کەرتی یەک غەریب کونجرینی فەرماندەی بوو فەرەیدون کونجرینی کادری کۆمەڵە بوو لە کەرتەکەدا

- کەرتی دوو عەلی حاجی سەعید فەرماندەی بوو نوری سمێڵ جێگر بوو عوسمان کیسەڵاوایی فەرماندەی مەفرەزە بوو

دوای چەند مانگێک هێمن سەراوی کرایە فەرماندەی کەرتی دوو علی حاجی سەعید کرایە لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی تیپی (٣٧) شارباژێڕ.
مانگی (٩)ی ساڵی ١٩٨٢ هەمزەی حاجی کەریم کرایە فەرماندەی کەرتی (٣) عەزیزی برای جێگری بوو، لە ساڵی ١٩٨٤ وەستا کەمال کرایە فەرماندەی کەرتەکە.
کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ کەرتی چوار درووستکرا مەجیدی حاجی عەلی کرایە فەرماندەی کەرتەکە، غەریب گەنکەیی جێگیر بوو، خدر شانەخسێیی فەرماندەی مەفرەزە بوو.
دواتر هەریەک لە ئاسۆی شێخ عارف، حەمە هەژار، تایەری حەمەی سەید علی، سەلاحی حەمەی خەجێ، وەستا فاروق فەرماندەی کەرت بوون .
لەسەرەتای درووستبوونی تیپی ٣٧شارباژێڕ تا ڕاپەڕین ژمارەیەک فەرماندەی تیپی بەخۆیەوە بینی
*عەلی چوارتایی، جوامێر چوار تاقی، جەمالی حەمەی خواکەرەم، مامۆستا جەمال، هەڵۆ ئەحمەد کوردە، سەلیم ئاغا، حەمە هەژار.

**ڕێبەری سیاسی**

شەماڵ

بەکر فەتاح

ئەحمەد عەبدولکەریم

سەید ئەحمەد

**دکتۆری تیپ**

- دکتۆر ئیبراهیم ماوەتی
- دکتۆر عوسمان
- دکتۆر کاوە گوڵەیی
- دکتۆر ڕابەر

**بێتەلەوان**

- شێخ جەمال
- باسط حەمە غەریب
- بورهان
- ڕێباز بابان

## کـــۆنفرانسی ناوچەیی کـــۆمەڵە

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شارباژێڕ لە ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی موبڕە کۆنفرانسی ناوچەیی خۆیان گرێدا، بارودۆخی ڕێکخستنەکانیان لە ناو شارو شارۆچکەکان و سنوری شارباژێڕ بە تایبەت و ئۆردوگا زۆرە ملێکان هەڵسەنگاند بەرنامەو پلانی پێویستیان دارشت بۆ زیاتر چونە ناو جەماوەرو ڕێکخستنی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە و گۆشکردنیان بەڕێبازی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە و یەکێتی و چۆنیەتی و شێوازی کارکردن لە ناوهێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، یەکێکیتر لە تەوەری کۆنفرانسی ناوچەیی کۆمەڵە بوو، دوای تەواو بوونی گفتوگۆکانی کۆنفرانس و دەرکردنی ڕاسپاردەی پێویست بۆ کاری ئاینده، هەڵبژاردن بۆ دەستەی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە، کەرتی ڕێکخستنی چوارتا ئەنجامدراو ئەم هەڤالانە بونە لێپرسراوو ستافی کەرتی ڕێکخستنی چوارتای کۆمەڵە.

مامۆستا کاکەڕەش، لێپرسراوی کەرت سەید ئەحمەد ئەندام کەرت، بکر فتاح ئەندام کەرت، مام سۆران+ سەید تایەر ئەندام کەرت، مام سۆران ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی پێسپێردرا، دواتر بکر فتاح چووە جێگەیی و لێپرسراوی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی وەرگرت، سەید ئەحمەد ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی لە سنوری ماوەت و دەوروبەری پێسپێردرا، بەم شێوەیە کەرتی ڕێکخستنی چوارتای کۆمەڵە بە دەستەیەکی پێشکەوتوو بەئەزمونەوە ڕۆڵی گرنگی بینی لە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جەماوەری ناوچەی شارباژێڕ.

## بـــزووتنەوەی سۆسیالیستی کـــوردستان

عەلی عەسکەری ئەندامی م س (ی ن ک) و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو لە هەمان کات سەرکردەیەکی دیاری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوو لە ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٧ هاتە ناوچەی شارباژێڕ بە مەبەستی پەرەپێدانی هێزی پێشمەرگەو لە لایەکی دیکەشەوە پەرەپێدانی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە شارباژێڕ.

عەلی عەسکەری لە سنوری شارباژێڕ پەیوەندی کرد بە مامۆستا غەفور ژاژڵەیی و فاتیح شوانی و مامۆستا ئەحمەد هەمزە و ڕێکخراوی بزووتنەوەی سۆسیالیستیان لە شارباژێڕ درووستکردو گەشە پێدا، مامۆستا غەفور و هاوڕێکانی ڕایەڵەی پەیوەندیەکانیان گەیاندە مامۆستا صاڵح ژاژڵەیی و مامۆستا عەبدوڵڵا عومەر ئاوەکورتەیی و مامۆستا قادری حاجی کاکەمین، بەمشێوەیە هێڵی پەیوەندیەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان پانترو فراوانتر بوو ساڵی ١٩٧٩ مامۆستا قادر و ژمارەیەکی دیکە لە ڕێکخستنەکانی شارباژێڕ دەستگیرکران، هەمان ساڵ بە لیبووردنی گشتی ئازاد کران.

پێشتریش لە ساڵی ١٩٧٧ حەمە صاڵح فەقێ محەمەد قادر کوڕی هیجرانی شاعیر کە نازناوی بێنەوا بوو لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەی دوژمندا شەهید کرا، حەمە ساڵح هیجرانی یەکێک لە کادیرە ڕۆشنبیرەکانی شۆڕشی ئەیلول و نوێ بوو، ساڵی ١٩٦٠ لە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاری کردوە، لە شۆڕشی ئەیلولدا بووەتە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٦٢ بۆ ١٩٦٣ جێگری دادوەر بووە لە ماوەت کە ئەو کات تەها بابان حاکمی شۆڕش بوو، ساڵی ١٩٦٤ لە گەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی کەوتووەو درێژەی بە خەبات داوە، لە گفتوگۆی ساڵی١٩٧٠ دا گەڕاوەتەوە بۆ خوێندن، خوێندنی تەواو کردوەو بووەتە مامۆستا، ساڵی ١٩٧٦چووەتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوەو لە ڕێکخستنە نهێنیەکاندا کادیرێکی چالاک و کارگێڕی ڕێکخراو بووە ساڵی ١٩٧٧ و بە مەبەستی دەربازکردنی ماڵە پێشمەرگەیەک لە شاری «حلە» و بە ڕاسپاردەی شۆڕش بەرەو حلە دەڕوات،

لە کاتی بارکردنیماڵەکەدا دەستگیر کراوەو ودوای ١٥ ڕۆژ لە ئەشکەنجەدانی بـەردەوام لە ١٩٧٧/٨/٢٧ دا گیانی بە نیشتمان سپارد و بووە ڕێبوارێکی تری کاروانی سەروەرانی گەل.

ئەندام و کادیرەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، جگە لـەوەی لە ڕیزی ڕێکخستنەکان کاریان دەکرد ژمارەیەکی بەرچاویش ڕویانکردە شاخ و سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان ئاوەدانکردەوە.

عوسمانی عـەریف مەجید مـاوەتـی یەکێک لـە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بـوو، پێش ئـەوەی ڕووبکاتە شاخ پۆلیس بـوو، هەر بۆیە بە خۆی و چەکەکەیەوە لە ساڵی ١٩٧٨ چووە شاخ و لای ئەحمەد فتح الله بووە پێشمەرگە، هەمان ساڵ و لە ١٩٧٨/٦/٢١ لە هاوینە هەواری بیشوانی دڕی شەهید بوو ، ئیسماعیل ماوەتی و سابیر ماوەتی لە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست بوون و پەیوەندیان بە فاتح شوانیەوە هەبوو ئەوانیش لە ساڵی ١٩٧٩ بوونە پێشمەرگە.

حسێنی حاجی ڕەشید ماوەتی کە پۆلیس بوو لە هەمان کاتدا لە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست بوو بە خۆی و ٢١ پارچە چەک و بە هاوکاری چەند هاوڕێیەکی بە سەیارەیەکی پۆلیسەوە خۆیان گەیاندە ڕیزەکانی پێشمەرگە، هەمان ساڵ عوسمان مستەفا ماوەتی و مولازم عومەر کە ئەوانیش پۆلیس بوون بە خۆیان و چەکەکانیانەوە خۆیان گەیاندە هێزی پێشمەرگە.

ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە شارباژێڕ، مامۆستا غەفور ژاژڵەیی لێپرسراوی بوو، دواتر فاتح شوانی لێپرسراویەتی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە شارباژێڕ پێسپێردرا دواتریش مامۆستا ئەحمەد هەمزە بووە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە.

## یـــەکێتی شۆڕشگێڕانی کـــوردستان

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٨ لە کارەساتی هەکاری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەشێک لە سەرکردەکانی لە دەستدا لە پێشەوەیان عەلی عەسکەری، لە ساڵانی دوای کارەساتی هەکاری جیابوونەوە «ئینشیقاق» لە ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ڕوویداو ڕەسوڵ مامەندو سەید کاکەو دەیان سەرکردەیتر، حزبی سۆسیالیستی کوردستانیان پێکهێناو لە یەکێتی جیابوونەوە، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بۆ خۆدەربازکردن لەو بارودۆخەی تێیکەوتبوو لە گەڵ هێڵی گشتیدا یەکیانگرت و ڕێکخستنێکی نوێیان پێکهێنا بە ناوی «یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان».

## پـــلنیۆمی خـــەتێ

ساڵی ١٩٨٣ پلنیۆمی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە گوندی خەتێ بەستراو پێکهاتەی ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان دیاریکرا لە لق و ناوچەو ڕێکخراوەکان، هەر لقە لە چەند ناوچەیەک و هەر ناوچەش لە چەند ڕێکخراوێک پێکهات.

## نـــاوچەی 14ی چـــوارتا

لە چوارچێوەی ڕاسپاردەکانی پلنیۆمی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە خەتێ، ناوچەی ١٤ی چوارتا پێکهات و دەستەیەکی بۆ پێکهێنرا بەم شێوەیە:

*بەکر ئەحمەد سلێمان لێپرسراوی ناوچە

*مامۆستا هەمزە ژاژڵەیی ئەندام ناوچە

*عەزیز ماوەتی ئەندام ناوچە

*حامید بێورەیی ئەندام ناوچە

ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٤ عەزیز ماوەتی کرایە کارگێڕی ناوچە، ساڵی ١٩٨٥ عەزیز ماوەتی کرایە لێپرسراوی ناوچە، عومەر فەتاح کێلێی و حاجی سەراوی و مامۆستا ئەکرەم ژاژڵەیی ئەندامی ناوچە.

ناوچەی شۆڕشگێڕان لە چەند ڕێکخراوێک پێکهاتبوو، ڕێکخراوی ماوەت،

ڕێکخراوی احمد فتح الله، ڕێکخراوی مامۆستا غەفور، جگە لە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ناو هێزی پێشمەرگە، ڕێکخستنە جەماوەریەکانی، ماوەت، سورەقەڵات، کەنارو، چوارتاش لە لایەن ناوچەو ڕێکخراوەکانیەوە سەرپەرشتی دەکران.

لە کەسە دیارەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە ناو هێزی پێشمەرگەو تیپی شاربازێڕدا حاجی سەراوی، عوسمان مستەفا ماوەتی فەرماندەی کەرت، مامۆستا ئەحمەد هەمزە ژاژڵەیی لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی، مام بێستۆن فەرماندەی مەفرەزە، مامە قالە فەرماندەی مەفرەزە، هەمزە حاجی کەریم فەرماندەی کەرت، عەزیز حاجی کەریم و عومەر فەتاح کێلەیی، مامۆستا ئەکرەم ژاژڵەیی.

## دانـــانی لوغم بـــەهاری ســـاڵی 1982

لە ڕووخانی ڕژێمی شادا، پێشمەرگە ئەڵغامێکی زۆریان دەستکەوتبو، وەکو ڕومانە بە تاقمەکانەوە هەڵیان دەواسی، عەریف محەمەد بەعسیەکی شۆڤێنی بوو لە ڕەبییەکانی واژە دەهاتە سەر ڕێگای خەڵکی ناوچەکەو کەمینی دادەنا، ڕێگەی هاتوچۆی هاووڵاتیانی بڕیبوو بە ویستی خۆی نەبوایە ڕێگەی نەدەدا هاووڵاتیان و دێنشینەکان هاتوچۆ بکەن.

پێشمەرگە چون سەیری شوێنی کەمینەکە بکەن، عەریف محەمەد بەردی دانابوو، بە سەر بەردەکاندا دەڕۆی تا قاچ لە زەوی بۆش نەنێ لە بەر ئەڵغام، چونکە ماوەیەک لەوەوبەر لوغمیان بۆ دانا بوون چەند سەربازێک بەرکەوتبوون.

بەهاری ساڵی ١٩٨٢ بوو عەلی چوارتایی لە سەر شاخی وەڕازەوە بە دووربین سەیری دەکرد، ووتی ئاوات (ئاوات واژەیی) چاوم لێیە سەربازەکان ڕایانکردە ژێر تەباری جادەکەوە، ئێوارە بچۆ بزانە ئەوە چیە، کاتێ هاتن سەیری بکەن کەمینەکە ڕۆیشتبوون، ئەو شوێنەی عەلی چوارتایی بە دووربین بینیبوی سەیریان کرد شوێنێکە تەختکراوە باران نەیدەگرتەوە، کاتی باران دەچونە ئەوێ، هەندێک ڕۆژنامەیان ڕاخستبوو کە ڕۆژنامەکە دەستکاری بکرێت پێبزانن کە خەڵک هاتووە،

پێشمەرگە ڕۆژنامەکەیان بەرزکردەوە دوو لوغمیان لە ژێردا داناو ڕۆیشتن.

ڕۆژیی دوایی بەدووربین سەیری شوێنەکەیان دەکرد، باران دەستیپێکرد، سەربازەکان چونەوە ژێر تەبارەکە، لوغمەکان تەقینەوەو چەرە دووکەڵ هەستا، سەربازەکان کوژران، بۆ ڕۆژیی دوایی پێشمەرگە چوونە سەر شوێنەکە، قاچی سەربازەکان لە پۆستاڵدا بە جێمابوو، عەریف محەمەدیش کوژرا بوو.

## تـــەقاندنەوەی مەرکەزی قەڵاچـــوالان بەهـــاری 1982

حکومەت لە قەڵاچوالان ناوەندێکی گەورەی سەربازی درووستکرد، بینایەکی گەورەو فراوان بوو، پێشمەرگە چاودێریان دەکرد، گوێیان پێنەدا تا بیناکە تەواو بوو خەریک بوو بەڵێندەر تەسلیمی بکات، عەلی چوارتایی گوللەیەکی قازیفەی تەوقیت کرد کاتژمێر ٨ی بەیانی بتەقێتەوە.

گوللە قازیفەکەیان تەوقیت کردو ڕۆیشتن چونە گەنکاوا، لەوێوە چاوەڕێی تەقاندنەوەی گوللەکەیان دەکرد، کاتژمێر ٨ی بەیانی گوللەکە تەقیەوەو بیناکە خاپور بوو لە گەڵ زەویدا یەکسانکرا.

## لـــێدانی دۆشکای حـــامیە

دۆشکایەک لە سەر حامیەی سلێمانی خەڵکی شاری هەراسان کردبوو، هەر کەس دەرکەوتایە لێیدەدا، کەرتی یەک و کەرتی تیپ هاتنە ناو شارو لە دۆشکاکەی حامیەیان داو لوتیان شکاندو لە نوزەیان خست.

مەفرەزەکە دوانزە پێشمەرگە بوون، ئاوات واژەیی و مام نامیق لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە بوون.

## چـــالاکی خـــێوەتە

مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٢، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە سەر ڕێگای خێوەتە بۆسەیەکیان داناو لە هێزەکانی داگیرکەریاندا.

دوای کشانەوەی پێشمەرگە، هێزەکانی داگیرکەر دەستیانکرد بە کێومالّکردنی ناوچەکە و گەڕان بە دوای پێشمەرگەدا، لە دێی بێتوات دوو هاوولاّتی بێتاوانیان دەستگیر کردو گولله بارانیانکردن.

عەبدولی شێخ عەزیزی میراوا، شوانی عەزیز ئاغای قەشان بوو، ئەو ڕۆژە وەکو ڕۆژانیتر مەڕوبزنەکانی بردبووە ناو گژوگیاو بژوێنەکانی نزیک بێتوات، بۆ چێشتەنگاو لە سەرکانی (شەش بن) لە نێوان سورەقەلاّت و بێتوات لایدابوو، لەوێ هێزە دڕندەکانی داگیرکەر دەستگیریان کردبوو، نادریش لە بێتواتەوە گەڕابوەوە لە بەرزاییەکانی بەرانبەر بێتوات دەستگیریان کردبوو، هەر لەوێ نادرو عەبدولیان گولله بارانکرد.

نائب ضابطیکی دڕندەی ئیستخباراتی عەسکەری تا توانیبووی مەخزەنی تفەنگەکەی لە عەبدول و نادردا خالّی کردبوەوە، هەردووکیان شەلاّلّی خوێناوی خۆیان بوون.

نەقیب فاروق یەکێک لە ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراق بوو، بە سەر ڕووداوەکەدا کەوتبوو بە نائب ضابطە کە ی وتبوو ئەو دوو بێتاوانەت بۆ کوشتووە، نادر هەموو ڕۆژێک ئاو بۆ بارەگاکانی ئێمە دێنێ، عەبدولیش شوانی عەزیز ئاغایە، نائیب ضابطە کە بە نەقیب فاروقی وتبوو تۆش موخەڕیبی بەرگری لەمانە دەکەیت.

نادر گیانی تیادا مابوو نەمردبوو، سەربازەکان جێیانهێشت، نەقیب فاروق قاچێکی لە نادردابوو پێیووتبو ئەگەر ئەتوانی ڕاکە، نادر هەر چۆنێک بێ چوبوە بن کاوە شاخێک، خۆی هەلّدابووە خوارەوە، دوای کەمێک سەربازەکانی داگیرکەر گەڕابوونەوە شوێنەکەو ویستبوویان بە شوێن خوێنی نادردا بڕۆن بەلاّم پێشمەرگە لەو بەرەوە تەقەیان لێکردبوون، هەر چۆن بێت تەرمی عەبدولیان بردوو ئێستا بێ گۆڕە.

نەقیب فاروق چوبووە ئۆردوگای سورەقەلاّت بە عەزیز ئاغای وتبوو نادر بریندارە فریایکەون.

## بـــێرە مـــەڕ

مانگی ٤ تا ٥ی بەهاران لەو دێهاتانەی شارباژێڕ، بۆ بەخێوکردنی بزن و ئاژەڵ پێیدەڵێن بێرە مەڕ، چونکە لەو ماوەیەدا بزن و مەڕ گوانەکانیان پڕ شیر دەبن، جگە لە دۆشینی ئێواران، کاتژمێر (١٠) ی پێش نیوەڕۆ، یان چێشتەنگاو شوان مەڕوو ماڵات دەباتەوە لای کابانی ماڵ بۆ دۆشین و دواتر دەیباتەوە بۆ دەشت و دەر، ئەو ڕۆژە مەڕووماڵاتەکە بە تەنها گەڕابوونەوە ماڵەوە، عەبدولیان لە گەڵ نەبوو.

نادر دوانزە فیشەک بەر شان و ملی کەوتبوو، ئەمسەراو سەری ملی هەڵدڕیبوو، نادریان دۆزیەوەو بردیانە نەخۆشخانە بۆ چارەسەر

## چـــالاکییەکانی پێشمەرگە لە ســـاڵی 1983دا

دوای پێکهێنانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ کەرتە چالاکەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ چەندین چالاکی گـەورەو گـورزی گـەورەیـان لە هێزەکانی داگیرکـەردا، ڕێگای سورەقەڵات، مـاوەت، قەڵاچواللان- سەرجادەی کەنارو، بەندەنی واژە، مۆڵگەو ڕەبییەکانی پشتی گمۆو ئەستێرک و سەرسیری چوارتـا، بوونە جەهەننەمی هێزەکانی داگیرکەرو کورەی ئاگری شۆڕشیان بۆ هێزەکانی داگیرکەر داخست، چەندین چالاکی گەورە ئەنجامدرا، هەمان ساڵ و لە پشتی گوندی قەشان لە لایەن کەرتی یەک بە فەرماندەیی غەریب کونجرینی و بە هاوکاری باقی کونجرینی کە لە نێو ڕەبییەکە سەرباز بوو ڕەبیەکەی تەسلیم کرد دەستگیرا بە سەر ڕەبیەکەداو دەیان پارچە چەک دەسکەوت بوون.

## ئـــــازاد مارە ڕەشی
## 1983/4/21

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە بەهاری ساڵی ١٩٨٣ بە برووسکەیەک بانگکرا بۆ سەرکردایەتی لەوێوە ناردیانن بۆ زێوکە، بۆ پاراستنی بارەگاکانی حزبی دیموکرات کە لە دۆڵەتوو گۆڕەشێر بون.

غەریب گەنکەیی و عەزیز حاجی کەریم و پۆلێک پێشمەرگە لە شاخی (بامین) پشتی زێوکە بوون، بەفرێکی زۆر باریبوو، لە ناو بەفرەکەدا خێمەیان هەڵدا، قیادەی موەقەتەش بە زنجیرە شاخی بەرانبەریانەوە بوون، لە گەڵ حکومەتی ئێران هاتبوون بە تۆپی ١٠٦ لە هێزەکەی یەکێتیان ئەدا.

دەنگی تەقە لە ناو گوندی زێوکە دەهاتە گوێ، پێشمەرگەکان لە سەر شاخەوە جیهازیان کرد تا بزانن ئەو تەقانە چین ووتیان خەڵکی زێوکەن بۆ شیفای ئاژەڵەکانیان تەقە دەکەن.

لە گوندی زێوکە نەریت وابوو ئەگەر ئاژەڵەکانیان نەخۆشکەوتن تەقە بکەن چاک دەبنەوە، بۆیە تەقەیەکی زۆریان بە سەر زێوکەدا کرد.

بارەگایەکی تیپی ٣٧ لە ناو زێوکە بوو پشتی دابوو بە پلە شاخێکەوە، کاتژمێر ١٠ی شەو ئازاد مارە ڕەشی هاتبووە دەرەوە بۆ دەوروبەری بارەگاکە حەرەسی شەو لە دیوی ئەو سەری بارەگاکە بوو، ئازاد لە دیوێکیترەوە چوبووە دەرەوە، کە بە سەر زێوکەدا دەڕوانێ، دەسرێژێکی گوللە دەکرێت ، ئازاد مارە ڕەشی بەردەکەوێ و لە جێدا شەهید دەبێ، پێشمەرگەکان نازانن ئازاد بەرکەوتووە، دێنە دەرەوە بۆ دەوروبەری بارەگاکە بڵاوە دەکەن هیچ نابینن کە دەچنە ڕووکاری گوندەکە سەیردەکەن تەرمێک کەوتووە، کە دەچنە سەری ئازاد مارە ڕەشییە شەهید بووە،

تەرمی شەهید ئازاد هێنرایەوە شارباژێڕ لە گۆڕستانی کوڕاداوێ بە خاک سپێردرا، لەوێ هاوسێ و هاوڕێ و هاودەمی عەلی چوارتایی و هەڵۆ سەراوی و عەبدوڵڵا کوڕاداوییە.

هێزەکەی تیپی ٣٧ سێ مانگ لە زێوکە مانەوە تا هێزێکی گەرمیان هاتە جێگەیان.

## چـــــالاکی ســــورەقەڵات 1983

هێزێکی هاوبەشی کەرتەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ و کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە، لە بەرزاییەکانی سورەقەڵات کە دەڕوانێ بە سەر جادەکەدا دامەزرا.

قافڵەیەکی دوژمن لە سورەقەڵاتەوە بەرەو قەڵاچواللان هات، کەوتنە بەر

دەسرێژی پێشمەرگەکانی شارباژێڕو گورزی کوشندەیان تێسرەواند، بیست سەربازی دوژمن کوژران و دەیانیتر بریندار بوون.

کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکەو بۆردومانی ناوچەکەیکرد، عەبدوڵڵا ئیسلامی بە B.K.C بەرەنگاری کۆپتەرەکان بووەوەو لە ئاسمانی شەڕەکە دووریان خستەوە، پێشمەرگە سەرکەوتوانەو بێزیان بوون.

## شـــەڕی هـــەنگەژاڵ 1983

مەفرەزەیەکی کەرتی دووی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە هەنگەژاڵی بەرانبەر قەڵاچوالان لە قافڵەیەکی سەربازیانداو زیانی گیانی و مادیان پێگەیاندن.

مەفرەزەکەی کەرتی دوو پێکهاتبوو لە بەکرە درێژ و ئازادی کوێخا حەسەن، ئاوات واژەیی و چەند پێشمەرگەیەکیتر.

پێشمەرگەکان سەرکەوتوانەو بێزیان بوون.

## نـــێوان خێوەتە، قـــشلاخ، واژە

بە ماوەیەک پێش گفتوگۆی شۆڕش و ڕژێمی عێراق، لە نێوان خێوەتە- قشلاخ – واژە بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، قافڵەیەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە و شەڕێکی دوو کاتژمێریان لە گەڵکردن، زیانی گیانی و مادیان لێدان، لەو شەڕەدا قادر گەنکەیی و مەدین بریندار بوون.

## زنـــجیرەیەك چالاكی بـــــەرفراوان

کەرتی دووی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە فەرماندەیی هێمن سەراوی هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەی ئەستێرک و چالاکیەکی گەورەیان ئەنجامدا و زەرەرو زیانیان بە دوژمن گەیاند لەو چالاکیەدا پێشمەرگەیەک بە ناوی ئاسۆ بریندار بو قاچەکانی پێکرا، هەڵۆ سەراوی تا شوێنی مەبەست بە کۆڵ ئاسۆی گواستەوە لە مەترسی دووریخستەوە،.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٢٤ کەرتی دووی تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ بە فەرماندەیی هێمن سەراوی لە گوندی موبرەوە بەرەو گۆڕەدێم بەڕێکەوتن لەوێشەوە دوای پشوویەکی کورت و دەستنیشان کردنی مۆڵگەکانی دوژمن بە دووربینی سەربازی، بەرەو سەر دڵی ڕەبییەکانی سەرسیری پشتی چوارتا بەڕێکەوتن و لێیدامەزران، دوای دانانی نەخشەو پلانی دەست بەسەراگرتنی ڕەبیەکانی سەرسیر پێش خۆرئاوابوون بە هەنگاوی خێرا لە بن ڕەبییەکان نزیک بوونەوە.

لە گەڵ خۆرئاوا بووندا دانیشتوانی چوارتا و گوندەکانی دەوروبەری بە زرمەی ئار بی جی بە ئاگا هاتن، هەڵمەت برا بۆ سەر ڕەبییەکانی سەرسیرو پێشمەرگە وەکو هەورە برووسکە لەو شاخ و کێوانەی ئەدا.

دوای چەند هەڵمەتێکی یەک لە دوای یەک یەکەم تۆڕە لوغم بە (جەزا چۆڕکی) دا تەقیەوەو هەر لە جێدا شەهید بوو، دووەم تۆڕە لوغم بە تایەر چوارتایدا تەقییەوەو قاچێکی لێسەندەوە.

شەهید و بریندارەکان بەرەو گوندی ئاڵەک بەڕێکران، ئەو داستانە بە خوێنی گەشی کاکە جەزا چۆڕکی و زامی ساریێژ نەبووی تایەر چوارتایی و عارەقەی ناوچەوانی پێشمەرگەکانی کەرتی دوو نوسرایەوە.

هەر لە ساڵی ١٩٨٣ دا کەرتەکانی «١، ٢، ٣» ی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە فەرماندەیی عەلی چوارتایی کەمینیان بۆ هێزێکی داگیرکەر لە گوندی «گابەروا» دانا، لەو چالاکیەدا پێنج سەربازی دوژمن کوژران و ژمارەیەک تفەنگ دەسکەوت بوون، هەر لەو چالاکییەدا عەلی چوارتایی فەرماندەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بریندار بوو.

هەمان ساڵ لە مۆڵگەی حوشتر مل دراو لە سەرجادەی واژە لە لایەن کەرتی یەکەوە لە کەمینیک دراو ئەفسەرێک کوژراو دوو کلاشینکۆف دەسکەوت بوون.

لە سەر جادەی سورەقەڵات-کێلێ و بە بەشداری زۆربەی کەرتەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ چالاکییەکی گەورە ئەنجامدراو لە قافڵەیەکی دوژمندرا کە تیایدا زەرەرو زیانی بەرچاو بەر دوژمن کەوت.

هەمان ساڵ و لە لایەن کەرتی دووی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ و بە فەرماندەیی هێمن سەراوی لە مۆڵگەی پشتی گۆلاوان و کونە ڕۆن دراو دوو سەرباز کوژران.

هەر لە ساڵی ١٩٨٣ هێزەکانی داگیرکەر هێرشیانکردە سەر گوندی کونجرین بەڵام لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە هێرشەکەیان تێکشکێنرا و لوتیان شکا.

هەر هەمان ساڵ لە سەر ڕێگای مڕانە- شێوەکەل لە قافڵەیەکی سەربازی دراو زەرەرو زیانی گەورەی لێدرا.

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە مسەر تا ئەو سەری شارباژێڕی کرد بووە جێگەی چالاکی و دوژمنی هەراسان کردبوو کەم ڕۆژهەبوو مۆڵگەیەک خاپور نەکرێ داستانێک تۆمار نەکرێ، چالاکییەک و بۆسەیەک بۆ هێزەکانی داگیرکەر دانەنرێ، لە ماوەی ساڵی ١٩٨٢ لە سەردەمی درووستبوونی تیپەکان تا گفتوگۆی ساڵی (١٩٨٤- ١٩٨٥) دەیان چالاکی گەورە ئەنجامدرا، دوژمن زەرەروزیانی زۆری لێکەوت، باسکی پێشمەرگە ئەستورترو بەهێزتر دەبوو، دانیشتوانی ئۆردوگا زۆرەملێکان پشت و پەنای شۆڕش بوون و هاوکاری ڕاستەقینەو خەم خۆری یەکەمی پێشمەرگە بوون ، لە سەرکەوتندا خۆشحاڵ و لە شەهید بونی پێشمەرگەیەکیشدا پرسەو ماتەمیان دەگێڕا.

## چـــالاکی ناو شـــار
## هـــاتنە ســـلێمانی

عەلی چوارتایی و هێمن سەراوی بڕیاریاندا چالاکیەک ئەنجام بدەن دەنگدانەوەی لە نێو جەماوەرو لە نێو جەرگەو دڵی داگیرکەردا هەبێت و کاریگەر بێ، چالاکیەک جیاتر لە چالاکیەکانیتر،

تازە تیپەکان درووستببوون، عەلی چوارتایی فەرماندەی تیپ و هێمن سەراوی فەرماندەی کەرتی دووی تیپی ٣٧ بوو، دەیانویست جێگە دەستیان بنەخشێنن، چونکە ئەو سەردەمە ململانێ لە سەر چالاکی زیاترو گورزی کاریگەرتر بوو، گورز وەشاندن لە داگیرکەر، تارومارکردنی هێزەکانی داگیرکەرو وانە پێدانیان، وانەی

شۆڕش و زەبری شۆڕشگێڕانە.

کەرتی یەک، دوو، سێ، کۆبوونەوە، بڕیاردرا لە هەر کەرتێک مەفرەزەیەک هەڵبژێردرێت، هێمن سەراوی سەرپەرشتیان بکات و دەستنیشانی مەفرەزەکان بکات.

مەفرەزەکان دەستنیشانکران، ئاوات واژەیی جێگری فەرماندەی کەرتی یەک، قادر گەنکەیی فەرماندەی مەفرەزە، عەزیز حاجی کەریم جێگری فەرماندەی کەرت.

هێمن سەراوی پەیوەندیەکانی ناو شاری ڕێکخستبوو ڕێکخستنەکانی ناو شار لە چاوەڕێی گەیشتنی پێشمەرگەدا بوون پێشمەرگە هەنگاوەکانیان بەرەو سلێمانی هەڵگرت، لە واژەوە بۆ خەمزە لەوێشەوە بۆ کەڵەکن، لە کەڵەکنیشەوە هاتنە مەجید بەگ.

ڕێکخستنەکانی ناو شار چاوەڕێ بوون، نەهێنی یەکترناسین بە ئاوات واژەیی سپێردرا، نهێنیەکە ئەوە بوو کەسێک دێت دوای سڵاوو هەواڵ پرسین، جامانەکەی لێوەردەگرێت دوای ئەوە کەسێکیتر جامانەکە دەکات بە لەچک و لە پێشەوە چاوەڕێ دەکات.

لە فلکەی مامۆستایان بەرەو فلکەی دکتۆر دارا پەڕینەوە بە شەقامەکەی ئەو بەرەوە کەسێک وەستا بوو، بە جامانەکەی ئاوات واژەیی دەموچاوی پێچابوو، پێشمەرگە بە دوایدا ڕۆیشتن و بەرەو خوار بردنی، شەوانی پێشو چەند نەجدەیەک لەوێ دەوەستان بەڵام ئەو شەوە نەهاتن، بەڵام بێ چالاکی نەگەڕانەوە.

هێمن سەراوی فەرماندەی هێزەکە بڕیاریدا دەستێکی بە زەبر لە دوژمن بوەشێنن، بێ چالاکی نەگەڕێنەوە، بەرزاییەکانی جێگە زانکۆی سلێمانی قولەی سەربازی و B.K.C لێدامەزرا بوو.

بە دەستی چەپدا خاڵێکی سەربازی هەبوو، مۆڵگەیەکی پیاوانی ڕژێم لە ناو جەرگەو دڵی شاردا، هێمن سەراوی بڕیاریدا لەو خاڵە سەربازیە بدەن کە تا ئێستا کەس لێی نەداوە،

ئاوات واژەیی R.B.G پێوەنا بەڵام سەریکرد، نیشانی نەپێکا، هێمن سەراوی وتی

دەبێ بگەڕێینەوە جارێکیتر لێیبدەین جاری دووەم R.B.G یان لێدایەوە، باوەشە گڕو ورشەی R.B.G خۆی کرد بە مۆڵگەو خاڵی سەربازی دوژمنداو لە سەدا سەد پێکای،

B.K.C سەر زانکۆ کوێرانە تەقەیان دەکرد، بەڵام ورەی بەرزی پێشمەرگە زۆر لەوە گەورەتر بو هەر گوێیان بە تەقەی چەکەکانی دوژمن نەدا.

## تـــیپی (37)

قارەمانەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە شـەوی ١٩٨٣/٦/٦/٥ بە فەرماندەیی هێمن سـەراوی لە ناو شاری سلێمانیدا دەستیانگرت بە سەر (نوقطەی حیمایە) خاڵی پاسەوانی نەخۆشخانەی کۆماری (جمهوری) سەرجادەی قەنات کە لە نزیک فەرمانگەی کشتوکاڵ و بارەگای کرێکاران بوو، نەخۆشخانەی جمهوری ئەو سەردەمە دەکەوتە ناوەڕاستی جاش و پیاوانی ڕژێمەوە، لە سەر زانکۆی کۆنی سلێمانی BKC و چەکی قورس دانرا بوون.

لەو داستانە کەم وێنەیەدا چوار پۆلیس دەستگیرکران بەڵام دواتر ئازاد کران.

**دەستکەوتەکان**

١/ گرتنی (٤) کلاشینکۆفی (٥) بزمارو ڕەقەم (١٠).

٢/ گرتنی ١٢ مەخزەنی کلاشینکۆف.

٣/ گرتنی ٣٠٠ فیشەکی ڕووسی

خەڵکی مەجید بەگ تێکڕا هاتبوونە دەرەوە، ورشـەی R.B.G و قریوەی گوللەی پێشمەرگە شەوەزەنگی سلێمانی کردبووە ڕۆژی ڕووناک، ڕووناکیەک لە دڵ و دەرونی خەڵکی شاردا.

خەڵکی مەجید بەگ و جێگە زیلە سوتاوەکان پێیان سەیر بوو پێشمەرگە لە خوارەوە بەرەو سەر دەگەڕێنەوە.

پێشمەرگە بێترس و سڵەمینەوە لە داگیرکەر بە هێمنی و لە سـەر خۆ ئەمبەراوبەری شەقامەکانیان گرتبوو هەروا زوو لە شار دەرنەچوون.

هێمن سـەراوی وتی دەبێت چۆن لە دێیەکاندا پێشمەرگە بە سەر ماڵەکاندا دابەش دەبێت، ئاواش لە ماڵەکانی مەجید بەگدا دابەشبن هەر دوو پێشمەرگە چونە ماڵێک، نانیان خواردو هاتنە دەرەوە، تا ڕژێم بزانێت هەموو ماڵێکی مەجید بەگ پێشمەرگەی تیابووە.

لە تێکڕای پێشمەرگەکان کە تێکڕا چل پێشمەرگە بوون، تەنها هێمن سەراوی، قادر گەنکەیی، ئاوات واژەیی دابەش نەبوون، وتیان ئێمە نان ناخۆین نەبا دوژمن زەفەرمان پێبەرێت.

ماڵەکانی مەجید-بەگ جگە لەوەی نانیان بۆ پێشمەرگە ئامادە کردبوو، بۆ هەر پێشمەرگەیەکیش خواردنی سەفەرییان ئامادە کردبوو تا لە ڕێگا بیخۆن.

هاتنە شـارو دەستنیشانکردنی دەلیلەکانی ناوشار هەمووی بە ئاگاداری و ڕێنمایی هێمن سەراوی بوو پەیوەندیەکانی نێوان پێشمەرگە و ڕێکخستن، هێمن سەراوی گرێی دابوو.

هێمن سەراوی پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ و یەکێک لە فەرماندە دلێرو بوێرەکانی شۆڕشی نوێ بوو، پیاوێک لەورەو ڕەوشتی بەرزی پێشمەرگانە، فەرماندەیەک هەرگیز مێژو دروستی ناکاتەوە.

## قـــــیمەو ســـاوەر

دوای نان خواردن و پشویەکی کورت و پێچانەوەی خواردن بۆ ڕێگا، بڕیار درا لە سەر کانیەکەی خەمزە یەک بگرنەوە.

لە شار دەرچون و لە سەر کانی خەمزە یەکیان گرتەوە خواردنە پێچراوەکانیان دەرهێناو دەستیانکرد بە نانخواردن، هێمن سەراوی، قادر گەنکەیی، ئاوات واژەیی لە ناو شار نانیان نەخواردبوو لە گەڵ پێشمەرگەکان دەستیانکرد بە نانخواردن.

ئاوات واژەیی بە (مەدین)ی وت تۆ چیت پێیە لە گەڵت بخۆم، مەدین وتی ساوەرم پێیە، بەر ماڵێک کەوتم ساوەریان هەبوو، ئاوات واژەیی قەناعەتیکرد دوایی لە دڵی خۆیدا وتی نەخێر ( مەدین) ساوەر ناهێنێ، ئاوات وتی باشە حەزم لە پارویەک

ساوەرە، کە خواردی قیمەی سورەوەکراو بوو، مەدین قیمەکەی لێکردبوون بە ساوەر تا کەس لە گەڵی نەخوات.

لێدانی مۆڵگەو بنکە سەربازیەکەی ناو شار، کە خاڵێکی سەربازی ڕژێم بوو زیانی گیانی لێکەوتەوە ئەوەی تیایدا بو کوژرا.

ئەنجامدانی ئەو چالاکیە لە ناو دڵی دوژمندا و لەو سەردەم و قۆناغەدا دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەی گەورەو گرنگی هەبوو، دڵی داگیرکەری هەژاند، ئەوەی گرنگ بوو تەنها کوژرانی پیاوانی ڕژێم نەبوو، بەڵکو ماناو ڕەهەندی سیاسی و سەربازی و ئیعلامی هەبوو، چونکە لە لوتکەی بەهێزی و بوغرایی ڕژێمی بەعسدا، لە ناو شاری سلێمانیدا دڵی داگیرکەریان لەرزاند.

## بەرزاییەکانی سورەقەڵات 1983/7/8

هێزەکانی داگیرکەر لە سورەقەڵات خەڵکیان هەراسان کردبوو ڕۆژانە دەرچونیان هەبوو بۆ سەر بەرزایی و گردۆڵکەکانی بەرانبەر سورەقەڵات، لەوێ خۆیان لە بۆسە دەناو خەڵکی ناوچەکەیان هەراسان دەکرد، ئازاری خەڵکیان ئەداو بیانویان بە خەڵکی ناوچەکە دەگرت.

بۆ تەمێکردن و سزادانی هێزەکانی داگیرکەر بەشێک لە پێشمەرگەی کەرتەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ کە نزیک بە حەفتا پێشمەرگە بوون دژە بۆسەیەکیان بۆ هێزەکانی داگیرکەر دانا، لە سەر بەرزایی و شاخ و گردۆڵکەکانی بەرانبەر سورەقەڵات هەڵیان کەندن و دەستی بەزەبریان لێوەشاندن.

پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ گورزی کاریگەریان سرەواند هێزەکانی داگیرکەر لە سەر ڕێگای سورەقەڵات شوێن بۆسەکانی دوژمنیان شکاندو کوژراوو بریندارى زۆریان پێ جێهێشتن.

لە گەرمەی شەڕو پێکادانداا، چەند کۆپتەرێکی جەنگی هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە، لە دێی بێتوات چەند ماڵێک بەدەستڕێژی کۆپتەرەکان سووتان.

بنەماڵەی مستەفا عەبدوڵڵا جۆلا میراوایی کە خەڵکی دێی میراوا بوو

ڕاگوێزرابوونە ئۆردوگای زۆرە ملێی سورەقەڵات لە خێوەتەی نزیک سورەقەڵات سەرقاڵی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی باخ و زەوی و زار بوون.

عەبدوڵڵا و فەرهاد دوو کوڕی گەنج و تازە پێگەیشتوو کوڕی مستەفا جۆلا بوون، فەرهاد خوێندکار بوو تازە باڵای دەکردو بەدەم ژیانەوە پێدەکەنی، هێشتا بە تەواوی خەتی نەدابو، عەبدوڵڵاش سەرباز بوو تەمەنی لە سەرو هەژدە ساڵ بوو، هەر دووکیان لەو ڕۆژەدا لە خێوەتە بوون بۆ یارمەتیدان و هاوکاری باوکیان، مستەفای عەبدوڵڵا جۆلای میراوا.

لەو نەبەردیەدا بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگە و فەرماندەکانی تیپی ٣٧ی شاربازێڕ- عەلی چوارتایی- هێمن سەراوی- مەجیدی حاجی عەلی- هەڵۆو خاڵە سەراوی- دەیان پێشمەرگەی دیکە بەشدار بوون، بە درێژایی ڕێگای سورەقەڵات خێوەتە دامەزرابوون.

هێزەکانی داگیرکەر لە پەلەقاژەی ڕاکردن و دەرباز بون لە دۆزەخی داخراوی پێشمەرگەدا بوون ڕووەو خێوەتە و بەرەو قەڵاچوالان لە ڕاکردن و پاشەکشە دابون.

ئۆتۆمبێلێکی سەربازی پڕ لە چەکدار (مصلحە) لە نزیک خێوەتە کەوتە بەر دەسترێژی پێشمەرگەو سەری لێشێوا، ئۆتۆمبێلە سەربازیەکە B .K.C لە سەر بوو لە شڵەژاوی و سەر لێشێواوی خۆیان کوێرانە دەسرێژی گوللەیان بە ناو ماڵ و موڵکی هاووڵاتیاندا کرد.

لە گەڵ یەکەم دەسرێژی پێشمەرگە لە ئۆتۆمبێلە سەربازیەکەی ڕژێم، لە بەرانبەر ماڵی مستەفا عەبدوڵڵا میراوایی سوڕی خواردو دەسرێژی گوللەی لە ماڵی مستەفا عەبدوڵڵا میراوایی کرد کە سەرقاڵی کاسبی و کشتوکاڵ بوون، لە ئەنجامی دەسرێژی کوێرانەی داگیرکەردا عەبدوڵڵا مستەفا و فەرهاد مستەفا، هەر دوو کوڕی مستەفا عەبدوڵڵا میراوایی شەهید بوون.

عەبدوڵڵا سەرباز بو، چەند ڕوژێک بوو بە مۆڵەت گەڕابووەوە ناو خێزانەکەی لە ئۆردوگای سورەقەڵات فەرهادیش خوێندکار بوو، تەرمی عەبدوڵڵا و فەرهاد

لە گۆڕستانی سورەقەڵات بە خاک سپێردران، ئەوانیش بوونە دوو کێل و گڵکۆی شەهید، شەهیدی دەستی غەدرو فاشیزمی عەرەبی.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوای دەست وەشاندن لە هێزەکانی داگیرکەر، کشانەوە ناوچە ڕزگار کراوەکان.

لەو شـەڕەدا مام بەکر بـەردە زەردی فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بریندار بوو، فیشەکێک لە پشتی دابوو.

هەر دوو هاووڵاتی:

١/ عەبدوڵڵا مستەفا عەبدوڵڵا جۆڵا.

٢/ فەرهاد مستەفا عەبدوڵڵا جۆڵا.

خەڵکی دێی میراواو دانیشتوی ئۆردوگای زۆرەملێی سورەقەڵات گوللەباران کران و شەهید بوون.

## شـــەهید هــــەڵۆ

بەندەنی واژە دوا سەنگەری نەبەردی و گوزروەشاندنی هەڵۆ سەراوی بوو لە دوژمنی داگیرکەر.

ڕۆژی ٣٠ ئابی ساڵی ١٩٨٣ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە کەرت و پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بۆسەیەکی مەحکەمیان لە سەر ڕێگای سورەقەڵات-قەڵاچوالان لە بەندەنی واژە دانا، دەستێکی بەزەبریان لە دوژمنی داگیرکەر وەشاند، ژمارەیەکی بەرچاویان لە سوپای داگیرکەر بەسزا گەیاند، هەڵۆ کە پێشمەرگە و فەرماندەیەکی نەبەز بوو لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە سەر چەقی جادەکە دوای سەربازێک دەکەوێت، لە ناکاو گوللەیەکی دوژمن دەیپێکێ و لە جێدا شەهید دەبێ، تەرمی شەهید هەڵۆ برایە قشڵاخ و دوای کفن کردن بەرەو گۆڕستانی کوڕەداوێ بەڕێکراو لەوێ بەخاک سپێردرا، ئێستا هەڵۆ لە گۆڕستانی کوڕەداوێی لە پەنا هاوسەنگەرانی عەلی چوارتایی و ئازاد مارەڕەشی و عەبدوڵڵا کوڕەداوێ بە هێمنی لە باوەشی خاک ڕاکشاوە.

ئەحمەد کەریم عەبدوالرحمن ناسراو بە هەڵۆ لە گوندی سەراوی شارباژێڕ لە دایک بووە، ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی ٢ی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، لە بەر ئازایی و بوێری و چەلەنگی لە شەڕەکانی هێزی پشتیوان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نازناوی هەڵۆیان پێداوە.

هەڵۆ هەر بە ڕاستی هەڵۆ بوو، گوللە سڵی لێدەکرد، ڕەبیەو مۆڵگەی داگیرکەر لە ژێر پێیدا خاپور دەبوون، هێندە ئازاو چەلەنگ و خۆنەویست بوو سنورێک نەبو ڕایگرێ هەڵۆ لە ٣٠ ئابی ١٩٨٣ لە بەندەنی واژە شەهید بو.

## لە تـــۆڵەی شەهید هـــەڵۆدا

دوای بە خاک سپاردن و کۆتایی پرسەی شەهید هەڵۆ لە گوندی کوڕەداوێ، تیپی ٣٧ بە گشتی و کەرتی دوو کەرتەکەی شەهید هەڵۆ بە تایبەتی کە هێمن سەراوی فەرماندەی بوو لە تۆڵەی شەهید هەڵۆدا دەیان چالاکیان ئەنجامداو یەک بە دە تۆڵەی شەهید هەڵۆیان لە دوژمنی داگیرکەر کردەوە.

مانگی ( ٩ ) ی ساڵی ١٩٨٣ مانگی تۆڵەسەندنەوەو بۆسەدانان و زەبری گورچکبڕ بوو لە داگیرکەر، بەندەنی واژە ببووە بەندەنی گڕو کڵپەو بڵێسە، هەر لەشکری داگیرکەر بوو تاروماردەکرا، لەو ماوەیەدا تیپی ٣٧ی شارباژێڕ سەردێڕو گەرمە هەواڵ و چالاکی ئێزگە بوو، کە فەرهاد سەنگاوی دەیوت، دیسان لە تۆڵەی شەهید هەڵۆدا، لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕەوە.

لە چەندین چالاکی جیاوازدا زیاتر لە ٧٦ سەربازی سوپای عێراقیان لە تۆڵەی شەهید هەڵۆ ڕەوانەی دۆزەخ کرد، ئەوە جگە لە سوتان و تێکشکان و دەسکەوتی هەمە جۆر، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە تێکڕای کەرت و دەستەکانیەوە بە کۆمەڵەو شۆڕشگێڕانیەوە هێندە جەربەزەو نەترس و گورز وەشێن بوون بە جۆرێک ئامر فەوجێکی ڕژێم لە شارباژێڕ لە سەر بەرماڵ لە خوا پاڕابۆوەو وتبوی خوایە لامان دەیت لە شەڕی شیمال، لە جادەی قەڵاچوالان و ماوەت.

## لە چـــلەی شەهید هـــەڵۆدا

ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان، شینی هەڵۆی بە گەروی شمشاڵێک گێڕا، شینێک شایستەی هەڵۆ بێت، سەرەتای خوێندنەوەی چلەی شەهید هەڵۆ بە هۆنراوەیەک دەست پێدەکات بە دەنگی (حاکم فەرهاد) جگە لە هۆنراوەکە، ژیاننامەکە حەمە سەعید حەسەن نوسیویەتی.

**من ژنم نەهێنابو تاکو دوای خۆم**
**چەند مناڵێک جێ بهێڵم وەکو مۆم**
**لە شەوگاری نیشتمانا داگیرسێن**
**بۆ پەلامارێکی تر ببنە هەوێن**
**تاقە وەچەیەک پاش من بمێنێ**
**تۆڵەسەندنەو ڕقە لە دوژمن**
**تاقە یادگارێک بەجێم هێشتبێ**
**قوربانیدانەو خۆبەختکردن**

لە بەشی یەکەمی چلەی شەهید هەڵۆدا نوسەر دەنوسێ: مناڵان لە سایەی ڕژێمی سۆشیالیست دا وەک شا ژیان بەسەر دەبەن و دەرگا لە بەردەم هەموو خواست و ئاوات و ئارەزوەکانیان دا لە سەر پشتە، بەڵام سەردەمی مناڵێتی هەڵۆ وەک ژیانی زۆربەی مناڵانی کوردستان بریتی بو لە ڕەنج و تەقەلاو هەوڵی بێوچان، هەموو ئەو ئیش و کارانەی گەورە پێی هەڵدەستا هەڵۆش بۆ باربووی خێزانە هەژارەکەی هەر لە سەرەتای مناڵیەوە وەک پیاو ڕەفتاری دەکرد.

پاش ڕاگوێزانی گوندی سـەراو هەڵۆ گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دوژمنی فاشست تەنیا لە زمانی گوللە تێدەگا، بۆیە لە پێناوی بنبڕ کردنی چەوساندنەوە لە سەر نەتەوەکەی لە تۆڵەی کاول و وێرانکاری گوندە خۆشەویستەکەیدا لە ڕۆژی ١٩٨٠/١٠/١٠ دا گەیشتە سەرکردایەتی و لە کەرتی دوو بووە پێشمەرگە هەر لەو ماوەیەدا جوامێرانە بەشداری شەڕەکانی ئێرانی کردو ڕۆڵی کاریگەری لە نەبەردەکانی خدراوێ و ئالوەتان و کونە مشکەدا دیارو ئاشکرا بوو، هەر بۆیەش کرایە فەرماندەی مەفرەزە.

لە بەشێکی دیکەی چلەی شەهید هەڵۆدا نوسەر دەڵێ، شەهید هەڵۆ لە شارباژێڕ بەشداری هەموو نەبەردەکانی کەرتە دلێرەکەی و زۆربەی هەرە زۆری چالاکیەکانی تیپە قارەمانەکەی کردوو لە هەمو شەڕو پێکادانەکاندا جێگە دەستی دیار بوو، هەڵۆ یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی مەرگ لێی تۆقیبو گوللە سڵی لێدەکردەوە سەربازە بەزیوەکانی دوژمن زەندەقیان لە هێرش و پەلامارەکانی چو بوو.

هەڵۆ ئەوەندە بڕوای بە مەسەلە ڕەواکەی و بە خۆی پتەو بوو، ئەوی لە دڵی شێرانەو لەشی قاڵبوی کورەی ئێش و فکری زیندویدا جێگەی نەدەبوەوە ترس بوو لە دوژمـن، ترس ڕێبواریّ بو هەرگیز ڕێی نەدەکەوتە وولاتـی بەرینی دڵە ئاگرینەکەی هەڵۆ.

شەهید هەڵۆ بە چیایەک ورەوە بە دەریـایـەک بـاوەڕەوە بە دوو چاوی گەشبینەوە، بە دوو لێوی بەخەندەوە بەرەو شەڕو هێرش و پەلامارەکان دەبوەوە، کە سەرکەوتوانە لە هەر نەبەردێک دەگەڕانەوە، هاوڕێ پێشمەرگەکانی بەو پەڕی ڕێزو ستایشەوە باسی ڕۆڵی کاریگەرو گرنگی شەهید هەڵۆیان دەکرد.

لە بەشی کۆتایی چلەی شەهید هەڵۆ، نووسەر دەنوسێ:

هەڵۆی پەروەردەی داوێنی گمۆی سەرکەش، نەک هەر وەک گمۆ سەربەرزانە بەرانبەر دوژمن دەوەستاو خۆی ڕادەگرت بەڵکو وەک بورکان بە ڕووخساری دزێوی داگیرکەراندا ئەتەقیەوەو ڕاوی دەنان.

هەڵۆ لە مەرگیش دا باڵای وەک چنارەکانی سـەراو بـەرزو وەک دارگوێزە کەڵەگەتەکانی ڕەگی قوڵی بە خاکی کوردستان دا بڵاو دەکردەوە،

مـێژووی خوێناوی گەلی کـورد نـاچـارە بـە شـانـازیـەوە لـە لاپـەڕە گـەش و پرشنگدارەکانیدا بەندەنی واژە تۆمار بکات لە بەر ئەوەی هەڵۆی تیا شەهید بوو.

ئەگەر ژیانی کەسێکی ئاسایی بە مەرگ دوایی بێ، ئەوا ژیانی ئەبەدی هەڵۆ لە مردنیەوە دەست پێدەکات ئەوەی وەک هەڵۆ ژیانی بە چەوساوەکان ببەخشێ مەرگ هەرگیز زەفەری پێناهێنێ.

ناوی هەڵۆ، فکری هەڵۆ، ڕەفتارو ڕەوشتی نمونەیی و خاوێنی هەڵۆ، هەڵمەت و

هێرشی شێرانەی هەڵۆ، دەنگی زوڵاڵی هەڵۆ، هەرگیز لە پەردەی یادی هاوڕێکانی و جەماوەری ناوچەی شارباژێڕو گەلە سەر سەخت و کۆڵنەدەرەکەیدا نەک هەر کاڵبوونەوەو بیرچوونەوەیان بۆ نییە، بەڵکو لە داهاتودا لە سایەی کوردستانێکی ئازادکراودا شەقام و شانۆو قوتابخانەش ناوی هەڵۆیان لێدەنرێت.

## نـــیو کاتژمێر پێش گـــفتوگۆ

مەفرەزەیەکی کەرتی چواری تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە فەرماندەیی غەریب گەنکەیی جێگری فەرماندەی کەرت، پێش خۆرئاوا بوون لە ڕەبییەی پێش ماڵەکانی سورەقەڵاتیاندا، چالاکیەکەیان بە جیهاز دایە مەڵبەند، مەڵبەند وەڵامی دایەوە وتی بریا نەتانکردایە چونکە گفتوگۆ، مفاوەزاتە.

## گــفتوگۆی شـــۆڕش و مـــیری

ڕژێم لە شەڕی عێراق-ئێران شپرزە و تێکشکاوو هیلاک بوو شەڕی هێزی پێشمەرگە و ڕاگەیاندنی بەهێزو کاریگەری شۆڕش بڕستیان لە بەعس بڕیبوو، هێزی پێشمەرگە تەواو ڕژێمی ماندوو کردبوو، ڕاگەیاندنی شۆڕشیش لە ڕێگەی ئیزگەو بڵاوکراوەو گۆڤارو هەفتەنامەکانیەوە کاریگەری زۆری لە سەر سومعەی ڕژێم دانابوو، دەمامکی ڕژێمی هەڵماڵیبوو ڕووی ڕاستەقینەی ڕژێمی نیشان ئەدا، هەفتەنامەی «الشرارە» کە هاوشانی ڕێبازی نوێ و گۆڤاری کۆمەڵە و ڕزگاری و چەندانیتر بە زمانی عەرەبی دەرئەچو کاریگەری لە سەر خوێنەری عەرەب و ڕۆشنبیرانی عەرەب دانابوو، ئەوە جگە لەوەی لە ڕێگەی پەیوەندییە دبلۆماسیەکانی شۆڕشەوە دنیای دەرەوەش لە دڕندەیی و قێزەونی ڕژێم ئاگادارکرابوونەوە، بۆیە لە دۆخێکی وەهادا ڕژێم ناچار بوو داوای ڕاگرتنی شەڕو گفتوگۆ لە شۆڕش بکات، سەرکردایەتی یەکێتیش قبوڵیکردو گفتوگۆ دەستیپێکرد.

دوای ماوەیەکی کەم لە گفتوگۆ ڕژێم کەوتە پیلاندانان و شەهیدکردنی پێشمەرگە و سوتاندنی گوندو ئیهانەکردنی جەماوەر، لە پەنا گفتوگۆدا دەیان پێشمەرگە شەهید بوون.

## شـــەهید بوونی عوســمان مـــاوەتی

جـەلال خەڵکی گـونـدی سـەرگـەڵـوی نـزیـک ئـاوەکـورتـێ بـوو، لـە خێزانێکی نیشتمانپەروەر بوو، پۆلیس بوو لە شارباژێر، جەلال ژمارەیەک چەکی لە گەڵ خۆیدا بردبوو چوبووە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، ڕژێمیش لە تۆڵەی ڕفاندنی ئەو چەکانە و ڕۆشتنی جەلال بۆ ڕیزەکانی پێشمەرگە، بەهێزێکەوە بە سەرماڵی جەلالی دادابوو ماڵ و خێزانی جەلال و کەسووکاریان دەستگیرکردبوو، عوسمان ماوەتی و هەڤاڵەکانی کە ئەم هەواڵەیان بیست ڕێگەیان لێگرتن و لە بەندەنی واژە بۆیان دامەزران داوایان لە هێزەکەی سوپا کرد، بێ کێشە ئەو خێزانە ئازاد بکەن، سەرانی ڕژێم گوێیان بە قسەی پێشمەرگە نەدا، بۆیە شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و داگیرکەردا دامەزرا، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفسەرو سەرباز لە هێزەکانی داگیرکەر کوژران، عوسمان ماوەتی کە فەرماندەی کەرت بوو لە گەڵ پۆلێک پێشمەرگە شەهید بوون، دوو پێشمەرگەش بریندار بوون.

+ شەهید عوسمان ماوەتی فەرماندەی کەرت
+ شەهید وەیسە ناسراو بە لوقمان
+ شەهید محمود عەبدوڵلا ماوەتی
+ شەهید قادر گەنکەیی فەرماندەی مەفرەزە
+ شەهید عوسمان شانەخسێیی

شەهید محەیدین گرگاشەیی

ڕەحمان گرگاشەیی و ناسری حاجی عەزیز دوو پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٣٧ بریندار بون.

## هـــاتنی جەمالی حەمەی خـــواکەرەم

وەکو گۆڕانکاریەکی ئاسایی لە نێوان فەرماندەی تیپەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، عەلی چوارتایی کە فەرماندەی تیپی ٣٧ی شارباژێر بوو گواسترایەوە بۆ تیپی ٣١ی سلێمانی و جەمالی حەمەی خواکەرەمیش گواسترایەوە بۆ تیپی ٣٧ی شارباژێر.

## مـــەرزی مـــیراوا

ناوچەی شارباژێڕ ناوچەیەکی گرنگی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بوو لە گەڵ جمهوری ئیسلامی ئێراندا، بە تایبەت شارە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات، سەرەتا هەندێک باروو بارخانە لە گوندی کورەداوێ درووستکرابوون بەڵام دواتر بە یەکجاری مەرزەکە چووە میراواو ماوەیەک بارەگای کەرتی دوو بارەگای گومرگ لە مەرزی میراوا بوون، ئاڵوگۆڕی گەرم و گوڕی کاڵاو بازرگانی پتەوی نێوان عێراق و ئێران لە ڕێگەی مەرزی میراوا سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بوو بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە چەند ساڵێکی پڕ پیت و داهاتی خایاند.

میراوا گوندێکی شارباژێرەو بە گوندەکانی کورەداوێ و کونجرین و ئامادین و دارەبەن و لە بەشی سەرەوەشی بە گوندی سەراوو چیای سەرکەشی گمۆ دەورە دراوە، ئەو ساڵانە مەیدانێکی گرنگی ئابوری و ئاڵوگۆڕی کاڵاو پێداویستیەکانی خەڵکی بوو لە شەکرو چاو خەنە و پێداویستی هەمە جۆر.

## حـــیزبەکانی ڕۆژهـــەڵات

لە ژێر دەسەڵاتی ئەو کاتی تیپی ٣٧ی شارباژێردا ژمارەیەک لە حزبی بەرهەڵستکاری ئێران لە ناوچەکە بوون و چالاکی سیاسیان دەنواند لەوانە:

+ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران و حزبی کۆمۆنیست کە بارەگاکانیان لە چەمی کونجریندا بوو.

+ سازمانی خەبات لە ژێر سێبەرو دار مازوارەکانی گوندی میراوا بارەگایان دامەزراند بوو، پەخشی ڕادیۆشیان هەر لەوێ بوو.

+ موجاهدینی خەلْق، لە ناو مەرزی میراوادا بارەگایەکی بچوکیان هەبوو، چالاکی هەمە جۆریان ئەنجام ئەداو دواتر وایان نیشان ئەدا کە ئەم چالاکیانە لە ژێر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئەنجام دراون هەرواش لە ڕۆژنامە و ڕادیۆکەیاندا بڵاویان دەکردەوە، لە مەرزی میراواش ڕۆژنامەیان ئەدایە خەڵک بەڵام سەرجەم

دووکاندارەکان وەکو سفرە بەکاریان دەهێنا بۆ ئەوەی بیخوێننەوە.

ئەقەلیەت، حزبێکی بچوکی فارس زمان بوو.

ئەکسەریەت، حزبێکی بچوک و خێمەیەکیان هەڵدابوو.

ئە شرەفیەت، حیزبێکی بچوکی فارسی و خێمەیەک.

هەویەت، حیزبێکی بچوک، خێمەیەک، برادەرێکیان لە خێمەکە بوو بە ناوی «کاوس» دەمانچەیەکی شانزە خۆری پێبوو.

# تێکچوونەوەی گفتوگۆ
# هەڵگیرساندنەوەی شەڕ

## تـــێکچوونەوەی گـــفتوگۆ

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بە سەر گفتوگۆدا، دوای ئەوەی ڕژێم مامە ڕیشەو سەردارو موحسین و ملازم سەید کەریم و عوسمان ماوەتی و هاوڕێکانی شەهید کردو ئامادە نەبوو داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان و شۆڕش جێبەجێبکات، گفتوگۆی نێوان شۆڕش و ڕژێم کۆتایی هات، سەرکردایەتی شۆڕش دوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆ بە نەخشە و پلانی وردەوە، بەرنامەی دەست بەسەراگرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی دابان هەلاجی داڕشت و وەڵامێکی گورچک بڕی بەداگیرکەردا، لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە بە زنجیرە وتارێک هۆکاری تێکچوونەوەی گفتوگۆی شیکردەوە کتێبێکی بە ناوی «گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ میری» چاپ کردو هۆکارو پاڵنەرەکانی گفتوگۆی شیکردەوە.

## ســـەبارەت بە شەهـــید بوونی مامە ڕیـــشە

شەهید بوونی ئەو ژمارە پێشمەرگە و تێکۆشەرە، شەڕ فرۆشتنی بەردەوامی هێزەکانی داگیرکەر بە خەڵک و پێشمەرگە، دواجاریش شەهید بوونی مامە ڕیشە و سەردارو محسن جامی تورەیی جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی پڕ کردو پەتی ئارامی پسا.

هەر بۆیە مەکتەبی سیاسی (ی ن ک) بەیاننامەیەکی دەرکردو تیایدا تاوانی شەهید بوونی مامە ڕیشەی ڕیسوا کرد، هەر لەو بەیاننامەیەدا ئۆباڵی شەڕو کوشتن و کوشتاری خستە ئەستۆی سەرانی بەعس و ئیستیخباراتی عەسکەری و ڕایگەیاند (تۆڵە بە سەبرە ئەمما بەزەبرە) خەڵکی کوردستانی دڵنیا کردەوە خوێنی مامە ڕیشە و سردار و محسن بە فیڕۆ ناچێت.

## تـــالیب گـــەنکەیی

کادێری کەرتی ڕێکخستن بوو، پیاوێکی گورج و گۆڵ و وریا، کادێرێکی وشیارو تێگەیشتوو پێگەیشتوی کۆمەڵە بوو.

لە نێوان قوتابیان و وەڕاز سیمێک هەبوو بۆ پەڕینەوە، بەرەو بەردە زەردو

کەنارو چوارتا و ناوچەکانی دیکە، تاڵیب گەنکەیی شارەزای ئەمبەراوبەری چەمەکە بوو، چەندین جار لێی پەڕیبوەوەو ئەمبەراوبەری کردبوو، بەڵام دواجار لە کاتی پەڕینەوەدا سیمەکە ترازا بوو کەوتبووە ناو ئەو چەمە سەرە ڕۆیە.

چەمی سنکێ و باخی ئاشی، شەپۆلەکانی لە هەڵچون و داچوون و هاوارو هەڕەشەدا بوون، بە نیاز نەبوون بێ قوربانی دامرکێنەوەو ئارام بن، ناسرەون تا جەستەیەک ڕاپێچی سەرکێشیەکانی خۆیان نەکەن.

تاڵیب لە کاتی کەوتنە خوارەوەیدا بە گاشەبەردو چڵ و چەوێڵی ناوچەمەکەدا درابوو، بۆیە توانای بەرگی نەمابوو، پەلوپۆی لە جوڵە کەوتبوون، نەیتوانیبوو لە گەڵ بێ مروەتی گاشە بەردەکان و هێرشی شەپۆلە سەرکێشەکاندا بجەنگێ، ناچار گیانی سپاردو تەسلیم بە ئیرادەی سرووشت بوو، لە ٢/١٧/ ١٩٨٥، دوو ڕۆژ دوای داستانی دابان بۆ هەتایە چاوەکانی لێکنا، دوای دۆزینەوەی تەرمەکەی لە واژە بە خاکسپێردرا.

## پـــلانی ڕزگارکردنی مـــاوەت لە نـــەورۆزدا

جەبار فەرمان و عومەر فەتاح بە یاوەری پۆلێک پێشمەرگە هاتنە کونجرین و ئێوارەکەی لە ماڵی جەمالی حەمەی خواکەرەم فەرماندەی تیپی ٣٧ مانەوە، دوای نان خواردن لە گەڵ جەمالدا بەرەو ماوەت بەڕێکەوتن بە مەبەستی «استطلاع» پشکنینی ناوچەکە، تا بەرنامەو پلانی ورد دابرێژن بۆ دەست بەسەراگرتن و ڕزگارکردنی ماوەت لە دەستی ڕژێم، شەوێکی درەنگ وەخت گەیشتنە ماوەت، کاک جەمال چووە ماڵی ئەحمەد عبدالكريم کە ئەو کات ڕێبەری سیاسی تیپ بوو، دواتریش لە ماڵی خوشکی عومەر فەتاح یەکیانگرتەوە، لەڕێگا ناوی تازەیان بۆ خۆیان دانا تا خەڵک نەزانێت جەبار فەرمان و عمر فەتاح و جەمالی حەمەی خواکەرەم چوونەتە ماوەت بەڵام خەڵک ئەوانی هەر ناسیەوە،شەو لە ماوەت مانەوەو لە بەرە بەیانییەکی زوودا بەرەو ئەشکەوتەکانی دەوروو‌بەری ماوەت بەڕێکەوتن تا ئاوەدانی بکەنەوەو پێشمەرگەی لێدانێن و دواتریش ماوەت بگرن.

ئەحمەد عبدالكريم و ژمارەیەک پێشمەرگە لەوێ بەجێمان، ڕێکخستنەکانیش ئاگادار کرانەوە تا ڕاخەرو خواردن و پێداویستی بهێنن و ئەشکەوتەکان ئاوەدان و ئامادە بکەن بۆ جێگیربوونی پێشمەرگە و دواتر دەست بە سەراگرتنی ماوەت.

دوای ئەو هەموو ڕێوشوێن و ئامادەکارییە، بۆ ڕزگار کردنی ماوەت بڕیارەکە هەڵوەشایەوە، چونکە ڕژێمی عێراق هەڕەشەی وەشاندنی چەکی کیمیایی کردبوو ئەگەر بێت و پەلاماری ماوەت بدرێت.

## لـــێدانی جاشەکانی قـــەڵاچواللان، بـــــەهاری 1985

بەهاری ساڵی ١٩٨٥ حکومەتی عێراقی دەیویست ناوچەکە بکاتە مۆڵگەی جاش و جاشایەتی بکاتە دیاردەیەکی ئاسایی و خەڵکی لە سەر ڕابێنێ، لە موصڵەوە زێباری و هەرکی و سورچیان هێنابووە ناو قەڵاچوالان وەکو سەربازگە و مۆڵگەی جاشیان لێکردبوو، خێمەیان هەڵدابوو.

جەبار فەرمان لێپرسراوی مەڵبەند کەرتەکانی کۆکردەوە تا جاشەکان تەمێ بکەن، هێمن سەراوی، مەجیدی حاجی عەلی، فەرماندە کەرت و ئاوات واژەیی و عەزیزی حاجی کەریم جێگرانی فەرماندەی کەرت، شەریفی قورئانی تۆپخانەی لە نزیک ئۆردوگای قەڵاچواللان دامەزراندو خێمە و مۆڵگەی جاشەکانیان تۆپبارانکرد، لە هەموو لایەکەوە لە ڕەبییەو مۆڵگەی جاشەکانیان دا گورزی کوشندەیان لێوەشاندن، بۆ ڕۆژیی دوایی جاشەکان گەڕانەوە.

## چـــــالاکی هـــــاوبەش 1985

دوو ڕۆژ پێش ئەنجامدانی چالاکییەکە ئـاوات واژەیـی دەستنیشانی جێگە کەمینەکانی داگیرکەری کرد ئەو کەمینانەی ڕۆژانە دەهاتنە سەرجادەی قەڵاچوالان واژە، ئاوات نەخشەی شەڕەکەی دارشت، جێگەی پێشمەرگەکانی دەستنیشانکرد، چەند پێشمەرگە پێویست بوو بۆ جێگە کەمینەکانی داگیرکەر هەژماری کرد و گەڕایەوە.

بۆ سەر لە بەیانی ڕۆژی دواتر هێمن سەراوی، مەجیدی حاجی عەلی، ئاوات واژەیی فەرماندەکانی پێشمەرگە و دەیان پێشمەرگەیتر بەرەو شوێنی چالاکییەکە هاتن و پێشمەرگەکانیان بە سەر ناوچەکەدا دابەشکرد مەفرەزەیەک لە دڕەڵەوە چووە بەری گەنکاوا بەرانبەر قەڵاچوالان، لە شوێن کەمینەکانی دوژمن پێشمەرگەیان دانا، چەند سەربازێک ڕۆژانە دەهاتن بۆ ئاو کەمینێکیان بۆ ئەوانیش دانا.

چۆن بەرنامە دانرابوو هەروا جێبەجێکرا، بەیانی لە شەش قۆڵەوە کەمینەکان هاتن، زیلێکی سەربازی دایبەزاندن هەر شوێن کەمینەو دوو سەربازیان بۆ دابەزاند، پێشمەرگەش لە گردەکان، شوێن کەمینەکان دامەزرابوون.

بە یەک جار لە سەرجەم کەمینەکانیاندا، شەڕ دەستیپێکرد، کەمینی ئاوەکە کوژران، دوو چەک و هێسترێک گیران، لە شوێن کەمینێکیترەوە دوو سەرباز کوژران و چەکێک گیرا، کەمینی بەری گەنکاوا لە قافڵەکەیاندا ڕێگەی پێشڕەویان لێگرت.

سەربازێک بە سەر پلە بەردێکەوە بوو ئەو دوو پێشمەرگەیەی چوبوونە ئەو بەر ڕێگەی نەئەدان بگەڕێنەوە.

یەکێک لە پێشمەرگەکان چووە سەر سەری سەربازەکە، کوشتی و چەکەکەی هێنا، جمووجوڵ نەما، پێشمەرگە پاشەکشەیانکرد بۆ ناو ماڵەکانی واژە، کۆپتەرو سوپا گەیشتە واژە، پێشمەرگە چوونە خوارەوە بۆ چەمی سنکێ، لە ناو باخەکانی سنکێ دانیشتبون ڕادیۆ F.M یان پێبو، هێمن سەراوی لە سەر جۆگە ئاوەکە دانیشتبوو قاچی خستبووە جۆگەکەوە گوێی لە F.M ڕادیۆکە گرتبوو کۆپتەرەکە قسەی لە گەڵ سوپاکە دەکرد دەیانوت ژمارەیەک خەڵک ڕایانکرد هاتنە ناو باخەکەوە، کۆپتەرەکان دەیانوت منالن، فەرماندەی سوپاکە بە کۆپتەرەکەی دەوت لێیان دەن گوێ مەدەنە منال، کۆپتەرەکە دەسرێژیکرد چەند تراکتۆرێکی سووتاند، فەرماندەی سوپاکە فەرمانی پێکرد جارێکیتر لێیداتەوە با چەرە دووکەڵ هەستێ.

لەو شەڕەدا ڕژێم کوژراوی زۆری هەبوو، پێشمەرگە سەرکەوتوو بێ زیان بوون، گوندی واژە زەرەری مادی لێکەوت.

## شــــەهیدکردنی یاسین عـــــومەر

شەوی ٩-١٩٨٥/٤/١٠ یاسین عومەر پێشمەرگەی کەرتی دووی تیپی (٣٧) شاربازێڕ بەکاروباری شۆڕش چوبووە ئۆردوگای کەنارو چەند چەکدارێکی پارتی بۆسەیان بۆ دانا و شەهیدیانکرد.

لەتۆڵەی شەهید یاسین عومەر عەلی مەفرەزەیەکی هاوبەشی کەرتەکانی ١٥ هەورامان و مەفرەزەیەکی یەکێتی شۆڕشگێڕان بۆسەیەکیان بۆ ١١ چەکداری پارتی دانا، چەکدارێک کوژراو یەکێک برینداربوو، ٩ چەکداریش بەدیلگیران.

دەستکەوت ٢ ئاربی جی، ١ ڕەشاشی ژێرسێ، ٧ کلاشنکۆف، ١ ژێرسێ.

## داســــتانی کـــــەتوو

مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٥ سوپای عێراق بە پشتیوانی تۆپ و دەبابە و کۆپتەرو گەلەجاشێکی زۆر هێرشیکردە سەر پیری شەوکێڵ و دوای بەرگریەکی قارەمانانە عەلی چوارتایی فەرماندەی تیپی ٣١ی سلێمانی شەهید بوو.

دوا بەدوای شەڕی پیری شەوکێڵ جارێکی دیکە ڕژێم هێرشی هێنایەوە سەرچیای کەتوی گەورە و کەتوی بچوک، لە شەڕی بەرگری لە چیای کەتودا کە چەند ڕۆژێکی خایاند، بەشێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ی شاربازێڕ بەشداربوون بە فەرماندەیی مەجیدی حاجی عەلی فەرماندەی کەرتی چوار و ڕەحمان سیتەکی فەرماندەی کەرتی یەک، ڕۆڵی دیارو بەرچاویان بینی لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ڕژێمدا.

لە داستانی کەتودا کاک جوامێر کرابووە فەرماندەی تیپی ٣٧ی شاربازێڕ و جەمالی حەمەی خواکەرەم لە تیپی ٣٧ی شاربازێڕ نەمابوو، گۆڕانکاری بە سەر بەشێک لە فەرماندەی کەرتەکاندا هاتبوو.

## پـــــەڕینەوە بەری کـــــەتوو- دۆڵـــــــەتوو

مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٥ جاش و سوپای عێراق هێرشیانکردە سەر چیای کەتو- پیری شەوکێڵ و شەڕێکی قورس و گران ڕوویدا، هێزەکەی دوژمن کە لە دەیان

دەبابە و سوپاو جاشێکی زۆرو چەندین کۆپتەر پێکهاتبوو لە پیری شەوکێڵ پێشی لێگیراو گورزی کوشندەیان لێدا، لە شەڕێکی سەخت و دژواردا عەلی چوارتایی فەرماندەی تیپی ٣١ی سلێمانی شەهید بوو.

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ وەک هەمیشە هێزی گورج و گۆڵ و ئازا بۆ بەشداری و بەدەنگەوە چوونی پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی پەڕینەوە مەیدانی شەڕەکە.

چونە سیرەمێرگ و نانی ئێوارەیان لە گەنکاوا خواردو بەرەو تەگەران بەڕێکەوتن، کاتژمێر ٣ی شەو گەیشتنە پشتی دۆڵەتوو، هێزی تیپی ٣٧ بە فەرماندەیی کاک جوامێر بوو، شارەزا نەبوون، خواردنیان پێنەبوو، بێ خۆراک و پێداویستی بوون، تەنها ئاوی مەتارەکانیان پێبوو.

دنیا بەرەو ڕوون بوونەوە دەچوو، هێواش هێواش شەوگار ملی دەشکا و خۆی ڕادەستی بەیانی دەکرد، ووتیان شێخ حسەین و حەمەمینی خەجێ لە خوارەوەن لە دۆڵەتوو، کاک جوامێر چووە خوارەوە.

پشتەوەیان سەر شاخی کاناصر بوو، کاناصر شاخێکی بەرزو ڕووتەنی ناوچەکەیە، بەرزو سەخت و یاخییە، ڕۆژی پێشووتر جاش سەرکەوتبوونە سەر شاخەکەو گرتبوویان، حەمەی حاجی سەعیدو عومەرە سورو ئازادی کوێخا حەسەن و وەستا فاروق بڕیاریاندا دوای نیوەڕۆ هێرش بکەن بۆ شاخەکە و لە دەستی جاش دەری بێنن.

کەوتنە کاتژمێر ١٠ی پێش نیوەڕۆ لە خوارەوە تەقەیان لێدەکرا، جاشەکان وتیان ئێمە پێشمەرگەین، بەڵام بەدییان کردن جلی بەڵەکیان لە بەردابوو زانیان جاشن.

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە، ئەحمەد R.B.K، وەستا فاروق، حەمەی حاجی سەعید، حامید ماشانی، هێمنە بچکۆل، عومەرە سور، لاوە مرانەیی هێرشیان کردە سەر جاشەکان و تا پشتی تەنکە بوار ڕاویان نان، پێشمەرگە فیشەکیان پێنەما، تواناشیان نەمابوو، چونکە دوو ڕۆژ بو نانیان نەخواردبوو.

کاک جوامێر سەرکەوتبووە لایان بەڵام پێشمەرگەکان لەوێ نەمابون گەڕابوەوە بۆ دۆڵەتوو، چەند پێشمەرگەیەک وتیان توانامان نەماوە دەچینە خوارەوە بۆ

دۆڵەتوو، بەڵام دەبێ ئەو برادەرانەی سەرەوە ئاگادار بکەینەوە.

وەستا فاروق وتی ئەگەر یەکێکتان کەمێک ئاوم بداتێ من ئەچم بۆ لایان، نیو پیاڵەیەک ئاویان دایە، عومەرە سور وتی منیش دێم لە گەڵت، کە چوونە سەرەوە ئازادی کوێخا حەسەن و ڕەحمان سیتەکی لەوێ بوون، ڕەحمان سیتەکی دەیوت بە شاخەکەدا پاشەکشە دەکەین، وەستا فاروق وتی بەو شاخەدا هەر تۆپ کوێرمان دەکات بۆیە لە شاخەکەوە نەڕۆیشتن.

تۆپبارانێکی سەخت و بێ ئامان بوو، وەکو تاوە تەرزەی بەهار تۆپ لە شاخ و کێوو بەندەنی ناوچەکەی ئەدا بە جۆرێک لە تەنها چرکەیەکدا ٢٠ تۆپ لە زەوی ئەداو ٢٠ی تریش بە ئاسمانەوە بوون، ٥ کەتیبەی تۆپ، تۆپبارانی ناوچەکەی دەکرد.

بڕیاریاندا بە دۆڵەکەدا پاشەکشە بکەن، بەڵام خێراو بێ وچان، چونکە جاشەکان شوێنەکەیان دەگرت و ئەوانیش لە دۆڵەکەدا گەمارۆ دەدران، بۆیە بە پەلەو خێرا پاشەکشەیان کرد، هەندێک جار قاچیان تێک دەهاڵا دەکەوتن و هەڵدەستانەوە، پێشمەرگە گەیشتنە دۆڵەکە و جاشەکان ڕەزو دارستانەکەی پشتەوەیان گرتبوو، شوێنی پێشمەرگەکان تەخت بوو هەر بن کەڵەکێکی لێبو، پێشمەرگە خۆیان لێ حەشاردا بەڵام دەبوایە بڕۆن چونکە گەمارۆ دەدران.

وەستا فاروق وتی من دەڕۆم بۆسەکە دەشکێنم، تایەرە سوری مرانێ و ئازاد وتیان ئێمەش دێین لە گەڵت، یان دەکوژرێین یان دەردەچین، ڕێگە هەر ٢٠٠ مەترێک دەبوو، تا دەرچن و لە چاوو جاسوسی جاشەکان ون بن، پێچ و ملەیەک بوو لەوێ دەرچوون، بەڵام جلەکانیان وەکو بێژنگی لێهاتبوو هێندە گوللەی بەرکەوتبوو بەڵام گۆشتی نەگرتبوو، لە ملەکە دەرچوون مەفرەزەیەک پێشمەرگە بەرەو لای ئەوان هەڵدەکشان، بەکر فەتاح، کەمال گەرمیانی، مامە عەبەو فایەق ئاڵەکی بوون، بە B.K.C لە جاشەکانیان داو کەمینەکەیان شکاند، لەو ماوەیەدا ٩ پێشمەرگە بریندار بوون، مینەی مەلاو حەمە بێورەیی، هەژارو جەبار لە بریندارەکان بوون.

پاشەکشەیان کردو گەیشتنە گورگەیەر، ١٥ کاتژمێر بوو نانیان نەخواردبوو،

ئاویان خواردەوە هەموو قورگیان قڵیشابوو چەند ڕۆژێک توانای قسەکردنیان نەبوو.

دوای پشویەکی کورت لە گورگەیەر هەواڵ گەیشت حکومەت هێرش دەکات، هاتنە پشتی ئاڵەسیاو لە شەڕی پیری شەوکێڵ جەمال مەولود شەهید ببوو، دوای ئەویش سالار قادر و چەند پێشمەرگەیەکی تر شەهید و بریندار بوون.

## لــــێدانی مۆڵگەی جـــاش

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ شارباژێڕ لەشەوی ٢٩-١٩٨٥/٥/٣٠ چوونە ناو ئۆردوگای قەڵاچوالان، ماوەی سێ کاتژمێر بەهاوەن و ئابی جی و چەکی هەمەجۆر لە مۆڵگەی جاشەکانیاندا.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ١١ جاش و ٢ سەرباز، برینداربوونی ٦ جاش، شکاندنی ٣ ئۆتۆمبێلی جاش

پێشمەرگەیەکیش برینداربوو.

لە تۆڵەی ئەو چالاکییەدا ڕۆژی دوایی دوژمن بە تۆپی دوورهاوێژ تۆپبارانی کوڕاداوێی کرد.

## بـــەرەو برزوت- بـــایلۆسە 1985/8/1

هەموان تاقم و تفەنگیان بەست و ئامادەبوون بەڕێکەون بەرەو ئەرکێکی پێشمەرگانە لە برزوت- بایلۆسە، کەڵکی قامیش، سەفرە، ئێوارەیەک هێشتا تارمایی لە نزیک بەدیدەکرا، وردە وردە دنیا تاریکی دەپۆشی و باڵی ڕەشی بە سەر نیشتماندا دەکێشا، پێشمەرگەکانی کەرتی یەک و دووی تیپی ٣٧ مەسافەیان وەرگرت و لە ڕێگەی کێلێ وە بەرەو دۆڵبێشک پەڕینەوە.

سوارە پێشمەرگەیەکی چوارشانە و لەش و لار پتەوی تیپی ٣٧ بوو، بە جارێک هەزار فیشەکی B.K.C لە خۆ دەبەست، گورج و گۆڵ و خێرا بوو لە ڕۆیشتنا.

سوارە چەندە گورجوگۆڵ و ئازا بوو، هێندەش زۆر خۆرو زیاد خۆر بوو، لە ژەمێکدا بەشی چەند ژەمێکی پێشمەرگەی دەخوارد.

بەر لە پەڕینەوە بەرەو دۆڵبێشک، پێشمەرگە ڕوویانکردە چایخانەکەی سەرکەند تا نانێک بخۆن و دواتر بپەڕنەوە بەری دۆڵبێشک، لەوێشەوە بۆ برزوت و بایلۆسە سوارە پێش پێشمەرگەکانی دیکە چو بووە چایخانەکەی سەرکەند، هەرچی هەبو خواردبوی لە تشریب و گۆشت، پێشمەرگەکان ڕوویانکردە چایخانەکە بۆ نان خواردن داوای نانیان کرد وتیان نەماوە، هەرچی مابوو ئەو برادەرەتان خواردی.

دوو دوو پێشمەرگە مەسافەیان وەرگرتبوو لە جادەی قیری کێلێ دەپەڕینەوە، هەنگاوەکان بەرەو دۆڵبێشک هەڵیگرتن.

لە دۆڵبێشک دابەشیماڵەکان بوون بۆ نان خواردنی ئێوارە، ماڵەکان چۆڵیان کردبوو تەنها ژن و مناڵ و مێردمنداڵ لە ماڵەوە بوون، وایانزانیبو جاش هاتۆتە دۆڵبێشک، چەند شەوێک لەوەو بەر هەندێ جاشی چڵکاوخۆر هەڵیانکوتابووە سەر ماڵی خەڵک لە دۆڵبێشک ئازاری خەڵکیان دابوو، دواتر کە زانیان پێشمەرگەی تیپی ( ٣٧ ) ن، گەڕانەوە ماڵەکانیان، دوای نان خواردن و پشویەکی کورت بەرەو قامیش ڕۆیشتن.

دۆڵبێشکەکان ژمارەیەک دێی جوان و دڵگیرن، لە دۆڵبێشکی شێخان دەست پێدەکات دۆڵبێشکی شێخان، دۆڵبێشکی شێخ حسێن، دۆڵبێشکی حاجی هەباس، دۆڵبێشکی مام خۆشی، دۆڵبێشکی حاجی قادری دڕی.

سەبارەت بە دۆڵبێشکەکان نوکتەیەک هەیە پێشمەرگەیەکی گەرمیان سوار تراکتۆرێک دەبێت بە دۆڵبێشکەکاندا تێدەپەڕێت، یەکەم دۆڵبێشک پرسیار دەکات دەڵێ ئێرە کوێیە، شۆفێری تراکتۆرەکە دەڵێ ئێرە دۆڵبێشکە، لە دۆڵبێشکی دووەم و سێیەم و چوارەم دەپرسێ شۆفێرەکە دەڵێ دۆڵبێشکە لە دۆڵبێشکی پێنجەم دەپرسێ هەر دەڵێ دۆڵبێشکە، کە دەگەنە قامیش پێشمەرگەکە دەڵێ ئێرە کوێیە، شۆفێرەکە دەڵێ قامیشە، پێشمەرگەکەش دەڵێ نەخێر ئێرەش هەر دۆڵبێشکە.

شوێن سەنگەرەکانی پێشمەرگە کەڵکی قامیش، سەری برزوت و بایلۆسە، داری ئەحمەد ڕۆمی، سەفرە بوون، نزیکەی مانگ و نیوێک تیپی ٣٧ لە سەر شاخ مانەوە.

## کـــــەڵکی قـــامیش

ماوەیەک پێشمەرگە لە کەڵکی قامیش بوون، بارەگای کەرتی یەک و کەرتی دوو لەوێ بوو، لە نێو دارو نزاری کەڵکی قامیش، پێشمەرگە جێگەی حەوانەوەیان دروست کردبوو، هەندێک لە پێشمەرگەکان لە ناو قەدی دارەبەنەکان بە گەڵا هەرزاڵیان دروستکردبوو بۆ خەوتن.

## شـــــەوانی برزوت- بـــایلۆسە

لە سەرکانی مام خۆشی هەواریان هەڵدابوو ڕۆژانە کەمینی پێشمەرگە دەچووە داری ئەحمەد ڕۆمی، و شەوانیش لە ئەحمەد ڕۆمی دەمانەوە، سەر شاخی بەرزو بڵندی ئەحمەد ڕۆمی بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەیڕوانی، لایەک نیگاکانی بەرەو ماوەت و چیای گوڵێ ڕاکێش دەکرد لایەکیتر بە سەر سەرو پەرچەمی قامیش دا پەخشان دەبوو، سڵاوی لە گۆجاڕ دەکرد.

شەوانی برزووت، ساردو هەندێک جاریش ڕەشەبا بوو لە گەرمترین مانگی ساڵدا دەبوو لە برزوت و بایلۆسە بالیفێک یان بەتانیەکت هەبێ بیدەیت بە خۆتا، کوێستانی برزوت بایلۆسە یەکێکە لە کوێستانە دڵڕفێن و تەڕەکانی شینکایەتی، ڕەزو باخ و ترێی ئەوێ بەناوبانگ و شیرینە.

قەدپاڵ و لاپاڵەکانی برزوت، دارمێوو ڕەزی پڕ پیت و بەهان، پەڵە ترشەکانی برزوت، ترشی سماق، لە بەناوبانگترین پەڵە ترشەکانی کوردستان هەژمار دەکرێن، ترێی کشمیشی برزوت بایلۆسە شیرین و ڕەنگێکی سپی و ئاڵ باوی کەم وێنەیە مرۆڤ لە خواردن و لە سەیرکردنی تێر نابێت.

بەو قەدپاڵ و لاپاڵەوە ڕەزو باخچەی ترێ، پەڵە ترشی ئەو کوێستانە هەڵواسراون، بە سنگ و بەرۆکی وێوە شۆڕبوونەوە، بوونە ملوانکەو گەردانەو سینە پۆش و سینە ڕێزی ئەو چیایە، برزوت و بایلۆسە دەڵێی جوانترینماڵی دنیایە.

## کـــانی مام خـــۆشی

کانی مام خۆشی بە گەردنی برزوت و بایلۆسەوە لە دامێنی سەری بەرزی ئەحمەد ڕۆمی هەڵکەوتووە کانییەکی فێنک و سازگار و شیرین، هێندە سارد بوو بۆڵە تریێ کشمیشیەکانی برزوت لە ناویدا شەقیان دەبرد، ڕەنگی بۆڵە ترێکان لە ناو کانی مام خۆشیدا ئاڵ دەبوون، تا لە سەرمادا دەتەزین، ئەو جا ئیتر دەقڵیشان و شەقیان دەبرد، کانیەکەیان پڕ دەکرد لە جوڵە و لەنجە.

پێشمەرگە ڕۆژەکانیان لە سەرکانی مام خۆشی بە ئێوارە دەسپارد، ئێوارەش بە تارمایی و تاریکی شەو، نان خواردنی بەیانی، نیوەڕۆ ئێوارە لە سەر کانی مام خۆشی بوو، ڕۆژەکانی سەرکانی مام خۆشی هەر دانیشتن و پشوو نەبوو هەر وەک شەوانیشی هەروا بە بێدەنگ تێنەدەپەڕی هەندێک شەوی خامۆش و بێدەنگی، گوێیەکانت بە چرپەی گەڵاو سریوەی باو دەنگی باڵدارە کێویەکانی پڕدەبوو، هەندێک شەویش بە گۆرانی و قسە خۆشەکانی ناسری شاکەرەم ملی شەوگاریان دەشکاند.

## هـــاوڕێ ســـــۆران

هاوڕێ سۆران کادیری ڕێکخستنی کەرتی یەک بوو، پیاوێکی ڕۆشنبیرو چەپێکی پێشکەوتنخواز بوو، کرۆکی کۆمەڵە لە ناخیدا بوو، لە سەر مەسەلە چینایەتی و کوردستانیەکان ڕۆشنبیریەکی قوڵی هەبوو، لە قسە کردندا وردو بە سەلیقە بوو، لە ڕیزکردن و بەیەکەوە بەستنەوەی بابەتەکاندا شارەزا بوو، زۆر شارەزایانە شیتەڵی فکری کۆمەڵەی دەکرد، چەپێکی واقعی بوو، چەمکەکانی مارکسیزم، لینینیزمی لە گەڵ دۆخی کوردستان و شۆڕشدا دەگونجان، گوڵبژێری دەکرد لە هەموو ئەو ڕستەو دروشمە نەگونجاوانەی کە چەپەکانی دنیاش گیرۆدەی بوون، ئەوەی پێیان دەوت نەخۆشی چەپڕەوی منالانە، یان بانچەپ.

هاوڕێ سۆران چەند ڕۆژ جارێک کۆبوونەوەی سیاسی بە پێشمەرگە دەکرد، بەرنامەی کۆمەڵەو یەکێتی شیدەکردەوە، لە سەر دۆخی پێشمەرگە و شۆڕش ڕادەوەستا زۆر زیرەکانە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرد، ئەوە جگە لەوەی ڕۆژانە گفتوگۆو موناقەشەی بەردەوام هەبوو.

## مـــحەمەدی حاجی ســــــەعید

یەکێک لە فەرماندەکانی ئەو ڕۆژانە محەمەدی حاجی سەعیدی چوارتا بوو، ئەو سەردەمە فەرماندەی مەفرەزە بوو، فەرماندەی کەرت و جێگری کەرت و مەفرەزەی تر لە گەڵ هێزەکە بوون، بەڵام ئەوەی فەرماندەی یەکەم و دڵسۆزی پێشمەرگە بوو محەمەدی حاجی سەعید بوو.

گەنجێکی ڕۆشنبیر، ئازا، خاوەن ڕەوشتی بەرزی پێشمەرگانە، بوێرو چەلەنگ و دڵسۆز، سادە و خاکی، خۆشەویستی پێشمەرگە، لە هەڵمەتدا بەورو وێزو یەکانە بوو، کام ڕەبیە و مۆڵگە بەرزو سەخت و یاخی بوو لە بەردەم هەڵمەتی حەمەی حاجی سەعیددا خۆی ڕانەدەگرت.

حەمەی حاجی سەعید جگە لەوەی فەرماندەیەکی پێشمەرگانەی بێ نمونە و کەم وێنە بوو، کادێرێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵەش بوو، لە سەر کانی مام خۆشی هاوشانی هاوڕێ سۆران چەندین بابەتی فکری و سیاسی بۆ پێشمەرگەکان باس دەکرد، خوێنەرێکی بەردەوامی پەرتوک و ئەدەبیاتی کۆمەڵە بوو، پیاوێک لە فکرو دەست و تفەنگی لە هەڵمەت دا دەبوونە یەک، فکرو تفەنگ، دوانەی قەڵەم و جەنگ.

## نــــــــاسری شـــاکەرەم

شەوانی برزوت بێ قسەی خۆش و گۆرانی تێنەدەپەڕی هەندێک شەو کۆرسی گۆرانی و قسە خۆشەکانی ناسری شارەکەم دنیای دەهێنایە جۆش و بە سەر سەری برزوتەوە دارو بەردیش وەکو درەختەکان لەنجە و سەمایان دەکرد.

پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ ناسری شارەکەمیان خۆشەویست، هەموان وەکو پورەی هەنگ لە دەوری کۆدەبوونەوە، هەتا ناسر قسەیەکی خۆش دواین نوکتە، وەکو نوقڵی ترش و شیرین بڕژێنێتە دەمیانەوە، ناسر جگە لە قسەی خۆش، پێشمەرگەیەکی تێکۆشەرو کۆڵنەدەری هێزی پێشمەرگە بوو.

## بــــەرەو ســــــەفرە

دوای برزوت و بایلۆسە تیپی ٣٧، کەرتی یەک و دوو چونە سەفرە، ماوەیەکیش لەوێ مانەوە، دواتر گەڕانەوە تیپی ٣٧.

لە دۆڵی سەفرە و زەرون جگە لە هێزەکانی (ی ن ک) موجاهیدینی خەڵک، حزبی دیموکراتی ئێران، چریکی فیدایی ئێران، بارەگاو شوێنی مەشق و نەخۆشخانەیان هەبوو، ناوچەکە جمەی دەهات لە حزبەکانی ڕۆژهەڵات.

## مــــــەرزی ســــــەفرە

مەرزی سەفرە هاوشانی مەرزی میراوا لە شارباژێر، مەرزێکی پڕ جوڵەی ئابوری بوو، بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات، یان ئێران و شارەکانی کوردستانی عێراق داهاتێکی زۆرو گەورەی بە قەبارەی ئەو سەردەمە بۆ پێشمەرگە و شۆڕش دابین دەکرد، مەرزی سەفرە تا نزیک بە ئەنفالەکان جوڵەی تیادا بوو، بەڵام هێرشی بەربەریانەی ئەنفال و شەڕەکانی پێش ئەنفال لە گەڵاڵە ناوچەکەیان بەرەو چۆڵەوانی بردو مەرزەکەی سەفرەش کۆتایی هات.

## شــــــینکایەتی

ناوچەی شینکایەتی بە گشتی و قامیش و سەفرەو زەرون و چەند گوندێکی ناوچەکە، داهاتی ساڵانە و ڕۆژانەیان لە سەر بەرهەمی ترش و ترێ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات و بازرگانی ئەمدیواو دیوی سنور بوو، جگە لە پێداویستی خۆیان، پێداویستی بەشێک لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانیان دابین دەکرد، ئەوە جگە لە ماست و شیرو هێلکە و بەرهەمی ئاژەڵ و بەخێوکردنی مریشک و پەلەوەر و کشتوکاڵ.

پێشمەرگەکانی جەولەی برزوت بایلۆسە سەفرە پێکهاتبون لە هەر یەک لە:

+ محەمەدی حاجی سەعید
+ هاوڕێ سۆران

+ ڕەحمان سیتەکی
+ هێمنە بچکۆل
+ ناسری شاکەرەم
+ تایەر وەڕازی
+ جەلال شارەزوری
+ مینەی مەلا
+ سوارە
+ ئازاد سەراوی
+ فازیل
+ ئارام
+ فاروق
+ جوتیار هەولێری

چەند پێشمەرگەیەکیتر...

## شـــەهید کردنی پێنج هـــاوولاتی

مەفرەزەیەکی تیپی (٣٧) شارباژێڕ لە ١٩٨٥/٨/٢١ لەسەر جادەی نێوان قەلاچوالان سورە قەلات بۆسەیەکیان دانا.

کاتژمێر (٨)ی بەیانی جێب قیادەیەک کەوتە بۆسەکەوەو گوللەبارانیانکرد لەئەنجامدا جێبەکە وەرگەڕا و سەربازەکانی ناوی کوژران.

زیانی دوژمن کوژرانی ٥ سەرباز بوو.

دوای شەڕەکە دوژمن هاتە شوێنی کوژرانی ٥ سەربازەکە، ٥ هاوولاتی لە ئۆتۆمبێلێکدابوون بەرەو ماوەت دەڕۆریشتن، ٥ هاوولاتییەکەیان لە ئۆتۆمبێلەکە داگرت و شەهیدیانکردن پاشان کۆپتەر پەلاماری دێی مارە ڕەشیداو دوو پێشمەرگە و هاوولاتییەک بریندارbوون.

## بـــەرەو ســــەرگەڵو

ئێوارەی ١٩٨٥/٩/١٩ دەنگی تەقە لە نزیک بێتوات و سنکێ دەگەیشتە گوێ، نزیک بە نیو کاتژمێر درێژەی کێشا، دواتر دەنگی تەقە نەماو بێ دەنگی باڵی کێشا بە سەر ناوچەکەدا.

دەمەو ئێوارە بوو چاوەڕێ بوین خۆر بەرەو کزی و لاوازی بچێت و لە سەر کەندەوە بەرەو سەرجادەی کێلێ بڕۆین و لەوێشەوە بپەڕینەوە بەرەو دێیەکانی دۆڵێ و دواتریش سەرگەڵو.

من (ئـازاد ســەراوی) نوسـەری ئـەم کتێبە، کـاک بەکر فـەتـاح لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، عوسمان (ئاپۆ) چوارتایی، لاوە مڕانەیی، دەمەو خۆر ئاوابون بەرەو سەرجادەی کێلێ بەڕێکەوتین، هێشتا ڕەش و سپی لێک جیادەکرایەوە، ڕۆژ هەناسەی تیا مابوو لە جادەی کێلێ پەڕینەوەو ملی ڕێگەی دۆڵبێشکمان گرتەبەر.

لە خوار شاخی ڕەزانەوەو بە چەمەکەی کێلێ دا هەنگاوەکان هەڵیگرتین، بەدەم ڕێوە قسەو باس و هەندێک جاریش شیعر وتن، وشـەو پیت و دێڕ ڕێکخستن گەیاندینیە دۆڵبێشکی شێخان، بە سەر شوانە ڕێ و ڕێگاکانی پشتی دۆڵێکی گەورەو فراواندا تولەڕێیەک شوانە ڕێیەک دەستت دەگرێ و دەتباتە دۆڵبێشکی شێخان.

بۆ پشویەکی کورت لە دۆڵبێشکی شێخان و لە یەکەم ماڵی سەرەڕێ لاماندا دوای وەرگرتنی هەناسەیەک دۆڵبێشکمان بەجێهێشت و بـەرەو کونە ماسی کەوتینە ڕێ.

نێوان کونە ماسی و دۆڵبێشک هەر چەند کیلۆ مەترێکە بە ماوەیەکی کەم ڕێکردن گەیشتینە کونە ماسی چوینە ماڵی کەسایەتی نـاودارو بە ناوبانگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ و نانی ئێوارەمان لەوێ خواردو پشویەکمان دا.

محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ کەسایەتیەکی دیاری کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێی بێژوێ بوو لە سنوری سەردەشت، پیاوێکی نیشتمان پەروەرو کوردپەروەرێکی ناسراو بوو، لە سەرەتای شۆڕشی نوێوە هاوکارو پشتیوانی

(ی ن ک) و دۆستی نزیکی هەڤاڵ مامجەلال بوو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاوکارو پشتیوانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات بوو، لای هەموان خۆشەویست و خاوەن ڕێز بوو، هەر لە بەر هەڵویستی کوردانەی لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران دا دەرفەتی مانەوەی نەبوو بۆیە هاتبووە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو لە دێی کونە ماسی نیشتەجێبوو.

محەمەدی مەلا عەلی لە ١٩٨٦/٩/٢ و بۆ گەیاندنی وەڵامی سەرکردایەتی (ی ن ک) چوبووە ناحیەی کارێزەو ڕاسپاردەو وەڵامی سەرکردایەتی یەکێتی و هەڤاڵ مامجەلالی پێگەیاند بوون سەبارەت بەوەی یەکێتی بە خوێن ئەو ناوچانەی گرتووەو بە خوێنیش بەرگریان لێدەکات، چونکە پێشتر پیاوانی ڕژێم محەمەدی مەلا عەلیان ڕاسپاردبوو بۆ لای سەرکردایەتی یەکێتی کە ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن و ڕادەستی ڕژێمی عێراقی بکەن، پیاوانی بەعس وەڵامەکەی سەرکردایەتی یەکێتیان قبوڵ نەبوو، بۆیە زۆر ترسنۆکانە محەمەدی مەلا عەلیان دەستگیرکردبوو.

هەواڵ گەیشتە سەرکردایەتی کە محەمەدی مەلا عەلی لە ناحیەی کارێزە دەستگیرکراوە بۆیە لە ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٣ بەشێک لە تیپەکانی ٤٧ی پیرەمەگرون و تیپی مەڵبەند و خاڵخاڵان و کەرکوک و هێزی پشتگیری پەلاماری ناحیەی کارێزەیان داو دەستیان گرت بە سەر ناحیەکەدا کە تێکڕا ژمارەیەک چەک دەستکەوت بوون و چەندین کوژراوو برینداریش لە هێزەکانی داگیرکەر هەبوو لە گەڵ دەیان دیل لە ناویاندا مدیر ناحیە بە جزداشەوە دەستگیر کرا.

لە گەڵ دەستبەسەرداگرتنی ناحیەی کارێزە محەمەدی مەلا عەلی کە ڕۆژی ٢ی مانگ دەستگیرکرابوو ڕزگار کرا، بەڵام مەخابن لە گەڕانەوەدا بە تۆپبارانی تۆپخانەکانی ڕژێم شەهید بوو گیانی سپارد.

\+ \+ \+

ئەو شەوە لەماڵی محەمەدی مەلا عەلی نانی ئێوارەیەکی درەنگمان خواردو بەرەو باڵخ بەڕێکەوتین، شەوەکەی لەو پەڕی دێی باڵخ لە ماڵێک خەوتین، بەرەبەیان لە هات و هاواری خاوەن ماڵ خەبەرمان بووەوە هاواری دەکرد بۆ هەڵناسن لە

خەو درەنگە ماڵی باوکتانە، بە دەم هاواری کابانی ماڵەکەوە خۆمان گورج کردو تاقم و تفەنگمان بەست، بۆ نانی بەیانی هاتینە چایخانەکەی پیرەلیاس، لەوێ نانی بەیانیمان خوارد.

خاوەنی چایخانەکە وێنەیەکی گەورە کراوو لە شوشە گیراوی هێمن و هەڵۆ سەراوی بەدەستەوە بو وتی کێ دەچێتە سەرگەڵو ئەم وێنەیە بۆ کاک هێمن بەرێت، برادەران وتیان بیدەرە ئازاد ئامۆزایەتی هەر خۆی دەچێتە سەرگەڵو بۆ مقەڕەکەی کاک هێمن.

لە پیرەلیاس لە کاک بەکرو ئاپۆو لاوە جیابوومەوە بەرەو سەرگەڵو بەڕێکەوتم چومە لای کاک هێمن، شێرکۆ جدی لەوێ بوو، چەند ڕۆژێک لە بارەگاکەی کاک هێمن مامەوە.

## بـــریندار بونی عـــەبدوڵڵا و جـــەزا

نیوەڕۆیەک لە بارەگاکەی کاک هێمن دانیشتبوم کاک هێمن چوبووە بازاڕی سەرگەڵو گەڕایەوە مقەڕو وتی عەبدوڵڵا و جەزا بریندار بوون منیش یەکسەر هەستام و چومە لایان عەبدوڵڵا لە سەر نەقالەیەک بوو جەزا بە پێی خۆی دەڕۆیشت، عەبدوڵڵا فیشەک دابوی لە سمتی جەزا بەر لاملی کەوتبوو بۆیە جەزا دەیتوانی بە پێ بڕوات، لە گەڵ پێشمەرگەیەک دا دەستم دایە نەقالەکەی عەبدوڵڵای لە سەر بوو هەڵمانگرت بەرەو بەرگەڵو، لە ڕێگا عەبدوڵڵا ووتی بووەستن دامنێنە زەوی وتم بۆ وتی جگەرەیەک دەکێشم.

عەبدوڵڵا و جەزامان بردە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو لەوێ چارەسەریان بۆ کراو دواتر گەڕانەوە بۆ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ.

## چـــۆنیەتی شـــەڕەکە

ژمارەیەک جاش لە نێوان دێی بێتوات و سنکێ کەمینیان دانابوو خەریکی ڕاوو ڕووت بوون چەند کەسێکیان ڕووت کردبوەوە.

کاتژمێر ٣ی دوا نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٩/١٩ بو پۆلێک پێشمەرگەی کەرتەکانی (١،٢،٣)ی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە دێی واژە بوون، هەواڵ گەیشت لە نێوان بێتوات و سنکێ جاش خەریکی ڕاووڕوتن، ژمارەیەک هاووڵاتیان ڕووتکردوەتەوە.

پێشمەرگە بە ئاڕاستەی شوێن کەمینی جاشەکان ڕۆیشتن پێکدان لە نێوان پێشمەرگەو جاش درووستبوو، جاشەکان شکان، جاشێک کوژراو دوانیش بریندار بوون.

لە هێزی پێشمەرگەش دوو پێشمەرگەی قارەمان بریندار بوون، عەبدوڵلا عارف گردە زبێری و جەزا عەبدوڵلا وەڕازی، دوای تێکشکاندنی جاشەکان و ڕەوینەوەی تارمایی شەڕەکە ڕەبییەکانی دەوروبەر ناوچەکەیان دایە بەر دەسڕێژی گوللە، عەبدوڵلا و جەزا بە دەسڕێژی ڕەبییەکان بریندار بوون.

عەبدوڵلا و جەزا هێنرانە سنکێ لە لایەن دکتۆر برایم ماوەتی چارەسەری سەرەتاییان بۆ کرا، دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی بەرگەڵو کران.

## گـــــەڕانەوە

دوای چەند ڕۆژێک مانەوەم لە سەرگەڵو لە بارەگای کاک هێمن گەڕامەوە سنوری تیپی ٣٧، دوای ماڵاوایم لە کاک هێمن لە سەر بانیژەی بارەگاکە دوا سڵاوی لێکردم و سڵا و ڕێزی بۆ هەندێک هاوڕێ پیادا ناردم و وتی لە ماوەیەکی نزیکدا دەنێرم بە دواتا، بەڵام ئەوە دوا دیداری من و کاک هێمن بوو.

سەرەتا لە شارباژێڕەوە لە گەڵ کاک بەکر فەتاح و لاوەو ئاپۆ هاتم بەڵام لە گەڕانەوەدا لە گەڵ کاک ڕەحمانی حاجی عەلی ڕێبەری سیاسی کەرتی ٢ی تیپی ٣٧ گەڕامەوە.

## ڕۆمـــانی هـــــەرەس

پێش بەڕێکەوتنمان لە سەرگەڵو لە گەڵ کاک ڕەحمان چوینە بازاڕی سەرگەڵو. سەرگەڵو ئەو سەردەمە خاوەنی بازارێکی تاڕادەیەک قەرەباڵخ بوو، وێنەگرو کتێب فرۆش و دووکانی پێداویستیە گشتیەکانی خەڵک و پێشمەرگە و کەبابخانەو خواردنگەی تیا بوو، سەرە ڕێیەکی قەرەباڵخ بوو، بارەگاکانی مەڵبەندو ناوەندی

کۆمەڵە و ئیزگە و چاپخانەی لێبوو، بارەگای سەرەکی ئەنجومەنەکان لەوێ بوو.

لە گەڵ کاک ڕەحمان ڕۆمانی هەرەسمان کڕی، ڕۆمانی هەرەس حەمە موکری نووسیبووی، حەمە موکری ڕۆمانی سەگ وەڕیشی نووسیبوو ڕۆمانێک ڕەخنەی لە شۆڕش دەگرت، ئەو سەردەمە لە ناو هێزی پێشمەرگەدا ڕەخنە و گلەیی و گازەندەی زۆر دەکرا سەبارەت بە ڕۆمانی سەگوەڕو سەرزەنشتی حەمە موکری نووسەری ڕۆمانەکە دەکراو بە توندی ڕووبـەڕووی دەبوونـەوە هەتا جەنابی مامجەلال بابەتەکەی هێورکردەوەو وتی حەمە موکری وشەی پێوە ناون خۆ فیشەکی پێوە نەناون وەڵامی نووسین بە نووسین دەدرێتەوە، ئیتر کەوتنە وەڵامدانەوەی سەگ وەڕ بە نووسین، دەیان نووسین لە سەر ڕۆمانی سەگ وەڕ نووسرا تا یەکێک لە نووسەرەکانی ئەو سەردەمە بە چەند دێڕێک لە وەڵامی حەمە موکری دا نووسیبووی (سەگ وەڕەکەی حەمە موکری سەگوەڕ) بوو.

حەمە موکری پیاوێکی تێکۆشەرو نیشتمان پـەروەرو ڕوناکبیرێکی گەورە بوو، چەندین ڕۆمـان و شاکاری گـەورەی نوسیوە، جێگە دەستی بە ئەدەبیاتی کوردی و کتێبخانەی کوردیەوە دیارە، ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی ئەدەبی کوردی بوو.

دوای کڕینی ڕۆمانی هەرەس لە گەڵ کاک ڕەحمان بەڕێکەوتین بۆ مالومە،ماڵی کاک عێزەتی برای کاک ڕەحمان لە دێی مالومە بوو، دوو شەو لە مالومەماینەوە، یەکێک لەو شەوانە ماڵی کاک عێزەت میوانیان زۆر بوو من چومە ماڵی کوێخا ڕەسوڵی مالومە خەوتم.

کوێخا ڕەسوڵ پیاوێکی ژیرو زانا بوو، ئەوشەوە تا درەنگانێک قسەی بۆ کردم باسی پەیوەندیەکانی خۆی بە شۆڕش و سەرکردایەتیەوە هەتا باسی گۆڤاری ڕزگاری ئەو دەمی یەکێتی شۆڕشگێڕانی دەکرد، زۆر بە سەلیقە و وردو قسەزان و بە زمان بوو، ئەرشیفێکی گەورەو خەزێنەیەکی مێژوویی بوو، پەرتوکێک بوو لە زانیاری، بەداخەوە لە ڕوداوەکانی دوایدا گێژەڵوکەی ڕۆژگار ئەویشی ڕاپێچی مەرگ کرد.

دوای دوو شەو مانەوە لە مالومە لە گەڵ کاک ڕەحمان گەڕاینەوە بۆ سنوری تیپی ٣٧ی شارباژێڕ.

## جـــەولە- کۆپتەر لە ولاغلو مـــانگی 1985/10

تیپی ٣٧ ی شاربازێڕ یەکێک لەو تیپە جەربەزەو نەبەزو قاڵ و باراندیدانە بوو، هەر شەڕێک قورس و گران بوایە هەر چالاکی و بەرەیەک فراوان و هەر مۆڵگەیەک یاخی و هەر هێزێک لاسارو سەرکێش بوایە، ئەوا هەڵمەتێکی بەس بوو تا لە ژێر پێی کوڕانی شارباژێڕدا چۆک دابداو خۆی ڕانەگرێت.

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، نە شاخ و لوتکەی هەور دڕ، نە بێشەو دارستانی چڕ، نە سەربازگەو سوپای هارو دڕ، نە کیمیایی و ڕۆکێتی فڕۆکە ڕاینەدەگرت، بەڵکو ئەمان ئەوانیان دەدا لە زەوی، بە تەنها ورەی بەرزیان و بە کوڕانی چنگ بە گڕ.

ولاغلۆ گوندێکی دڵگیرو هەوارگەی هەواری شۆڕش لە دۆڵێکدا هەڵکەوتووە هەر چوار لای بە شاخی بەرزو باڵا پۆشی سەر لە هەور گیر کردو گیراوە، شاخەکانی گەورەو لوتیان لە هەور ژەنیوە، لەو شاخانە دەیان ئەشکەوت و گاشە بەردو شوێنی دورە دەست و یاخی هەڵکەوتووە، کە هەرگیز داگیرکەران نەیانتوانیوە زەفەری پێبەرن و بۆ هەمیشە بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە ئەرکی پێشمەرگانە نێردرانە ولاغلو، پێش خۆرئاوا بوون پێشمەرگە سەردەکەوتنە سەر شاخی حەسەن بەگ و تا بەرەبەیان ئێشکگری نیشتمان بوون.

شاخی حەسەن بەگ بە دیوێکدا ڕووەو سەربازگەی ماوەت دەیڕوانی، ڕوویەکیتر بە سەر بارەگاکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێراندا زاڵبو، دیوێکی تر تا چاو بڕ کات سەوزایی و هەردەو هەڵەت بوو.

شەوانی حەسەن بەگ ساردو سەخت و تەزیو بوو، ڕاستە هێشتا وەرزی سەرماو سۆڵە نەهاتبوو، بەڵام پایزێکی گەڵا وەریوی ئەویێ، کزە بایەکی ساردو سەرمایەکی تاقەت بەزێنی هەبوو، شاخی حەسەن بەگ کوێستانێکی سەخت و بەفرگر بوو لە وەرزی زستاندا، پێش وەرزی زستانیش سەرما ڕوویتێدەکرد قۆڵ و قاچ و لامل و کە پوی دەتەزاند.

ڕۆژانی حەسەن بەگ فێنک و هەندێ جاریش ڕەشەبای ئەوێ لەنجەی بە مرۆڤ دەکردو ڕایدەژەنی، بەیانیانی حەسەن بەگ پڕ بوون لە جوانی، پڕ بوو لە دیمەنی ئەو شاخ و لوتکە بەرزانەی لە بەرچاوی تەماشادا تێکەڵ بە هەورەکان دەبوون، قەفەزەی سنگی هەورەکانیان دەشکان، زۆر جار وات هەست دەکرد ڕیشۆڵە و حاجی لەق لەق و باڵندە کێویەکان لە گەڵ هەورەکان بە شەڕدێن و بەگژ چیاکاندا دێن، تا یەکیان ئەویتر نەداتە زەوی ڕاناوەستن، دیمەنەکان وایان دەوت.

لە دیوێکیتردا بارەگاکانی کۆمەڵە سەرنجی پێشمەرگەی دەبرد، گشت بەیانیان بە سروودێک دەروونی ئەو شاخ و کێوەیان ئارام دەکردەوە، سروودەکانی ناسری ڕەزازی و نەجمەی غولامی و کالێ، فەرەنجی و تاقم و تفەنگ بوون، فلچەو ڕەنگ بوون لە بەری ئەو کێوانەدا جوانترین تابلۆیان دەنەخشاند، بە تەویڵی ئەو شاخ و دەربەندو کێوە، لە دەفتەری سپی سپی، ئەو ئاسمان و هەورانەدا.

لە حەسەن بەگ کە دەتڕوانیە ئەو گردو یاڵ و کەڵوەزو دارەبەن و هەورازو نشێوانە، هەر دەتوت فەرشی سەوزیان ڕاخستووە، لە گردی کولێنجەڕێ ڕێ و دەشتی دەسماڵ، لە چەپکێ تریفەی مانگی ئەو کێوانە، هەتا چاوی بینین بڕکا، هەتا تیلەی چاومان سەرکا، هەر کەروێشکەی گژوگیایە، هەر شنەی باو نەرمە بایە، هەر داستانە بە گەردنی حەسەن بەگ و بەردە سیپان و کڵاوی عەلی وەسمانا بوونە ملوانکە و گەردانە.

حەسەن بەگ، کڵاوی عەلی وەسمان، بەردە سپیان ئەو زنجیرە شاخانەن لە بەرزاییەکانی پشتی وڵاغلو هەڵکەوتون و ڕەگیان داکوتاوەو چون بە ناخی زەویدا، کانی ژووروو یەک لە کانییە سازگارەکانی بنارو دامێنی حەسەن بەگە.

## ســـێ کـــۆپتەر

لە گەڵ ئەوەی ئێواران پێشمەرگە سەردەکەوتنە سەر شاخ و شەوانە بە حەسەن بەگ و ئەو زنجیرە شاخانەوە دەمانەوە تا کازیوەی بەربەیان دەیدا لە لوتکەو کەژەکانی حەسەن بەگ و دارو بەرد گەرم دەبوو، ئەوسا پێشمەرگە ڕیزیان دەبەست و دەهاتنە ناو ئاوایی.

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ولاغلو مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٥ پێشمەرگە لە سەر بانی بەردەم مزگەوت و ناودێ پورەیان بەستبوو، بە ناو دێدا پەرش و بڵاو ببون بەشێکیش لە پێشمەرگەکانی کەرتی دوو لە یاریگاکەی ئەو بەری ولاغلو لای سەرقەبران و دارە گەورەکان سەرقاڵی یاریکردن بوون یاری بالەو تۆپێن.

صەلاحی حەمە خەجێ، شۆڕش عوسمان، ئازاد سەراوی، ژمارەیەک پێشمەرگەیتر سەرقاڵی یاری و بالە بوون، کاتێک لە ڕۆژهەلاتی ولاغلو بە سەر چیای حەسەن بەگدا سێ کۆپتەر دەرکەوتن و دەسرێژی گوللەیان لە ئاوایی کرد.

غەریب گەنکەیی کە جێگری فەرماندەی کەرت بوو لە ناو مزگەوتەکەی ولاغلو بوو ووتیان کۆپتەر هات، غەریب ووتی ( R.B.G) حەمە شوان ووتی لای منە.

غەریب گەنکەیی لە سەربانی مزگەوتەوە چەند گوللەیەکی R.B.G نا بە کۆپتەرەکەوە، کۆپتەر گڕی لێهەستا خەڵک و پێشمەرگە هاواریان کرد پێکرا (B.K.C) یش، لە ناو دێوە قریوەی دەگەیشتە حەسەن بەگ.

لە بەری یاریگاکەش صەلاحی حەمە خەجێ، شۆڕش عوسمان، پێشمەرگەیەکیتر، بە دکتارۆف و قەناس تەقەیان لە کۆپتەرەکە دەکرد.

کۆپتەرەکان لە بەرانبەر بەرگری پێشمەرگەدا نەیانتوانی دابەزنە سەرئاوایی و ناچار بە هەلاتن کران، پێشمەرگەو خەڵکی ئاوایش بێ زیان بون.

دوای ڕەوینەوەی شەڕو ڕۆیشتنی کۆپتەرەکان پێشمەرگەکانی یاریگاکە ڕۆیشتنەوە بۆ ناو دێ، ژنێک بە پێشمەرگەکانی وت، داوەشێن یاخوا بەو هەمو پێشمەرگەیە کۆپتەرێکتان بۆ نەخرایە خوار.

دوای ڕۆیشتنی کۆپتەرەکان خەڵکی ولاغلو گوندەکەیان چۆڵکردو لە دەورووبەری ئاوایی لە نێو لاپاڵ و شیوو دۆڵ و ئەشکەوت ، پەناگەکانی ولاغلو هەواریان هەڵدا، پێشمەرگە چونەوە سەنگەرەکانی خۆیان لە حەسەن بەگ و سەروی گوندەکە لە کانی هەنجیران هەر چەند ڕۆژێکی خایاند پێشمەرگەو خەڵک گەڕانەوە ولاغلو لەو بن بەردو قەراغ دێیەش خەڵکی دێیەکە هەر تاکە پەناو تاکە نوای پێشمەرگە بوون، جگە لە خۆیان خواردنیان بۆ پێشمەرگەش دروست دەکرد.

## مــریشکی بـــــرژاو

هەواڵ گەیشتبووە شار، کۆپتەر بۆردومانی گوندی وڵاغلوی کردەوەو پێشمەرگە و خەڵکێکی زۆر شەهیدو بریندار بون،

مام ڕەحیم سـەراوی باوکی ئازاد سـەراوی پێشمەرگەی کەرتی دووی تیپی ٣٧ دوای بیستنی هەواڵەکە بۆ سەر لە بەیانی ڕۆژیی دوایی گەیشتە وڵاغلو دوای سۆراخ و هەواڵ پرسین کەرتی دووی دۆزیەوە لە پشتی وڵاغلو بوون لە سەروی کانی داودی.

مام ڕەحیم گەیشتە لای پێشمەرگەکان و دوای سڵاوو هەواڵ پرسین، چەند مریشکێکی برژاوی خستە بەردەم پێشمەرگەکان، پێشمەرگە بۆ نوکتەو خۆشی ئەیانوت هێشتا ڕۆژ نەبوەتەوە مریشکی برژاومان لە سلێمانی پێگەیشت، دەیانوت کێ باوەڕ دەکات بڵێین لەو شاخ و کێوە مریشکی برژاومان خواردوە.

## قـــــوربانی

چەند ڕۆژێک بە سەر بۆردومانی وڵاغلو تێپەڕیبوو خەڵکی دێیەکە لە پێناو سەلامەتی پێشمەرگە و خەڵکەکەی قوربانیەکی گەورەیان کرد، دەیان سەر مەڕو بزن و مانگایان سەربڕی و بە سەر ئاوایی و پێشمەرگەدا دابەشیان کرد.

## ســـــازمەزەنەکەی مام وەســـــمان

کۆپتەر بۆردوومانی وڵاغلوی کرد، پێشمەرگە و هێزی پشتیوانی بە هەمو جۆرە چەکێک تەقەیان لە کۆپتەرەکە دەکرد، هەتا بە سازمەزەنیش.

دوای بۆردومان و گەڕانەوەی کۆپتەرەکان، هەواڵێک بڵاوبوەوە ووتیان لە نزیک سلێمانی کۆپتەرێک کەوتووەتە خوارەوە، یەکێک دەیوت ئەگەر بەکلاشینکۆف کەوتبێ ئەوە منم، شێخ صدیق دەیوت ئەگەر بە ژێرسێ کەوتبێ ئەوە منم، مام وەسمانیش دەیوت ئەگەر بە ساچمە کەوتبێ ئەوە منم خستومەتە خوارەوە.

مام وەسمان سازمەزەنێکی نابوو بە کۆپتەرەکەوە، سازمەزەن هەر پەنجا

مەترێک دەڕوات، بۆ ڕاوی کەوو پۆڕو کەروێشک بەکاردێت.

## هـــێزی پشتگیری ولاغـــــــلو 1984-1988

شێخ صدیقی چۆخماخ و جەلال ماوەتی ڕاسپاردەی سەرکردایەتی یەکێتیان گەیاندە ولاغلو بۆ دروست کردنی هێزی پشتگیری.

هێزی بەرگری و پشتگیری ولاغلو لە خەڵکی دێیەکە دروستکرا، لە گەڵ بەشێک لەو سەربازە ڕاکردوانەی هاتبوونە ولاغلو.

سەرەتا دوو مەفرەزەی هێزی پشتگیری درووستکرا:

١/ عەلی کوێخا عەبدوڵلا فەرماندەی مەفرەزە

٢/ مەحمودی حاجی صاڵح فەرماندەی مەفرەزە

هەر دوو مەفرەزەکە لە ٣٦ کەس پێکهاتبوون، کە پێشمەرگەی جوامێرو گیان لە سەر دەستی پشتگیری بوون بەشێک لەو هەڤاڵانەی بە کلافەی یادەوە ماون.

١/ مەحمودی حاجی صاڵح

٢/ عەلی کوێخا عەبدوڵلا

٣/ عوسمان حاجی ئەحمەد

٤/ وەستا نامیق

٥/ بەکری مام حسەن

٦/ بەکری مام عارف

٧/ عەبدولکەریم

٨/ عارف مام حەسەن

٩/ عوسمان حاجی عەلی

١٠/ نەبەز

١١/ کەمال

لە گەڵ فراوانبوونی هێزی پشتگیریدا مەفرەزەکانی پشتگیری زیادکران و فراوانبون، لە دوو مەفرەزەوە بۆ پێنج مەفرەزە.

**فــــــەرماندەی مــــــەفرەزەکان**

١/ عەلی کوێخا عەبدوڵڵا

٢/ مەحمودی حاجی صاڵح

٣/ مەلا حەمەمین

٤/ شێخ صدیق

٥/ مەحمودی حاجی عەبدوڵڵا

تێکڕای مەفرەزەکان و پێشمەرگەکانی پشتگیری خەڵکی ولاغلو بوون، لە گەڵ بەشێک لەو کەسانەی لە سەربازی هەڵاتبوون پێیان دەوتن سەربازی هەڵاتوو یان (فیرار) پێنج مەفرەزەکە ٨٠-١٠٠ کەس بوون.

## شـــــەڕی دابـــــان
## هێزی پـــــشتگیری ولاغـــــلوو
## 1985/2/15

لە گەڵ دەستبەسەرداگرتنی زنجیرە چیای دابان لە ١٩٨٥/٢/١٥، هێزی پشتگیری ولاغلو لە لایەن مەڵبەندی (دوو) داواکران، هێزی پشتگیری ولاغلو لە سەر ڕێگای گاپیلۆن کارێزە جێگیرکران چونکە گومان لەوە دەکرا سوپای عێراق لە کارێزەوە هێرش بکاتە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی، ئەو ناوچەیە لە باڵخەوە تا گاپیلۆن بە هێزی پشتگیری سپێردرا.

بەفرێکی ئەستورو گەورە باریبو، هێزی بەرگری و پشتگیری لە بۆسەدابوون بەڵام سوپای عێراق نەجولاو هێرشی نەکرد، هێزی پشتگیری گواسترایەوە بۆ قزلەر، تێکڕا نزیکەی سێ هەفتە لە ناوچەکە مانەوە، هێزەکە بۆ پشویەکی کورت گەڕانەوە ولاغلو، دواتر بانگ کرانەوە گاپیلۆن.

## ســـەنگەر لـــێدان

هێزی پشتگیری ئەرکی زۆرو قورس و گرانی لە سەر شان بوو جگە لە بەشداری لە شەڕگەکاندا، ئەرکی کۆکردنەوەی نان و خواردەمەنی و کۆمەک و سەنگەر

لێدانیان لە ئەستۆ بوو، لە سەر چیای حەسەن بەگ تا چەند ڕۆژێک هێزی بەرگری لە دۆڵی قامیش و سەفرەدا لە ئامادەباشیدابوون، بەڵام ڕژێم هێرشی نەکرد.

شەڕگەی قـــەیوان مـــاوەت

لە بەرانبەرماڵەکانی قامیش، ئەو ڕێگەیەی دەڕوانێتە سەفرە، بەو زنجیرە چیایەدا تا ماڵەکانی باڵخ، لە سەری حەسەن بەگ و بەردە سپیان نێوان ولاغلو دۆڵبێشک تا نێوان کونە ماسی و ولاغلو هێزی پشتگیری لێدامەزرابوو تا دەگاتە باڵخ، حەسەن بەگ و زەڕیان بە هەمان شێوە هێزی پشتگیری زاڵبو بە سەریداو لە ژێر دەستی دابوو.

هێزی پشتگیری ولاغلوو ڕۆڵی دیارو بەرچاوی بینی لە بەگژداچونەوەی هێرشەکانی داگیرکەرو هاوکاری و پشتگیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت دا.

## تـــۆپخانەی شـــۆڕش
## شـــەریفی قـــورئانی

هاوەنێکی ١٢٠ ملم ٨٢ ملم لە زنجیرەی چیای حەسەن بەگ دامەزرابوو، بەردەوام مۆڵگەکانی داگیرکەری دەکوتا.

هاوەنێکی ١٢٠ ملم لە سەرووی کانی داودی دانرابوو بۆردوومانی ماوەت و دۆڵبێشکی پێدەکرا.

هاوەنێکی ٨٢ ملم لە باسکی چەرەسی دانرابوو، باسکی چەرەسی بەو شوێنە دەڵێن سەردەمی خۆی خەڵکی ناوچەکە دۆشاویان لێ درووستکردووە.

پشتی ماڵەکانی دۆڵبێشک ڕەبیەیەکی لێبوو پێیان دەوت مەقەڕ فەوجەکە، شەریفی قورئانی دوو هاوەنی بە مقەڕ فەوجەکەوە نا.

عەلی کوێخا عەبدوڵڵای ولاغلو دووربینێکی پێبوو، شەریفی قورئانی بە عەلی ووت بزانە لە کوێن، عەلی بە دووربین تەماشای کرد جەیش و جاشەکە لە ڕەبیەکە چووبوونە دەرەوە لە سەر تاشە بەردێک کۆببوونەوە، عەلی وتی کاک شەریف

سەیرکە لە کوێن، شەریفی قورئانی سەیری کردو دووربینەکەی دایەوە دەست عەلی کوێخا عەبدوڵڵا و وتی عەلی سەیری ناوەڕاستیانکە هاوەنی سێیەمی تەقاند لە ناوەڕاستیدان، هەر جاش و سەرباز بوو بە ئاسماندا دەخوولانەوە.

شەریفی قورئانی دوای تەقاندنی هەر گوللەیەک ڕایدەکردە سەر بەرزاییەکان تا بزانێ گوللەکە لە کوێیدا، هەم عەدەدو هەم ڕەسەدیش بوو، دوای شەڕی قەیوان ماوەت، ولاغلو گیراو لە لایەن ڕژێمەوە سوتێندرا.

لـە مـاوەی ئـەو چەند سـاڵـەی هێزی پشتگیریدا شێخ کامیل و سـەرهەنگ، سەرپەرشتی هێزی بەرگریان دەکرد، جگە لە فەرماندە مەفرەزەکان کە ڕاستەوخۆ لێپرسراوو فەرماندەی هێزەکانی پشتگیری بوون.

## کـــورتە باسێکی ولاغـــلو

تەمەنی دروستبوون و بونیادنانی ولاغلو دەگەڕێتەوە بۆ (١٧٠) ساڵ لەمەوبەر، دێیەکە لە دوو عەشیرەتی سەرەکی پێکهاتووە (گەلالی و کافرۆشی) بەلام خەڵکی تریشی تیادا ژیاوە.

لە ڕۆژهەلاتەوە قامیش و لە باشوری ڕۆژهەلات دری و دۆڵبێشک، لە ڕۆژئاوا کونە ماسی و باڵخ و گاپیلۆن، لە باکوری ڕۆژئـاواوە گـەڕەدێ و گـەورە دێ، هەڵکەوتون و بوونە دراوسێ.

ولاغلو بە زنجیرە چیاکانی حەسەن بەگ، بەردەسپیان، گۆجاڕ، قوڵە ترش و باسکی چەرەس و باسکە ڕووت ، لە خواریەوە زنجیرە شاخی پایەی برایمان و دارە گەورێ و پیاوەڕێ دەورە دراوە.

کانیاوەکانی لە کانی ژوورووو، کانی داود، کوێرەکانی و کانی چنار، فڕی بوبێ، کانی هەنجیران، کانی بایز پێکهاتوون.

## ســـەرچاوەی بـــژێوی

ولاغلو دێیەکی هەڵواسراوو داکوتراوە بە قەدپاڵ و لاپاڵی حەسەن بەگ و بە گەردنی گۆجاڕو بەردە سپیانەوە، زەویەکانی ولاغلو بە قەدپاڵەکانی ئەمبەراوبەری

دێدا هەڵواسراون، کێڵان و بەرهەم هێنان و پاککردنەوەی زەویەکان بەهێزو بازووی خەڵکەکە دەکرا، دەیان زەوی بەدەست و مەچەکی جوتیارە چەلەنگەکان و ژنە سەلارەکانی ولاغلو ئامادە دەکراو دەکێڵدراو بەرهەم دەهات.

لە سەدا شەستی ٦٠٪ بژێوی خەڵک لە سەر ڕەزو ترێ و پەڵە ترش و چواللە بادەم بوو، مەڕو ماڵات و کشتوکاڵیش بەشێکیتری بژێوی خەڵک بوو، گەنم و جۆو نیسک و توتن و تەماتە بەرهەم دەهات.

جگە لە بەرهەمی ترێ و ترش و چواللە بادەم و مەڕو ماڵات، ولاغلو ڕێگەی گواستنەوەو هێنانی کاڵا و کەلوپەلی ئێرانی و بردنی کەلوپەلی عێراقی بوو، وەکو مەرزێکی بچوک وابوو.

موبەڕیدەو قوماش و ئەنگۆرە و بلوس و بستە و خەنە و وسمە لە ئێرانەوە دەهات.

لە ڕێگەی ولاغلوشەوە، برنج و ڕۆن، شیشی لەحیم، لیمەندۆزی، جۆرەکانی سابوون دەڕۆیشت، ولاغلو بازاڕێکی گەرم و گوڕ بوو خەڵکی ناوچەکە سوودمەند بوون لێی.

پێش سوتاندنی لە ساڵی ١٩٨٧ دا ولاغلوو ١٨٠-١٨٥ ماڵ بوو.

## ئـــــالای شـــۆڕش

ململانێ لە نێوان هەڤالانی سەرکردایەتی و ئالای شۆڕش بە ئاستێک گەیشتبوو کە ئیتر دەرفەتی بەیەکەوە مانەوەو کارکردن تەسک ببووەوە، دەستگیرکردنی سەرکردەکانی ئالای شۆڕش کاریگەری لە سەر تیپەکان دروست کردبوو، لە سنوری تیپی ٣٧ی شارباژێڕیش ژمارەیەک کادێری سیاسی و عەسکەری سەر بە ئالای شۆڕش بوون بۆیە هەندێکیان دەسگیرکران و هەندێکیشیان دورکەوتنەوە لە ڕیزەکانی شۆڕش، هەر بۆیە پێکهاتەی نوێی کەرتی ڕێکخستن و ڕێبەرە سیاسیەکانیش گۆڕانی بەسەردا هات.

کەرتی ڕێکخستنی چوارتا ئەو کات کاک سەیوان لێپرسراوی بوو، لە جێگەی

ئەحمەد عبدالکریم ، سەید ئەحمەد حەمەلاو کرایە ڕێبەری سیاسی تیپ، ڕەحمانی حاجی عەلی، هاوڕێ سۆران، عادل هەورامی ، جەمال سیرینی ڕێکخەری سیاسی کەرتەکان بوون، کاک بەکر فتاح لێپرسراوی ڕێکخستنی پێشمەرگە بوو لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، وردە وردە کەرتی ڕێکخستن لە نێو هێزی پێشمەرگەدا ڕەگی داکوتاو پەیوەندی نێوان ڕێکخستن و جەماوەر لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی پێشمەرگەوە گرێدرایەوە.

## چـــالاکی دێرێ – پـــایزی 1985

ئازادی حەسەنە ڕەشی دێرەیی پێشمەرگەی تیپی ٣٧ هەواڵی هێنا کە ڕۆژانە ژمارەیەک سەرباز دێتە گوندی دێرێ، گوێزەکان دەکوتن و دەوەرێنن، چەکەکان بە دارەکانەوە هەڵدەواسن، بێ خەم و کەمتەرخەمن، بۆچی نەچین بیانگرین و چەکەکانیشیان بهێنین.

بەشێک لە کەرتی یەک، دوو ، سێ، لە گەڵ دکتۆر برایم دکتۆری تیپ بەڕێکەوتن، لە وەڕازەوە چونە میراوا، سەراو، لەوێشەوە بە هەورازە کوڕو سەختەکانی گمۆدا سەرکەوتن و بە دیوی (دێرێ) داگەڕان، ئەو ڕۆژە سەربازەکان نەهاتن، چەند پێشمەرگەیەکیش لە بەرزاییەکانی پشتی دێرێ و خوارگەوەو ڕەوەزەکانی گمۆ مانەوە، تا مەفرەزەکەی ناو دێرێ بپارێزن، ڕۆژی یەکەم سەربازەکان نەهاتن، مەفرەزەیەکی موجاهدینی خەڵکی ئێران بەو ناوەدا گوزەریان کرد پێشمەرگەکانیان بینی، ڕۆژی دواتر سەربازەکان پێچەوانەی ڕۆژانی پێشوو هاتن، سازو ئامادە، چەکیان بەدەستەوە بوو، بە وریایی و هەڵوێستە کردن دەڕۆیشتن، وەکو ئاگاداری جوڵەیەک بن.

پێدەچوو موجاهدینی خەڵک هەواڵیان بە سوپای عێراق دابێت، سەربازەکان بە سەر کەمین و بۆسەی پێشمەرگەکاندا کەوتن، بە پێچەوانەوە ئەوان پێشمەرگەکانیان دەنگ دا، بەڵام پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و دەسڕێژیان لێکردن، هەر لە جێدا چەند سەربازێک کوژران و بریندار بوون، لە پێشمەرگەش ئازادی حەسەنە ڕەش و

عەلی گەرمیانی بریندار بوون، دکتۆر برایم چارەسەری سەرەتایی بۆ برینداره‌کان کردوو بەرەو شاناخسێ بەرێکران، دواتر تێکرای هێزەکە گەیشتنەوە وەڕاز.

گوندی دێرێ، لە دێرێی سەرو خوار پێکهاتووە، خاوەن سروشتێکی جوان و دڵگیر و دڵڕفێنە، سەدان دارگوێزو میوەی هەمە جۆرو زەوی بە پیتی کشتوکاڵی هەیە بۆنی گوڵ و دارو درەختی دێرێ لە دورەوە دەگاتە بەر لوت و هەناسەی مرۆڤ.

دێرێ بەهەشتی سەرزەمینی خودایە لە شارباژێڕدا نەخشاوەو هەڵکەوتووە، لە هەر چوار وەرزی ساڵدا خۆی جیاواز نمایش دەکات.

لە بەهاردا بە گوڵ و گوڵزارو سەوزایی و شینایی ، بە درەختە کەڵەگەتەکانیەوە بە لەنجەی دارچنارو خوڕەی جۆگەو جۆباری ئەبێتە بوکی تارا پۆشی زەردو سوری ئالان و سیوەیل، لە هاوین دا ئاوو هەوایەکی فێنک و سازگار، شنەی شەماڵ مرۆڤ دەگەیەننە لوتکەی جوانی و خۆشبەختی، لە پایزدا دەبێتە وەرزێک لە گەڵای وەریوو تەڕ بوو، وەرزێکی ڕەنگ ئاڵتونی، بە جۆرێک چاوی سەرنج ناتوانێ لە نیگای درەختە داماڵراوەکان لە ڕووتبوونەوەی دەشت و دەر تێر بێت، چرپە و خزینی گەڵا سەمفۆنیایەک دەخوڵقێنن، کە تەنها ئەو درەختانە ئەتوانن بە چرپەی گەڵاو دەنگی مەلە خۆشخوانەکان بیژەنن، زستانی سەخت و سپی پۆش، گمۆ بە سەر سەریەوە مێزەرێکی سپی لە سەردەنێ و بۆ دێرێ و ئەو بەری وولات بۆ بانەو سەردەشت و سەقز پێدەکەنێ.

## ڕەبـــییەی کـــیسەڵاوا

پێش لێدانی ڕەبیەی کیسەڵاوا لە پشتی ئۆردوگای کەنارو بڕیار بوو لە ڕەبیەی پشتی کانی شوان بدەن.

ڕەبیەیەک لە پشتی کانی شوان بوو، بە سەر بەرزاییەکەوە بوو وەستا فاروق و کاروان کەناروێی چوون سەیری بکەن، تا لە نزیکەوە نەخشەو پلانی لێدانی ڕەبیەکە داریژن، گایەلی ئاواییان پێش خۆیانداو لە ڕەبیەکە نزیک بوونەوە ڕەبیەکە

چەند سەربازێکی تیابوو لێدان و گرتنی ئاسان بوو، بەڵام کاک جوامێر و فەرماندە کەرتەکان وتیان ناگیرێت و نابێ لێی بدەین، بۆیە کشانەوەو لێدان و گرتنی ڕەبیەکەی کانی شوان سەری نەگرت.

## شەهید بوونی ئازادی کـــویخا حەسەن و کـــاروان

دوای ئەوەی ڕەبیەی کانی شوان لێنەدرا، کۆبونەوەیەکیان کردو بڕیاریاندا لە ڕەبیەی کیسەڵاوا پشتی ئۆردوگای کەنارو بدەن، وەستا فاروق ووتی ئەو ڕەبیە ناگیرێ، چونکە دۆشکای تیایە دوو B.K.C تیایە ٢٥ سەربازی تیایە و لە ناو ماڵەکاندایە ئێمەش هێزێکی گەورە چەند ڕۆژێکە لەم ناوەداین چۆن ئێمە هەواڵی ڕژێممان هەیە ئەوانیش بە هەمان شێوە هەواڵی ئێمەیان هەیە دوای وتووێژێکی زۆر بڕیاردرا ڕەبیەکە بگیرێت و لێی بدرێت.

هەشت پێشمەرگە جیاکرانەوە بۆ دەستەی هێرش، کاک جوامێر وتی R.B.G لێنادەین، سەربازەکانی ڕەبیەکە هەمویان خەوتون، پاسەوانی ڕەبیەکە دەکوژین و هێرش دەکەینە سەر ڕەبییەکە و دەیگرین.

سەربازەکانی ڕەبیەکە نەخەوتبون سەرجەمیان بێدار بوون پەنجەیان لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ بوو، هەواڵیان هەبوو پێشمەرگە هێرش دەکاتە سەریان، لە ترسا نەخەوتبوون و لە بۆسەدابوون.

پێشمەرگە دابەشبوون، ڕێگای نێوان کەنارو چوارتایان بڕی، کەمینیان دانا، دەستەی هێرش دانرا، وەستا فاروق و حەمەی حاجی سەعید بەیەکەوە، بەختیار واژەیی و ڕەحیم ژەنگژی بەیەکەوە، بەهادین و ئازادی کوێخا حەسەن بەیەکەوە تا ئاگایان لە یەکتری بێت، کاک جوامێر و کاروان بۆ لێدان و کوشتنی پاسەوانەکە.

کاتژمێر یەک و چارەکی شەو بوو، شەوێکی خامۆش و بێدەنگ، تەنها گوێ هەڵخستن و هەست ڕاگرتن، هەندێک جاریش دەنگی سەگ وەڕ یان دەنگی گیاندارو ئاژەڵی ئۆردوگاکە دەهاتە گوێ، پەنجەی بەلەپیتکەی جوامێرو کاروان بێدەنگی شەوی شڵەقاندو هەر لە جێدا پاسەوانی ڕەبیەکەیان کوشت.

لە گەڵ کوشتنی پاسەوانی ڕەبیەکە هێرش بۆ سەر ڕەبیەکە دەستپێکرد، ڕەبیەکە دەستی کرد بە تەقە، ئازادی کوێخا حەسەن لە ناو دەرگای ڕەبیەکەدا پێکراو شەهید بوو، بەهادین ویستی ڕایکێشێ بەڵام تەلبەندی ڕەبیەکەو تاریکی شەو دەرفەتیان نەدا، تەرمی شەهید ئازاد بە تەلبەندی ڕەبیەکەوە جێما، بەهادین تفەنگەکەی هێنا، دوو فیشەکی B.K.C ڕەبیەکە لە ناوچەوانی کاروان (جەمال عەلی صالح) سنجەڵێی دابوو ئەویش لە جێدا مێشکی پژا بوو شەهید بوو.

دەنگی تەقە لاواز ببوو بەڵام ڕەبییەکە ڕوممانەی هەڵئەدا سەربەرەو خوار، هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیان کردو کشانەوە.

وەستا فاروق حەمەی حاجی سەعید هەر لە پێش ڕەبیەکە مابوون، ئاگایان لە پاشەکشەی هاوڕێکانیان و شەهید بوونی ئازادو کاروان نەبوو، ئەوانیش بە سنگە خشێ لە ڕەبیەکە هاتنە خوارێ و پاشەکشەیان کرد.

کە گەیشتنە خوار ڕەبیەکە کەسیان نەبینی ئەوسا زانیان پاشەکشە کراوە.

تەرمی شەهید ئازاد بە تەلبەندی ڕەبیەکەوە جێماو کەوتە دەست داگیرکەر، بۆ ڕۆژی دوایی درایەوە دەست کەسوکاری و لە شەمساوا بە خاک سپێردرا.

## ســـێ سەربازی ڕاکـــــردوو

بەرزاییەکانی سەرشیوو یاخیان، سەری گمۆو ناوچە بەرزەکانی شارباژێڕ بە ڕەبیەو مۆڵگەی ڕژێم تەنرابوو بارەگای تیپی ٣٧ لە کوڕاداوێ بوو، کەوتبووە ناوەندی بەرزاییەکانی ناوچەکە.

مەرزی میراوا یەکێک لە مەرزە پڕ ئیش و قەرەباڵغەکانی کوردستان بوو، هاوشانی مەرزی سەفرە و ناوچەکانی دیکە داهاتێکی باشی بۆ یەکێتی دەستەبەر دەکرد، بۆیە بە ئاگاداری سەرکردایەتی جۆرێک لە دۆخی نەشەڕ نە ئاشتی، ئاگربەستێکی دوو لایەنە لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە هەبوو بە جۆرێک نە پێشمەرگە هێرش بکاتە سەر ڕەبیەکانی ناوچەکە نە ئەوانیش هێرش و تۆپبارانی ناوچەکە بکەن.

لە ڕەبیەکانی سەری گمۆ سێ سەرباز هەڵاتبوون، سێ سەربازی شیعە بوون خۆیان تەسلیم بە تیپی ٣٧ کرد، سەربازەکان داوایان کرد تەسلیمیان نەکەنەوە بە ڕەبیەکان، ئەفسەرێک و چەند سەربازێک بۆ سۆراغی سێ سەربازە ڕاکردوەکە هاتبوونە کوڕاداوێ.

کاک جوامێر و ژمارەیەک پێشمەرگە بەرەو ناودێ ڕۆیشتن، مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی عوسمانی ڕابە نێردرانە پشتی کوڕاداوێ، ووتیان نەوەک تاکتیک بێت بیانەوێ دەست بە سەر دێیەکەدا بگرن، لە سەربانی مزگەوتی کوڕاداوێ سەربازێک بە تەنها وەستابوو، لێیان پرسی بۆچی هاتوی وتی هاتووم بە دوای ئەو سەربازانەدا کە ڕایان کردوە ئێمە ڕێکەوتنمان هەیە دەبێ بماندەنەوە، پێشمەرگە قەناعەتیان بە سەربازەکە کرد کە سێ سەربازەکە لای ئێمە نین، سەربازەکە گەڕایەوە.

پەنجا مەترێک سەربازەکە دوورکەوتبووەوە، ئەفسەرەکەیان چاوی بە عوسمانی ڕابە و مەفرەزەکەی کەوت دەمانچەی دەرهێناو کردیە تەقە، پێشمەرگەش دەسرپێژیان لێکردن ئەفسەرەکە و سەربازێکیان کوشتو سێ سەربازیشیان بە دیل گرت، یەکێکیان ناوی نەبیل بوو بۆ ڕۆژیی دوایی حکومەت نامەی نارد بوو جەنازەکان بنێرنەوە، پێشمەرگەش تەرمەکانیان بۆ ناردنەوە دوای ناردنەوەی تەرمەکەیان دوو هەفتەی بەردەوام و لە سەر یەک تۆپخانەکانی ڕژێم دۆڵی کوڕاداوێ و کونجرین و سنورەکەیان تۆپبارانکرد، دوای ئەوەش هێرشیان کردە سەر کوڕاداوێ، هەر سێ سەربازە دیلەکەش ئازاد کران.

## گـــــەڕانەوەی نـــــەبیل

دوای ئازاد کردنی سێ سەربازەکە نزیک بە چەند هەفتەیەک دوای داستانی کوڕاداوێ، نەبیل بە ئۆتۆمبیلێکی تایبەت (کەسی) کەم ئەندامانەوە گەیشتەوە تیپی (٣٧).

بارەگای کەرتی دوو دواتریش کەرتی ٣ ی تیپی ٣٧ ی شاربازێڕ لە کونجرین و ئامادینەوە هاتبوونە خوارەوە بۆ «سەرکەند» لەوێ بارەگایان دانابوو.

هەر چەند کیلۆمەترێک لە دووری جادەی (کێلێ) وە خاڵی پشکنینیان دانابوو، شەوانەش کەمین دەچووە هەمان شوێن، کەمێک پشتی خاڵی پشکنینەکە قوتەیەکی نزم و نزارێکی کەمێک چڕ بوو، شەوانە لە ژێر شێخەڵ و دارەبەنەکانی ئەوێ کەمینەکان گوێیان هەڵدەخست سەر بەرەو خوار، بۆ هەر دەنگ و چرپەیەک، بۆ هەر تارماییەک کە دەرکەوێت.

نەبیل ئەو سەربازە دیلەی لە کوڕاداوێ بە دیل گیرابوو بەر لە چەند هەفتەیەک ئازاد کرابوو بە ئۆتۆمبێلێکی کەم ئەندامانەوە گەیشتە سەرکەند، لە خاڵی پشکنینەکە ئۆتۆمبێلەکەی لێوەرگیراو ڕەوانەی بارەگای تیپ کرا لە کوڕاداوێ ئۆتۆمبێلەکە ژمارەیەک کاسێتی هەورامی تیا بوو.

وتیان نەبیل ئەو کاسێتە هەورامیانە چیدەکەن لای تۆ ، ووتی: کاکە عوسمانی ڕابە حەزی لێیەتی بۆ ئەوم هێناون، بەمجۆرە خۆی دەرباز کرد.

نەبیل سەبارەت بە ئۆتۆمبێلەکە ووتی، ئۆتۆمبێلی ئامر فەوجە ڕفاندومە دەمەوێ بڕۆم بۆ ئێران، نەبیل بە نیاز بوو ئۆتۆمبێلەکە بفرۆشێ نەیانهێشت، ویستی هەڵیوەشێنێ و پارچەکانی  بە پشتی وڵاخ بەرێت بۆ ئێران، پێشمەرگە ڕێگەیان پێنەدا، ناچار ئۆتۆمبێلەکەی جێهێشت و بەرەو ئێران ملی ڕێگەی گرت.

## چـــیرۆکی ڕفاندنی ئـــۆتۆمبێلەکە

نەبیل ملی ڕێگەی ئێرانی گرتە بەرو لە سنور ئاوا بوو، دوای چەند ڕۆژێک لە ڕۆیشتنی نەبیل ئۆتۆمبێلەکە خاوەنی بۆ پەیدا بو پیاوێکی کەم ئەندامی هەورامی بوو ، نەبیل لە ڕێگا لە گەڵی سەرکەوتبوو دواتر ئۆتۆمبێلەکەی لێسەندبوو هێنابویە سنوری تیپی ٣٧، پێشمەرگە ئۆتۆمبێلەکەیان دایەوە بە خاوەنەکەی، نەبیلیش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو.

## من و پـــایزو حاجی هـــەباس

پایز وەرزێکی پڕ لە سریوە و چرپەی گەڵا و سەمفۆنیایەکی غەمگینە ئەو کاتەی لە پەردەی دڵ دەداو بە ڕۆحی کوژراوی گەڵایەکی ڕەنگ ئاڵتونیت ئاشنا دەکات، یان لە نێو وردە گەڵادا ونت دەکات، هەندێک جار بایەکی سارد لە ڕومەتت دەدات و دەگاتە سەر شان و ملت، هەندێک جاریش نەرمە بارانێک دادەکاو لە گەڵ خاکدا بۆنی خۆشت دەدەنێ، بۆنی خاک و گەڵا و گوڵی هەڵوەریوی بەردەم ژووره نسرمەکەت، یان گوێسەوانەی ماڵەکەت، هەندێک جاریش بایەکی توڕە دێت و درەختەکان ڕادەژەنێ و دەخاتە سەما، هەرچی گەڵای تا ئەو ساکە نەوەریوی سەر تۆپی درەختەکانە دەوەرێنێ و لە گەڵ خۆیدا دەیانبا، ئیتر پایز هەروا بووە، دڵشکاوو سەرمەست و شێت.

سەرمای پایز بەناوبانگە، گەر سەرمای پایز لێت بدات و کارت لێبکات، ئاسەوارو کاریگەری تا درەنگێک لە سەر قۆڵ و شان و ملت، یان گەرو قوڕگ و هەناسەت جێدەهێڵێ لە کوردەواری وادەڵێن، سەرمای پایز بڕندەیە و دەبێ خۆتی لێبپارێزی، جلی گەرم و گوڕ لە بەر بکەیت تا سەرما زەفەرت پێنەباو نەخۆشت نەخات.

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٥ لە سەر حەوزو ئاوی مزگەوتەکەی کونجرین ڕاوەستا بووم کزە بایەک لە سەڵڵاوە هەڵیکردو بە هێواشی گەڵاو خشت و خۆڵی سەر کانی و ئاوەکەی ڕامالّی و بۆ سەرەو خوار هەڵیگرتن، حاجی هەباس هاتە سەر کانی و ئاوەکە منی بینی وتی ڕۆڵە بۆ هیچت لە بەر نییە، تۆ نازانی گەر سەرمای پایز لێت بدات لە کۆڵت نابێتەوەو نەخۆشت دەخات، یەکەم جار بوو ئەو وتەیە سەبارەت بە سەرمای پایز ببیستم.

دوای شەڕی کوڕاداوێ و کونجرین و لە سەرەتای مانگی ١ی ساڵی ١٩٨٦ دێیەکانی ناوچەکە بە تـەواوی چۆڵیانکردوو باریان کرد هەندێک ڕوویانکردە ئۆردوگای سورەقەڵات و هەندێکیش بۆ سلێمانی.

کونجرین، کوڕاداوێ، ئامادین، تاق و تەرا خەڵکی لێمابو، ئەو ماڵانەی کونجرین و کوڕاداوێ، لە لایەن پێشمەرگەوە خۆراکەکانیان لێوەردەگیرا تا ماوەیەک گوزەرانی

پێبکەن، هەر چەند لە دوای شەڕی کوڕاداوێ دەیان بار خواردەمەنی  لە قوتونراوو کولیچە و ناوساجی و پەنیر لە لایەن خەڵک و ڕێکخستنەکانەوە گەیشتبووە دەستی پێشمەرگە، بەڵام پێویست بوو ئەو خۆراکانەش هەڵگیرێن.

دێیەکان ڕوو لە چۆڵی بوون، ڕژێم بە نیازی هێرش بوو بارەگاکانی کەرتی دوو سێ بەشێکی چوبوونە خوارەوە بۆ سەرکەند، حاجی هەباس بە تەنها لە کونجرین مابوو بە نیاز نەبوو چۆڵی بکات، ئێوارەیەک لە سەر هەیوانی بارەگاکە حاجی هەباسم بەدیکرد، وتم حاجی بۆ ناڕۆی لێرە بە نیازی چیت، وتی خاک و زێدی خۆمەو جێی ناهێڵم، وتم دەزانم بەڵام وردە وردە ئێرەش چۆڵی دەکات، شەڕ دەست پێدەکات، حکومەت خاکی بە تورەکە دەبێژێ، ئێمە پێشمەرگەین تۆچی دەکەیت بە تەنها لێرە، حاجی هەباس سەیری کردم و تێڕامانێکی قوڵ تێم ڕاماو ووتی وەڵڵا ڕۆڵە ( قسە یان لە شێت یان لە مناڵ)، حاجی هەباس ووتی شەرت بێ بە قسەت بکەم، بۆ ڕۆژی دوایی حاجی هەباس ئەو بنەیەی لە کونجرین مابووی خستیە پشتی پیکاپێکەوەو کونجرینی جێهێشت، لە ناو دێوە تا دارو شەخسەکەی کونجرین چاوم لە سەریبوو، ئیتر لە چاوان ون بوو.

## داســـتانی کــوڕەداوێ

هێندەی نەمابوو پایزو خەزان، وەرزی وەرین و خزینی وردە گەڵا بەکۆتا بێت و باوەش بۆ وەرزی سەرما و بەفرو زریان و ڕنو، وەرزی ئاویلکەدانی گەڵاو سەرەتاتکێی کلوە بەفرو کرێوەی دەم باڕێزە، وەرزی زستانی سەخت و شەختە بەند و سەرزەمینێکی سپی و پروشە بکەینەوە.

هەواڵ گەیشت کە ڕژێمی فاشی عێراق هێزێکی زۆری کۆکردۆتەوەو بە نیازی هێرشکردنن بۆ سەر ناوچەکە، هەر بۆیە «تیپ» کەرتەکانی لە جمووجۆڵ و هێرشی هێزەکانی ڕژێم ئاگادار کردەوە.

نیوەشەوێکی درەنگ ستار ڕەئوف نامەیەکی لە بارەگای تیپەوە لە کوڕەداوێ وە گەیاندە بارەگای کەرتی دوو لە کونجرین ئەو نامەیە پێشمەرگەکانی وەخەبەرهێنا،

لە نامەکە نووسرابوو ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١١ ڕژێم هێرش دەکاتە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە سنووری تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، کاک صلاحی حەمە خەجێ کونجرینی فەرماندەی کەرتی ٢ بوو پێشمەرگەکانی سەر خستە سەر شاخ و لە دارو شەخسەکەی کونجرینەوە تا بەردی مانگی دامەزران، هەر ئەوشەوە ستار گەڕایەوە کوڕاداوێ و لای بەردە گەورەکەی بەرماڵانی کونجرین لە چاوان ون بوو، ئیتر جارێکیتر نەگەڕایەوە.

تاریک و ڕوونی بەیانی بوو هێشتا شەو بە تەواوەتی هێزی خۆی ڕادەستی بەیان نەکرد بوو پێشمەرگە گەیشتە ناو سەنگەرەکان و لە چاوەڕێی هێرشی هێزی داگیرکەردا بون تا دەرسێکی وایان دابدەن لوتیان لە تاشە بەردەکانی گمۆ بسوون.

لە چەند لاوە پێشمەرگە خۆیان لە سەنگەر نابوو لە ڕەوەزی خزو هەڵەتی پشتی کوڕاداوێ و سەرشاخی بازەگیر تا نێو ڕکە بەردو شاخە ڕەق و تەشوێ تاشەکانی، بەرەو هەڵەتە بەرزەکانی پشتی میراوا، هەر سەنگەرو جوڵەی پێشمەرگە و چرپەو سوسەو گوێ هەڵخستن بوو لە بن شێخەڵە دارو دەوەنی تێکەڵاوی بەیەکاچوو لە وەرزی زیوینی پایزدا.

لە بازەگیر و سەر شیوی کوڕاداوێ و یاخیان و کلکەی میراوا، دەیان پێشمەرگە و فەرماندەی قارەمان سەنگەریان لە دوژمن گرت، حەمەی حاجی سەعید، پڵنگی شاخ و هەرد مەجیدی حاجی عەلی بەوری چاوتیژ، ئاسۆی شێخ عارف شەهێنێکی بازەگیر، سەید ئەحمەد پیاوی سیاسی و ژیر، هاوڕێ سۆران کادیری بە تەکبیری کۆمەڵە، عادل سەراوی و خاڵە سەراوی و بەکرە چکۆل و ستار ڕەباتی لە سەنگەردا دامەزرابوون.

هێزێکی بێشوماری داگیرکەر لە بازەگیر و سەر شیوی کوڕاداوێ بەو چیا خزو دانەبەردو ڕەوەزو دارستانە چڕەدا مەرگ هەڵیگرتن و بەرەو لولەی تفەنگەکانی پێشمەرگەدا هاتن، شەڕ دەستیپێکردو لە بەیانیەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ بەردەوام بوو، هێزێکیتر لە یاخیانەوە بەرەو کلکەی میراوا هێرشیان دەستپێکرد لەوێش لوتیان شکا.

## وەســـتا فاروق لە یاخیان- کـــوڕاداوێ

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی وەستا فـاروق لە یاخیان-ی پشتی کـوڕاداوێ دامەزران، کاروان و تاریق، کامەران، ڕێبوار- شەفاعەت و چەند پێشمەرگەیەکیتر بوون، وەستا فاروق بۆ پشویەکی کورت دووربینەکەی دابووە دەستی کامەران سەیری دەوروبـەری پێبکات، کامەران چاوی نابوو بە دووربینەکەوە سەیری شاخەکانی دەورووبـەری دەکرد، کامەران هەندێک زمانی دەیگرت، جاشەکانی بەدیکردبوو بانگی وەستا فاروقی کردبوو وتبووی ئای (وەشتا) ئەوە یەک، ئەوە دە، ئەوە سەد، ئەوە هەزار.

لەم قۆڵەوە لە جاش و سوپای داگیرکەر دراو گورزی کوشندەیان بەرکەوت.

کەرتی ٣ی تیپی ٣٧یش بە فەرماندەیی کەمالی حەبێ لە زنجیرە شاخی سەختی ئامادین دامەزران، لە ئاستی زنجیرە شاخی کونجرین و ئامادین کە کوڕانی کەرتی ٢،٣ لە سەنگەردابوون هێرشی زەمینی نەکرا، بەڵام تا ئێوارە ٣ کۆپتەری جەنگی بە سەر ئاسمانی ناوچەکەوە بوون، مولازم موخلیس ئەفسەری دڕندەی سوپای عێراق لە کێلێ وە بە هاوەن و دۆشکا سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکوتا لە کلکەی کونجرین و ئامادین.

بەرە بەیانیەکی زوو وڵاخدارو قەتارچی ئێرانی و گوندەکانی دەوروبـەر بە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا تێدەپەڕین خورماو مێوژو پێداویستیان دەدایە پێشمەرگە، پایزێکی درەنگ وەخت کە کزەبا دەست و مەچەک و لێوەکان دەتەزێنێ خورماو مێوژ خواردنێکی ئارام بەخشن لە سەرمای تەزیوی کونجریندا.

لە بەیانی تا ئێوارە لە چوارتاو مـاوەت و سورەقەڵاتەوە تۆپخانەکانی ڕژێم سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکوتا و تا ئێوارە دەمیان لێکنەنا.

خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو هێواش هێواش دەنگی تەقە کزدەبوو کۆپتەرەکانیش کە یەکێکیان بە گوللەی ئار بی جی لە کونجرین پێکرا ڕۆیشتن و لە چاو وون بوون، لە قۆڵی کـوڕاداوێ لە بازەگیر و یاخیان و سەر شیو هێزی زەبەلاحی دوژمن تێکشکێندراو و لوتیان شکاو بەزین، لە میراواش بە هەمان شێوە.

ئێوارە پێش ئەوەی تاریکی باڵی بە سەر ناوچەکەدا بکێشێ پێشمەرگەکانی کوڕاداوێ بەرەو کونجرین و گوندی سەرکەند هاتنە خوارێ.

داستانی کەم وێنەی کوڕاداوێ بە خوێنی ستار ڕەئوف ڕەباتی تۆمارکرا کە پێشمەرگەیەکی لاوو بەئەزمونی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بوو، هەر لەو داستانەدا محەمەدی حاجی سەعیدی چوارتا و بەکرە چکۆل لە کوڕاداوێ بریندار بوون، لە قۆڵی میراوا حاجی سەراوی بریندار بوو.

لە زنجیرە چیای کونجرین کە صلاح کونجرینی و عمر گرگاشەیی و مینەی مەلا و لاوە مڕانەیی و ڕەحمانی حاجی عەلی و ئازاد سەراوی و چەند پێشمەرگەیەکیتری لێدامەزرابوون، لە ئەنجامی بۆردومانی تۆپ و هاوەندا ڕەحمانی حاجی عەلی شاناخسێ، ڕێبەری سیاسی کەرتی دوو بریندار بوو کە یەکێک لە پێشمەرگە قارەمان و ڕێبەر سیاسیە ژیرەکان بوو.

بریندارەکان بۆ چارەسەر بەڕێکران و تەرمی شەهید ستاریش لە کونە ماسی بە خاکسپێردرا، بۆ ڕۆژی دوایی فەرهاد سەنگاوی لە ئێزگەوە هەواڵی شەڕەکەی خوێندەوەو ڕایگەیاند ٦٢ جاش و سەرباز کوژراون و ٨٠ جاش و سەربازیش بریندار بوون کە کەلاک و ناسنامەی هەندێکیان لە بەردەست هێزی پێشمەرگەدایە.

هەر بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنە مەزنەوە هەڤاڵی بەڕێز مامجەلال برووسکەی پیرۆزبایی ئاڕاستەی تیپی ٣٧ کردو سەرەخۆشی شەهید بوونی ستار ڕەباتی بە کەسوکارو هاوسەنگەرانی ڕاگەیاند.

## داســـتانی کوڕاداوێ لە «ئـــیزگە»وە

## (1)

ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١٢ ئیزگەی شۆڕش هەواڵی شەڕی کوڕاداوێ و زنجیرە شاخی کونجرین، ئامادینی بڵاوکردەوە بەم شێوەیە باسی لەو داستانە گەورەیە کرد.

**(2)**

تانک و تۆپ و فڕۆکە و چەکدارەکانی داگیرکەر بە قەدەر دڵی پێشمەرگەیەک وزەو باوەڕی تیا نییە، کە خاکی کوردستانەکەی دەبینێ بووەتە مەیدانی جلیت بازی سوپای داگیرکەران و، دێهات و شاری شڵەژاوو کاولەو وێرانەیە.

میللەتێک دوژمن بوبێتە خاوەن ماڵی، خۆی بێگانە بێ، چۆن قارەمانی وای لێناکەوێتەوە کە هێرشی بەربڵاوی داگیرکەر ئاوا بشکێنێ.

شەش مانگە دوژمن بۆ داگیرکردنەوەی ناوچەیەکی ئازادکراومان خەریکی خۆسازدانە تا لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١١ دا بەو نیازەی لە ماوەی چوار کاتژمێردا ناوچەکە بگرێت نەخشەی خۆکوژی و شکانیان لە سێ قۆڵەوە دەستپێکرد، سێ هەزار جاش و سەرباز لە کەناروێوە هێرشیانکردە سەر زنجیرە شاخی گمۆ، سێ دەبابە و پێنج مودەڕەعەش کە لە سەر لوتکەی چیاکەدا بوون، لە گەڵ تۆپەکانی کەناروێ و قەڵاچوالان و سورەقەڵات و چوارتا بەردەوام و بەڕەتڵ دەیان گوللە تۆپیان بە مەیدانەکەدا دەکێشاو شەش کۆپتەریش ئاسمانی ناوچەکەیان پڕ کردبوو لە گرم و وور، لە سەعات ٨:٢٠ دەقیقەی بەیانییەوە شەڕ داگیرسا، قۆڵی یەکەم لە زنجیرە چیای گمۆ، پشتی گۆڕانکە، بەرەو سەر شاخی بازەگیر، بە هەزاران سەربازو جاش لەو ڕەوەزە خزو هەڵەموتانەدا لە بەردەم تەنها دەستە پێشمەرگەیەکی تیپی شارباژێڕدا شکان و لە کەڤرو تاوێری تۆکمەو ڕەقی ئەو شاخەدا گۆڕکران ئیتر هەر کە بەرایی هێزەکەیان تیاچوو  پاشەڵی پیسیان چەند محاوەلەیەکی تری کرد بەڵام هەمان ئاکامی هەبوو.

قۆڵی دووەمیش هەر لە سەر لوتکەی گمۆوە بە سەر شیوی (کوڕاداوێ) داو لە سەر شاخی یاخیانەوە بە سەدان جاش و سەرباز هاتنە خوار و یەکسەر لە شیوی (کوڕاداوێ) دا کەوتنە بۆسەیەکی نادیارو گیری دەستەیەک پێشمەرگەی شارباژێڕەوەو ئەژنۆیان شکا، هەر چەند گوژمیان خواردەوە دوو جاریتر پەلاماری بۆسەکەیاندا دیسان شکانەوە.

قۆڵی سێیەمیش هەروەتر لە هەموو ڕیزە شاخەکانی  یاخیان و شەکراوەوە، بەرەو میراوا، دزو جەردە پەروەردە کراوەکانی قوتابخانەی بەعس بە نیازی گیرفان بڕینی کاروانی و ڕێبوارەوە بەرەو ڕچەو زینوەکان دەچوون، کە هەڵمەت و دەسرێژی پێشمەرگەکانی پشتگیری و شاربازێڕ و گومرک دەستپێکرد تەنگە تاو بوون، شەڕو پێکا هەڵپژان لە شاخ و بەندەنەکانی بازەگیر و کوڕاداوێ و یاخیان و شەکراو گەرم بوو.

تۆپی هەموو ڕەبییە و سەربازگەکانی ناوچەکە لە چەندین شوێنەوە گێژەڵوکەی دووکەڵ و گڕیان ئەخستەوە لە بەرانبەر هەموو ئەمانەشدا ورەی هەڵچوی ئەو ژمارە کەمەی پێشمەرگە کە چەقی چوار ڕێیانی هێرشیان گرتبوو بورکانێ بوو تەنگی بە کۆپتەرو تۆپ هەڵچنیبوو هێزەکانی دوژمن وەک هەمانەی بەتاڵ و چەکەکانیشیان وەک گەماڵی کەڵبە کەوتویان لێهاتبوو، تا پێشمەرگە قارەمانەکان لە سەعات پێنجی ئێوارە بە دوا کۆت و تەکان هەموو هێزەکانی دوژمنیان پارە پارە کردوو تا ناو ڕەبییە بەرزەکانی گمۆ و سەربازگەکان ڕاویان نان، کوژراوو برینداریان بە کۆپتەر دەگواستەوەو پەلکێشیان دەکردن، هێشتا لە بن دەوەن و شێخەڵدا بە جێما بوون.

**زیانی زانراو بەمجۆرەیە:**

ا/ کوژرانی ٦٢ سەربازو جاش کە ٤٠ سەربازو ٢٢ جاشن.

ب/ برینداربوونی ٨٠ سەربازو جاش.

ج/ پێکرانی کۆپتەرێک.

لە بەر بڵاوی شەڕەکە و تاریکی شەو هەر ئەوەندە دەستکەوت بوو.

١/ ڕەشاشێکی دکتارۆف.

٢/ یەک کلاشینکۆف و پێنج مەخزەن.

٣/ ٢٠ گوللە ئار بی جی و ٢ سندوق فیشەکی B.K.C و ٨ گوللە هاوەن و یەک مەخزەنی قەناص.

٤/ کۆمەڵێ داوو دەرمان و کەلوپەلی سەربازی و چەند فەردەیەک موعەلەبات.

قوربانی ئەم نەبەردە مەزنە خوێنی شیرینی ڕۆڵەی فیداکار کاکە ستار ڕەئوف

کە ٣ مانگە لە زیندان دەرچووە و ئێستاش کەسوکارەکەی لە ناو قەفەزی زیندان دان، شەهید ستار قارەمانی چالاکی ناو شارو تێکۆشەرێکی چاپوک بوو.
سڵاو لە گیانی پاکی...

## شـــەهید ستار ڕەئـــوف

ستار ڕەئوف ڕەباتی پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١١ لە داستانی کوڕاداوێ شەهید بوو گیانی بەو داستانە سپارد.

کاکە ستار وریاو چەلەنگ، ئازاو خۆنەویست، ڕاستگۆو ژیر، نموونەی پێشمەرگەی قارەمان و خۆشەویست بوو، هێشتا لە تەمەنی گوڵدا بوو کە بووە پێشمەرگە.

شەهید ستار لە ناو شاردا چەند چالاکیەکی ئەنجامدا بوو لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا هەروا ئازاو خۆڕاگرو دەست و مەچەک ئاگرین بوو.

کاتێک لە داستانی کوڕاداوێ شەهید بوو هێشتا خێزانەکەی لە زیندانەکانی بەعسدا بوون کە لە سەر جمووجۆڵ و چالاکی کاکە ستار دەستگیر کرابوون ئەم ورە کەڵەگەتە لە داستانی کوڕاداوێ و هەر بە پێوە شەهید بوو.

## داسـتانی ئـەسحاب

## (1)

گەلە جاش و مستەشارەکان بانگکرابوون بۆ کەنارو ڕۆژی ١٩٨٦/٢/١٣ بە ڕێگەی ئەسحابدا گەڕانەوە چوارتا.

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ هەواڵیان زانیبوو کە ڕەبیەکان چۆڵیانکردووەو هێزە جاشەکەش ئەو ڕۆژە دەگەڕێنەوە، لە بەردە زەرد کۆبوونەوەیەکیان کرد نانێکی خێرایان خوارد بەرەو ئەسحاب بەڕێکەوتن هێشتا نیوەڕۆ بوو دامەزران.

دەستە ڕاستی لای چوارتا بە مەجیدی حاجی عەلی و دەستە چەپی بە ڕەحمان سیتەکی سپێردرا.

محەمەدی حاجی سەعید، حەمە سورەبانی، بەهادین، هاوڕێ سۆران و دەستەیەک پێشمەرگەیتر لە سەر جادەکە دامەزران، بە بەرچاوی هێزەکانی دوژمنەوە چوونە ناو ڕەبیە چۆڵەکان.

## چـــەند دیــمەنێك

چەند ئۆتۆمبێلێکی هاووڵاتیانیان ڕاگرت، ڕەئیس عورەفایەک دەستگیرکرا کە لە تۆپخانەی ماوەت بوو.

بەڕازیلیەکی سوور کەوتە بۆسەکەوە دەستیان لێڕاگرت بووەستێ بەڵام پەلاماری کلاشینکۆفەکەیداو نەوەستا تەقەیان لێکردن و مستەشارێک و کوڕەکەی کوژران.

دوای لێدانی بەڕازیلیەکە ئۆتۆمبێلێکی وازی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە دوو ملازم و سەربازێکی تیا کوژران.

زیلێکی سەربازی لە کەنارووەوە هات، سێ سەربازی تیا کوژرا، لە کاتی وەرگەڕانی زیلەکەدا سەربازێک هاواریکرد مەمکوژن من خەڵکی سلێمانیم پێشمەرگەیەک پێیوت خۆت بکە بەو دۆڵەدا.

هاوڕێ سۆران کلاشینکۆفێکی ژمارە (١٠)ی پێبوو تەقەی زۆر ڕەق بوو، جەمال سیرینی پێیوت سۆران تەقە مەکە لە جیاتی تۆش تەقە دەکەم.

ماتۆڕ سوارێک کە بەریدی سەربازی بوو کەوتە بۆسەکەوە، لە دووری ٥٠ مەترەوە تەقەیان لێکرد بەڵام بەرنەکەوت و گەڕایەوە.

نەقیب محەمەد فەرماندەی فەوجە سەربازیەکەی چوارتا بوو هاتبوو بە هانای هێزە شکاوەکەیانەوە لێدراو بریندار بوو، نەقیب محەمەد لای خەڵکی چوارتا وتبووی ماڵی پێشمەرگە ئاوا بێت برینداریان کردم، وانە بووایە نەیاندە گواستمەوە بۆ خواروو ناوەڕاستی عێراق لە شەڕی ئێراندا دەکوژرام.

هەر ئەم نەقیب محەمەدە لە چالاکی (دێرێ) دا (٧) سەربازی لێکوژرا بوو وتبووی ئەم تیپی (٣٧) ە لە کۆڵمان نابنەوە.

## شـــەڕی ئـــەسحاب
## ( 2 )

ڕۆژی ١٩٨٦/٢/١٣ پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٣٧)ی شارباژێڕ (٣) بۆسەی مەحکەمیان لەسەر جادەی چوارتا کەناروێ دانا

*ئۆتۆمبیلێکی سەربازی کەوتە بۆسەی یەکەمەوە

*ئیڤایەکی پڕ لەسەرباز کەوتە بۆسەی دووەم

*جیبێکی قیادە کەوتە بۆسەی سێیەم

پێشمەرگە دلێرەکانی شارباژێڕ لێیان هاتنە دەست و گوللە بارانیانکردن

هێزێکیتری دوژمن کە پێکهاتبوو لە دوو دەبابە و دوو ناقیلە و چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازی ویستیان بەهانای هێزە بەزیوەکەیانەوە بێن پێشمەرگەکان لەوانیشیاندا و شەڕ بۆ ماوەیەک بەردەوام بوو.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی زیاتر لە ٦٠ سەرباز و جاش لەناویاندا دوو ئەفەسەر و شێخ هادی شێخ نوری مستەشاری فەوجی (٢٥) و کوڕەکەی، لەگەڵ ژمارەیەک بریندار بەدیلگرتنی ٤ سەرباز

**دەستکەوت**

٣ کڵاشنکۆف و ٢ دەمانچە

زیانیماڵی

سووتاندن و شکاندنی ٦ ئۆتۆمبێلی هەمە جۆر ، ١ ئیڤا، ١ ئۆتۆمبێلی بەڕازیلی، ١ جیّب قیادە، ٢ شۆفرلێت، ١ لاندکرۆزەر.

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی پێشمەرگەی ئازا و دلێر عوسمان قادر مەرویێ ناسراو بە عوسمانی مامە قالە.

## شــــەهید بوونی عوسمان مـــەروێیی

دوای لێدانی گورزی کوشندە لە داگیرکەر هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیانکرد، لە کاتی پاشەکشەداو بە تۆپی دەبابە لە گرداشان عوسمانی مامە قالەی مەروێ (عوسمان قادر) شەهید بووجگە لە کوژراوو بریندار ژمارەیەک دیل کەوتنە دەستی پێشمەرگە.

## بە خــــاکسپاردنی عـــوسمان

بۆ ڕۆژی دوایی ناردیان بە دوای دایک و باوک و کەسووکاری عوسماندا، تەرمی پیرۆزی شەهید عوسمان لە (سنکێ) بە خاکسپێردرا.

دیلەکان زۆر دەترسان بە هاوڕێ سۆرانیان وتبوو با کەسووکاری شەهیدەکە نەمانبینن دەمانکوژن، هاوڕێ سۆران پێیوتبوون ئەگەر بکوژرانایە ئێمە دەمانکوشتن ئەوان دەزانن ئەمڕۆ یا سبەی کوڕەکانیان شەهید دەبن، دیلەکان دەستیان کردبوو بە گریان.

مەجیدی حاجی عەلی، حەمە سورەبانی، بەهادین، محەمەدی حاجی سەعید لە فەرماندەکانی داستانی ئەسحابە بوون.

## شـــــەوانی مــــەقەڕ

جگە لە چالاکی و شەڕو پێکدان، جگە لە کۆڕوکۆبونەوەو گەیاندنی ڕاسپاردەکانی شۆڕش، جگە لە خوێندنەوەی کتێب و بڵاوکراوەکانی سەردەمی شۆڕش، شەوانی مقەڕو کۆڕوکۆبوونەوەی پێشمەرگە زۆر جار پڕبوو لە نوکتەو پێکەنین، لە یاری کـوردەواری، لە چیرۆکی کورت و کۆمێدی کە وەکو شانۆیەکی بچوک چەند پێشمەرگە ڕۆڵیان تیادا دەبینی، هەندێک جار پێشمەرگە دەنگ خۆشەکان بە گۆرانی وتن شەوگاریان شیرین دەکرد هەندێک جاریش ڕاوە ژیشک و یاریتر، دەهاتنە ناو شەوگارو دەبوونە شەوچەرەی شەوان، شەوانی مەقەڕ پڕن لە یادەوەری تاڵ و شیرین، ڕۆژانیشی پڕن لە بیرەوەری و یادگاری دەیان هاوڕێی شەهیدو زیندو کە ئێستاکە بوونە ڕابردوو.

## مـــینەی مــــەلا

کاکەمین یان مینەی مەلا یەکێک لە پێشمەرگە ئازاو قسەخۆشەکانی کەرتی ٢ی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بوو، ئەو دەمانەی بارەگای کەرتی ٢ لە کونجرین بوو، ڕژێم بـەردەوام تۆپبارانی ناوچەکەی دەکرد، گشت سەرە سەعاتێک چەند تۆپێکی لە دەورووبەری مەقەڕ ئەدا، مینەی مەلا ئەیوت کاکە ئەو جوندیەی ئەو تۆپانە ئەتەقێنێ ناوی «عبود»ە، حەبلی تۆپەکەی بردۆتە ناو خێمەکەیەوە هەر کە ئارەزوی لێبوو ڕایئەکێشێ و ئەینێ بە ئێمەوە، جا ئەیوت ئامر فەوج پرسیار لە عبود ئەکات و ئەڵێ: عبود شهەکو ماکو، عبدویش ئەڵێ: والله سیدی هکو هوایە عصاد بلکوڕاداوێ، ئامریش دەڵێ عەفیە جوڕ حبلک ، جوڕ حبلک، زۆر جار کاک ڕەحمانی حاجی علی بیری کاکە مینی دەهێنایەوەو دەیوت کاکەمین ئێستا عەبود چی دەکات، کاکە مینیش هەمان چیرۆکی دەگێڕایەوە.

## ڕاوە ســــەرکانی

هەندێک جار سەربازی ڕەبییەکانی دوژمن بە مەبەستی ئاوبردن بۆ ڕەبییەکانیان دەهاتنە سەر کانی، هێزی پێشمەرگەش کەمینیان بۆ دادەنان و چەکەکانیان دەبردن

و خۆشیان ڕەوانەی دۆزەخ دەکردن، لە یەکێک لەو ڕاوە سەرکانیانەدا تەحسین گۆملەیی و ڕەحیم ژەنگژی دەسرێژی گوللە لە سەربازەکان دەکەن سەربازەکانیش دەست دەکەنەوەو دەسترێژیان لێدەکەن، لە ئەنجامدا ڕەحیم ژەنگژی دەپێکرێ و قاچەکانی بریندار بوون، تا ئێستەش ئاسەواری بریندار بوونەکە لە سەر قاچەکانی ماون.

## هـــاتنی سەلیم ئـــاغا

کاک جوامێر لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ نەمابوو، هەر بۆیە بە فەرمانی کاک نەوشیروان، سەلیم ئاغا کرایە فەرماندەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، سەلیم ئاغا و حمە هەژار و سەلیم سەلیم و قادر سەلیم و حسن مستەفا و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر کە لە تیپی ٦٨ی مامەندە بوون گواسترانەوە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، جگە لە سەلیم ئاغا کە وەک فەرماندەی تیپی ٣٧ دەستنیشان کرا، کاک حمە هەژاریش کرایە فەرماندەی کەرتی تیپی، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، هاتنی ئەو پۆلە فەرماندەو پێشمەرگەیە هێندەی تر گوڕوتینی دایە تیپی ٣٧.

## دکـــتۆری تـــیپ

تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، برین پێچ و یاریدەدەری پزیشک و دکتۆریان هەبوو، دکتۆرەکانی تیپ زیاتر یاریدەدەری پزیشک بوون بەڵام لە سنورەکانی خۆیاندا جێگەی دکتۆریان گرتبوەوە.

دەزگای تەندروستی پێشمەرگە، هاوشانی دەزگاکانیتری (ی ن ک) دامەزرا بوو، خزمەتی گەورەی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرد، دێهاتەکانی سنوری ناوچە ئازاد کراوەکانیش وەکو هێزی پێشمەرگە سودی زۆریان لە نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستییەکانی شۆڕش دەبینی، لە سنوری تیپەکانیش بە هەمان شێوە، جگە لە چارەسەرو تەداویکردنی برینەکانی پێشمەرگە، چارەسەری هاووڵاتیشیان گرتبووە ئەستۆ.

نەخۆشخانەکانی شۆڕش توانای نەشتەرگەری و هەندێک چارەسەری تریان هەبوو، پێداویستیەکانی نەخۆشخانەش، دەرمان و دەرزی و پێداویستیتر لە لایەن ڕێکخستنەکان، دۆستەکانی شۆڕشەوە دابیندەکرا، یان دەکڕدرا، هەندێک جاریش پێشمەرگە دەستیان دەگرت بە سەر بنکەیەکی تەندروستی یان کۆگایەکی دەرمانداو دەیانگواستەوە بۆ نەخۆشخانەکانی شۆڕش.

نەخۆشخانەی گشتی شۆڕش، یان نەخۆشخانەی مەڵبەندەکان نەیاندەتوانی پێداویستیە پزیشکیەکان بۆ تیپەکانی پێشمەرگە، یان دکتۆری تیپەکان دابینبکەن ئەگەر هەشبوایە کەم و دیاریکراو بوو، بۆیە تیپەکان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شارەوە یان لە ڕێگەی پەیوەندیەکانی تیپەوە، پێداویستی پزیشکیان لە لەفاف و دەرزی و حەبەوە دابین دەکرد.

تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ لە سەرەتای درووستبوونی تا ڕاپەڕین چەند دکتۆرێکی تیپی هەبووە کە ڕۆڵی دیارو سەرەکیان بینیوە لە چارەسەرکردن و سارێژ کردنی برینەکانی پێشمەرگەدا.

جگە لە یاریدەدەری پزیشک- دکتۆری تیپەکان هەندێک لە پێشمەرگەکان دەورەیەکی خێرایان دیبوو تەداوی و دەرزی لێدان و هەندێک چارەسەریان دەکرد.

مامۆستا ئەحمەد هەمزەی ژاژڵەیی یەک لەو پێشمەرگانە بوو، دەرزی لێدەدا و تەداوی دەکرد، ددانی دەکێشا.

هێمن سەراوی یەک لەو پێشمەرگانە بوو، دەرزی لێدەدا، تەداوی برینداری پێشمەرگەی دەکرد، دەرمانخانەیەکی بچوک لە لەفاف و دەرزی پێبو.

دکتۆر عوسمان دکتۆری تیپ بوو، تا ماوەیەک لە تیپی ٣٧ مایەوەو ئەرکەکانی سەر شانی جێبەجێدەکرد،یاریدەدەرو هاوکاری خەڵکی شارباژێڕ بوو.

دوای دکتۆر عوسمان، دکتۆر برایم ماوەتی هاتە تیپی ٣٧، دکتۆر برایم سەرەتا لە کەرتی ڕێکخستن بووە پێشمەرگە لە بەردە زەرد، دەرمانخانەیەکی بچوکی لە کۆڵە پشتەکەیدا درووستکردبوو، دواتر گواستیانەوە بارەگای تیپ، وەکو دکتۆری تیپ دەست بە کار بوو.

لە شەڕەکانی کوڕاداوێ، قەیوان ماوەت، گەڵاڵە، داستانی ڕزگاری، زینوی سپی، گەرەوان، دکتۆر برایم ماوەتی ڕۆڵی دیاری بینی، لە چارەسەر کردن و تیمار کردنی دەیان پێشمەرگە، ئەو دەمەی بووە پارتیزان لە پیرەمەگرون بە هەمان شێوە کۆڵە پشتەکەی پڕ لە داوو دەرمان بوو.

دکتۆر کاوە گوڵە یش دکتۆری تیپ و پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو دلێری هێزی پێشمەرگە بوو، ڕۆڵی دیاری هەبوو لە چارەسەر کردن و تیمار کردنی پێشمەرگەدا، دڵسۆزو لە خۆبردوو خۆنەویست بوو.

دکتۆر ڕابەریش یەکێک لە دکتۆرەکانی تیپ بوو شان بە شانی دکتۆر کاوەو دکتۆر برایم چارەسەری پێشمەرگەی دەکرد، دەیان برین و زام لە سەر دەستی دکتۆر ڕابەر سارێژ بوون، دکتۆر موحسین یەکێک لە دکتۆرەکانیتر بوو.

دکتۆرەکان، برایم، عوسمان، کاوە، ڕابەر بۆ پێشمەرگە بوونە هەتوانی برین و بۆ نیشتمان بە تاجی سەر، بۆ یەکێتیش بوونە قەڵا، بۆ سەخترین ڕۆژگاری شۆڕش، ئەمان بوونە هەوڵ و کۆشش، بوونە شۆڕش.

## گــرتنی ڕەبییەی زەیـــــنەڵ

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٣٧ شارباژێڕ لەشەوی ١٤-١٩٨٦/٣/١٥ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی زەینەڵ لە سەر جادەی سوورە قەڵات-ماوەت لەماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەرداگرت لەئەنجامدا (٥) چەکداری ڕژێم بەدیلگیران.

دەستکەوت ٣ کلاشنکۆف، یەک پەڕەشووت، ٣ سندوق فیشەک

## شـــارباژێڕ دوژمنی لە گــۆڕنا

ڕۆژی ١٩٨٦/٣/١٥ هێزێکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی چوار دەبابە و چوار کۆپتەری باری و جەنگی لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری ناوچەی شارباژێڕیاندا.

*لەکاتژمێر (٥)ی بەیانی لە سورەقەڵاتەوە بەرەو بێتوات و شاخی وەڕاز کەوتنە

ڕی، هێزەکەی دوژمن لە بێتوات کەوتنە بەر هەڵمەتی هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٣٧)ی شارباژێڕو (٥١) گەرمیان، جوامێرەکانی شارباژێڕ و گەرمیان چەند پەلامارێکی لەسەر یەکی دوژمنیان تێکشکاند، لەوشەڕەدا نزیکەی (٥٣) کەس لە دوژمن کوژرا .

دوژمن بۆ جارێکیتریش لە پشتی ( سنکێ ) وە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیداو وویستیان بەرەو شاخی وەڕاز مل بنێن ئەمجارەش کەوتنە بەرهەڵمەتی پێشمەرگە و تاروماکران .

دوای دوو شکستی یەک لە دوای یەک و شکاندنی چەندین پەلامار جارێکیتر دوژمن لەبناری دێگەڵەوە بەرەو بازەگیر و پشتی گۆرانگە جوڵەیکرد لەم قۆڵەشەوە پێشمەرگە قارەمانەکانی شارباژێڕ بەرەنگاریانبوونەوە و زیاتر لە ( ٧٠ ) کەسیان کوشت و بریندارکرد جگە لە چەندین کوژراویتر کە ژمارەیان نەزانرابوو.

هەمان ڕۆژ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٣٧) شارباژێڕ و(٥١) گەرمیان لەسەر جادەی سورە قەڵات – ماوەت بۆسەیەکیان دانا، ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە چەکداری دوژمن کەوتە بۆسەکەوە و گوللە بارانیانکردن سەرنشینی ئوتۆمبێلەکە (١٢) چەکدار بوو هەر دوانزەیان کوژران و کەس دەربازی نەبوو، هێزێکی دوژمن هاتن بە فریای ئۆتۆمبێلەکەوە ئەوانیش کەوتنە بەردەسرێژی گوللەی پێشمەرگە.

سەرجەم زیانی دوژمن لەو شەڕەدا (١٠٥ ) کوژراوو بریندابوو، لەگەڵ پێکانی کۆپتەرێک کە لە سوورە قەڵات کەوتە خوارەوە ، قوربانی پێشمەرگە سێ شەهید بوو.

ڕۆژی ١٩٨٦/٣/١٨ هێزێکی گەورەی دوژمن بەپاڵپشتی چوار کۆپتەر و تۆپخانەکانی سورە قەڵات و ماوەت و کەناروێ لە سێ قۆڵەوە پەلاماری ناوچەکەیاندا.

قۆڵی یەکەم لەبازەگێر بەرەو یاخیان

قۆڵی دووەم لە کونجرینەوە

قۆڵی سێیەم لەشاخی ئامادینەوە بەرەو پشتی بەردەپان.

کاتژمێر (٩) ی بەیانی هێزەکەی دوژمن لە شاخی یاخیان کەوتە بەرهەڵمەتی

پێشمەرگەکانی تیپی (٣٧) شارباژێڕ و دوای شەش کاتژمێر شەڕ شکاندیانن.

بەشکاندنی هێزەکەی دوژمن لەم قۆڵەوە قۆڵەکانیتریش شکستیان خواردوو گەڕانەوە.

زیانی دوژمن کوژرانی (١٠) چەکدار بوو

## ئـــــێران لە ســـــەرسیر

ساڵی ١٩٨٦ گەرمەی شەڕی عێراق- ئێران بوو، بەشێک لە ناوچە سنوریەکانی نێوان عێراق- ئێران بە تایبەت لە سنورەکانی کوردستان- سلێمانی – بانە- ڕژێمی عێراق پێشڕەوی کرد بوو دەیویست هەندێ ناوچەی تریش دەست بە سەردا بگرێت.

شاخی گەورەی سەرسیر لەو شوێنە گرنگ و ستراتیژیانە بوو کە دەیڕوانییە چیای ئەزمڕو هاوشانی بوو، ڕژێمی ئێران بیری لەوەکردبووەوە گەر بتوانێ سەرسیر بگرێت، دەتوانێ بە ئاسانی بە سەر سلێمانیدا زاڵ بێت، بۆیە لە هەوڵی دەست بە سەرداگرتنی سەرسیردابوو.

تۆپخانەکانی ئێران ئۆردوگای زۆرە ملێی کەناروێیان تۆپبارانکرد، لە شەوێکی درەنگدا دانیشتوانی ئۆردوگاکە بە ئاشی دێڵە گورگەدا بەرەو دێگەڵ و دێیەکانی تر ڕۆیشتن.

هێزی پێشمەرگەی ناوچەکە، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ هاتنە دێگەڵ نزیک ئۆردوگای کەنارو، بەرنامەیان دانا ئەگەر ئێران دەست بە سەر سەرسیردا بگرێت، هێزی پێشمەرگەش ڕێگای کەنارو- چوارتا- سلێمانی دەستبەسەردا بگرێت.

کەرتی تیپ – تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە فەرماندەیی سەلیم سەلیم جێگری فەرماندەی کەرت و وەستا فاروق فەرماندەی مەفرەزەو دکتۆر برایم دکتۆری تیپ و کاروان کەناروێی و تێکڕا ١٣ پێشمەرگە لە دێگەڵەوە چوونە جوبرایل کە دێیەکی تاقە ماڵە بوو، پشتی دابووبە پشتی ئاشی دێڵە گورگەو ئۆردوگای کەناروێوە ڕەبیەیەک بە پشتی تاقە ماڵەکەوە بوو، ڕەبییەی جاش بوو، هاتنە خوارەوە بۆ پشتی پێشمەرگەکان، نزیک بە ماڵەکە بوونەوە کە پێشمەرگەکانی لێبو، لە گەڵ پێشمەرگەکان لە یەکتر ئاشکرا بوون، پێشمەرگە پەڕینەوە دۆڵەکەی ئەو بەر جوبرایل، جاشەکانیش سەرکەوتنەوە بۆ ڕەبیەکە.

## پــــەڵەی بــــەفر

پایزی ساڵی ١٩٧٨ بارەگای پێشمەرگە لە جەماڵدی بوو، پایزێکی ساردو زستانێکی سەخت بەڕێوەبوو، پێش بارانی پەڵە بەفرێکی ئەستور باری، پەڵەی بە بەفردا، هەر دوو ڕژێمی عێراق و ئێران بە نیازی هێرش بوون بۆ سەر سنوور، سەرما و بەفری سەختی جەماڵدی پێشمەرگەی ناچار کرد سنوور چۆڵبکەن ویستیان بەرەو ئاسۆس بێن، لە سنوور ترازان و بە سەر کەمینی عێراق دا کەوتن، ناچار بەرەو دێهاتەکانی ئێران نێشکۆڵان و بێوران گەڕانەوە تا خۆیان کەنار بگرن، سەلیم سەلیمی، ڕەشید هەمزە، سلێمان ڕەسوڵ باپیر محەمەد چونە بێوران.

## تــــەسلیم کــــردنەوە

فەرماندەی پایگای ناوچەکە ناوی ئیبراهیم بوو، ڕۆژانە دەچووە بارەگاکانی پێشمەرگە لە سەر سنوور، پەیوەندی باشی لە گەڵ پێشمەرگەکاندا هەبوو.

فەرماندەی پایگاکە پێشمەرگەکانی بێورانی ئاگادار کردەوە کە گوایە خەبەریان لێداون لە سەردەشت، لە بەر ئەوەی من لە گەڵ ئێوە دۆستم نامەوێ قسەم بێتە سەر، وەرن بۆ پایگا نان بخۆن و بڕۆن، با توشی کێشە نەبن، بەڵام لە جیاتی میوانداری و پاراستنیان، کەلەپچە کران و تەسلیم بە حکومەتی عێراق کرانەوە.

دوای تەسلیم کردنەوەیان لە پیرانشارەوە برانە بارەگای لیوا، فەرماندەی لیوا سەلیم سەلیمی بانگکردو ووتی، دەبێت لە گەڵمان سەرکەویتە کۆپتەرو بارەگاکانی پێشمەرگەمان نیشان بدەیت، سەلیم نکۆڵی کردو ووتی من پێشمەرگە نیم سجن بووم لای ئەوان، سەربازێکی کورد وەرگێڕی نێوان سەلیم و ئامر لیوا بوو.

سەلیم جامانەیەکی لە ملدا بوو لە ملیان گرێدا، ئامر لیوا و سەربازە کوردەکە هەر یەکەی سەرێکی جامانەکەیان گرتبوو، لە ملیان توند کرد تا بورایەوە، دوای ئەشکەنجەو لێدانی زۆر سەلیم ملی نەدا، سوار کۆپتەریان کردن و بردیاننە هەولێر.

لە کۆپتەرەکەشدا ئەشکەنجەیەکی زۆریاندان، سەلیم خەڵتانی خوێن بوو، لە کاتی نیشتنەوەی کۆپتەرەکەشدا هەڵیان دایە خوارەوە.

شەوێک لە هەولێر هێشتیاننەوە، بۆ ڕۆژیی دوایی بردیاننە (هیئەی خاصە) ی کەرکوک، کاک عەبدولڕزاق لەوێ بوو بەند کرابوو، مانگێک و سێ ڕۆژ لە کەرکوک مانەوە.

سەلیم سەلیم و هاوڕێکانی دانیان بە هیچدا نەنا، چوار جار سەلیمیان بەستەوە هاواری نەکرد، کە بردیانەوە ژورەوە عەبدولڕەزاق پێیوت ئەو هەمو لێدانە لە سەر تۆ بوو سەلیم ووتی، بەڵێ، عەبدولڕەزاق ووتی ئەی بۆ هاوارت نەکرد، سەلیم ووتی جا پیاو عەیب نییە هاوار بکات، عەبدولڕەزاق ووتی عەیب نییە بەشی دوو جاریتر ناکەیت هاوار بکە، ئەگەر هاوار نەکەیت بە ڕقدا دەچن وازت لێناهێنن، هاوار کە عەیبەکەی تۆ بۆ من، ئەمجارەیان یەکەم سۆندە نا دووەم سۆندە هاوار بکەیت.

٢٣ زیندانی لە ناویاندا سەلیم سەلیم، ڕەشید هەمزە وسو، سلێمان ڕەسوڵ عومەر، باپیر محەمەد عەباس، ئەو چوار پێشمەرگەیەی تەسلیم کرانەوە، دوای مانگێک ئەشکەنجە و لێدان لە هەیئەی کەرکوک بەرەو دادگا بەڕێکران.

سەلیم سەلیم ١٥ ساڵ حوکمدرا، ڕەشید هەمزە وسو بە ئیعدام حوکمدرا، سلێمان ڕەسوڵ بە ئیعدام حوکمدرا، باپیر محەمەد حوکم درا.

باپیر لە سجن ڕایکرد، سەلیم سەلیم بە لێبووردنی گشتی ئازاد کرا، دوای مانگێک لە ئازادکردنی گەڕایەوە شاخ و بووەوە پێشمەرگە، لە پێشمەرگایەتی بەردەوام بوو لە ئەنفالەکاندا بە سەختی بریندار کرا.

## شـــەهید مەلا ســـەراوی

محەمەد سەعید عبداللە ناسراو بە مەلا سەراوی پێشمەرگەی سەرەتای ساڵانی ٨٠ و یەکێک لە فەرماندە دلێرو ئازاو بەزەبرەکانی تیپی ٣٧ لە ڕووداوێکی نەخوازراوداو لە ساڵی ١٩٨٦ دا گیانی سپارد، مەلا سەراوی جێگری فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٣٧ی شارباژێر، پێش شەهید بوونی بە نیازی هاوسەرگیری بوو، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا، هەواڵی شەهید بونی لە ئیزگەوە بەم شێوەیە ڕاگەیەندرا.

بڵێن بە بوکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم، نەڵێ خۆی بۆ وەتەن

کوشت و لە ڕێی  عەشقی منا نەژیا....وەزیفەم بوو لە پێناوی وولاتێک دا سەرم بەخشم، کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیاو کەژیا.

## چۆڵکردنی ناوچەکە

ناوچەکە بەرەو چۆڵ بوون دەڕۆیشت، سنوری چالاکی پێشمەرگە بەرتەسک بوبوەوە، مەرزی میراوا لە کزی دابوو، یان چۆڵ کرابوو، هەندێک خەڵکی فیرار نەبێت کەسی لێنەمابو لە گەڵ تاک و تەرا خەڵکی گوندەکانی میراوا- سەراو- ئامادین- کوڕاداوێ.

گوندەکانی سنورەکە بەرەو ئۆردوگا زۆرە ملێکان و شاری سلێمانی گواستیانەوە، کوڕاداوێ، ئامادین، کونجرین چۆڵیان کردبوو، پاشماوەی خۆراکەکانی خۆیان دەدایە پێشمەرگە یان پێشمەرگە خواردنەکانی لێوەردەگرتن وردە وردە سنورەکە دەبوە ناوچەیەکی سەربازی.

دوای شەڕی وەڕاز و بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگە، بەشێکی گرنگ لە پێداویستی و بەڵگەنامەکانی تیپی ٣٧ گواسترایەوە بۆ بەری سەفرەو زەرون، پێشتریش هەندێ پێداویستیتر، کەل و پەل و بەتانی لە لایەن (مینەی مەلا و ئازاد سەراوی) گواسترابوونەوە بۆ کونە ماسی و باڵخ و گاپیلۆن.

سەلیم ئاغا فەرماندەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، دکتۆر برایم و عوسمان ماوەتی و چەند پێشمەرگەیەکیتری ڕاسپارد بچنە ماوەت، وولاغ پەیدا بکەن و پێداویستی بارەگاکان بگوازنەوە، لە ماوەت چونە ماڵی ئەحمەد بەگ، عەزیزو عارف و حسەینی حاجی کەریم، وڵاغەکانیان هێنا، مەردانە وتیان ئێمە فیداکاری یەکێتین، یەکێتی هەر ئیشێکی پێمان هەبێت ئامادەین، ژمارەیەک وڵاغ و وڵاغداری ئێرانیشیان بە لالوتی و نیمچە زۆرێک لە گەڵ خۆیان هێنا.

چونە میراوا پێداویستیەکانیان بارکرد لە تفەنگ و فیشەک و بەڵگەنامەو ئەوراق و جیهاز، هێنایانە سپی دارە بۆ ماڵی مام عەلی، مام عەلی لە سپیدارە بوو، پورە شەمسە خێزانی بوو، مام عەلی و پورە شەمسە وەکو تاقە ماڵە مابوونەوە، تەسلیم بە ڕژێم و ژیانی ئۆردوگا زۆرەملێکان و ژێر دەستی ڕژێم نەبوون، مام عەلی

و هاوسەرەکەی خزمەتێکی گەورەی شۆڕش و پێشمەرگەیان کرد لە سنورەکە، مانەوەی مام عەلی و پورە شەمسە لە سپی دارە ئاوەدانی بە ناوچەکە دەبەخشی، هیچ نا ،هاودەنگێک بون بۆ پێشمەرگە.

کەلوپەلەکان لە ماڵی مام عەلی دانران و بە مام عەلی سپێردران، دواتر تیپی ٣٧ پەڕینەوە بەری سەفرە لە دۆڵی (بیسر) بارەگایان دانا.

پاراستن و پاسەوانی شاخی برزوت و بایلۆسە درایە تیپی ٣٧ی شاربازێڕ، دکتۆر برایم و شێخ جەمال و دەیان پێشمەرگەیتر لە برزوت و بایلۆسە مانەوە.

## تـــۆپبارانی ســـەرکردایەتی

تۆپخانەی حکومەتی عێراقی لە ماوەتەوە تۆپبارانی سەرکردایەتی (ی ن ک) یان دەکرد، بارەگاکانی مامجەلال لە یاخسەمەرو بەشێک لە دامودەزگاکانیتر لە سەرگەڵو بەرگەڵو بوون بارەگای مەڵبەند لە سەرگەڵو ڕادیۆو چاپخانە و دامودەزگاکانیتر لە بەرگەڵو بوون.

بۆ وەڵامدانـەوەو بێدەنگکردنی تۆپخانەی مـاوەت سەرکردایەتی (ی ن ک) هاوەنێکی ٨١ ملم و ٢٧ گوللەی هاوەنی نارد بۆ تیپی ٣٧ی شاربازێڕ تا بچن تۆپبارانی سەربازگەی ماوەت بکەن (سەربازگەی مەیدانان) بەڵام بڕیارەکە وابو دەبوایە چاوەڕێ بکەن تا تۆپخانەی ماوەت تۆپبارانی سەرکردایەتی دەکەن ئەوسا تیپی ( ٣٧ ) یش وەڵامی تۆپخانەی سەربازگەی مەیدانان بدەنەوە.

شەریفی قورئانی پێشمەرگەیەکی وریاو بە سەلیقەی تیپی ٣٧ بوو، شارەزاییەکی باشی لە بەکارهێنانی هاوەن دا هەبوو، حەمە هـەژارو دکتۆر برایم و عوسمان ماوەتی و تەحسین و سەردارە سوریش لە گەڵ مەفرەزەکە بوون.

هاوەنە ٨١ ملم و ٢٧ گوللەکە بە سەرپشتی وڵاغێکەوە بوون، هەفتەیەک زیاتر لە سنوری ماوەت و سپیدارە لە جەولەدا بوون، تۆپخانەی ماوەت لە بۆڵە کەوتبوو بێ دەنگ و کش و مات، تۆپی نەئەنا بە سەرکردایەتیەیوە.

## وردە گـــومرك

مەفرەزەکەی تیپی ٣٧ لە سنورەکە لە گەڕان دابوون چاوەڕێی جێبەجێکردنی چالاکیەکەیان بوون، ناوچەکە لە دانیشتوان چۆڵکرابوو، بۆیە دەستخستنی نان و خواردن ئاسان نەبوو، هێزەکەش برسی و بێ نان و پێداویستی بوون.

تاق و تەرا کاروانچی و تاقە ماڵە و هاووڵاتی دەبینران و دەخزانە ناو چاوانتەوە، ڕۆژانە مەڕدارێکی زۆر بە ناو گوندەکان بەرەو سنور تێدەپەڕین، تا مەڕو ماڵات ئاودیوی سنورەکان بکەن، هیچ بارەگایەکی گومرگیش لە سنورەکە نەبوو.

کاک حەمە هەژار وتی بۆچی لەو مەڕدارانە گومرکێکی کەم وەرنەگرین، هەر ڕانە مەڕێک گیسکێک یان دوان تا بیکەینە خۆراکی چەند ژەمێک، گومرکی چەند ڕۆژەی ئەو ماوەیە لە برسیەتی ڕزگاریکردن.

## تۆپبارانی سەرکردایەتی و لێدانی سەربازگەی ماوەت (مەیدانان) 1986/5/10

دوای زیاتر لە هەفتەیەک مانەوە لە سنوری ماوەت و سپیدارە، دوانیوەڕۆیەک کاتژمێر دوو تۆپخانەی ماوەت تۆپبارانی سەختی سەرکردایەتی دەستپێکرد، لورەو هاژەی تۆپ و ڕاجیمە چەمی قەشان و بەردبەردی پڕ کردبوو لە هاژەو هاڕە، گرمو هوڕی تۆپ و ڕاجیمەکانی سەربازگەی «مەیدانان» گوێی مرۆڤی کاس دەکرد.

حەمە هەژار و دکتۆر برایم و عوسمان ماوەتی ڕۆیشتن شوێنی دانانی هاوەنەکە دەستنیشان بکەن، قوتەی (هەرموتاو) یان دەستنیشان کرد کە دەکەوێتە نێوان سپیدارە و گابەروا، دەستیان کرد بە تەقاندن و پێوەنان و ئاڕاستەکردنی هاوەنەکە بەرەو سەربازگەی مەیدانان، هاوەنێک بەر ماڵێک کەوت لە بەرسماق هاوەنێکیتریش خواری گرت، بەڵام تێکڕای هاوەنەکانیتر لە ناو سەربازگەی ماوەت دران، تەنکی بەنزین گڕیگرت، سەربان و خانوی ئامر فەوج پێکرا، چەندین سەیارەو دەبابە و ئۆتۆمبێلی سەربازی تێکشکێنران، زیاد لە ٤٠ سەرباز کوژران و بریندار بوون، لێدانی سەربازگەی مەیدانان کاریگەری زۆری لە سەر ورەی جەماوەرو پێشمەرگە

و تۆقاندنی هێزی داگیرکەر دانا، ئەو ڕۆژە هاوەنەکەی تیپی ٣٧ گالەو نالەی بە دوژمنان کرد، لە کۆی ٢٧ گوللە ٢٤ گوللەیان لە سەربازگەی مەیدانان دا، هەر دوای لێدانی سەربازگەکە هاوەنەکەیان لە پشتی گوێدرێژێک بەست و بەرەو ماوەت داگەڕان،هاوەنەکەی تیپی ٣٧ دەمکوتی تۆپخانەی ماوەتی کرد.

## گـــوللەیەکی ڕێ ون کـــردو

کاتژمێر ٦,٣٠ دەقەی ئێوارەی ١٩٨٦/٥/١٠ مەفرەزەیەکی تیپی ٣٧ لە قوتەی هەرموتاوەوە بە هاوەنی ٨١ ملم لە سەربازگەی ماوەتیان دا.

گوندی بەرسماق لە نزیک سەربازگەکە و لا شانی سەربازگەی مەیدانان بوو، بەرسماق چەندماڵێکی تیا دەژیا، بەهێمنی ژیانیان دەگوزەراند، چەند ماڵێکی جوتیاری ناوچەکە بوو، سنگی زەویان شەقار دەکردو بە دەست و پەنجە و هێزو بازوی خۆیان دەژیان.

ناوچەکە بۆنی شەڕو خوێنی گرتبوو، سەربازگەو شەڕو باروت جێگەی بە ژیانی ئاسایی لێژ دەکردو ناوچەکەی دەکردە چەڕە دووکەڵ و سوتماکی دەکرد، هەموو شتێک، دار، بەرد، بۆنی بارووتیان گرتبوو، هەتا قەدپاڵ و لاپاڵ و دەشتەکانیش لە جێگەی گوڵ و گوڵزارو سەوزایی دەبوونە دەشتی خوێن و دەسماڵی بە تۆپ گڕگرتو.

لە قوتەی هەرموتاوەوە هاوەنەکەی تیپی ٣٧ کەوتە درووێنەی داگیرکەرو ئەو دەشتانەی خوار ماوەتی دەکێڵا و دەکوتا و لە گیا کەڵەی داگیرکەر پاکی دەکردنەوەو وەرزی درووێنەی بەعسیان دەستپێکردبوو.

لە نێو ڕەهێڵەو گرمەی هاوەنی ٨١ ملم دا گوللەیەک ڕێی هەڵە کردو سەری خۆی هەڵگرت، لە بەردەم ماڵی عەزیز ئاغای قەشان لە بەرسماق دای بە زەویدا، گوللەیەک کارەساتی نایەوە و ئەشکی خوێنی لە چاوان باراند، خێزانێکی خەڵتانی خوێن کرد.

دەرەنجامی ئەو گولله ڕێ ونکردووە، عەزیز ئاغای قەشان ، شێرزاد، نەوزاد، فەرهاد، جوانەی کچی بریندار بوون.

حەمە سوری ماوەت شێرزادی گەیاندە نەخۆشخانە، شێرزاد ڕیخۆڵەی هاتبوە دەرەوە برینەکەی سەخت بوو.

مەجیدی حاجی مەحمودی قەشان نـەوزادی گەیاندە نەخۆشخانە، ئیسعافی ماوەت عەزیز ئاغای بردە نەخۆشخانەی ماوەت پارچەیەک لە سنگی دابوو، توشی نەزیفی داخلی بوو، قاچێکیشی قرتا بوو.

عەزیز ئاغا لە بەر سەختی برینەکەی لە نەخۆشخانەی ماوەت گیانی سپارد.

جوانەو فەرهادیش بریندار بـوون، بـەڵام برینەکەیان سوک بـوو، نەوزادیش قاچێکی بڕدرایەوە.

شێرزاد خوێندکاری پۆلی سێی ناوەندی بوو، ماوەی مانگێک لە نەخۆشخانە بێ هۆش بوو، نزیک بە چوار مانگیش لە نەخۆشخانە مایەوە.

دوای ئەوەی نەوزادی برای قاچی بڕدرایەوە چووە نەخۆشخانە بۆ لای شێرزاد، بەڵام چەند مانگێک بوو لە هەواڵی باوکی نەدەزانی، لە سۆراغی چارەنوسی باوکیدا بوو تا پێیان وت باوکت شەهید بووە.

شێرزاد چەند ڕۆژێکی مابوو بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ کە توشی ئەو کارەساتە بوو، بۆیە بەشێک لە جەستەیی و قوتابخانەشی لە دەستدا.

سەربازگەی مەیدانان سەربازگەیەکی گەورە بوو، لە دەشتەکانی خوار ماوەت هەڵکەوتبوو، دوو لیوای سەربازی لێبو، مولازم موخلیس و مولازم محەمەد، مولازم وەجی و چەند ئەفسەرێکی تر لە سەربازگەی ماوەت بوون، تۆپخانەی گەورەو ڕەتلی دەبابە و چەکی قورس و هەمە جۆرو دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازی لێبوو.

**زیانی دوژمن**

سووتاندن و تێکشکاندی ٦ ئۆتۆمبێل

سووتاندن و ڕوخاندنی چەند قاعە و خێمەیەک

شکاندنی تۆپێکی ١٧٥ ملم

ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان (ئیزگەکە) لە ١٩٨٦/٥/١٣ و لە سێهەم ڕۆژی پرسەکەی عەزیز ئاغادا، هەواڵی کارەساتەکەی خوێندەوەو سەرەخۆشی ئاڕاستەی بنەماڵەی عەزیز ئاغا کرد.

## گـــومرکی شـــاناخسێ

لە سنورەکانی ماوەتەوە مەڕومالآت و جگەرە و مەشروبات و پێداویستی گشتی، زۆر جاریش خواردەمەنی، بە ڕێگای شاناخسێ دا دەڕۆیشتە ئێران.

بۆیە (ی ن ک) مەفرەزەیەکی گومرکی ناردە شاناخسێ، لە گەڵ مەفرەزەکەی گومرکیش مەجیدی حاجی عەلی و سەید ئەحمەد و دکتۆر برایم چونە شاناخسێ، لەتیف هەنجیرە سورەیی و صدیق و کەریم مستەفا لە پێشمەرگەکانی گومرک بوون.

سنوری شارباژێڕ لە مێژ بوو مەفرەزەی گومرکی لێبوو بەڵام لە ئەنجامی هێرشی داگیرکەرو چۆڵکردنی ناوچەکە، بارەگاکانی گومرکیش پەڕیبونەوە بەری سەفرە.

مەرزەکانی میراوا، کـوڕاداوێ لە ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٦ لە قەرەباڵغترین و فراوانترین مەرزەکانی کوردستان بوو، داهاتێکی گەورەی بۆ یەکێتی پەیدا دەکرد، لە تێکڕای شارەکانی کوردستانەوە بە تایبەت شاری سلێمانی خەڵکی ڕوویدەکردە مەرزی میراوا، لە شارەکانی ئێران هەتا شارە فارسەکانیش دەهاتنە مەرزی میراواو ئاڵوگۆڕی کاڵاکانیان دەکرد.

لە سلێمانی بۆ میراوا ڕونتر بڵێین لە کێلێ تا میراوا ڕێگەیەکی خراپ هەبوو، ڕێگای تراکتۆر و ئۆتۆمبێلی گەورە بوو، بارەکان دەهێنرانە میراوا، لەوێشەوە بە وڵاغ ئاودیوی سنوورەکانی ئێران دەکران.

مەرزی میراوا هەلی کاری بۆ سەدان و هەزاران کەس ڕەخساندبوو، جگە لە بارو بارخانەی نیمچە گەورە، دەیان کەبابخانە و چێشتخانە و نانەواخانە، کوشتارگە و شوێنی سەربڕین و چاککردنی ئاژەڵی تیا بوو تا ئەو دەمەی هێرشکرایە سەر ناوچەکە میراوا پڕ بوو لە بارو بارخانە لە خەڵکی شارەکانی کوردستان لە

ڕۆژهەڵات و باشور.

گومرکی شاناخسێ بە بەراورد بە گومرکی میراوا کەم بوو، نیوەی گومرکی-میراوا، کوڕاداوێ، سەفرە نەبوو، بەڵام لە ئاست ئەو بارودۆخەی بە سەر ناوچەکە هاتبوو بەشێک لە داهات و خەرجیەکانی هێزی پێشمەرگەی دەستەبەر دەکرد.

## جــەولەی کـــوڕاداوێ

بەشێک لەو پێشمەرگانەی شاناخسێ گەڕانەوە بەری سەفرەو لەوێوە جارێکیتر بە مەفرەزە بەرەو کەنارو، کوڕاداوێ هاتن، لە ماوەت نانیان خواردو شەو لە سپیدارە خەوتن، نزیک بە (١٠) پێشمەرگە بوون، وەستا فاروق و دکتۆر برایم و هەشتی تر، کاتژمێر ٣ی بەرەبەیان لە سپیدارەوە بەڕێکەوتن بۆ کوڕاداوێ، لە کوڕاداوێ بۆسەیەکیان داناو ئۆتۆمبێلەکانیان دەپشکنی، دوای پشکنین و گەڕان سیانزە جاش خەفیفە دەستگیر کران، دوای غرامەکردنیان و ڕوونکردنەوەی پەیامی شۆڕش و سەرزەنشت کردنیان بەوەی بەرەی دژی گەلیان هەڵبژاردوە ئازادیان کردن و گەڕانەوە سەفرە.

## ڕاوو ڕووت و جـــاش

جاشەکانی ناوچەکە بەردەوام سەرقاڵی شرەخۆری و ڕاوو ڕووت بوون، چەند جاشێک هاتبوونە نێوان گردە زبێرو دێگەڵ بۆ دزی و ڕووت کردنەوەی خەڵک و ئەو کاروان چیانەی لەوێوە تێدەپەڕن.

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٧/٦ بۆسەیەکیان بۆ جاشە ڕاوو ڕووتکەرەکان داناو دوو جاش کوژران و ئەوانیتریش هەڵاتن.

## هــێرشی گــەڵاڵە
## مــانگی 7ی 1986

سوپای عێراق لە چوار لاوە هێرشیکردە سەر گەڵاڵە، دەبابەی هێنایە بەر بەردوو کونە ماسی، سوپایەکی زۆری هێنایە ووڵاغلو، باڵخ، بەشێکی تیپی ٣٧ بە برزوت

و بایلۆسەوە بوون، بەشێکیش لە پشتی ولاغلو، بارەگاکانیش لە ناو گەلاڵە بوون، دوای بیست ڕۆژ هێرشی گەورە و بەردەوام پێشمەرگە بەرگری سەختیکرد، جگە لە تیپی ٣٧ شەڕگەکە چەند تیپێکی تریشی لێبو تیپی ٣٧کشانەوە بۆ سەفرە، لە سەفرە شەڕی بێ ئامان و بەرگری کەم وێنەیان کرد دوای کشانەوە لە سەفرە، ڕۆیشتنە بەرگورد لەوێشەوە بۆ ئەشکان.

## بـــزەیەك لە نێو دووكـــەڵدا

حاجی صاڵحی بەرگوردی مریشک و مراوی هەبوو هەموویانی کردبوە قەفەزەوەو دابونی بە کۆڵ دا بۆ سەرچەمی هەرزنە، عەزیزی حەمە ئاغای ئەزمەکیش دوو کەوی پێبو لە قەفەزدا، دوو کەوی جوان و ئازا لە ڕاوو خورەکەو، حاجی صاڵح ناوبانگی کەوەکانی عەزیز ئاغای بیستبوو، کەوی چاکن.

لە سەرچەمی هەرزنە نەخۆش و بریندارو هێزێکی زۆری لێبو تەنها سیمێکی لێبو بۆ پەڕینەوە، لە ئێوارەوە چاوەڕێ بون تا بەربەیان پەڕینەوە، دۆخێکی ناخۆش و هیلاکیەکی بێسنور ڕوی لە پێشمەرگە کردبوو.

لەو کاتەدا کە سەرنجەکان تەنها لە سەر دۆخەکەو پەڕینەوەو خۆڕێکخستنەوە بون، حاجی صاڵح هەر بیری لای کەوەکانی عەزیز ئاغا بوو، چۆن دزە بکاتە ناویان و عەزیز ئاغا مەشغوڵ بکات و لە دەستی دەربێنێ.

هەر چۆنێک بوو حاجی صاڵح هەر دوو کەوە دانسقەکەی عەزیز ئاغای لە قەفەز دەرهێناو دوو مراوی بۆ کردە قەفەزی کەوەکانەوە.

هێزەکە پەڕیەوە ئەوبەر، ئەوبەری چەمەکە هەورازێکی کوڕو تاقەت پڕوکێنە، عەزیز ئاغا تفەنگ بە شانەوەو قەفەزی کەوەکانی بە دەستەوەیە بەڵام قەفەزێکی قورس، قورستر لە بارستایی دوو کەوەکە،

لە بن دارەکانی ئەشکاندا بۆ پشو لایاندا، هیلاک و ماندو چەند ڕۆژێکە خەو نەچوەتە چاویان، برسی و تینوون، تازە زەردە ئەیدا لە چەم و دارو درەختی ناوچەکە، خۆر لە نێو شەپۆل و هاژەی چەمی هەرزنەی ئەداو ڕەنگەکانی تێکەڵ

ئەکرد، ڕەنگی خۆرو چەم و تابلۆی پەڕینەوەی پێشمەرگە و خەڵک لە چەمی هەرزنە، ئاوێزانی یەکتر ببون، بە هەمویان تابلۆیەکی گەورە لە ڕەنگیان پێکدەهێنا، ڕەنگی سروشت و شەپۆل و خۆر، ڕەنگ و سیمای سەرو ڕیشی تێکهاڵاوی پێشمەرگە.

عەزیز ئاغا دوای پشویەکی کورت خەیاڵ بردیەوە لای کەوەکانی، بە هێواشی پەردەی پەڕۆی سەر قەفەزی کەوەکانی لادا ووتی (توتو) مراویەکانیش وەڵامیان دایەوە ووتیان (قیق قیق) ئەو کات عەزیز ئاغا زانی لە جێگەی کەوەکانی جوتێ مراویان بۆ داناوە عەزیز ئاغا خەریک بوو گڕ بگرێت، بەڵام هێواشیان کردەوە.

زەمەن هات و ڕۆیی حاجی صاڵح هەر کەوەکانی نەدایەوە عەزیز ئاغا.

جارێکیتر تیپی ٣٧ گەڕانەوە شاناخسێ، خانویەکی بچوکی لێبو چونە ئەو خانووە، دواتر دەستیانکرد بە خانوو دروستکردن و دانانی خێمە، هەندێک پارەیان پێبوو چوونە (بانە) بەشی مانگێک ئازوقەیان کڕی و تیپی ٣٧ی شارباژێڕیان دامەزراندەوە.

دوای دوو مانگ مانەوەو پشودان لە شاناخسێ شەڕی قەیوان ماوەت دەستی پێکرد.

## چـــالاکی - مـــیراوا

هێزێکی تیپی (٣٧ ) شارباژێڕ لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ نزیک دێی میراوا ڕووبەڕووی هێزێکی دوژمن بوونەوەو شەڕ ماوەی کاتژمێرێکی خایەند، لە ئەنجامدا هێزەکەی دوژمن شکا و ژمارەیەکیان لێکوژراو برینداربوو (٨) کەسیش بەدیل گیران.

دەستکەوت یەک هاوەنی ٦٠ ملم، ٧ کلاشنیکۆف

## دێــی شـــاناخسێ

شاناخسێ یەکێکە لە گوندە دڵگیرەکانی نۆدێی ئالان، وەک ملوانکە بە گەردنی چیای سەرکەشی گمۆدا هەڵواسراوە، تا چاوی بینین بڕ کات ڕەزو باخ و سەوزایی، هەتا گوێی بیستنیش بڕکات خوڕەی ئاوو جۆگە و تریقەی کانییە،

درەختە شۆخ و شەنگەکانی بەهاران لەنجە دەکەن، دەپشکوێن و گوڵەکانی باخچەی ئەویَ خونچە دەکەن، قاسپەی کەوی نسارانی دەقاسپێنن، شاخەکانی دەستی سلاّویَ هەڵدەبڕن خەندە دەکەن،

دێی شاناخسیَ لە موچەکانی ، نورە، کاوڵان، پشت ئاشان، دێبەران، سنجەڵیَ، سارکیَ، بەرجۆ، دڕەڵە، سورە قانگ، دەڵاو، ١٢ موچەو ناوەندی گوندەکە پێکهاتوە.

بنەمای ئابوری خەڵک لە ئاژەڵداری، باخداری، کشتوکاڵ، توتن، گوێز، بازرگانی بچوک و هاموشۆو ئەمبەراوبەری ئێران پێکهاتوە.

ئاستی بژێوی خەڵک بە گشتی مام ناوەندی بووە گوندەکانی تری نۆدێی ئالانیش بە گشتی ئاستی گوزەرانیان هاوشێوەی شاناخسیَ بوەو لە یەکەوە نزیکن.

شاناخسیَ هەواری هەمیشەیی مەفرەزە پارتیزانەکان و شۆڕش بووە لە دوای ساڵی ١٩٨٧ وە تیپی ٣٧ی شارباژێڕی لە ژێر سێبەری دارگوێزەکانی کاڕەشدا لە باوەش گرتوە.

١٩٧٨/٩/١٥ گوندی شاناخسیَ ڕاگوێزراوەو لە ئۆردوگای زۆرە ملێی قەڵاچوالان گیرسانەوە پێش ڕاگواستن ١٦٩ ماڵ بووە.

## شـەڕی وڵاغلو-دۆڵـــبێشك

مەفرەزەیەک بە سەرپەرشتی محەمەدی حاجی سەعید لە وڵاغلو مابوونەوە لەویَ بەشداری بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ڕژێمیان کرد، لەو کاتەدا، ڕژێم هێرشێکی بەرفراوانی بۆ سەر وڵاغلو و ناوچەکە دەست پێکردبوو، محەمەدی حاجی سەعید کە ئەو کات فەرماندەی کەرتی یەک بوو لە گەڵ مەفرەزەیەکی کەرتەکەی ڕۆڵی دیاریان بینی لە شەڕەکانی وڵاغلودا، هەر لەو شەڕەدا محەمەدی حاجی سەعید بۆ جارێکیتر بریندار بوو کە پێشتر لە داستانی کوڕاداویَ دا بریندار بوو.

مەفرەزەیەکی دیکەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە فەرماندەیی فەرماندەی مەفرەزە «عوسمان چنارەیی» لە دۆڵبێشک مابوونەوە، ئەوانیش بەشداری گەورەو بەرچاویان کرد لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی هێزەکانی ڕژێم بۆ سەر دۆڵبێشک و ناوچەکە، دواتر هەر دوو مەفرەزەکە یەکیان گرتەوەو بەرەو تیپی ٣٧ گەڕانەوە.

## شـــەڕی ولاغـــلو، پێش کـــۆتایی 1986

پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە پشتی ولاغلوو شاخی حەسەن بەگەوە بوون، بەرگری گەورەو شەڕی کەم وێنەیان کرد، سوپای ئەنفال وەکو ئاگر بەر ببوە دارو بەردو ڕەزو باخ و هەتا چاوی کانیاوەکانیشی کوێر کردەوە.

مانگی ١٢ و پێش کۆتایی ساڵی ١٩٨٦، کاروان و مەریوان کەناروێی دوو پێشمەرگەی دلێرو نەبەزی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ شەهید بوون، هەمان کات لە گەمالانیش سەنگەرەکانی تیپی ٣٧ی لێبو.

## تـــیپی 37 لە شـــاناخسێ

دوای داستانی قەیوان ماوەت، بارەگای تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە شاناخسێ جێگیرکران، ژێر دارگوێزە کەڵەگەت و هەوربڕەکانی شاناخسێ بووە هەوارو بارەگای تیپی (٣٧).

+ بارەگای تیپ لە گۆجاڕێ بوو
+ بارەگای کەرتی یەک لە دڕەڵە
+ بارەگای کەرتی دوو لە دێگەڵە (سورەقان) بوو
+ بارەگای کەرتی سێ لە کاڕەش بوو
+ بارەگای کەرتی تیپ لە دێبەران بوو
+ بارەگای بەشی کۆمەلایەتی لە کاولان بوو

بەمشێوەیە بارەگاکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە شاناخسێ جێگیرکران، بارەگای سەرەکی لە شاناخسێ بوو، بەلام بۆ جەولەو چالاکی بۆ ناوچەکانیتری کوردستان لە جوڵەدا بوون.

## گـــرتنی ناحیەی قـــەراغ-ئـــاغجەلەر

بەشێکی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە فەرماندەیی مامۆستا جەمال نزیک بە کۆتایی مانگی ٤ی ١٩٨٧ خۆیان کۆکردەوەو بەرەو شارەزور-زەڕایەن بەڕێکەوتن، لە

سەر پشتی چەند ولاخێک «هۆکیان» بارکرد بوو، لە ئاوایی حەمە کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە، کاروانەکە لە ڕێگەی پەڕینەوە بوو بەرەو قەرەداغ، هۆکەکان لە لایەن پێشمەرگەی تێکۆشەر عمر حسن سەرپەرشتی دەکران، شەڕ دەستی پێکرد، کەمال شێخە و چەند پێشمەرگەیەک کەمینەکەی دوژمنیان شکاندو هۆکەکانیان ڕزگار کردو بەرەو قەرەداغ پەڕینەوە.

سەرکردایەتی «ی ن ک» بەرنامەی لێدانی ناحیەی قەراغی دانابوو تیپی ٣١ و تیپەکانی گەرمیان و تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بەشدار بوون لە لێدانی ناحیەی قەراغ و ڕەبییەکانی دەورووبەری، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە داستانی گرتنی قەراغ دا ڕۆڵی دیاریان بینی، هەڵمەتیان بردە سەر زنجیرەیەک ڕەبییەو لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان بەسەرداگرت، دوای ڕزگار کردنی ناحیەی قەرەداغ بەرەو گرتنی ئاغجەلەر بەڕێکەوتن لە گرتنی ئاغجەلەردا تیپی ٣٧ی شارباژێڕ هاوشانی تیپەکانی دیکە هەڵمەتیانبردە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی ئاغجەلەر کە تیایدا ٤ ڕەبیە لە سەر دەستی شێرە پیاوانی تیپی ٣٧ خاپور کران، ڕەبیەیەک بە فەرماندەیی کەمال شێخە، ڕەبیەیەک بە فەرماندەیی مەجیدی حاجی عەلی، دوو ڕەبیەکەیتر بە فەرماندەیی حەمە هەژارو محەمەدی حاجی سەعید بوون، لە ڕێگەی گەڕانەوەدا چوونە زێوێ و دووچاری کیمیاباران بوونەوە کە تیایدا ژمارەیەک پێشمەرگەی تیپی ٣٧ بە چەکی کیمیایی بریندار بوون.

### گــــرتنی سەربازگەی سوسێ، مـــانگی 7ی1987

دوای داستانی ڕزگاری و سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی تیپەکان ماوەیەک هەر دوو تیپی ٣١و ٣٧ بە یەکەوە بە ناوچەکانی سورداش و سنوری تیپی ٢٣دا جەولەیان دەکرد، بڕیاردرا چالاکییەکی گەورە ئەنجام بدەن و پەلاماری قەڵاو سەربازگەی سوسێ و سەربازگەکانی دەورووبەری بدەن، دوای دراسەیەکی ورد گەیشتنە ئەو بڕوایەی پەلاماردانی قەڵای سوسێ کارێکی گونجاو نییە، چونکە گرتنی زەحمەتە و پێشمەرگەی زۆریش شەهید دەبێت، بەڵام گرتنی سەربازگەکان ئاسانترە.

تیپی ٣١و ٣٧ لە یەک جیابوونەوەو بەرەو سنوری ئاغجەلەر بەڕێکەوتن، بڕیاردرا تیپی ٣٧ی شارباژێڕ سەربازگەکەی سوسێ بگرن، تیپی ٣٧ لە هەڵمەتێکی شێرانەدا پەلاماری سەربازگەی سوسێ یان داو گرتیان، بەڵام یەکێک لە پێشمەرگە و کادێرو ڕێبەرە سیاسییە ژیرەکانی خۆی لە دەستدا.

لە گرتنی سەربازگەی سوسێ دا شەماڵ چاوشین وەڕازی کادێری کۆمەڵەو ڕێبەری سیاسی کەرت لە تیپی ٣٧ شەهید بوو گیانی بەو داستانە سپارد، شەهید شەماڵ پیاوێکی ئازاو ئەدەب دۆست و ڕۆشنبیر و خۆشەویست بوو خاوەنی فکری پێشکەوتنخوازانەو خوێنەرێکی دیاری ئەدەبیاتی چەپ و مارکسیزم بوو.

## نـــامەیەك لە ڕەنگی خـــوێن

شەهید شەماڵ هێشتا هاوسەرگیری نەکردبوو، بەڵام خۆشەویستی هەبوو، خۆشەویستیەکی پاک و بێگەردو خاکی، خۆشەویستیەک تێکەڵ و ئاوێتە بە شۆڕش و خەبات و قوربانیدان بە فکرو بیری چەپ و پێشکەوتنخوازانە، خۆشەویستیەک ڕونتر لە ئاوی کانی، گەورەتر لە لوتکەی چیا سەرکەشەکانی کوردستان.

دوای شەهید بوونی شەماڵ وەڕازی، نامەیەکی بە خوێن نەخشاو لە گیرفانیدا وەکو جەستەی بێ گیانی خۆی شەلاڵی خوێن بوو نامەش بە خوێنی ڕژاوی شەماڵ سور بوو، نامەی دڵبەرو عەشقەکەی وەک تابلۆیەک لە مەرگیشدا لە سەر دڵی بە خوێنی گەشی نەخشا بوو.

نامەی دولبەرەکەی شەماڵ هەر بە تەنها نامەیەکی ئاسایی نەبو یان بە تەنها نامەی حەزێکی ئاگرین یان کوڵی دڵی یار نەبوو، تەنها عەشق و ئەوین نەبوو، بەڵکو نامەیەکی پڕماناو پڕ لە هەست و خۆشەویستیەکی قوڵ بوو، بۆ کوردستان، بۆ پێشمەرگە، بۆ سەرکەوتن، نامەیەک بوو پڕ لە ورەو پڕ لە بڕوا، نامەکە هێندە بەرز بوو بێ ئەوەی بیخوێنیتەوە بۆ خۆی دەدوا.

نامەو شەماڵ و عەشقەکەی لە مەرگیشدا لێک دانەبڕان هەردووکیان شەلاڵی خوێن بوون ، بۆ ورەی بەرزی پێشمەرگە بوون بە بوورکان، بونە ژانێکی ئەبەدی بۆ نیشتمان، نامەیەک لە دڵێکی ئاسمانی بێگەردو ساماڵ بووە حەزینترین نامەی ساڵ.

## محەمەد عەبدوڵلاو محەمەد سابیر دوو پێشمەرگەی شەهید ساڵی 1987

حەمە سەردار عەبدوڵلا سەمەنی چوارتایی و محەمەدی حاجی سابیر دوو پێشمەرگەی شەهیدی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، کە تەمەنی پێشمەرگایەتیان کورت بوو کاتێک بە تۆپبارانی داگیرکەر شەهید بوون.

بارەگای کەرتی یەکی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە دێی ماشان بوو، هەر دوو محەمەد پێشمەرگەی کەرتی دوو بوون.

حەمە سەردار خەڵکی شارۆچکەی چوارتا بوو، پێشتر پێشمەرگە بوو لە گەڵ شێخ حسێن، حەمەی حاجی سابیریش لە ڕێکخستنەکانی شار بوو، لە ناو شار ئاشکرا بوون، هاوڕێکانی گیران و شەهید کران ئەویش ڕویکردە شاخ.

ساڵی ١٩٨٧ چەند ڕۆژێک بو حەمە سەردار و حەمەی حاجی سابیر پەیوەندیان بە هێزی پێشمەرگەوە کردبوو، لە کەرتی دووی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ پێشمەرگە بوون، لە ئەنجامی تۆپبارانی تۆپخانەکانی داگیرکەر هەر دووکیان لە بناری چیای گمۆدا شەهید بوون بوونە دوو دارە بەنی ڕەگ داکوتراوی بناری گمۆ، بوونە دوو گوڵە ئەستێرەی شەهید لە ئاسمانی شارباژێڕو کوردەواریدا کە تا ئێستاش دەدرەوشێنەوەو لە زریوە نەکەوتون.

حەمە سەردار و حەمەی حاجی سابیر شەهید بوون و گیانیان بە کوردستان سپارد، لە گۆڕستانی شاناخسێ بەخاک سپێردران، زامەکانیان هێندە قوڵ بوو خوێن نەدەوەستاو جۆگەڵەی هەڵبەستبوو، بە جۆرێک لە سەر لۆکەو لەفاف و کفنەوە سەریدەکرد کە ئەوەش نیشانەی شەهید بوون و شەهادەتە.

## ئـــەرشیفی وێنە، فـــۆتۆگراف

لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەزگای سینەمایی شۆڕش و ڕادیۆو نامیلکە و گۆڤارو هەفتەنامەو چاپ و چاپخانە هەبوون، شان بە شانی ئەوانەش فۆتۆ ڕۆڵی دیاری بینیوە لە تۆمارکردنی وێنەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ لە

کات و ساتی جیاوازدا، قۆناغ بە قۆناغ و هەنگاو بە هەنگاو دیمەنە جیاوازەکانی شۆڕشیان وێنەگرتوە.

محەمەد عەلی، حەمە عەلی چوارتایی، پێشمەرگەی دێرینی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ برای شەهید حەمەمین چوارتایی، یەکێک لەو پێشمەرگە فۆتۆگرافەرانەیە بە کامێراکەی خۆی کە لە شەهید حەمەمینی برایەوە بۆی مابوەوە، سەدان وێنەی ناوازەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕی تۆمارکردوە، هەر لە ساڵانی هەشتا بەدواوە تا مەفرەزە پارتیزانەکان و ساتەوەختی دابەزینی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕزگارکردنی سلێمانی لە ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١دا.

کاک حەمە عەلی جگە لەوەی پێشمەرگەی سەنگەر بووە لە هەمان کاتدا ئەرشیفێکی مەزنی بە کامێراکەی تۆمار کردوەو بە ئێمەی بەخشیوە، کە جێگەی دەست خۆشی لێکردن و پێزانینە، ئەوە جگە لە دەیان نامەی دەستنوسی پێشمەرگە و شەهیدە نەمرەکانی تیپی ٣٧ بەو هیوایەی لە داهاتودا بکرێتە ئەلبومێکی گەورە.

## شـــەهید بوونی 3 پـــێشمەرگە

دوای ئەوەی لە شەوی ١٩٨٧/٤/١٤/١٣ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بەشداری قارەمانانەیان کرد لە دەست بەسەرداگرتنی ڕەبییەکانی چیای گمۆ کە تیایدا ٣٠ جاش دیلکران و مودەرەعەیەک سوتێندرا، پێشمەرگەکان سەرکەوتوانە و بێزیان گەڕانەوە بارەگاکانیان لە شاناخسێ و گوندەکانی ئەو بەر چەمی (کەڵوێ) ی بەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی – ئێران.

لەو دەمەدا ڕۆژانە ڕژێمی فاشی عێراق بە تۆپی قورس و دوورهاوێژ هەندێک جاریش فڕۆکە، بۆمبارانی بارەگاکانی یەکێتی دەکرد لە شاناخسێ و گوندەکانی ئەوبەر.

بەشێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ لە گوندی (زەڵێ) ی بەری ئێران بوون، کە تۆپخانەکانی عێراق لە قەڵاچوالانەوە بۆمبارانی بارەگاکانی دەکرد لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢١ و لە ئەنجامی تۆپباران دا ٣ پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٣٧ شەهید بوون.

شاخەوان سەراوی، عمر فتاح کێلەیی، محمود شاناخسێی بە تۆپباران گیانیان سپارد، حاجی سەراویش لەو تۆپبارانەدا بریندار بوو، شاخەوان و عمر و محمود سێ پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٣٧ بوون، خالیدی مالیە تەرمی شاخەوان و عمر فتاح و محمود شاناخسێی دەشت تا بە خاک بسپێرێن، عادل سەراوی و ژمارەیەک پێشمەرگە، بۆ شەهیدەکان دەگریان، خالیدی مالیە وتبوی کاکە بۆ دەگرین کێ دەڵێ ئێمەش سبەینێ شەهید نابین، هەرواش بو خالیدی مالیە بۆ ڕۆژی دواتر گیانی سپاردە نیشتمان و ئەویش لە لایەن هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی بە خاک سپێردرا.

لە کاتی بەخاک سپاردنی خالیدی مالیەو شێخ تایەر لە کاولان، فڕۆکە دێتە سەریان و بۆمبارانی ناوچەکە دەکات، دوو پێشمەرگەی دیکە جلال شارەزوری و عەزیز کەناروێی لە ئەنجامی بۆمبارانی فڕۆکەکانی ڕژێم شەهید بوون و گیانیان سپارد، لە ماوەی تەنها چەند ڕۆژێکدا ٢١ تا ١٩٨٧/٤/٢٤، حەوت پێشمەرگەی قارەمان گیانیان سپارد.

شاخەوان سەراوی، عمر فتاح کێلێی، محمود شاناخسێیی، خالیدی مالیە، جلال شارەزوری، عزیز کەناروێیی، شێخ تایەر، بەداخەوە خالیدی مالیە و شێخ تایەر بە کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل گیانیان سپارد، صالح گرگاشەیی یەکێک لەو پێشمەرگانەی تر بوو کە لە شاناخسێ و بە تۆپی دوورهاوێژ شەهید بوو.

## خـــــەمی کامیل – هـــــاوینی ساڵی 1987

(٢) مەفرەزەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە یەک کاتداو بێ ئاگادار بوون لە یەکتر هاتبوونە بەردەپان لەوێ توشی شەڕی یەکتر بوون.

مەفرەزەی یەکەم پێکهاتبوون لە یانزە پێشمەرگە بە فەرماندەیی حاجی سەراوی و هەریەک لە خاڵە سەراوی، عێزەتی حاجی عەلی، عومەر فەتاح کێلەیی و ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکە، لە شاناخسێوە هاتبون بەڕێگای بەردەپان و بانالێ دا بە نیازی پەڕینەوە بوون بۆ سەرکردایەتی.

مەفرەزەی دووەم پێکهاتبوون لە پێنج پێشمەرگە بە فەرماندەیی عوسمان چنارەیی و هەریەک لە بەکرە چکۆل و کامیل و پشتیوان و پێشمەرگەیەکی دیکە.

بەکر فەتاح لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شارباژێڕ نامەیەکی بە عوسمان چنارەیی و بەکرە چکۆل دا ناردبوو بۆ کاک نەوشیروان، دوای گەیاندنی نامەکە لە گەڕانەوەدا لە دۆڵبێشک لە ماڵی بابە عەلی لایان دابوو تا ڕۆژ هەڵکشێ و دنیا بەرەو تاریکی بڕوات و بپەڕنەوە بۆ بەری شاناخسێ، کە بارەگاکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕی لێبوو.

عوسمان چنارەیی و بەکرە چکۆل لە کەپرەکەی بابەعەلی لە دۆڵبێشک دانیشتبوون، کامیل و پشتیوان کە دوو پێشمەرگەی گومرگ بوون ئەوانیش لە دۆڵبێشک بوون هاتنە لای عوسمان چنارەیی و پێیان وت ئێمەش دەچینە شاناخسێ بۆیە دەمانەوێت لە گەڵ ئێوە بپەڕینەوە.

ڕۆژ بەرەو تاقی ئاسمان هەڵدەکشا، ڕووناکی بارگەو بنەی خۆی دەپێچایەوەو ئەو کێوو دەربەند و شاخانەی بە شەو دەسپارد، تا بەربەیانیەکیتر لە گەڵ کازیوەی دەمکەلدا کلیلی شاخ و دەربەندی لە شەو وەردەگرت و خۆی دەبوە پاسەوان.

عوسمان چنارەیی و بەکرە چکۆل، کامیل، پشتیوان لە گەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بوونە پێنج و بەرەو سەرجادەی قیری بەردەپان بەڕێکەوتن لە جادەکە پەڕینەوە، لە دارو شەخسەکەی بەردەپان جوڵەو تارماییان بەدیکرد.

مەفرەزەی یەکەم چوونە بەردەپان پشویەکیانداو عەسرە چایەکیان خواردەوە، لە گەڵ لاواز بونی ڕۆژدا ئەوانیش بەڕێکەوتن، پێیان وتن مەڕۆن دەنگۆی ئەوە هەیە کەریم کانی ساردی لەم ناوەدا بۆسەتان بۆ دابنێ، بەڵام ئەوان سووربوون لە سەر ڕۆیشتن،ماڵاواییان کردو لە چاو وون بوون.

مەفرەزەکە لە بەردەپان ترازان و گەیشتنە پشت جادەی نێوان زەینەڵ و بەردەپان، لە دارو شەخسەکە چاودێری جادەکەیان دەکرد تا بپەڕنەوە، لە ناکاو مەفرەزەی دووەم لێیاندان و تەقە دامەزرا، حاجی سەراوی وەڵامی دانەوەو دەسرێژی لێکردن لە هەر دوو لاوە شەڕ دەستپێیکرد.

هەر (٢) مەفرەزەکە پێیان وابوو و ئەویتر جاشە، بەڵام لە ڕاستی دا هەر دوو لا پێشمەرگە بوون، هەر دوو مەفرەزەکە بەرەو بەرزاییەکان هەڵدەکشان، بە یەکتریان دەوت تەسلیم بن.

کامیل لە مەفرەزەکەی عوسمان چنارەیی هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە فیشەکێک پێکابوی بەڵام هەر شەڕی دەکرد، شەڕ لە نێوان هەر دوولا بەردەوام بوو لە هەر دوولا فیشەک لە کەمی دابوو، شەڕ نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند.

پێشمەرگەکان لە یەکتری نزیک بوونەوە، هەر دوولا بەرەو بەرزایی و هەڵەتەکانی پشتی بەردەپان سەردەکەوتن چەند جارێک هێرشیانکردە سەر یەکتری، عوسمان چنارەیی هاواری کرد بەکرە چکۆل ئەو R.B.G بۆ بێنە خاڵە سەراوی دەنگی عوسمان چنارەیی ناسی، ووتی تەقە نەکەن پێشمەرگەن، ووتیان چۆن بزانین خاڵە سەراوی وتی گوێم لە دەنگی عوسمان چنارەیی بوو، هەر دوو مەفرەزەکە لە یەکتری ئاشکرا بوون و زانیان یەکتریان هەڵە کردوە، لە دوا ساتی شەڕەکە کامیل فیشەکێکیتری بەرکەوت.

کامیل پێشمەرگەی گومرک بوو، کوڕێکی باڵا بەرزو کەڵەگەت دەستێ جلی شاڵی ڕەش و جوتێ کڵاشی لە پێدا بوو، لە گەڵ عوسمان چنارەیی و بەکرە چکۆل هاوڕێی ڕێگە بوو بەرەو شاناخسێ لەو شەڕە نەخوازراوەدا بریندار بوو، کامیلیان خستە سەر پشتی وڵاغێک تا بیپەڕێننەوە بەرەو سەرکردایەتی و چارەسەری پزیشکی بۆ بکەن، بەڵام لە سەرچەمی بانالێ شەهید بوو، دوا هەناسەی بە نیشتمان سپارد.

کۆستی کامیل زامێکی پڕسوێ و ئازار بوو، لە ماوەی سێ ساڵی پێشوتردا دوو برای دیکەی شەهید بوون، کامیل بووە سێ یەم شەهید و سێ یەم کۆستی بنەماڵەکەی.

تەرمی شەهید کامیل لە کونە ماسی بە خاک سپێردرا پێش بە خاک سپاردنی ناردیان بە دوای باوکی دا باوکی شەهید کامیل هاتە سەر تەرمی سێهەم کوڕی شەهیدی، بە چاوی پڕ لە فرمێسک و دڵی گەرمەوە چەکەکەی کامیلی هەڵگرتو ووتی، کوڕێکی ترم ماوە بەڵام مێرمنداڵە، ئەویشم دەکردە پێشمەرگە بەڵام تەمەنی ڕێگە نادات.

کامیل پێشمەرگەی دلێر و قارەمانی (ی ن ک) بوو لە بەردەپان شەهید بوو لە کونە ماسی سەری نایەوە.

## شـــەهید بوونی دوو پـــــێشمەرگە

تۆپخانەکانی ڕژێم بەردەوام تۆپبارانی شاناخسێ یان دەکرد، تۆپ و ڕاجیمەکانی ڕژێم بست بە بست و بەرد بە بەردی شاناخسێی دەکێڵا.

## صـــاڵح گرگاشەیی، خـــەوێکی ئـــەبەدی

صالّح لە شیرین خەودا بوو خەوێکی قوڵ، خەوێک کە جارێکیتر بێدار نەبوەوە، وە خەبەر نەهات، جارێکیتر سروشتی دڵگیری شاناخسێی نەبینیەوەو گوێی بۆ هاژەو خوڕەی ئاوە سازگارەکانی ئەوێ ڕانەدێرا، پارچەیەک تۆپ ڕۆحی سپی لێ سەندو بۆ هەمیشە خەواندی.

صالّح لە بارەگای کاک مەجید بوو، تا شەوێکی درەنگ لە گەڵ هاوڕێکانی سەرقاڵی قسەو باس بوو، شەوێکی درەنگ بە هیوای بەیانیەکیتر سەری خستە سەر سەرین و خەوی لێکەوت بەڵام خەوێکی ئەبەدی.

کاتژمێر هەشتی بەیانی بوو، تازە هەتاو لە دارو بەردی ئەمبەراوبەری بارەگاکەی دەدا و دەشت و دەری گەرم دەکرد، خەفەری بەیانی هەستا بوو نانی بەیانی ئامادە کردبوو، پێشمەرگەکان هەستان لە خەوو نانیان خوارد تەنها صالّح مابوو لە خەو هەڵسێت خەفەر یەک دوو جار بانگیکرد بەڵام وەڵامی نەبوو، ناچار چووە سەر سەری و ڕایوەشاند خەبەری کاتەوە، وتی صالّح هەڵنەستی چایەکە دەڕێژم، بەڵام جەستەیەکی بێ گیان و بێ دەنگ بوو، لە ناو جێگاکەی دا شەهید ببوو.

پارچەیەک تۆپ سەری کردبوو بۆ ناو بارەگاکە لە صالّحی دابوو، توشی خوێن بەر بوون ببوو هەر لە جێدا گیانی سپارد بوو.

## ســـــالار بـــــەیانانی

بارەگای کەرتی دوو لە (دێگەڵە) بوو، سالار بەرەو بارەگای کەرتی تیپ هاتبوو بۆ پێداویستی مەقەڕ، لە ڕێگا لە پشتی کاوڵانی شاناخسێ، پارچەی گوللەیەکی ڕاجیمە لێیدابوو، شەهید بوو.

صالّح و سالار، دوو پێشمەرگەی تیپی ٣٧، دوو گیان فیدا دوو نەسرەوت، گیانیان بە نیشتمان بەخشی، یەکێک بە پارچەی ڕاجیمە، ئەویتریان لە ناو جێدا چاوی لێک ناو بۆ هەتایە خەوی لێکەوت.

هەموو سالّێ لە شاناخسێ لەم وەرزەدا بۆنی خوێن دێ، بۆنی خوێنی کوڕانی گەردن بە خوێن، دەبنە گولاّلە سورەی وێ، لە سەر ڕێگای یاران دەڕوێن.

## کــــۆستی خــــێزانێك
## لە مڕانە بۆ سولەیمانی......

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو مەحمود فەرەج و گولّە خانی هاوسەری مڕانەیان جێهێشت و چوونە شاری سولەیمانی و لەوێ نیشتەجێبوون، لێرەوە چیرۆکی پڕ لە کارەسات و کۆستی گەورەی ئەم بنەماڵەیە دەستپێدەکات، چیرۆکی لە دەستدانی ئازیزان  و خەزانی گەلاّی تەمەنی کەمال و مەحمود فەرەج و گولّە خانی هاوسەری لە سەر دەستی ڕژێمی بەعسی شۆڤێنی.

## «مــڕانە گــــوندێکی دڵ ڕفـــێن»

مڕانە (گوند) یان (دێ) یەکی دڵ ڕفێن و دڵگیرو فێنک، خاوەن ئاوو هەوای سازگارە، دێیەک تەڕو پاراوو پڕ ئاوە، بەهارانی بژوێن و پڕ لە گوڵ و گیاو، لەنجەی درەختەکانی سەر ڕێیە، زستانیشی پڕە لە کلوو پروشەی بەفری کوێستان و سەرو سیمای مڕانە سپی دەکات و بەرگێکی سپی سپی دایدەپۆشێ.

شنەی شەماڵێکی فێنک لە گمۆوە هەڵدەکات و لە پرچ و کەزیە شەنگەکانی، درەختە بالاّ بەرزەکانی ئەوێ دەداو ڕایدەژەنێ، وا هەست دەکەیت شنەی شەماڵی ئێواران کە هەڵدەکاو دادەگەڕێتە ناودێ، بە پەنجەیەک نەرم نەرم وەکو شمشاڵێکی حەزین ئەو درەختانە دەژەنێ.

یان هەندێک جار کە مڕانە دەستی لە ژێر چەنەی دەنێ و نیگایەک بۆ گمۆ دەکات، گمۆ بە زەردەخەیەک وەڵامی دەداتەوەو هەندێک جاریش پێدەکەنێ.

مڕانە هاوسێ و هاوسنوری ژمارەیەک لە دێیەکانی ناوچەی سیوەیلە، لە ڕۆژهەڵاتیەوە دێی بێورێ و ناوەندی ناحیەی سیوەیل و لە باکوریەوە گۆرانکە، لە باشوریەوە سێونگ و لە ڕۆژئاوا کانی شوان و بەشێکی کەنارو (سەرمێرگ) هەڵکەوتون.

مڕانە بە زنجیرەیەک شاخ و لوتکەو گەوەو کەلوەزو دۆڵ و هەردەو هەڵەت و یاڵ دەورەدراوە.

لە باشوری ڕۆژهەڵاتیەوە (بەرسپی)

لە باکوریەوە زنجیرە شاخ و لوتکەکانی، سەری مەیدانان، سەرنزار، دۆڵی دەرو، هەرمێلە.

لە باشوریەوە، گەرمێن، بەرۆژە بە گورگ، گردی کڵاوە.

لە ڕۆژ ئاوا، پیرمحەمەد، دەشتی مەیدانان، لە باکوری باشوریەوە چەواوێ.

مڕانە سەر بە ناحیەی سیوەیلە، پێش ڕاگواستنی دێهاتەکان (٧٥)ماڵی لێنیشتەجێ بووە، سەرچاوەی بژێوی دانیشتوانەکەی کشتوکاڵ و مەڕو ماڵات بووە.

مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٨ هێشتا خەڵەو خەرمان و بەروبومی ساڵ کۆنەکرابوەوە، پەتە توتنەکان هەر بە چەرداخەکانەوە هەڵواسرابوون، کاتێک دێی مڕانە وەکو تێکڕای دێهاتەکانی (سیوەیل- ماوەت) بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێی کەناروێ ڕاگوێزران و لەوێ نیشتەجێ کران.

## خــێزانی مەحمود فـــەرەج

مەحمود فەرەج خەڵکی مڕانەی شارباژێڕە، ساڵی ١٩٦٠ هاوسەرگیری لە گەڵ گوڵەی حاجی  دەروێشی مڕانە کردووە، دوای هاوسەرگیری ڕوویانکردوەتە سلێمانی و لەوێ گیرساونەتەوە، مەحمود فەرەج لە سولەیمانی بووەتە پۆلیس.

هەنگاو هەنگاو خێزانەکەیان فراوان بوو، بوونە خاوەنی ٤ کچ و ٣ کوڕ، یەکەم منداڵیان «گەلاوێژ» ساڵی ١٩٦٢ لە دایک بو هێشتا لە تەمەنی گوڵ دابو کە بە ڕووداوی (سوتان) گیانی لە دەستدا، ساڵی ١٩٦٤ کەمال وەکو یەکەم کوڕی خێزانەکە

چاوی بۆ ژیان هەڵهێنا، ساڵی ١٩٦٦ ڕێبوار لە دایک بوو، ساڵی ١٩٦٩ کچێکی تریان لە دایک بوو، هەر بە نازی گەلاوێژی کۆچکردوو ئەمیشیان ناونا گەلاوێژ، ڕێزان ساڵی ١٩٧١ لە دایک بوو، ڕازاو ساڵی ١٩٧٤ هاتە دنیاوە، جوتیاریش دواکوڕو دوا منالی بنەماڵەکەیان بوو لە ساڵی ١٩٧٧ لە دایک بوو.

پەیوەندی خێزانی مەحمود فەرەج بە مڕانەوە پەیوەندی بەردەوام و نەپچڕاو بوو، پەیوەندیەکی ڕۆحی بوو، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خاک، هەر بۆیە بەردەوام هاموشۆی مڕانەیان دەکردو خزمانیان بە سەر دەکردەوە.

ساڵی ١٩٧٤ مەحمود فەرەج وازی لە پۆلیسی هێناو پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، ماڵ و خێزانەکەشی چونە دێی مڕانە، تا هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لەوێ مانەوە دوای هەرەس گەڕانەوە شاری سلێمانی.

هەرەس کاریگەری زۆری لە سەر خەڵکی کوردستان جێهێشت بوو بە تایبەتی گەنجان، ڕاگواستن و سووتاندنی ڕەزو باخ و کێڵگەو ووڵات و نیشتمان هەروا ئاسان نەبوو، هەرواش قبوڵ نەدەکرا، هەر بۆیە گوڵی هیوا لە دەرونی لاواندا چرۆی دەکرد.

کەمال تەمەنی ١١ ساڵان بوو و کە زێدی باب و باپیری یەکسانی خاک کراو سوتێنرا، بۆیە ئەمیش وەک زۆربەی لاوانی ووڵات لە چاوەڕێی هەلێک دا بوو، و تا ئەسپی شۆڕش و خەبات بەرەو خۆرەتاو تاو بدات و شەوەزەنگی داگیرکردن ڕامالێ و وەک کازیوە لە دەم کەل دا سەردەر بێنێ و بەرەو ئاسۆی ڕوون بڕوانێت.

کەمال لە ساڵی ١٩٨٠ چووەتە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، لێرەوە کارو چالاکیەکانی دەستیپێکردوەو بەردەوام بووە، لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ دا کە تێکڕای شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، کەمال پێشەنگ و سەرمەشقی ڕاپەڕینەکانی سلێمانی بوو.

ماڵی کەمال لە گەڕەکی مەجید بەگی شاری سلێمانی جێگەو لانەو نوای ڕێکخستنەکان و کوڕوکچانی شار بوو، مەجید بەگ لەو سەردەمەدا لەو گەڕەکە شۆڕشگێڕو جەربەزانە بوو کە ترسی لە دڵی پیاوانی ڕژێم دا دروست کردبوو هەر چەند بێ دڕکیش نەبوو.

زۆر لەو کوڕوکچانەی لە ڕیزەکانی شۆڕش بوون، یان هاوسۆزی شۆڕش و پێشمەرگە بوون، ماڵی کەمالیان بە ماڵی گەرم و گوڕی شۆڕش دەزانی و ڕوویان تێدەکرد.

زۆر جار کە خۆپیشاندانەکان دەکەوتنە بەر دەستڕێژی گوللە و قامچی بەعسیەکان و ڕاویان دەنان.

ئەو کوڕو کچانەی کە پەرەوازەی کوچەو کۆڵانەکان دەبوون ڕوویان دەکردە ماڵی « مەحمود فەرەج» ی باوکی کەمال، لە ماڵی «مەحمود فەرەج» بەردەوام قات و بیجامەی پیاوان و ماکسی کچان هەبوو، بۆ ئەو کوڕوکچانەی هانایان بۆ دەبردن، تا یەکسەر خۆیان بگۆڕن و وەکو ئەندامی خێزانەکە نیشان بدرێن لە هەر پشکنین و بەدواداچونێکی پیاوانی ڕژێمدا، ماڵی کەمال دوو دەرگای هەبوو، هەندێک جار لە هەر دوو دەرگاکەوە ڕوویان تێدەکرد.

## دەســـتگیرکردنی کەمال و هـــاوڕێکانی

لە ١٩٨٧/٨/١١ کەمال و دوو هاوڕێیتری لە گەڕەکی ئیسکانی شاری سلێمانی دەستگیرکران بە پێی سەرچاوەکان یەکێک لە ڕێکخستنەکان بە ناوی (ف) پەیوەندی لە گەڵ پیاوانی ڕژێم هەبوو، هەر لە ڕێگەی سیخوڕی ئەو کەسەوە کەمال و هاوڕێکانی دەستگیرکران کە تێکڕای قسە و باس و بەرنامەو پلانی کەمال و هاوڕێکانی و وتووێژی نێوانیانی تۆمار کردبوو دابویە دەست بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ڕژێم ، هەر بەو هۆیەشەوە دەستگیریان کردن چونکە بەڵگەی دەنگی تەواویان لە بەردەست بوو کەمال و هاوڕێکانی زۆر نەهێڵدرانەوە بۆلێکۆڵینەوەو بڕیاری گوللەبارانکردنیان بۆ دەرچوو.

لە ڕێگەی مەڵبەندی یەک لە قەراخ و سەرکردایەتی شۆڕشەوە هەوڵدرا لە بەرانبەر ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانی ڕژێم کە لای پێشمەرگە بوون کەمال و هاوڕێکانی ئازاد بکرێن بەڵام ڕژێم ڕازی نەبوو بە ئازاد کردنیان.

## لە سـیخوڕیەوە بۆ پـێشمەرگایەتی

کەمال و هاوڕێکانی لە ئەمنی سلێمانییەوە برانە ئەمنی کەرکوک، پیاوانی ڕژێم گەنجێکی کوردیان بۆ سیخوڕی کردن ناردبوە ژورەکەی کەمال تاوا نیشان بدات کە ئەویش دەستگیر کراوەو سیخوڕی بە سەر کەمالەوە بکات، بەڵام کەمال بە فکری ڕۆشن و زیندووی کاریگەری لە سەر سیخوڕەکە داناو هەڵوێستی گۆڕی، کەمال وردەکاری دەستگیرکردنەکەی بۆ سیخوڕە پەشیمانەکە باس کردوو ژمارەی تەلەفونی دراوسێکەیانی دابوویە، تا پەیوەندی بە (گوڵە خان) دایکی کەمال-ەوە بکات.

سیخوڕەکە لە ژورەکەی کەمال ڕۆیشت، کەمال کاریگەری گەورەی لە سەر دانابوو بە جۆرێک گۆڕانکاری گەورە لە هەڵوێستیدا ڕوویدابوو، لە گەڵ چوونە دەرەوەی پەیوەندی بە دایکی کەمال «گوڵە خان» کردبوو، وردەکاری دەستگیرکردنەکەو ناوی ئەو کەسەشی پێدابوو کە لە گەڵ کەمال و هاوڕێکانی دا سیخوڕ بوو بە دەستگیرکردنی دابوون.

ئەو گەنجەی پیاوانی (ئەمن) ناردبوویانە لای کەمال تا سیخوڕی بە سەرەوە بکات، کەمال هەست و بیرکردنەوەی گۆڕی لە مرۆڤێکی سیخوڕەوە کردیە لاوێکی شۆڕشگێڕ، لە پیاوێکی ڕژێمەوە، بووە پێشمەرگەیەکی سەربەرزو سەرفراز.

ئەو سیخوڕەی کەمال لە زینداندا سەرتاپای بیرکردنەوەی گۆڕی ڕوویکردە شاخ و بووە پێشمەرگە.

## دەسـتگیرکردنی دایك و باوکی کـەمال

مەحمود فەرەج و گوڵە خانی خێزانی، دایک و باوکی کەمال، بەردەوام لە سۆراغی کەمال و هەوڵی ئازادکردنی دابوون بۆ ئەو مەبەستەش بە نیاز بوون سەردانی بەغدا بکەن تا لە ڕێگەی دۆست و تکاوە و بە پێدانی پارە هەوڵی ڕزگارکردنی کەمال بدەن، بەڵام فریای ڕۆیشتن نەکەوتن، ئەمانیش دەستگیرکران.

ڕێزان، گەلاوێژ، ڕازاو، جوتیار، چوار ئەندامی خێزانەکە دوای نانخواردنی ئێوارە

بەرەو ماڵی خاڵیان ڕۆیشتن، لە ترسی دەستگیرکردن و ڕاپێچ کردن، چونکە شەوانە پیاوانی ڕژێم ئەیاندا بە سەر ماڵاندا، ئەمانیش دوای دەستگیرکردنی کەمال، مەترسی دەستگیرکردنیان لە سەر بوو هەر لە کاتی دەستگیرکردنی (کەمال ) –ەوە شەوانە ماڵیان چۆڵ دەکردو دەچونە ماڵی کەسوکاریان، تەنها مەحمود فەرەج و گوڵە خانی خێزانی دەمانەوە، لە سەرەتای دەستگیرکردنی کەمال–یشەوە دوو هەفتەیەک ماڵیان چۆڵکردبوو.

## دوا ســـەرنجی باوکانە... تا ســـیلەی کۆڵان

ڕێزان، گەلاوێژ، ڕازاو، جوتیار، لە ماڵ ڕۆیشتن هێندەی نەمابوو لە گەڕەک ئاوابن و بپەڕنەوە بۆ ماڵی خاڵیان کە لە گەڕەکی مامۆستایان بوو.

گەلاوێژ وەک خورپەیەک لە دڵی دابێ، ووتی با ئاوڕێک بدەینەوە بۆ باوکم، ئاوڕێک کە دوا سەرنج و بینینی چەند کچێکی سەنگین، سەلار بۆ باوکێکی دڵ پڕ لە خەم و ناسۆر کە تەنها بە لاشە لەوێ بوو، دەنا بە ڕۆح و گیان و بینینی لە ناو زیندانەکاندا دەگەڕاو بە دوای دیدارو سۆراغی کەمال دا وێڵ بوو، ڕۆحێکی وێڵ، جەستەیەکی شەکەت و ماندوو، ڕۆحێک کە تەنها باوکەکان تێی دەگەن، ئازارێک کە تەنها ئەوان لە سینەدا ڕایدەژەنن.

خانوەکەی ماڵیان دوو قات بوو، مەحمودی سۆفی فەرەج هەر دوو دەستی لە سەر ستارەی خانوەکە دانابوو، تا سیلەی کۆلان چاوەکانی بە دوای ڕەوتی گورج و گۆڵ و هەنگاوی پڕ لە تاسەو سیمای غەمباری ڕازاوو جوتیارو گەلاوێژو ڕێزان دا دەیڕوانی.

منالان لە ئامێزی گەرمی دایک و باوکیان دا لە ناو سۆزو خۆشەویستی خوشک و برادا دەخەون و پێڵوی چاوەکانیان لێک دەنێن، لە نێو نوێنی ئاوریشم و لە ڕۆحی پەپولەدا خەونەکانیان دەهۆننەوە و بە ئارامی چاوەکانیان دەچێتە خەو، بەیانیانیش دایکیان پرچیان بۆ دەهۆنێتەوەو بۆیان دەکاتە کەزی، بەڵام ئەمان بەعس مۆتەکەی سەر دڵ و کۆستی کەمال هەناسەی ساردیان بوو، لە جێگەی خەونی ئەرخەوانی و

ئاسودەیی ڕۆح، ڕاکردن، هەڵاتن، دڵەڕاوکێ و خۆپەنادان، بەش و چارەنوسیان بوو.

سەرنجەکانی گەلاوێژ و خوشکەکانی لە گەڵ دوانیگاو دواڕوانینی باوکیان، ئەو گەڕەک و سیلەی کۆڵانەی پڕکردبوو لە حوزن، لە غوربەت، لە خەوێکی شیرین، لە یادگاری، لە باوەشێکی گەرم، لە نیگای پڕ لە تاسەی باوکیان، لە سۆزی پڕ خۆشەویستی دایکیان، لە ڕوانین بۆ ئاسۆیەکی ڕوون و ڕزگار بوون، لە بە یەکتر شادبوونەوە.

لەگەڵ هەڵگرتنی هەنگاوەکاندا زیاتر لە یەک دووردەکەوتنەوە تا هەر دوولا لە ڕوانینی یەکتردا بوونە تارمایی و لە چاوان وون بوون ، وونبونێک کە تا ئێستەش چاوەکان هەر چاوەڕێن، دڵەکان پڕن لە خورپە، ئەو سیلەی کۆڵانەش پڕە لە ئێش و ژان، پڕە لە ژوان، پڕە لە نەسیمی بەیانی و پڕە لە بۆنی ئێواران.

ئەو دوا سەرنج و نیگایە، ئێستاش لەو سیلەی کۆڵانە دێن و دەچن، ئەو کۆڵانە بووەتە یادگاری و بیرەوەری نەبڕاوەو تاڵ، بووەتە حەزینترین تابلۆی ساڵ کە هیچ نیگارکێشێک ناتوانێ وێنەی ئەو دوا سەرنجانە بخاتە سەر فڵچەکەیی و لە ڕووپەڕی لاپەڕەیەک، بینەخشێنێ ئەو تابلۆیە، بە تەنها ڕۆح، بە تەنها ترپەکانی دڵ، هەنسکەکانی دوای دابڕان، بە قوڵپی گریانێک، بە هەست و سۆزی خێزانێک دەتوانێ بینەخشێنێ کە تا ئێستەش بە حەسرەتی دیدارێکن، ئەو دیدارەی ئەشکی چاوان وشکی کردو ئەو هەر نەهات.

ئەوان لە کۆڵانەکە ڕەتبوون و چونە ماڵی خاڵیان، هەر چەند کاتژمێرێکی خایاند، هاوڕێیەکی گەلاوێژو ڕێزان کە خوێندکار بوون بە یەکەوە گەیشتنە ماڵی خاڵیان و پێی وتن، باوکم دەڵێت با نەیەنەوە ماڵەوە، چونکە قوات خاصە هات کاک محمود و گوڵە خانی هاوسەری دەستگیرکران، کەمالیش پێشتر دەستگیر کرابوو، ڕێبواریش ئەو شەوە دیار نەمابوو، نەدەزانرا ڕوویکردوەتە کوێ، خزم و کەسوکار کۆبونەوە تا چارەسەری پاشماوەی خێزانەکە بکەن، خاڵ و مام و کەسوکار هەر یەک دەستی یەکێکیگرت و لە گەڵ خۆیاندا بردیانن، ئیتر جگە لە خەمی دایک و باوک و برا، خەمی لێک ترازان و لێک دابڕان و پەرتەوازە بوونیش هاتە سەربار.

ماڵی مەحمودی سۆفی فەرەج دراوسێی ماڵی حاجی عەزیزی مرانە بوون، شەو لە سەربانی ماڵی حاجی عەزیز خەوتبون کاتێک (قوات خاصە) دابوی بە سەریاندا، پیاوانی ڕژێم لە ڕێگەی ئەو سیخوڕەوە کە کەمال و هەڤاڵەکانی بەگرت دابوو، دایک و باوکی کەمالیشیان دەستگیر کرد، ئەگینا ئەوان لە ماڵی حاجی عەزیز و لە سەربانێکیتر خەوتبون، پیاوانی ڕژێمیش نەیاندەناسین، بەڵام سیخوڕەکە دەستنیشانی کردبون، هەر ئەوشەوە ماڵەکانی دیکەی گەڕەکیان خەبەر کردبوەوە تا ئەندامانی دیکەی خێزانەکە دەستگیر بکەن، گومان هەبوو لەو ماڵانە خەوتبن، بەڵام سیخوڕەکە سەرنجی دابون ئەوان نین، بۆیە هەر مەحمود فەرەج و گوڵەی هاوسەری دەستگیر کران.

مەحمودی سۆفی فەرەج و گوڵە خانی هاوسەری بە نیازی سەفەری بەغدا بوون، جانتاو پێداویستیەکانیان ئامادەکردبوو، بەڵام مەخابن جانتای سەفەرو سۆراغی کەمالی کوڕیان بووە جانتای سەفەری ئەبەدی و هەمیشەیی خۆیان، لە ماڵ و حاڵ و سەروەت و سامانی دنیا ئەو دوو جانتایەیان لە گەڵ خۆیان برد کە بۆ سەفەری بەغدا ئامادەیان کردبوو، بەڵام سەفەری مەرگ یەخەی گرتن.

لە کاتی دەستگیرکردنیاندا جەللادێکی ڕژێم بە کاک مەحمودی وتبو کچەکان لە کوێن.... کاک مەحمود تفێکی کردبوە ناوچەوانی جەللادەکە ئەویش زللەیەکی لە کاک مەحمود دابوو.

## تـــالانکردنی مـــــاڵەکەیان

ڕژێمی بەعس هەر بە گرتن و دەستگیرکردنی ئەو خێزانە نەوەستا، بەڵکو ماڵەکەشیان تالان کردن، لە تالانکردنی ماڵەکەشیاندا گوڵە خانیان لە زیندانەوە هێنابوەوە.

هەر چەند هەناسەیەک پێش تالانکردنی ماڵەکەیان (ڕازاو) هاتبوە ماڵەوە تا پێداویستی و جل و بەرگی خوشکەکانی لە کانتۆری ماڵەوە دەربێنێ و ببات بۆ خوشکەکانی، (ڕازاو) لە ماڵە دراوسێکانەوە چوبووە ماڵی خۆیان و پێداویستیەکانی

بردبوو، هەر چەند هەناسەیەک لە ماڵی خۆیان دورکەوتبووەوە کە پیاوانی ئەمن هەڵیان کوتابووە سەر ماڵەکەیان و تاڵانیانکرد.

تاڵانچی و جەللادەکانی بەعس گوڵە خانیان لە زیندانەوە هێنابوەوە ، لە بەرچاوی ئەودا ماڵەکەیان تاڵانکرد بوو، هێنانەوەی گوڵەخان بۆ ئەوە بوو تا پێی بڵێن ئەو ماڵەی کە تۆ بنیادت ناوە و پڕە لە یادگاری و یادەوەریت، ئێمە بە چرکەیەک تاڵانی دەکەین، هەر واشیان کرد بە بەرچاوی گوڵەخانەوە ماڵەکەیان تاڵانکرد.

گوڵەی حاجی دەروێش نمونەی سەلارترین ژن و باشترین دایکی دنیا بوو، ئەو شایەنی ئەو بێ ڕێزیەی بەعسیەکان نەبوو- ژنێکی میهرەبان و باوەشێکی پڕ سۆز بوو بۆ مناڵەکانی.

## ڕووخـــــاندنی خـــانوەکەیان

دوای بە تاڵانبردنی ماڵەکەیان، قۆناغی ڕووخاندنی ماڵەکەیان دەستیپێکرد، جەللادەکانی بەعس بە شۆفڵ و بە بەرچاوی خەڵکەوە خانوەکەیان ڕووخاندو یەکسانی خاکیان کرد.

بۆ تاڵانکردنی ماڵەکەیان گوڵە خانیان لە گەڵ خۆیان هێنا بوو، بۆ ڕووخاندنی خانوەکەشیان کاک مەحمودیان لە بەندیخانەوە هێنا بوەوە، تا بە بەرچاوی خۆیەوە بەری ڕەنجی تەمەن و هێلانەی ماڵ و مناڵ و تێکڕای بیرەوەری و یادگاریەکانی یەکسانی خاک بکەن، هەرواشیان کرد، بە بڕیارێکی فاشیانە تەلاری سەرفرازی و هێلانەی خێزانێک، بە دەیان یادگاری و بیرەوەریەوە ، بە بەرچاوی مەحمودی سۆفی فەرەجەوە ڕووخێنران و بوونە کاولاش.

## قـــوڵپی گـــــریانێك

ڕازاو خوێندکاری پۆلی دووی ناوەندی بوو لە قوتابخانەی ڤیان دوای تەواو بوونی قوتابخانە بە گەڕەکی خۆیاندا ڕۆیشتبوو تا ماڵی خۆیان ببینێ، بەڵام بە سەر ماڵێکی ڕووخاودا کەوت، کە زۆربەی یادەوەری مناڵی و پێکەوە بونی لە گەڵ دایک

و باوک و خێزانەکەی لەوێدا بوون، بینینی ڕوخاندنی خانوەکەیان هەر ڕووخاندنی بینایەک نەبوو لە خشت و خۆڵ، بەڵکو ڕوخاندنی ڕۆژانی بەختەوەری و تەلاری بەرزی خێزانێک بوون کە داگیرکەران پەرتەوازە و سەرگەردانیان کردبوون.

ڕازاو بە بینینی خانوەکەیان کە یەکسانی خاک کراوە، تەنیا زریکەو ناڵەو گریانێکی بەکوڵی لە یادەوەریدا ماوە، چونکە ئەو دیمەنە تراژیدیە لە هۆش خۆی بردبوو، کاتێک چاوەکانی کردبوەوە لە ماڵی مامی بوو، برینی ڕۆح وەکو برینی جەستە نییە، بە سانایی ساڕێژ نابێت، تا ئێستەش ئەو برینی ڕۆحە لە دەرونی ڕازاودا هەر بە ئازارو بە سوێیە و هەموو وەرزێ لەو کاتەدا دەکولێتەوە، مەگەر تۆفان و زریانێکی بەهێز ئەو هەموو زام و برینە ڕامالێت و بشواتەوە و بسڕێتەوە.

## گــوللەبارانکردنی کـــەمال و هـــاوڕێکانی

ڕۆژی ١٩٨٧/١٠/٢٤، دوای ٢٤ ڕۆژ لە دەستگیرکردنی کاک مەحمودو گوڵەی هاوسەری، کەمال و چوار هاوڕێی دیکەی لە دووڕیانی سەرچنار، بە بەرچاوی خەڵکەوە گوللە بارانکران.

کاتژمێر ١١:٤٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٧/١٠/٢٤، دوای کۆکردنەوەی قوتابخانەو خەڵکێکی زۆر، پێنج لاوی کورد، پێنج ئەستێرەی گەش، بە پێنج دارەوە دەبەستنەوەو گوللە بارانیان دەکەن، کەمال بە دەستڕێژی گوللەکان شەهید نابێ و گیان ناسپێرێ و هەڵدەستێتەوە، درووشمی کەم ژیان و کەڵ ژیان دەڵێتەوەو نەفرەت لە داگیرکەران دەکات و قسەیان پێ دەڵێ، پارێزگاری کەم نرخ و دۆڕاوی ئەو کاتی سولەیمانی بە دەستی خۆی فیشەک بە سەری (کەمال) –ەوە دەنێ و شەهیدی دەکات.

کەسووکاری شەهیدەکان بێئاگا بوون لە گوللە بارانکردنی کوڕەکانیان، دوای گوللە بارانکردنیان ڕەوانـەی (پزیشکی دادی) سولەیمانیان کـردن و دواتـر لە گۆڕستانی سەیوان کردیانن بە ژێر خاکەوە.

هەواڵی شەهید بوون و ڕاخۆشینی ئەو پێنج ئەستێرەیە سەرتاپای شاری تەنی ، کەسوکاری شەهیدەکان چونە گردی سەیوان شەهیدەکانیان دەرهێنایەوەو بە خاکیان سپاردن.

چۆنیەتی شەهید کردن و دەستگیرکردن و گوللەبارانکردنی شەهیدەکان لە بەڵگەنامەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی بە ڕوونی ئاماژەی پێدراوە.

شەهیدانی دووڕیانی سەرچنار ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید کەمال مەحمود فەرەج

٢/ شەهید جەلال عەبدوڵلا محەمەد

٣/ شەهید تاریق قادر محەمەد

٤/ شەهید عەلی حەمە ڕەحیم حەمە ساڵح

٥/ شەهید بەرهەم عومەر سەعید

دوای شەهید بوونی کەمال و هاوڕێکانی، پارەی فیشەکەکانیان لە کەسوکاریان سەندەوە، ئەو دەمە باوکی کەمال لە بەندیخانە بوو، لەوێ پارەیان لێسەندبوو.

ئەو سیخوڕەی ڕایەڵەی ڕێکخستنەکانی کەمال و هاوڕێکانی ئاشکرا کردوو بە گرتنیدان، لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی ڕاپەڕین دا بە سزای گەل و تاوانەکانی گەیەندرا.

## بـــڕوایەکی پـــتەو

کۆستێکی گەورەو هەژێنەر یەخەی خێزانێکی گرتبوو، بەرگە گرتنی ئاسان نەبوو، کۆستێک کە شاخ لە ئاستیدا بە چۆک دا دەهات و زەوی دەجما، ناخ دەهەژاو گوڵ و خونچە لە بەهاردا هەڵدەوەرین، کۆستێک کە هیچ کۆستێکی تر ناتوانێ لە شێوەی ئەو بێ، بەڵام بەو هەموو ئێش و ژانەوە ئەندامانی دیکەی خێزانەکە خۆیان کۆکردەوەو یەکیانگرتەوە، دەستیان بە ژیان کردەوە، بڕیاریاندا لە خوێندن بەردەوام بن، سەرەتا هەر یەک لەماڵێک و قوتابخانەیەک، بەڵام کۆست و دابڕان بوونە هێزی کۆڵنەدان و جەنگین لە گەڵ ژیان و ناهەمواریەکانیدا، دواجاریش لە یەک ماڵ و لە یەک خانودا یەکیان گرتەوەو پێکەوە کۆبونەوە.

## گـــــەڕان بە دوای چـــــارەنوس دا

مەحمود فەرەج و گوڵەی هاوسەری بێ سۆراغ و سەرو شوێن بوون، هەوڵەکانیش بۆ سۆراغ کردن و ڕزگار کردنیان بەردەوام بوون، بەڵام بێهودە بوون.

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە بەڵگەنامەکاندا دەرکەوت کە لە ١٩٨٧/١٢/٢٢ دا هەر چەند مانگێک دوای شەهید بوونی کەمالی کوڕیان، ئەوانیش بە سەرپەڕاندن حوکم دران و سەریان بە ئەستێرەی سەروەری گەیشت.

گوڵە خان لە تەمەنێکی کورت دا ملی پەڕێندرا، تەنها تاوانی خۆشەویستی نیشتمان و هاوکاری کردنی کەمالی کوڕی بوو، کاک مەحمودیش بە هەمان شێوە، ئەوان دوو ملوانکەن هەمیشە بە گەردنی نیشتمانەوەن.

## 1991/3/7

## زەمـــاوەندی ســـــلێمانی

بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ خەڵکی سلێمانی لە دەنگی تەقەو هوتاف و دروشمی بڕوخێ رژێمی دیکتاتۆری بەعس بە ئاگاهاتن.

ڕێبوار خوشکەکانی لە خەو هەستاندو مژدەی ڕاپەڕینی پێدان، سەرچۆپی زەماوەندو ڕزگاری سلێمانی گرتبوو، دەیوت، ئەمڕۆ دایکم و باوکم دەگەڕێنەوە.

ڕێبوارو ڕازاوو ئەوانیتر بەرەو ئەمنەسورەکە ڕۆیشتن، ژور بە ژور دەگەڕان تا دایک و باوکیان بدۆزنەوە، لە ژێر زەمینەکاندا دەنگ دەهات، ئەمنەکە دەستیبە سەردا گیراو جەللادەکان بە سزای خۆیان گەیەندران، بەڵام نە دەنگی کاک مەحمود هەبوو نەدەنگی گوڵە خانی هاوسەری، نە ڕووخساری کەسیان کەوتە بەرچاوان، ئەوان لە مێژ بوو سەریان بە ئەستێرەی سەرفرازی و شەهادەت سپاردبوو.

## کـــــۆڕەو

کۆڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان دەستیپێکرد، چارەنوسی نادیار یەخەی هەموانی گرت، ڕێبوار، ڕازاو، ڕێزان، گەلاوێژ، جوتیار، لە گەڵ ماڵی ماميان بەرەو

سنورەکانی ئێران ڕۆیشتن، بەڵام لە سەر سنور هەستێک یەخەی پێگرتن، هەستێک کە ڕێگەی نەئەدا لە سنوور بپەڕنەوە و نیشتمانی بۆن و بەرامەی دایکیان بە جێبێڵن، دەنگێک لە ناخەوە بانگیدەکردن مەڕۆن، جێمان مەهێڵن بە تەنیایمان مەسپێرن.

لە کۆڕەودا هەورەکان چڕ دەبونەوەو لە یەکیان دەخوڕی، گەواڵە هەورە ڕەشەکان ژان دەیگرتن و دادەبارینە سەر خاک، ئاسمان تەوێڵی گرژو خەڵکیش لە ژێر لێزمەو خوڕەی باران دا پشو سوار بوون، نیشتمانێکی ئاودامان لە ئاسمان و ئەستێرەوە تا گەڵای سەوزی دارەکان ئاوی لێدەچۆڕا، خوناوەی وردە باران لە سەر شەونمی بەربەیان خۆی ڕادەژان، هەموو ئەو خوڕە باران و لێزمە بارانەی ئەو دەمە نەدەگەیشتنە چاوی بە فرمێسک تەڕی، ڕازاوو گەلاوێژو ڕێزان.

بیرو یادی ئازیزان هەر لە کۆنەست و یادەوەریدا مایەوە، ئەوان لە سنوور تێپەڕین و لە کەل ئاوا بوون بەڵام هەر بە ئومێدی گەڕانەوەی مەحمود و گوڵێ بوون.

لە ئێران چونە بیجاڕ، لەوێ لە کەمپی ئاوارەکان گیرسانەوە ڕێکخراوە جیهانیەکان چونە کەمپەکەو چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کردن، ئامادەییان بۆ دەربڕین بیانبەنە ئەوروپا، بەڵام ئەوان بە ئومێدی دایک و باوکیان ڕازی نەبون و نەیانتوانی بڕیار بدەن هەر بۆیە گەڕانەوە سلێمانی.

چیرۆکی پڕ لە خەم و کۆستی شەهید بوونی خێزانێک، ناخ و دەرون دەهەژێنێ و لە بەردەم پەیکەری باڵا بەرزی نەمریاندا ڕات دەگرێت و دەتخاتە سەر چۆک و ئەژنۆ، تا کڕنوش بۆ گەورەییان بەریت و میدالی ئازایی و گیان بەخشین، نەنەوین و نەبەزین، میدالی زێڕ بە گەردنیاندا هەڵواسی و دابچەمی لە بەردەمی کێڵ گەردنەکانی وولات.

چیرۆکی شەهید بوونی کەمال و مەحمود فەرەج و گوڵە خان چیرۆک و سەرگوزەشتەیەک، تا هەتایە لە یادوو بیرەوەریدا کاڵ نابنەوە، سێ برینی هێندە بە سوێن، ساریژ نابن، بیر ناچنەوە.

## مـڕانە لە بـــۆتەی شـــــۆڕشدا

دێی مڕانە لە بزووتنەوەی کوردایەتی بە گشتی و لە شۆڕشی نوێخوازی گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی (ی ن ک) ڕۆڵی دیارو بەرچاوی بینیوەو چەند پێشمەرگەو شەهیدی بە شۆڕش و کوردایەتی بەخشیوە.

+ شێرکۆ جدی پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش بووە.

+ لاوە مڕانەیی یەکێک لە پێشمەرگە دلێرو چەلەنگ و بوێرەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بووە.

+ فایەق چاوشین یەکێک لە پێشمەرگە تێکۆشەرو کۆڵنەدەرەکان بووە.

+ عەزیز مڕانەیی، یەکێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ بووە.

+ تایەر فارس، تایەرە سور یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ بووە.

+ سەلام محەمەد یەکێک لە پێشمەرگە دلێرەکانی یەکێتی و تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بووە.

لە کۆڕی خەبات و تێکۆشاندا دێی مڕانە ژمارەیەک شەهیدی بە شۆڕش و (ی ن ک) بەخشیوە کە ئەم نەمرانەن:

+ شەهید حسەین عەبدوڵڵا، شێرکۆ جدی.

+ شەهید تایەر فارس، تایەرە سور.

+ شەهید فایەق عارف.

+ شەهید کەمال مەحمود فەرەج.

+ شەهید مەحمود سۆفی فەرەج.

+ شەهید گوڵە حاجی دەروێش.

## بـــــەرەو بێتـــــوش

جەبار فەرمان بروسکەیەکی بۆ تیپی ٣٧ کرد داوای لێکردن بچنە بێتوش، ژمارەیەک لە کەرت و پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ بەرەو بێتوش و کانی زەرد

بەڕێکەوتن بۆ دیداری کاک جەبارو هەر ئەرکێک کە پێیان بسپێرێت.

ئەو سەردەمە ژمارەیەکی زۆر تەقەمەنی بە کاروانچیەکانی ئێراندا دەهێنرایە بێتوش تا ڕەوانەی سەرکردایەتی بکەن، پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ ئەرکی گواستنەوەی تەقەمەنیەکانیان گرتبوە ئەستۆ، کاروانچیەکان تا بێتوش و بارەگای کاک جەبار تەقەمەنیەکان و چەک و پێداویستیەکانیان دەهێنا، لێرە بەدواوەو بەشەو کوڕانی تیپی ٣٧ چەک و تفاق و تەقەمەنیەکانیان دەگواستەوەو بە سیم دەیانپەڕاندەوە لە چەمی هەرزنەوە بۆ سەرکردایەتی.

## بــــەر لە زینوی ســــپی- دوو ڕۆژ لە بــــێترخێ

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، لە شاناخسێ وە بەڕێکەوتن بەرەو ئەشکان، لەوێشەوە بۆ بێترخێ، بێترخێ، بێ کانی و ئاو بوو، یەگ گۆلاوی لێبوو، پانی و درێژی گۆلاوەکە سێ بە چوار بوو، ئاوی باراناوی تیا کۆببوەوە، هیچ سەرچاوەیەکیتری لێنەبوو، دەبوایە لەو گۆلاوە بخۆنەوە، بۆ چێشت لێنان بە کاری بهێنن، وولاخەکانیشیان هەر لەوێ ئاویان دەخواردەوە، گۆلاوەکە مێش و مەگەزیشی تێدا بوو، بۆقی تیا بوو، کرمی تیا بوو، کیسەڵی تیا بوو.

گۆلە ئاوەکە بۆگەنی کرد بوو کرم و زەروشی تێدا بوو، ئاوی تریش نەبوو، ئەیخۆیت گـۆلاوە، نایخۆیت هـەر ئـاوی گـۆلاوە، هەندێک لە پێشمەرگەکان بە هاوڕێکانیان دەوت ئەو دەبە ئاوەم بۆ پڕکە با نەیبینم، مەتارەکەی دکتۆر برایم، قادری حاجی عەلی پڕیکرد.

## بــــستەو بــــەڕوو

مانگی پایزو وەرزی خەزان و وەرینی گەڵا بوو، پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ لە سەر باراناوی گۆلاوەکەی بێترخێ دانیشتبوون، دکتۆر برایم چەقۆیەکی بچکۆلەی پێبوو دەستیکرد بە بەڕوو پاککردن، بەڕووەکانی ورد کردو کردنیە گیرفانیەوە، دەنک دەنک بەڕوەکەی لە گیرفانی دەردەهێناو دەیخستە سەر دەمی، حەمە مۆریاسی

لەو بەرەوە دانیشتبوو هاواری لە دکتۆر برایم کرد ووتی، کوڕی باش ئەوە بۆ بستە دەخۆیت و بەشی ئێمە نادەیت، دکتۆریش وتی دە وەرە با بەشت بدەم، کاکە حەمە هات دکتۆر هەندێ بەڕووی دەرهێناو کردیە دەستیەوە ووتی فەرموو، حەمە مۆریاسی سەیری کردوو ووتی بۆ بەڕوو دەخۆیت، دکتۆر برایم وتی ئەی بەڕوو دەخۆم لە بێترخێ بستەم لە کوێ بوو.

سەرنجەکەی حەمە مۆریاسی لە جێی خۆیدا بوو ڕاستە دکتۆر برایم بەڕووی دەخوارد، بەڵام بە تامی بستە ئەیخوارد، هێندە بە تام ئەملاولای پێدەکرد مرۆڤ حەزی دەکرد هاوبەشی بێت.

لە گفتوگۆی بەڕوو بستەکەدا بوون، عەبدوڵڵا وسوو هات داوای لێکردن بەدلیان بکەن.

## داســـــتانی زینوی ســــپی

سەرکردایەتی و مەکتەبی عەسکەری (ی ن ک) بەرنامەیەکیان دانا بۆ دەست بە سەرداگرتن و ڕزگارکردنی زنجیرە شاخی زینوی سپی، زینوی سپی زنجیرە شاخێکی گرنگ و ستراتیجییە، لە پشتی ماڵەکانی گوندی زەرونەوە بە بەرزاییەکی دیار هەڵکەوتوە، ئەکەوێتە نێوان سەفرەو گەلاڵە و زەرون و دۆڵی سەفرە و گەلاڵە پێکەوە گرێ ئەداو ئەبەستێتەوە، زاڵە بە سەر گردەڕەش داو دەچێتە سەر ئاوی زەرون، لە لایەکی دیکەوە بە سەر دۆڵی بێترخێدا دەڕوانێ.

مەکتەبی عەسکەری بە سەرپەرشتی ملازم عمر و مستەفا چاوڕەش بارەگایەکی کاتی هێنایە سنورەکەو بەرنامەو نەخشەو پلانی دەست بەسەرداگرتنی زنجیرە شاخی زینوی سپییان دارشت.

ئاسۆس و ٤٧ی پیرەمەگرون و ٦٣ی جوتیاران و تیپی پارێزگاری و مەکتەبی عەسکەری و ناوچەی شۆڕشگێڕان هەڵمەتیان بردە سەر زنجیرە شاخی زینوی سپی و لەداگیرکەریان پاک کردەوە، پێشمەرگە لەو زنجیرە چیایە مایەوەو لێی دامەزران.

پاش ماوەیەک لە ڕۆژی ١٩٨٧/١١/٢٥ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی تیپەکانی سەر شاخی زینوی سپی و بە چاوساغی فەرماندەی دێرین عبدالله وسو بەرەو سەنگەرەکانی زینوی سپی بەڕێکەوتن، ئەو دەمە هەڵۆ ئەحمەد کوردە فەرماندەی تیپ بوو، کاک حەمە هەژار، مەجیدی حاجی عەلی، محەمەدی حاجی سەعید، ئاسۆی شێخ عارف فەرماندەی کەرت بوون.

ڕەبیەی پێشەوە عوسمان شارستێنی و تیپی ٤٣ی ئاسۆسی لێبوو هێزێکی کەمی لێمابوو، تیپی ٣٧ سەرکەوتن بەدلیان بکەن، ڕەبییەیەک هەبوو بە سەر بێترخێدا دەیڕوانی شوێنێکی گرنگبوو، سوپای عێراق لە قەڵادزێ و دۆڵی سەفرەوە هاتبوو ڕەبییەکەی گرتبوەوە بەڵام پێشمەرگە پێیان نەزانیبوو کە هێزەکەی تیپی ٣٧ سەرکەوتنە سەرەوە ڕەبییەکە دەنگیدابوون وتبوویان ئێمە سوپای عێراقین بگەڕێنەوە ناڕاستەوخۆ جاشەکان ئاگاداریان کردبون، پێشمەرگەیەکی تیپی ٣٧ ، لە ئەنجامی لە یەکتر پرسین ئێوە کێن و ئێوە کێن وتبوی ئێمە تیپی ٣٧ی شارباژێڕین، یەکسەر جاشەکان دەسڕێژیان لە پێشمەرگەکان کردبوو هەر لە جێدا کاک حەمە هەژار و دکتۆر کاوەو تەها ماوەتی بریندار بوون.

هێزەکەی تیپی ٣٧ پاشەکشەیان نەکردو هەر سەرکەوتن و چونە لای هێزەکەی تیپی ٤٣ و دەورو تەسلیمیان کرد و دامەزران.

دوای پشویەکی کورت مەفرەزەیەک بە سەرپەرشتی بکر فتاح پەلاماری ڕەبییەی جاشەکانیان داو لە چاوتروکانێکدا گرتیان، ئار بی جی یەک، هاوەنێک، جیهازێک، ئار بی کەیەک، ٢ کلاشینکۆف دەستیان بەسەردا گیرا، حەمە ئاغاو گۆران سەراوی لە مەفرەزەکەی کاک بەکر بوون.

بەکر فتاح بە مەبەستی بەکارهێنانی هاوەنەکە گوللەیەکی تێکرد، دەستی لە سەر لولەی هاوەنەکە دانابوو لە کاتی تەقینی گوللە هاوەنەکە دەستی بریندار بوو، لەتیفی مام عەلی و عومەر کیسەلاوایی بە سواری ولاخێک بەرەو ئێران هاوەڵی بوون، پێشمەرگە لە سەنگەرەکاندا دامەزران، بۆ بەیانی کە ڕۆژ هەلات، بینیان وا سوپا ناوچەکەی تەنیوەو هێرشی دەستپێکردوە، دزەیان کردوەو هاتوونە سەر.

محەمەدی حاجی سەعید ٢٠ پێشمەرگەی لە گەڵ خۆی بردە سەنگەرەکانی خوارەوە، فایەق ئاڵەکی جێگری کەرت، عمر گرگاشەیی جێگری کەرت، عوسمان چنارەیی جێگری کەرت و، چەند پێشمەرگەیەکی دیکە.

کاتژمێر ٩ی بەیانی دوژمن هێرشی هێنایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، پێشمەرگە لێیان هاتنە دەست و هەر لە جێدا ٣ سەربازیان کوشت، جیهازو ئار بی جی یەک دەسکەوت بوون، شەڕ تا نیوەڕۆ بەردەوام بوو پێشمەرگە نانیان لێبڕا بوو، تەنها ئاوی مەتارەکانیان پێبوو، پەیوەندی نێوان سەرو خوار بڕابوو، تیپی ٣٧ یەک جیهازی پێبوو، ئەو جیهازەی دەسکەوت بوو پاتری تیا نەبوو تا ڕۆژی دواتر لەوێ مانەوە محەمەدی حاجی سەعید پێیوتن هەر پێشمەرگەیەک تەنها یەک قوم ئاو بخواتەوە لە مەتارەکەی.

هێستری چەند ڕەبیەیەک لە خوارتر کەوتبون هەندێک سەمونی ڕەقی عەسکەریان لە بەردەم بوو وتیان ئەگەر ناچار بوین ئەو سەمونانە هەڵدەگرین، چونکە شەڕی مان و نەمانە و خواردنمان پێی ناگات.

بۆ ڕۆژی دواتر واتە لە ڕۆژی ١٩٨٧/١١/٢٧ کاتژمێر ١١ ی پێش نیوەڕۆ هێرش دەستی پێکرد، فەرماندەی سوپاکە کە رائیدێک بو بە چاو دەبینرا کە فەرمانی هێرشی دەدا، جەلال ماوەتی بە محەمەدی حاجی سەعیدی وت تەماشاکە چۆن دەیکوژم، یەکەم ڕیزە گوللەی بی کەی سی، ڕائیدی فەرماندەی هێرشەکەی پێکاو سوپا شکا، پێشمەرگە دوایان کەوتن و کەلاکیان پێ جێهێشتن.

بـەردەوام کۆپتەرو ڕاجیمەو پیلاتۆز بۆردومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکرد، لە قەڵادزەوە تۆپباران و لە گەڵاڵەوە دەبابە سەر شاخی دەکوتا.

## هـــۆ کاکە، هـــۆ بەڵێ

تیپی ٤٣ی ئاسۆس بە کەسێک دا ئاویان ناردبو بۆ پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧، لە دورەوە هاواری دەکرد هۆ کاکە، ئەمانیش دەیانوت هۆ بەڵێ، دەیوت وەرن بۆ ئاوەکەتان، حەمەی حاجی سەعیدیش دەیوت هۆ کاکە ئەگەر ئاوەکە نەهێنی بۆ ئێرە

وەکو ئەوە وایە هیچت نەکردبێ، وەستا فاروق و جەمال سیرینی دەستیان کرد بە پێکەنین، بە حەمەی حاجی سەعیدیان وت خوا بتگرێ، لەوانەیە ٥-٦ کاتژمێر بێت بە ڕێگاوە بێ، چۆن وەکو ئەوە وایە هیچی نەکردبێ.

## چـــــارەسەری بـــــــرینـدارەکان

هێستریکیان پێبوو داوو دەرمان و نان و تاقمەکەی دکتۆر برایمیان لێپێچابوو، شوێنەکە تـەلان بـوو هێسترەکە بـەر بـوەوەو هەڵخزی، ناچار چونە خـوارەوە دەرمانەکەیان لە پشتی وڵاخەکە کردەوەو تاقمەکەیان هێنایەوە، دەرمانەکان بۆ چارەسەری بریندارەکان پێویست بوو، بارە نانەکەشیان هێنایە سەرەوە، هەر ئەو شەوە بریندارەکان چارەسەری سەرەتاییان بۆ کراو بەڕێکران.

سەنگەرەکانی پێشمەرگە تۆپبارانی خەستی لە سەر بـوو، بۆ ڕۆژی دوایی هاوەنێک لە پێشمەرگەکانیدا بریندارەکان بوونە (١٨)، بریندارەکان هێنرانە خوارەوە بۆ بێترخێ، دکتۆر برایم لەوێ چارەسەری بۆ دەکردن لە بەر ڕووناکی لایتێکی دەستیدا چارەسەری بریندارەکان دەکرا.

لە گەرمەی تۆپباران، هێرشی فڕۆکە، هێرشی جاش و سوپا، چارەسەری بریندارەکان سەرکەوتوانە بەڕێوە دەچوو.

پێشمەرگەیەکی هەولێری لێبوو، بە دکتۆر برایمی دەوت تۆ جیاوازی لە نێوان من و خەڵکی سلێمانیدا دەکەیت، دکتۆریش پێی وتبوو، برا جیاوازی چی لە بێترخێ.

بۆ ڕۆژی دواتر مەجیدی حاجی عەلی فەرماندەی کەرت پێشمەرگەیەکی ناردە لای محەمەدی حاجی سەعید و پێیان وتن کە ڕژێم هێرشی کردووەو ڕەبییەکەی پێشوی گرتۆتەوە هەر چەندە ٤ ڕەبییەکەی دیکە بە دەست پێشمەرگەوە مابوو بەڵام هێرش بەردەوام بوو بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

ژمارەیەک پێشمەرگە بە فەرماندەیی محمدی حاجی سەعید بەرەو لای کاک مجید سەرکەوتن، شەڕی گەورەو فراوان دەستیپێکرد، پێشمەرگە شەڕی مان و نەمانیان کرد، بڕیاریاندا شەڕی مان و نەمان بکەنە دوا یادگاری و دوانەبەزین و شەهید بوون.

دوای سەرکەوتنی محەمەدی حاجی سەعید و هێزەکەی بۆ سەنگەرەکانی سەرەوەی لای کاک مجید، لە سەنگەرەکانی خوارەوەش هێرشکرا بووە سەریان، عوسمان چنارەیی بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان هات، کاکە حەمە پرسیاری لێکرد ئەویش وتی فایەق ئاڵەکی و عمر گرگاشەیی و عەتا شەهید بوون، تا ئێوارەیەکی درەنگ شەڕ بەردەوام بوو، مەقەڕ سریەی سەر زینوی سپی دۆشکەو هاوەنی تیا بوو منصور هەورامی شارەزا بوو لە بەکارهێنانیان بە دۆشکاو هاوەن لە هێزەکەی داگیرکەریان ئەدا کە بووە پاڵپشتیەکی گەورە، بۆ دەرچوون لە بۆسەی داگیرکەر کە لە هەمو لایەکەوە دەوری پێشمەرگەیان دابوو، دۆخەکە بە جۆرێک بوو کە دەرفەتی مانەوەو بەرگریکردن نەمابوو، بۆیە هێزەکە بڕیاری پاشەکشەیدا دۆشکاکە یەک لولە بوو کاکە حەمە ووتی نابێت دەست دوژمن بکەوێتەوە، عزیز سەراوی دۆشکەکەی ڕاکێشاو هەڤاڵانیتریش هاوەنەکەیان برد.

## نـــێوان پێشمەرگەو ســـوپا

نێوان سەنگەری پێشمەرگەو سەربازەکانی داگیرکەر دوو قوتە بوو، هەر ٥٠٠ مەترێک دەبوو، لە نێوان هەر دوو قوتەکەدا نەدار نەبەرد هیچ شتێک نەبوو تەنها وردە زیخ و زیخێکی ورد بوو.

سەنگەرەکانی پێشمەرگە خامۆش بوون، تەقەیان نەدەکرد تا سەربازەکان دەهاتنە نیوەی ڕێگاکە، ئەو جار لێیان دەدان، بەم شێوەیە ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن، نزیک بە ١٥ هێرشیان کرد بەڵام نەیانهێشت سەرکەوتوبن.

## دوو ســـەربازی ڕێ ونـــکردوو

دوو پێشمەرگە لە بێترخێ ئێشکگر بوون لە پشتی بریندارەکان یەکێکیان هات وتی سەرباز هات، دوو سەربازی ڕەبیەکانی دەوروبەری زینوی سپی هەڵبڕابون و ڕێگەیان ونکرد بوو، تفەنگەکانیان کردبووە ملیان و لۆژە لۆژ دەڕۆیشتن و سەردەکەوتن، پێشمەرگە دەنگیان دان و گرتیانن، دوو کلاشینکۆف دەستکەوت

بوون دواتر ڕەوانەی سەرکردایەتیان کردن.

داستانی زینوی سپی بە خوێنی گەشی ٣ پێشمەرگەی زێدە قارەمان، فایەق ئاڵەکی، عومەرە سور گرگاشەیی، عەتا کەنارویی تۆمارکرا لە گەڵ ١٢ بریندار کە جەلال ئەحمەد و جەزا سنجەڵەیی و عوسمان چوارتایی (ئاپۆ) دوو برینداری ئاخر بوون.

هێزەکە بەرەو بێترخێ پاشەکشەیان کرد لەوێش بۆ دیوی گەناو، دۆڵی زەرون و دیوی مەرگە و خەندەک و بیران و دۆڵی شێخ محمدیان لێگیرابوو.

بە برووسکە بە کاک جەبار فەرمانیان وتبو تیپی ٣٧ چواردەوریان گیراوە «محاصرن» کاک جەبار وتبووی دەزانم شەهیدیان هەیە، بەڵام من تیپی ٣٧ بناسم خۆیان دەرباز دەکەن، هەرواش بوو لە بناری گوێزێ وە بریندارەکانیان ڕەوانەی بەرگەڵو کردو هێزەکەش گەڕایەوە سنوری تیپی ٣٧ بۆ شاناخسێ.

## شـــــەڕی قوڵە پـــــوشین

لە مانگی ١٩٨٧/١٢، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ هاوشانی تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگە، هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەکانی قوڵە پوشین و قوڵە سەوز، لەو نەبەردیەدا چوار پێشمەرگەی تیپی ٣٧ شەهید بوون، کمال و حسن دوو برا بوون بە سەر تەلبەندی ڕەبییەکەوە شەهید بوون، سالارو کەریم بەگ هەمان کات شەهید بوون و بوونە چوار گوڵاڵە سورە.

## بـــــریندار بوونی سەید ئەحمەدو هـــــاوڕێکانی

ماڵ و خێزانی سەید ئەحمەد لە ناو شاردا لە ژێر فشاری گرتن و دەستگیرکردن دابوون، بۆیە سەید ئەحمەد بە مەبەستی دیدارو دۆزینەوەی چارەسەرێک بەرەو گوندی هەناران بەڕێکەوت، بەڵام نەیتوانی بیانبینێ، لە گەڵ حەمە قەڵاچوالانی و ئازاد عەرەب و عوسمان ماوەتی بەرەو یاخسەمەر بەڕێکەوتن و چوونە بارەگای مام عەلی ماوەتی کە لێپرسراوی ئازوقەی هێزی پێشمەرگەو یەکێتی بوو لە یاخسەمەر.

کات ١٩٨٨/٢/٢٧/٢٦ بوو شەو لای مام عەلی مانەوە نزیک بە کاتژمێر ١١ی شەو تۆپبارانی بۆمبی کیمیایی بۆ سەر یاخسەمەر دەستیپێکرد سەید ئەحمەدو هاوڕێکانی بە چەکی کیمیایی بریندار بوون، سەید ئەحمەد سەردانی کاک نەوشیروان و کاک جەبار فەرمانی کردبوو، کاک جەبار پێیوتبو بۆ ڕەنگت واتێکچوە، سەید ئەحمەد وتبوی بریندار بوم بە کیمیایی، هەر لەوێ لە حەمامی ماڵی کاک جەبار خۆی دەشوات و دەستێ جلی تازە لە بەردەکات و جلە کۆنەکانی دەسوتێنێ، کاک جەبار نامەیەکی نووسی تا کۆپتەرەکانی ئێران هاوکاری هێزی پێشمەرگە بکەن لە گواستنەوەی بریندارو دابینکردنی پێداویستی، سەید ئەحمەد و محمد قەڵاچوالانی و عوسمان ماوەتی و ئازاد عەرەب بە سەر دۆڵی شێخ محمد دا بە سواری فڕۆکە بەرەو گەڵاڵە بەڕێکەوتن، شەو لە خێمەکەی شێخ محمد سەرگەڵویی مانەوەو ڕۆژی دواتر بەرەو شاناخسێ بەڕێکەوتن لەوێشەوە ڕەوانەی تەورێز کران بۆ چارەسەر.

## بـــەرەو هەڵەبجەی شـــەهید

## شـــــەهید بوونی محەمەدی حاجی ســـەعید

٩٨٨/٢/٢٠ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە سەر داوای سەرکردایەتی بەڕێکەوتن بۆ کرماشان و ماوەی سێ هەفتە لە کرماشان مانەوە، لە ١٩٨٨/٣/١٥ بەرەو هەڵەبجە بەڕێکەوتن، ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ ڕژێمی عێراق بە چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجەی داو هەڵەبجەی خەڵتانی خوێن کرد، پێشمەرگە لە ناو شاری هەڵەبجە بون کە بە چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە درا، کاک شەوکەتی حاجی موشیر داوایکرد سەرجەم هێزی پێشمەرگە بڕۆن بۆ گومرگەکە و لەوێ کۆبنەوە، کاک مەجیدی حاجی عەلی بە پێشمەرگەکانی ٣٧ی ڕاگەیاند سەرکەونە سەر شاخ هێزەکە ببوە دوو بەش، بەشێکیان تا ئێوارە لە گۆڕستانەکە مانەوە، بەشەکەیتریش بەرەو هەوارە کۆن بەڕێکەوتن.

## ڕەبـــییەکانی هەوارە کـــۆن

یەکێتی نیشتمانی کوردستان (٤٥٠) پێشمەرگەی دانابوو بۆ گرتنی ڕەبییەکانی دەورووبەری هەڵەبجە، لە کۆی ئەو (٤٥٠) پێشمەرگەیە ٣٠ پێشمەرگەی تیپی ٣٧ بوون، حەمەی حاجی سەعید و وەستا فاروق سەرپەرشتیان دەکردن.

دوو ڕەبییە دانرابوو بۆ تیپی ٣٧ی شارباژێر لە هەوارە کۆن، وەستا فاروق و حەمەی حاجی سەعید چون سەیری ڕەبییەکان بکەن، ڕەبییەکان تەلبەند کرابوون، یەک ڕێگەی هەبوو بۆ سەر چەمەکە ئەویش بە لۆفە کرابوو، گرتنی ڕەبییەکان بە شەو ئاستەم بوو بۆیە بڕیاریاندا بە ڕۆژ بیگرن، دوو B.K.C دانرا تەقە لە ڕەبییەکان بکەن، حەمەی حاجی سەعیدو وەستا فاروق و ئاپۆو عەبە درێژ تێکڕا پێنج پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکە لە گەڵ یەکەم هەڵمەت و هێرشدا سەربازی ڕەبییەکە ڕایانکردو ڕەبییەکە دەستیبە سەردا گیرا، دەمەو ئێوارە بوو پێشمەرگە خۆیانکرد بە ڕەبییەکەدا، سەربازەکان لە سەر نان خواردن هەڵاتبوون، برنج و شلە و گۆشتیان لێنا بوو، وەستا فاروق و ئاپۆ یەکسەر دانیشتن و دەستیانکرد بە نان خواردن، وتیان مەیخۆن زەهری تیایە.

وەستا فاروق ووتی زەهری چی ئێستا لێیان ناوە گەرم و گوڕە خۆ نەیانزانیوە ئێمە هێرشیان دەکەینە سەر .

دوای گرتنی دوو ڕەبییەی هەوارە کۆن، زنجیرە ڕەبییەی شاخی هەوارە کۆن کە دەیڕوانی بە سەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا دەستیان بە سەردا گیرا، کە تێکڕا ١٧ ڕەبییە بوون، لە ئێوارە تا تاریکی باڵی کێشا بە سەر ناوچەکەدا تیپی ٣٧ی شارباژێڕ ١٧ ڕەبیەیان لە ژێر هەڵمەتی دلێرانەی خۆیاندا پان کردەوەو خاپوریانکرد.

## ون بـــوونی عارف مـــــاشانی

عارف ماشانی دیار نەمابو، وەستا فاروق و هاوڕێکانی نەیانزانیبوو لە گەڵ مەجیدی حاجی عەلی ڕۆیشتوە، وەستا فاروق ژێر زەمین و کوچەو کۆڵانی هەڵەبجە

گەڕا بە دوای عارف ماشانیدا، دوو ڕۆژی بەردەوام بە دوای سۆراخی عارفە وە بوو، کەم تەرم و لاشەی بێ گیان هەبوو وەستا فاروق نەچێتە سەری، کەم کوچەو کۆڵان و ژێر زەمین و پەناو چەپەک هەبوو پیا نەڕوات.

هیچ گیانلەبەرێک لە هەڵەبجە زیندوو نەبوو ، هەتا مەل و ئـاژەڵ و باڵندە کێویەکانیش هەڵوەریبوون.

لە نێوان عەبابەیلێ و هەڵەبجەدا سەدێک هەبوو پڕ بوو لە تەرم و لاشەی بێ گیان، بە سەدان و هەزاران گیان، ژن و مناڵ، پیاوی کەنفت و پیر کەوتبوون، پیڵۆی چاوەکانیان وشک هەڵاتبون.

## شەهید بوونی محەمەدی حاجی سەعید

لە هەوارە کۆنی هەڵەبجە محەمەدی حاجی سەعید فەرماندەی کەرت و پیاوی ئازاو کۆڵنەدەرو چەلەنگ، دەست ئەداتە گوللەیەکی فاس تا بیتەقێنێ دوو گوللە دەتەقەێنێ، گوللەی سێیەم لە نزیک خۆی دەکەوێت و دەتەقێتەوە، پارچەیەک لە گوللەی فاسەکە دەگەڕێتەوە و لە دڵی ئەدات، لەنێوان ئاوی شێخان و هەوارەکۆن دەیپەڕێننەوە ئەوبەر. بەڵام ئەفسوس نەگەیشتە نەخۆشخانەو لە ڕێگەدا شەهیدبوو.

محەمەدی حاجی سەعیدی چوارتا یەکێکە لە پێشمەرگەکانی سەرەتای ساڵانی (٨٠)، پیاوێکی دەگمەن وکەم وێنە لە ئازایەتی و خۆنەویستی، پیاوێک هەرگیز سڵی لە گوللە نەدەکردەوە لە تێکڕای هەڵمەت و پەلامارەکان دا دەستەی پێشەوەی هێرش بوو، لەکشانەوەش دا دوایین کەس بوو، پیاوێک نموونەی ڕەوشتی بەرزی پێشمەرگانەبوو، یەکێک لەو فەرماندانەی جارێکی دیکە مێژوو بەخۆیەوە نابینێتەوە و لە وێنەی درووست نابێت.

بەشێک لە هێزەکانی تیپی ٣٧ لە بیارە بوون، بروسکەیان بۆ هات بەرەو هەوارە کۆن بەڕێکەوتن، لەوێشەوە بەرەو پاوەو کرماشان بەڕێکەوتن لە کرماشانیشەوە ڕاستەوخۆ بەرەو شانەخسێ گەڕانەوە، تەرمی شەهید محەمەدی حاجی سەعید هێنرایەوە بۆ شاناخسێ و لەوێ بەخاکسپێردرا.

دوای شەهید بوونی محەمەدی حاجی سەعید وەستا فاروق کە ئەوکات جێگیری فەرماندەی کەرت بوو، سەرپەرشتی کەرتەکەی شەهید محەمەدی دەکرد، وەستا فاروق پێشمەرگەی ساڵانی ٨٠ و یەکێک لە فەرماندە جەربەزەو گورز وەشێن و دلێرەکانی تیپی ٣٧، پیاوێکی خاکی و فەرماندەیەکی نەسرەوت تاکە کەسێک کەدەیتوانی پەیامەکەی شەهید محەمەد حاجی سەعید بەرز ڕاگرێ و گەشەی پێبدات.

## ســــیانزە پیـــاڵە

مەجیدی حاجی عەلی، عەزیز سەراوی ناردبوو بۆ گوندی زەڵێ، ئەوبەری گوندی مەروێ، لە گوندی زەڵێ دووکانی لێبوو تا هەندێک پێداویستی بارەگاکە بکرێت، عەزیز پێداویستیەکانی کڕیبوو، دەستەیەک پیاڵەشی کڕیبوو لە ڕێگا لێی کەوتبوو پیاڵەیەک شکابو، دەستەکە دوانزە پیاڵەی تیا بوو، دانەیەکی شکابوو مابووەوە یانزە.

عەزیز گەڕابوەوە مەقەڕو بە کاک مەجیدی وتبوو دەستە پیاڵەکەم لێکەوتە زەوی، پیاڵەیەکی شکاو مایەوە سیانزەی، خۆی یانزەی مابوو، کاک مەجیدیش بە پێکەنینەوە وتبوی ئافەرم عەزیز، هەموو جارێ عەزیز بنێرن.

## سالاری حـــاجی دەروێش، برینێك قـــــەتماغە ناگرێ

شاربازێڕ هەمیشە بێشەو لانەی شێران بووە، لە بێشەو بێشەلانیدا هەر هەڵۆیەو باڵ دەگرێ، هەر هەڵۆیە لە لوتکەدا نەبێ نامرێ.

سالاری حاجی دەروێش کوڕی بنەماڵەیەکی ناودارو نیشتمان پەروەری چوارتای لانکەی ڕاژەنینی کۆپەری شۆڕشە، بنەماڵەکەیان لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا دریغیان نەکردوە، سەرمەشق و پێشەنگ و قوربانیدەر بوون.

سالار پێشمەرگە، فەرماندە، کادێری پێشکەوتوی کۆمەڵە بوو، لە تیپی سی و حەوتی شاربازێڕ پێشمەرگە بوو، دواتر چوە تیپی پارێزگاری و فەرماندەی کەرتی سێی تیپی پارێزگاری بوو.

سالار ، چوست و چالاک و ژیر، ڕۆشنبیر، خاوەن قسەو هەڵویست و ڕوانین و جیهان بینی، قاڵبووی بۆتەی تاقیکراوەی ڕۆژگار بوو، پڕ بوو لە وشەی نەوتراو، لە پیتی نەنووسراو، لە سینەیەکی پەنگ خواردو، هەندێک جار مەلی سینەی لە شەقەی باڵی ئەداو دەرگا داخراوەکانی دەبڕی.

لە نێو تەمتومان و بومەلێلی سەردەمی ئەنفالدا، ئەو دەمانەی ڕق و کینە پەردەی سینەیان دەترازان، دەبوونە چەقۆو بەردەسان، لە مەنگەنەو پانۆرامای ئەو ساڵانەی تێپەڕین و بە بێ دەنگی سپێردرابون، زۆر جەستەی بێتاوان هەبوون بوونە قوربانی و هەر کەسیش ئاوڕێکی لێنەدانەوە.

سەر مەنهۆڵی داپۆشراوی سیخناخ لە زام و برینی ئەو ڕۆژانە، بۆ جارێکیش نەجولێندران، جارێکیش هەڵنەدرانەوە.

لە نێو ئەنفال و لە ڕۆخی دۆخێکی تەم و مژاوی دا سالاری پیاو سالاری کورد، بووە قوربانی ڕۆژگارێک، ئەو ڕۆژگارەی نەک هەر مرۆڤ، باڵندەکانیش لە هێلانەی بێچوەکانیان بە گومان بوون، هەندێک پەنجە خۆیان بە سەردار دەزانی و پەنجەکانی تر سەپان بوون.

ڕۆژگارو سەردەمی بێ مروەتی، مرۆڤ ، ئەو سەردەمەی دادگا، یاسا، ڕێسا، چوبوونەوە ناو قۆزاخە.

## مێردەکانتان شەهید بوون

لە گەرمەی تۆپباران و کیمیابارانی شاناخسێدا ئەو دەمەی بە ناچاری خێزانی پێشمەرگە ڕەوانەی ئێران کران و لەوێ لە ئوتێلدا بوون، قەدەغە بوو پێشمەرگە نامە بۆ خێزانەکانیان بنوسن یان سەردانیان بکەن، تا خێزانی شەهیدەکان شک نەکەن کە مێردەکانیان شەهید بوەو نەڵێن ئەی بۆ هاوسەرەکانی ئێمە نامەمان بۆ نانوسن، بەڵام ئەم بارودۆخە وەها بەڕێوەنەدەچوو، بۆیە بڕیاردرا ژنە شەهیدەکان بنێرنەوە شار بۆ لای کەسوکاریان بەڵام چۆن و کێ پێیان بڵێ مێردەکانتان شەهید بووە.

بە تێکڕا سەید ئەحمەدیان دەستنیشانکرد تا پێیان ڕابگەیەنێت، سەید ئەحمەد بەدڵێکی غەمگین و بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە پێیوتن مێردەکانتان شەهید بوون بەڵام تکایە کەس نەچێت بۆ سەرقەبران با شەهیدیتر نەدەین.

بەڵام خێزانی شەهیدەکان بە قوڵپی گریانەوە بەرەو گۆڕستان بەڕێکەوتن، پێشمەرگەش بە دوایاندا ، گریانی پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ تێکەڵی قوڵپی گریانی ژنە شەهیدەکان ببو، دوای دوا دیداری گۆڕو شین و شەپۆڕو گریان، خێزانی شەهیدەکان بەرەو سلێمانی بەڕێکران، خێزانی پێشمەرگەکانیش هاتنەوە شاناخسێ و دواتر بۆ جارێکی دیکە ڕۆشتنەوە ئێران.

## هـێنانەوەی تەرمی فایەق ئـاڵەکی و عەتا

چوار مانگ تێپەڕیبوو بە سەر شەهید بوونی عومەر گرگاشەیی و فایەق ئاڵەکی و عەتا کەناروێی لە داستانی (زینوی سپی) دا، لەو ماوەیەدا چەند جارێک هەوڵیاندا تەرمەکانیان بهێننەوە بەڵام لە بەر سەختی ڕێگا نەتوانرا.

تا لە مانگی ٤ی ١٩٨٨ دا چونەوە زینوی سپی و تەرمەکانیان لە شوێن ڕەبیەکەدا دەرهێنا، ڕەبییەکە بەفرێکی زۆری لێباریبوو، بەفری سەر ڕەبییەکەیان لابردوو تەرمەکانیان دەرهێنایەوە بەڵام هەر تەرمی فایەق ئاڵەکی و عەتا کەناروێی لێمابوو.

عومەر گرگاشەیی لە زینوی سپی بریندار بوو، فەرە برای لە گەڵ بوو، فەرە برا نەیتوانیبوو کۆڵی بکات و لە گەڵ خۆی بیهێنێت، عومەر پارەی گیرفانی دەرهێنابوو دابویە دەست فەرەبرا وتبوی بیدەرە ماڵ و مناڵەکەم، فەرە برا تفەنگەکەشی هێنابوو، بە ناچاری جێیهێشتبوو.

تەرمی فایەق و عەتایان بردەوە شاناخسێ، هێشتا برینەکەیان خوێنی لێدەهات، لە گۆڕستانی شەهیدانی شاناخسێ بە خاکیان سپاردن.

## دوو نـــــوکتە، پیاڵەو نـــــیسان
## درۆی نـــــیسان

یەکی نیسانی ١٩٨٨ عەزیز سەراوی خەفەر بوو، میران چوارتایی هاواری کرد عەزیز ئاو بردی، عەزیز خەریکی چێشت لێنان بوو.

وەرزی بەهار بوو چەمی کاڕەش هەستا بوو لرفەی دەهات، کە میران هاواریکرد عەزیز ئاو بردی پێشمەرگە ڕایانکرد بەرەو چەمی کاڕەش، هێند بە پەلە ڕایانکرد نیوەیان فریای پێڵاو لە پێکردن نەکەوتن.

کاک جەمال هاواری دەکرد حەبلێک بێنن بە حەبلەکە دەیگرینەوە، عەزیز خۆشی لە گەڵ پێشمەرگەکاندا ڕایدەکرد بەرەو کاڕەش، وەکو ئەوەی بە دوای خۆیدا بگەڕێ.

عەزیز بیری ئەوەی نەمابوو خەڵکەکە بە دوای ئەودا ڕادەکەن، بۆیە خۆشی لە گەڵ پێشمەرگەکاندا ڕایدەکرد، هێند شێوا بوو نەیدەوت کاکە ئەوە منم نەکەوتومەتە چەمەکەوە.

پێشمەرگەیەک هاواریکرد درۆی نیسانە ئەوە نییە عەزیز لە گەڵ خۆتانە، ئیتر بووە پێکەنین هەندێ برادەریش ئەو درۆیەیان لا ناخۆش بوو.

## بـــەرەو مـــەڵبەندی 3

کاتژمێر ٤ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە (شاناخسێ) وە بەڕێکەوتن بۆ بانە، لەوێشەوە بۆ سەردەشت، لەوێشەوە بۆ خانە و نەغەدە، و گوندی «بادیناوێ« شەوو ڕۆژێک مانەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر تیپی ٣٧ و تیپی مەڵبەندکە ژمارەیان نزیک بە ١٥٠ پێشمەرگە بوو بەڕێکەوتن کاتژمێر ٨ی شەو گەیشتنە شێخ ئایش و شەو لەوێ مانەوە.

تاریک و ڕوونی بەیانی بە بناری قەندیلدا بەڕێکەوتن بۆ دۆڵی باڵەییان، لە دۆڵی خانەقا و دۆڵی شەهیدان پەڕینەوە بۆ شاخی گەروی مەنجەڵ لەوێشەوە بۆ زنجیرە شاخی گەرەوانی سەروخوارو.

## وەســـــتانی شەڕی عـــێراق-ئـــێران

لە گەرمەی شەڕەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بەرانبەر لەشکری داگیرکەران، شەڕی عێراق – ئێران وەستێندراو خومەینی پیالە ژەهرەکەی خواردەوە، ئیتر لەشکری عێراق کە سەرگەرمی بە قسەی «صدام» وتەنی سەرکەوتنی عێراق بوون بە سەر ئێران دا سەرجەم هێزەکانی سوپای عێراقیان بەردایە گیانی خەڵکی کوردستان ودارو بەردو خاک و نیشتمانیان سوتماک کرد.

## شـــــێرکۆ جدی شەهیدی بێ گــــۆڕ

حسەین عەبدوڵڵا ناسراو بە شێرکۆ جدی یان وەکو لە شارباژێر پێیان دەوت کاک شێرکۆ، یەکێک لە تێکۆشەرو ڕۆشنبیرەکانی نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو.

پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ و لە ساڵی ١٩٧٥ لە دێی مڕانە زێدەکەی خۆی، خۆی حەشاردابوو، چونکە جمووجوڵی سیاسی لە لایەن دەزگا سیخوڕیەکانی ڕژێمەوە هەست پێکراو بو، کاک شێرکۆ پەیوەندی پتەوی لە گەڵ کاک ئارام هەبوو، لە دێی مڕانە لە ماڵی کاک حەمە ڕەشید، کاک خەلیلی حاجی سەعید، کاک عەبدوڵڵای فەقێ ساڵح خۆی کەنار گرتبوو، لە گەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشدا بووە یەکەم پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان.

کادیرێکی سیاسی – سەربازی چەلەنگ و زیرەک و ژیر بوو، ماوەیەک لێپرسراوی کەرتی ئێزگە بوو لە توژەڵە.

دواتر ئەندامی مەڵبەند و دواتریش لێپرسراوی دارایی مەڵبەندی یەک بوو.

بە هۆی پتەوی پەیوەندی لە گەڵ هێمن سەراوی و هەڤاڵانیتری لە شارباژێڕ، بۆ سەردان و جەولە دەهاتەوە شارباژێڕ.

لە ئەنفالەکانداو لە ناوچەی قەراخ کەوتە بەر دەسرێژی فڕۆکەکانی ڕژێم و شەهید بوو کۆپتەرەکانی ڕژێم دانەویبونە سەر تەرمەکەی و هەڵیان گرتبووەو

بردبویان، بۆیە لەو کاتەوە تا ئێستا بێ گۆڕو بێ ماڵە گۆڕە، بێ گڵکۆو بێ تاتە شۆرە.

شێرکۆ جدی یەکێک لەو پێشمەرگە و فەرماندە و سەرکردە سیاسیانەیە، دەگمەن و درەنگ، درووست نابنەوەو لە وێنەیان لە کۆڕی تێکۆشاندا نابنەوە، چونکە ئەو هەر تەنها پێشمەرگەو سەرکردە نەبوو، شێرکۆ بە دەیان نامیلکەو بە هەزاران وتارو، کتێبخانەیەکی گەورە بوو.

# لە تــــــەتەرەوە بۆ جــــــیهاز

## لە تـــــەتەرەوە بۆ جیـــــهاز

پەیوەندیەکانی هێزی پێشمەرگە، مەفرەزە سەرەتاییەکانی هەرێم و کەرتەکانی لە ئاستێکی لاوازدا بوو، لاواز بەو مانایەی بە ئاسانی دەنگیان بە یەک نەدەگەیشت

ئەو سەردەمەی مەفرەزە سەرەتاییەکان چونە شاخ، تا ئەو دەمەی هەرێمەکانیش دروست بوون، لە ڕێگەی نامەو تەتەرەوە، هەواڵ و زانیاریەکان ئاڵوگۆڕ دەکران، یان پەیامەکان دەگەیشتنە یەکتری.

تەتەرەکان خێراو گورج و گۆڵ بوون، چەم و دەشت و یاڵ و گردو شاخ و لوتکە یان پێکەوە ئەدوری و گرێ ئەدا، هێند خێرا بون هەندێ جاران پێش ڕەشەبا، پێش هەورە برووسکە دەکەوتن.

حاجی چاوشین یەکێک لەو پێشمەرگە گورج و گۆڵ و شەقاوو هەنگاو خێرایانە بو، لە ڕۆیشتندا قاچەکانی تێک دەهـالاو تێکەڵ دەبـوون، ڕێگەی دوو ڕۆژی بە ڕۆژێک بەیەکەوە دەبەستەوە، کاتی کورت دەکـردەوەو دەبـڕی، هێند خێرا بوو قاچێکی لە سەر زەوی بوو، هەناسەشی لە هەورا بوو.

هەڵۆ سەراوی وەها بوو، هێند گورج و گۆڵ و خێرا بوو وەکو دەڵێن هەورەکانی دەگرتەوەو دوای خۆی دەدان، لە پێش هەورە برووسکەوە دەگەیشتەجێ، هەڵۆ هەر دەتوت هەڵۆیە بە سەر شاخ و گردو یاڵ و گردۆڵکەدا، هەموویانی ژێر پێ ئەدا، یەکە یەکە جێیدەهێشتن لە ڕێگەدا.

پورزا مەجید یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو هێند خێرا بوو لە ڕۆیشتندا، هەر هەنگاوێکی دەهاویشت، دە هەنگاوی لە گەڵ دابوو، پورزا مەجید تەتەرێکی گورج و گۆڵ و سەودا سەری شۆڕشێکی لە سەردا بوو، پورزا مەجید تەتەرێکی زیتو وریای تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بوو ساڵی ١٩٨٢ عەلی چوارتایی چالاکیەکی پێشمەرگەنەی پیادا ناردبوو بۆ ئیزگە، سەر لە بەیانی پورزا مەجید کەوتبوە ڕێ، بۆ ئێوارەی دوایی ئیزگە چالاکیەکەی خوێند بوەوە هەر عەلی چوارتایی لە ساڵی ١٩٨٢ لە وەڕازەوە لە ماڵی حەمە عەلی چوارتایی نامەیەکی پیادا نارد بوو بۆ تالیب کەناروێی، کاتژمێر ٩ی بەیانی پورزا مەجید بەڕێکەوتبوو، چو بووە دێگەڵ و قوتابیان و باخی ئاشی

و سنکێ پوورزا مەجید کاتژمێر ١١ گەڕایەوە وەڕاز خۆی کرد بە ژوردا، عەلی چوارتایی وتبوی پوورزا مەجید بۆ نەڕۆیشتوی، پوورزا مەجید وتبوی گەڕامەوە وەڵامی نامەکەم بۆ هێناویتەوە..

عەریف کەریم لە هەورامان پێیان دەوت ماتۆڕەکەی سەرکردایەتی، لە هەورامان و هاوارو لمەو بازانەوە بە هەنگاوی گورج و خێرا دەگەیشتە سەرکردایەتی ڕێگەی ٢٤ کاتژمێری بە ١٢ کاتژمێر دەبڕی.

بەمشێوەیە تەتەرەکان جێگەی جیهازو هۆکانی پەیوەندیان گرتبوەوە، هەنگاوەکانیان، تیژڕۆیی و پشوی درێژیان، ماندو نەبون و سوربون لە سەر گەیاندنی نامەو ڕاسپاردەکان کار ئاسانی بۆ هێزەکان کردبوو، بەڵام دوای پەیداکردن و دەستکەوتنی جیهاز، ڕۆڵی تەتەر وەکو جاران نەماو پەیوەندیەکان چونە ئاستێکی پێشکەوتوو.

## جــیــهاز

جیهاز وەکو هۆیەکی پەیوەندی نێوان هێزەکان و سەرکردایەتی پێویستیەکی گرنگی شۆڕش بوو، سەرکردایەتی (ی ن ک)، ناوەندی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان جیهازیان هەبوو بەڵام لە ئاستێکی سنوردارو دیاریکراودا بوو، دوای فراوانبوونی چالاکیەکانی پێشمەرگەو ئەستور بوونی باسکی بەهێزی پێشمەرگە، دوای فراوانبوونی پەیوەندیەکانی شۆڕش لە گەڵ دنیای دەوروبەرو دەرەوەدا، دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران و فراوانبوونی پانتایی چالاکی و نەبەردیەکان چەندین دەستکەوتی جۆراوجۆر کەوتنە دەستی پێشمەرگە، لە نەبەردیەکانی پێشمەرگەو لە ڕێی دۆستەکانی (ی ن ک) ەوە چەندین جیهاز کەوتنە دەستی پێشمەرگە.

## جــــــیهازی تیپی 37

تێکڕای تیپەکانی (ی ن ک) هۆکانی پەیوەندیان بۆ دابینکرا یان دەستیان کەوت، دەستکەوتنی جیهاز بۆ تیپەکان یان دابینکردنی، پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی و هێزی پێشمەرگەی ئاسانکرد، هەواڵەکان لە زوترین کاتدا دەگەیشتن و چالاکیەکان

ئەدرانە ئێزگە، جفرەكان، بروسكەكان، پەیام و بانگەوازەكان، ڕایەڵی نێوان تیپەكان، ئاسان و ئاسانتر بوون، زۆر گرێ و گۆڵ و گرفتی پەیوەندی نەمان و تەخت بوون.

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ یەكێك لەو تیپانە بوو كە بووە خاوەن جیهازو كارپێكەر « عدد جهاز»ی خۆی هەبوو، ئەوەی لێرە دەمانەوێت قسەی لە سەر بكەین، شێوازی كاركردن و ئەو ئاسانكاریانەیە دەزگای جیهاز بۆ تیپەكانی كردووە، بە تایبەت تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، لێرەدا ڕۆڵی جیهاز لە چالاكی ڕۆژانەی تیپەكاندا لە دوای گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ حكومەتی عێراق لە دوای ساڵی ١٩٨٥ باس دەكەین، چونكە لێرە بە دوا جهاز ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە گەیاندنی چالاكی و كاروبارەكانی پەیوەندی ڕۆژانەدا.

لە دوای ساڵی ١٩٨٥ كاك بورهان كاری بە جیهازی تیپ دەكرد هەر لەو ماوەیەدا شێخ جەمال هاتە تیپی سی و حەوت، ئەویش بووە عەدەد جیهاز، لە گەڵ بورهان پێكەوە جیهازەكەیان بەڕێوە دەبرد، پەیوەندیەكانیان وەردەگرت و جفرەكانیان ڕێك دەخست و دەخوێندەوە، هەرچی چالاكی و كاری ڕۆژانە هەبوایە جێبەجێیان دەكرد.

عەدەد جیهاز دەبوایە ئەندامی كۆمەڵە بێ، یان كەمتر نەبێت، توانای قسەكردنی هەبێت، متمانەی تەواوی هەبێت، چونكە جفرە و نهێنیەكان هێندەی لای عەدەد جیهازەكان بوو، هێندە لای ئەنجومەنی تیپ نەبوو، چونكە نهێنیەكان لە ڕێگەی جفرەوە دەهاتن.

دەزگای جیهاز دەزگایەكی گرنگ و هەستیار بوو بۆ شۆڕش و (ی ن ك) هێندەی گرنگی دەزگای جیهاز كارپێكەرو بەڕێوەبەری جیهازیش گرنگ بوو، چونكە بە درزەكردنی تەنها جفرەیەك یان چەند جفرەیەك، تێكڕای نهێنی و تایبەتمەندیەكانی (ی ن ك) دەكەوتە مەترسیەوەو ڕەنگە كارەساتی گەورەشی لێبكەوتایەوە.

لێپرسراوی دەزگای جیهازی ناوەندی (ی ن ك) بەختیاری برای نەوشیروان مستەفا بوو، ڕاستەوخۆ پەیوەندی لێپرسراوو بەڕێوەبەرو كارپێكەری جیهازەكان بەسترابوو بە بەختیار مستەفاوە، هەتا فەرماندەی تیپ و ئەنجومەنی تیپەكانیش

دەسەڵاتی لابردن و دانانی عدد جهازیان نەبوو، چونکە دەزگای جیهاز دەزگایەکی سەربەخۆ بوو.

وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا جیهاز، جێگەی تەتەری تیپەکانی گرتەوە، بە شێوازێکی خێراو پێشکەوتو لە گەیاندنی چالاکیەکانی پێشمەرگە بە دەنگی گەلی کوردستان (ئیزگە) ناردنی هەواڵ و وەرگرتنی جفرەو ڕاسپاردەکان، کارەکانی بەجێ دەگەیاند.

## ڕۆژانـــــەی جـــــیهاز

پێویست بوو ڕۆژانـەو هەموو سـەرە کاتژمێرێک جیهازەکان بچنە خەت و ئامادەبن، دەزگای جیهازی ناوەندی یەکە یەکە داوای جیهازەکانی دەکرد، هەر جیهازە ژمـارەی خۆی هەبوو، مەڵبەندی دوو (٠٢) بوو تیپەکان (٢١، ٢٢، ٢٣) بەو شێوەیە دابەشکرابوون، بەڕێوەبەرو عەدەد جیهازی مەڵبەندەکان، لێپرسراوی جیهازی مەڵبەندەکان بوون، مەڵبەند هەبوو، ٥ تیپ، ٦ تیپ یان زیاتری هەبوو.

هەمو سەری کاتژمێرێک جیهاز دەکرایەوەو دەهاتنە خەت، هەموو مەڵبەندێک خەتی تایبەتی خۆی هەبوو، دوای ئەوە خەتێکی گشتی هەبوو هەموو جیهازەکان دەچونە ئەوێ، سەرەتا هەر تیپەو لە گەڵ مەڵبەندی خۆیدا قسەی دەکرد (٠٢) دەهات تیپەکانی بانگ دەکرد، دەبوایە بڵێن بەڵێ، ئەگەر کەسێک ئامادە نەبوایە، دوایی هەر لێی دەپرسیەوە لە ڕێگەی کەسێکی ترەوە هەواڵی دەپرسی، هەر دەبوایە بهاتایە خەت، چونکە ئەوە ئەرکی سەرشانی عەدەد جیهازەکان بوو.

جیهازەکان لە گەڵ جیهازی مەڵبەندەکاندا خەت و ژمارەی تایبەتی خۆیان هەبوو، دواتر خەتێکی گشتی هەبوو هەموو مەڵبەندو تیپەکان دەچونە ئەوێ، زۆربەی کاتەکان کە بروسکە ئەدرا بە ئیزگە، چالاکی و شەڕو داستان و هەواڵی گرنگ هەبوو تێکڕای تیپەکان لە خەتە گشتیەکەدا گوێبیستی هەواڵەکان دەبوون.

ڕوونتر باسی بکەین ئەگەر جیهازی تیپی ٣٧ شێخ جەمال یان بورهان بچونایە خەتە گشتیەکە، هەر چالاکیەک لە تیپەکانی گەرمیان، هەولێر، شـارەزورو هەر

ناوچەیەکیتر هەبوایە هەموان گوێبیستی دەبون سەرەتا بەرکولێک باس دەکرا دواتر وردەکاری دەدرایە مەڵبەندو ئیزگە.

جگە لە خەتی تایبەت لە گەڵ مەڵبەندو خەتە گشتیەکە هەمو تیپێک خەتی تایبەتی هەبوو، ئەگەر بیانویستایە قسەی تایبەت لە گەڵ یەکتری بکەن ئەیانوت بچۆ خەتەکەی خۆمان، هەندێ تەڕەدودو ژمارە هەبوو تایبەت بە تیپەکان و جیهازەکان بوو، دەتوانرا دوو کەس قسە بکەن.

عەدەد جیهازەکان تێکڕایان بە دەنگ یەکتریان دەناسی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی پتەویان هەبوو، عەدەد جیهازەکان لە گەرمیان تا کوێستان بە دەنگی یەکتر ئاشنا بوون، بەڵام یەکتریان نەبینیبوو.

مانگی چەند جار کلیلی جفرەو کۆدی جیهازەکان، لە جیهازی مەڵبەند، یان دەزگای جیهازی گشتی دەگۆڕدران و جفرەو کۆدی نوێ دادەنران، دەبوایە عەدەد جیهازەکان ڕاستەوخۆ بچنە جیهازی مەڵبەند لەوێ جفرەکان وەرگرن.

زۆر جار جیهازی سەربازو جاش دەهاتە سەر جیهازەکان یان تێکەڵ بە یەکتری دەبوون، زۆر جاریش جیهازی لایەنە سیاسییەکانی دەهاتە سەر، هەندێ جار لە نێوان جیهازەکاندا گاڵتەوگەپ، شەڕەقسە ڕوویدەدا، بەڵام لە ناو جیهازی یەکێتیدا قەدەغە بوو، هەر عەدەد جیهازێک سەرپێچی بکردایە لێپرسینەوەی لە گەڵ دەکراو سزا ئەدرا.

بە تێکڕای تیپەکان ڕادەگەیەندرا فڵان لەوێ نەماوە یان سزادراوە گوێی لێمەگرن تا ئاگادارتان دەکەین، یان کەسێکیتر لە شوێنی دادەنێین.

شێخ جەمال و بورهان دوو عەدەد جیهازی تیپی ٣٧ بوون ئەگەر یەکێکیان مۆڵەت بوایە ئەوی تریان دەچوە جێگەی، دواتر تەهای مالیەش بووە هاوکاری جیهاز، شەماڵ، ڕێباز بابان، تاریق، ماوەیەک عەدەد جیهاز بوون.

پێش دامەزراندنی دەزگای جیهاز لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە سەردەمی هەرێمەکان، کەرتی یەکی هەرێمی «٣» سێ جیهازی بچوکی دەستیان هەبوو، دواتر جیهازێکی کۆڵە پشتیان پێبو کە زۆربەی کات بە کۆڵی عومەر قشڵاخیەوە بوو.

دوای ئەوەی سنوری تیپی ٣٧ی شارباژێڕ قورسایی زۆری کەوتە سەر، هێرشی بەردەوامی سوپاو کۆپتەرو تۆپبارانی قورس بۆ سەر ناوچەکە دەرفەتی مانەوەی لە شارباژێڕ، بە تایبەت کوڕاداوێ نەهێشتەوە، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە چەند کاروانێک و بە پشتی ولاغدا کەل و پەل و بەڵگەنامەی بارەگاکانیان گواستەوە بۆ بەری سەفرە، دوای شەڕی قورس و نابەرابەری گەلاڵە و ولاغلو، شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت دەستپێکرد.

لە گەڵ گواستنەوەی بارەگاکانی تیپ بۆ سەفرە، جیهازی تیپیش بە هەمان شێوە گواسترایەوە بەری سەفرە، لە شەڕەکانی قەیوان ماوەتیش ڕەبیەکانی گوڵێ و گابەروا، ئەو زنجیرە شاخە تا کلاشدڕان بە تیپی ٣٧ سپێردراو جێگە سەنگەرەکانی تیپی ٣٧ بوون.

لە شەڕگەی چیای گوڵێ دا جیهازی تیپی ٣٧ لە گوندی سپیدارە جێگیرکرا، گوندی سپی دارەی ماوەت تەنهاماڵێکی تیا مابوو ئەویش ماڵی مام عەلی بوو، مام عەلی لە گەڵ پورە شەمسەی خێزانی لە سپیدارە مابوونەوە، لە ژێر تۆپباران و هێرشی بەردەوامی داگیرکەردا سپیدارەیان چۆڵنەکرد، دوای ماوەیەک مانەوەی جیهاز لە سپیدارەو پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە، جیهاز برایە گوندی شەشۆ.

جیهاز بـەردەوام لە شەڕگەدا هاوشانی هێزی پێشمەرگە بـوو، لە نزیکترین ناوچەی نزیک شەڕگەکان بوو، تا بە زووترین کات هەواڵ و چالاکی و جفرەکان بگەیەنێتە مەڵبەندو ئیزگە.

جگە لە پەیوەندی جهازەکان لە گەڵ مەڵبەندو خەتەکانی یەکتری، هەندێک جار جەنابی مامجەلال، کاک نەوشیروان، مولازم عومەر، جەبار فەرمان، خۆیان دەهاتنە سەرخەت، هەر تێبینی و سەرنجێکیان هەبوایە بە جیهازەکانیان دەوت، زۆر جار لێپرسراوی مەڵبەندەکان ڕاستەوخۆ دەهاتنە سەر هێڵ و لە گەڵ جیهازەکان قسەیان دەکرد.

هەندێک جار جیهازەکان لە شەڕگەکاندا کێشەی پاتریان بۆ دروست دەبوو، شەحن دادەبـەزی ناچار دەهاتنە ماوەت بۆ شەحن کردنەوەی پاتری جهازەکە،

جارێک سەید ئەحمەد، ڕزگار عەرەبی لە چیای (گوڵێ) وە ناردبوو بۆ شاناخسێ تا پاتریەکە شەحن بکات و بگەڕێتەوە،

لە بارەگاکاندا کێشەی پاتری نەبوو چونکە جیهازەکە جێگیر بوو، بە پاتری ئۆتۆمبێل کاری پێدەکرا، بەڵام لە کاتی دەرچون و شەڕگەکاندا جیهازی ڕاکاڵی موحەسەن هەبوو دەکرایە پشت، جیهازی کۆڵە پشت بوو پاتریەکەی دادەبەزی.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٧، شێخ جەمال و بورهان گواسترانەوە مەڵبەندی دوو، مامۆستا ڕزگارو باست حەمە غەریب بوونە بەڕێوەبەرو عەدەد جیهازی تیپ.

شێخ جەمال و کاروان لە جیهازی مەڵبەند بوون، تێکڕای جفرەکانی یەکێتی ئەمان دایاندەڕشت و دەیاندایە تیپەکان، کلیلی جفرەکان لای ئەمانەوە دەگەیشتە جهازی تیپەکانی مەڵبەند.

**سەرجەمی عەدەد جیهازەکانی تیپی ٣٧ پێکهاتبوون لە:**

١/ عومەر قشڵاخی سەردەمی هەرێمەکان

٢/ بورهان

٣/ شێخ جەمال

٤/ تەها مالیە

٥/ مامۆستا ڕزگار

٦/ تاریق

٧/ باست حەمە غەریب

٨/ ڕێباز بابان

## شـــــەهیدانی شـــــارباژێڕ

لە ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٩١ لە مەفرەزە سەرەتاییەکان بۆ هەرێمی (٣) و کەرتی یەک، تا تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، قۆناغ بە قۆناغ و لە وێستگە جیاوازەکانی خەباتدا، شارباژێڕ پۆلێک شەهیدی بە نیشتمان بەخشیوە، کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید ئەحمەد فەتحوڵڵا

٢/ شەهید محەمەد حاجی عەلی سەراوی

٣/ شەهید ئیبراهیم ڕەشید سەراوی

٤/ شەهید عومەر گەنکەیی

٥/ شەهید جەزا چۆڕکی

٦/ شەهید هەڵۆ سەراوی

٧/ شەهید ئازاد مارە ڕەشی

٨/ شەهید تالیب کەناروێی

٩/ شەهید شێخ فاروق

١٠/ شەهید عوسمان گرگاشەیی

١١/ شەهید سالاری حاجی دەروێش

١٢/ شەهید عەلی چوارتایی

١٣/ شەهید هێمن سەراوی

١٤/ شەهید ئازاد کوێخا حەسەن

١٥/ شەهید عوسمان ماوەتی

١٦/ شەهید قادر گەنکەیی

١٧/ شەهید لوقمان (وەیسە)

١٨/ شەهید مەحمود عەبدوڵڵا ماوەتی

١٩/ شەهید مەلا سەراوی

٢٠/ شەهید عوسمان قادر مەروێیی

٢١/ شەهید ستار ڕەباتی

٢٢/ شەهید بەهادین (بەهە کوێر)
٢٣/ شەهید ڕزگار بەردە زەردی
٢٤/ شەهید شەماڵ وەڕازی
٢٥/ شەهید شاخەوان سەراوی
٢٦/ شەهید محەمەدی حاجی سەعید چوارتایی
٢٧/ شەهید عومەر فەتاح کێلەیی
٢٨/ شەهید مەحمود شاناخسێی
٢٩/ شەهید ئاسۆی شێخ عارف
٣٠/ شەهید جەلال شارەزوری
٣١/ شەهید عەزیز کەناروێی
٣٢/ شەهید سالار بەیانانی
٣٣/ شەهید لەتیف سەراوی
٣٤/ شەهید حەسەن ماوەتی
٣٥/ شەهید فایەق ئالەکی
٣٦/ شەهید عەتا کەناروێی
٣٧/ شەهید عومەر گرگاشەیی
٣٨/ شەهید کاروان کەناروێی
٣٩/ شەهید مەریوان کەناروێی
٤٠/ شەهید تاڵیب گەنکەیی
٤١/ شەهید خالید ژاژڵەیی
٤٢/ شەهید ئاوات شاناخسێی
٤٣/ شەهید شێخ تایەر
٤٤/ شەهید سەردار چوارتایی
٤٥/ شەهید ساڵح ماشانی
٤٦/ شەهید کەمال زورکانی

٤٧/ شەهید مام عەلی شاناخسێیی
٤٨/ شەهید ڕەحمان شاناخسێیی
٤٩/ شەهید بەکرە چکۆل
٥٠/ شەهید محەمەد ئەحمەد کەناروێیی
٥١/ شەهید جەمال عەزیز کەناروێیی
٥٢/ شەهید جەمال مەولود کەناروێیی
٥٣/ شەهید لەتیف
٥٤/ شەهید سالار
٥٥/ شەهید حەسەن
٥٦/ شەهید کەریم بەگ
٥٧/ شەهید شۆڕش عوسمان
٥٨/ شەهید عوسمان مستەفا ماوەتی
٥٩/ شەهید حەمە دێگەڵی
٦٠/ شەهید حەمە کراس سوور
٦١/ شەهید حەمە سورەبانی
٦٢/ شەهید کاوە سەراوی
٦٣/ شەهید حاجی سەراوی
٦٤/ شەهید حەماغا- شاناخسێیی
٦٥/ شەهید کەمال مەحمود فەرەج
٦٦/ شەهید مەحمود فەرەج مڕانەیی
٦٧/ شەهید گوڵە حاجی دەروێش مڕانەیی
٦٨/ شەهید محەمەد عەبدوڵڵا
٦٩/ شەهید محەمەد حاجی سابیر
٧٠/ شەهید کەمال عەبدوڵڵا دالار
٧١/ شەهید جەلال عەبدوڵڵا دالار

٧٢/ شەهید جوامێر
٧٣/ شەهید ڕەحمان ئەمین
٧٤/ شەهید مەجید ماوەتی
٧٥/ شەهید صاڵح چاوشین
٧٦/ شەهید جەلال حاجی محەمەد
٧٧/ شەهید فەرە برا
٧٨/ شەهید موراد صاڵح ژاژڵەیی
٧٩/ شەهید حەمەمین خەیاتە بەرزە

# ڕاپەڕین و زەمـــاوەندی سـلێمانی

## ڕاپـــەڕین و زەماوەندی ســـــلێمانی

ڕۆژی ٣/٥ لە ڕانیە، ڕاپەڕین لە چەخماخەیداو پزیسکی ڕاپەڕین شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوەو لە کەرکوکدا تاجی سەرکەوتنەکانی لە سەرنا، دوای ڕزگاربوونی ڕانیەو چوارقوڕنە و حەوزی بیتوێن لە ڕانیەوە تا قەمتەران و ڕزگارکردنی بازیان و تەینالّ و باینجان و تاسلّوجە لە لایەن جەماوەرو شانە چەکدارەکان، دوای بڵاوبونەوەی بروسکەی لە زمناکۆوە بۆ ئازاد ١٧٦٠ برادەران ئاگادار بکەرەوە ٧ی مانگ زەماوەند بکەن، سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣/٧ لە لایەن جەماوەری ڕاپەڕییوو شانە چەکدارەکانی بروسک- شالاّو لە سێ قۆڵەوە هەڵمەت برایە سەر دام و دەزگاکانی داپلّۆسین.

قۆڵی یەکەم: لە گەڕەکەکانی سەرکارێز، سەرشەقام، سابوونکەران، خەبات، چوارباخ، گاوران و گردی سەیوان.

قۆڵی دووەم: گەڕەکەکانی کارێزەوشک، مەجید بەگ، مامۆستایان، توی مەلیک، هەوارە بەرزە، گۆیژە، ئیسکان، ئازادی، مەڵکەندی، شێخان و ئیسکان.

قۆڵی سێیەم: ڕزگـاری، کارەباکە، شێخ محی الدین، بەختیاری، شەهیدان، سەرچنار، زەرگەتە، شەهیدانی زەرگەتە، ڕیعایەی شەباب، گردەکەی معمل.

لەو هەڵمەتانەدا جەماوەرو هێزی پێشمەرگەو شانە چەکدارەکان دەستیانگرت بە سەر تێکڕای دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمدا.

دەست بە سەراگرتنی مەرکەزی پۆلیسی سەرشەقام، مەقەڕی جەیشی شەعبی عوسمان فایەق، شورطە ی ئیجرام، فەرعی موخابەرات، بیناکانی جامیعەی سلێمانی و تێکڕای نەخۆشخانەکان، مەحکەمەی سلێمانی و مدیریەتی شورطە و نەجدە و ئالیات، دەستبەسەراگرتنی سجنی سەرەوەو ڕزگارکردنی تێکڕای سجنەکانی ناو بەندیخانەکە، کۆنترۆڵکردنی مودیریەتی شورطە ی سلێمانی و ئیدارەی مەحەلی و مودیریەتی بەریدو سەرای سلێمانی و دیفاعی مەدەنی، تاپۆو تەربیەو قایمقامیەت، ئاوو مەجاری و مودیریەتی ئەسواقی مەرکەزی و مودیریەتی زراعە.

هەڵمەت بردنە سەر قەلاّی زوڵم و ستەم، ئەمنە سورەکەی سلێمانی بەردەوام

بوو، خەڵکی سلێمانی زۆر ئازاریان چەشتبوو لە سەر دەستی ئەمنە سورەکە، بۆیە وازیان نەهێناو بە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستیان بە سەردا گرت و تاوانبارانیان بە سزا گەیاند.

قارەمانەکانی شارباژێڕ، بەتالیۆنی ٧ و تیپە دێرینەکانی ٣٧ و ٣١ی سلێمانی لە ناو شاردا یەکیانگرتەوە، تیپی ٣١ لە سنوری حەوزی شارەزورو عەربەت سەربازگەکانی ئەو سنورەیان پاککردەوەو کوڕانی شارباژێریش سەربازگەکانی قەڵاچوالان و ناوچەکەیان پاککردەوەو لە سلێمانی و بە یەک گەیشتن و سلێمانیان ڕزگار کرد.

ڕۆژانی ٧و١٩٩١/٣/٨ دەستگیرا بە سەر تێکڕای دام و دەزگاکانی بەعسدا و تێکڕای پارێزگای سلێمانی ئازاد کراو دەست گیرا بە سەر ئەمنە سورەکەدا، کە قەڵای سەختی داگیرکەر بوو بەڵام لە بەردەم هەڵمەتی پێشمەرگەدا وەک شێرە بەفرینە توایەوەو خۆی ڕانەگرت، سەرکەوتنی ڕاپەڕین لە سلێمانی دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە میدیاکانی جیهاندا هەبوو هەروەک تین و تاوی جەماوەری بە جۆشتر کرد.

## بــــەرەو کـــــەرکوك

پێشمەرگە قارەمانەکانی شارباژێڕ دوای بەشداری کاریگەر و کەم وێنە لە ڕزگارکردنی شاری سلێمانی و شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستاندا، بەشداری کەم وێنەیان لە ڕزگارکردنی کەرکوکی کوردستاندا کرد.

دوای ڕزگارکردنی سلێمانی و هەولێرو دهۆک و بەشێکی گرنگ لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، جۆش و خرۆشی جەماوەری گەیشتە لوتکە.

ڕژێم لە ناو کەرکوک و دەوروبەری لە تێکڕای گەڕەکەکانی ناو شاری کەرکوک و ڕێگا سەرەکی و شوێنە گشتیەکان ڕێوشوێنی توندیان گرتبوە بەر، پێشتریش بۆ چاو ترساندنی خەڵکی کەرکوک و بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید ئامۆزای صدام، چەندین ڕۆڵەی کورد لەو شارەدا گوللەباران کران ڕژێم ڕەشبگیری کردو

سەدان کوردی شاری کەرکوکی ڕەوانەی زیندانەکان کرد، تا ڕێگە لە ڕاپەڕینی جەماوەری  لە ناو شاری کەرکوکدا بگرێت، بەڵام جامی ڕقی جەماوەر سەریکردو کوشتن و ڕاپێچ کردن نەیتوانی ڕێگە لە ڕاپەڕینی کەرکوک بگرێت، پلانی ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کەرکوک سەریگرت و شێرە بەفرینەی تەعریب و تەبعیس لە بەردەم هەڵمەتی پێشمەرگە و جەماوەردا توایەوەو خۆی ڕانەگرت.

## کـــــۆڕەوی چەند مـــلیۆنی

دوای ڕزگارکردنی بەشێکی زۆر لە شـارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاپەڕین پاشەکشەیکردوو سوپای دڕندەی عێراق پەلاماری شارو شارۆچکە ڕزگار کراوەکانی کوردستانیاندا.

جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان لە یەک دەنگیەکی گەورەدا، دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسیان ڕەتکردەوەو ڕووەو چیاکانی کوردستان ڕۆشتن، لە سنورەکانی ئێران و تورکیا، لە ژێر ڕەهێڵەو شەستە بارانی بەهاردا ڕێگەی دووروو پڕ لە ماندووبوونی ئاوارەییان بڕی و ملیان بۆ بەعس نەدا، بە سەدان گیانی بەخشی، بە هەزاران مناڵ لە بێ نانی و لە برساندا چاوەکانیان لێکنا، سەدان پیرو کەنەفت ڕێگا بڕستی لێبڕین و گیانیان سپارد، قەراغ ڕێگەو سەر یاڵ و گردو لاچەپەک وێنەی تابلۆیەکیان دەنەخشاند تابلۆیەکی غەمگین، تابلۆیەک سروشت لە ئاوی هەڵکێشا و ئاسمانیش بوو بە بەتانی و زەویش بە دۆشەکێکی نەرم، کولێرەو پارچە نانی ڕەق بەدڵێکی سادەی گەرم، دایک، باوک، منالّی ساواش بە تەرم.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیای ئەزمڕی شاری سلێمانی پێشیان بە لەشکری داگیرکەر گرت و نەیانهێشت پێشڕەوی بکات، بەمەش گیانی سەدان هەزار هاووڵاتی ڕەوکردو لە مردن ڕزگارکرا.

## شـــەڕی بەرگری لە چـــیای ئەزمڕ

دوای کـۆڕەوی ملیۆنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردسـتان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێڵێکی بەرگری توندیان لە سەر شاخ و گردۆڵکەکانی چیای ئەزمڕ دانا، تا پێشڕەوی هێزەکانی سوپای عێراق بوەستێنن.

هەڤاڵ جەبار فەرمان بانگی تالیب مۆریاسی کردو پێیوت: هەڤاڵ مامجەلال داوایکردووە هێزێک بچێتە سەر شاخی ئەزمڕ تا ڕێگە لە پێشڕەوی هێزەکانی ڕژێم بگرن، تالیب مۆریاسی و ١١ پێشمەرگەیتر وەکو یەکەم ڕیزە پێشمەرگەی یەکێتی سەرکەوتنە سەر شاخی ئەزمڕو هێڵێکی بەرگری پتەویان دانا.

ڕۆژی ١٩٩١/٤/٥ ڕژێم یەکەم هێرشی هێنایە سەر پێشمەرگە، هێرشەکەی دوژمن لە لایەن ئەو ١٢ پێشمەرگەیەوە تێکشکاو دوو سەیارەی دەبڵ کابینەو بی کەی سی یەک و چەند پارچە چەکێک دەسکەوت بوون و تەرمی کوژراوەکانیشیان جێهێشت.

دوای تێکشکانی هێرشەکەی ڕژێم دووبارە لە سەربازگەی ساردواوەوە خۆیان ڕێکخستەوەو هێرشی دووەمیان بە پشتیوانی هێزێکی بەربڵاوو فڕۆکەو دەبابە و چەکی قورسی هەمە جۆرو تۆپبارانی خەست بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستپێکرد، ئەمجارەش هێرشەکەی ڕژێم تێکشکاو دەبابەیەکیش سووتا، کە بە ورشەی گوللەی سەر شانی «عمر گەرمیانی» یەکێک لە پێشمەرگەکانی دەستەی تالیب مۆریاسی تێکشکێنراو سووتا.

لە ڕۆژی ١٩٩١/٤/١٣ لە شەڕی هەر دوو ڕەبییەکانی بەرزاییەکانی شاخی هەڕووتەش چەند پێشمەرگەیەک شەهیدوو بریندار بوون.

پێشمەرگە سەرەتاییەکانی سەر چیای ئەزمڕ پێکهاتبوون لە ١٢ کەس، تاڵیب مۆریاسی فەرماندەی هێزەکە، کازم ئەحمەد تەپەڕەشی، عومەر ئەحمەد «عومەر گەرمیانی» زانا محمود، مستەفا، عوسمان، پشتیوان، هیوا سەنگاوی، جەلال، عەلی ، نامیق، ئاری، لە تێکڕای ئەو ١٢ پێشمەرگەیە ٤ پێشمەرگە شەهید بوون بە ناوەکانی، شەهید جەلال، شەهید عەلی، شەهید نامیق، شەهید ئاری.

لە شەوی ئاگربەستی نێوان حکومەت و بەرەی کوردستانی بارەگای سریەی هێزەکانی دوژمن دەستیبەسەرداگیرا.

## هـــاتنی هێزەکانی دیــکە

دوای چەند ڕۆژێک لە شەڕو بەرگری ١٢ پێشمەرگە لە سەر چیای ئەزمڕ، هێزێکی ٩ کەسی کە پێکهاتبوون لە مامۆستا جەمال حاجی محمد، دلاوەر حاجی عوسمان، دکتۆر خەسرەو و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە سەرکەوتنە سەر شاخ، دوای ئەو هێزە ٩ کەسیە، مەفرەزەیەکی دیکە سەرکەوتنە سەر شاخ کە پێکهاتبوون لە هەڤاڵان کاکە عەبە «عەبە ڕەق» ، مام ڕۆستەم، ئەنوەر دۆڵانی و عەلی چەلەبی، سەید ئەحمەد ماوەتی، حەمە سەید صادقی، چالاک، حەمە دێگەڵی، مەجید ماوەتی و ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزی پێشمەرگە.

دوای بەرفراوان بوونی شەڕگەکە، هێزی لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی بەشداریان کردو، بووە شەڕگەو داستانێکی گەورە، کە تا هەتایە لە ڕۆژ ژمێری ڕۆژە زێڕینەکانی ڕاپەڕیندا بە حەرفی ئاڵتونی دەنووسرێتەوە.

دروستبوونەوەی تیپی 11ی هەورامان
15ی شارەزوور
هـــەشت

## درووســـتبوونەوەی تیپی 11ی هــــەورامان
## 15ی شـــــارەزوور

دوای یەکگرتنی هـەر دوو تیپی ١١ی هـەورامـان و ١٥ی شـــارەزوور و دروستبوونی تیپی ١٥ ی هەورامان، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧ دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگە کەوتە قۆناغی تازەو هەلوومەرجی تازەوە سەر لە نوێ هەر دوو تیپ دروستکرانەوە بوونەوە بە تیپی: ١١ی هەورامان، ١٥ی شارەزوور

دوای ئەوەی عەبدولڕەحمان میرزا حەسەن نەورۆڵی لێپرسراوی بنکەی بەمۆ شەهید بوو بنکەی «بەمۆ»ش تێکەڵ بە تیپی ١١ی هەورامان کرا.

تیپی ١٥ی شارەزوور ژمارەیەکی کەمیان لێمایەوە چوار فەرماندە کەرت، ٢٠ پێشمەرگە بەڵام بەو ژمارە کەمەوە چالاکییان ئەنجام دەدا.

شەوانە دەچوونە نەسر، باریکە، زەڕایـەن، شانەدەری، بۆسەیان بۆ دوژمن دادەنا جاشیان دەستگیر دەکرد.

پێش ئەنفالی یەک تیپی ١٥ی شارەزوور لە گەڵ بەشێک لە تیپەکانیتردا چوونە دۆڵی جافەتی، دووکـان، بەرگەڵو پاش ماوەیەک هاتنەوە شەدەڵە لەوێشەوە بۆ قزلەر، زێوێ، تەڕەمار، بەرنامەی لێدانی ڕەبییەکانی پیرەمەگرون دانرا ڕەبییەیەک لە سەر قوتەی پیرەمەگرون لە ژێر پێی پێشمەرگەکانی شارەزووردا خاپوور کرا.

دکتۆر گۆران ڕێبەری سیاسی تیپی شـارەزوور لەو جەولەیەدا لە گەڵ تیپی شـارەزوور بوو، دوای شەڕی پیرەمەگرون تیپی شـارەزوور گەڕانەوە قەرەداغ، سووپای دڕندەی عێراق پەلاماری قەرەداخی دابوو سووتاندبووی.

دوای ئەنفالی ناوچەی قەرەداخ تیپی ١٥ی شارەزوور چوونە ئێران لەوێشەوە گەڕانەوە بۆ گرتنی هەڵەبجە.

تیپی ١٥ی شارەزوور شانبەشانی تیپەکانیتر بەشداریان لە گرتنی هەڵەبجەدا کرد، کاتژمێر دووی دوا نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٥ چوونە ناو هەڵەبجە.

٨٠٠ پێشمەرگەی حزبی دیموکرات و کۆمەڵە لە ناو هەڵەبجە گەمارۆ درابوون، هێزەکەی حزبی دیموکرات کە نزیکەی ٧٠٠ پێشمەرگە بوون لە لایەن هێزەکانی

یەکێتی ڕزگار کران بەڵام پێشمەرگەکانی کۆمەڵە متمانەیان نەبوو خۆیان ڕۆیشتن تا دەربازبن (٧٣) پێشمەرگەی گوردانی شوان لە ڕۆخی سیروان شەهید بوون.

ئێران دۆڵ بە دۆڵ و شاخ بە شاخ بە دوای پێشمەرگەکانی دیموکراتدا دەگەڕا بەڵام نەیتوانی دەستی بیانگاتێ.

دوای کارەساتی هەڵەبجە تیپی ١٥ی شارەزوور چوونە بناری قەندیل لەوێشەوە گەڕانەوە هاوارە کۆن و هەڵەبجە تا ڕێکەوتنی عێراق ئێران لە هەڵەبجە و هاوارە کۆن مانەوە.

پێشمەرگەکان ماڵەکانیان بردە ئۆردووگای پاوە دواتر گەڕانەوە بارەگای مەڵبەند لە دزڵی- کانی دینار خانووی چۆڵی لێبوو هاتنە کانی دینار لەوێ نیشتەجێبوون پێشمەرگەکانی شارەزوور بە جەولە دەهاتنە شارەزوور- زەڕایەن، هەڵەبجەی تازە.

## بـــنکەی ســـــورێن

بنکەیەک لە سورێن دامەزرا تا بتوانن ئاگاداری پارتیزانەکان بن، بنکەی سورێن ڕایەڵەی نێوان پارتیزانەکان و قەراخ – گەرمیان بوو، لە ڕێگەی بێتەلەوە بە یەکەوە بەسترابوونەوە ١٥ تەن ئازووقەیان بە شانی پێشمەرگە گواستەوە بۆ بنکەی سورێن بردیانە هانە حەمەو.

**پێشمەرگەکانی بنکەکە:**

١/ فەلاحی حەمە بۆر لێپرسراو

٢/ کەمالی حاجی مەحموود

٣/ مام ڕەسوڵ

٤/ حەمە بۆینی

٥/ ئەرسەلان مەحموود

٦/ برایمی مرور

٧/ خالید کوڵکنی

٨/ باخەوان حەمە بۆر

+ لەو ماوەیەدا دوو جار هاتنە هەڵەبجە

+ جارێک هاتنە شارەزوور

+ جارێک چوونە قەرەداخ تا ڕاپەڕین مانەوە

لە ڕاپەڕیندا هێزەکانی شارەزوور هەورامان لە سورێنەوە هاتنە خوار گەیشتنە باریکەو نەسر لەوێشەوە بۆ سلێمانی.

## تـــیپی 11ی هـــەورامان
## 1987

هەر دوو تیپی ١٥ی شـارەزوور و ١١ی هەورامان دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی یەک درووستبوون دواتر هەر دوو تیپەکە کرانە یەک تیپ و ناویاننا تیپی ١٥ی هەورامان.

دوای ساڵانێک لە نەبەردی و چالاکی و قوربانیدان جارێکیتر تیپی ١٥ی هەورامان کرایەوە دوو تیپ، هەر دوو تیپی ١١ هەورامان و ١٥ی شارەزوور.

دوای ئەوەی کەسایەتی دیارو خۆشەویستی ناوچەی هەڵەبجە قادر کۆکۆیی لە دوای خۆپیشاندانەکانی هەڵەبجە و سەید سادق هاتە ڕیزەکانی پێشمەرگە کرایە فەرماندەی تیپی ١١ی هەورامان.

**دەستەی تیپ:**

قادر کۆکۆیی فەرماندەی تیپ

حەمەی حەمە سەعید جێگری فەرماندەی تیپ

ئەکبەر یەناخی فەرماندەی کەرتی (١)

کەیکاوس فەرماندەی کەرتی (٢)

برایم بۆینی فەرماندەی کەرتی (٣)

ئەکرەم ئەحمەد قادر فەرماندەی کەرتی تیپ

نیازی ڕێبەری سیاسی

جەمیل مەلا مستەفا کۆکۆیی لێپرسراوی کۆمەڵایەتی

پێشتر مەهدی ڕیشە فەرماندەی کەرتی (٣) بوو دواتر برایم بۆینی کرایە فەرماندەی کەرت.

## تــــیپی 11

تیپی ١١ی هەورامان ڕێرەوی پەیوەندی و هاتووچۆی نێوان (ی ن ک) و ئێران بوو بۆ هێنانی چەک و تەقەمەنی، پەڕینەوەی هێزەکانی (ی ن ک) و حیزبە عێراقییەکان.

## بــــارەگاکانی تــــیپی 11

+ بارەگای تیپ و کەرتی تیپ لە هەوارە کۆن بوو
+ بارەگای کەرتی (١) لە چنارەو مۆردین بوو لە دەوەرە بارەگایان دانا
+ بارەگای کەرتی (٢) لە بۆین بوو
+ بارەگای کەرتی (٣) لە گریانە بوو

## چـــالاکییەك

## گـــرتنی ڕەبــــییەیەك

دوو ڕەبییە لە ناوچەکە بوون، یەکێکیان مینی هەبوو، ڕەبییەیەک ڕوو لە ئێران بوو (مین)ی زۆر بوو بۆ کەرتی (١ و ٢) دانرا.

نەخشەی لێدانی هەر دوو ڕەبییەکە دانرا قادر کۆکۆیی سەرپەرشتی لێدانی هەر دوو ڕەبییەکەی دەکرد.

(٢٠) پێشمەرگەی کەرتی (١) و (٢) هەڵبژێردران هاشم بۆینی، ڕەفعەت، ئەکبەر یەناخی سەیری ڕەبییەکەیان کرد، دوای ئەوەی دۆخی ڕەبییەکەیان بینی کە (مین)ی زۆر بوو بڕیاریاندا هەر کەرتەی (٥) پێشمەرگە بچنە ناو ڕەبییەکە، ڕێگەی چوونە ناو ڕەبییەکەیان دۆزییەوە ئەو شەوەی چوونە ناو ڕەبییەکە کەیکاوس و ڕەفعەت چاوساغیان بوون، کاتژمێر ٢:٣٠ دەقیقەی شەو چوونە ناو ڕەبییەکە.

ئەکبەر یەناخی، ڕەفعەت، حەسەن شێخانی ، مەنوچەر عەلی چوونە ناو ڕەبییەکە، ئێشکگری ڕەبییەکە ڕووی لە دیوی ئێران بوو ئەمان لە دیوەکەی ترەوە چوونە ژوورەوە سێ سەرباز لە ژوورێکدا بوون هەڵیانساندن دوو چەک هەڵواسرابوون ڕەفعەت هەر دوو چەکەکەی لێکردەوە پشتی ملی سەربازێکی گرت دای بە دەست حەسەن شێخانییەوە، حەسەن و مەنوچەر سەربازەکەیان برد تەسلیمی کەیکاوسیانکرد.

سەربازەکانی ناو ڕەبییەکە هاواریاندەکرد ئێشکگری ڕەبییەکە بە دەم هاواری سەربازەکانەوە هات ئەکبەر یەناخی تەقەی لێکرد، سێ ژووریتر سەربازی تیا بوو هاشم بە ئاربیجی لە ژوورەکانیدا بوو بە تەقە، دوو سەرباز لە ژێر قەرەوێڵەیەکدا خۆیان شاردبووەوە تێکرا حەوت سەرباز دەستگیر کران، سەربازێک کوژرا.

**دەستکەوت:**

٥ کلاشینکۆف

١ بیکەیسی

١ هاوەن

١ تەلەفون

١ هێستر

ژمارەیەکی زۆر فیشەکی کلاشینکۆف و بیکەیسی دەستکەوت بوون

ئەو پێشمەرگانەی بەشداری گرتنی ڕەبییەکەیانکرد:

١/ ڕەفعەت

٢/ ئەکبەر یەناخی

٣/ ڕێبوار کۆکەیی

٤/ کەیکاوس

٥/ هاشم بۆینی

٦/ ڕەحیم

٧/ مەنوچەر عەلی

٨/ سلیمان عەلی کەریم
٩/ سەباحی مەحموود بەگی بەڵخەیی
١٠/ حەسەن شێخانی

## ڕەبـــــییەکەیتر

ڕەبییەکەیتر بۆ قادر کۆکۆیی و کەرتی تیپ دانرابوو لە گەڵ تەقە لە ڕەبییەی یەکەم ڕەبییەی دووەم ڕایانکرد، تیپی ١١ی هەورامان لە شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) لە بێترخێن ماوەی نزیک بە دوو مانگ بەشدار بوون.

## تـــیپی 33ی ســـــورێن

کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ تیپی ٣٣ی سورێن درووستکرا.
+ کەمال شاکر فەرماندەی تیپ
+ فەلاحی حەمە بۆر جێگر تیپ
تێکڕای تیپەکە (٥٠) پێشمەرگە بوون
بارەگاکانی تیپەکە لە:
+ قەڵاخانێ
+ دزڵی
+ هانەنەوە

ئەرکی تیپی ٣٣ی سورێن، لە سورێنەوە کەلووپەلیان دەگواستەوە بۆ قەرەداخ، تیپی ٣٣ی سورێن زۆری نەخایاند هەڵوەشایەوە.

## تـــیپی 47ی پـــیرەمەگـــروون
## 1989-1982
## نـــۆ

## تـــیپی 47ی پـــیرەمەگروون

هەرێمی چوار وەکو تێکڕای هەرێمەکانی دیکە بەرەو هەڵوەشاندنەوە چوو، لە پێکهاتەی هەرێمی چوار دوو تیپ دروستکرا، سنووری جوگرافی و کارگێڕی هەرێمی چوار کە سنوورێکی گەورەو فراوان بوو لە مەرگە و دووکان و دۆڵی جافەتی و ١٢ دێی دۆڵێ تا سنووری ماوەت و نزیک قەڵاچوالان بوو بە سەر دوو تیپدا دابەش کرا، تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون، تیپی ٤٣ی ئاسۆس.

لە دوای شەهید بوونی جەمالی عەلی باپیر فەرماندەی هەرێمی چوار تا ماوەیەک دوای دروستبوونی تیپی ٤٧ هەر یەک لە خوالێخۆشبووان، فاتیح شوانی، زێرۆ عبداللە، شێخ دارا سەرپەرشتی هەرێمی چوار و تیپی ٤٧ یان کرد تا صلاحی مهندس کرایە فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون.

### تەشکیلەی تیپی 47ی پیرەمەگروون

| | |
|---|---|
| صلاحی مهندیس | فەرماندەی تیپ |
| ئیسماعیل مەلا عەبدول | فەرماندەی کەرت |
| ڕەحمان سیتەکی | فەرماندەی کەرت |
| عومەر چاوشین | فەرماندەی کەرت |
| مستەفا سەرگەڵویی | فەرماندەی کەرت |
| کەمال شێخە | فەرماندەی کەرت |
| جەلالی حەمەی محە | فەرماندەی کەرت |
| هاوڕێ جەبار | فەرماندەی کەرت |
| عەلی بەگ جێچێنەیی | فەرماندەی کەرت |

دوای دەستبەکاربوونی صلاحی مهندس بە ماوەیەکی کەم دەستیکرد بە چالاکی و یەکەم چالاکیش لێدانی ڕەبییەکانی سەری دابان بوو.

## شـــەڕی سەری دابـــان 1982

ڕەبیەکانی سـەری دابـان ڕۆژانـە یا خـود هەفتەی چەند ڕۆژێـک ڕێچکەیان دەبەست، وەکو قافڵەیەک بەرەو شەدەڵە بەڕێدەکەوتن تا لە سەربازگەکانی ئەوێ ئازووقەی هەفتانە وەربگرن و سەری بخەنە سەر شاخ، لە زنجیرە شاخی دابان هـەلاج بۆشاییەک هەبوو وەکو دەربەندێک، سەربازەکانی ڕژێم hاموشۆیان پێدادەکرد بۆ شەدەڵە.

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بە فەرماندەیی صلاحی مهندس و مستەفا سەرگەڵویی فەرماندەی کەرتی یەک، بۆسەیەکی تۆکمەو مەحکەمیان بۆ سەربازەکانی ڕەبیەکە دانا، قافڵەیەکی سەربازی کە چەند وڵاغێکیان پێبوو لە گەڵ ٢٠ سەربازدا بەرەو شەدەڵە بەڕێکەوتن، دوای چەند هەنگاوێک کەوتنە بۆسەی مەحکەمی پێشمەرگەوەو ڕەهێڵەی گوللە وەکو تاوە تەرزە بەسەریاندا دەباری، هێزەکەی دووژمن دەرفەتی کشانەوەو خۆدەربازکردنیان لێسەندرایەوە، هەر لە گەڵ یەکەم شریخەی گوللەدا ١٢ سەرباز خەڵتانی خوێن کران و لەجێدا بە سزا گەیەندران، ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب کوژراو ٤ سەرباز بەدیل گیران.

دواتر بە گفتوگۆ کردن لە گەڵ حکومەت تەرمی کوژراوەکان لە گەڵ دەمانچەی ئەفسەرەکە نێردرایەوە بۆ سەربازگەکانی دوژمـن، لە بەرانبەریش حکومەت دەرفەتی بە چەند ئوتۆمبێلێکدا تا هاتووچۆی گوندەکانی سەرگەڵو دۆڵی جافەتی بکەن چوونکە ڕژێم ماوەیەک بوو ئابڵوقەی ئابووری خستبووە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو ڕێگەی لە هاتووچۆی ئۆتۆمبێل گرتبوو بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە.

دوای ئازادکردنی ٤ سەربازەکە و گەڕانەوەیان بۆ سەربازگەی سوسێ، حکومەت دوو سەربازی گوللەباران کرد چوونکە کورد بوون.

بە سزاگەیاندنی ئەفسەرە نەقیبەکە کە لە سەری دابان سەیتەرەی دانابوو ئازاری خەڵکی ئەداو بێ ڕێزی بەرانبەر بە لادێ نشینەکان دەکرد، دەنگدانەوەی گەورەی لە ناوچەکە هەبوو، هەروەک وانەیەکی گرنگیش بوو بۆ داگیرکەر، کە لە بەرزترین لوتکە و چیای کوردستاندا دەستی پێشمەرگە دەیانگاتێ و بەسزایان دەگەیەنێ.

## شـــەڕی بـــیران

سەلاّحی موهەندیس فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە مزگەوتی گاپیلۆن کۆبوونەوەیەکی بە تیپەکە کرد داوای لە کەرتەکان کرد چالاکی بکەن و دەست لە دوژمن بووەشێنن.

دوای کۆبوونەوەکە پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون کەوتنە گەڕان بە ناوچەکەداو چوونە زێوێ، کەرتی یەک و کەرتی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون و مەفرەزەیەکی کەرتی ڕێکخستنی دووکان هەواڵیان پێگەیشت کە هێزەکانی دوژمن پەلاماری ناوچەکە دەدەن.

هێزەکەی تیپی ٤٧ و کەرتی ڕێکخستن چوونە سەرووی قەرەچەتان بۆ بناری شاخەکەی سەرووی بیران، هێزی داگیرکەر بە پشتیوانی کۆپتەرو دەبابە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا، قارەمانەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون و کەرتی ڕێکخستنی دووکـان لە هێزە پەلامار دەرەکـەی دوژمـن هاتنە دەست و شەڕ تا ئێوارەی خایاند، هێزەکەی دوژمن لە ئێوارەدا شکان و ژمارەیەکی زۆریان لێکوژراو بریندار بوو، لەو شەڕەدا پێشمەرگەی قارەمان فەرەیدونی حاجی عەلی شەهید بوو، فەرەیدون خەڵکی سلێمانی بوو ماوەیەک بوو لە کەرتی ڕێکخستنی دووکان پێشمەرگە بوو، ڕۆژی دوای شەڕەکە خەڵکی (بیران) پێشمەرگەکانیان ئاگادار کردەوە لە شەهید بوونی فەرەیدون حاجی عەلی.

## شـــەهید بوونی سەلاّحی مـــــوهەندیس

شەڕی ئیسلامیەکان یان لەشکری ئیسلامی هاتبووە پێش، بەرنامەی سەرکردایەتی وەها بوو لەشکری ئیسلامی کە بارەگایان لە دۆڵی جافەتی و بارەگای سەرەکیان لە سەرگەڵوو بوو چەک بکرێن و لە ناوچەکە نەمێنن.

بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان سازوو ئامادە کرابوو بۆ لێدان و دەست بە سەرداگرتنی بارەگاکانی لەشکری ئیسلامی بەشێک لە تیپەکانی گەرمیان و تیپەکانی سنووری دۆڵی جافەتی بەشداری شەڕی گرتن و پەڕووباڵکردنی

لەشکری ئیسلامیان کرد.

١٩٨٢/٧/٢٥ لە چەند قۆڵێکەوە هێرش کرایە سەر ئیسلامیەکان، لە قۆڵی هەڵەدنەوە مامە ڕیشە و هێزێکی تۆکمەی گورجووگۆڵ هەڵمەتیان بردوو ئەو شوێنانەی پێیان سپێردرابوو دەستیان بەسەرداگرت.

لە قۆڵی سەرگەڵوو تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بە فەرماندەیی صلاحی موهندیس هەڵمەتیان بردە سەر بارەگاکانی لەشکری ئیسلامی، کاک صلاح هەڵمەتی بردە سەر دۆشکای ئیسلامیەکان، لە یەکەم هەڵمەتدا قۆڵی بریندار بوو بەڵام بە جامانەکەی، قۆڵی بەست و بەردەوام بوو لە هێرش و هەڵمەت بردن تا گوللەی دووەم پێکای ، لەجێدا شەهید بوو، لەو هەڵمەتانەدا کەمال شێخە فەرماندەی کەرت لە گەڵ بورهان ماوەتی بریندار بوون و گواسترانەوە بۆ مالومە.

## چـالاکییەکانی نـــاوشار

تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بـەردەوام مەفرەزەی ناو شـاری هەبوو، کـەرت و مەفرەزەکانی تیپی ٤٧ شەوانە دەچوونە ناو شاری سلێمانی و گورزی کاریگەریان لە دووژمن دەوەشاند، هەندێک جار سەر لە ئێوارە لە سەر جادەی شەست مەتری بازنەیی سلێمانی کەمینیان بۆ هێزەکانی داگیرکەر دادەنا، لەو چالاکیانەی ناو شاردا، دەیان چەکی هەمە جۆر دەسکەوت بوون دەیان کەلاکیشیان لە هێزەکانی داگیرکەر خست.

## چـــالاکی ماوەت+ ســـەری گوڵێ 1983

بەشێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بە فەرماندەیی ئیسماعیل ماوەتی فەرماندەی کەرتی ٤ لە دەشتی ماوەت لە باسکی بەری قەدەغان بەرانبەر ماوەت، لە سوورکان دەسرێژیان لە دوو سەربازی ڕژێم کردوو چەکەکانیان بردن.

هەمان ساڵ کەرتی ٤ی تیپی ٤٧ لە سەری چیای گوڵێ کەمینێکیان لە نێوان ڕەبییەکانی پشتی ئاوەکورتێ و گوڵێ دانا، وایەری تەلەفونی ڕەبییەکانیان قرتاند،

سەربازەکانی ڕەبییەکە بۆ سۆراغی تەلە پچڕاوەکان هاتن، کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوەو ٤ سەرباز کوژران، دەسکەوتی پێشمەرگە سێ کلاشینکۆف و ڕەشاشێکی بریم بوو، کە بۆ ئەو کاتی پێشمەرگە دەسکەوتێکی گرنگ بوو.

## هــێنانی هەزار سەر ئـــاژەڵ 1983

بەشێک لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون چوونە ناو قولەڕەیسی و زیاتر لە هەزار سەر ئاژەڵی سوپای عێراقیان هێنا، مەڕە کوردیەکانیان بردە قەیوان، مەڕە بیانیەکانیش بە تراکتۆر گواسترانەوە بۆ گوندی پیرکە، بۆ ڕۆژی دواتر کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی ناوچەکەو بۆمبارانی قزڵەری کردوو زیاتر لە ٢٠٠ سەر مەڕی هاووڵاتیانی کوشت.

هەزار سەر مەڕەکەی ڕژێم فرۆشراو حەڤدە هەزار دیناری عێراقی لێ دەسکەوت، بەمەش بۆ ماوەیەکی باش مەڵبەندی ٢ی پێ بوژایەوە.

چالاکی و دەست وەشاندنەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون پانتاییەکی گەورەو فراوانی گرتبووەوە، هەر لە شەڕی بۆسەو هێرش و پەلامار، تا چالاکی ئێواران و شەوانی شار تیپی ٤٧ دوژمنی دەتاساندوو ورەی دەدایە بەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە جۆرێک ڕۆژانە و هەفتانە چالاکی بەردەوام بوو، ڕێگای گوندە ئازاد کراوەکان و بارەگاکانی پێشمەرگە، بۆ پێشمەرگە چەند ئاسان بوو، چوونە ناو گەڕەکەکانی شار، بۆسەو کەمین و پەلامارو سزادانی خۆفرۆشان و پیاوانی ڕژێم لەوە ئاسانتر بوو بۆ تیپی ٤٧.

## بـــە سزا گەیانـــدن

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٢٧ دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان چوونە سەر پاڵێوراو (ت.س.سلیمان) لە ناو دائیرەکەی خۆیداو دەست بەستیان کردو هێنایانە دەرەوە کە بەرانبەر ڕەبییەیەکی داگیرکەر بوو لە شەوی ١٩٨٣/٧/٢٨/٢٧ کوژراو فڕێیاندایە کۆڵانێکی شار.

## شـــەهید بوونی هاوڕێ جـــەبار

هەر ١٠ شەوێک دەبوو شێخ فتاح کەرتەکەی جێهێشتبوو، هاوڕێ جەبار کرایە فەرماندەی کەرتی یەک، پێشتر کەرتی یەک فەرماندەی نەبوو هەر یەک لە هاوڕێ جەبارو شێخ محەمەد بە نیازی فەرماندەی کەرت بوون، بەڵام بە فەرمانی مولازم عومەر شێخ فەتاح کرایە سەرپەرشتیاری کەرت، دوای چەند مانگێک شێخ فەتاح گواسترایەوەو هاوڕێ جەبار کرایە فەرماندەی کەرت.

هاوڕێ جەبار یەکێک لە فەرماندە جەسوورو ئازاو دلێرەکانی تیپی ٤٧ بوو دەیان چالاکی پێشمەرگانەی لە ناو شاردا ئەنجامدا بوو، قارەمانی چەندین نەبەردی و داستان بوو.

شەوی ١٩٨٣/٨/٢٨/٢٧، بە مەبەستی بۆمبارانی ڕەبییە و مۆڵگەکانی دوژمن لە مەعسکەر سەلام و دەورووبەری کە بەشێکیان جاشی تیا بوو هاتبوونە گوندی باوەمردەی نزیک ڕاپەڕین، کە ئەو کات پێیان دەوت «قادسیە» تا بە هاوەنی ٦٠ ملم بۆمبارانی مۆڵگەکان بکەن، دوای تەقاندنی چەند هاوەنێک جاشە خۆفرۆشەکان شوێنی هاوڕێ جەبارو هەڤاڵەکانیان دەست نیشان کردبوو، دوای شەڕێکی قارەمانانە و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ جاشە خۆفرۆشەکان، هاوڕێ جەبارو ئازادی وەستا کەریم شەهید بوون.

## کـــەرتی ڕێکخستنی دووکـــان

پێش کەرتی ڕێکخستنی دووکان دڵشاد بەنگینە ئیشوکاری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی لە سنووری هەرێمی ٤ دا بەڕێوە دەبرد، جگە لە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە ڕێکخستنە جەماوەریەکانیش لە چوارچێوەی کاروو چالاکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون لە ناوچەکە.

دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و درووست بوونی تیپەکان کەرتەکانی ڕێکخستنی دووکان یەک لەو کەرتانە بوو کە سنوورێکی جوگرافی فراوانی هەبوو، تێکڕای سنووری دووکان و جافەتی و بەشێک لە سنووری شارباژێڕ، ماوەت و کارێزەی دەگرتەوە.

پۆلێک کادیری کۆمەڵە کە دەرچووی خولی کادیرانی کۆمەڵە بوون، لە گوندی گەڕەدێ (بەرزە دێ) کۆبوونەوەیەکیان کردوو کەرتی ڕێکخستنی دووکانیان پێک هێنا.

خولە کۆمەڵە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی دووکان بوو، سەید ئەحمەد، وریا، نەبەز، کامەران، غەریب هەڵەدنی، بێستوون سابوراوایی، مامۆستا پێشڕەو، جوتیار، مامۆستا سەلام، جەبار یاوەر، جەمال دیموکرات، شێخ عوسمانی سەرگەڵوو، چەند کادرێکیتر، لەو کادێرە تێکۆشەرانەی کۆمەڵە بوون کە لە سەرەتای درووستبوونی کەرتی ڕێکخستنی دووکان تا ساڵانی دوایی، لە قۆناغی جیاجیادا تێکۆشاون و جێگە دەستیان دیارو نەخشاوە.

## نـــاوچەی 12ی دووکان-یەکێتی شـــۆڕشگێڕان

لە سنووری تیپ و مەڵبەندەکانی (ی ن ک)دا، کەرتەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەو یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەبوو، هەم بۆ کاری ڕێکخراوەیی و خەباتی جەماهیری هەم بۆ ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان سەرەتا لە گەڵ کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و هێڵی گشتی، سێ ڕێکخراوی سیاسی خاوەن بەرنامەی جودا بوون لە ژێر یەک چەتری (ی ن ک)دا کاری ڕێکخراوەییان دەکرد، بەڵام یەک هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە هەبوو.

دوای ئەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان جیابوونەوەی لە یەکێتی ڕاگەیاند، هێڵی گشتی و ئەو کادێرانەی بزووتنەوەی سۆسیالیست کە لە ناو یەکێتی مابوون، یەکیان گرت و یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان درووستکرد، دوای یەکگرتنی بزووتنەوەو هێڵی گشتی، یەکێتی شۆڕشگێڕان کۆنگرەی بەست، بەرنامەو پرۆگرامی خۆی دارِشت، بەشێکی زۆریش لەو کادێرو پێشمەرگانەی سۆسیالیست کە جیابوونەوەو یەکێتیان بە جێهێشت گەڕانەوە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕێکخستنەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

یەکێتی شۆڕشگێڕان هەیکەلی ڕێکخراوەیی خۆی لە شانەو شانەی سەرەکی و لق و ناوچە و ڕێکخراودا دارشت، لە سەر ئاستی ناوچەکانی کوردستان ناوچەی شۆڕشگێڕانیان درووستکرد، قەزای دووکان و مەرگەو شینکایەتی و دۆڵی جافەتی، تا سیتەک و هۆمەراخ سنووری ناوچەی دووکان بوو.

## پـــێکهاتەی نـــاوچەی دووکان 1983

سەرەتای دامەزراندنی ناوچەی دووکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، مامۆستا موسا لێپرسراوی بوو، دواتر مامۆستا حسێن ژاژڵەیی لێپرسراوی ناوچە بوو، تا لە ساڵی ١٩٨٥ و دوای نزیک بە دوو ساڵ لە دامەزراندنی ناوچە و کاری ڕێکخراوەیی بەردەوام لە ناو جەماوەرو هێزی پێشمەرگە دەستەیەکی جێگیر لە ناوچەی دووکان پێکهات کە تیایدا تێکڕای ناوچەکان ڕێکخراویان بۆ دانراو ئەندام ناوچەکانی بوونە دەستەی بەڕێوەبردنی ناوچە بەم شێوەیە.

**پێکهاتەی ناوچە ساڵی ١٩٨٥**

١/ عەلی حەمە ڕەش قەڵادزەیی لێپرسراوی ناوچەی دووکان.

٢/ مامۆستا عەزیز کارگێڕی ناوچەی دووکان.

٣/ ئاوات بهادین ئەندام ناوچە.

٤/ محەمەد سنگری ئەندام ناوچە و لێپرسراوی ڕێکخراوی دۆڵێ.

٥/ ئارام ئەندامی ناوچە.

٦/ ڕێکخراوی شەهید ئەحمەد فتح الله لە کارێزە.

٧/ ڕێکخراوی سووورداش.

٨/ ڕێکخراوی مەرگە.

٩/ ڕێکخراوی دووکان.

جگە لە ڕێکخراوی شارۆچکەکان کە ڕێکخراوی جەماوەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بوون، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشدا لە تیپ و کەرتەکاندا ڕێکخەری سیاسی یەکێتی شۆڕشگێڕان هەبوو ناوچەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی

کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕو پێکادانەکاندا بەشداری کاریگەریان دەکرد، لە تێکڕای داستان و نەبەردیەکاندا بەشداروو پێشەنگ بوون.

دوای شەهید بوونی سەلاحی موهەندیس ئاوات قارەمانی کرایە فەرمانده‌ی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون، پێکهاتەی نوێی تیپی ٤٧ بەم شێوەیەی لێهات:

| | |
|---|---|
| ئاوات قارەمانی | فەرماندەی تیپ |
| سابیر ماوەتی | جێگری فەرماندەی تیپ |
| ئیسماعیل ماوەتی | فەرماندەی کەرت |
| شێخ عومەر | فەرماندەی کەرت |
| هەمزە حاجی کەریم | فەرماندەی کەرت (تا ماوەیەک) |
| ڕەحمان سیتەکی | فەرماندەی کەرت |

بۆ نزیک بە مانگێک شێخ جەعفەر فەرماندەی تیپی ٤٧ بوو.

## شـــەڕی کانی بـــەردینە
## کـــۆتایی ســـاڵی 1983

ئـاوات قارەمانی فەرماندەی تیپ بوو چووە دۆڵە ڕووت پاش چەند ڕۆژێک داوای لە کەرتەکانی تیپی ٤٧ کرد بچن بۆ کانی بەردینە، چەند ڕۆژێک بوو دەنگۆی گفتوگۆی شۆڕش و ڕژێمی عێراق بڵاو ببووەوە تەقە لە نێوان هەر دوو لادا وەستا بوو.

کەرتی یەکی شەهید سەلاح و کەرتی تیپ و پۆلی سەرچناری کۆمەڵە و چەند پێشمەرگەیەکیتر شەو چوونە کانی بەردینە و بەیانی کەمینیان دانا، هاوڕێ جەبار لای کاک نەوشیروان هاتبووە کانی بەردینە ئەویش لە گەڵ کەمینەکە ڕۆیشت، ئیسماعیلی مەلا عەبدول یەکێک لە فەرماندە کەرتەکانی ٤٧ی پیرەمەگرون لە گەڵ هێزەکەدا بوو.

سەر لە بەیانی لای کەمینی پێشمەرگەکانەوە تەقە دەستیپێکرد، هێزەکانی دوژمن بە هاوکاری سووپاو جاشەکانی قالە فەرەج، تەحسین شاوەیس، عومەرە بچکۆل و چەند مەفرەزەیەکیتری جاش و بە پاڵپشتی دەبابە پەلاماری کانی بەردینەیانداو چەند گوللە ئاربیجیەکیان نا بە مزگەوتی کانی بەردینەوە بەڵام سەریانکرد.

پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بۆ هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن دامەزران، شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو سەربازو جاشدا درووست بوو، لە نیوەڕۆدا پەلامارەکەی دوژمن شکا.

دوای نیو کاتژمێر لە شکاندنی پەلامارەکەی دووژمن سەربازو جاش بە پاڵپشتی دەبابەو کۆپتەر جارێکیتر پەلاماری پێشمەرگەیاندایەوەو هەتا دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ شەڕ بەردەوام بوو، لە سەر دەستی پێشمەرگە ئەو پەلامارەش تێکشکا.

کەرتی دووی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە کانی پیرە بوون چەند پێشمەرگەیەکیان هاتن بە هانای شەڕەکەوە دوای شەڕەکە کەسووکاری پێشمەرگە و خەڵکێکی زۆر لە شارەوە هاتن بۆ سۆراغی شەڕەکە.

**زیانی دوژمن:**

١/ کوژرانی ٦ جاش و چەندین سەرباز

٢/ برینداریێکی زۆر لە ناویاندا عومەرە بچکۆل، لە هێزی پێشمەرگەش دوو بریندار هەبوو کە برینەکەیان سووک بوو.

## گـــــفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ عـــێراق

ساڵی ١٩٨٤ بە ڕەسمی گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ ڕژێمی عێراق ڕاگەیەندرا، ماوەی ساڵێک گفتوگۆ، هاتووچۆی وەفد، ناکۆکی و ململانێ بەرێوەچوو، لە پەنا گفتوگۆدا مولازم سەید کەریم شەهید کرا، مامە ڕیشە و سەردار و محسن، ئازادی مام حەسەن لە سلێمانی شەهید کران گفتوگۆ بە بن بەست گەیشت شەڕیش هەڵگیرسایەوە.

## تــــیپی 47 لە شـــارستێن

برووسکەیەک بۆ تیپی ٤٧ کرا بەرەو شارستێن و دۆڵی سێدەر بکەونە ڕێ، هێشتا شەڕی دابان ڕووی نەدابوو، بەڵام بەرنامەو نەخشەی دەست بە سەرداگرتنی زنجیرە شاخی دابان دانرابوو، تیپی ٤٧ لە شارستێن جێگیر بوون، تا بەر لە هەر هێرش و پەلامارێک بگرن کە دوژمن بیکاتە سەر شارستێن و بەرەو ناوچەی سەرگەڵوو بەرگەڵوو پێشڕەوی بکات.

لە شەوی ١٩٨٥/٢/١٥ هەڵمەت برایە سەر زنجیرە شاخی دابان هەلاج و دەست گیرا بە سەر ئەو چیایەدا، وەکو پێشبینی کرا بوو ڕژێم هێرشیکردە سەر شارستێن و لە دۆڵی سێدەرو شارستێن شەڕی قورس ڕوویدا، قارەمانەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون هێرشەکانی دوژمنیان تێکشکاندوو بەرەو مۆڵگەکانیان ڕاویان نانەوە، لەو شەڕەدا کەریم شەشۆیی و عەزیم، دوو پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون.

## هـــاتنی شۆڕش ئـــیسماعیل 1985

دوای شەڕی گەورەی دابان کە تیپی ٤٧ لە قۆڵی سێدەرو شارستێن ڕۆڵی دیاریان تیادا بینی، ئاوات قارەمانی فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە تیپەکە گواسترایەوە، پاش ماوەیەک شۆڕش ئیسماعیل وەکو فەرماندەی تیپی ٤٧ هاتە سنوورەکە.

**پــێکهاتەی تیپەکە**

| | |
|---|---|
| شۆڕش ئیسماعیل | فەرماندەی تیپ |
| عبدالرحمن حەمەی فەرەج | جێگری فەرماندەی تیپ |
| عومەر عەرەب | فەرماندەی کەرتی ١ |
| کاک ئیسماعیل | فەرماندەی کەرتی ٢ |
| شێخ فەتاح | فەرماندەی کەرتی ٣ |
| دلێری شێخ ڕەزا | فەرماندەی کەرتی ٤ |
| وەستا مەجید | فەرماندەی کەرتی ٥ |
| عومەر چاوشین | فەرماندەی کەرتی تیپ |

## شـــەڕی مەجید بەگ / زیـــلە سووتاوەکان

زانیاری گەیشتە دەستی پێشمەرگە، ٢ نەجدە شەوانە دێنە مەجید بەگ و لەوێ دەمێننەوەو ئازاری خەڵکی مەجید بەگ و مامۆستایان دەدەن، نەجدەکان لە نێوان گەڕەکی مامۆستایان و مەجید بەگ دەوەستان و دەخولانەوە.

هەر دوو کەرتی ٤ و کەرتی شێخ عومەر لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بەرەو گەڕەکی مەجید بەگ بەڕێکەوتن، لە گوندی کەڵەکنەوە تا ناو گەڕەکی مەجید بەگ کەمینیان دانا، تا گەیشتنە مەجید بەگ ژمارەی پێشمەرگەکان کەمتر دەبوون.

گەیشتنە ناو گەڕەکی مەجید بەگ تا بەرەو لێدانی نەجدەکان هەنگاو بنێن، لە ناکاو قافڵەیەکی سەربازی دوژمن ڕووەو پێشمەرگەکان دەرکەوت و بەرەو سەرهات، پێشمەرگە لە سەر سوچی کۆڵان و جادەی قیری مەجید بەگ بۆی دامـەزران، قافڵەی زیلی پڕ لە سەربازو تەقەمەنی کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی ٤٧ەوە لە گەڵ یەکەم لێدان و ووریشەی ئار بی جی و شریخەی گوللە هەر تەقەمەنی بوو لە نێو زیلەکان دا بە ئاسماندا دەچوو بە جۆرێک شەوە زەنگی مەجید بەگ بووە ڕۆژی ڕوونـاک، لەو شـەڕەدا ٧ سەرباز کوژران و ژمارەیەک چەک دەسکەوت بوون، پێشمەرگەکانیش سەرکەوتوانەو بێ زیان بوون، ئیتر لەو ساوە تا ئێستا ئەو جادەیە بە زیلە سووتاوەکە ناسراوەو ناو دەهێنرێت.

## ڕەبـــیەی ســـەرچنار

لـە سـەرچـنـاری شـاری سلێمانی ڕەبیـەیـەکی پۆلیس دیـارو بـەرچـاو بـوو، پێشمەرگەکانی کەرتی چواری تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بە چاوساغی ڕێکخستنەکان، چووە ناو ڕەبیەکەو بێ تەقە ڕەبیەکەیان گرت، ژمارەیەک پۆلیسیان بەدیل گرت و ١٢ کلاشینکۆف دەسکەوتی پێشمەرگە بوو.

تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون زۆربـەی هـەرە زۆری چالاکیەکانی لە ناو شاری سلێمانی و ڕێگاو جادە سەرەکیەکانی دەورووبەری شاردا بوو، لە گەڕەکەکانی مەجید بەگ، نزیک ماڵی پارێزگاری کۆن، توی مەلیک، دووڕیانی سەرچنار، کەڵەکن، دیوی قولە ڕەیسی و سۆتگەو سوورگا بوو.

چالاکیەکانی ناو شار یەک و چوار و پێنج نین، دەیان چالاکی لە ناو شاری سلێمانیدا ئەنجامدراون، ئەوە جگە لە لێدانی ڕەبیەو مۆڵگەکانی دەورووبـەری شار، هەر لە ناو شاری سلێمانی یەکێک لە فەرماندە قارەمانەکانی تیپی ٤٧ کاکە عبدالرحمانی حەمەی فەرەج شەهید بوو کە جێگری تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بوو.

## تــۆڵەی شەهید عەلی چـــوارتایی

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٢-٤ی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون لە مانگی ١٩٨٥/٥ هێرشیان کردەسەر ڕەبییەکی دوژمن لە دێی ژاژڵەی نزیک ماوەت لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا سێ سەرباز کوژران و ئەوانیتر بەرەو ڕەبییەکانی دەورووبەریان هەڵاتن، مقەڕ سریەی خوار ڕەبییەکەش درایە بەر دەستڕێژی گوللە و ژمارەیەکیان لێکوژرا ڕەبییەکانی وەستا خدر سێ مەشجەبی، گوللە هاوەن، ئاڕ بی جی، بی کەی سی تیابوو دوای گواستنەوەی بەشێکیان ئەوەی مایەوە تەقێندرایەوە.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٣ سەرباز جگە لە کوژراوەکانی ناو مقەڕ سریەکە.

**دەستکەوت**

١ بی کەی سی

١ هاوەن

١ جیهازی ڕاکاڵ

١ کلاشینکۆف

١ سندوق نارنجۆک

١٢ مەخزەنی کلاشینکۆف

٢ کۆڵە پشتی ئاڕ بی جی و ٦ گوللە

٣ سندوق فیشەکی ڕووسی

١ تەلەفۆن

## ســــووتاندنی کانی بــەردینە

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١٧ هێزێکی گەورەی جەیش و جاش بە پاڵپشتی مودەڕەعە و شەش کۆپتەر و ١١ شۆفڵ، بە سەرپەرشتی مونەزەمەی حزبی بەعس لە سلێمانی و مودیری ئیستخبارات و زۆربەی لێپرسراوە فاشییەکان، دوای ئەوەی زانیان دێی کانی بەردینەی ناوچەی دۆڵەڕووت پێشمەرگەی تیانییە پەلاماری دێیەکەیاندا خەڵکەکەیان دەرکردوو بە شۆفڵ و ساروخ تەختی زەوییانکرد کە نزیکەی ١٠٠ ماڵ دەبوو، خەڵکی دێیەکە هاواریان بەسەر هێزەکەی دوژمندا کردبوو بۆچی ماڵەکانمان دەڕوخێنن بەعسییەکانیش ووتبویان چەند مانگێگ لەمەوبەر کۆپتەرێک بەسەر ئێرەدا تێپەڕیوە لەم دێیەدا تەقەی لێکراوە، کۆپتەرەکە خزمێکی صدامی تیابوو قۆڵی بریندار بووە لەبەرئەوە دەیسوتێنن هاوکات لەگەڵ کاولکردنی کانی بەردینە کۆپتەرەکان پەلاماری دێی فەیاڵیاندا و بۆمبارانیانکرد، هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لێیان هاتنە دەست و لە قولایی ئاسمانیان توندکردن، پێشمەرگەکان بە پەلاماری دوژمنیان زانی بەرەو کانی بەردینە بەڕێکەوتن بەلام هێزەکەی دوژمن دوای سووتاندنی کانی بەردینە گەڕابوونەوە سلێمانی هەر ئەو ڕۆژە هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی پیرەمەگروون بۆ تۆڵەی سووتاندنی کانی بەردینە چوونە ناو شاری سلێمانی و بۆسەیەکیان لە گەڕەکی مەجید بەگ دانا و شەش ئوتوئمبێلی قوە طواری و نەجدە کەوتنە بۆسەکەوە و درانە بەر دەسترێژی گوللە هەر لە جێدا سێ ئۆتۆمبێل سووتان هێزەکەیتر فریای دابەزین نەکەوتن و هەڵاتن.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٢٤ کەس لەناویاندا ملازمێک هەبوو بە ناوی حسین ژمارەیەکیش برینداربوون، بەدیلگرتنی نائیب عەریفێک سەر بە شورطەی سلێمانی، لەبەر تەقینەوەی ئۆتۆمبێلەکان تەنها کلاشینکۆفێک و ٢ مەخزەن دەستکەوت بوو.

## چـــالاکی سلێمانی

شەوی ١٩٨٥/٥/١٩/١٨ هێزێکی گەورە لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون چوونە ناو شاری سلێمانی.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە دوو وەزیرو کۆمەڵێک جەللادی موخابەرات لە بەغداوە هاتبوونە سلێمانی تەواوی شوێنە گرنگەکان پڕ کرابوو لە ئەمن و تەواری و موخابەرات و جاش و سەربازو پۆلیس.

هەر لەو شەوەدا هێزە گەورەکەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە چەند قۆڵ و لایەکەوە چوونە ناو شار، هێزەکانی بەرایی پێشمەرگە تووشی چەند لۆفەو بۆسەیەکی دوژمن بوون و هەڵیانکەندن ئنجا ڕژانە ناو شارو ماڵە ئەمنەکان و ماڵی پارێزگارو ڕیعایەی شەباب زۆر بە خەستی گوللەبارانکراو لە چەند شوێن و لایەکیشەوە تەقە و دەستڕێژ بە گەرمی درێژەی هەبوو هێزەکانی دوژمن جگە لە ڕاکردن و خۆشاردنەوەو دەستڕێژی کوێرانە هیچیان پێنەکرا بە جۆرێک سەریان لێشێوا بوو گولله هاوەنەکانیان دەخستە ماڵە ئەمنەکانی خۆیانەوە.

لەو شەوەدا چەندین جار جەللادەکانی دوژمن جێگۆڕکێیان پێکراو گواسترانەوە لە ترسی پێشمەرگە.

شەڕ لە چەند لایەکەوە گەرم بوو ئیسعاف هاتووچۆی بوو زیانی زۆر لە دوژمن کەوت بەڵام ئەوەی زانرا بەمشێوەیە بوو کوژرانی ٥ جاش شەعبی و ٢ قوە تەوارِی.

چوار پێشمەرگە بریندار بوو، یەکێک لە پێشمەرگە بریندارەکان شۆڕش ئیسماعیل فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بوو.

پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە گەڕانەوە ناوچەکانیان، بریندارەکان گواسترانەوە سنووری تیپ.

## چـــالاکی ناو شار
## تـــیپی (47)ی پـــیرەمەگروون
## شـــەهید بوونی «مـــحەمەد ئیسماعیل»

ئێوارەیەک پێش خۆر ئاوا بوون، مانگی حوزەیرانی ساڵی «١٩٨٥» مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە شەقامی تووی مەلیک لە ناو جەرگەو قەرەباڵغترین شوێنی شاردا خاڵی پشکنین و لێپرسینەوەیان دانا، ناسنامەیان لە ئۆتۆمبیلەکان وەرگرت تا پیاوانی ڕژێم بکەونە بەردەست و سزایان بدەن.

ئۆتۆمبێلێکی بەڕازیلی کە چوار ئیستخباراتی تیا بوو گەیشتە نزیک پێشمەرگەکان، وایانزانی جاشن (خاڵی پشکنین) یان داناوە بۆیە خۆیان تورە کردو بە پێشمەرگەکانیان ووت ئەم قەرەباڵغیە چییە درووستتان کردووە.

مەفرەزەکەی تیپی (٤٧) ی پیرەمەگروون دڵنیا بوون کە ئەوانە ئیستخباراتن داوایان لێکردن خۆیان بدەن بە دەستەوە بەڵام یەکێک لە ئیستخباراتەکان دەستی بۆ دەمانچەکەی برد بە نیازی تەقە کردن، پێشمەرگەکان دەستپێشیان لێکردن و هەر چوار ئیستخباراتەکەیان کوشت و ئۆتۆمبێلەکەیان سووتاند بە جۆرێک هەر چوار لاشەکە لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا بوونە ڕەژوو.

کوشتنی چوار کەس لە پیاوانی ڕژێم لە ناو قەرەباڵغترین شەقامی سلەیمانی دەنگدانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا.

## گـــرتن و گوللەبارانکردنی مـــحەمەد ئیسماعیل

ئەوەی لای پیاوانی ڕژێم مەبەست بوو تۆڵەکردنەوەو چاوترساندنی خەڵک بوو جا تۆڵە کردنەوەکە لە هاووڵاتی و خەڵکی بێ چەکی شارەکان و کەسووکاری پێشمەرگە یان هەر کوردێکی نیشتمان پەروەر بێت.

محەمەد ئیسماعیل برای شۆڕش ئیسماعیل فەرماندەی تیپی (٤٧)ی پیرەمەگروون بوو، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە (٢٥) ساڵ لە هەرەتی لاوی و لە تەمەنی گوڵدا بوو.

محەمەد کاسب بوو لە ناو شاری سلەیمانی دووکانی هەبوو، تەنها لە بەر ئەوەی برای شۆڕش ئیسماعیل بوو لە ناو دووکانەکەیدا دەستگیریان کردو لە نزیک مزگەوتی گەورەی شاری سلەیمانی و بە بەرچاوی خەڵکی شارەوە گوللەبارانیان کرد، لە گەڵ گوللەبارانکردنی محەمەدی بێتاواندا جەللادەکانی دووژمن هاواریان دەکرد ئەمە برای شۆڕش ئیسماعیلە.

لە گەڵ کوژرانی چوار پیاوەکەی دوژمندا لە شەقامی تووی مەلیک محەمەدی برای شۆڕش ئیسماعیل لە ترسی گرتن و ئازاردانی لە لایەن دوژمنەوە خۆی گەیاندە ناوچە ڕزگارکراوەکان، هەر چەندە شۆڕش ئیسماعیل داوای لێکردبوو نەگەڕێتەوە شار بەڵام محەمەد گەڕایەوە شارو کەوتە تەڵەو داوی دوژمنەوە.

ئەم ڕووداوانە چەندە ئازارێکی بە سوێ بوون چەند هێندەش تین و تاوو ورەی کۆمەڵانی خەڵکیان جۆش دەداو لە سەر داوا ڕەواکانیان سوورتر دەبوون.

## بــــۆسە-مـــەجید بەگ

شەوی ١٩٨٥/٦/٧ پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون چوونە ناو شاری سلێمانی لە جادەی مەجید بەگ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن داناو ئۆتۆمبێلێکی نەجدە کەوتە بۆسەکەوە لە ئەنجامدا نائب عەریفێک و پۆلیسێک دەستگیرکران ئەوانیتریش کوژران هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە ١٢ ئۆتۆمبێلی قوە گواری بەرەو مەیدانی شەڕەکە هاتن پێشمەرگەکان لێیاندان و ئۆتۆمبێلێک وەرگەڕاو زیانی زۆری لێکەوت، پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە گەڕانەوە.

## ڕەبـــییەی شاخە ســوور

کاتژمێر ١٣-١٩٨٥/٦/١٤ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون چوونە سەر ڕەبییەی شاخەسوور لە نێوان دڕەڵە و واژەو ڕووخاندیان دوژمن لە چوارتا و قەڵاچوالانەوە بە تۆپ و دۆشکە کەوتە بۆردوومان و لێدانی کوێرانەی ناوچەکە لەبەر سەختی شەڕەکەو نزیکی لە ڕەبییەکانەوە نەتواندرا دەست بەسەر ڕەبییەکەدا بگیرێت.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی یەک عەریف و چوار سەرباز

برینداربوونی ٣ سەرباز

## چــەند چالاکییەك-ســلێمانی

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە شەوی ٢٦-١٩٨٥/٧/٢٧ لە دوو قۆڵەوە چوونە ناو شاری سلێمانی و سەرچنار ئەو هێزەی چوونە سەرچنار کەوتنە بۆسەی دوژمن و بێ زیان دەرباز بوون، دوای گەڕانەوە جارێکیتر کەوتنە بۆسەوە دوای شەڕێکی دەستە و یەخە بۆسەیەکیان تێکشکاند.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٤ جاش

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی ڕزگار ئەحمەد

بریندابوونی پێشمەرگەیەکیتر بوو

هێزێکیتر چوونە گەڕەکی مامۆستایان و مەجید بەگ بە ئار بی جی و چەکی هەمەجۆر لە بنکەیەکی دوژمنیاندا و دوو جاشیان کوشت جاشێکیان لەسەربان کەوتە خوارەوە، دواتر لە گەڕەکی مەجید بەگ نزیک شورطە بۆسەیەکیان دانا بۆ ئەو هێزەی بە هانای بنکەکەوە دەهاتن هێزەکە کەوتە بۆسەکە و گوللەبارانکران.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٧ جاش و ٣ شورطە کە تەرمی سیانیان تا بەیانی لە شوێنی شەڕەکە جێمابوو.

## پــــردی بــــێمەحکەمە

کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٣٠ هێزێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لەسەر جادەی گشتی سەنگاو چەمچەماڵ لەسەر پردی بێ مەحکەمەوە و نێوان ڕەبییەکانی دوژمن بۆسەیەکیان دانا، دوای ئەوەی ئامر

مەجموعەی جاشەکان کەمینەکانی سەر جادەی هەڵدەگرتەوە و دەیویست بڕۆنەوە مقەڕ سریەکە پێشمەرگەکانی پیرەمەگروون لێیاندان و گوللەبارانیانکردن چەند جاشێک بەرەو ڕەبییەکە ڕایانکرد (مین)ێک لەژێر پێیاندا تەقییەوە کە ڕۆژی پێشوو خۆیان دایاننابوو.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٨ جاش

بەدیلگرتنی جاشێک

**دەستکەوت**

١ ئارِ بی جی ١١

٤ گولله

٢ ئارِ بی کەی

٤ کلاشینکۆف

١ دەمانچە

١ سندووق فیشەک

٤ نارنجۆکی دەستی

## چـــالاکی ژاژڵــە

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/١٠ بۆسەیەکیان لە نزیک ژاژڵە دانا، کاتژمێر ٦:١٠ دەقیقەی بەیانی ئیڤایەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٥ سەرباز

تێکشکاندنی ئیڤاکە

**دەستکەوت**

٤ کلاشینکۆف

١٥ مەخزەن

## نـــاو ســـەرچنار

پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە شەوی ١٩٨٥/٩/١٥/١٤ چوونە ناو سەرچنار و لە مەخفەری شورتەو تەجنید کەمینیان دانا.

**زیانی دوژمن:**

## کوژرانی دوو جاش

تاقمە جاشێک لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/١٥ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی مۆکەبە کارێزە دانا، پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون هێرشیانکردە سەریان و ژمارەیەک جاشیان کوشت و بریندار کرد.

## بـــۆسە-ســـەرچنار

شەوی ٢٨-١٩٨٥/٩/٢٩ مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون چوونە ناو شاری سلێمانی و لەسەر ڕێگەی گشتی کارگەی سەرچنار بۆسەیەکیان دانا لەئەنجامدا بەڕێوەبەری کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە و جێگرەکەی دەستگیرکران.

**دەستکەوت**

١ کلاشینکۆف

١ دەمانچە

## گـــرتنی ڕەبییەی نـــاوگردان

پێشمەرگە جوامێرەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون لەشەوی ١٨-١٩٨٥/١٠/١٩ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی ناوگردانی نزیک کەڵەکن و دەستیان بەسەرداگرت.

**دەستکەوت**

پێنج کلاشینکۆف

## مـــامۆستایان-مـــەجیدبەگ

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون لە شەوی ١٦-١٩٨٥/١١/١٧ لەسەر جادەی مامۆستایان مەجید بەگ ئۆتۆمبێلێکی قوە طەواریان دایە بەردەسترێژی گوللە.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی دوو پۆلیس

گرتنی پۆلیسێک

**دەستکەوت**

٣ کڵاشینکۆف

ئۆتۆمبێلێکی سۆپەرکراون–نەجدە

## گـــرتنی سەرۆك نـــەقابە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگرون لە شەوی ١٤–١٩٨٦/١/١٥ بۆ گەڕان بە دوای سیخوڕانی ڕژێمدا چوونە گەڕەکی سەرچنار و سەرۆکی نەقابە و مەشاریعی سلێمانیان دەستگیر کرد.

دەستکەوت یەک کڵاشینکۆف بوو

لەهەمان شەودا لە گەڕەکی حی صەدام چوونەسەر چەند ماڵێک بەڵام لەترسی پێشمەرگە هەڵهاتبوون لە یەکێک لەو ماڵانەدا کڵاشینکۆفێکیان دەستکەوت بۆ بەیانی لە گەڕەکی سەرچنار هاتووچۆ قەدەغەکرا و خەڵکێکی زۆریان ئازار دا لەسەر گرتنی سەرۆکی نەقابە .

## چوونە ناو شار 1986/1/25

## شەهید بوونی عبدالرحمانی حەمەی فەرەج

کەرتی ٣ی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون کە ئەو کات شێخ فەتاح فەرماندەی بوو، بارەگاکەی لە گوندی هەنارانی سەروو بوو.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/١/٢٥ عبدالرحمان حەمەی فەرەج جێگری تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی کەرتی ٣ چووە بارەگای کەرت لە هەنارانی سەروو، نیوەڕۆ نۆکاوێکی گەرم و گوڕیان هەبوو لە وەرزی زستانێکی ساردا، پێکەوە نانی نیوەڕۆیان خوارد، دوای قسەو باس و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، عبدالرحمن ماڵاوایی کردوو بەرەو بارەگای کەرتی ٤ بەڕێکەوت کە لە

چاڵگە بوو، دلێری شێخ ڕەزا فەرماندەی بوو.

دەمەو ئێوارە لە چاڵگەوە پێشمەرگەیەکیان ناردە هەناران بۆ لای شێخ فەتاح، پێشمەرگەکە ڕاسپاردەی عبدالرحمانی حەمەی فەرەجی پێبوو تا شێخ فەتاح و مەفرەزەیەک بچنە چاڵگە بۆ لای کاک عبدالرحمن کە لە بارەگای کەرتی ٤ بوو.

پێش نیوەڕۆ کاک عبدالرحمن هاتبووە کەرتی ٣ لە هەناران هیچ بەرنامەیەکیان نەبوو تا بچنە ناو شاری سلێمانی بەڵام کە چووبووە کەرتی ٤ لە گەڵ دلێری شێخ ڕەزادا بەرنامەو پلانی ئەوەیان دانابوو کە بچنە ناو شاری سلێمانی و چالاکیەک ئەنجام بدەن.

پێش خۆر ئاوا بوون شێخ فەتاح و مەفرەزەیەکی ١٦ کەسی گورج و گۆڵ و وریا و چەلەنگ گەیشتنە چاڵکە و لە گەڵ کاک عبدالرحمن یەکیان گرتەوە، بەرنامەو نەخشەی چوونە ناو شاری سلێمانی دانرا، سوار تراکتۆرێک بوون تا (کەڵەکن) لەوێوە بەلا شانی سەروی سلێمانیدا بەڕێکەوتن بەرەو تووی مەلیک و فلکەی کاوە، لە شەستیەکەوە تا ناو شار کەمینیان دانا.

چەند دەورییەیەکی قوات خاصە لە ناو شار هەبوو چوار پێشمەرگە لە سەرەوە دانراو ئەوانیتر بەرەو خوار بەڕێکەوتن، لە سیلەی کۆڵانێکدا لێی دامەزران، بەرازیلیەک هاتە کۆڵانەکەوە، کە پێشمەرگەکانی بەدیکرد گەڕایەوە، پێشمەرگەکانیش دەسڕێژی گوللەیان لێکرد، بەدەم تەقەکردنەوە گەڕانەوە سەرووی فلکەی کاوە، لە سیلەی کۆڵانەکانی سـەرەوە چاودێری دەوریـەی قوات خاصەیان دەکرد تا جووڵەیان دەست نیشان بکەن.

عبدالرحمن و دلێری شێخ ڕەزاو شێخ فەتاح بە یەکەوە وەستا بوون تا ئاگاداری جووڵەی قوات خاصەکان بن لە ناکاو گوللەیەکی نەگریس عبدالرحمن حەمەی فەرەجی پێکاو کەوت، عبدالرحمن هەر لە جێدا شەهید بوو.

تەرمی شەهید عبدالرحمان –یان هێنایە ناو کۆڵانەکەوە، چەند پێشمەرگەیەک ڕاسپێردران ئۆتۆمبێلێک پەیدابکەن، لە یەکێک لە ماڵەکانی تووی مەلیک ڕینۆیەکیان دەرهێناو تەرمی پیرۆزی شەهید عبدالرحمن یان خستە ناوی تا گوندی کەڵەکن،

لەوێشەوە لە بەتانیان پێچاو خستیانە تراکتۆرێکەوە تا قوڵقوڵە، لەوێشەوە بۆ گاپیلۆن و لەوێ بە خاک سپێردرا.

پێشمەرگەکانیتر لە ناو شاردا تا درەنگانێک ڕووبەڕووی قوات خاصە و هێزەکانی ڕژێم بوونەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە قوات خاصە و هێزەکانی ڕژێمیان لە ناو شاردا بەسزا گەیاند، دواتر ئەوانیش کەمینەکانیان هەڵگرتەوەو بەرەو ناوچەکانیان گەڕانەوە.

شەهید بوونی عبدالرحمن حەمەی فەرەج زیانێک بوو لە تیپی ٤٧ و هێزی پێشمەرگە کەوت، خەمێکی قوڵ و گەورەی دوای خۆی بەجێهێشت.

## گــرتنی رەبــییە

مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ پیرەمەگرون لە شەوی ٢٦-١٩٨٦/١/٢٧ هێرشیانکردە سەر رەبییەی (المیاه الجوفیە) لە ماوەی پێنج دەقیقە دا دەستیان بەسەردا گرت لە ئەنجامدا ٦ جاش بەدیل گیران .

**دەستکەوت**

٦ کلاشینکۆف

دەمانچەیەکی میکاریۆف

سێ ئوتۆمبێلی لاندکرۆزەر

یەک ئوتۆمبێلی پاترۆڵ نیسان

یەک ڕۆنیۆ و ٤ تایپ

بۆسەیەک لە پشتی ژاژڵە ١٩٨٦

قارەمانەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە پشتی ژاڵە، لە نێوان ژاژڵەو ئاوەکورتێ کەمینێکیان بۆ هێزەکانی دوژمن دانا، قافڵەیەکی سەربازی کەوتە کەمینەکەوە ١٢ سەرباز کوژران، ئیڤایەک سووتا و ٨ کلاشینکۆف دەسکەوت بوو.

## مەرزی سەفرە

## شـــارەوانی بـــازاڕی سەفرە

بازاڕی سەفرە پڕداهات و جووڵە و ئاودان بوو لە سەر تا سەری کوردستانەوە خەڵک ڕووی تێدەکرد. دووکان و چێشتخانە و چایخانە و کەبابخانە و میوانخانە و بارخانەی تیا بوو، لە نێوان ئێران و عێراق دا کەلوپەل ئاڵوگۆر دەکرا(ی.ن.ک) گومرگی کەلوپەلەکانی دەکرد مانگانە لە سەروو دووسەد هەزار دینار داهات و دەستکەوت بوو .بۆ ڕێکخستنەوەی جمووجۆڵ ودووکان و ناو بازاڕی سەفرە سالار عەبدوڵڵا کادیری کۆمەڵە نێردرایە مەرزەکە وکرایە لێپرسراوی کۆمەڵایەتی شینکایەتی و مەرزی سەفرە و هەموو دێهاتەکانی سالارو هاوڕێکانی بازاڕی سەفرەیان ڕێکخستەوە شارەوانیان دامەزراند، گەراجیان دروستکرد لە دێی گەڵاڵەوە ئاویان بە بۆری ڕاکێشایە مەرزەکە ،لە ناو بازاڕی سەفرە حەوزو کانی و ئاو و شوێنی حەوانەوەیان دروستکرد ، ڕۆژانە کێشەی بازاڕەکەیان چارەسەر دەکرد کە خۆی لە کێشەی پارەو ئاڵوگۆڕی کەلوپەل لە نێوان خەڵکی مەرزەکە و ئێرانییەکاندا دەبینیەوە. تراکتۆرێک و دوو کرێکار هەموو ڕۆژێک بازاڕی سەفرەیان پاک دەکردەوە ئەنجومەنێک بۆ بازاڕی سەفرە دروستکرا ئەنجوومەنێکی تێکەڵ بوو لە (ی.ن.ک) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، کۆمەڵەی زەحمەت کێشانی ئێران کەلە مەرزەکە بوون لەگەڵ خەڵکی بازاڕەکە ئەگەر کێشەیەکی گەورە بهاتایە پێشەوە ئەنجومەنەکە بەیەکەوە چارەسەریان دەکرد . بازاڕی سەفرە پارێزراو بوو ، خەڵکی دەست پاک و جێگەی متمانە بوو دووکانەکانی بەکەرەسەی سەرەتایی دروستکرابوون پڕ بوون لە پارە بەڵام کەس دەستی بۆ ماڵی کەس نەدەبرد دزی نەبوو. چەند گەلابە و لۆرییەک لە سلێمانیەوە هاتووچۆی مەرزی سەفرەیان دەکرد کەلوپەلیان دەهێنا و دەبرد ، ئەو گەڵابانە ڕۆژانە سەهۆڵیان لە سلێمانیەوە دەهێنایە بازاڕی سەفرە و پێداویستی خەڵکیان پڕ دەکردەوە بازاڕی سەفرە سوودێکی گەورەی بە خەڵک و (ی.ن.ک) گەیاند بازاڕێک بوو سەدان کەس کاریان تێدادەکرد و بژێوییان پەیدا دەکرد بۆ (ی.ن.ک) یش سەرچاوەیەکی گەورەی

داهات بوو کەلە ڕێگەی گومرگ (باجگەوە) دەستی دەکەوت ، مانگانە ٢٧٠ هەزار دینار داهات بوو کە یەک دیناری سویسری سێ دولار زیاتر بوو ڕۆژانە دوو هەزار کەس لە عێراقی و ئێرانی دەڕژانە بازاڕی سەفرە و ئاڵوگۆڕی کاڵاکانیان دەکرد. دوای دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکە لەلایەن دوژمنەوە بازاڕەکەش کۆتایی هات.

## چـــالاکی – ســـەرچنار

شەوی ١٢-١٣/٤/١٩٨٦ مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون لە گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی چوونە سەر ماڵی لێپرسراوی مەجلیسی بە ناو وەتەنی پێشمەرگەکان داوایان لێکرد خۆی بدات بەدەستەوە بەڵام لە جیاتی تەسلیم بوون تەقەی لە پێشمەرگەکان کرد پێشمەرگەکانی پیرەمەگرون لێی هاتنە دەست و دایانە بەر دەستڕێژی گوللە.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی لێپرسراوی مەجلیس و کوڕەکەیی و جاشێکیتر

**دەستکەوت**

٦ کڵاشینکۆف و ١٩ مەخزەن

١ دەمانچەی چوارده خۆر

١ دەمانچەی سمسی ڕوبعی

٦٥٠٠ دینار

## ڕەبـــییەی کانی بـــیوکێ

لە ساڵی ١٩٨٦ هێزێک کە پێکهاتبوو لە کەرتەکانی حەسەن گەلاڵی و کەمال شێخە، لە بۆسەیەکدا لە ڕەبیەی نێوان کانی بیوکێ و ژاژڵە یاندا تیایدا دەستگیرا بە سەر ١٤ کڵاشینکۆف و بی کەی سی و قەناسەیەکدا، هەمان ساڵ و لە پشتی کەڵەکن، دەستگیرا بە سەر ڕەبیەیەکی دووژمندا بە فەرماندەیی ئیسماعیل ماوەتی، هەر هەمان ساڵ لە سەر جادەی ئەزمڕ- دەباشان لە قافڵەیەکی قوات خاصە درا ١٢ قوات خاصە کوژران و ژمارەیەک چەک و جیهاز دەسکەوت بوون..

## هــێمن ســەراوی

هێمن سەراوی پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ بوو ساڵانێک فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٣٧ی شارباژێر یەکێک لە فەرماندە بوێرو قارەمان و لێهاتوەکان بوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی دەیان نەبەردوو داستانی هێزی پێشمەرگە بوو، لە ساڵی ١٩٨٣ و لە بەندەنی واژە، لە شەڕێکی دلێرانەدا هەڵۆی برای کە فەرماندەی مەفرەزە بوو لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ شەهید کرا.

هێمن سەراوی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ گواسترایەوە بۆ بارەگای مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو، پاش ماوەیەک مانەوە لە سەرگەڵوو، دوای شەهید بوونی عبدالرحمن حەمەی فەرەج، بە خۆیی و هێزیکەوە وەکو جێگری تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون و لە سەر بڕیاری سەرکردایەتی گواسترایەوە بۆ تیپی ٤٧ ی پیرەمەگروون.

## شەهیدانی شێرکوژ، سۆدگەو قولە رەیسی شەهید بوونی هێمن سەراوی و هاوڕێکانی

بە مەبەستی کێشانی نەخشەو پلانی دەست بە سەرداگرتنی سەربازگەیەکی دووژمن لە نزیک شاری سلێمانی، بەشێک لە فەرماندە قارەمانەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بە فەرماندەیی و سەرپەرشتی هێمن ســەراوی جێگری تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بەرەو نزیک سلێمانی بەڕێکەوتن، نەخشە و پلانی پێویست بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەربازگەکە دانرا، تا لە چەند ڕۆژی داهاتودا پلانەکە جێبەجێبکەن.

ئەمان بێ ئاگا لەوەی خۆفرۆشان و دەست ڕەشان چڵکاو خۆرو کاسەلێسەکانی ڕژێم، جاش و خائین و پیاوە سووکە خۆ هەڕاج کەرەکان بۆسەی غەدرو خیانەتیان بۆ داناون.

دوای کێشانی نەخشەو پلانی وورد، بەرەو بارەگاکانیان گەڕانەوە بەڵام لە گەڕانەدا لە نزیک سۆدگەو قولەڕەیسی سلێمانی، کەوتنە بۆسەی خۆفرۆشان و

دوژمنانی ئازادیەوەو شەهید بوون کە ئەم نەمرانە بوون:

| | |
|---|---|
| شەهید هێمن سەراوی | جێگری تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون |
| شەهید وەستا مەجید | فەرماندەی کەرتی ٥ |
| شەهید حسێن جنووبی | جێگری فەرماندەی کەرت |
| شەهید فازیلی باجە | فەرماندەی مەفرەزە |
| شەهید کەمال مەرگەیی | |
| شەهید هونەر | فەرماندەی مەفرەزە |
| شەهید ڕزگار قلیاسانی | |
| شەهید تابان | |

شەهید بوونی ئەم پۆلە پێشمەرگەیە زامێکی قوڵ و برینێکی سارێژنەبووی لە گیان و جەستەی هێزی پێشمەرگەدا بەجێهێشت، ئەمان بوونە هەشت داربەڕووی پیرەمەگروون، بوونە هەشت ئەستێرەی ئاسمانی کوردەواری بوونە ٨ چڵە نێرگزو گوڵاڵە سوورەی بەهاران، بوونە مێژوو بوونە داستان.

بەڵام ئەوانەی ئەم قارەمانانەیان شەهید کرد یان دەستیان هەبوو لە خستنە بۆسەیان، شەرمەزاری و ڕوو ڕەشی و ڕسوایی بەردەم قاپی گەلیان بۆ مایەوە زۆربەی هەرە زۆریشیان لە سەردەستی پێشمەرگە بە سزای گەل گەیەندران و بوونە ڕوو ڕەشی مێژوو.

## لە چــلەی شەهید هێمن ســـەراویدا

دوای شـەهیدبوونـی هێمن ســەراوی فـەرمـانـدەو پێشمەرگەی مـەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ، دەنگی گەلی کوردستان لە گـەرووی فەرهاد سەنگاویەوە چەپکێ وشـەی ئاگرینی بە بـاڵای هێمن دا بڕی، لە گەڵ گـەرووی شمشاڵێکدا پەردەی گوێی ئاسمانی دڕی.

جگە لە هۆنراوەکە، ژیاننامەکە حەمە سەعید حەسەن نووسیویەتی سەرەتای چلەی شەهید هێمن بە هۆنراوەیەکی جوان و پڕ لە سۆزو گڕو تین دەست پێدەکات.

هێشتا فامت لاپەڕەیەکی سپی بوو، هێشتا لە سەر پەردەی بیرت شێوەی حەرفێ نەچەسپیبوو پاسەوانێکی بزێوی کێڵگەکان بووی دژی هێرشی باڵندە، هێشتا نەمامی تەمەنت خنجیلە بوو، بەرهەمی مێوی ئەزمونت بەرسیلە بوو، شەوان ڕەزو ئاوایی و پەزت دەپاراست، لە پەلاماری دڕندە.

هێشتا هەنگی دڵت شانەی سینەتی جێنەهێشتبوو، هێشتا تامی شیلەی گوڵی ڕووخساری هیچ نازدارێکت نەچێشتبوو، دەریـای بەرینی ئەوینی چەوساوەکانت هەڵبژارد، یەکەم نامەی خۆشەویستی ڕاستەقینەت بۆ ئەوان نارد، یەکەم پەیمانی پیرۆزت لە گەڵ زەحمەتکێشان دا بەست پاشەڕۆژی ڕوونی ئەوان لای تۆ بووە تەنیا هیوا لوتکەی مەبەست.

دۆست و دوژمن ئەیانزانی بۆ بەرگری لە باخی ئەو پەیمانە، چاوت هەتاو خوێنت کانیاو باڵای بەرزت تەیمانە.

ئەو ڕۆژگارانەی تەمێکی ئەستوور ڕووبەندی بووکی چەوساوەکان بوو، سەرنجی ووردی تۆ برووسکە بوو، بیرت ترۆپکی ئاگرینی تور، ژووری گیرفانت هەموو کاتێک چۆڵ، باخی دەروونت هەمیشە پڕ بوو لە خونچەی هیوا، پەیامبەرێ بووی سکاڵای گەرم و هەناسەی ساردی زۆر لێکراوانت دەگەیاندە خوا.

سەرسەختانە بە گژ سوپای مەرگا دەچووی، بەڵام دۆستی ژیانی سەرشۆڕی نەبووی دژی ڕاوچی.

بەڵام هاوڕێی نێچیری دەستخەڕۆ نەبووی دژی تانجی، بەڵام دۆستی کەروێشکی دەستەمۆ نەبووی.

هەناسەت گڕەی دۆزەخ بوو بۆ لەشکری داگیرکەران، بەڵام شنەی شەماڵ نەبوو بۆ ووڵاتی ژێر چەپۆکی خەو لێکەوتوو.

تێکۆشانت بۆ ئەوە بو ئەم میللەتە نە ڕاوچی بێ ، نە نێچیر، نە قوربانی بێ نە جەللاد، نە داگیر کەر بێ نە یەخسیر، نە لە جێی خۆیدا دۆش دابمێنێ، نە ملی ڕێگەی نەهاتی بگرێ.

**نە مەل بێ نە داو نە تۆڕ نە ماسی، نە لوتکەی لوتی بگاتە هەور، نە قایل بێ بە ژینی کەساسی.**

**کە سەری بەرزت بە هەوری تاجی سەروەری گەیشت ڕووخسارت ڕەنگی مردووی لێنەنیشت.**

**ئەسرینت خەندە لە سەر لێوی بوو، برینەکانت سروودیان دەووت.**

**ئێستاش نازانم چۆن هەر ئەو کاتە شارەزوور شەلاڵ نەبوو لە خوێنا،**

**نازانم بۆچی نە سیروان لێڵ بوو، نە پیرەمەگروون هەرەسی هێنا.**

**ڕۆژانێ دادێ وێنەت دەبێتە میوانی هێژای سنگ و بەرۆکی لاوانی وولات.**

**لە باخی شاری شەهیدانا گوڵ بە چۆکا دێ بۆ پەیکەری بالات.**

**ناوت دەچێتە سەر تابلۆی شەقام، چیرۆک نووس هانا بۆ ژینت دەبات.**

**بریا سەد بریا منیش توانیبام بە چاوی شیعرم وێنەی ڕۆژێکی مێژووی زێڕینی خەباتت بگرم.**

( لە بەشێکی تری چلەی هێمن سەراویدا ئەم چەند پەیڤە ئاگرینە دێنە گۆ)

مردن هاوارێکی ناچاریە و هەموو کەسێ ڕێی تێدەکەوێ کەواتە گرنگ جۆری مردنەکەیە، مرۆڤێک هەست بکات ناتوانێ بە پێی حەزو ویستی خۆی ژیان بە سەر ببات هەست بکات زنجیر کراوەتە هەمو هەنگاوێکی هەموو سەرنجێکی دیلی ناو قەفەزە، هەموو هاوارێکی لە گەرویدا تاسێندراوە ئەتوانێ وەک ئەیەوێ بمرێ لە سەر چۆک و بە دیلی و زەلیلی و نەفامی و کەساسی نا، بەڵکە بە پێوەو بە سەربەرزی و بە وشیاری و بە دڵێکی ئاگرینی پڕ لە وورەو کۆڵ نەدانەوە.

دەرباز بوون لە مردن مەحاڵە، بەلام دەنگدانەوەی مردنی هەندێ کەس وەک هەرەس هێنانی پیرەمەگرونەوەو هی هەندێ کەسیتریش لە کەوتنە خوارەوەی تاقە پەڕێکی باڵندە دەچێ.

ئەوانەی لە شەڕی ئاشتی هەڵنەگری چینایەتی و لە سەنگەری دژ بە دوژمنی داگیرکەردا گیانیان دەبەخشن مەرگیان هەرەسهێنانی چیایەکی بڵندە،

ئەوانەشی سەنگەری دژ بە میللەتانی ژێر چەپۆک و سەنگەری چەوسێنەران،

سەنگەری دژایەتی کردنی ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوی لە وەستان نەهاتوی مێژوو هەڵدەبژێرن، ئەوانە مەرگیان لە وەرینی گەڵایەکی زەردی درەختێکی زڕ بێ بایەخترە لە کەوتنە خوارەوەی پەڕی باڵدارێ خامۆشترە.

مەرگی کەسێکی وەک شەهید مەحمود کەریمی ناسراو بە هێمن سەراوی کە دڵی لە گەڵ ترپەی پێی کاتی هەڵمەتی چەوساوەکاندا لێی ئەدا، مەرگی هێمنێک کە لە ڕێی کردنەوەی دەرگای بەهەشتدا بۆ ڕووت و برسی لای سنگی گولله مەدالیای زێڕین و گوڵە مێخەک بوو، مەرگی کەسێکی وا وەک هەرەسی چیایەکی مەزن وایە.

شەهید هێمن لە ساڵی ١٩٥٧ لە ئامێزی خێزانێکی گوندی سەراوی بناری چیای گمۆدا چاوی بە ژیانی سەخت و ناهەمواری چەوسانەوەدا هەڵهێنا، هەژاری و چەوساندنەوە فێری یاخیبوون و بەگژاچوونەوەو ڕەتکردنەوەو بەرەنگاربوونەوەیان کرد، یاخی بوون لە کۆت و پێوەند، بەگژاچوونەوەی چەوسێنەر، ڕەتکردنەوەی ژیانی دیلی و زەلیلی، بەرەنگاربوونەوەی لەشکری داگیرکەر، باڵای کەڵەگەت و سەری بڵندی چیای گمۆش فێریان کرد هەڵۆ ئاسا تا دوا لێدانی دڵی سەری بەرز بێ، بە پێوە بمرێ.

لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولیشەوە گوندی سەراو نەک هەر لانکی کۆرپەی شۆڕش بوو نەک هەر هەواری حەسانەوەی پێشمەرگە بوو، بەڵکو سەراو پەڕەیەک بوو لە دەفتەری شۆڕش، ئەو لاوە سەراویانەی لە هەر دوو شۆڕشی ئەیلول و نوێدا، بوونە پێشمەرگە نموونەی جەنگاوەری ڕاستەقینە و پشوو درێژ بوون.

هێمن-ی پەروەردەی ئەم گوندە جەربەزەو بە ئەمەکە دوای سەرهەڵدانەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ بە چەند مانگێک خۆی گەیاندە ڕیزی پێشمەرگە.

ئیتر ئەمیش وەک هاوڕێ شەهیدەکانی جەمالی عەلی باپیرو شەماڵ، مێژووی تێکۆشانی بریتی بوو لە بڕینی ڕێگەی نێوان دەستدانە چەک و شەهید بوون.

( لە بەشێکی دیکەی چلەی شەهید هێمن دا نووسەر وێنای ژیانی پڕ لە تێکۆشانی هێمن سەراوی دەکات و دەنووسێ)

شەهید هێمن ئەگەرچی بەشێکی زۆری ژیانی بە شاخ و کێوانەوە بوو، بەڵام ئەویش ئـارەزوی لە پیاسەی ئێوارانی کەناری ڕووبـار بـوو، ئەویش سەرنجی تامەزرۆی شەقامی فراوانی شار بوو، ئەویش حەزی لە هۆڵی گەش و گۆرانی و مۆسیقا بوو، ئەویش بۆ ئەوە نەهاتبووە ژیانەوە هەر بە چیا هەڵگەڕێ، هەر سەنگەر لێ بدا، هەر مەسافە وەربگرێ، هەر سەرقاڵی بۆسە نانەوەو شەڕی دەستەویەخە و نابەرانبەر بێ، بەڵام فاشیستەکان، داگیرکەران، ژیانیان لە میللەتەکەی کردبووە دۆزەخ، گوندەکەیان خاپوور کردبوو چینەکەی پلیشاوەی ژێر پۆستاڵی ئاسنینی چەوسێنەران بوو، نەتەوەکەی مەترسی تواندنەوەو لە ناوبردن هەڕەشەی لێدەکرد، گوندەکەی خۆی بینی جوجەڵەیەکە خەڵتانی خوێن بە چنگی واشەی داگیرکەرەوە، بۆیە بڕیاریدا ببێتە جەنگاوەرێ پێشمەرگەیەک لە لەشکری سووری چەوساوەکانی گەلەکەی دا ببێتە بەردێک لە تەلاری سەرفرازیدا، ببێتە کێویکی ئاگرین لە بەردەم پەلاماری فاشستی داگیرکەردا، بۆیە دەبـوو شاخ هەڵبژێرێ بۆیە دەبـوو ببێتە پێشمەرگە.

( لە بەشی کۆتایی چلەی هێمن سەراویدا نووسەر دەنووسێ)

شەهید هێمن کە جێگری تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بـوو، شـەوی ٢٩/٣٠/ ئایاری ١٩٨٦ لە گەڵ دەستەیەک لە هاوڕێکانیدا بە نیازی دەستنیشان کردن و نەخشەکێشان بۆ دەست بە سەراگرتنی مۆڵگەیەکی دوژمن بەرەو دەورووبەری سلێمانی بەڕێدەکەون و ئەرکەکەی خۆیان جێبەجێ دەکەن، لە گەڕانەوەدا نزیک قولە ڕەیسی دەکەونە ناو بۆسەیەکی دووژمن و لە ئەنجامدا هێمن و حەوت هاوڕێی لێهاتوویتری، حەوت قارەمانی تری شۆڕش سەریان بە ئەستێرەی سەروەری دەگاو شەهید دەبن.

کە داڵێ چاوی تەرمێ دەردێنێ مەبەستی نیە لاشەی بەردەستی چۆن کەسێ بووە، بەعسیە فاشیستەکانیش کە تەرمی خوێناوی پێشمەرگەیەکیان بەردەست دەکەوێ، دەیکەنە هەوێنی گەمە و پێکەنینیان، کە پێشمەرگەیەک بە دیل دەگرن هەرچی ڕەفتاری بەعسیانەیە لە گەڵیا دەنوێنن، بـەڵام کە لاشـەی سەربازێکی

دووژمن ئەکەویتە بەر دەستی پێشمەرگە بەو پەڕی ڕێزەوە بە خاکی دەسپێرن، کە کەسێکی سەر بە دووژمن بە دیل دەگرن نانە ڕەقەی گیرفانی خۆیانی لە گەڵدا بەش دەکەن، برینەکانی سارێژ دەکەن، ئەوە جیاوازیەکی نێوان لەشکری سووری پێشمەرگەو سوپای ڕەشی فاشیست نێوان هەڵۆو داڵە.

تەرمی شەهید هێمن گەرچی نەکەوتە بەر دەستی داگیرکەر بەڵام ئەوەی یاسای دارستانیش ڕەتی دەکاتەوە لە گەڵ تەرمی هاوڕێکانیا نواندیان.

مێژوو دەڵێ ئاگری هەڵمەتی گەلان هیتلەری کرد بە قەرەبروت، مێژوو دەڵێ دەستی قینی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر مۆسۆلۆنی فڕێدایە زێرابەوە کە جێگەی شیاوی خۆی بوو، مێژوو دەڵێ وەچەکانی هیتلەرو مۆسۆلۆنی لە عێراق و هەموو شوێنێ هەمان چارەنووسیان دەبێ.

شەهیدبوونی ئەم پۆلە پێشمەرگەیە خەسارەتێکی گەورە بوو لە تیپی (٤٧) و سەرکردایەتی (ی ن ک) و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوت، ڕووحی بەرزە فڕی ئەوان نەک هەر کەسووکارو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیانی تاساند، شاعیری گەورەی کورد مامۆستا (شێرکۆ بێکەس)یش لە پەخشانێکدا هەست و سۆزو خرۆشانی خۆی نەشاردەوەو لە چلەی (٨) شەهیدەکەی (پیرەمەگروون)دا پەخشانێکی خەم ئامێزی پڕ لە ووشەی جوان و ناسکی بۆ هۆنینەوەو پێشکەشی ڕووحی پاکیانی کرد بەناونیشانی لە چلەی هەشت داربەڕووەکەی پیرەمەگروندا.

## هــــۆنراوەکە

**( لە چلەی هەشت داربەڕووەکەی پیرەمەگروندا )[٢]**

**ئەو شەوە شەوێک نەبوو وەک شەوانی ڕابـردووی تر قەڵای مێران هەر بەردەوامەو ئەو شەوە هەشت شۆڕە سواری پیرەمەگروون، هەشت چەخماخە، هەشت شمشێر پێکەوە خۆیانکرد بە وولاّتی مەرگداو مردنیان بەدیلگرت.**

**ئەو شەوە شەوێک نەبوو وەک شەوانی ڕابردووی تر لە هەشت لاوە چرا هەڵکرابوو چراخانی خوێنی ئێمە بوو لە هەشت کانی دڵی سینەوە هەشت فوارە ئەبوونە فوارەیەک و بە بەرگی کوردستانی دایکدا هەڵدەزنان فوارە پەلکە زێڕینەی مێژوو بوو، چاوانی چاوی شۆڕش و قوڵپی گەرووی هەموو دایکانی ئەم نیشتمانە سک سووتاوە بوو.**

**ئەو شەوە لە دووڕیانی سۆتگەو قولەرەیسی دا هەشت داربەڕووی بەژن و باڵا بەرزیان لە گۆمێکی ئەرخەوانی هەڵکێشا، هەشت سنەوبەری سەوز گڕیانگرت، هەشت ئەسپی کێوی بەدەم حیلەو چەپۆکانی تۆڵەوە هەڵدێران.**

**حیلەیان بوو بە برووسکە چاویان بوو بە گوڵە هێرۆ قەدیشیان بەڕەگی دارەبەن.**

**کێ دەڵێ هەموو مردنێک هەر مردنە**
**کێ دەڵێ هەموو شەوێک هەر یەک شەوە**
**شەوی ئەوان بەربەیان بوو، مردنی ئەوان ژیان بوو**

**لەو شـەوەدا، لەو دووڕیانەدا، لە چرکەیەکدا داستانێکی تازەی ئەم پیرەمەگروونە لە دایک بوو.**

**لەو شەوەدا مانگی شەهیدان خەرمانەیداو ئازادیش لە بناری خاکی خۆیدا لە نێوان تاشە بەردوو ڕەگی درەخت و جلیوەی گوڵ ئەستێرەدا پرشنگی دەدایەوە.**

---

[٢] ئەم هۆنراوەیەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس بڵاونەکراوەتەوە لە هیچ دیوانێکی شێرکۆ بێکەسدا بەرچاو ناکەوێت، لە چلەی (٨) شەهیدەکەی پیرەمەگرووندا لە سەر گۆڕی شەهید هێمن سەراوی لە مالومە لە لایەن کاک سەرکەوتی جیهازەوە خوێندراوەتەوە، کاسیەتی چلەکەی لای من پارێزراوەو هۆنراوەکەم لە کاسیەتەکەوە نووسیوەتەوە، ڕەنگە لە چەند وشەیەک تێنەگەیشتبم چوونکە هی (٣٥) ساڵ لەمەوبەرە، بەڵام گرنگە کە بۆ یەکەمجارە بڵاودەبێتەوە. (نووسەر)

**ئەوەی بۆ زریانی شەهید بلاوێنێتەوە دەبێ لە سنگی دەربەندی باسەڕە گەورەتر بێ**

**ئەوەی بۆ ڕووباری شەهید بلاوێنێتەوە دەبێ دڵی لە هەر دوو گۆمی دووکان و دەربەندیخان قوڵترو بەرینتر بێت.**

**ئەوەی بۆ ئەستێرەی بلاوێنێتەوە دەبێ ئاسمانی بێتە پێڵویەوە**

**ئێمە ئێستا زریان و ڕووبارو ئەستێرانە، هەموو دەربەندەکانی کوردستان و شینایی ئاسمانی ئەم کوردستانەمان هێناوەتە ناو گلێنەوە**

**لاواندنەوەی ئێمە سرووده، خەمی ئێمە پەنگخواردنەوەی تۆڵەیە، فرمێسکی ئێمە بارانی وەرزێکی نوێتری شۆڕشە بڵێسەیە بە دوایەوە**

**هەموو جارێکیتر هەشت مەخزەن لە کەللەی خائینانی پیرەمەگرووندا خاڵی دەکەینەوە**

**ئەمە سوێندەو لە میحرابی هەشت شەهیدا خواردوومانە**

## چـــەند چالاكیەك

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٤ لە سەر شەقامی مەولەوی شاری سلێمانی تەقەیان لە دوو تاوانبار کردوو کوشتیانن کە سەر بە دەزگای ئەمن بوون و هەر دووکیان ڕەفیق حزبی بوون.

ڕەفیق حزبی عەبدولوەهاب جەعفەر

ڕەفیق حزبی جومعە

پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە گەڕانەوە.

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٣) چوونە سەر کەمینی ڕەبیەی تەپە تاش و دوو سەربازیان کوشت، هێزێکی دوژمن هاتن بەرەو شوێنی شەڕەکە ئەمانیش جگە لە سووتانی دەغڵ و دانی جووتیاران هیچیان پێنەکرا.

هێزێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە شەوی ١٩٨٦/٩/١٥/١٤ چوونە ناو سەرچنارو لە مەخفەری شورتەو تەجنیدو کەمینەکانیان داو دوو جاشیان کوشت، ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٥ لە سەر جادەی کارێزە- مۆکەبە جاشەکان کەمینیان دانا، پێشمەرگە لێیاندان و لێیان کوشتن.

## هـــاتنە ناو شار

## بــــردنی مۆلیدە / هـــاوینی 1986

مولیدەیەکی گەورە چوار تایەی لە ژێردا مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە ناو شاری سلێمانیەوە گەیاندیانە سەرگەڵوو.

مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بە فەرماندەیی ئیسماعیل مەلا عەبدول چوونە ناو شاری سلێمانی، دلێری شێخ ڕەزا، مام عومەر، ئازاد وەندەرێنی، سالاری شێخ عومەر، بەختیار ئیسماعیل، بورهان و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر لە گەڵ مەفرەزەکەدا بوون.

مولیدەکە تایبەت بوو بە فەرمانگەی کارەبای سلێمانی مەفرەزەکەی تیپی ٤٧ی

پیرەمەگروون بە تراکتۆر موەلیدەکەیان گواستەوەو بردیانە سەرگەڵوو.

موەلیدەکە گەورە بوو چوار تایەی لە ژێردا بوو، سەرگەڵوو بەرگەڵوو بە خەڵک و بارەگاکانی پێشمەرگەوە سوودیان لەو موەلیدەیە بینی و ناوچەکەی ڕووناک کردەوە.

کە مەفرەزەکە چوونە سەر فەرمانگەکە تەلی تەلەفونەکەیان بڕی و پاسەوانی فەرمانگەکەیان کردە ژوورێکەوە تا موەلیدەکەیان گواستەوە.

## ســـێ چـــالاکی

هێزێکی هـاوبـەش لـە پێشمـەرگە قـارەمـانـەکـانی پـیـرەمـەگـرون لـە شـەوی ٢٤-١٩٨٦/٩/٢٥ چوونە ناو هاوینە هەواری ( دووکان ) تاوانبارێکیان بە سزای شۆڕش گەیاند.

هەمان شەو دەستەیەکیتر لە پێشمەرگە دلێرەکانی پیرەمەگرون چوونە ناو شاری سلێمانی لە گەڕەکی هەواری تازەو مەجید بەگ و دووکەسیان لە هێزەکانی ڕژێم بەدیلگرت.

**دەستکەوت:**

یەک کلاشینکۆف

لە کاتی گەڕانەوەدا پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە بۆسەیەکی قوات خاسەی دوژمنیانداو دوو کەسیان لێکوشتن، پێشمەرگەکان سەربەرزانە و بێ زیان بوون.

## ئـــازادەکان- چـــوونە ناو شار
## شـــەوی 1986/9/25/24

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی ئازاد وەندەرێنی چوونە ناو شاری سلێمانی بۆ دەستگیرکردنی خۆفرۆشێک.

فەرماندەی مەفرەزەکە ناوی ئازاد بوو، دەلیلی مەفرەزەکەش ناوی ئازاد بوو، دەلیلەکە ماڵەکەی بە هەڵە نیشانی مەفرەزەکە دابوو، کە چوونە سەر ماڵەکە

وتبوویان ئێمە پیاو خراپ نین کوڕێکمان پێشمەرگەیە ناوی ئازادە.

دوایی ماڵی خۆفرۆشەکەیان دۆزیەوە لە ماڵ نەبوو بەڵام دوو بڕنەوی وەسەتی تیابوو لە ڕێگەی گەڕانەوەدا ئاربیجیەکیان نا بە مۆڵگەیەکی دووژمنەوە.

## گـــۆڕانکاری نوێ

دوای داستانی ٣ مانگەی قەیوان ماوەت، شۆڕش ئیسماعیل گواسترایەوە تیپی ٣١ و شەهید جەلالی حەمەی محە کرایە فەرمانەدەی تیپی ٤٧.

## پـــێکهاتەی نوێی تیپی 47

| | |
|---|---|
| جەلالی حەمەی محە | فەرماندەی تیپ |
| مەلا خالید | جێگری فەرماندەی تیپ |
| جەلال عەلی مام قادر | فەرماندەی کەرت |
| ڕزگار کەریم باقی | فەرماندەی کەرت |
| شێخ نەبەز | فەرماندەی کەرت |
| سەرکەوتی کوبە | فەرماندەی کەرت |
| برایم قەمەرناز | فەرماندەی کەرت |
| سالاری شێخ عومەر | فەرماندەی کەرت |

## بـــۆمبارانی فـــڕۆکە

فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٨ پەلاماری دێهاتەکانی دۆڵی جافەتی و مەرگەیاندا ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ پەلاماری دێیەکانی زینۆو توتمەو بەلاڵوکاواو بالیسان و کانی بەردو شێخ وەسانان و زنجیرە چیاکانی دەرەشیرو ئاراسن و ساوسێوەکان و دۆڵی بالیسانیانداو لە ئەنجامی ئەو پەلامارەدا دەیان هاووڵاتی بەرکەوتن.

## چـــالاکی – سەرچنار

دەستەیەک پێشمەرگەی کەرتی (٢) ی تیپی ٤٧ پیرەمەگرون لە شەوی ٢٧-١٩٨٧/٩/٢٨ چوونە ناو سەرچنار و ٣ چەکداریان بە دیلگرت .

دەستکەوت ٣کلاشینکۆف

# تـــیپی 43ی ئـــــاسۆس
# 1991-1982
# دە

## تــیپی 43ی ئـــــاسۆس

هەرێمی چوار کە لە ناوچەکانی دۆڵی جافەتی تا نزیک سنوورەکانی ماوەت و سیتەک لە شارباژێڕ و بەری مەرگە و بناری ئاسۆس و چیای کۆسرەت لە جەولەدا بوو، چەند تیپێکی لێپێکهات، تیپی ٤٣ی ئاسۆس یەکێک لەو تیپانە بوو کە هاوشانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و دواتریش سووورداش درووستبوو.

**پێکهاتەی تیپی ٤٣ بەم شێوەیە بوو ١٩٨٢**

| | |
|---|---|
| عبدالرحیم | فەرماندەی تیپ |
| عەلی وەیس | جێگری فەرماندەی تیپ |
| سەعید مەرگەیی | فەرماندەی کەرت |
| بەکر مەلا قادر | فەرماندەی کەرت |
| عەلی مام ئەحمەد | فەرماندەی کەرت |
| مام ڕەسوڵ | ڕێبەری سیاسی تیپ |
| محمد سوڵتان | لێپرسراوی ڕێکخستن |
| خالید حەمەدەمین | کاروباری کۆمەڵایەتی |

لێرەوە کارو چالاکی و داستانەکانی تیپی ٤٣ دەستیپێکرد.

## شـــەڕی قـــــەرەتەپە

لە ١٩٨٢/٣/٢١ تیپی ٤٣ی ئاسۆس لە «داری گردی» گوندی قەرەتەپەی نزیک بنگرد تووشی شەڕو پێکادان بوون لە گەڵ هێزەکانی ڕژێم، گورزێکی گەورەیان لە دوژمن وەشاند، لەو داستانەدا فەرماندەی کەرت «سەعید مەرگەیی» شەهید بوو، دوای شەهید بوونی «سەعید مەرگەیی» عوسمان شارستێنی کە جێگری فەرماندەی کەرتی ٣ بوو کرایە فەرماندەی کەرت و محمود سێدەریش کرایە جێگری.

## چەککردنی ئیـــسلامیەکان و هێزی پـــشـــتیوان

دوای چەککردنی لەشکری ئیسلامیەکان لە سنووری شارستێن و دووکان، تیپی

٤٣ی ئاسۆس بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو هێزی پشتیوان بەڕێکەوتن، لە ڕەبەتی خوارو، دیلانێ، جێگیر بوون، دوای ٤ مانگ مانەوە لە ناوچەکە بەرەو سنووری دووکان و مەرگە و ئاسۆس گەڕانەوەو بەردەوام بوون لە چالاکیەکانیان.

## گـــــرتنی مـــــستەشارێك

تیپی ٤٣ی ئاسۆس لە سەر ڕێگای بنگرد-دووکان کەمینیان بۆ پیاوەکانی ڕژێم داناو ئۆتۆمبێلێک و چوار کلاشینکۆفی موزەللیان دەسکەوت بوو، موستەشارێکیش بە دیلگیراو ڕەوانەی سەرکردایەتی کرا.

## ســــەردانی بێتووش- کــــــارەساتێکی لە بیـــرنەکراو 1983

مەحموود سێدەری دەستی بریندار بوو بەڵام دەیتوانی بڕوات، پۆلێک پێشمەرگە، زاهیر سێدەری، حەمەمین کوێرەکانی، عوسمان سێدەری، محەمەد گەورەدێی لە گەڵی ڕۆیشتن بۆ بێتووش، چوونە مەولان و چالاوا، پێش ئەوەی بگەنە چالاوا تراکتۆرێک لە دوایانەوە دەهات، دوو پێشمەرگە و چەند کەسێکیتری بە سەرەوە بوو، مەحموود سێدەری و هاوڕێکانی لە نێوان بەرگەڵو چالاوادا لە ژێر دارێکدا لایاندابوو تا پشوویەک بدەن، تراکتۆرەکە لە دوای پێشمەرگەکان بوون لە جادەکە لایانداو تراکتۆرەکەیان ڕاگرت، کچێک و کوڕێک بە سەر تراکتۆرەکەوە بوو، کە تراکتۆرەکە لایدابوو بە تەقە، دوو پێشمەرگەی مەڵبەند (ب، ف) یان لە گەڵدا بوو، مەحموود سێدەری و هاوڕێکانی هەستان و ئامادە باشیان وەرگرت تا بزانن چی ڕوویداوە، کە نزیک بوونەوە لە تراکتۆرەکە و تەماشایان کرد کوڕو کچێکی گەنج کوژراون.

## چـــیرۆکی کوڕو کـــــچەکە

ئەو کوڕەی لە گەڵ کچەکەدا کوژرا لە ناو تراکتۆرەکەدا، خەڵکی شینکایەتی بوون، کوڕەکە کچەکەی هەڵگرتبوو پەنایان بۆ شۆڕش هێنا بوو لە بەرگەڵو بوون کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەی لە سەر درووست بوو کەسووکاری کوڕو کچەکە چووبوونە لای سەرکردایەتی (ی ن ک) وتبویان ئەگەر ئەو کوڕو کچەمان نەدەنەوە گەورەترین دوژمنایەتی لە نێوان ئێمەدا درووست دەبێت، ئێمەش پاڵ دەدەینە حکومەت و دەبینە جاش، هەر بۆیە بە ناچاری و لە ژێر فشاری کۆمەڵایەتی، کوڕو کچەکە درایەوە دەست کەسووکاریان، لە مەڵبەندەوە دوو پێشمەرگەیان لە گەڵدا ناردبوون، پەلاماری چەکی پێشمەرگەکانیان دابوو، بە دەستی کەسووکاریان خەڵتانی خوێن کران، تەنها تاوانی ئەو کوڕو کچە خۆشەویستی بوو، کارەساتێکی ناخۆش و ناخ هەژێن بوو، بە بەرچاوی پێشمەرگە و خەڵکەوە خستیاننە ژێر کەڵەکە بەردوو بێکەس کوژیان کردن ئەو دوو عاشقە لە مەرگیشدا لە ئامێزی یەکتردا بوون.

مەحموود سێدەری و عوسمان سێدەری، زاهیر سێدەری و حەمەمین کوێرەکانی و محەمەد گەورە دێی دوای ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بەرەو گوێزیلە ڕۆیشتن و شەو لەوێ مانەوە بەیانیەکەی بە شاخی ژیلواندا ڕۆیشتن بەرەو گەورە دێ و گۆجاڕ لەوێشەوە بۆ سەفرەو زەرون دوای ئەوێ بۆ هەرزنە کە یەکەم دێی ڕۆژهەڵاتە دێتە سەر ڕێت بە سیم پەڕینەوە ئەو بەر لە هەرزنە چوونەماڵی حاجی محەمەدی هەرزنە کە دۆستی مەحموود سێدەری بوو خزمەتێکی زۆریان کردن، دوای ڕۆژێک مانەوە لە هەرزنە چوونە بێتووش، دێیەکی خۆش و دڵگیر دارگوێزەکانی سەریان پێکەوە ناوە، بێتووش ئاوو هەوایەکی سازگارو سروشتی جوان و دڵگیرە.

بێتووش دێیەکی قەرەباڵخ بوو ئەو دەمە چایخانەی لێبوو، بازاڕوو بارخانەی لێبوو جێگەی کاسبی و ئاڵوگۆڕی کەلووپەل بوو، ژنی جوان و سەلارو پشتێن پان و گەردن کێل دەتووت تریفەی مانگە لە دەورەو دەدرەوشێتەوە، بە گەردن و بەلاملی بێتووشەوە.

## چـــــەڵەمە شـــــکێنە

عەبدوڵڵا وسوو فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٦٣ی جووتیاران هاوڕێی مەحموود سێدەری بوو، لە شەڕی هێزی پشتیواندا بە یەکەوە بوون، چەڵەمە شکێنەیەکیان کردبوو، عەبدوڵڵا وسوو بەرەو پیری مەحموود سێدەری هات بە نیازی ئەوەی چەڵەمە شکێنەکەی لێبەرێتەوە وایدەزانی مەحموود سێدەری لە یادی نەماوە، هێشتا عەبدوڵڵا وسوو نەگەیشتبووە لایان مەحموود سێدەری بە هاوڕێکانی وت لە گەڵ عەبدوڵڵا وسوو چەڵەمە شکێنەیەکمان کردووە دەمەوێت لێی بەرمەوە، عەبدوڵڵا وسوو هات و باوەشی بە مەحموود سێدەریدا کرد لە بۆسەدا بوو گرێوەکە بەرێتەوە دوای هەواڵ پرسین مەحموود سێدەری بە دەستەکەیتری جامانەکەی داگرت و دایە دەست عەبدوڵڵا وسوو وتی کاک عەبدوڵڵا ئەو جامانەیەم بۆ بگرە سەرم دەخورێنم عەبدوڵڵا وسوو جامانەکەی لێوەرگرت و مەحموود سێدەری وتی نەمانبردەوە، عەبدوڵڵا وسوو وتی ئەرێ تۆ چیت کردووە من هاتم لێت بەرمەوە چۆن بیرت ماوە.

ئەو شەوە لەماڵی عەبدوڵڵا وسوو مانەوە بۆ بەیانییەکەی چوونە نەخۆشخانەی حزبی دیموکرات لە بێتووش دکتۆری فەرەنسی لێبوو، دکتۆرەکان پێیان وت دەستت چاک نابێت بەڵام بە تێپەربوونی کات ڕەنگە وەکو خۆی لێبێتەوە.

دوای سەردانی نەخۆشخانە بە دۆڵی سەفرەو زەروندا گەڕانەوە گەلاڵە، یەک دوو ماڵی مەڕداری لێبوو، چوونە ماڵێک کچێکی قەیرەی لێبوو، مەحموود سێدەری چووە ماڵی کچە قەیرەکە چەند پێشمەرگەیەکیش چوونە ماڵێکی تەنیشتیان چیغێکیان نێوان بوو، کچە قەیرەکە میوان دۆست نەبوو زمانی تاڵ بوو، پێشمەرگەکان وتیان نانێکمان بدەنێ و دەڕۆین کچەکە زۆر بە ناشرینی وەڵامی دانەوە وتی هەر یەکێک لەو لاوە دێ بە ناوی پێشمەرگەوە داوای نان دەکات، پرتەو بۆڵەیەکی زۆریکرد، مەحموود سێدەری، حەمەمین کوێرەکانی، زاهیر سێدەری و حەمە گەورە دێی لە ماڵەکەی تەنیشتیان بوون ئەو ماڵە باشتر بوون، کچە قەیرەکە ساوەری ساردەوە بووی ئێوارەی لە سەر قاپێک بۆ مەحموود سێدەری دانا بە شێوەیەکی ناشیرین فڕێیدابووە بەردەمی مەحموود سێدەریش سینیە ساوەرەکەی هەڵگرتبوو سەرەو

خوار فڕێی داو بە کچەکەی وت ئێستە دەچم براکەت دەکوژم، محەمەد گەورە دێی و عوسمان سێدەری خۆیان تێک نەدا خەریکی نان خواردنی خۆیان بوون، کاتێک کچە قەیرەکە هانای بۆ هێنان تا کاک مەحموود براکەی نەکوژێ.

برای کچەکە شوان بوو لەو بەر ماڵە مەڕدارەکانەوە دەهاتەوە بەرەو ماڵ، کاک مەحموود بەرەو ڕووی ڕۆیشت کە لێی نزیک بووەوە شوانەکە ناسیاو دەرچوو، شوانەکە هەستی کردبوو چی ڕوویداوە وتی کاک مەحموود دەزانم خوشکەکەم خزمەتی نەکردوون ئێستا دەیکوژم، کاک مەحموودو کابرای شوان بوونە دۆست، شوانەکە پەلاماری خوشکەکەیدا بەڵام نەیانهێشت لێیبدات، ماڵێک لە خوارترەوە بوو مەحموود سێدەری چووە ئەو ماڵە نانی خوارد، دوای نانخواردن بەڕێکەوتن بەرەو قامیش و وڵاغلو لەوێشەوە گەڕانەوە ناوچەی خۆیان.

## شـــــارستێن-ســـێدەر

ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٢٤ هێزێکی زۆری جاش و سەرباز هێرشیانکردە سەر زنجیرە شاخی نێوان شارستێن و سێدەر، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون و ٤٣ ئاسۆس و هێزی پشتگیری ناوچەکە بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ لە کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ تا ئێوارەی خایاند، هێزی پێشمەرگە و پشتگیری ناوچەکە هێزەکەی دوژمنیان تێکشکاند.

**زیانی دوژمن**

کوژراو و برینداریێکی زۆر

بە دیلگرتنی ٢ جاش و یەک سەرباز

**دەستکەوت**

١ ئاڕ بی جی

٣ کلاشینکۆف

١ ئۆتۆمبێلی ئەلبی

٢٠٠ بەتانی

دوو خێمە

## نـــــزیك كـــــوێرەكانی

نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٢٦ هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە سەرباز و جاش لە دووکانەوە بەڕێکەوتن بەنیازی چوونە بنگرد، کەرتی ١و ٢ ی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون و کەرتی ٣ی تیپی ٤٣ ئاسۆس و هێزی پشتگیری ناوچەکە لەسەرجادەی گشتی بنگرد-دووکان نزیک کوێرەکانی لێیان هاتنە دەست و شەڕ ماوەی سێ کاتژمێری خایاند.

دوژمن زیانی زۆری لێکەوت

## چـــــالاكی كـــــوێرەكانی

مەحموود سێدەری لە سێدەر بوو، عەبدولڕەحیم فەرماندەی تیپی ئاسۆس بۆ هەواڵ پرسین هاتە لای بۆ سێدەر، دوای هەواڵ پرسین لە تەندروستی کاک مەحموود و بە خێرهێنانی کاک عەبدولڕەحیم، مەحموود سێدەری بە کاک عەبدولڕەحیمی ووت چالاکییەک نەکەین، عەبدولڕەحیم ووتی تۆ دەستت تەواو نییە چالاکی چی بکەین، مەحموود سێدەری پێیوت من کێشەی دەستم نییە، پێش ئەوەی برۆمە ئێران بۆ چارەسەر نەخشەی چالاکیەکم داناوە لە سەر پردی کوێرەکانی، مەحموود سێدەری نەخشەی چالاکیەکەی بۆ عەبدولڕەحیم باسکرد ووتی جێبێکی سەربازیە بەیانیان دێت ئەفسەرو سەربازی تیایە.

عەبدولڕەحیم ناردی بۆ تیپ هێزێک هات لە گەڵ کەرتەکەی مەحموود سێدەری بە یەکەوە بەڕێکەوتن، بەیانی زوو لە سەر پردی کوێرەکانی دامەزران عەبدولڕەحیم، مەحموود سێدەری، فەرماندەی مەفرەزەکان چوونە سەر جادەکە، داوایان لە مەحموود سێدەری کرد لە بەردەستی نەیەتە پێشەوە، کاک مەحموود ووتی شتی وانییە تفەنگەکەم لە سەر ئەم دەستەم دادەنێم، بە دەستەکەیتر تەقە دەکەم، مەفرەزەیەک لە دوای ئەوانەوە بوون کە لە سەر جادە بوون، باقی پێشمەرگەکانیتر دۆڵەکانیان گرت.

عوسمان سێدەری تفەنگێکی وەسەتی پێبوو، وتیان چالاکیەکە لە سەر شانسی تۆ دەکەین، چوونکە تازە هاتوویت بۆ پێشمەرگایەتی هەر چیەکمان دەستکەوت لە بەختی تۆیە.

کاتژمێر ٨ی بەیانی یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٣ بوو، جێبەکە هات تەقەیان لێکرد، شەش کەسی تیا کوژرا ئەفسەرێک و (٥) سەرباز بوون بە مۆڵەت دەڕۆیشتنەوە، جلووبەرگی ئێرانیان پێبوو لە بنگرد کڕیبوویان بۆ مناڵەکانیان، بە هەموویان کلاشینکۆفێکی شەعبیان پێبوو، دوای لێدانی جێبەکە پێشمەرگەکان کشانەوە، کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە، تا ئێوارە شەڕ بـەردەوام بوو پووش و پەلاشی ناوچەکە سووتا، سەربازێکی زۆر کوژران کە هاتبوون بە هانای شەڕەکەوە.

دوای شەڕەکە پێشمەرگەکان گەڕانەوە سێدەر، باوکی مەحموود سێدەری هات تورە بوو بە کاک عەبدولڕەحیمی ووت تۆ بۆ بە خێرهاتنەوەی خولەی هاتی یان بۆ ئەم بەزمە هاتی نە پووشت بەدەستهێشتم نە پاوان هەموویت سووتاند، ئەمە سەردان نەبوو تۆ هاتی، عەبدولڕەحیم ووتی مام حاجی خەتای ئێمە نەبوو خەتای کاک مەحموود بوو، مام حاجی وتی دەزانم هەر شتێک ڕوودات لەم ناوچەیەدا دەستێکی خولەی تیایە، کاک عەبدولڕەحیم بە سوعبەتەوە وتی جەزاکەی چیە بۆم دانێ، بەڵێنی بڕنەوێکی دایە باوکی کاک مەحموود، مام حاجی هەر دڵی گەرم بوو وتی منیش بڕنەوێکتان دەدەمێ و مەڕو ماڵاتەکەم دەفەوتێنم دەبم بە پێشمەرگە دوو بڕنەوان دەهاوێژم و دێمەوە دەڵێم (فاتێ) نانمان بۆ ئامادە بکە پێشمەرگەین.

کاک عەبدولڕەحیم دڵی دایەوەو هێواشی کردەوەو ووتی بڕنەوێکم بۆ داناویت کە گەڕامەوە بۆت دەنێرم، مام حاجی ناهەقی نەبوو پوشی (بـەری بە ڕۆژی) هەمووی سووتا بوو (٨٠) مانگای هەبوو بەو پووش و پاوانە بە خێوی دەکردن دوای تەواو بوونی شەڕەکە کلاشینکۆفە شەعبیەکەیان دایە عوسمان سێدەری و لە پیرە وەسەتەکە ڕزگاری بوو.

## شـــەڕی جـــووبلاخ

ڕۆژێک کەرتەکەی مەحموود سێدەری لە گاپیلۆنەوە دەهاتنەوە، کاک مەحموود وتی با جەولەیەک بکەین.

مەحموود سێدەری، زاهیر سێدەری، حەمەدەمین کوێرەکانی چوون بۆ جووبلاخ نەخشەی چالاکیەکە دابنێن دواتر بگەڕێنەوەو پێشمەرگەکانی دیکەش بەرن، بۆ بەیانی ڕۆژی شەممە گەڕانەوە کلاشینکۆفێکی سیخۆیان پێبوو وتیان چووین چالاکیەکەمان کردووە، سێ سەرباز بوون هەر سێکیانمان کوشتووە، دوانیان گل بوونەوەو چەکەکانیانمان دەست نەکەوت.

## بـــۆسەو بەلەم و چـــالاکی

وەرزی پایز هاتبوو، گەرما بارگەو بنەی پێچابووەوە دوای ماوەیەک لەو چالاکیە بە جەولەیەک هاتنە قەڵەم پاشا، دۆڵ مازەڵە، قەرەنگوێ، لە جووبلاخ لایاندا (٧٠) پێشمەرگەی تیپی (٤٣)ی ئاسۆس بوون ویستیان شەو بچن لە پشتی تۆپزاوا ڕەبیەیەک بگرن، دۆستێکیان هەبوو پێیوتن ئەو ڕەبیە ئەڵغامی زۆرە بە کەڵکی لێدان و گرتن نایەت، پێشمەرگەکانیش بە قسەیان کردوو چالاکیەکەیان ئەنجام نەدا.

بە پشتی سیاحی دووکاندا بە بەلەم پەڕینەوە تا بچنە پەڵکۆ، پێشمەرگەکان لە (٨) بەلەمدا سوار بوون، برادەرێک هاواریکرد نقوم بووین ئاو تا ئەژنۆیان هاتبوو، مام ڕەسوڵ ڕێبەری سیاسی تیپی (٤٣) بوو هاواریکرد کابرای بەلەم فریاکەوە دەتکوژین، بەلەمێکیتر بە دوایانەوە بوو چوونە ناو ئەو بەلەمەوەو پەڕینەوە بۆ (پەلکان) لەو دیو قەرە سەردەوە نەخشەی چالاکیەکیان دانا، بەڵام چالاکیەکەیان بۆ نەکرا، ڕەنگە شەهیدێکی زۆریان بدایە.

بەردەوام  لە چالاکیدا بوون لە سەر جادەی بنگردوو سێجانیان و هەنجیرە چەند جارێک بۆسەیان دانا جاش و سەرباز دەکەوتنە بۆسەکانیانەوە چەکەکانیان لێدەگرتن و ئازادیان نەدەکردن مەرج نەبوو هەموو جارێک بیانکوژن.

## گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ میری ساڵی 1984-1985

ساڵی ١٩٨٤ گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ میری دەستپێکرد تیپی ٤٣ش وەکو باقی تیپەکانی دیکە، ئەو ماوەیە تەنها لە چالاکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، پشو وەرگرتن دابوون، دوای تێکچوونەوەی گفتوگۆ لە گەڵ ڕژێم، تیپی ٤٣ش هاوشانی تیپەکانی دیکە، بەشداری داستانی گەورەی دابانیان کرد.

## دوای شـــەڕی دابان
## شـــەهید بوونی کەریم، عـــەزیم

دوای شەڕی گەورەی دابان، ڕژێمی عێراق پەلاماری ناوچەکانی شارستێن و مەرگە و سێدەریدا، تیپی (٤٧)ی پیرەمەگرون هاتبوونە شارستێن بۆ هاوکاری تیپی (٤٣)ی ئاسۆس.

هێزەکەی تیپی (٤٧)ی پیرەمەگرون لە سەنگەرەکانی تیپی (٤٣) بوون لە توکڵ، سەنگەرەکان لە شاخێکدا بوو، عەزیزم کەریم، مەحموود ڕەسوڵ، عوسمان چاوشین، عوسمان سێدەری لە سەنگەرە شاخێکدا بوون، هێزەکانی داگیرکەر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا بەڵام تێکشکێندران و بە لووتی شکاوەوە گەڕانەوە، تۆپخانەی داگیرکەر لە تۆڵەی شکستەکەیان لە دووکان و قەرەسەردەوە تۆپبارانی قورسی بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە (توکڵی) شارستێن دەستپێکرد.

عوسمان سێدەری، مەحموود، کەریم، عەزیم، لە قۆپە شاخێکدا بوون، تۆپێک لە نێوانیاندا کەوت، تۆپەکە لە کەریم و عەزیمی دا لە گەڵ لێدانی تۆپەکە هەردووکیان شەهید بوون، پشتی عوسمان سێدەری هەمووی قوڕو بەرد بوو پاش ڕەوینەوەی چەڕە دووکەڵی تۆپەکە، تەماشایکرد پارچە گۆشتێک لە تەنیشتیەوە هەڵدەپەڕی، بۆکڕوزی لێدەهات، هەر دوو قاچی یەکێک لە شەهیدەکان پەڕیبوو، پارچەیەک لە قاچیان لە سەر جەستەی عوسمان سێدەری هەڵدەبەزیەوە، لەو سەنگەرەدا تەنها عوسمان سێدەری بە سەلامەتی دەرچوو، کەریم و عەزیم شەهید بوون، مەحموودیش بریندار بوو.

ڕەحمان ئەبوبەکرو عوسمان چاوشین لە سەنگەری دواوە بوون، هاواریان لێکردن فریامانکەون شەهیدو بریندارمان هەیە، هاتن بە دەنگ هاوارەکەیانەوە، شەهید عەزیم و کەریمیان دەرهێنایەوە، تۆپەکە لە گەڵ خۆیدا قووتی دابوون بە ناخی زەوی، مەترو نیوێک زەوی قوڵکردبوو، مەحمووودیش ڕەوانە کرایە خوارەوە، شەهیدەکان بە کۆڵ برانە مزگەوتی شارستێن، لەوێ خاوێن کرانەوەو شۆران.

## ڕۆژێـــــک پێشتر

ڕۆژێک پێش شەهید بوونی کەریم و عەزیم تیپی ٤٣ی ئاسۆس و تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون هێرشیان کردە سەر جادەی کوێرەکانی، دەستیان بە سەر ئۆتۆمبێلێکی (شەست و شەش) دا گرت.

ڕۆژێکی ساردوو سەرمایەکی بەهێز بوو سەر لە نوێ بەفری تازە باریبوو، ئۆتۆمبێلەکەیان تا گەروی سێدەر برد، لەوێ بۆیان دەرنەچوو، پڕ بوو لە بەتانی سەربازی، خەڵکێکی زۆر هاتبوون بۆ هەواڵ و سۆراغی پێشمەرگەکان تا بزانن زەرەرو زیانمان هەبووە یان نا، پێشمەرگەکان پێیان وتن زەرەرو زیانمان نییە وەرن بەتانی بەرن، خەڵک بەتانیەکانیان برد.

پێشمەرگەکان بە دیار ئیڤاکەوە ڕاوەستابوون شۆفێرەکەشیان گرتبوو لێیان پرسی چەکت پێیە، ووتی بەڵێ وتیان ئەی کوا چەکەکەت ووتی لە ناو سەیارەکەدایە، پێشمەرگەیەکی تیپی (٤٧) چوو سندووقی سەیارەکەی کردەوە مزەللیەکی ڕەقەم (١٠)ی لۆکی تیابوو پێشمەرگەکەی تیپی (٤٧) هەڵیگرت بۆ خۆی، ئیڤاکە دەرنەچوو لەوێ مایەوە ئێستەش شانسیەکەی لەوێیە لە دێی سێدەر کراوەتە پرد بۆ ئەمبەراو بەری دێیەکە.

## شـــــارستێن-ســـــێدەر

ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٢٤ هێزێکی زۆری جاش و سەرباز هێرشیانکردە سەر زنجیرە شاخی نێوان شارستێن و سێدەر، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون و ٤٣ ئاسۆس و هێزی پشتگیری ناوچەکە بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوە و

شەڕ لە کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ تا ئێوارەی خایاند، هێزی پێشمەرگە و پشتگیری ناوچەکە هێزەکەی دوژمنیان تێکشکاند.

**زیانی دوژمن**

کوژراو و بریندارێکی زۆر

بە دیلگرتنی ٢ جاش و یەک سەرباز

**دەستکەوت**

١ ئاڕ بی جی

٣ کلاشینکۆف

١ ئۆتۆمبێلی ئەلبی

٢٠٠ بەتانی

دوو خێمە

## نـــــزیك کـــوێرەکانی

نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٢٦ هێزێکی دوژمـن کە پێکهاتبوو لە سەرباز و جاش و لە دووکانەوە بەڕێکەوتن بەنیازی چوونە بنگرد، کەرتی ١و ٢ ی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون و کەرتی ٣ی تیپی ٤٣ ئاسۆس و هێزی پشتگیری ناوچەکە لەسەرجادەی گشتی بنگرد-دووکان نزیک کوێرەکانی لێیان هاتنە دەست و شەڕ ماوەی سێ کاتژمێری خایاند.

دوژمن زیانی زۆری لێکەوت

## چـــــالاکی تۆبزاوا- چـــــالاکی هەڵە بـــــەهاری 1985

فەوجێک لە سەری قەرەسەرد بوو تەقەیان بە ناوچەکەدا دەکرد، خەڵکیان ئازار دەدا، خەڵک دەهاتن بۆ سێدەر لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا دەکردن کەرتی مەحموود سێدەری بڕیاریاندا تەمێیان بکەن لە پشتی تۆبزاوا بۆسەیەکیان بۆ دانان کۆمەڵێک

چەکدار کەوتنە ناو بۆسەکەوەو کوژران، لە ڕاستیدا بۆ ئەوان لە بۆسەدا نەبوون، ئامانجەکە ئەوان نەبوون، بەڵام ئەوان کەوتنە بۆسەکەوەو بە هەڵە لێدران و کوژران.

## لـــــێدانی جاش

ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٥ هێزێکی هاوبەش لە هەردوو تیپی ٣١ سلێمانی و ٤٣ ئاسۆس چوونە سەر تاقمە جاشێک لە ناوچەی ڕانیە و دوو جاشیان کوشت، ئەو جاشانە ماوەیەک لەوەو پێش ژمارەیەک کرێکاریان ڕووت کردبووەوە، هەر لەو شەڕەدا هاووڵاتیەکی شۆفێر بەناوی سەعید حاجی ئەحمەد شەهید بوو.

**دەستکەوت**

٢ کلاشینکۆف

١ پیکاب

## تـــــەشکیلەی نوێ -چـــالاکی سێوکان
## پـــــایزی 1985

غەریب کونجرینی وەکو فەرماندەی تیپ گواسترابووەوە تیپی (٤٣)ی ئاسۆس، مەحموود سێدەری کرایە فەرماندەی کەرت، عوسمان شارستێنی کرایە جێگری فەرماندەی تیپ، عوسمان سێدەری کرایە فەرماندەی مەفرەزە، زاهیر سێدەریش بە جێگری فەرماندەی کەرت.

ڕۆژێک غەریب کونجرینی ناردی بە دوای بەشێک لە کەرتەکاندا وتی دێیەک بوونەتە چەکداری حکوومەت دەبێت بچینە سەریان، کە پرسیان دێیەکە کوێیە، وتی دێی ( سێوکان) ی لای بنگردە، هێرشیانکردە سەر دێیەکە و نیوەیان سووتاند، منالێک لە ناو خانوویەکدا سووتا، بەڵام حەمەمین کوێرەکانی و عوسمان سێدەری فریاکەوتن و نەیانهێشت لەوە زیاتر دێیەکە بسووتێ و ڕووبەڕووی بڕیاری فەرماندەی تیپ بوونەوەو خەڵکی دێیەکەیان ڕزگار کرد، خەڵکەکەیان هێنایە دەرەوەو ڕێگەیان لە زیان و قوربانی گەورەتر گرت.

## داســـــتانی ئاسۆس/1986

لە «داری گردی» نێوان قەرەتەپە و سەرسیان، فەوجێکی سەربازی لێبوو، مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٦ لە وەرزی بەفرانبارو کڕێوەدا، پێشمەرگە دڕی بە سەرماو سۆڵەی ئەو وەرزە ساردوو سڕە داو بە لولەی تفەنگ وەرزی ساردیان گەرم کردوو دۆزەخیان بۆ دوژمن داخست، بە خوێنی گەشی سێ شەهید داروو بەردوو بەفری ئەو زستانە سوور بوو، داری گردی وای لە نێو چەوان نووسرابوو قەدەری داری گردی وابوو هەر چەند ساڵێک ڕۆڵەیەک لە ئامێز بگرێت، نزیک بە سێ ساڵ لەوەو بەر (داری گردی) بە خوێنی سەعید مەرگەیی سوور هەڵگەڕا، لە دوای سێ ساڵ بۆ جارێکیتر، سێ ئەستێرەی گەشیتری لە یەخەدا.

مانگی ٢ ساڵی ١٩٨٦ بە فەرماندەیی عوسمان شارستێنی بۆسەیەکیان لە سەر شاخی ئاسۆسەوە تا سەر جادەی قیر دانا، ئەو شەوە تا بەرەبەیان لە چیای ئاسۆسەوە تا سەر جادەی قەرەتەپە و سەرسیان لە کەمیندا بوون، بۆ بەیانی کە ڕۆژهەڵات، جاش و لەشکری داگیرکەر پشتی لێگرتبوون، بە جۆرێک گەمارۆ درابوون، لایەک دەریاچەو زێی دووکان، لایەکیش سوپای داگیرکەر، لەو کاتەدا ئیڤایەکی سەربازی بە سەر جادەدا تێپەڕی و دەستیان بە سەرداگرت کە شۆفێرێکی تیا بوو بە ناوی «عەلا» خەڵکی بەغدا بوو.

مانگی دوو وەرزێکی سارد بوو، گەنم باڵای کردبوو، قەرسیلی هەتا ئەژنۆ ، بۆ دەرباز بوون لە بۆسەی دوژمن و کردنەوەی ڕێگەیەک بۆ شکاندنی ئەڵقەی گەمارۆی دوژمن، هەڵۆ ئاسا هەڵمەتیان بردوو گەمارۆی دوژمنیان تێکشکاند، گەیشتنە بناری ئاسۆس و دەستیان لە شاخ گیر بوو.

ئاسۆس شاخێکی سەخت و یاخییە، گەر وریا و شارەزا نەبیت، هەر شاخ و دانە بەردوو تاشە بەردی بڕندەیە قوتت دەدات، بە ناخی زەویدا ڕۆدەچێت، ئاسۆس شاخی سەخت و بڵندی هەزار بە هەزارە.

لای دەستە ڕاست سوپاو گەلە جاش سەر شاخ کەوتن، لە دیوی قەڵادزێ وە تۆپباران دەستپێکرد، دوو کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکە، بەڵام چوونکە

کوڕانی ئاسۆس شارەزای تولەڕێ و باریکە ڕێ و کون و کەلەبەری ئاسۆس بوون گەیشتە سەر شاخ، بەڵام بە جۆرێک لە گەڵ جاش و سوپا تێکەڵ بوون، بە ئەستەم جیادەکرانەوە تا خۆر ئاوابوون شەڕ بەردەوام بوو.

عوسمان شارستێنی، فەقێ عەلی، زاهیر ملا عەلی، عەلی ڕەشاش، عبداللەی مامە حەمە دەوریان گیرابوو، ئەو چەند پێشمەرگەیە شەڕی مان و نەمانیان کرد، بڕیاری هێرشیاندا تا ئەڵقەی گەمارۆی داگیرکەر بشکێنن، لە گەڵ یەکەم هەڵمەت و پەلاماردا بۆسەی دوژمنیان شکاندو دەرچوون، بەرەو شاخ بەڕێکەوتن و سەرکەوتن.

لە لایەکی دیکەوە تیپی ٦٣ جوتیاران بە فەرماندەیی مام جوتیار لە مەرگەوە بە هانای تیپی ٤٣وە هاتن،دەرگاو ڕێگەی بۆکردنەوە تا لە بۆسەی دوژمن دەرچن کە نزیکەی «٣٠٠٠» لە سوپاو جاش گەمارۆی دابوون جگە لە تۆپباران و بۆردومانی بەردەوامی فڕۆکە.

داستانی کەم وێنەی ئاسۆس و بناری ئاسۆس بە خوێنی گەش و ئاڵی ٣ پێشمەرگە ئاودرا، شەهید تالیب سێدەری، شەهید هەمزە مەمەنداوی لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس، شەهید حسێن گەناوی لە تیپی ٦٣ی جوتیاران.

## قـــــەرەتەپەو مەمەنداوا
## مـــانگی 1986/2

لە ناو قەدی شاخەکەدا شێخ محەمەد لۆتەری بریندار بوو، نادرە ڕەش فەرماندەی مەفرەزە بوو برینەکانی بۆ پێچا، گوللەیەک بە سەر سنگی شێخ محەمەدەوە بوو بەڵام نادر دەمی شێخ محەمەدی بە جامانەکەی خۆی بۆ بەست بوو بە پێشمەرگەکانی وتبوو شێخ محەمەد بریندارەو گوللەیەک لە سنگی داوە، گوللەیەکیش لە ناو دەمی داوە و لە پشت سەریەوە هاتووەتە دەرێ بەڵام گوللەکەی سەر سنگیم پێنەوتووە.

تیپی (٤٣) دکتۆرێکیان لە گەڵ بوو هات چارەسەر بۆ شێخ محەمەد بکات، جامانەکەی لە دەموو لوتی شێخ محەمەد کردەوە، تەماشا یکرد ناو دەمی بریندار نیە، ووتی شێخ محەمەد خۆتۆ گوللە بە دەمتەوە نییە لە سەر سنگت دراوە، شێخ

محەمەدیش ووتی ئەی ناڵە سەگباب بۆ دەمی بۆ بەستووم لە بەیانییەوە نەموێراوە یەک قسە بکەم، ناڵەی سەگباب بۆ دەمم بۆ دەبەستێت لە بەیانییەوە قسەیەکم نەکردووە ئیتر لەو شەڕو ناخۆشیەدا بوو بە پێکەنین.

## نـــــەقڵ بوونی عبدالرحیم

سالی ١٩٨٦ عبدالرحیم فەرماندەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس، لە تیپی ئاسۆس گواسترایەوەو عوسمان شارستێنی کرایە فەرماندەی تیپ، پێکهاتەی تیپەکەش وەکو خۆی مایەوە هەندێک گۆڕانکاری بچووک نەبێت.

## شەڕی گردە ســـــووران 1986

جێب قیادەیەکی سوپای عێراق ڕۆژانە دەهاتە نزیک گوندی گردەسوران و بیانووی بە خەڵکی گوندەکەو ناوچەکە دەگرت، تەواو خەڵکیان بێزار کردبوو، خەڵکی گوندەکەش سکاڵای خۆیان گەیاندە محموود سێدەری.

محموود سێدەری و مەفرەزەیەک لە پشتی گردە سووران کەمینێکیان بۆ جێب قیادەکە دانا، پاش چاوەڕوانییەکی کەم جێب قیادەکە هات و کەوتە بۆسەی پێشمەرگەوە، پێشمەرگە چوونە سەر ڕێگاو دەستیان بۆ هەڵبڕین تا بوەستن و تەسلیم بن، جێبەکە وەستا بەڵام سەربازەکان دابەزین و ڕایانکرد، پێشمەرگەش تەقەیان لێکردن، ڕۆژانی پێشوو جێب قیادەکە ئامر فەوجی تیا بوو بەڵام ئەو ڕۆژە تەنها دوو سەرباز لە ناو جێب قیادەکەدا بوون هەر دووکیان کوژران، دوو کلاشینکۆف دەسکەوت بوو.

## دوو نــــــوکتە

پێش ئەوەی یەکێک لە سەربازەکان بکوژرێت محموود سێدەری پێیوتبوو تفەنگەکەت لە کوێیە سەربازەکەش لە ترسا هاواری کردبوو «دخیلک» محمود وتبووی دەڵێ لە «دەغیلەکە» دایە، پێشمەرگەکانیش وتبوویان ئەوە دەپاڕێنەوە دەڵێ « دەخیلەک» تا نەیکوژین، دەغیلەی چی.

کە هەر دوو سەربازەکە کوژران سەیارەکە بەجێماو پێشمەرگە نەیاندەتوانی بیبەن لە گەڵ خۆیان، بۆیە ناچار بوون بیسوتێنن، پێشمەرگەیەک دەبەیەک نەوتی لە گەڵ خۆی هێنابوو ئەگەر سەیارەکە دەرنەچێت لە جێگادا نەوتی پیادا بکەن و بیسوتێنن، بێ ئاگا لەوەی جێب قیادەکە بەنزینی تیایە بە شکارتە یان بە فیشەکی گڕدار گڕ دەگرێت و دەسوتێت، ئیتر چ پێویست دەکات لە ڕێگەیەکی دوورەوە دەبە نەوتی بۆ بهێنی تا بسووتێ.

جێب قیادەکە سووتاو ئاگری لێهەستا، دوژمن لە دووکانەوە بە تۆپ و هاوەن لێی دەدان، کۆپتەریش هاتە ناوچەکە، پێشمەرگەکانیش بەرەو بناری کۆسرەت پاشەکشەیانکرد دواتر لە تۆربەوە گەڕانەوە کوێرەکانی، لە کاتی گەڕانەوەیاندا لە سەری قەرە سەردەوە تەقەیان لێکردن، دواتریش بەرەو گوندی سێدەر گەڕانەوە.

پێشمەرگەکانی بەشدار بووی شەڕی گردە سووران محمود سێدەری، حەمەمین کوێرەکانی، عوسمان سێدەری، عبداللەی حەمە شوان، زاهیر سێدەری، کەریم سێکانی، خسرەو، عومەر کەلەباشی، ئەحمەد برازای محمود سێدەری.

## شـــەهیدکردنی 11 هـــاووڵاتی

کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقەی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/٣/٢٢ دوو فڕۆکەی کۆپتەر پەلاماری دێیەکانی تۆربە و هەنجیرەیاندا و یانزە هاووڵاتیان شەهید کرد کە سەرقاڵی ڕاوەماسی بوون،

**شەهیدەکان:**

١-شەهید ساڵح فەقێ ڕەسوڵ لە دایکبووی ١٩٣٨ خەڵکی تۆربە.

٢-شەهید عەبدوڵلا حاجی عەلی لەدایکبووی ١٩٥٠ خەڵکی تۆربە.

٣-شەهید مەجید حاجی عەلی لەدایکبووی ١٩٥٤ خەڵکی تۆربە.

٤-شەهید مستەفا حاجی حەسەن لەدایکبووی ١٩٥٥ خەڵکی تۆربە.

٥-شەهید مەحموود حاجی حەسەن لەدایکبووی ١٩٥٤ خەڵکی تۆربە.

٦-شەهید ئیسماعیل خاڵە عارف لەدایکبووی ١٩٥٩ خەڵکی تۆربە.

٧-شەهید عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەد لەدایکبووی ١٩٦٥ خەڵکی تۆربە.
٨-شەهید فەقێ حاجی پیرۆت لەدایکبووی ١٩٤٥ خەڵکی تۆربە.
٩-شەهید عەزیز حەمە سەعید لەدایکبووی ١٩٥٤ خەڵکی هەنجیرە.
١٠-شەهید عەلی عەبدولڕەحمان مەلا ئەمین لەدایکبووی ١٩٥٦ خەڵکی هەنجیرە.
١١-شەهید عوسمان خدر حەمە لەدایکبووی ١٩٧٦ خەڵکی بەکرەجۆ.
حەوت هاووڵاتیش بریندار بوون

## گــــرتنی جــــیبێك

کەرتەکەی مەحموود سیدەری ساڵی ١٩٨٦ چەند چالاکیەکیان ئەنجامدا، چەند پێشمەرگەیەکی کەرتی مەحموود سیدەری بۆ پشوودان هاتبوونە ناوچەی سورداش، لە گەڕانەوەیاندا لە سەر جادەی تابین دەستیان لە جیبێک ڕاگرت تا لای (کانی شۆک) یان بەرێت، جیبەکە ئیستۆپی قورسی گرت و لە جادەکەی خشاند ویستی نەوەستێ بە بەگ گەڕایەوە دواوە، لولەی تفەنگیان خستە سەر سەری شۆفێرەکە و وتیان ڕووبکەرە ئەو دێیە تا ئۆتۆمبێلی سەربازی نەهاتووە، لە گەڵی سەرکەوتن و گەیشتنە کانی شۆک، لەوێ دابەزین جیبەکەیان پشکنی شۆفێرەکە جاش دەرچوو، جیبەکەیان بردە سیدەر بۆ لای کاک مەحموود، دوای بەخێرهاتن مەحموود سیدەری ووتی ئەو کابرایە ناناسم، ئەوانیش چیرۆکەکەیان بۆ گێڕایەوە[٣] بۆ ڕۆژی دوایی شۆفێری جیبەکەیان تەسلیمی تیپ کرد، سێ هەزار دینار غەرامەیان لێسەند جیبەکە لە سیدەر مایەوە کاک مەحموود لێی دەخوڕی ، ڕۆژێک لە دۆڵەبیەوە بەرەو سیدەر دەهاتنەوە کاک مەحموود جیبەکەی لێدەخوڕی بەرەو تەنگی غەزەلی ملی ڕێگەیان گرتبوو، کاک مەحموود لاڕێ بوو جیبەکەی خستە شیوێکەوە زۆری هەوڵدا بۆی نەهاتە دەرەوە ناچار بە عوسمان سیدەری ووت بێت جیبەکە دەربهێنێتەوە ووتی عوسمان با پێت بڵێم بۆ بەگ دانان تۆ لە من باشتری  بۆ پێشاوپێش من لە تۆ باشترم وەرە بیهێنەرە دەرەوە، عوسمان سیدەری جیبەکەی هێنایە دەرەوەو بە مەحموود سیدەری ووت بۆ پێشەوەش من لە تۆ باشترم.

[٣] سەر پردی تابین سنووری تیپی مەڵبەند بوو کە جیبەکەیان لێ گرت، تیپی مەڵبەند پێیان ناخۆش بوو لەوێ چالاکیان کردووە، ئەو سەردەمە سنووری تیپەکان دیاریکراو بوو.

## ڕۆژی خــــاتران
## بـــــۆسەو کــــەمین

تیپی ٤٣ی ئاسۆس بە تێکڕای کەرتەکانیانەوە چالاکیان دەکرد بۆسەیان دادەنا، جاش و سەرباز دەکەوتنە بۆسەکەوە، هەندێک جار کوژراوو دەستکەوت، هەندێک جاریش دیل و دەستکەوت هەبوو، جار هەبوو جاش دەگیرا تەکلیفیان دەکرد ئازاد دەکرا، بەو جۆرە بۆسەو کەمین، لێپرسینەوەو خاڵی پشکنین دادەنرا.

ساڵی ١٩٨٦ عوسمان سێدەری و دوو پێشمەرگە بۆسەیەکیان دانا، ئۆتۆمبێلێک هات شێخ جەلالی گاپیلۆنی تیا بوو دوو کەسیتر لە دواوە سەرکەوتبوون جاش وەرەقە بوون، عوسمان سێدەری ووتی ئەو دوانە دابەزن ، مەلا شێخ جەلال وتی تۆ کێی ووتی من عوسمان سێدەریم ، مەلا شێخ جەلالیش ووتی من مەلا شێخ جەلالم لە بەر من ئازادیان بکە هەر چیەک ڕوو بدات دەڵێن لە گەڵ مەلا شێخ جەلال بوون و گیراون، لە بەر خاتری مەلا شێخ جەلال هەر دوو جاشەکەیان ئازاد کرد.

دوای ئەوەی ئەوانیان ئیزندا تەکسیەک هات حەمەی کاکەلی تیا بوو، کەسێکی تیا بوو جاش وەرەقە بوو دایانبەزاند، کاک حەمە تەکلیفی کرد ئەوانیشیان ئازاد کرد، عوسمان سێدەری ووتی ئەمڕۆمان داناوە بۆ خاترو خۆشی.

## جـــــادەی قــــەرەسەرد
## مــــانگی 1986/6

هەواڵ گەیشت ئیڤایەک لە سەر جادەی قەرەسەرد پەکی کەوتووە و پڕە لە پێداویستی ڕەنگە تەقەمەنیشی تیا بێت.

مەحموود سێدەری، زاهیر سێدەری، عوسمان سێدەری، عومەری مامە حەمە، مامە قالەی دۆڵەبی، ئەحمەدی برازای مەحموود سێدەری، عەبدوڵڵای حەمە شوان، حەمەدەمین کوێرەکانی و نادرە ڕەش چوونە سەر ئیڤاکە و پشکنییان تەقەمەنی تیا نەبوو تەنها خێوەتی تیا بوو، بە کۆڵ گواستیانەوەو ئیڤاکەیان سووتاند، ئیڤایەکیتر لە سەرەوە بوو دەلیلەکەیان ووتی ئەوە ئیڤای فەوجەکەی ماڵی (ک، س) تەلانە

ئەوانیش ئەو ئیڤایەیان نەسووتاند لە بەر ئەوەی گلەییان لێنەکەن، ئیڤای یەکەم کە سووتاندیان لە فەوجەکەی (س) ئاغا بوو دواتر بیستیانەوە (أ،ک،س) گلەیی کردبوو وتبووی بریا بیانسووتاندایە حکومەت چاودێرییەکی توندی خستووەتە سەرمان دەڵێن ئیڤای (س) ئاغا بە تەنیشت ئەوانەوە بووە سووتاوە بەڵام ئەوەی فەوجەکەی (أ،ک،س) نەسووتاوە.

## هـــاتنی ئازاد هەورامی- شـــــەڕی کوێرەکانی

ئازاد هەورامی ئەندامی سەرکردایەتی (ی ن ک) وەکو نوێنەری مەکتەبی سیاسی هاتبووە سنووری شارستێن تا سەرپەرشتی سنوورەکە بکات.

سوپای عێراق بە نیاز بوو لە خڕەی کوێرەکانی یەوە بەرەو قۆپی نزیک شارستێن بێت، سوپا بەرەو قۆپیەکانی شارستێن پێشڕەویکرد، تیپی ٤٣ی ئاسۆس و بەشێک لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ ڕووبەڕوویان بوونەوە، تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو، دەمەو ئێوارە سوپای عێراق شکاوو لە بەردەم ورەی پێشمەرگە خۆی ڕانەگرت، ناچار بە پاشەکشە کرا، ئەو داستانە بە خوێنی دوو پێشمەرگەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ تۆمار کرا.

هەر چەند ڕۆژێک دوای شەڕی کوێرەکانی کەرتێکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و ٤٣ی ئاسۆس لە سەر پردی کوێرەکانی بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، ئیڤایەک کەوتە بۆسەکەوەو درایە بەر دەستڕێژی گوللە و دەستیبە سەرداگیرا.

هێزێکی دوژمن لە بنگردەوە بەرەو مەیدانی شەڕەکە هاتن تا خۆر ئاوابوون شـەڕو پێکادان بـەردەوام بـوو، ئیڤایەک و ٢ کلاشینکۆف و ئـار بی جی یەک دەسکەوت بوون، دوو سەربازیش بە دیل گیران، پێشمەرگەکان سەرکەوتوانە و بێ زیان گەڕانەوە سێدەر.

## شـــــەڕی تـــــۆپزاوا
## مـــانگی 1987/2

هەواڵ هات ووتیان بەشی زۆری دێی تۆبزاوا بوونەتە چەکداری ڕژێم کە نزیک هاوینە هەواری دووکانە.

کەرتی مەحموود سێدەری، بە فەرماندەیی مەحموود سێدەری، زاهیر سێدەری، حەمەمین کوێرەکانی، عوسمان سێدەری و پۆلێک پێشمەرگەی دیکە لە گەڵ کەرتێکی تیپی مەڵبەند کە لە دۆڵ مازەڵە بوون بە فەرماندەیی عەلی مام ئەحمەد خۆڵە چوونە ناو تۆپزاواو دێیەکەیان پشکنی، هەندێک کەسیان دەستگیر کرد، ئەوانەیتریش کە زانیبوویان خۆیان شاردبووەوە.

لای خواری دێیەکە چوونەماڵێک خاوەن ماڵەکەی ناوی (ع) بوو ئامر سریە بوو، ماڵەکە دوو قات بوو، عوسمان سێدەری بە سەر حەسارەکەدا چووە ناو حەوشەکە ئەحمەدی مامەلاش لە دواوە بوو، برادەرانی تریش لە دەرەوە بوون، پاڵێکی بە دەرگای ماڵەکەوە نا داخرابوو، لە دەرگایدا ووتی بیکەنەوە (ع) ووتی دەرگاکە ناکەینەوە ئێوە پێشمەرگەن، عوسمان سێدەری ووتی دەرگا بکەرەوە ناتکوژین، ووتی نەخێر من تەسلیم نابم ئێوە خاوەن بەڵێن نین.

عوسمان سێدەری لولەی تفەنگەکەی نابوو بە پەنجەرەی ژوورەوە کە (ع)ی تیا بوو، ئەویش لەو دیوەوە لولەی تفەنگەکەی نابوو بە پەنجەرەکەوە، دیوارێکی بلۆک لە نێوانیاندا بوو ماوەی پێنج دەقیقە گفتوگۆیانکرد، چوونکە نەیاندەویست بیکوژن، ماڵ و منالێشی تیا بوو، عوسمان سێدەری ووتی ئێمە ئیشمان بە کوشتنی تۆ نییە تەنها دەمانەوێت ئامۆژگاریت بکەین واز لە خزمەتی ڕژێم بهێنی، بەڵام سوودی نەبوو.

مەخزەنێکی چل خۆر لە سەر کلاشینکۆفەکەی عوسمان سێدەری بوو، پەنجەی لێ کێشا دەسترێژێکی کرد بە ناو ژوورەکەدا کارەبا شۆرتی کردبوو بە هات و هاوار، ژن و منالەکانی چوو بوونە ژێر زەمینەکەوە (ع-ش) لە ژوورەوە بوون ماوەی نیو کاتژمێر لە پەنجەرەوە شەڕیانکرد، دوای چەند دەسترێژێک دووبارە

عوسمان سێدەری داوای لە (ع) کرد تەسلیم بێت، (ع)  دەیووت تازە هەموومانت کوشتووە تەسلیم نابم دەبێ منیش بکوژرێم، عوسمان دەستیکردەوە بە تەقە، فیشەکەکانی (ع) هەمووی لە ژێر باڵی عوسمان سێدەریەوە دەڕۆیشتن لە دواشەوە عەمودێکی لێبوو دەیدا لە عەمودەکە ئەحمەد لە گەڵ عوسمان سێدەری بوو لای عەمودەکە بوو بەڵام لە بەر عوسمان دەرفەتی تەقەکردنی نەبوو، پێشمەرگەکانیتر لە خوارەوە نەیاندەتوانی تەقە بکەن لە بەر عوسمان سێدەری، نەشیاندەتوانی بێنە سەرەوە چوونکە بە ئاڕاستەی فیشەکەکانی (ع) بوون.

تۆبزاوا لە دووکانەوە نزیک بوو، هێزی دوژمن هات بە هانای جاشەکانەوە، لە قەرەسەردەوە هێز دابەزی، لە ناوچەی گەشتیاری دووکان مودەڕەعەیەکی لێبوو بە دۆشکە تەقەی لە پێشمەرگەکان دەکرد، کات درەنگ بوو پێشمەرگەکانی خوارەوە بە عوسمان سێدەریان دەووت وەرە خوارەوە تا ئاربیجی لێبدەین، عوسمان زانی کە تەسلیم نابێت مەخزەنێکی تازەی خستە سەر تفەنگەکەی بە دەستڕێژەوە بە دەم تەقە کردنەوە بە بەردەمی پەنجەرەکەدا ڕایکردو خۆی هەڵدایە خوارەوە.

پێشمەرگەکانی خـوارەوە دوو ئاربیجیان پێوەنا یەکێکیان لە گوێسەوانەی ماڵەکەیدا، ئەویتریشیان سەریکرد بۆ دووکان.

عوسمان سێدەری کە سەرەتا یەکەم دەستڕێژی لە ماڵەکە کرد هەستیکرد دەستی تەڕە، کە سەیریکرد خوێن بە دەستیدا دێتە خوارەوە چەند فیشەکێک لە تفەنگەکەی دابوو، پارچەی فیشەکەکان لە دەستی داو بریندار بوو.

لە هەر چوار لاوە هێزەکانی دوژمن بەرەو تۆبزاوا دەهاتن، پێشمەرگە لە دێیەکە چوونە دەرەوە هەندێک چەکداریان گرتبوو ئەوانیشیان لە گەڵ خۆیاندا برد.

بۆ بەیانی هێزەکانی ڕژێم هاتبوونە تۆبزاوا خوێنی دەستی عوسمان سێدەریان دیبوو ڕژا بوو چەند ماڵێکیان گرتبوو وتبوویان ئێوە چارەسەرتان کردووە.

بۆ ڕۆژی دوایی هەواڵ هات وتیان هەموو خێزانەکە کوژراون، ڕۆژی دواتر مام تایەر سەرگەڵوویی هات ووتی بریندار بوون بەڵام نەکوژراون، پێشمەرگەکان پێیان خۆش بوو کەسیان نەکوژراون، چوونکە بە نیەتی کوشتن نەچوو بوون.

## شـــــەهیدبوونی محمود ســــێدەری

مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٧ تیپی ٤٣ی ئاسۆس بە فەرمانی سەرکردایەتی بەرەو قوڵە پوشێن و قوڵە سەوزی پشتی شەدەڵە بەڕێکەوتن بارەگای سەرەکیشیان لە بێ قوچ بوو، محمود سێدەری کە تازە فەرمانی بۆ دەرچووبوو ببێتە جێگری تیپی ٤٣ی ئاسۆس مۆڵەتی لە تیپ وەرگرت و وتی دەچمە بەرگەڵو کاک نەوشیروان داوای کردووم، محمود سێدەری و حەکیمی کوڕی بەرەو بەرگەڵو بەڕێکەوتن.

ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٣ بوو، پێش خۆرائاوا بوون لە قەڵای سوسێ وە بۆمبارانی کیمیایی بەرگەڵو کرا، حەکیمی کوڕی محموود سێدەری هەر لە جێدا شەهید بوو، دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە و لە ١٩٨٧/٩/٦ دا محموود سێدەریش لە ژێر کاریگەری چەکی کیمیایدا گیانی سپاردو شەهید بوو.

لە ئەنفالی دۆڵی (جافایەتیش) دا پاشماوەی خێزان و ماڵ و منالی بەر پرۆسەی بەدناوی ئەنفال کەوتن و بەرەو چارەنووسی نادیار بران.

## هـــــەڵلاکەی کاکەڵلا (کاکەولا)

مانگی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٧ بارەگای کەرتی (٣) لە نزیک ماڵی کاکەڵلا بوو، کاکەڵلا لە گردی قەڵاتێ لە گەڵ مەڕو ماڵات دەهاتەوە، هاتە سەربانی بارەگای کەرت و هاواریکرد گیران، پێشمەرگەش خۆیان کۆکردەوە بیکەیسیان ناردە گردی قەڵاتێ ئەملای کوێرەکانی بارانێکی بەخوڕ دەباری، دەستەی هێرش جیاکرایەوە پێشمەرگە گەیشتە ئەو شوێنەی کاکەڵلا هاواری کرد فریاکەون گیران، شوێنەکە وەکو خەرمان وابوو لە بەر ڕەهێڵەی باراندا هەنگاو هەنگاو نزیک بوونەوە تەماشایانکرد ڕەوە هێسترێکە پێ کۆڵانیانە، سمکۆڵانیان دەکرد، کە پێشمەرگەکان بەڕێکەوتن دنیا تەمومژ بوو کە نزیک بوونەوە تەمەکە ڕەویەوە، ئەگەر تەمەکە نەڕەویایەوە ڕەنگ بوو هێسترەکان بکوژن.

پێشمەرگەکان گەڕانەوە بۆ سێدەر، عەلی پور خاتوون خەڵکی دۆڵەبی بوو لە کاتی پەڕینەوە لە چەمەکە قاچی خلیسکا کەوتە ناو ئاوەکەوە، ڕایانکێشاو لە ئاوەکە هێنایانە دەرەوە، عەلی ووتی هەی بە نەعلەت بی کاکەولا تووشی ئەم بەزمەت کردین.

## داســـــتانی زینووی ســپی

زینووی سپی شاخێکی گرنگ و ستراتیجییە، گرنگی سەربازی زۆری بۆ هێزی پێشمەرگە هەبوو، بە حوکمی بەرزی چیاکەو ڕوانینی بە سەر ناوچەی گەلاڵە و دۆڵی شێخ محمد و چەند ناوچەو ڕێگەیەکیتر، پێویست بوو ئەو زنجیرە چیایە دەستیبە سەردا بگیرێت، تا ڕێگای ئەو ناوچانە قفڵ نەبێت و دانەخرێت.

بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرپەرشتی هەڤاڵ «مولازم عومەر» و بەشداری تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆس، ٥١ی گەرمیان، ٦٣ی جوتیاران، ٤٤ی چەکوچ، بلفەت ومامەندەو تیپی پارێزگاری، هەڵمەتیان بردە سەر چیای زینووی سپی و لە ماوەی تەنها نیو کاتژمێردا دەستیان بە سەردا گرت.

هێزی پێشمەرگە بۆ گرتنی زینوی سپی کرایە سێ ڕەتڵ، ڕەتڵی یەک ٥٥ پێشمەرگە بوون، ١٨ پێشمەرگەی ئار بی جی پێبوو، عوسمان سێدەری لێپرسراوی ڕەتڵی ئار بی جی بوو، حەمەمین کوێرەکانی لێپرسراوی ڕەتڵی کلاشینکۆف و ڕومانە بوو کاک نەبەز فەرماندەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس لێپرسراوی ڕەتڵی یەک بوو، عوسمان شارستێنی جێگری فەرماندەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس لێپرسراوی ڕەتڵی دوو بوو، مستەفای سەید قادر فەرماندەی ڕەتڵی سێ بوو ٣٠٠ مەتر لە دوری ڕەبییەکان ئەڵغام چێندرا بوو، بەشی هەندەسەی پێشمەرگە لوغمەکانیان هەڵگرتەوە هەنگاو هەنگاو پێشمەرگە دەچوونە پێشێ، تا نزیک ڕەبییەکان ببنەوە، تازە شەبەقی دابوو دنیا ڕووناک ببوەوە کەمینی سەربازی ڕەبییەکان گەڕابوونەوە، پێشمەرگە چوونە شوێن کەمینەکەیان و لێی دامەزران.

نۆ ئار بی جی لە پێشەوە نۆ ئار بی جی تر لە دواوە، یەک لە دوای یەک ئامادە بوون، چاوەڕوانی یەکەم تەقەو گرمە و نرکە و ناڵە بوون، سەربازێکی دوژمن دوا ئێشکگری بەیانی بوو پێشمەرگەکانی بەدیکرد، دەنگیدان و ووتی «منو» هەر لە گەڵ یەکەم دەنگداندا عوسمان سێدەری یەکەم ئار بی جی لە قوللەی ڕەبیەکەدا، لە گەڵ یەکەم وریشەو ناڵەی ئار بی جی، سەربازی ناو قولەکە لوول بوو، ٨ ئار بی جی یەکەیتری ڕەتڵی یەکەم بە دوای یەکەم ئار بی جی دا گوللەی سەرشانی گڕهاوێژیان ڕووتێکردن، لە دوای ئەوان ٩ ئار بی جی بەشی دووەم گڕیان بەردایە دارو پەردووی مۆڵگەو ڕەبییەکانی زینووی سپی، ئەو ڕەبییەو مەقەڕ سرپەی بەر زرمەی ئار بی جی دراو گیرا ١٤ بی کەی سی و ٣ دۆشکای ١٤,٥ ملم تیا بوو کە بە کۆپتەر گواستبوویانەوە، لە گەڵ ٦ هاوەنی ٨٢ ملم، ڕەتڵی کلاشینکۆف و ڕوممانەش بە فەرماندەیی حمەمین کوێرەکانی هێرشیان دەستپێکرد، ڕەبییەو مقەڕسرپەی یەکەم ٩٠ قوات خاصەی تیا بوو، کاک نەبەزو مولازم عومەر یەکسەر گەیشتنە ناو ڕەبییەکە.

ڕەتڵی دووەم بە سەرپەرشتی عوسمان شارستێنی، بە دەستە ڕاستا بەرەو گەلاڵە هەڵمەتیانبرد، ڕەتڵی سێیەم بە سەرپەرشتی مستەفای سەید قادر بەرەو دەستە چەپ ڕۆیشتن، بەم شێوەیە زینووی سپی ڕزگار کرا.

داستانی زینوی سپی بە خوێنی ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید حسێن عبدالله لە تیپی ٦٣ی جوتیاران، شەهید سەردار پێشمەرگەی دەستەکەی ملازم عومەر، شەهید کاکە عەبە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٥١ی گەرمیان و چەند شەهیدێکیتر تۆمار کراو نووسرایەوە، عبداللەی حەمە شوان و محموود ڕازانی و حەسەن گەلاڵی بریندار بوون.

ئەو سەردەمە بارەگای جەنابی مامجەلال لە بێتوش بوو، دوای سەرکەوتن، ملازم عومەر جیهازەکەی کردەوەو هەواڵی سەرکەوتنەکەی گەیاندە مامجەلال، مام جەلالیش بە گەرمی پیرۆزبایی لێکردن.

بۆ ڕۆژی دوای داستانی زینووی سپی، تیپەکانیتر دابەزینە خوارەوەو ڕژێم چەند هێرشێکی کردەوە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەڵام تێکشکانەوە، لە گەرمەی هێرشی بەردەوامی ڕژێم بۆ سەر زینووی سپی، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ و فەرماندەکانی، مەجیدی حاجی عەلی، حەمەی حاجی سەعیدی چوارتا، حەمە هەژار، ئاسۆی شێخ عارف و پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧، سەرکەوتنە سەر شاخی زینووی سپی و تیپی ٤٣ یان بەدل کرد، تێکڕای دۆشکاو چەکە قورسەکانیان تەسلیمی تیپی ٣٧ کرد.

# تیپی 68ی مـــامەندە
# یـــانزە

## پـــێکهاتەی تیپی 68ی مـــامەندە

+ قادراغا فەرماندەی تیپ
+ سەلیم حەمە ئاغا جێگری فەرماندەی تیپ
+ خاڵە حەمە باوزی فەرماندەی کەرت
+ مەحموود سیدەری فەرماندەی کەرت

کۆتایی ساڵی ١٩٨١ جەلال دیموکرات کرایە ڕێبەری سیاسی و لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٨٢ حەمە هـەژار کرایە فەرماندەی کـەرت مـلازم مەحموود کرایە فەرماندەی کەرت، قادر سەلیم کرایە فەرماندەی کەرت.

بەشی سەرەکی تیپی مامەندە چووە مامەندە بەشێک لە فەقێ بابەکرە بوون، بەشێکیش لە ناوزەنگ بارەگایەکیش لە گەرمکان بوو.

## خـــــیانەت سەرەتای مـــانگی (9) ی 1981

ئیستخباراتی قـەڵادزێ دزەی کـردبووە نـاو تیپی ٦٨ی مامەندە، یەکێک لە پێشمەرگەکانی تیپی مامەندەیان کڕیبوو ئەو پێشمەرگەیە کاری بۆ ئیستخباراتی قەڵادزێ دەکرد، ئیستخبارات داوایان لێکردبوو چالاکییەک ئەنجام بدات و بگەڕێتەوە شار.

(أ،ع، کەچەڵ) داوای لە پێشمەرگەکان دەکـرد لە گەڵیدا بچنە خـوارەوە بۆ (بێگەڵاس) کە ئەو کات چۆڵ بوو ڕەبیەی دوژمنی لێ نزیک بـوو، بە بیانووی پیاسەکردن و میوە خواردنەوە.

جارێک داوای لە حەمە هەژار کرد یەک دوو پێشمەرگە بەرن و بچن بۆ بێگەڵاس و دەورووبەری بۆ پشوودان بەڵام حەمە هەژار نەچوو داوای لە ملازم مەحموود کرد ئەویش نەچوو.

یەکێک لە پێشمەرگەکان ناوی (سەلام جاف) بوو پێشمەرگەیەکی منداڵکار بوو سەلامی هەڵخەڵەتاند بوو بە ناوی گەڕان و میوە خواردنەوە بردبوویە خوارەوە بۆ بێگەڵاس لەوێ سەلامی شەهید کردبوو.

ئێوارە داهات سەلام و (أ) دیار نەبوون، پێشمەرگەکان سۆراغیان کردن هیچ دیار نەبوو دواتر عەریف بەکر لە ڕێگەی بێتەلەوە کە لە گەڵ بێتەلی پێشمەرگە پەیوەندیەکانیان تێکەڵ ببوو بە پێشمەرگەکانی وتبوو پێشمەرگەیەکمان کوشتوون تەرمەکەی لە (بێگەڵاسە)، کە پێشمەرگەکان چوونە خوارەوە بۆ بێگەڵاس سەلام بەدارێکەوە شەهید کرابوو.

## چیـــــرۆکی شەهید بوونی ســـــەلام

سەلام چوبووە سەر چەند دارێک بۆ خواردنی میوە دیارە (أ) ناردبووی، کاتێک چوبووە سەردارەکە (أ) لە خوارەوە تەقەی لێکردبوو شەهیدی کردبوو هەر بە سەر دارەکەوە مابوو، پێشمەرگەکان تەرمی پیرۆزی سەلامیان هێنایەوەو بە خاکیان سپارد.

## تـــۆڵەی شەهید ســـــەلام

هێندەی نەبرد قارەمانەکانی تیپی ٦٨ی مامەندە لە ناو ماڵەکەی خۆیدا (أ.ع.کەچەڵ) یان بە سزای شۆڕش گەیاندو تۆڵەی شەهید سەلامیان لێسەند.

## مـــانگی 1981/10

مانگی (١٠)ی ساڵی ١٩٨١ ڕژێمی عێراق بەهێزێکی زۆری جاش و سەرباز پەلاماری ناوچەی (ئاسۆس)ی دا کە تیپی مامەند جەولەیان تیادا دەکرد.

لە کاتژمێر (٨) ی بەیانی شەڕ لە نێوان تیپی مامەندەو هێزەکەی دوژمن هەڵایسا تا ئێوارە بەردەوام بوو، لە ئێوارەدا تیپی مامەندە پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاند.

هێزەکەی دوژمن بە پشتیوانی دەبابەو سەرباز پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا بەڵام بە لوتی شکاوەوە گەڕانەوە.

لەو شەڕەدا زیانی زۆر بە دوژمن گەیشت لە تیپی مامەندەش هەر سێ پێشمەرگەی قارەمان

+ حەمە هەژار
+ باپیر ئەحمەد هەڵاویژەیی
+ عەبدوڵڵا مام ڕەسوڵ نێودەشتی بریندار بوون.

## شـــــەهید بوونی کەمال ســـــێدەری

مەحموود سێدەری فەرماندەی کەرت بوو کەمال سێدەری جێگری بوو، کاک مەحموود ئەو کات بریندار بوو کەمال سێدەری بە زاهێر سێدەری و سلێمان و عەزیزی وت دەچین چالاکیەک دەکەین لە قەرەسەرد.

چوونە قەرەسرد بۆ لێدانی کەمینی سەربازەکان کە کەمین هەستا دوو سەرباز بوون لێیاندان هەردووکیان کوشتن چوون چەکەکانیان هەڵگرنەوە لە ڕەبییەکانەوە تەقەیان لێکردن، گوللەیەک بەر سەری کەمال سێدەری کەوت و شەهید بوو، سێ پێشمەرگە کەیتر هێندەیان پێکرا تەرمی شەهید کەمال بگوازنەوە.

## شـــــەڕی موغاغ- بـــــۆسە

ساڵی ۱۹۸۲ مەفرەزەیەک بە فەرماندەی مەحموود سێدەری چوونە موغاغ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن داناو دوو ئیڤای سەربازی کەوتنە بۆسەکەوەو هەر دوو ئیڤاکە وەرگەڕان، لە گەڵ لێدانی ئیڤاکە کشانەوە لە سەربازگەی (سوسێ)وە سووپا بەرەو موغاغ هات.

عوسمان سـێدەری هێشتا پێشمەرگە نـەبوو چـوو بـووە سـەر شینایی و زەویەکانی خۆیان لە موغاغ زاهیر سێدەری و مەحموود سێدەری بینی ووتیان عوسمان چالاکییەکمان بۆ بدۆزەرەوە، عوسمان سێدەری پێی وتن ڕۆژانە سەرباز دێتە سەر جادەکە بۆ پاسەوانی ئەو ڕێگایە، عوسمانیان نارد زانیاریان بۆ بهێنێ و بگەڕێتەوە، هێشتا عوسمان نەگەڕابووەوە مەحموود سێدەری و مەفرەزەکە گەیشتنە سەرجادەو لە ئیڤاکانیاندا.

دوای لێدانی دوژمن تۆپخانەکانی دوژمن ناوچەکەیان تۆپبارانکرد، پورە کافیە لە ناو موغاغ دا لە خانوویەکدا سووتا، ژنێکیتر بریندار بوو، پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێزیان بوون.

## ســـــالانی 1981-1982

مانگی (١)ی ساڵی ١٩٨١ هێزی هەرێمی ١١ لە گەڵ هێزەکەی شێخ سەدرەدین کە هەباسی مەمەند ئاغا سەرپەرشتی دەکرد چالاکییەکیان ئەنجامدا، هێزەکەی هەرێمی (١١) سەلیم ئاغا سەرپەرشتی دەکرد.

هەر دوو هێزەکە چوونە سەر بارەگای لیوا لە نێوان قەڵادزێ و گربداخ چەند گوللە ئاربیجییەکیان نا بە بارەگای لیواکەوەو وردە تەقەیان لێکرد، لێدانی بارەگای لیواکە دەنگدانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا.

لە سەردەمی هەرێم تا سەردەمی بوونە تیپ لە ماوەی کۆتایی هەرێم و سەرەتای درووستبوونی تیپی مامەندە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ چەندین چالاکیان ئەنجامدا وەکو لێدانی ڕەبییەکانی دەوروبەری ئۆردوگای پێماڵک:

+ لێدانی منەزەمەی پێماڵک

+ چوونە ناو ئۆردوگای پێماڵک و کۆبوونەوە لە گەڵ خەڵکی ئۆردوگاکە لە ناو مزگەوتی پێماڵک.

+ چوونە ناو شاری قەڵادزێ لە خۆپیشاندانی  ساڵی ١٩٨٢- قسە کردن بۆ خەڵکی خۆپیشاندەر.

+ چوونە سەر دوو ڕەبییە و لێدانیان لە نزیک ئۆردوگای پێماڵک کە چەند کاتژمێرێک شەڕیان لە گەڵ ڕەبییەکان کرد لە ساڵی (١٩٨٢).

## ســـــاڵی 1983

سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ تیپی مامەندە بانگکرانە ناوزەنگ بە بەردەوام تیپی مامەندە لە لایەن سەرکردایەتی و هەڤاڵ مامجەلال بانگدەکرانە سەرکردایەتی بۆ پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی بە تایبەت لە بەرانبەر هەڕەشەکانی قیادە موەقەتە.

ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢-١٩٨٣ تیپی مامەندە بانگدەکرانە سەرکردایەتی بەرانبەر هێزەکانی حەسۆ میر خان- حەسۆی مێرێ خان لە مەمکاوا- داوداوا قەڵغانێک بوون لە بەرانبەر هێزەکانی حەسۆ میر خان- حەسۆی مێرێ خان، ساڵانی ١٩٨١-

١٩٨٢ چەند جارێک هێزەکانی قیادە موەقەتە لە ناوچە دەرکران و دەهاتنەوە تا لە مانگی (٩) ی ساڵی ١٩٨٣ بە یەکجاری دەرکران.

هێزەکەی تیپی مامەندە بە بەردەوامی لە سەری کونە ورچە، مامەند، ئاخوڕان، بەردە سپیان، جاسوسان بوون بۆ پاراستنی سەرکردایەتی دوو شەڕگە و سەنگەر لە سنوورەکە هەبوو.

شەڕگەی یەکەم بەرانبەر قیادە موەقەتە و بەرەی جود بوو.

شەڕگەی دووەم بەرانبەر ڕژێمی عێراق لە مامەندەو ئاخوڕەو قەڵاتی ورچان و بەردە سپیان.

لە شەڕی قەڵاتوکان ڕۆڵی گرنگیان بینی لە پاراستنی سەرکردایەتی، تیپی مامەندە بەردەوام لە ئەرکدا بوون لە سەر زنجیرە شاخەکانی دەوروبەری سەرکردایەتی لە ساڵی ١٩٨٣ بارەگای تیپی مامەندە چووە دۆڵی مەرگە.

## دوای گـــــــفتوگۆ 1985

کۆتایی گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ جاش پەلاماری ئاسۆس و سەرچیایاندا، تیپی مامەندە لێیاندان و شکاندیانن تا پشتی بەردەشان.

دوای گفتوگۆ تیپی مامەندە لە زنجیرە شاخی مەلا سەفی بوون لە پشتی بنگرد.

دوای گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٥ تیپی مامەندە ڕێکخرایەوە، بەمجۆرە:

+ قادر ئاغا فەرماندەی تیپ

+ خاڵە حەمە جێگر

+ ئەحمەد عارف فەرماندەی کەرت

+ عەبدوڵڵا عەباس فەرماندەی کەرت

## داســـــتانی ڕزگاری

تیپی مامەندە لە داستانی ڕزگاریدا بەشدار بوون لە گرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی (زینووی سپی).

## هـــێنانی چەك- لـــێدانی کەرکوك

تیپی (٦٨)ی مامەندە بە سورەباندا لەوێشەوە بە (بازی بزنان) دا ڕەت دەبوون دەچوونە هەرزنە، تیپی ٦٨ی مامەندە لە گەڵ غەریب هەڵەدنی لە بێترخێ بارەگایان دانا.

لەو ماوەیەدا تیپی ٦٨ی مامەندە ڕۆڵی گرنگیان بینی لە گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی بۆ لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک.

لە سەر چەمی هەرزنە (١٠ بۆ ١٥) مەتر بوار هەبوو بەو بوارەدا دەچوونە ئالانی سەردەشت و بە تایبەتی ئەشکان، لەوێوە چەکەکانیان دەگواستەوە بۆ بێترخێ لەوێشەوە بۆ سێروان، لە سێروانەوە تیپەکانی گەرمیان – هەولێر گواستیانەوە.

## زیـــــنووی ســـپی

تیپی مامەندە لە گرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی زینوی سپی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ بەشدار بوون، زینووی سپی زنجیرە شاخێکە لە بەرزترین لوتکەوە تا دامێن دەست پێدەکات. ڕژێمی عێراق ڕێگاکانی مین ڕێژ کردبوو.

شەوی یەکەم لە ڕەبییەکان نەدرا.

شەوی دووەم لە ڕەبییەکان درا و دەستیان بە سەردا گیرا.

## ئـــــەنفالی یـــەك

تیپی ٦٨ی مامەندە لە گەورە قەڵا بوون کە دەکەوێتە نێوان بنگردو مەرگە لە گەڵ گرتنی گەورە قەڵا و زنجیرەی پشتی شارستێن تیپی مامەندە پاشەکشەیانکرد، بریندارەکانیان گواستەوە فرۆکە لە ئاوە ژێیدا کۆمەڵێک پێشمەرگە شەهید بوون و تەرمەکانیان جێما.

تیپی مامەندە چووە (سەری دەروو) لە پشتی سەری دەروو مانەوە، دوای پاشەکشەی تەواوی هێزی پێشمەرگە چوونە دۆڵەگۆم و سەرتەنگ.

قادراغا و جەنگیزی کوڕی و تێکڕا (١٢) پێشمەرگە مانەوە تا بزانن دۆخەکە بە کوێ دەگات، گەڕانەوە بۆ سەرتەنگ، لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆر ڕۆن و چاو ئاردیان لە پەناو ئەشکەوتەکانی سەرتەنگ دۆزیەوە، ڕۆژانە کەنگریان هەڵدەکەندو دەیانخوارد.

## ســــەری گـــادەر

کاتژمێر (٥)ی ئێوارە بوو لە سەری گادەر کۆپتەر سەربازی دابەزاند کە دەکەوێتە ئەملاو لای سەرتەنگ و گەرمکان و دەڕوانێتە قەڵادزێ، عەبدولڕەحمانی میرزا برایم و جەنگیزی قادراغا خۆیان لە نزیکەوە بینیان کۆپتەرەکان شەبەکە دادەبەزێنن بە نیاز بوون ڕەبیە لە سەری گادەر جێگیر بکەن.

دوای دابەزاندنی هێزی دوژمن لە سەری گادەرو مانەوەی زیاتر لە (١٥) ڕۆژ لە سەرتەنگ قادراغا و ئەو پێشمەرگانەی لە گەڵیدا بوون گواستیانەوە (خاتوو بەڵقیس) لە ئەشکەوتێکدا مانەوە.

دوای ماوەیەک مانەوەیان لە ئەشکەوتی (خاتوو بەڵقیس) بەرەو ئێران ڕۆیشتن دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە سەردەشت هاتنە گوێزێ لەوێشەوە تیپی مامەندە چوونە قەندیل لە مۆلی بچوک ئەرکیان پێسپێردرا تا پاشەکشەی مەڵبەندی (٣) لە قەندیل مانەوە.

## کـــاک نەوشیروان وایوت

ڕژێمی عێراق دەستی بە سەر کوەیتدا گرتبوو، دوای گرتنی کوەیت قادراغاو جەنگیزی کوڕی چوونە لای کاک نەوشیروان لە قاسمە ڕەش.

کاک نەوشیروان گلەیی لە مامجەلال کرد کە زیاد لە پێویست پێدادەگرێت لە سەر ئەوەی هێزەکان ڕێکخەین بیاننێرینەوە دەوروبەری شارەکان دەڵێ لە عێراق دەدرێ، عێراق دەڕوخێ، ڕاپەڕین دەبێ من زۆر ناڕازیم لەو پێداگرییەی چوونکە

کێ دەڵێ لە عێراق دەدرێت، ئەگەر لێی دەدرێت کێ دەڵێ دەرووخێندرێت، ئێمە ئەو هێزەی کە هەمانە بینێرین یان جارێکیتر هەڵەبجە دووبارە دەبێتەوە یان هەموو هێزەکەمان لە دەست دەچێت نازانم چی بکەم.

## درووســــــت بوونی بەتــــالیۆنەکان

بەتالیۆنی (٩) لە سێ تیپ پێکهات

تیپی ٩١ هەمزە شینەیی فەرماندەی بوو

تیپی ٩٢ جەنگیز قادراغا فەرماندەی بوو

تیپی ٩٣ بورهان سەعید سۆفی فەرماندەی بوو

## ڕاپــــەڕین

لە ڕاپەڕیندا تیپی ٩٢ بە فەرماندەیی جەنگیز قادراغا لە گەڵ میحوەری شەش بە سەرکردایەتی کاک کۆسرەت بەشداری ڕاپەڕینیان کرد.

# تـــــيپی 44ی چـــــەکوچ
# دوانـــــزە

## تـــــیپی 44ی چـــــەکوچ
## 1982

ساڵی ١٩٨٢ تیپی (٤٤)ی چەکوچ درووست بوو، شێخ سەدرەدین کرایە فەرمانده‌ی تیپی چەکوچ[٤].

شێخ سەدرەدین فەرمانده‌ی تیپ

شێخ ئیسماعیل جێگری فەرمانده‌ی تیپ

فەرمانده کەرتەکان

١/ حەسەن حەماغا

٢/ ڕەزا شێخ سەعید

٣/ سمایل برایم ئاغا

٤/ تاهیر حەماغا

ساڵی ١٩٨٣ هەمزەی قەرەیناغا گواسترایەوە بۆ تیپی ٤٤ی چەکوچ وەکو فەرمانده‌ی کەرت دەست بە کار بوو.

عەبدوڵڵا ژاراوایی فەرمانده‌ی کەرت بوو.

سنووری تیپی (٤٤)ی چەکوچ دیوی مەرگە و ناوچەی پشدەر بوو سەرەتا بارەگایان لە چنارنە و دۆڵەگۆم بوو.

## شــــــەڕی باوزێ
## 1983/6/24

ڕژێمی عێراق پەلاماری باوزێ و سەرشیویدا هێزەکانی ئێرانیش بە هاوکاری قیادە موەقەتە پەلاماری هێزەکانی حزبی دیموکرات و (یەکێتی)یاندا لە ناوچەی باژێڕ.

لە قۆڵی (باوزێ) کە پەلاماری هێزەکانی عێراقی لە سەر بوو تیپی (٤٤)ی چەکوچ بەشداری شەڕەکەیان کردوو ڕۆڵی دیاریان بینی لە بەرپەرچدانەوەی پەلامارەکانی دوژمن.

[٤] چەکوچ شاخێکە لە زنجیرە چیای قەندیل بەرانبەر ناوزەنگە.

## بـــارەگای گەرمکان- گـــفتوگۆ

سالّی ١٩٨٣ بارەگای تیپی ٤٤ی چەکوچ لە گەرمکان بوو، لە کاتی گفتوگۆدا بارەگایان هێنایە سندۆلان دوای گفتوگۆ گەڕانەوە گەرمکان.

## دوای گـــفتوگۆ

دوای تێکچوونەوەی گفتوگۆی سالّی ١٩٨٤ تیپی ٤٤ی چەکوچ لە چەندین شوێن، ئەرکی پێشمەرگانەیان پێ سپێردرا.

لە گەرمکان، نێزۆکە، سەرچیا، خانەڵە، سۆفیان، نۆڵچکە، دوای سالّی ١٩٨٥ تیپی (٤٤)ی چەکوچ فراوانتر بوو کەرتی تازەی لێ درووستبوو.

+ محەمەدی حاجی قادر کرایە فەرماندەی کەرت

+ بەرزان بابەکر ئاغا کرایە فەرماندەی کەرت

سەرەتا بەرزان بابەکر ئاغا جێگر کەرت بوو شێخ عەزیز فەرماندەی کەرت بوو، دواتر مستەفا بابەکر ئاغا کرایە فەرماندەی کەرت بەڵام دواتر بەرزان ئاغا کرایە فەرماندەی کەرت.

## ڕێـــکەوتنی نـــاوچەیی

مامجەلال، شێخ سەدرەدینی ڕاسپارد ڕێکەوتنێکی ناوچەیی یان ئاگربەستێکی ناوچەیی لە گەڵ هێزەکانی سووپای عێراق بکەن لە ناوچەکەدا، تا ناوچەیەکی ئارام درووست بێت، شەڕ لە گەڵ هێزەکانی عێراق ڕاگرن تا بتوانرێت ئەو ڕێگەیە بەکاربهێنرێت بۆ هاموشۆو دابینکردنی پێداویستیەکانی شۆڕش، لە دوای گفتوگۆو لە ڕێگەی هەباسی بایزی باوڵو ئاغا ئامر لیوای ناوچەکە هاتە سندۆلان، شێخ سەدرەدین بە ئامر لیوای وت دەمانەوێت هێمنیەک لە ناوچەکە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا هەبێت، ئێوە شەڕ لە گەڵ ئێمە مەکەن کە پێشمەرگە هاتوچۆ دەکات ئێمەش شەڕتان لە گەڵ ناکەین.

ئامر لیوا بە ئاگربڕ ڕازیبوو بەو مەرجەی لە دەربەندەوە تا گەناو هیچ چالاکیەک نەکرێت نە ئێمە شەڕتان لە گەڵ دەکەین نە ئێوە شەڕمان لە گەڵ بکەن، شێخ

سەدرەدین ڕازی بوو بە ئامر لیوای وت ئێمە ناهێڵین هیچ پێشمەرگەیەک لە دەربەند تا گەناو چالاکی بکات.

هەر چەند تیپی (٤٤)ی چەکوچ بەشداری شەڕەکانی زینووی سپی و داستانی ڕزگاریانکرد بەڵام لە ئیزگەوە ناوی تیپی ٤٤ نەخوێندرایەوە کە بەشداری ئەو شەڕانەیان کردووە لە بەر پاراستنی ڕێکەوتنەکەی نێوان تیپی (٤٤) و ئامر لیوا، ئەم ڕێکەوتنە تا دەمە دەمی ئەنفال درێژەی کێشا.

ئەو ناوچە ئارامە هەر بە تەنها بۆ حەوانەوەی پێشمەرگە نەبوو بەڵکو چەندین وەفدی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لەو ڕێگەیەوە هاتووچۆیان دەکرد چەک و تەقەمەنی بە ئاسانی لەو ڕێگەیەوە دەگواسترایەوە.

## زیـــنوی ســـپی
## 1987/11/23

کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ بەرنامەی دەست بە سەرداگرتنی زینووی سپی داڕێژرا تا ڕێگەیەک بۆ هاموشۆی هێزی پێشمەرگە بکەنەوە.

سەرکردایەتی (ی ن ک) هێزەکانی ئامادە کرد ژمارەیەک تیپ داواکران بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکە، تیپی ٤٤ چەکوچ یەکێک لە تیپە بەشدار بووەکان بوو.

تیپی ٤٤ی چەکوچ بەڕێکەوتن بۆ زینووی سپی لە بەردی بەرخان یەکیانگرتەوە، ملازم عومەر سەرپەرشتی هێزەکەی دەکرد، هێزەکان دابەشکران.

چەند کەرتێکی تیپی ٤٤ی چەکوچ بەشداری شەڕەکەیان کرد سەلیمی عەبدوڵڵا ئاغا و مستەفای بابەکر ئاغا و بەرزان ئاغا لە فەرماندەکان بوون، پێشمەرگەکان چوونە نزیک برایمەلاڵ تەقەیان لێکردن گەڕانەوە چوونە خوارەوە، ناوچەکە لوغمی لێبوو چەکدارێکی مەجلیسی ئەعلا لە گەڵ هێزەکە بوو بە عەرەبی وتی ڕێگاکەم لە لوغم پاک کردووەتەوە بەڵام دەبێت لە ڕۆیشتندا پێ لە شوێن پێی یەکتر بنێن.

پێشمەرگەکان کەوتنە ڕێ، ڕەتڵی ئاربیجی جیاکرایەوە بەرزانی بابەکر ئاغا یەکێک لە ئاربیجی وەشێنەکان بوو، ڕەتڵی ئاربیجی کرابوون بە دوو بەشەوە بە

نۆره و هەر جاره ڕەتڵێک ئاربیجی دەتەقاند، ڕەتڵی یەکەم ئاربیجی دەتەقاندو خۆی دادەنەواند ڕەتڵی دووەم بە دوایدا، زینووی سپی پڕبوو لە گرمە و ناڵە.

دوای لێدانی ئاربیجیەکان چوونە ناو ڕەبیەکان بەرزان ئاغا لە ناو ڕەبیەکە دوو سەربازی گرت لە گەڵ ڕەشاشێک، سەربازەکان وتیان ئێمە کەمینمان هەبووە چوونە ئەشکەوتێک لە خوارەوە ناویان شەوکەت و ئەحمەدە سەربازی ناو ئەشکەوتەکە تەقەیانکرد پێشمەرگەیەکیان شەهید کرد.

دوای گرتنی ڕەبییەکان ملازم عومەر هاتە سەرەوە لوغمی لێبوو پاکیان کردەوە، باقی ڕەبیەکانیتریان دەستبە سەردا گرت.

**تیپی ٤٤ی چەکوچ دوو سەربازیانگرت بە ناوەکانی:**

١/ ئیحسان عەبدوڵلا دایکی کوردو باوکی تورکمان بوو.

٢/ عەباس عەلی

یەکێک لە سەربازەکان دەستی دەستکردبوو (صناعی).

دوای گرتنی ڕەبییەکان گەڕانەوە بارەگاکانیان.

## لە ئـــــەنفالدا

تیپی (٤٤)ی چەکوچ لە ئەنفالدا بەرەو ئاسۆس پاشەکشەیانکرد، بەشێکی تیپی ٤٤ لە گەڵ شێخ سەدرەدین لە سندۆڵانەوە بە بەلەم خەڵکیان دەپەڕاندەوە.

بەشێک لە تیپی چەکوچ لە دۆڵـە گۆمـەوە بـەرەو سـەرتـەنگ- ئاسۆس پاشەکشەیانکرد، پێش پاشەکشە بەرزان ئاغا هەندێک خواردن و ڕاخەرو پێداویستی ناردبووە سەرتەنگ، فەرش و نایلۆن و ئاردو تەنەکە ڕۆنیان هەڵگرتوو چوونە ئەشکەوتی مێتولان.

لە ڕێگەی بێتەلەوە ئاگاداریان کردنەوە بڕۆن بەرەو سەرکردایەتی، تیپی ٤٤ چوونە گەلاڵە شێخ دارای حەفید لەوێ بوو خێوەتی هەڵدابوو بۆ پێشمەرگە، سووپای عێراق لە ناوچەکە شکابوو زەرەرو زیانی زۆری بەرکەوتبوو، کۆپتەرێک لە گۆجاڕ کەوتبووە خوارەوە.

ئێوارەی ١٩٨٨/٣/١٧ فڕۆکە بۆردومانی پێشمەرگەکانیکرد لە گەلاڵە، لە کاتژمێر ١٢:٢٠ دەقیقەی شەودا دووبارە فڕۆکە بۆمبارانی خێوەت و بارەگاکانی پێشمەرگەیان کردەوە فڕۆکەکان بۆمبی کیمیاییان تەقاند ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە بریندار بوون، ئەو پێشمەرگانەی لە ناو خێوەتە نایلۆنەکاندا بوون کیمیاییان بەر نەکەوتبوو، بریندارەکان بە پێ ڕۆیشتن بەرەو سەرکردایەتی، لە دۆڵی شێخ محەمەد بەفرێکی زۆر کەوتبوو لە گەڵ تەرمێکی زۆر تێکهالابوون، تەرمەکان زۆربەیان سەرباز بوون کوژرابوون.

بارزان ئاغا فەرماندەی کەرت لە تیپی ٤٤ی چەکوچ بە کیمیایی بریندار بوو لەگەڵ پاشماوەی هێزێکی چەکوچ چوونە گۆمەزەڵ، لەوێشەوە بۆ شانەخسێ دواتر چوونە ئێران بۆ چارەسەر.

هێزەکەیتری تیپی ٤٤ هەر یەکە لە لایەکەوە چوونە ئێران حەسەنی حەماغا فەرماندەی کەرت و هێزێک لە دۆڵی شێخ محەمەدو گەلاڵەوە ڕۆیشتن بەرەو ئێران شێخ سەدرەدین و شێخ ئیسماعیل و هێزەکانیتر بە هەمان شێوە چوونە ئێرانەوە.

پاسدارەکان لە گۆمەزەڵ ئاژەڵێکیان سەربڕیبوو هەر جەرگ و دڵەکەیان دەخوارد لە جیاتی هەموو پێداویستیەک مەسینەیان بۆ هێزی پێشمەرگە هێنابوو لە گۆمەزەڵی وشکدا.

## تـــیپ- بـــەتالیۆنی چـــەکوچ
## لە ڕاپـــەڕیندا

لە دوای ئەنفال تیپی ٤٤ی چەکوچ هەڵوەشایەوەو کرایە بەتالیۆن، لە ڕاپەڕیندا بەشداری چالاکیان کرد لە ڕانیەوە تا کەرکوک.

ڕەتلی یەکەم ٥٠٠ کەس بوون بە سەرپەرشتی شێردڵ حەوێزی لە بەردقلێشەوە ڕۆیشتن ڕێڕەویان گۆڕی بۆ بناری قەندیل شەو گەیشتنە ڕەزگەو مارە دوو.

کاک نەوشیروان و شێخ سەدرەدین نامەیەکیان دابوو بە بەرزان ئاغا بیگەیەنێتە ئەنوەر بەگی بێتواتە، بارزان ئاغا لە گەڵ (١٠) پێشمەرگەدا بەڕێکەوتن، لە گردی

ڕەمکان بە سەر ڕەبیەیەکدا کەوتن کە چوونە ناو ڕەبییەکە چۆڵ بوو چای شلەتێن و برنجی لێبوو جێیانهێشتبوو جیهازێکی ڕاکاڵ و هێستریێک و کلاشینکۆفێکی لێبوو هەڵیانگرت و هاتن، گەیشتنە سەنگەسەرو خەڵک بەرەو پیریان هات چوونە ماڵی مامی شێخ سەدرەدین لە بۆسکێن.

حەسەنی حەماغا و شێخ ئیسماعیل و فەرماندەکانیتری چەکوچ لە گەڵ هێزەکە دابوون، ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ چوونە ناو ڕانیە.

# تـــیپی 61ی کـــوڕەش
# ســـــیانزە

## تـــیپی 61ی کـــوڕەش[5]

کۆتایی ساڵی ١٩٨١ تیپی کوڕەش درووست بوو، تیپی کوڕەش ڕاستەوخۆ سەر بە مەکتەبی عەسکەری بوو مولازم عومەر لێپرسراویان بوو، محەمەد وەتمان فەرماندەی تیپەکە بوو، تیپەکانیتر سەر بە مەڵبەندەکان بوون بەڵام تیپی کوڕەش ڕاستەوخۆ بەسترابووەوە بە مەکتەبی عەسکەریەوە.

## پیـــَکهاتەی تیپەکە

+ محەمەد وەتمان فەرمانەدەی تیپ
+ ڕەسوڵی حاجی شێخە جێگری فەرماندەی تیپ
+ هەمزە شێنەیی فەرماندەی کەرت
+ فەقێ عەلی فەرماندەی کەرت
+ حەسەن عەبدوڵڵا (حەسەن ئەوڵای) فەرماندەی کەرت
+ ڕەسوڵی حاجی سوورە فەرماندەی کەرت

بارەگای تیپ لە ناوزەنگ بوو، سنووری چالاکی تیپەکە پشدەر بوو.

تیپی ٦١ی کوڕەش دەستەی پارێزگاری مەکتەبی سیاسی بوون، زۆر جار تیپەکانیتریش دەهاتن بۆ هاوکاری تیپی کوڕەش، بۆ سەری مامەندەو زێوکە و سەری ڕەزان و جاسوسان و ئاخوڕە.

## کـــــۆتایی 1981 کـــــۆتایی 1982

لە نێوان کۆتایی ساڵی ١٩٨١- کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ کەرتەکانی تیپی کوڕەش دەچوونە ناو شاری قەڵادزێ بۆ ئەنجامدانی چالاکی ئەوانەی چەکیان لە ڕژێم وەردەگرت تەمێ دەکران، چەندین جار لە نێوان لیواو فەوجەکان لە بەرد قڵیشو بۆسەیان بۆ دوژمن دانا، چەندین ئەفسەری سووپای عێراق کەوتنە بۆسەی تیپی کوڕەشەوەو کوژران.

---

[5] کوڕەش لوتکەیەکی بەرزە بەشێکە لە چیای قەندیل بە سەر قەڵاتوکاندا دەڕوانێ، لە سەردەمی عوسمانیەکاندا قەڵایەکی گەورەی تورکی لێ بووە پێیان وتووە قەڵای تورکان، لە سەر زمان گۆڕاوەو بووەتە قەڵاتوکان.

لە یەکێک لە بۆسەکانی تیپی کوڕەشدا حەوت ئەفسەر کەوتنە بۆسەوەو کوژران، تیپی کوڕەش جگە لەوەی پارێزگاری سەرکردایەتی و مامجەلالیان دەکرد چالاکی هەمە جۆریان لە سنووری پشدەر ئەنجامدەدا.

## بـــــەرەو سیڕوان خــــۆشناوەتی

تیپی کوڕەش وەکو تیپەکانیتری (ی ن ک) بەشداریان لە شەڕی هێزی پشتیواندا کرد بۆ پشتیوانی لە هێزەکانی ڕۆژهەڵات، کۆمەڵە، (دیموکرات) دوای گەڕانەوە لە شەڕەکانی ڕۆژهەڵات لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی (ی ن ک) ئێران فشاری زۆری هێنایە سەر سنوورەکان، توژەڵە، لە باوزێ، سەر شیو کە بارەگای یەکێتی لێبوو لە ژێر فشاری ئێراندا بوون، هەر بۆیە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوون بە دوو بەشەوە.

کاک نەوشیروان، ملازم عومەر، بارەگاو پێشمەرگەکانیان چوونە سیڕوان لە بەری مەرگە، بارەگای ڕاگەیاندن و ئیزگە گواستیانەوە بۆ بەرگەڵو مامجەلال چووە ناوچەی خۆشناوەتی و لە (خەتێ) مایەوە، دوای هەفتەیەک لە ڕۆیشتنی مامجەلال بۆ خۆشناوەتی، محەمەد وەتمان و تیپی کوڕەش چوونە لای مامجەلال بۆ خەتێ.

لە گەڵ گواستنەوەی بارەگاکانی (ی ن ک) قۆپی مامەندە تەسلیم بە هێزی (گیا ڕەنگ)ی حزبی دیموکرات کرا کە مەلا حەسەنی شیوە سەڵی فەرماندەی بوو، ئەوان وتیان سودی لێدەبینین بەڵام دوای فراوانبوونی شەڕی عێراق ئێران حزبی دیموکرات قوتەی مامەندەیان جێهێشت و حکومەتی عێراق دەستیبە سەردا گرت.

دوای ماوەیەک کاک نەوشیروان و ملازم عومەر هاتنە خەتێ و بەری مەرگەیان چۆڵکرد، تا گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ لەوێ مانەوە.

## لــــێکدانی دوو تــــیپ

کاک نەوشیروان و ملازم عومەر لە سیڕوان نەمانەوە هاتنە خەتێ، لە خەتێ گۆڕانکاریەک لە تیپەکاندا کرا تیپی (٤٣)ی ئاسۆس و ٦١ی کوڕەشیان لێکداو کردیانە یەک تیپ، محەمەد وەتمانیان کرد بە فەرماندەی تیپەکە.

مامجەلال، کاک نەوشیروان، ملازم عومەر میوانداری هەر دوو تیپەکەیانکرد لە خەتێ لە گەڵیان کۆبوونەوە بڕیاردرا محەمەد وەتمان بڕواتە دۆڵی جافەتی، بەڵام مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیەکیان کردوو بڕیارەکەیان هەڵوەشاندەوە وتیان ئێمە پێویستمان بە بناری قەندیل هەیە پێشمەرگە بچێتەوە، بە محەمەد وەتمانیان وت ئەگەر تۆ نەچیتە ئەوێ کێ بچێتە ئەوێ، ئەگەر وەکو پارتیزانیش بێت دەبێت بچیتەوە بناری قەندیل و ناوچەی شێنێ، محەمەد وەتمان ووتی بە سەرچاو خۆ من بڕیارم نەداوە خۆتان بڕیارتان داوە بەڵام یەک داواکاریم هەیە پێشمەرگە بە تەمەنەکان نابەمەوە بناری قەندیل لەم ناوچەیە بارەگایەکیان بۆ دەکەمەوەو جێیان دێڵم، لە دۆڵە ڕەقە بارەگایەکی بۆ کردنەوەو زۆربەی تیپەکە هاتنە بناری قەندیل.

## پـــایزی ســـــاڵی 1983
## مـــــانگی (10)

تیپی کوڕەش هاتنەوە بناری قەندیل، ناوچەکە چۆڵ بوو بۆنی خوێنی لێدەهات، تەنها (شێنێ) ٣٥ ماڵی لێبوو.

شێنێ (١٠٠) ماڵی لێ نیشتەجێبوو بەڵام لە کاتی هاتنی شەپۆلی خێزانەکانی حزبی دیموکرات، دوای شەڕی هێزی پشتیوان کە لە ژاراوا گیرسانەوە خەڵکی (شێنێ)ش بەشێکی لە گەڵ ئەو شەپۆلە هات و لە قەڵادزێ و ئۆردوگاکان مانەوە تیپی کوڕەش نەیاندەتوانی بارەگا دابنێن بەردەوام لە گەڕاندا بوون بە ناوچەکەدا.

## چـــــالاکی بەرد قـــــەڵیشو

لە بەرد قڵیشو فەوجێکی لێبوو لیواش لە شەرویێت بوو پێشمەرگەکانی تیپی کوڕەش لە نێوان لیواو فەوجەکە بۆسەیەکیان دانا، چەند سەربازێکیان کوشت و چەند چەکێکیان دەستکەوت، ئەو چالاکیە لە ناوچەکە دەنگیدایەوە کە پێشمەرگە هاتووەتەوە پشدەر.

محەمەد وەتمان پەیوەندیکرد بە کەسوکارەوە لە شێنێ و قەڵادزێ و شوێنەکانیتر ئەوانیش ئازوقەو خواردنیان بۆ ناردن بە وڵاخدارو کاروانچیدا.

تیپی کوڕەش بارەگایەکیان بە زەحمەت دانا تاوەکو گفتوگۆ دەستیپێکرد، کە گفتوگۆ دەستیپێکرد بارەگای تیپیان هێنایە سونێ، سوپای عێراق لە کانی شینکە بوو، پەیوەندیان لە گەڵ سوپای عێراق بۆ درووستکردن تا بێنە قەڵادزێ و پێداویستی و ئازوقە بەرن، لە ماوەی گفتوگۆدا تیپی کوڕەش لە سونێ مانەوە.

## پـــێش تێکچوونەوەی گـــــفتوگۆ

مەکتەبی سیاسی دەیزانی گفتوگۆ سەرکەوتو نابێت محەمەد وەتمانیان بانگکردە (سێروان) داوایانکرد هێزێک لە گەڵ خۆیدا بەرێت، (٥٠) پێشمەرگەی لە گەڵ خۆیدا بردو چووە (سێروان) شوێنێکیان پێسپاردن دەکەوێتە خوار سێروان پێی دەڵێن (دارەبەن).

## لـــێدانی کەمینی دوژمـــن

مەفرەزەیەکی تیپی ٦١ کوڕەش بە هەندێک ئیشووکاری پێشمەرگانە ڕۆیشتبوون لە (تۆڵە ئیشکە) تووشی کەمینی سەربازی بوون شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و سەربازەکانی دوژمندا درووست بوو، لە کاتژمێر ١١ تا ٢ی شەو شەڕ بەردەوام بوو.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب و شەش سەرباز، ژمارەیەکیش برینداربوو.

لەو شەڕەدا ٩ پێشمەرگە برینداربوون، برینەکانیان سووک بوو.

**دەستکەوت**

٤ کلاشنکۆف

١ جیهازی بی کەی سی

## پـــەیوەندی لە گەڵ ئـــێران

دوای چەند ڕۆژێک کاک نەوشیروان ناردی بە دوای محەمەد وەتماندا، کە چوو ملازم عومەریش لەوێ بوو محەمەد وەتمان ووتی ئەمرکە کاک نەوشیروان ووتی من ئیشم پێت نییە مامجەلال ئیشی پێتە، ئێستە دەچین بۆ لای مامجەلال، هەستان چوونە لای مامجەلال، مامجەلال بە محەمەد وەتمانی ووت تۆ پەیوەندیەکت هەیە لە گەڵ ئێرانییەکان، محەمەد وەتمان ووتی شتێکی کەمم هەیە[٦] مامجەلال ووتی پەیوەندیەکەت چۆنە، محەمەد وەتمان ووتی خراپ نییە بەڵام پرسی کاک نەوشیروانم کردووە پێشتر، کاک نەوشیروان ووتی ڕاست دەکات، مامجەلال ووتی جا من دەمەوێت ئەم پەیوەندییە پەرە پێبدرێت[٧] محەمەد وەتمان ووتی مامجەلال من ناتوانم، مامجەلال ووتی بۆ ناتوانی ئەوە فەرمانی مەکتەبی سیاسییەو هەمووان ئاگامان لێیەتی هەرسێکمان بەرپرسین لە شۆڕش بڕۆ هێزەکەت بەرەو درێژە بەو پەیوەندییە بدەو پەرەی پێبدە، حەمە وەتمان دیسان ووتی ناتوانم، مامجەلال ووتی چۆن ناتوانی بۆ تا ئێستا پەیوەندیت هەبووە، محەمەد وەتمان ووتی شتێکی کەم و ناوچەیی بووە بۆ خۆم بووە من لێپرسراو نیم لە یەکێتی ڕەنگە ئەوانیش متمانەم پێنەکەن، دواتر حزبی دیموکرات لە نێوان ئێمەو جمهوری ئیسلامی هەیە دەبێت بە ناو گۆڕە شێردا ڕەتبم ئەوە بکەم، مامجەلال ووتی ئەی چۆن دەکرێت، محەمەد وەتمان ووتی ئاوا دەکرێت نامەیەکم بۆ بنووسە با پێم بێت بۆ دوا ڕۆژی خۆم ئەمە کارێکی خەتەرناکە، ئەوە ووڵاتێکی داگیرکەرە منیش خۆم بە کەسێکی شۆڕشگێڕ دەزانم، مامجەلال قەڵەمی دەرهێناو نووسی حەمەی وەتمان نوێنەری (ی ن ک)ە بۆ هەر کارێک کە بیکات، محەمەد وەتمان نامەکەی مامجەلالی وەرگرتوو ڕۆیشت، لە ڕێگادا بوو شەڕی دابان هەلاج دەستیپێکردو گفتوگۆ کۆتایی هات.

محەمەد وەتمان بێتەلێکی پێبوو پەیوەندی تایبەت و ڕاستەوخۆی لە گەڵ مامجەلال هەبوو جفرەیەک لە نێوانیاندا بوو، محەمەد وەتمان بەڕێگەوە بوو مامجەلال بە جفرە پێیوت پەلە بکە.

---

[٦] پێشتر محەمەد وەتمان بە ئاگاداری کاک نەوشیروان پەیوەندی لە گەڵ ئێرانیەکان درووست کردبوو، هەندێک جار هەدیەی بۆ دەناردن.
[٧] بە هۆی شەڕەکانی هێزی پشتیوانەوە پەیوەندی یەکێتی لە گەڵ ئێران پچڕا بوو.

محەمەد وەتمان کەسێکی نارد بۆ لای فەرماندەی پاسداران لە سەر سنوور تا پێی بڵێ محەمەد وەتمان دەیەوێت جگە لە تۆ لێپرسراوانی دیکەی جمهوری ئیسلامی ببینێ، وەڵامەکە هاتەوە ڕۆژێکیان بۆ دیاریکرد دەبووایە بە شەو بڕوات، شەوێکی ساردو تەزیو بوو بەفرێکی زۆر باریبوو، چووە ساوان پایگایەکی ئێرانی لێبوو، چوار پێشمەرگە بە چەکەوە لە گەڵ محەمەد وەتمان بوون.

## بـــینینی نوێنەری کۆماری ئـــیسلامی

محەمەد وەتمان کوڕێکی ڕۆژهەڵاتی کۆنە پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی لە گەڵ بوو، لای محەمەد وەتمان ببووە پێشمەرگە زمانی فارسی زۆر باش دەزانی سێ ڕۆژ چاوەڕێیانکرد تا نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران هات، کەسێک هات ناوی مەجیدی بوو نوێنەری ئایەتوڵڵا مونتەزیری بوو نەیانتوانی بێنە ساوان هاتنە ئاڵوەتان، محەمەد وەتمان بە ئۆتۆمبێلی پاسدارەکان چووە ئاڵوەتان، پێیوتن ئەمجارە وەکو (ی ن ک) قسەتان لە گەڵ دەکەم، یەکێتی دەیەوێت لە گەڵ ئێوە پەیوەندی و دۆستایەتی تازە بکاتەوە، هاتووچۆمان هەبێت، نامەکەی مامجەلالی نیشاندان، نوێنەری کۆماری ئیسلامی ووتی نامەکەم بدەرێ، محەمەد وەتمان نامەکەی نەدانێ ووتی ئەوە بۆ خۆمە.

لە نێوان محەمەد وەتمان و نوێنەری کۆماری ئیسلامی پێشمەرگەیەکی محەمەد وەتمان وەرگێڕ بوو، ووتیان ئەم پێشمەرگەیە لە کوێوە فێری ئەو فارسیە بووە محەمەد وەتمان ووتی ئەوە خەڵکی کوردستانی عێراقە لە شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بووە ئاوارە بووە لە کەرەج بووە لەوێ فارسی فێر بووە.

پەیوەندیەکانی ئێران یەکێتی لێرەوە دەستیپێکردوو بەرفراوان بوو، نامەی مۆرکراوی تیپی ٦١ی کوڕەش تا ڕەزاییە کاری پێدەکرا، بریندارو پێشمەرگەیان بە چەکەوە دەناردە ئێران.

## قـــــەڵادزێ

ڕۆژی ١٩٨٥/٨/١٩ پێشمەرگە جوامێرەکانی تیپی ٦١ کۆڕەش چوونە ناو شاری قـەڵادزێ عەریف ئینزباتێکیان دابـە بەر دەستڕێژی گولله و کوشتیان، دوژمن دەستیکرد بە تەقەکردن بەناو خەڵکیدا و هاووڵاتیەکی شاری قەڵادزێی شەهیدکرد.

## ئـــــۆردوگای ژاراوا

شەوی ٢٨-١٩٨٥/٨/٢٩ مەفرەزەیەکی تیپی ٦١ی کۆڕەش بۆ گەڕان بەدوای جاش و خۆفرۆشاندا چوونە ناو ئۆردوگای ژاراوا، پاش گەڕان و پشکنین چوونەماڵێک ٦ جاشی تێدابوو، پێشمەرگەکان چوونە ژورەوە و یەکێک لە جاشەکانیان چەککرد ئەوانیتر خۆیان هاویشتە دوای ژن و منالی ماڵەکە، پێشمەرگەکان بۆ پاراستنی گیانی ماڵەکە جاشەکانیان نەکوشت و وازیان لێهێنان.

**دەستکەوت**

یەک ڕەشاشی دکتاریۆف بوو.

دوای ئەو چالاکییە تیپی ٦١ کۆڕەش لە ڕێگەی ئێزگەوە ئاگادارییەکی بۆ خەڵکی پشدەر بڵاوکردەوە.

## دەقـــــی ئاگادارییەکە

داوا لەهەموو خەڵکی بە شەرەفی پشدەر دەکەین کە بەشەو جاش لە ماڵی خۆیان نەنێن دەنا خۆیان بەرپرسیاری هەموو ڕووداوێکن.

## تـــــۆپباران

ڕۆژی ١٩٨٥/٩/١١ ڕژێمی ئێران تۆپبارانێکی بەربڵاوی ناوچەکانی سنووری تیپی ٦١ی کۆڕەشی کردووبووە هۆی شەهیدبوونی (ئیبراهیم حاجی ڕەسوڵ).

## ســـــەلیم سەرسپی

سەلیم سەر سپی لێپرسراوی گومرکی مەڵبەندی (٣) بوو مامجەلال داوایکردبوو بچێتە یاخسەمەر، کاک سەلیم چووە شێنێ بە محەمەد وەتمانی ووت مامجەلال

داوایکردووم نازانم لە کویەوە بڕۆم، محەمەد وەتمان ووتی من دەتنێرم، ووتی بە کوێدا دەمنێریت، کاک محەمەد ووتی بە ئێراندا دەتنێرم، سەلیم سەرسپی ووتی چل پێشمەرگەم لە گەڵە بە چەکەوە محەمەد وەتمان ووتی هەر چل پێشمەرگەکەت بە چەکەوە بۆ دەنێرم.

ناردیان دوو پاسیان بۆ هێنان بۆ قاسمە ڕەش لەوێ سواری پاسیانکردن بۆ (ئەشکان) بە ناو ئێراندا ڕۆیشتن، بە ماوەیەکی کەم گەیشتنە یاخسەمەر، مامجەلال لە سەلیم سەرسپی پرسیبوو لە کوێوە هاتی، وتبووی حەمە وەتمان ناردوومی مامجەلال وتبووی ئاخر لە کوێوە ناردتی، حەمە وەتمان کۆپتەری هەیە چی هەیە، وتبوی بە ناو ئێراندا هاتم نانم لە سەردەشت خوارد بە پاس هەتا ئەشکان هاتین ئەوە گەیشتووینە ئێرە.

## دلـــێری سەید مـــەجید

محەمەد وەتمان لە پەیوەندیەکە بێزار ببوو، بە سەرکردایەتی ووت کەسێک دیاری بکەن بۆ پەیوەندیەکان لە گەڵ ئێران من کۆتایی پێدێنم.

مامجەلال و کاک نەوشیروان دلێری سەید مەجیدیان بانگکرد دایانە دەست محەمەد وەتمان ئەویش بردی لە سەردەشت تەسلیمی قەرارگەی ڕەمەزانی کرد، محەمەد وەتمان بە قەرارگەی ووت لەمڕۆوە من ناتانناسم ئێوەش من ناناسن، ئەوە کاک دلێری سەید مەجیدە نوێنەری (ی ن ک).

## نـــــامەکەی کاک مـــەسعود

محەمەد وەتمان جگە لەوەی فەرماندەیەکی سەربازی بوو بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە خاوەن تواناو وزەیەکی باش بوو، لە ڕووی ڕێکخراوەیشەوە نزیکەی (٨) هێڵی ڕێکخستنی لە ناو شارەکاندا هەبوو.

دوو کادری پارتی لە ئۆردوگای کۆڕی گاوانان لە ناوچەکانی موسڵ گیریان خواردبوو نەیاندەتوانی بگەنە سەرکردایەتی پارتی، لە ئەنفال بوو کاک مەسعود

نامەیەکی بە ئازاد قەرەداخیدا بۆ محەمەد وەتمان نارد کە ئەو دوو کادرەیان بۆ دەرباز بکات، محەمەد وەتمان ووتی بۆتان دەرباز دەکەم بەڵام باوەڕ ناکەن، ئێوە نامەیەکیان بۆ بنووسن، ئازاد بەرواری نامەیەکی بۆ هەر دوو کادیرەکە نووسی، محەمەد وەتمان نامەکەی بە کەسێکدا نارد هەر دوو کادرەکەی پارتی لە موسڵەوە هێناو ناردنیە لای پارتی.

## گـــواستنەوەی ئـــــیزگە

لە ئەنفالی یەکدا دۆڵی جافەتی چۆڵیکرد، مامجەلال بانگی محەمەد وەتمانی کرد کاک ئەرسەلانیش لەوێ بوو، مامجەلال بە ئەرسەلان بایزی ووت ڕادیۆکە بپێچەرەوەو ئەمشەو تەسلیمی محەمەد وەتمانیکە تراکتۆرێکی بۆ بگرن ئەوەی خەتی تراکتۆری هەیە بە تراکتۆر بیبەن نابێت لە سێ شەو زیاتر ئیزگە بێدەنگ بێت، ئیزگە پێچرایەوەو تەسلیمی محەمەد وەتمان کرا تا پشت سۆفیان بە تراکتۆر بردیان لەوێشەوە بە وڵاخ هێندرایە سندۆڵان، لە سندۆڵان پەڕاندیانەوە ژاراوا، لەوێشەوە بۆ دۆڵە کۆگە، ئیزگە بە شەوو ڕۆژێک گەیشتە دۆڵە کۆگە، بۆ دووەم شەو کەوتەوە ئیش.

## شـــــەڕی ســـــادر

شەڕی سادر یەک ڕۆژی خایاند تیپی کورەش ڕۆڵی دیاری تیا هەبوو.

## ئـــــامادە سازی ڕاپـــــەڕین

کاک نەوشیروان، ملازم عومەر، بانگی محەمەد وەتمانیان کرد ژمارەیەکی زۆر نامەیاندایە تا بیگەیەنێتە کەسایەتی کۆمەڵایەتی و موستەشارو پیاوانی ڕژێم، هەتا نامەی بۆ ئامر لیواو قائید فیرقەش تیا بوو تا بە ڕێگەی جیاواز بگەیەندرێتە دەستیان، یان فڕێ بدرێتە سەربازگەکان، نامەکان نێردران بۆ حاجی عەلی، گەیەندرانە شوێنی خۆی لە ڕاپەڕیندا محەمەد وەتمان جێگری میحوەر بوو لە گەڵ کاک کۆسرەت هاتنە ڕانیە.

وە ز

# تـــيپى 63ى جــــوتياران
# چـــوارده

## تـــیپی 63ی جـــــوتیاران

سالّی ١٩٨٢ هەرێمەکان هەڵوەشانەوە لە جێگەیان تیپەکان درووستکران، هەرێمی (١٠)ی جووتیاران کرایە تیپی ٦٣ی جوتیاران کە لە حەوت کەرتی پێشمەرگە پێکهات بەمجۆرە:

+ محەمەد ڕازانی فەرماندەی تیپی ٦٣ی جووتیاران.

+ مەولود هێرۆیی جێگری فەرماندەی تیپ.

فــەرماندە کەرتەکان

١/ مەحموود ڕازانی

٢/ عەبدوڵڵا مەحموود

٣/ عەبدوڵڵا هەمزە

٤/ کوردە چاوشین

٥/ عەبدوڵڵا وسو

٦/ ئەحمەد هێرۆیی

٧/ ئەحمەد حەسەن

٨/ مام جوتیار

بارەگای تیپی جوتیاران سەرەتا لە سەرشیو بوو، لە سالّی (١٩٨٥) دوای ئەوەی مەولود هێرۆیی کرایە فەرماندەی تیپی (٦٥)ی بلّفەت مام جوتیار کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٦٣ی جوتیاران.

دوای درووستبوونی تیپی جوتیاران کەوتنە چالاکی لە سنووری پشدەر ئاسۆس و ناوچەکانی دیکەی کوردستان ، جگە لە چالاکیە هاوبەش و گەورەکان لە ناوچەی پشدەر دەیان چالاکیان ئەنجامدا.

## مـــەفرەزەی مەکتەبی عـــەسکەری
## بـــــەهاری 1981
## چالاکی نـــاو قەڵادزێ

مەفرەزەیەکی مەکتەبی عەسکەری لە بەهاری ساڵی ١٩٨١ چوونە ناو شاری قەڵادزێ لە ماڵی کەسێک بە ناوی (حسێن) دابەشبوون بۆ نانخواردن، خەریکی نانخواردن بوون و تەقە دەستیپێکرد.

مەفرەزەکەی مەکتەبی عەسکەری لە ماڵەکە هاتنە دەرەوە چوونە بەرانبەر میوانخانەی مەلا خدر، لە سیلەی کۆڵانێکەوە لە ڕەبییەیەکی دوژمنیاندا لە ناو قەڵادزێ.

حسێن جنوبی نارنجۆک ئەندازی پێبوو دوو گوللەی نارنجۆک ئەندازی بەرەو ڕووی فیرقە تەقاند دوو گوللەش بەرەو گردی حوسنی، عەلی حاجی شەریف بە ژێرسێ تەقەی دەکرد پێشمەرگەکانیتریش بە کلاشینکۆف، ناو شاری قەڵادزێ ئاڵۆز بوو لە گردی (حوسنی)یەوە تەقە دەستیپێکرد.

پێشمەرگەکان لە بەری کانی زێن و سەرکەپکان و خڕی کوردێدا گەیشتنە بنەوشان چوونە ماڵی شێخ حسێن.

دوای شـەڕو پێکدان لە ناو قـەڵادزێ لە بنەوشانەوە چوونە بـەری کەڵەکان لەوێشەوە بۆ هەنجیرەو سەرچیاو دیوی مەرگە، لە کانی زەردەوە بەرەو سەرگەڵو.

قادر سەلاح فەرماندەی مەفرەزەکە بوو عەلی حاجی شەریف و حسێن جنوبی و چەند پێشمەرگەیەکیتر لە مەفرەزەکە بوون.

مەفرەزەی مەکتەبی عەسکەری چەندین چالاکییان لە ناو شاری قەڵادزێ و شارو شارۆچکەکانیتر ئەنجامدا.

## چـــــالاکی بێگەڵاس

مەحموود ڕازانی، ڕەحیمی حاجی خدر، فەقێ ئەحمەد بۆسەیەکیان بۆ سەربازی ڕەبییەکان دانا چەند سەربازێک بەرەو شوێنی بۆسەکە هاتن، سەرەتا سەربازێک دەرکەوت کلاشینکۆفێکی مزەللی پێبوو ویستیان سەربازەکە بگرن پێنج سەربازیتر دەرکەوتن پێنج ولاخیان پێبوو تەقەیان لێکردن و هەر پێنجیان کوشتن، ئەو سەربازەی سەرەتا تێپەڕی و نەیانگرت تەقەی لێکردن پێشمەرگەکان چوونە سەری لە دەوەنێکدا خۆی پەنا دابوو چەکەکانیان هێناو گەڕانەوە.

## چـــــالاکی قورمتێنان هاوینی ســـاڵی 1982

مەفرەزەیەک لە تیپی جوتیاران، محەمەد ڕازانی، حەسەنە سوور، مام ڕەسوڵ، مەحموود ڕازانی بۆسەیەکیان دانا دوو سەربازەکە کەوتنە بۆسەکەوەو کوژران، دوژمن تۆپبارانی ناوچەکەیکرد پوش و پەلاش گڕیگرت.

## نـــــاو شاری قـــەلادزێ /چـــالاکی

پێشمەرگەیەکی قارەمانی کەرتی حەوتی تیپی ٦٣ی جوتیاران لە ڕۆژی ١٩٨٣/١/١٧ دوای ئەنجامدانی چالاکیەک لە ناو شاری قەلادزێ دەگەڕایەوە لە گەڵ پێشمەرگەیەکی تیپی ٤٣ی ئاسۆس یەکیانگرت، بەرەنگاری هێزی دوژمن بوونەوە لە ئەنجامدا دوو قوات خاسەیان بریندار کرد هەر دوو پێشمەرگەکە سەرکەوتووانە گەڕانەوە بارەگاکانیان.

## نـــــاو قەلادزێ

مەفرەزەیەکی هاوبەشی کەرتەکانی (٢، ٣، ٦، ٧)ی تیپی ٦٣ی جوتیاران لە شـەوی ١٩٨٣/١/١٩/١٨ چوونە ناو شـاری قـەلادزێ و بۆ مـاوەی نیو کاتژمێر ئاگربارانی ڕەبیەی بەری سەرکەپکانیان کرد بەلام زیانی دوژمن نەزانراو بوو، پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێ زیان گەڕانەوە.

ئەنجامدانی چالاکی لە ناو شاردا گرنگی خۆی هەبوو دوژمن شارەکانی بە قەڵای بەهێزی خۆی دەزانی بەڵام پێشمەرگە لە ناو قەڵادزێ قەڵای دوژمنیان دەهەژاند.

## گـــۆڕینی مـــۆر

ڕۆژی (٥)ی شوباتی ساڵی ١٩٨٣ مەکتەبی عەسکەری مۆری خۆی گۆڕی، بۆ ئەو مەبەستە لە دەنگی شۆڕشی عێراقەوە ئاگاداری بڵاوکردەوە.

ئەمەش دەقی ئاگادارییەکەیە:

## ئاگادارییەك لە مەكتەبی عەسكەری

هاووڵاتیانی بەشەرەف و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە مەکتەبی عەسکەری (ی ن ک) بە پێی پێویست بڕیاریدا کە مۆری تایبەتی خۆی بگۆڕێ، بۆیە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەدواوە هیچ نوسراوێک بە مۆری کۆنی مەکتەبی عەسکەری ناخوات تکایە ئاگادار بن.

مەکتەبی عەسکەری

(ی ن ک)

## گــــــردە بێناس

پـــەلاماری عـــێراق- ئـــیران، قیادە موەقەتە، حسک، شیوعی، بۆسەر سەنگەرەکانی هەر سێ تیپی ٦٣ی جوتیاران، ٤٤ی چەکوچ، ٤٣ی ئاسۆس

ڕژێمی ئێران بە هێزێکی زۆری پاسدارو بە پشتیوانی قیادە موەقەتە، حسک، حزبی شیوعی عێراقی پەلاماری تیپی ٦٣ی جووتیارانیاندا، لە بەرزاییەکانی بڵفەت، باژێڕ، ڕۆستەم ئاڵیان، قارەمانەکانی تیپی جوتیاران بە فەرماندەیی محەمەد ڕازانی، مەولود شێنەیی، مام جوتیارو فەرماندەکانیتر بەرپەرچی هێرشە سێ قۆڵیەکەیان دایەوە لەو پەلامارەدا دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت لەهێزی پێشمەرگەش، مەلا برایمی باوزێ پێشمەرگەی قارەمانی تیپی جوتیاران شەهید بوو.

لە لایەکیترەوە ڕژێمی عێراق، تۆپبارانی ناوچەکانی دەشتێ و چەکوان و گردەبێناسی کرد، بە پاڵپشتی جاش و تانک و زرێپۆش و کۆپتەرو تۆپی قورس، پەلاماری سەنگەرەکانی تیپە قارەمانەکانی ٦٣ی جوتیاران و ٤٤ی چەکوچ و ٤٣ی ئاسۆسی دا لە گردبێناس و دەشتێوو چەکوان، قارەمانەکانی جووتیاران و چەکوان و ئاسۆس هەر یەکە لە قۆڵی خۆیەوە بەرپەرچی پەلامارەکانی داگیرکەریاندایەوەو تێکیانشکاندن.

جگە لە پێشمەرگەکانی ئەو سێ تیپە قارەمانە پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی ئاڵای ڕزگـاری، کەرتی چـواری هەرێمی پارێزگاری و هێزی پشتگیری لە هەر دوو پەلامارەکەی ئێران و هاوکارەکانی و عێراق و جاش، بەشداریان کردو ڕۆڵی دیاریان بینی تەنها لەم شەڕانەدا زیانی دوژمن، ٧٠ کوژراو بوو کە ٢٧ کوژراویان لە بەردەم پێشمەرگە دابوون..

مـــەکتەبی عـــەسکەری

## شەڕی کـــەڵەکان
## 1982/10/8

مەفرەزەیەکی مەکتەبی عەسکەری بە فەرماندەیی جەلالی ئەحمەد خەلیل کە پێکهاتبوون لە (١٧) پێشمەرگە، مەمەندی عەولا بەراز، حسێن، تەها بەکرە درێژ، سەباح، بەکری حەمە سدیق و عەلی حاجی شەریف چەکوانی و چەند پێشمەرگەیەکیتر هاتنە ناوچەی قەڵادزێ و ماوەی (٨) مانگ لە کەڵەکان مانەوەو بارەگایان دانا.

ئەو مەفرەزەیە شەوانە دەچوونە ناو شاری قەڵادزێ و چالاکییان ئەنجامدەدا، جاش و سیخوڕی دوژمنیان دەستگیر دەکردو لە فیرقە و (گردی حوسنی)یان دەدا.

مەفرەزەکەی مەکتەبی عەسکەری لە کەڵەکان جێگیر بوون شەوانە تا دەمەو بەیان چەند پێشمەرگەیەک لە دەم زێ ئێشکگر و کەمین بوون.

مامە ڕیشە هاتە ناوچەی قەڵادزێ مەفرەزەکەی مەکتەبی عەسکەری پێشوازییان لێکردو لە گەڵ مامە ڕیشە چوونە ماڵی حاجی سەید لە سندۆڵان حاجی سەید

میوانداریکردن، دوای نانخواردن بەشێک لە هێزەکەی مەکتەبی عەسکەری گەڕانەوە کەڵەکان بەشێکیش لە سندۆڵان مانەوە.

دوو ڕۆژ دوای گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی مەکتەبی عەسکەری بۆ کەڵەکان هێزێکی جاش و سەرباز گەمارۆی کەڵەکانیاندا، پێشی دێی کەڵەکانیان گرت و بەرە بەیان تەقە دەستپێکرد.

حەوت پێشمەرگە بوون ئێوارەکەی شەفیق ڕێوییەکی کوشت برژاندیان و خواردیان، خالید مەلا مستەفا، موحسین ئەحمەد سدیق، کاوەی پور سەبیح، شەفیق تۆفیق، عەلی حاجی شەریف، عەولا ڕەسام و ئەحمەدە کۆڵ بە ورەیەکی بەرزەوە ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوە.

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٢/١٠/٨ بو تەقە دەستپێکرد پێشمەرگەکان لە پشتی دێوە بەرەو بەرزاییەکانی هەنجیرە ڕۆیشتن دوو کیلۆمەتر لە کەڵەکان دوور کەوتنەوەو کەوتنە بۆسەی جاشەوەو شەڕ درووست بوو کاوەی پور سەبیح فیشەکێک بەر قاچی کەوت ووتی عەلی سوور بەجێممەهێڵە، عەلی سووری حاجی شەریف چوار پێنج فیشەک بەر شەڕواڵەکەی کەوتبوو

لەو بۆسەیەدا کاوەی پور سەبیح، ئەولای ڕەسام، شەفیق، کەوتنە دەست دوژمن، پێشمەرگەکانیتر گەڕانەوە ناو دێی کەڵەکان.

عەلی حاجی شەریف بەرەو شاخەکە تەقەی دەکرد تاوەکو نەکەونە دەست دوژمن، ئەحمەدو خالید و موحسین و عەلی حاجی شەریف لە ناو دێ بوون بەرگری قارەمانانەیان دەکرد.

مام حسێن خەڵکی کەڵەکان بوو دووکانی وردەواڵەی هەبوو بە پێشمەرگەکانی ووت وەرنە ناو ئەو کادێنە خۆتان بشارنەوە، ئەحمەدە کۆڵ چووە ناو کادێنەکە خۆی شاردەوە.

خالیدو موحسین و عەلی حاجی شەریف مانەوە لە کەڵەکان دەرچوون بەرەو بناویلێ، کۆپتەر بە سەر ئاسمانی شەڕەکەوە بوو بە دۆشکاو ڕۆکێت لە پێشمەرگەکانی دەدا.

جۆگەیەک لە کەڵەکانەوە بـەرەو بناویلە هەڵبەسترابوو، خالید و محسن و عەلی بە دەم جۆگەکەدا ڕۆیشتن، ورشەی ئاربیجییەک هات عەلی حاجی شەریفی سوڕاندەوەو کەوت لە دەم «زیٚ»وە بیکەیسی جاشەکان تەقەی دەکرد، نزیکەی (١٥٠) مەترێک لە کەڵەکان دوورکەوتنەوە.

خالیدی مەلا مستەفا لە دەم جۆگەکەدا هەستایە سەرپێ و تەقەیکرد فیشەکێک بەر سنگی کەوت لە شوێنی خۆیدا خولایەوەو کەوت، سێ مەتر لە عەلی دوور بوو هاواریکرد جێم مەهێڵن دەرفەتی دەرباز بوونی نەبوو عەلی گەڕایەوە سەری و دەمانچەکەی هەڵگرت.

موحسین ژێرسێی پێبوو دوای شەهید بوونی خالیدی مەلا مستەفا هەستایە سەر پێ و دوو شانەی فیشەکی بەیەکەوە تەقاند فیشەکێکی قەنناس بەر سەریکەوت و شەهید بوو عەلی حاجی شەریف مایەوە.

عەلی ماوەی نیو کاتژمێر لە سەر سنگ و بە سنگێ خشێ ڕۆیشت تا بگاتە بناویلێ دوو فیشەک بەر پشت و تۆپی سمتی کەوت گوێی لە دەنگی جاشەکان بوو دەیانووت ئەوەتا مەهێڵن هەڵبێت.

عەلی بەدەم جۆگە ئاوەکەدا لە سەر سنگ دەڕۆیشت و خوێنی لێدەچۆڕا بە دەم ئازاری برینەکەیەوە بەرەو بناویلێ ڕۆیشت شەلاڵ ببوو لە خوێندا.

عەلی حاجی شەریف گەیشتە بناویلێ هێندە شەکەت و ماندوو بوو بە دەم ئـازارەوە دوو جار ویستی خۆی هەڵداتە ناو زێوە ، عەلی بەدەم ئـازارو خوێن لێڕۆیشتنەوە گەیشتە کێلە سپی و بەرەو شاخەکە هەڵگەڕا، شوێنێکی لێبوو وەکو ئەشکەوت وابوو ئاوی تیا بوو دەمی نا بە ئاوەکەوە و تینویەتی شکاند.

ڕەوە کۆپتەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەتووت زەردەواڵەیە دەسوڕێنەوە، بە ناو شاخ و دۆڵەکاندا دەگەڕان نزم دەبوونەوەو لووتیان دەنا بە کونی ئەشکەوت و دەربەندو چەم و هەموو پەناگەیەکدا.

## شـــوانێك ڕزگاریكرد

تا کۆپتەرەکان ئاسمانی ناوچەکەیان جێهێشت و لە تەق و تۆق کەوتن عەلی حاجی شەریف گەڵای دابوو بە سەر خۆیدا تا کۆپتەرەکان نەیبینن.

کاتێک کۆپتەرەکان دوورکەوتنەوە عەلی حاجی شەریف شوانێکی بەدیکرد و هاواری لێکرد من پێشمەرگەم بریندار بووم لە کەلەکانەوە هاتووم.

شوانەکە ناوی عەبدوڵلا بوو خەڵکی مەرگە بوو بەرەو لای عەلی حاجی شەریف هات سواری گوێدرێژێکیکرد بە سەر پشتی گوێدرێژەکەدا شۆڕیکردەوەو توند شەتەکیداو بەرەو سەر چیا بردی نزیک بە کاتژمێرێک بە سەر پشتی گوێدرێژێکەوە خوێنی لێدەچۆڕا لە ڕێگە چەند جارێک لە هۆش خۆی چوو عەبدوڵلا مەرگەیی ئاوی دەدایە، شیری مەڕی دەدایە دەهاتەوە هۆش خۆی.

عەلی حاجی شەریف بە سەر پشتی گوێدرێژەکەوە گەیشتە سەر چیا، عەبدوڵلا مەرگەیی مەڕەکانی مۆڵاند تۆپخانەی دوژمن لە گردی حوسنی قەڵادزێوە زیاتر لە (٢٠) تۆپی لە مەڕەکانداو چەند مەڕێکی کوشت.

## بـــرینەکەی عەلی حاجی شـــەریف

عەبدوڵلا مەرگەیی عەلی حاجی شەریفی بردە ناو ئەشکەوتێک ئاگری کردەوەو چای لێنا، بە ڕۆنی کوردی برینەکەی بۆ چەور کرد پشتێنەکەی دڕی و سێ پڵێتەی لێ دروست کردو کردیە ناو برینەکانیەوە عەلی حاجی شەریف شەوو ڕۆژێک لە ناو ئەشکەوتەکەدا مایەوە بەڵام بێدار بوو لە تاو ئازار خەو نەچووە چاوی عەبدوڵلا مەرگەیی تێگوشیوی شیری بۆ کرد عەلی تێگوشەکەی خوارد.

بۆ بەیانی عەلی حاجی شەریفی سواری گوێدرێژەکەی کردوو بردیە مەرگە لەوێشەوە بەرەو سەردەشت و ڕەزاییە بەڕێیانکرد.

- لە شەڕی کەڵەکان کاک ئەحمەد کە چووە ناو کادێنەکەیماڵی مام (حسێن) ەوە لە ناو دێ، دوای نەمانی تەقە و تەواو بوونی شەڕەکە ڕزگاریبوو.
- ئەو پێشمەرگانەی دەستگیر کران و بریندار بوون کاوەی پور سەبیح کە

به برینداری دەستگیر کرا له هەیئەی کەرکوک له ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو هێنرایەوە قەڵادزێ و به خاک سپێردرا.

عەبدوڵڵای ڕەسام و شەفیق تۆفیق حوکمدران دواتر بەر لێبوردن کەوتن و ئازاد بوون.

**شەهیدەکان**

١/ کاوەی پور سەبیح

٢/ خالیدی مەلا مستەفا

ئەم دوو پێشمەرگەیە بە یەکەوە لە نزیک کەڵەکان شەهید بوون.

٣/ شەهید کاوەی پور سەبیح

شەهید کاوە بە برینداری دەستگیر کراو لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو.

## عـــەلی حاجی شـــەریف

دوای چاکبوونەوەی عەلی حاجی شەریف و گەڕانەوەی دەمانچەکەی شەهید خالیدی دایەوە دەست

بنەماڵەکەی.

## گـــردە بێنـــاس[8]

## 1983/6/24

بەشێک لە کەرتێکی تیپی ٦٣ جوتیاران کە لە ١٤ پێشمەرگە پێکهاتبوون بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا هەمزە لە گردە بێناس و سەرکانی (بە دوێڵ) بوون کە بە سەرباوزێدا دەڕوانێت.

ئەرکی شەوانەی پێشمەرگەکان لە گردە بێناس بوو ڕۆژانـەش دەگەڕانەوە سەرکانیەکە بۆ نانخواردن و پشوودان چەند پێشمەرگەیەک لە گردەبێناس جێدەمان تا چاودێری ناوچەکە بکەن، ئێوارەش هەمووان سەردەکەوتنە سەر گردەبێناس.

عەبدوڵڵا هەمزە، موختارە درێژ، حەمەدەمین حاجی خدر، محەمەدی حاجی مەحموود لە گردە بێناس بوون، کاتژمێر ١٠ی بەیانی بوو گوێیان لە دەنگ و هاڕە بوو کە تەماشایانکرد لە سەر ئەو ڕێگەیەی کە دەڕوات بۆ گەناو کۆپتەر بە نزمی

٨ گردە بێناس سەر بە ناحیەی هێرۆیە هاوشانی شاخی کوریسەو دەڕوانێتە چیای ئاسۆس.

دەهات تا نزیک بوونەوە لە گردە بێناس عەبدوڵلا هەمزە ئاگاداری پێشمەرگەکانی سەرکانی (دوێڵ)ی کرد بێنە سەرەوە.[٩]

کورێکی باوزی هاتبووە سەر کانیەکە بە پێشمەرگەکانی ووت دوژمن لە نورەدین و کەویٚ جمووجۆڵیان هەیە مامۆستا جەمال تاهیر لە ڕێگەی بێتەل قسەی لە گەڵ پێشمەرگەکانی گردە بێناس کرد تا بچنە ڕۆستەم ئاڵیان بەڵام کە پێیان ووت دوژمن جمووجۆڵی هەیە ووتی لەویٚ بمێننەوە بەڵام هەر کات ئاگادارم کردن وەرن.

کاتێک عەبدوڵلا هەمزە هاواری لە پێشمەرگەکانی سەرکانی دوێڵ کرد بچنە سەرەوە حەسەن محەیدین و هیوای ئەحمەد مستەفا سەرکەوتن، کۆپتەرەکان بە ناو دارەکاندا دەهاتن، کۆپتەرەکان هاتنە سەر گردە بێناس، پێشمەرگەکانیتری سەر کانیەکە خۆیان کۆکردەوەو سەرکەوتن.

## کـــەوتن و پێکانی دوو کـــۆپتەر

کۆپتەرەکان هاتنە سەر گردە بێناس، حەسەن محەیەدین و پێشمەرگەکانی تریش گەیشتنە سەر شاخ دوو کۆپتەر بە دوای یەکدا بۆمبارانی گردە بێناس و پێشمەرگەکانی تیپی جوتیارانیان دەکرد.

حەسەن محەیەدین گوللەیەکی (RBG) نا بە کۆپتەرەکانەوە بەڵام سەریکردو بەریان نەکەوت جارێکیتر کۆپتەرەکان گەڕانەوە سەر سەنگەری پێشمەرگەکان، حەسەن گوللەی دووەمی نا بە کۆپتەرەکانەوە بەشی دواوەی لای کلکی کۆپتەری یەکەمی پێکاو سەریکرد بۆ کۆپتەری دووەم ئەویش پێکرا، کۆپتەری یەکەم ئاگری سەوزی لێهەستا گڕی تێبەر بوو بە گڕەوە ڕۆیشتوو گەیشتە (داری قەڵاشکەریان) لەویٚ کەوتە خوارەوەو پەراش پەراش بوو، کۆپتەری دووەمیش بە پێکراوی لە قەڵادزیٚ نیشتەوە.

---

[٩] کانی بەدوێڵ، دوێڵ، بەدارێک دەوترێت ناوەکەی دەردێنن دۆشاوی تیا درووست دەکەن وەکو بۆری بۆ گواستنەوەی ئاو بە کاری دێنن، ئەو کانیە بە داری هەڵکۆڵدراو ئاویان بۆ بردبوو بۆیە پێیان دەوت کانی بەدوێڵ (دوێڵ).

لە دوای کەوتن و پێکانی کۆپتەرەکانەوە تۆپخانەکانی دوژمن لە سەید ئەحمەدان و کاشونەو قەڵاشکەری تۆپبارانی چڕی گردە بێناسیان دەستپێکرد وەکو تاوە باران تۆپ دەیدایە زەوی، دوای تۆپبارانی چڕی ناوچەکە هێرشی زەمینی بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستپێکرد هێزی پێشمەرگە لە پشتی گواران و گردەگۆز شەڕی گەورەیان لە گەڵ هێزی داگیرکەر کرد، پێشمەرگەکانی جوتیاران گورزی کاریگەریان لە دوژمندا ئەو ناوچەیەیان کردە گۆڕستانی دوژمن.

یەکەم ڕۆژی شەڕەکە هێزەکانی دوژمن دەستیان بە سەر گردە گۆزدا گرت بەڵام قارەمانەکانی جوتیاران لە هەڵمەتێکی شێرانەدا لە دەست دوژمن دەریانهێنایەوە.

لە گەڵ بیستنی هەواڵی پەلاماری دوژمن بۆ سەر گردە بێناس و شاخ و زنجیرە لوتکەکانی ناوچەکە ئەو بەشەی تیپی جوتیاران کە لە ڕۆستەم ئاڵیان و باژێڕ بوون مەڕێکیان سەر بڕیبوو بە پەلە خواردیان و گەیشتنە گردە بێناس.

محەمەد ڕازانی کەرتەکانی دابەشکرد بە سەر گردو زنجیرە لوتکەکانی ناوچەکە، بەشێکی بەرچاو لە تیپی جوتیاران دابەزینە ناو دێی گردە بێناس بە گەیشتنی پێشمەرگەکان شەڕ گەرمتر و دوژمن شپرزەو شڵەژاو.

مامۆستا جەمال تاهیر لە ڕێگەی بێتەلەوە لە گەڵ تیپی ٦٣ی جوتیاران لە سەر خەت بوو، جگە لە محەمەد ڕازانی، محەمەد سوڵتان و مەولود هێرۆیی و فەرماندە کەرتەکان، مامۆستا جەمال تاهیرو مستەفا چاوڕەش سەرپەرشتی شەڕەکەیان دەکرد.

هێزەکانی دوژمن پەلاماریان بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە چڕکردەوە بەڵام هێزی پێشمەرگە گورزی کاریگەریان لێوەشاندن ٧٠ لاشەیان لە مەیدانی شەڕدا پێجێهێشتن.

لەو لوتکەو شاخ و تیغە شاخ و لاشانانەی گردە بێناس و لوتکەکانی دەوروبەری دەیان سەرباز هەڵدێران و هەپرون بە هەپرون بوون.

ڕۆژ بەرەو ئێوارە هەڵکشا هێزی دوژمن تێکشکا تەقە کزو لاواز بوو بەڵام کەشەو داهات هێزەکانی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دایەوە ئەمجارەش لوتیان شکاو هەڵاتن.

## چـــــەکوان

هەمان ڕۆژ ١٩٨٣/٦/٢٤ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٤٤ی چەکوچ و کەرتی شەهید سەعیدی تیپی ٤٣ی ئاسۆس هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەکانی دوژمن لە گردی خەواڵوتی (چەکوان) لە ماوەی کاتژمێرێکدا ٣ ڕەبیەی کاتیان بە دوژمن چۆڵکرد و هەڵیانکەندن، پێشمەرگەیەکی تیپی ئاسۆس بریندار بوو (٢٥) سەرباز کوژران.

## شـــــەڕی گـــــەناو

هەر لە چوارچێوەی پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٢٥ هێزەکانی دوژمن پەلاماری ناوچەی گەناویاندا کە پێکهاتبوون لە دوو زرێپۆش سێ زیلی پڕ لە سەربازو دوو شۆفڵ، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٤٤ی چەکوچ بەرەنگاریان بوونەوەو لە ماوەی نیو کاتژمێردا پەلامارەکەیان تێکشکاند.

**زیانی دوژمن لەم قۆڵەوە:**

کوژرانی دوو قوات خاسە

تێکشکاندنی جێب قیادەیەک

تێکشکاندنی شۆفڵێک

هەمان ڕۆژ قارەمانەکانی چەکوچ چوونە سەر گردی خوار کۆنە گەناوو ڕەبیەیەکی کاتی دوژمنیان خاپوور کرد، لەو هەڵمەتەدا دوو پێشمەرگە بریندار بوون.

## ئـــــالآی ڕزگاری

پێشمەرگەکانی ئالآی ڕزگاری باکوری کوردستان (تورکیا) هاتن بۆ بەشداری شەڕەکە محەمەد ڕازانی شوێنێکی پێسپاردن پێیوتن لە شوێنی خۆتان نەجوڵێن تا دەگەڕێمەوە ئاگادار بن هێزی دوژمن لێرەوە دزە نەکەن و سەرنەکەون، کۆپتەر چوار دەوری کێڵا بوون، پێیان وتبوون بۆ لێرە نەجووڵا ون کۆپتەر هەر چوار دەوری کێڵاون ئەوانیش وتبویان لێپرسراوی ئێمە وتویەتی لێرە نەجوڵێن، هێندە پابەند بوون بە بڕیاری لێپرسراوەکەیانەوە.

## کـــــەرتەکان

لە شەڕی گردە بێناس تێکڕای کەرت و فەرماندە کەرتەکانی تیپی ٦٣ جوتیاران بەشدار بوون ڕۆڵی دیارو گرنگیان بینی لە تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمندا.

## بـــڕنەوەکەی مام سمایـــل

دەبابەو زیل و ئالیاتی دوژمن لە بەردەم هێزی پێشمەرگەدا بوون زیلی سەربازی پڕ تەقەمەنی تیابوو، مام سمایل پێشمەرگەیەکی قارەمانی جوتیاران بوو بڕنەوێکی پێبوو مام سمایل فیشەکێکی بڕنەوی بە گردبوونەوە سەربازیەکەی دوژمنەوە نا فیشەکەکە بەر زیلێکی پڕ لە تەقەمەنی کەوت و زیلەکە تەقیەوەو گڕیگرت، لە گەڵ گڕ گرتن و تەقینەوەی زیلەکەدا ئۆتۆمبێلە سەربازیەکانی دەوروبەری زیلەکەش گڕیانگرت شەڕی گردە بێناس سێ ڕۆژی خایاند دوژمن زیانی گەورەی لێکەوت.

لە داستانی گردە بێناسدا ڕەسوڵ حاجی حەمە سوور پێشمەرگەی تیپی جوتیاران بریندار بوو سێ فیشەکی بەرکەوت.

تێکڕای زیانەکانی دوژمن لە باژێڕ، باوزێ، گردە بێناس، چەکوان، گەناو، دەستی بە زەبری کوڕانی ٦٣ی جوتیاران ، ٤٤ی چەکوچ، ٤٣ی ئاسۆس لە ١٩٨٣/٦/٢٤ تا کۆتایی ١٩٨٣/٦/٢٥.

١/ ٩٧ کوژراو کە ٢٧ لاشەیان لە بەر دەستی پێشمەرگەدا بوو.

٢/ تێکشکاندن و سووتاندنی کۆپتەرێک و پێکانی کۆپتەرێکیتر لە گەڵ دوو ئۆتۆمبێل و دوو جێب قیادەو شۆفڵێک.

**دەستکەوتەکان**

١/ چوار RBG ، ٣٢ گوللەی RBG.

٢/ هاوەنێکی ٦٠ ملم و سێ گوللە.

٣/ حەوت کڵاشینکۆف و ٣٢ مەخزەن.

٤/ ڕەشاشێکی RBK و حەوت مەخزەن.

٥/ ١٥ ڕوممانە.

٦/ حەوت کۆڵەپشتی ئاربیجی.
٧/ چوار سەد فیشەکی ڕووسی و کۆمەڵێک کەلوپەلی هەمەجۆر.
٨/ جیهازێکی بێتەل.

## خـــــەڵاتی حەسەن مـــحەیدین

دوای شەڕی گردە بێناس هێزەکەی تیپی ٦٣ی جوتیاران چوونە بێتوش مامۆستا جەمال تاهیرو مستەفا چاوڕەش سووپاس و ستایشی حەسەن محەیدینیان کرد لە پای خستنە خوارەوەی کۆپتەرێک.

## بـــــرووسکەی مامجەلال

مامجەلال برووسکەی بۆ محەمەد سوڵتان کردو داوای کرد حەسەن محەیدین بنێرنە لای حەسەن محەیدین چووە خەتێ بۆ لای مامجەلال، محەمەد سوڵتان و سەعید سەرسپی لە گەڵ بوون مامجەلال حەسەنی ماچکرد دەستخۆشی لێکرد لەو کاتەدا میوانێکی خەڵکی بەغدا لای مامجەلال بوو لە مامجەلالی پرسی بارودۆخی کوردستان چۆنە، مامجەلال دەستی حەسەنی گرتوو بە میوانەکەی ووت هەتا پێشمەرگەی ئاوامان هەبێت چۆک بۆ بەعس نادادەین.
مامجەلال (٥٠٠) دیناری پێشکەش بە حەسەن محەیدین کرد، دواتر حەسەن چووە لای کاک نەوشیروان ئەویش دەستخۆشی لێکرد.

## گـــردە بێناس لە زمانی وەفدێکی عـــێراقییەوە

لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ مامجەلال لە سێروان بوو محەمەد ڕازانی فەرماندەی تیپی جوتیاران مامجەلالی دەعوەت کرد بۆ (کانی توو) سەرگەرمی نان خواردن بوون جیهازیان بۆ مامجەلال کرد وەفدێکی عێراقی هاتووە، مامجەلال داوایکرد وەفدەکە بێتە کانی توو ئەوانیش داوەت بن دوای دانیشتن و قسەو باس وەفدەکەی عێراق باسی داستانی (گردە بێناس)یانکرد وتیان دەمانەوێت بزانین کێ لێپرسراویان بووە

چەند کەسیان لێکوژراوە مامجەلال ئیشارەتی بۆ محەمەد ڕازانی کرد شەڕەکەیان بۆ باس بکات، محەمەد ڕازانی شەڕەکەی گێڕایەوە وەفدەکەی عێراق وتیان چەند کەستان لێکوژرا، محەمەد ڕازانی ووتی یەک بریندارمان هەبوو، وەفدەکەی عێراق وتیان ئێمە زیاتر لە (٢٥٠) کوژراومان هەبووە وەفدەکە بە گاڵتەوە بە مامجەلالیان ووت ئەم پێشمەرگانەمان لە گەڵ بگۆڕنەوە.

## بـــەرەو کانی تـــوو

تیپی ٦٣ی جوتیاران هاتنە کانی توی بناری مەرگە لە سەر چیا ئەرکیان پێسپاردن کە بە سەر هەر دوو دیوی قەڵادزەو مەرگە دا دەیڕوانی.

سەرکردایەتی (ی ن ک) لە باوزێ و سەرشیو کشانەوە حزبی دیموکرات و کۆمەڵەش لەو ناوچانە کشانەوە.

## شــەڕی نــێودەشت

ساڵی ١٩٨٣ محەمەد ڕازانی فەرماندەی تیپ بوو دوو برادەر هاتبوون بۆ سەردانی چوونە سەر «زێ« بۆ مەلە.

پێشمەرگەکان لە چەمەکە دا مەلەیان دەکرد ئیڤایەک هات (٣٠٠) مەتر لە چەمەکەوە دوور بوو سەرووی ئیڤاکەش ڕەبییە بوو، محەمەد ڕازانی لە میوانەکانی پرسی ئەو ئیڤایە چیە بەرەو گەرمکان ڕۆیی ئەوانیش ووتیان چوار سەربازی تیایە هەموو ڕۆژێک دەچن لەوێ چەو دەهێنن محەمەد ڕازانی ووتی خۆتان کۆبکەنەوە بۆیان بچین.

محەمەد ڕازانی و عەبدوڵلا هەمزە ویستیان پێش بە ئیڤاکە بگرن دوو پێشمەرگەکەی تریش لە دواوە گەیشتنە سەرجادەو محەمەد ڕازانی ووتی (سلم نفسک) یەکسەر دایاننە بەر دەسترێژی گوللە هێرشیانکردە سەر ئیڤاکە، محەمەد ڕازانی تفەنگەکەی ڕاوەستابوو فیشەکەکەی فرێدایەوەو دەستیکردەوە بە تەقە، ئیڤاکە چوار سەربازی تیابوو سیانیان کوژراو یەکێک ڕایکرد سێ تفەنگ دەستکەوت

بوون، ڕەبییەکەی سەرەوە بە دۆشکە تەقەی دەکرد پێشمەرگەکان لە ناوچەمەکەوە پەڕینەوە و چوونە ئەو بەر گوللە لە ناوچەمەکەی دەدا هێندەیان زانی دەبابە بەرەو ناودەشت دەهاتن تیپی ٦٣ ی جوتیاران لێیاندان دەبابەکان گەڕانەوەو ڕوویانکردە گەرمکان لەوێش پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بوونەوەو شکاندیانن.

## گـــوێدرێژێك كـــوژرا

لە ئەنجامی تەقەکانی دوژمن گوێدرێژێک کوژرا ڕۆژی دوایی ئیزگە چالاکیەکەی خوێندەوە ووتی گوێدرێژێک کوژراوە تەنانەت بەزەییان بە باوکی خۆشیاندا نەهات.

قــۆناغی گـــفتوگۆ

کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ گفتوگۆی نێوان شۆڕش و ڕژێمی عێراق دەستیپێکرد.

## مـــــەرگە-شـــكانى جاش

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٤/٢٨ گەلەجاشێک کە ژمارەیان ١٠٠٠ جاش بوو بە پشتیوانی تۆپی قورس هێرشیانکردە سەر مەرگە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٤٣ ئاسۆس و ٦٣ جوتیاران و ٤٤ چەکوچ و ٥٥ قـەرەداخ و دوو کەرتی دەزگای پێشمەرگایەتی ڕووبەڕوویـان بوونەوە و لە کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ تێکیان شکاندن و بەرە و مۆڵگەکانیان ڕاویاننان.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٤ جاش

بریندار‌بوونی ١٢ جاش

بریندار‌بوونی دوو پێشمەرگە

## گـــــرتنى ڕەبییە و تـــێکشکاندنى دوژمن

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٦٣ی جوتیاران لە کاتژمێر «١١»ی شەوی ١٩٨٥/٥/١٤/١٣ هەڵمەتیان بردە سەر یەکێک لە ڕەبییەکانی فەوجی سووک لە نێوان هێرۆو ئاوەکە کە تەنها (٦٠٠) مەتر لە بارەگای فەوجی هێرۆوە

دوور بوو لە ماوەی (٢٠) دەقیقەدا دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکەداو (٧) جاشیان دەستگیرکرد.

**زیانی دوژمن:**

تێکشکاندنی ئۆتۆمبێلێکی لاندرۆڤەر

دەستکەوت:

١ ئاربیجی (٧) و ٣ گوللە

١ کلاشینکۆف و (١٨) شانە

١ تفەنگی پەڕەشووت

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی دوو پێشمەرگە بوو:

١/ شەهید خدر محەمەد مەحموود ناسراو بە خدر بێشێری

٢/ شەهید عەبدوڵڵا حەسەن حەمە عەلی

## تـێکشکاندنی بـۆسەیەکی دوژمن

ڕژێمی داگیرکەری عێراق لە ڕۆژی دواتر ١٩٨٥/٥/١٤ بە نیازی دەست وەشاندن لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەند بۆسەیەکیان لە ناوچەکەدا دانا.

لـە کاتژمێر ٢:٣٠ دەقیقـەی پاشنیـوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١٤ هێزێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٦٣ ی جوتیاران ڕووبەڕووی بۆسەیەکی جاش بوونەوەو لە گەڵ یەکەم تەقەی بۆسەکەی دوژمن پێشمەرگەکانی جوتیاران دایاننە بەر ئاگری لوولەی چەکەکانیان ژمارەیەک جاش دەستگیرکران و ئەوانیتر هەڵاتن.

**زیانی دوژمن:**

کوژرانی جاشێک

دەستگیرکردنی (٣) جاش

**دەستکەوت:**

١ ئاربیجی (١١) و (٣) گوللە

٢ کڵاشینکۆف و ١٣ شانە

١ قەنناس و ٦ شانە

١ بێتەلی هۆکی تۆکی

١ دووربین

## بـــــۆمباران

ڕۆژی ١٩٨٥/٧/٣ چوار فڕۆکەی دوژمن پەلاماری بارەگاکانی سەرکردایەتییاندا لە ئاواییەکانی کانی توو چنارنەو سێروان پێشمەرگەکان بە چەکی دژە ئاسمانی بەرگرییان لە بارەگاکان دەکرد.

لە ئەنجامی ئەو بۆمبارانەدا پێشمەرگەی قارەمان ئازاد محەمەد وسوو ناسراو بە ئازادی حەمەد بەگ فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٦٣ی جوتیاران شەهید بوو.

هەر لەو بۆمبارانەدا مزگەوتی چنارنە کەوتە بەر ڕۆکێت و قورئان و کتێبە ئایینییەکان تێکەڵ بە داروو پەردوو خوێنی هاووڵاتیانکرا.

لەو مزگەوتەدا دوو برا بە ناوەکانی مامۆستا مەلا حاجی تۆفیق عەبدوڵڵا و حەسەن تۆفیق عەبدوڵڵا چنارنەیی شەهید بوون، سێ هاووڵاتی بریندار بوون.

## ســــــەنگەسەر

شەوی ١٠-١٩٨٥/٩/١١ لە سەنگەسەر سێ جاش بەناوی پێشمەرگەوە چوونە سەر ماڵی جاشێکیتر بۆ پارەسەندن.

جاشی خاوەن ماڵەکە تەقەی لێکردن و یەکێک لە جاشەکانی کوشت کە معاون مستەشاربوو جاشێکیتریش برنداربوو، دوو منداڵی خاوەن ماڵەکەش کوژران.

## ڕەبـــــییەی بـــاوزێ

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٦٣ی جوتیاران لە کاتژمێر ٨ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٤/٢٣ بۆسەیەکیان لە نزیک ڕەبییەکانی باوزێ داناو سێ سەربازیان

بەدیل گرت.

**دەستکەوت:**

٢ کلاشینکۆف و ٤ شانە

## زیـــــنووی سپی
## مـــانگی 1987/11

شەڕی زینووی سپی لە مانگی ١٩٨٧/١١ بەشێکی بەرچاو لە تیپەکانی (ی ن ک) تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، تیپی ٤٣ ی ئاسۆس، تیپی ٦٣ی جوتیاران و چەندین دەستەو مەفرەزەیتر بەشداریان تیادا کرد.

تیپی ٦٣ی جوتیاران یەکێک لەو تیپە قارەمانانە بوو کە لە گرتنی مۆڵگەو ڕەبیەکانی زینووی سپی دا بەشداری دیارو بەرچاویان کرد ئەو شوێنانەی بۆیان دیاریکرابوو دەستیان بە سەرداگرت.

# تــــیپی 14ی ئـــاکۆ
# پــــانزە

## تـــیپی 14ی ئـــاکۆ

ساڵی ١٩٨٢ هەرێمی ١٤ ئاکۆ کرایە تیپی ١٤ ئاکۆ، فەرماندە کەرتەکانی سەردەمی هەرێم وەکو خۆیان مانەوە، سواراغا فەرماندە تیپ بوو لە تیپی ١٤ی ئاکۆ محەمەدی کاک هەمزە فەرماندەی کەرت بوو.

## شـــەڕی پارتی – شیـــوعی
## 1982/11/8

زانیاری هەبوو پارتی هاتووەتە خوارەوە هێزێک بەرەو گەلی بەدران و زارگەلی ڕۆیشتن بۆ سۆراغی هێزەکەی پارتی بەڵام کەسیان نەبینی.

حزبی شیوعی لە ناو وەرتێ بوون هێزێک بە فەرماندەیی کاک نەوشیروان چوونە بارەگای حزبی شیوعی ژوورێک پێڵاوی زۆری لێبوو سەرنجی کاک نەوشیروانی ڕاکێشا کە لە بارەگای حزبی شیوعی هاتنە دەرەوە کاک نەوشیروان بە سمایل وەرتی ووت دەزانی پارتی لێبوو سمایل وەرتی ووتی پارتی لێرە چیدەکەن کاک نەوشیروان ووتی ئەو پێڵاوە ئێرانیانە هی پارتی بوون لێپرسراوەکانیان هاتوون بەرنامەیەکیان لە بەردەستە من دەچم لەو دیو هێز کۆ دەکەمەوە.

سمایل وەرتی تا زینوی وەرتێ لە گەڵ کاک نەوشیروان ڕۆیشت لە زینی وەرتێ گەڕایەوە کاک نەوشیروان پێیووت ئەمشەو لێرە بە بەیانی وەرە بۆ دۆڵی شاورێ.

کاتژمێر (٥)ی بەیانی هێزەکەی پارتی چوار دەوری سمایل وەرتییان گرت دەیانووت وەرن تەسلیم بن لەسەر شەرەفی بارزانی تەسلیم ببن هیچتان پێناڵێین.

شەش پێشمەرگە لە گەڵ سمایل وەرتی لە ژوورەوە بوون بە دەم شەڕکردنەوە لە ژوور دەرچوون محەمەد وەرتی لە کوێستانی مەکێ دەستگیر کرا.

دوای دەستگیرکردنی پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی محەمەد وەرتی ئازاد کرا گەڕایەوە لای کاک نەوشیروان.

کاک نەوشیروان هێزێکی کۆکردەوە ناوچەکەیان لە پارتی و شیوعی پاککردەوەو لە قەندیل ئاودیویان کردن.

بارەگای کەرتەکانی تیپی ١٤ ئاکۆ لە دێیەکانی پاشکۆتەڵ، کانی بناو، گوڵان، مێدێرێ، دۆڵە ڕەقە، بەردانگ، پڵنگان، کۆبەین، مەمکان، پیرانان بوو، ساڵی ١٩٨٣ مامجەلال هاتە بۆڵێ.

## گــرتنی چوارده ســـەرباز

پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی تیپی ١٤ی ئاکۆ لە ڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٢ چوونە سەر ڕێگای سەرکەپکان، ڕانیە و خۆیان لە بۆسەنا، لە سەعات (٨)ی بەیانیدا هێزێکی دوژمن کەوتە ناو ئەڵقەی بۆسەکەوەو پێشمەرگە نەبەزەکان لێیاندان و ١٤ سەربازیان بە دیل گرت.

**دەستکەوت:**

١١ کلاشینکۆف مزەلی و ٤ شانە

دەمانچەیەکی میکاریۆف

جێب قیادەیەک و ئیڤایەک

## لـــێدانی ســـەیتەره

لە تۆڵەی تۆپبارانی فیرقەی چوارقوڕنە بۆ سەر دێیەکانی ئاکۆیەتی مەفرەزەیەکی تیپی ١٤ی ئاکۆ لەشەوی ١٧-١٩٨٥/٣/١٨ هێرشیانکردە سەر سەیتەرەی فیرقەی چوارقوڕنە.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٤ سەرباز و ڕەیس عورەفایەک بریندابوونی ٣ سەرباز

لەبەر نزیک بوونی فیرقەی چوارقوڕنە لە شەڕەکەوە نەتواندرا دەست بەسەر چەکەکاندا بگیرێ

بۆ بەیانی ڕژێم تۆپبارانی ئۆردوگای چوارقوڕنەی کردوو زیاد لە ١٢٠ هاووڵاتی دەستگیرکران.

## ڕانـــــیه-چـــوارقوڕنه

شەوی ٢٥-١٩٨٥/٣/٢٦ پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ١٤ی ئاکۆ هێرشیانکردە سەر لیوای چوارقوڕنە و بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو، لە کاتی شەڕەکەدا ئیسعافێک هاتووچۆیدەکرد کەوتە بەر دەستڕێژی گوللەی پێشمەرگەکان.

زیانی دوژمن

سووتاندنی مودەڕەعەیەک و چەند زیلێک ژمارەیەکیش کوژران و برینداربوون.

شەوی ٢٧-١٩٨٥/٣/٢٨ پێشمەرگە ئازاکانی تیپی ١٤ ئاکۆ چوونە ناو شاری ڕانیە لە مقەڕ سریە و مەخفەریاندا و زیانی زۆریان پێگەیاندن.

تیپی 75ی کۆدۆ
شـــــانزه

## تیپی 75ی کۆدۆ

سالّی ١٩٨٢ تیپی ٧٥ی کۆدۆ درووست بوو عەبدولّلا شێخە بنزێری کە پێشتر جێگری فەرماندەی هەرێمی ١٤ی ئاکۆ بوو کرایە فەرماندەی تیپی ٧٥ی کۆدۆ، قادری مەلا جێگری بوو.

**تیپی ٧٥ی کۆدۆ**

- عەبدولّلا شێخە بنزێری فەرماندەی تیپ
- قادری مەلا جێگری فەرماندەی تیپ
- عەبدولّلا خڕە ڕێبەری سیاسی تیپ
- عەبدولّلا مەولود فەرماندەی کەرت
- حەسەن حاجی شێخە بنزێری فەرماندەی کەرت
- مام خورشید فەرماندەی کەرت

بارەگای تیپی ٨٥ی کۆدۆ لە دۆلّی پلّنگان بوو بە مەفرەزە دەچوونە بەری خدران و کانی ماران.

## چالاکی کانیماران
## پایزی سالّی 1982

ئەحمەد سەربازێکی تورکمان بوو نۆ سەربازی لە ناقیلەیەکدا کوشتبوو دواتر هەلّاتبوو هاتبووە تیپی ٧٥ی کۆدۆ ببێتە پێشمەرگە.

پایزی سالّی ١٩٨٢ مەفرەزەیەکی تیپی ٧٥ی کۆدۆ لە کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆدا بۆسەیەکیان لە کانی ماران داناو لە سەر ڕێگاکە دامەزران مەفرەزەکە پێکهاتبوون لە حەسەن حاجی شێخە، مام خورشید، عەبدولّلا خڕە، تۆفیق، ئەحمەد تورکمان.

لادایەکی سپی کەوتە بۆسەکەوە ناسنامەیان لە شۆفێرەکە وەرگرت کەم کەمە کوردی دەزانی ووتی من مامۆستام لە ڕانیە.

ئەحمەد تورکمان لەو بەرەوە بوو هاواریکرد نەهێلّن بڕوات ئەوە ڕەئیس شوعبەی ڕانیەیە لاداکە بە شۆفێرەکەوە دوو کەسی تیابوو پێشمەرگەکان سەرکەوتنە ناو لاداکە.

لە سەر پردی قەرەنیاغا ڕەبییەیەک هەبوو هەندێک جار ناقیلەیەک دەهات لەوێ ڕادەوەستا، ڕەئیس شوعبەکە لاداکەی لێدەخوڕی مام خورشید و عەبدوڵڵا خڕە لە پێشەوەی لاداکە سەرکەوتن حەسەنی حاجی شێخە لە دواوە بەرەو پردی قەرەنیاغا بەڕێکەوتن، پێش ئەوەی بگەنە پردەکە ڕەئیس شوعبەکە سوکانی شکاندەوەو لە دیواری ڕەبییەکەیدا پێشمەرگەکان لە لاداکە دابەزین ڕەبییەکە تەقەی لێدەکردن، پێشمەرگەکان ڕەئیس شوعبەکەو کەسەکەیتریان کوشت.

لە گەرمەی تەقەکاندا تۆفیق ئەحمەد بە گوللەی ڕەبییەکە پێکراو بریندار بوو، تۆفیقیان هەڵگرت بۆ ژێر پردەکەو ڕزگاریان کرد، تۆفیق خوێنی لە بەر دەڕۆی خستیانە ناو تراکتۆرێکەوە نەگەیشتنە ناو سەیدان تۆفیق لە ڕێگا شەهید بوو.

## بۆسەی پایزی 1983

پایزی ساڵی ١٩٨٣ مەفرەزەیەکی تیپی کۆدۆ لە سەر ڕێگای کانیماران بۆسەیەکیان دانا ئۆتۆمبیلێکی فەرمانگەی کارەبای دووکان کەوتە بۆسەکەوە، دەستیان گرت بە سەر ئۆتۆمبیلەکەدا سەرکەوتنە ناو ئۆتۆمبیلەکە دوو سەربازی تیابوو لوولەی تفەنگیان خستە سەر سەری شۆفێرەکەو هێنایانن، گەیشتنە ئەسریلان دوو سەربازو شۆفێرەکەیان ئازاد کردو ئۆتۆمبیلەکەیان گەیاندە پڵنگان.

تیپی ٧٥ی کۆدۆ دەیان چالاکی هەمە جۆریان ئەنجامداوە وەکو:

- لێدانی مونەزەمەی حیزبی بەعس لە ناو ڕانیە
- لێدانی داموودەزگاکانی دوژمن لە چوارقوڕنە
- لێدانی ئیستخبارات لەڕانیە- چوارقوڕنە شارو شارۆچکەکانیتر.

## کوشتنی عەبدوڵڵا سوور

هێزێکی یەکێتی لە دۆڵی پڵنگان عەبدوڵڵا سووری پێشمەرگەی (حسک)یان دەستگیر کرد، عەبدوڵڵا سوور لە دۆڵی پڵنگان چەند کەسێکی شەهید کردبوو لە تۆڵەی ئەو شەهیدانەدا نەوشیروان مستەفا بە دەستی خۆی کوشتی.

تیپی ٧٥ی کۆدۆ تا ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بوو دواتر هەڵوەشایەوە.

**تـــــيپى 73**

**تـــــيپى 79**

**1989-1983**

**حـــەڤدە**

# هــەر دوو تــیپی
# 79-73

دوو تیپی جیاواز لە دوو سەردەمی نوێدا بە هەر دوو ژمارەی (٧٣ و ٧٩) درووست بوون لەم بەشەدا هەر دوو تیپەکە لە دوو قۆناغی جیاوازدا دەنووسینەوە.

## تــیپی 73ی قــەندیل
## 1985-1983

ساڵی ١٩٨٣ تیپی ٧٣ی قەندیل درووست بوو حەمەدە ڕەش کرایە فەرمانده‌ی تیپەکە.

**پێکهاتەی تیپەکە:**

- حەمەدە ڕەش فەرماندەی تیپی ٧٣ی قەندیل
- مەلای مەلا وسوو جێگری تیپ
- عوسمان بچکۆل ڕابەری سیاسی تیپ

فەرماندە کەرتەکان:

- ئەحمەد خەلیل
- ڕەسوڵی مامە سوور
- قادری مامە سوور

بارەگای تیپەکە لە بۆڵێ بوو، سنووری تیپەکە ناوچەکانی بۆڵێ و پشت ئاشان و بنارەکانی بوو، ساڵی ١٩٨٥ تیپی ٧٣ی قەندیل هەڵوەشایەوەو تیپەکە تەسلیم بوونەوە.

## تــیپی 79ی شــەهیدان

تیپی ٧٩ی شەهیدان ساڵی ١٩٨٣ درووست بوو بارەگای تیپ لە بەری سوورەدێ بوو.

**پێکهاتەی تیپ:**

- فەقێ حەسەن فەرماندەی تیپ
- شۆخاڵ جێگری تیپ

**فەرماندە کەرتەکان:**

- حەسەن برایم فەرماندەی کەرت
- برایم ڕەبەن فەرماندەی کەرت
- عەلی مام ڕەسوڵ فەرماندەی کەرت

ساڵی ١٩٨٥ تیپی ٧٩ی شەهیدان هەڵوەشایەوەو تیپەکە تەسلیم بوونەوە.

دوای ئەوەی ناوچەکە بۆشاییەکی گەورەی تێکەوت بە هۆی تەسلیم بوونەوەی ژمارەیەک تیپی پێشمەرگەوە، نەوشیروان مستەفا داوای لە عەلی مام ڕەسوڵ کرد لە گەڵ هێزێک بچێتە بناری قەندیل.

هێزەکەی عەلی مام ڕەسوڵ لە سورەدێ، ئاشقوڵکە، قەڕناقا و پشت ئاشان و سەرگەی نێڵ و سینەمۆکە، بەردکوڕان و بڕەدێ تا ئێنزی و لێوژە دەسەڵاتیان بە سەریدا دەشکا.

سەرەتا هێزەکە ژمارەیەکی کەم بوون بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا گەشەی بەرچاویانکردوو بوونە (١٢٠) کەس.

ئەرکی سەرەکی هێزەکە پاراستنی ناوچەکە بوو لە دەستدرێژی دوژمن، چەند جارێک جاش پەلاماری ناوچەکەیاندا بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

ئەشکەوتی گوێزی زەینەڵ پەناگەیەکی باش بوو بۆ پاراستنی خێزانی پێشمەرگە، تا کۆتایی پەلاماری جاشەکان کە مەبەستیان بوو سەری بەرزی پێشمەرگەیەک یان کە خێزانی پێشمەرگەیەک بە دیاری ببەنەوە بۆ دوژمن لەو ئەشکەوتە مانەوە.

## گـــومرك، بـــاجگە

لە ئێران و گۆڕتسوێی سەر سنوورەوە کەلوپەلی ئێرانی دەهات بۆیە بە بڕیاری سەرکردایەتی دەسەڵاتی گومرک و باج وەرگرتن درایە هێزەکە، بارەگایەکی هێزەکە لە سورەدێ بوو خێمەیەکیان لە گۆڕتسوێ هەڵدابوو، ئەرسەلانی مەلا ئەولا کرایە لێپرسراوی گومرگەکە، محەمەدی مام ڕەسوڵ کادیری کۆمەڵە بوو لە هێزەکەدا.

دوای ماوەیەک بەشێک لە هێزەکە چووە سادر بەشێکیش لە سورەدێ بوون،

لە گەڵ چڕبوونەوەی پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەربازگەکانی پێشمەرگە بەشێک لە دەزگاکانی یەکێتی نێردرانە دۆڵە کۆگە، کە دواتر ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و چاپخانەش چوونە ئەوێ.

## تـــیپی 79ی ســـادر
## 1987

دوای ئەوەی بەشێک لە هێزەکەی عەلی مام ڕەسوڵ نێردرانە دۆڵە کۆگە بۆ پاراستنی داموودەزگاکانی سەرکردایەتی لە سادرو دۆڵە کۆگە تیپی ٧٩ی سادر پێکهات بەمجۆرە:

- محەمەد وەتمان فەرماندەی تیپی ٧٩ی سادر
- عەلی مام ڕەسوڵ جێگری تیپ

فەرماندە کەرتەکان:

- سمایل مام ئەولا فەرماندەی کەرت
- ڕەحمان سمایل شێنەیی فەرماندەی کەرت
- ئەرسەلان مەنگوڕی ڕابەری سیاسی

## بـــەرەو هـــەڵەبجە

ساڵی ١٩٨٨ بەشێک لە هێزەکەی تیپی ٧٩ی سادر بە فەرماندەیی عەلی مام ڕەسوڵ بەرەو هەڵەبجە بەڕێکەوتن، لە گەڵ ژمارەیەک تیپی ناوچەکەدا کە قادر خەبات سەرپەرشتی دەکردن بەشدارییان لە گرتنی هەڵەبجەدا کرد، دوای گرتنی هەڵەبجە لە گەڕانەوەدا هاتنە سورەدێ.

## تـــیپی 73ی قـــەندیل

دوای گەڕانەوەی بەشێک لە تیپی ٧٩ی سادر لە هەڵەبجە و هاتنەوەیان بۆ سورەدێ کرانە تیپی ٧٣ی قەندیل و عەلی مام ڕەسوڵ کرایە فەرماندەی تیپەکە.

**پێکهاتەی تیپەکە:**

- عەلی مام ڕەسوڵ فەرماندەی تیپی ٧٣ی قەندیل
- برایم ڕەبەن جێگری فەرماندەی تیپ
- مستەفا سەلیم لێپرسراوی سەربازی تیپ
- ئەرسەلان ڕابەری سیاسی

فەرماندە کەرتەکان:

- هاوڕێ مەغدید فەرماندەی کەرت
- سمایل مام ئەولا فەرماندەی کەرت
- خدر حەسەن فەرماندەی کەرت
- موسای مام ئەولا فەرماندەی کەرتی تیپ

بارەگای تیپەکە لە سوورەدێی بناری قەندیل بوو.

دوای پاشەکشێی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بەشێکی زۆر لە هێزی پێشمەرگەی مەڵبەندو تیپەکان هاتنە سورەدێ، هێزی پێشمەرگە بەرگری قارەمانانەیانکرد.

هەر لەو شەڕانەدا پێشمەرگەیەکی تیپی ٧٣ی قەندیل بە ناوی پۆلا خەڵکی چوارقوڕنە شەهید بوو.

تـــیپی 99 ی بـــیتویَن

1990-1982

هـــەژدە

## تـــیپی 99ی بـــیتوێن 1982-1990
## تـــیپی 99

ساڵی ١٩٨٢ وەکو تێکڕای تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان تیپی ٩٩ی بیتوێن درووست بوو.

## تـــیپی 99ی بـــیتوین

وەکو باقی تیپەکانیتر تیپی ٩٩ی بیتوێن پێکهات بەمجۆرە:

- غەریب عەسکەری فەرماندەی تیپ
- مەلا حەسەن جێگری فەرماندەی تیپ
- بەکر پیرۆت فەرماندەی کەرت
- شێخە کۆڵ فەرماندەی کەرت
- شێخ سەعیدی قامیشە فەرماندەی کەرت لە گەڵ کەرتی تیپ

بارەگای تیپی ٩٩ی بیتوێن لە شوشکە بوو.

## شـــەهید بوونی مەلا حـــەسەن
## 1982/2/16

هێزێکی تیپی ٩٩ی بیتوێن بە فەرماندەیی مەلا حەسەن ڕۆژی ١٩٨٦/٢/١٦ لە قولەی کانیماران، لە گەڵ هێزێکی حسک تووشی شەڕ هاتن

لەو شەڕەدا مەلا حەسەن جێگری تیپی ٩٩ی بیتوێن و حەسەن قادرخان پێشمەرگەی بیتوێن شەهید بوون، کاکە جوان و محەمەد خەلیفە بریندار بوون.

دوای چاکبوونەوەی کاکە جوان و گەڕانەوەی بۆ ناو هێزی پێشمەرگە کرایە فەرماندەی کەرتی (١)ی تیپی ٩٩ی بیتوێن.

لە سەرەتای درووستبوونی تیپی ٩٩ی بیتوێن تا ئەنفال چەندین فەرماندە تیپ و فەرماندە کەرت و کادری سیاسی و ڕێکخستنی بە خۆیەوە بینیووە بەمجۆرە:

- مەلا ئاراس فەرماندەی تیپ
- کەمالی حاجی ئاغا فەرماندەی تیپ

- ئازاد حەمە گەمحان
- عەلی وەیسی
- تۆفیق کانی وەتمانی

**جێگر تیپەکان:**

- مەلا حەسەن
- تۆفیق کانی وەتمانی دواتر بووە فەرماندەی تیپ
- ڕزگار هاودیانی

**ڕابەری سیاسی:**

١/ ئەحمەد حاجی قادر

٢/ کاوە حەبیب

٣/ حاکم شۆرش

لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستن مراد یەزدین بارەگای کەرتی لە دارەبەن بوو

**بێتەل:**

- هونەر مەولان- هونەری جیهاز

## نـــــاوچەی بـــیتوێن

ناوچەی بیتوێن لە تۆربە، گردەسوران، سکتان، بێتواتە، ڕانیە تا دەربەندی ڕانیە، چوارقوڕنە دەگرێتەوە.

• ئەو کاتەی عەبدوڵڵای مام عەلی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی ٨٣ی هەورێ گواسترایەوەو کرایە فەرماندەی تیپی ٩٩ی بیتوێن، حەسەن ئەڵڵا ڕەش یەکێک لە فەرماندە کەرتەکان بوو لە گەڵ عەبدوڵڵای مام عەلی هاتە تیپی بیتوێن.

تیپی ٩٩ی بیتوێن سنوورێکی گەورەو بەرفراوانی لە خۆگرتبوو، لە پانتایی دەشتی بیتوێن و بناری کۆسرەت، دۆڵی خەلەکان، بەشێک لە خۆشناوەتی، سکتان و سەردۆڵ.

حـەوزی بیتوێن لـە قـەمتـەرانـەوە دەسـت پێ دەکـات تـا دەربـەنـدی ڕانیـە و سەرووچاوەی خۆشناوەتی و دۆڵە ڕەقە و سەرکەپکان.

## هــاتنی عەبدوڵڵای مــام عەلی

پێش شەڕی بێتواتە عەبدوڵڵای مام عەلی گواسترایەوە تیپی ۹۹ی بیتوێن و کرایە فەرماندەی تیپەکە.

تیپی ۹۹ی بیتوێن بارەگای نەبوو بەردەوام لە گەڕاندابوون تەنها شوێنێکی پشوودانیان هەبوو لە دێی شوشکەی بناری کۆسرەت.

غەریب سەعید فەرماندەی تیپی ۹۹ی بیتوێن بوو گواسترایەوە بۆ تیپی سورداش عەبدوڵڵای مام عەلی کرایە فەرماندەی تیپەکە.

**دەســـتەی تـــــیپ**

عەبدوڵڵای مام عەلی فەرماندەی تیپ

حەسەن عەبدوڵڵا مەلا عەلی جێگری فەرماندەی تیپ

جوانە قەمتەرانی فەرماندەی کەرت

هەمزە کانی مارانی فەرماندەی کەرت

حەسەن مامەڵڵا فەرماندەی کەرت

دواتر مەلا ئاراس کرایە فەرماندەی تیپی بیتوێن هەمان ساڵ لە تیپی (۹۳) دوو کەرتی پێشمەرگە گواسترانەوە بۆ سەر تیپی (۹۹) یەکێک لە فەرماندە کەرتەکان تۆفیق کانی وەتمانی بوو، کە دواترو لە ساڵی ۱۹۸۷ کرایە فەرماندەی تیپەکە.

دوای مام ئاراس، (حسن عبدالکریم) کرایە فەرماندەی تیپ دوای گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ ڕژێم ئازادی حەمە گەمحان کرایە سەرپەرشتیاری تیپی ۹۹ و تۆفیق کانی وەتمانی کرایە جێگری تیپ.

لە سەرەتای درووست بوونی تیپی ۹۹ تا شەڕی دابان فەرماندە کەرتەکان بریتیبوون لە:

+ جوتیار دوبزی

+ ئەنوەر بۆڵی

+ بەکر خەلەکانی

+ حەمید قادر

+ سعید موخەڕەسی

+ هەمزە خدر

بارەگای کەرتەکانی تیپی ٩٩ لە بناری کۆسرەت، شوشکە، سکتان بوو.

## گـــرتنی بــێتواتە

هاوشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تیپی ٩٩ی بیتوێن بەشداری لە داستان و گرتنی بێتواتە کرد کە ڕاستەوخۆ بە سەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال ئەنجام دراو یەکێک لە داستانە گەورەکانی هێزی پێشمەرگە بوو، لە داستانی بێتواتەدا سێ پێشمەرگە لە تیپی ٩٩ی بیتوێن بریندار بوون.

## لــێدانی رەبییە- ڕووبـــاری کۆیە

مەفرەزەیەکی تیپی ٩٩ بیتوێن و ٩٣ ی کۆیە لە شەوی ١٩٨٥/٢/٢٧ هێرشیانکردە سەر رەبییەی ڕووباری کۆیە و رەبییە کەیان بەسەردا ڕووخاندن.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٤ سەرباز و بریندار بوونی (٣) سەربازیتر

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی سەعید ساڵح خەڵکی دێی موخەرەس جێگیری کەرتی (٣) ی تیپی ٩٩ بیتۆێن بوو .

## دانــــانی مــین

مەفرەزەیەکی تیپی٩٩ بیتوێن لە شەوی ١٩٨٥/٣/٢٨ (مین) ێکیان لە سەر ڕێگەی رەبییەی هیزۆپ دانا.کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٢٩ لە ژێر پێی ژمارەیەک سەربازدا تەقیەوە.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی سەربازێک و بریندار بوونی یەکێکیتر

## کوژرانی هێسترێك
## کـــانی وەتمان - چـــالاکی

کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٢١ پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٩٩ بیتوێن بۆسەیەکیان لەسەر جادەی کانی وەتمان خەلەکان دانا لە ئەنجامدا تاقمە چەکدارێک کەوتنە بۆسەکەوە گوللە بارانکران.

زیانی دوژمن

کوژرانی دوو چەکدار بەدیل گرتنی چەکدارێک

**دەستکەوت**

١ ڕەشاشی دکتاریۆف

٢ کلاشینکۆف و ١١ مەخزەن

## چـــوارقورنە – ڕانـــیە - بـــۆسە

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٩٩ بیتوێن کاتژمێر نۆو نیوی شەوی ١٩٨٥/٦/١٩ لەسەر جادەی گشتی چوارقورنە ڕانیە بۆسەیەکیان دانا کەتەنها یەک کیلومەتر لە ڕانیە و چوارقورنە دوور بوو، سێ ئوتۆمبێلی سەربازی کەوتنە ناو بۆسەکەوەدرانە بەر دەستڕێژی گوللە تەنها ئوتۆمبێلێک ڕزگاری بوو دوو ئوتۆمبێلەکەیتر سووتێندران، یەکێک لە ئوتۆمبیلە سووتاوەکان تا ڕۆژی دوایی لەسەر جادەکە مابوو خەڵکی ناوچەکە سەیریاندەکرد.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی یەک عەمید ڕوکن ، دوو نەقیب حەوت قوە تەواری، بریندار بوونی عەمید ڕوکنێک کە جێگری ئامر بوو بە برینداری ڕەوانەی کەرکوک کرا . سووتاندنی دوو ئوتۆمبیل ژمارەی یەکێکیان ٧٥٦٣٤ ئەویتریان فەحس بوو.

## دۆڵــی خــەلەکان

پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٩٩ی بیتوێن و تیپی ٩٣ی کۆیە لە تۆڵەی دێهاتە وێرانکراوەکانی باقلان، کانی وەتمان، باداوان، شێخ مەنسوریان و کانی مازو لە شەوی ١٩٨٥/٨/٥/٤ بە پێی نەخشەیەکی ورد هێرشیانکردە سەر شەش ڕەبییەی دوژمن لە دۆڵی خەلەکان و شەڕ دامەزرا.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٩٩ و ٩٣ لە هەڵمەتێکی دلێرانەدا دەستیانگرت بە سەر چوار ڕەبییەداو دوو ڕەبییەیان سووتاند.

**زیانی دوژمن:**

کوژرانی ١٥ جاش

٦ دیل

**دەستکەوت:**

١ ئاربیجی

١ ڕەشاشی دکتاریۆف

١ ڕەشاشی ئاربیکەی

١١ کلاشینکۆف و ١ سندوق فیشەک

١ جیهازی بێتەل و کۆڵەپشت

١ هێسترو ٤ تەلەفۆن

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی مامۆستا ئەمیر عەبدوڵڵا ئەندامی کەرت و لێپرسراوی پۆل بوو.

## دوای گــــفتوگۆ

لە ساڵی ١٩٨٥ پێکهاتەی تیپی (٩٩)ی بیتوێن گۆڕانی بەسەردا هات.

- ئازاد حەمە گەمحان فەرماندەی تیپ
- مەلای خەجاو فەرماندەی کەرت
- شەهریار موفتی فەرماندەی کەرت
- حەمید قالە دزەیی فەرماندەی کەرت

- کاکە جوان فەرماندەی کەرت
- تۆفیق کانی وەتمانی فەرماندەی کەرت

تیپی ٩٩ی بیتوێن بـەردەوام لە چالاکیدا بوون تیپێکی گورجوگۆڵ و دەست وەشێن بوون، دۆڵی خەلەکان، سەر ڕێگەی ڕانیە چوارقوڕنە، کانیماران مەیدانی چالاکی تیپی (٩٩)ی بیتوێن بوو.

تیپی بیتوێن هێندە جەربەزەو دەست وەشێن بوون لە کاتژمێر (٢)ی دوانیوەڕۆ بە دواوە دۆڵی خەلەکان لە ژێر دەسەڵاتی تیپی بیتوێن دا بوو.

## دۆڵـــی خەلەکان، بـــیتوێن

لە سەرەتای درووست بوونی تیپی بیتوێن تا ئەنفالی یەک، دۆڵی خەلەکان و ڕێگای بیتوێن -کانی ماران – چوارقوڕنە، جێگە سەنگەرو بۆسەی تیپی بیتوێن بوو، کە تیایدا چەندین ڕەبیە بە درێژایی دۆڵی خەلەکان ڕێگای بیتوێن دەستیان بە سەردا گیرا، چەندین هێزو قافڵەی ئۆتۆمبێلی سەربازی کەوتنە بۆسەی کوڕانی تیپی بیتوێن.

بەشێک لە چالاکیەکانی تیپی بیتوێن لە گەڵ تیپی ٩٣ی کۆیە بوو کە هاوسنوور بوون.

## لـــێدانی ڕەبـــییە

هێزێک لە پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٩٩ی بیتوێن لە شەوی ١٩٨٥/٩/١٩/١٨ مقەڕ سریەو ڕەبییەی شێخ عوبێدیان لە نێوان خەلەکان و بێستانە ئاگربارانکرد، بووە هۆی کوژرانی ١٥ جاش

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٥ جاش و بریندار بوونی ٩ جاشیتر.

قوربانی پێشمەرگە:

شەهید بوونی قادر ئەمین وەتمان

## دەســـتگیر کردنی 3 جـــاش

مەفرەزەیەکی تیپی ٩٩ بیتوێن لە ١٩٨٥/٩/٢١ چوونە دەشتی بیتوێن لە ناوچەی کانی قوڵگە سێ جاشیان دەستگیر کرد.

## چـــالاکی هاوبەش دێی بـــاویان

هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی ٨٣ ی هەورێ ١٢ سۆران ، ٩٩ بیتوێن ، لە شەوی ١٧-١٨/١٠/١٩٨٥ هێرشیانکردە سەر جاشەکانی باویان و دوو جاشیان کوشت ١٠ جاشیش دیلکران.

**دەستکەوت**

١ ئاربی کەی

١٢ کلاشینکۆف ٢ پەڕەشووت

## لـــێدانی جاش

دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی بیتوێن لە شەوی ٢٢-٢٣/١١/١٩٨٥ هێرشیانکردە سەر دێی قەرەنیاغا و دوو جاشیان کوشت ، سێ جاشیتریان بەدیلگرت .

**دەستکەوت**

٣ کلاشینکۆف

## چـــالاکی ناو شار

دەستەیەک لە پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٩٩ی بیتوێن لە شەوی ١٩٨٦/١/٣/٢ چوونە ناو شاری کۆیەو دوو جاشیان دەستگیر کرد.

**دەستکەوت:**

٢ کلاشینکۆف و ٤ مەخزەن

## خـــەلەکان-دووکان

کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ١٩٨٦/٤/١٩ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٩٩ی بیتوێن بۆسەیەکیان لە سەر جادەی خەلەکان دووکان داناو دوو کەسیان دەستگیر کرد.

## بـــۆسە

لە بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٤/٢٢ تیپی ٩٩ی بیتوێن بۆسەیەکیان لە نزیک کانی مازوو لە سەر جادەی خەلەکان- دووکان دانا کۆمەڵێک لە چەکدارەکانی ڕژێم کەوتنە بۆسەکەوەو درانە بەر دەستڕێژی چەکی تۆڵەسێنی پێشمەرگە.

**زیانی دوژمن:**

کوژرانی ٣ جاش

**دەستکەوت:**

٣ کلاشینکۆف و ٢٧ مەخزەن

## بــۆسە – لێدانی جــاش

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٩٩ بیتوێن سەرلە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٨ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی دۆڵی شاڵبەگیان نێوان خەلەکان و کانی مازوو لۆفەی نازدار خان دانا کەدەکەوێتە نێوان چەندین رەبییە و مۆڵگەی سەربازی، کاتژمێر ٧,٥٥دەقیقەی سەر لەبەیانی ئوتۆمبیلێکی جاش کەوتە بۆسەکەوە ، پێشمەرگەکانی بیتوێن دایانە بەر دەستڕێژی گوللە و هەرچی تیا بوو کوژرا و سووتا. هاوکات مەفرەزەیەکیتری تیپی ٩٩ ی بیتوێن بە چەکی قورس و سووک هەردوو رەبییەی مقەڕ سریەی شێخ عوبێدیان دایە بەر ئاگری چەکەکانیان و شەڕ تا کاتژمێر(٨) درێژەی کێشا هێزێکی دوژمن بە پشتیوانی چەندین ناقیلەو دەبابە ویستیان بەرەو شەڕەکە بێن ،بەڵام پێشمەرگەکان نەیانهێشت بێنە پێش ناچار کشانەوە .

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ١٣ جاش سووتاندنی ئوتۆمبێلی جاشەکان ، سووتاندنی یەک ئار بی جی١١ ، یەک دکتاریۆف، یەک رەشاشی ئار بی کەی ، ٢ کلاشینکۆف، یەک جیهازی ١٠٥

**دەستکەوت**

٦ کلاشینکۆف و ١١ مەخزەن

## گـــرتنی ناحیەی تەق تەق 1987

گرتنی ناحیەی تەق تەق یەکێک لە داستانە گەورەکانی هێزی پێشمەرگەیە، تیپی ٩٩ی بیتوێن هاوشانی تیپەکانیتر بەشدار بوو لە گرتنی ناحیەی تەق تەق، کە تیایدا هەڵمەت برایە سەر ناحیەی تەق تەق و ڕەبیەکانی دەورووبەری لە سەر ڕووباری کۆیە، تیپی ٩٩ هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەی (بانوی تاڵەبان) کە تیایدا سەعید موخەڕەسی فەرماندەی کەرت لە تیپی ٩٩ شەهید بوو.

## دۆڵـــی خـــەلەکان

کەرتی ١و ٢ ی تیپی ٩٩ بتوێن و کەرتێکی تیپی ٩٣ کۆیە هێرشیانکردە سەر دوو ڕەبییە لە دۆڵی خەلەکان لەو هێرشەدا چەند جاشێک کوژران و سێ جاش بەدیلگیران.

## دیسان دۆڵـــی خــەلەکان

هەردوو تیپی ٩٣ کۆیە و ٩٩ بتوێن بە هاوبەشی هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی دۆڵی خەلەکان و دەستیان گرت بەسەر سێ ڕەبییەدا لەو هێرشەدا دوو پێشمەرگە شەهیدبوون وەستا عەلی یەکێک لە شەهیدەکان بوو.

## شـــەڕی ئاغجەلەر

تیپی ٩٩ بتوێن بەشدارییان لە لێدانی ناحیەی ئاغجەلەردا کرد هێزێکی تیپی ٩٩ بتوێن کە پێکهاتبوو لە کەرتی ١ و کەرتی ٢ بە فەرماندەیی ئـازادی حەمە گەمان بەشدارییان لە لێدان و گرتنی ڕەبییە و سەربازگەکانی ئاغجەلەردا کرد، کەرتی ١ تیپی ٩٩ بتوێن شوێنێکیان بۆ دانـابوون ئەو شوێنە بە ڕۆژ ڕەبییە بوو بەشەو چۆڵبوو پێشمەرگەکانی کەرتی ١ چوونە ڕەبییەکە کەسی تیانەبوو کەلووپەلەکانیان جێهێشتبوو، هێزێک بە فەرماندەیی غەریب عەسکەری لە مەڵبەندی دوو هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەک ئاگرێک لە ڕەبییەکە هەستا نارنجۆکیان بۆ هەڵدان ئەو پێشمەرگانەی دەستەی هێرش بوون شەهیدبوون.

کەرتی ١ تیپی ٩٩ بتوێن بە فەرماندەیی خەسرەو مام قادر چوون بەهانای پێشمەرگەکانەوە بریندارەکان لەزارکی ڕەبییەکەدا کەوتبوون، ڕەبییەکە مین ڕێژبوو تا بەیانی شەڕ بوو چەکدارەکانی ناو ڕەبییەکە هەموویان کوژران، چەکدارێک بەناوی ڕەحمانە گۆج لەناو ڕەبییەکە مابوو ڕەحمان لەناکاو تەقەی لە پێشمەرگەیەک دەکرد یان شەهید یان بریندارییدەکردن شەڕی سێ کاتژمێری خایاند کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقەی بەیانی کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە لەگەڵ ڕۆژبوونەوەدا پێشمەرگەکان پاشەکشەیانکرد بەیانییەکەی شەش پیلاتۆز هاتنە ناوچەکە تا ئێوارە بۆردومانیانکردن.

## شەهیدبوونی ئازادی حەمە گەمحان و هاوڕێکانی

شەوی ١٩٨٧/١٠/٩ ئازادی حەمە گەمحان فەرماندەی تیپی ٩٩ بتوێن و ڕزگار و دڵزار دوو پێشمەرگەی تیپی بتوێن کەوتنە بۆسەی جاشەوە و شەهیدبوون، هەرسێ پێشمەرگەکە لە تراکتۆرەکەی حاجی حەمە ساڵح خەڵکی بەری مەرگە سەرکەوتبوون، مەفرەزە خاسەکانی دوژمن لە خواردێی قەرەنگوێ بۆسەیان بۆ دانان و شەهیدیانکردن بەردیان لەسەر ڕێگەی تراکتۆرەکە دانابوو تابوەستێ، لەگەڵ وەستانی تراکتۆرەکەدا تەقەیان لێکردن و شەهیدیانکردن لەگەڵ شەهیدبوونی ئەو

سێ پێشمەرگەیەدا حاجی حەمە ساڵح برینداربوو، جاشەکان چوونە سەر تەرمی شەهیدەکان و تفەنگەکانیان بردن.

**تـــــەشکیلەی نوێ**

| | |
|---|---|
| تۆفیق کانی وەتمان | فەرماندەی تیپ |
| ڕزگار هاودیانی | جێگری فەرماندەی تیپ |
| بەکرە سوور | ڕێبەری سیاسی تیپ |
| هەڵمەت | لێپرسراوی ڕێکخستن |
| مەلا جەمال | کادیری شۆڕشگێڕان |
| جوتیار دووبزی | فەرماندەی کەرت |
| بەکر خەلەکانی | فەرماندەی کەرت |
| ئەحمەد ئیسماعیل | فەرماندەی کەرت |
| ئەنوەر بۆڵی | فەرماندەی کەرت |

## ڕەبـــییەکانی قـــەرەنیاغا

شەوی ١٩٨٧/١٢/١٥ هەردوو تیپی ٩٩ بتوێن و ٧٨ کاروخ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی قەرەنیاغا و دەستیان بەسەرداگرت لەو هێرشەدا سەلامی مام نەجم جێگری کەرتی ١ تیپی ٩٩ بتوێن شەهید بوو.

## بـــۆسە

ڕۆژی ١٩٨٧/١٢/٢٥ کەرتی ١ تیپی ٩٩ بتوێن و مەفرەزەیەکی کەرتی تیپ بە فەرماندەیی عەلی وەیس لە دێی تۆربەی بناری کۆسرەت بۆسەیەکیاندانا و چوار جاشیان دەستگیرکرد.

## ســـووتانی بارەگای تـــیپ

تیپی ٩٩ بارەگاکانیان گواستبووەوە گوندی چاڵاوا لە دۆڵی جافەتی، سوپای عێراق هێرشیانکردە سەر ناوچەکەو بارەگاکانیان سووتاند، لە ناویاندا بارەگای تیپی ٩٩ لە چاڵاوا سووتا.

## چالاکی ناو شاری ڕانیـــە کوشتنی ئـــەفسەرێك

بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکییەک عەلی بۆسکێنی پێشمەرگەی کەرتی ١ تیپی ٩٩ بتوێن سواری بەلەمێک بوو بەرەو ڕانیە بپەڕێتەوە لەناو بەلەمەکادابوو ڕەشەبایەک هەڵیکرد دوو پێشمەرگەیتر ئاشنا و کۆسرەت لەناو بەلەمەکەدابوون.

ڕەشەبا هەڵیکرد شەپۆلەکان سەرکێش بوون لە هەڵچوون و داچووندا بوون شەپۆلەکان هەندێکجار دوو هەندێکجار سێ مەتر هەڵدەچوون بەلەمەوان و سەرنشینەکانی سەریان لێشێوابوو نەیاندەزانی ڕوو لەکوێ بەکەن، تاریکە شەو بوو شەپۆلەکان سەرکێش و لەخۆبایی بوون بەلەمەکەیان لەگەڵ خۆیان ڕادەژەند هەندێکجار لە لێواری کەوتن نزیکدەبوونەوە هەندێکجاریش لەنگەری دەگرت و دەستیپێدەکردەوە بەردەوام بوون لەڕۆیشتن بەلەمەوان سەوڵی لێدەدا ماندوو بوو بەڵام ورەیان بەرنەداو شەپۆلەکانیان بەزاند، بەریبەیان بەلەمەکە لەقوڕدا چەقی و دابەزین گلۆپەکانی چوارقوڕنە دەبریسکان نزیک فیرقەی چوارقوڕنەبوون پێشمەرگەکان پاڵێکیان بە بەلەمەکەوە ناو خستیانەوە ناو ڕووبارەکە، بەلەمەکە گەڕایەوە ئەمانیش بەرەو ڕانیە عەلی چووە بۆسکێن.

## کوشتنی ئەفسەرێك

**1988/1/17**

هەندێک ئەمن هەبوون دەهاتنە گەڕەکی قەڵاتێ توانجیان لە کچان دەدا شەڕیان بە خەڵک دەفرۆشت،ماڵی خاڵی عەلی بۆسکێنی لەوگەڕەکەبوو، کوڕە خاڵی داوای لە عەلی کرد بچن ئەمنەکان بکوژن ، دوو ڕۆژ لەسەر یەک عەلی و کوڕە خاڵەکەی

چاویان بۆ ئەمنەکان دەگێڕا بەڵام نەدەهاتن.

ڕۆژێک عەلی لە ماڵی خاڵی بوو کوڕەخاڵەکەی هات ووتی وەرە ئەمنەکان جێب قیادەیەکیان پێیە لە دووکانی کاکە حەمە سەوزە دەکڕن بەڵام تا عەلی گەیشت ئەمنەکان ڕۆیشتبوون.

سەربازەکانی دوژمن لە قەڵادزێ و سەربازگەکانەوە دەهاتنە ڕانیە، هەندێکیان مۆڵەتیان هەبوولە ڕانیە شتیان دەکڕی و دەڕۆیشتنەوە، عەلی بڕیاریدا گورزێک لە سەربازەکان بوەشێنێ.

عەلی لەسەر قولەی ڕانیەوە تەماشایکرد سێ سەرباز لە ئیڤایەک دابەزین، عەلی بارانگیرێکی لەبەردابوو کلاشنکۆفەی لە ژێر بارانگیرەکەدا بوو بەدوای سەربازەکاندا ڕۆیشت تا لە ئاپۆرەی خەڵک دەرچن ئنجا تەقەیان لێبکات.

عەلی بەدوای سەربازەکاندا دەڕۆیشت گوێی لێبوو سەربازێکیان بەئەویتری دەوت کە ڕۆیشتینەوە ماڵەوە بە ماڵ و مناڵەوە دەعوەتی ئێوە دەبین، عەلی کە گوێی لەو قسانە بوو ووتی ئەوانە دەکەم بە خێری مەولودی پێغەمەر نایانکوژم، عەلی ویژدانی ڕێگەی نەدا بیانکوژێ.

بەیانی ڕۆژی دواتر عەلی لە کۆڵانی ماڵی خاڵی هاتە دەر شانێکی هاتە بەرچاو جلی قوات خاسەی لەبەر بوو نەجمەیەکی لەسەر شان بوو، ئەفسەرەکە چووە دووکانێک عەلی چاوەڕێی کرد  تا هاتە دەر، کە ئەفسەرەکە هاتە دەرەوە عەلی دوایکەوت، ئەفسەرەکە قوماشی ئەنگۆرەی کڕیبوو دوو پارچە جگەرەی سۆمەری بولغاری پێبوو ئەفسەرەکە گەیشتە پێش دووکانی  حاجی ئەحمەد و عەلی حەوت فیشەکی پێوەنا ئەفسەرەکە هاواریکرد یا عەلی و کەوت، هەرچی سەرباز لەو ناوەدابوو ڕایانکرد، عەلی تفەنگەکەی وەستا تفەنگی ئەفسەرەکەی هەڵگرت و بەکۆڵانەکەدا ڕۆیشت.

جاشێک مزەللییەکی پێبوو بەرەو ڕووی عەلی هات ووتی ئەوە چیبوو عەلی ووتی ڕاکە زەلامێکیان کوشت عەلی خۆیگەیاندە بۆکسێن بۆ ماڵی مامی لەوێشەوە گەڕایەوە بارەگای تیپی بیتوێن

## تـــیپی 99 لە ئــەنفالی (1،5) دا

لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٨ پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی یەک دەستپێیکرد، بۆیە هێزەکانی تیپی ٩٩ بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بۆ خۆشناوەتی و مەڵبەندی (٣)، بەشێکیشیان بۆ مەرگە، شارستێن، خورخورە و داری زەکەریا.

ئەو بەشەی شارستێن و مەرگە بە فەرماندەیی تۆفیق کانی وەتمانی بەشداری کاریگەریان کرد لە نەبەردی و بەرگریەکانی شارستێن، مەرگەو ناوچەکە بە گشتی، هاوشانی تیپی ٤٣ی ئاسۆس و تیپەکانیتر دوا فیشەکی بەرگریان تەقاند، دواتر پاشەکشەیان کرد بەرەو ناوچەکانی مەڵبەندی سێ و سەرکردایەتی.

کەرتێکی دیکەی تیپی ٩٩ بە فەرماندەی کادیری پێشکەوتوو کاک هەڵمەت لە پشتی چیوە، سەری موسەک، بوون، لەو داستان و بەرگریانەی سەری چیوە فەرماندەی هێزەکەی بیتوێن کاک هەڵمەت شەهید بوو بە خوێنی خۆی داستانی بەرگری و نەبەزینی نووسیەوە.

دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە هەندێک لە ناوچەکان و بە تایبەت دوای شاڵاوی ئەنفالی (٥) تیپی ٩٩ بە هاوکاری تیپی ٣١ی سلێمانی، پاراستنی زنجیرە شاخی بەنی هەریر و ناوچەی باتاس و کەپکی حەمەد ئاغایان پێسپێردراو تا مانگی ١٩٨٨/٨ لەوێ مانەوە.

لە گەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوورەکان، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لە خۆشناوەتی بەرەو دۆڵی باڵەییان بەڕێکەوتن.

لە شەڕەکانی کونە کۆتر بەشداریانکرد کە دەڕوانێتە ئێنزی و لێوژێ و جادەی خانەقاو دۆڵی باڵەییان، کە تیایدا دەیان فەوج و لیواو تۆپخانەی فیرقەی (٢٤) لە هێرش دا بوون.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکانی کونە کۆتر و بناری قەندیل تیپی ٩٩ بارەگایان بردە دۆڵە کۆکە و قوڵە هەرمێ.

## پـــارتیزانەکان

پێش پاشەکشەی تیپی ٩٩ بۆ سنوور، کەرتێک لە تیپی ٩٩ بە فەرماندەیی ڕێبین سەعید کە زیاتر لە ٣٠ پێشمەرگە بوون لە ناوچەکە مانەوە.

بارەگای مەفرەزەکە لە بناری چیای کۆسرەت بوو، گوندەکانی قەسرۆک و کڵاو سوران کە لە ناوچەکە مابوون هاوکاری مەفرەزەکە بوون، هەندێک جاریش دەپەڕینەوە بەری خۆشناوەتی و چیای ماکۆک لەوێش هاوکاری دەکران.

## بـــەرەو ڕاپەڕین

لە ڕاپەڕین دا هێزی بیتوێن بە فەرماندەیی تۆفیق کانی وەتمانی لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦ هاتنە ڕانیە و دواتر بەرەو ڕزگار کردنی کۆیە بەڕێکەوتن.

# تـــیپی 97ی کـــۆسرەت
# نــــۆزدە

## تـــیپی 97ی کـــۆسرەت
## 1986-1984

تیپی ٩٧ی کۆسرەت لە ساڵی ١٩٨٤ پێک هات و تا ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام بوو.

بارەگای تیپی کۆسرەت لە گوندی کەلکانی بناری چیای کۆسرەت بوو، شێخ جەنگی برای هەڤاڵ مامجەلال فەرماندەی تیپی کۆسرەت بوو.

تیپی کۆسرەت لە تۆماری کورتی مێژوویی خۆیدا شان بە شانی تیپەکانی ٩٩ی بیتوێن و ٩٣ ی کۆیە لە چەند چالاکییەکی هاوبەشدا ڕۆڵی بەرچاویان بینی.

لە داستانی دابان، هاوشانی تیپی ٩٩ لە دۆڵی خەلەکان تا بێستانە بەشداری بەرچاویان هەبوو.

### پـــێکهاتەی تیپی 97

| | |
|---|---|
| + شێخ جەنگی | فەرماندەی تیپ |
| + میر حاج | جێگری فەرماندەی تیپ |
| + سەید حاجی | فەرماندەی کەرت |
| + عبداللە شێخ بزێنی | فەرماندەی کەرت |
| + برایم ئاغای کانی هەنجیر | فەرماندەی کەرت |
| + عبداللە بەکرەجۆیی | فەرماندەی کەرت |
| + جەبار سەیدە | فەرماندەی کەرت |

# تیپی 65ی بڵفەت
# بیست

## تــیپی 65ی بـــڵفەت

سالّی ١٩٨٥ تیپی ٦٥ی بلّفەت دروستکراو مەولود هێرۆیی کرایە فەرماندەی تیپەکە، سالّی ١٩٨٥ دوای تێکچوونەوەی گفتوگۆی شۆڕش لە گەلّ ڕژێمی عێراق، لە چوارچێوەی گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تیپی (٦٥)ی بلّفەت پێکهاتوو مەولود هێرۆیی کرایە فەرماندەی تیپەکە.

مەولود هێرۆیی لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕش بوو دەستەی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی هەرێمی (١٠)ی جووتیاران بوو، دواتریش جێگری تیپی ٦٣ی جووتیاران بوو، سالّی ١٩٨٥ کرایە فەرماندەی تیپی (٦٥)ی بلّفەت.

## تــیپی بـــڵفەت

١/ مەولود هێرۆیی فەرماندەی تیپ

٢/ عەبدوڵلا وسو جێگری فەرماندەی تیپ

٣/ ئەحمەد ڕەسولّ مەولود فەرماندەی کەرت

٤/ حەمەدەمین باپیر خەلّکی باوزێ، فەرماندەی کەرت

٥/ حەسەن کۆڕ بناوی فەرماندەی کەرتی تیپ

٦/ مەلا ڕەحمانی ئاوژێ فەرماندەی کەرت

٧/ مستەفا سەلیم ڕێبەری سیاسی تیپ بوو

سنووری چالاکی تیپی ٦٥ی بلّفەت لە گەورە قەلا، تا چوکلّی دۆمان نزیک شارستێن بوو، بارەگای تیپی بلّفەت[١٠] لە ئاوژێ بوو، لە گەلّ درووستبوونی تیپی بلّفەت جموجۆلّ و چالاکیان دەستیپێکرد.

## گــرتنی بـــەعسیەك

تیپی بلّفەت بە دوای پیاوانی بەعسەوە بوون لە هەر لایەک لە هەر جێگەیەک، بەعسیەک جاشێک سیخوڕێکیان بەرچاو بکەوتایە، یان سووسەیان بکردایە دەچوون

[١٠] بلّفەت شاخێکە دەکەوێتە پشتی هەلّشۆ، شاخێکی هێندە بەرزە شاری مهاباد و هەیبەت سولّتان و سەفین و چەمی ڕەزان لە بەرچاوی ڕوانینی دان چەند سەرچاوەیەکی ئاوی تیایە دێتە هەلّشۆ.

بەدوایدا و دەستگیریان دەکرد یان بە سزایان دەگەیاند، تیپی بڵفەت لە چالاکیەکدا لە خۆشاو بەعسیەکیان دەستگیرکرد دوو تفەنگیان پێ کرِی و دواتر بەرەڵڵایانکرد.

## گــەورە قـــەڵا

حکومەتی عێراق هات گەورە قەڵای گرت، مولازم عومەر ناردی بە شوێن تیپی بڵفەتدا تا بچنە گەورە قەڵا، تیپی بڵفەت بەڕێکەوتن بۆ گەورە قەڵا و حکومەتی عێراق ناوچەکەیان چۆڵکرد.

## زیــنووی ســپی
## مــانگی 1987/11

مانگی (١١)ی ساڵی ١٩٨٧ جارێکیتر (ی ن ک) هێرشیکردە سەر ڕەبیەکانی زینووی سپی بە فەرماندەیی ملازم عومەرو بەشداری بەشێک لە تیپەکان.

تیپی ٦٥ی بڵفەت یەکێک لە تیپە بەشدارەکانی شەڕی زینووی سپی بوو، یەکەم شەو سەرکەوتوو نەبوون کشانەوە چوونکە (مین)ێکی زۆر لە ڕێگەیان هەبوو.

شەوی دووەم مینەکانیان هەڵگرتەوەو هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەکان، لە هەموو لایەکەوە بووە تەقەو پێکادان.

لە یەکەم هەڵمەتدا تیپی بڵفەت چوونە ڕەبیەیەک بەڵام ڕەبیەکە هەڵاتن، دوو کلاشینکۆفیان دەستکەوت تیپی ٦٥ی بڵفەت ماوەی سێ شەوو ڕۆژ لە زینووی سپی مانەوە.

## مــەلا ســـەفی

مەلا سەفی دەکەوێتە نزیک گەورە قەڵاو پەنای شارستێن، مەلا سەفی بە سەر ناوچەکەدا دەیڕوانی شوێنێکی گرنگ بوو بۆ پارێزگاریکردن و چاودێریکردنی جموجۆڵی هێزەکانی دوژمن لە ئاسۆس و ڕێگەو بانەکانی ناوچەکە.

تیپی ٥٩ی بڵفەت بەردەوام لە مەلا سەفی پێشمەرگەیان هەبوو، پاراستنی مەلا سەفی بە تیپی بڵفەت سپێردرا بوو، بۆیە تیپی بڵفەت زۆربەی ئەرکەکانیان لەویَ بوو کەمتر جموجۆڵیان هەبوو.

## ئـــەنفالی یـــەك

تیپی بڵفەت لە نزیک شارستێن بوون، چەندین لوتکەو قوتەیان پێسپێردرا بوو تا پاشەکشەکراو ناوچەکە چۆڵیکرد، ماڵی مەولود هێرۆیی و براکانی لە کانی شینکە بوو، ئەوانیش بەرەو ئێران ڕۆیشتن لە دوای ئەنفال تیپی (٦٥)ی بڵفەت لە مارە دوو بوون لە خوار قەندیلەوە.

## خـــەمێکی قوڵ

تیپی بڵفەت لە بناری قەندیل بوون، شوێنی خەوتن و حەرەسیاتیان گۆڕیبوو چووبوونە سەرووتر وتبویان کەس لە خوارەوە نەمێنیَ.

عەزیز نەیزانیبوو لەو جێگەیە خەوتبوو کە قەدەغە کرابوو، براکەی عەزیز حەرەس بوو نەیزانیبوو عەزیز چووەتە خوارەوە تەماشا دەکات کەسێک سەرەتاتکیَ دەکات سەری بەرز دەکات و دادەنەوێنیَ یەکسەر تەقە لە عەزیز دەکات و دەیکوژێت کە دەچێتە سەری تەماشا دەکات عەزیزی برایەتی شەهید بوونی عەزیز بەو شێوەیە خەمێکی قوڵ و ئازارێکی گەورەی جێهێشت.

## ڕاپـــەڕین

مەولود هێرۆیی ماڵی لە بۆکان بوو بۆ بەشداریکردن لە ڕاپەڕین هاتە سەردەشت تا لەوێوە بچێتە لای هەڤاڵانیتر، لە نێوان سەردەشت و بۆکاندا ئۆتۆمبێلەکەیان وەرگەڕا، قۆڵی ئازاری گەیشت دکتۆر قەدەغەی کردبوو شتی قورس هەڵگریَ بەڵام بەو جۆرەش بەشداری ڕاپەڕینی کرد.

## سۆزی وەتەن

لە ناو شاری قەڵادزێ سەردانی مەولود (هێرۆیی) فەرماندەی تیپی (٦٥)ی بڵفەت م کرد، دوای چاوپێکەوتنم سەبارەت بە مێژووی درووست بوونی تیپی بڵفەت و هەرێمی جووتیاران، دەفتەری هۆنراوەکانی نیشاندام، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم ئەم پیاوە بەساڵاچووە تێکۆشەرە خاوەن قەڵەم و هۆنراوەی بەپێز بێت، کە سەیری دەفتەرەکەم کرد ژمارەیەک هۆنراوەی جوان و ئاست بەرزم بەدیکرد، بۆیە ڕووخسەتم لێخواست هۆنراوەی (سۆزی وەتەن) بڵاوبکەمەوە.

## سۆزی وەتەن

وا لە یادی نیشتمانم دڵ وەک ئاگر هاتە جۆش، وەک باڵندەی بێ پەڕوو باڵ لام نەماوە سەبروو هۆش

کەوتوومە ناو ماڵی قەفەز بە هاوتای دیل و نەخۆش، داواکارم ئەی خودایە ئەگەر بمدەیە فەرامۆش

**هەر تۆ بێ خەم و خەیاڵی خاوەن و پەروەردگار**
**هەر کەسە بە داوێکەوە گیرۆدەیە و گرفتار**
**یەک لە ناو کێشان و پێوان بێ ئاگا وەک شێت و هار**
**یەک خەریکی کۆچ و بارە یەک خەریک چاوی خومار**
**یەک لە بن ڕیش و عەبادا پێوە دەدا وەکو مار**
**یەکێ وەک کۆیلە دەژی یەک مێزەری دەکالار**
**یەک خەریکی تەختی شایە یەک لە سەری دێتە خوار**
**یەک دەڵێ خۆزگەم بەو ساڵ و یەک دەڵێ خۆزگەم بە پار**
**شێخی سەنعان بوو بە دەرویش کەوتە ڕۆژگاری دژوار**
**من بۆ گەل و نیشتمانم بوومە مورید تۆبەکار**
**بە دڵ شیوەنێ دەگێڕم نایخەمە زوبان و زار**
**بەختەوەریم ڕوو تێناکا لە ساڵێکدا جاروبار**

به سـەر هاتی کـوردان زۆرن وەک گـەڵای دەوەن و دار
تـەنـهـا کـەمـێکی دەنــووسـم لــە یـەکـەوە تـا هــەزار
ئـەگـەر کـەمـێکیش بـنـووسـم بـە فـیـلـێ هـەڵـنـاگـرێ
نـــازانـــم چـــی بـنــووسـم بـیـخـەمـە ڕسـتــەو ژمــار
وەتـــەن دایـــم لــە دڵـدایـە خۆشەویستی و نــاوی تۆ
بـە سـەرچـوو تـەمـەنـی لاوی لـە ڕێـگـەو پـێـنـاوی تۆ
نـایـدەم بـە کۆشکی وەزیــری بـەردێکی ڕووخـــاوی تۆ
نـامـەوێ بـاخـی مـیـرو خـان بـە دارێ سـووتـاوی تۆ
وەتـــەن سـۆزی تـۆ بـەهـێـزە لـە نــاو دڵان بـووە زاڵ
وەکــو ئـاگـری بـە تینە وا لــە نــاو ڕسـتـەی خـەیـاڵ
وەتـــەن لـە پـێـنـاوی تــۆدا بـێ بـەهـایـە سـەرو مـاڵ
ئـەو کـاتـە مـن بـەخـتــەوەرم نـە زاڵــم بـێ نـە زەواڵ
وەتــەن چـاوت لێدەگێڕم میل بـە میل و مـەتـرو گەز
ئـەوەنـدەی تـەمـاشـا دەکـــەم چـاوو دڵ نـابـێ وەڕەز
بـەڵـێـن بـێ مـن پـاسـەوانـم تـا ژیــان دێـنـێ هــەرەس
وەتــەن خـاوەنـی گەلێکی مـانـدوو نـەنـاس و نەبەز
هـاوکـارم بێ ئـەو خـودایـە چـوار دەورت دەکــەم مـەرز
تـەمـەن بـۆ تـۆ خـاڵـی بـێ ئــەوەی مـاوە سـاڵ و وەرز
ئـەگـەر هـەبـا ئـاڵـوگـۆڕ پـەنـجـا سـاڵـم دەکــرد قـەرز
چـــاوی شـۆڕ مـلـی نـزم خـۆ نـە سونـەتـە نـە فـەڕز
وەتەن هەموو قوڕنە و قاڵت بۆ من وەک کەسووکارێکە
هـەر لایـــەی ڕووی تێدەکەم کوێستانێک و هەوارێکە
وەتـــەن لـە بـەر چـاوی مـن دێـمـە کــارت گـوڵـزارێـکـە
کـۆ زبـڵـێ لـە نــاو تــۆدا لـە لام خـەراجـی شـارێـکـە

ئـەی وەتــەن کـەی وەتـبـیـنـم چـیـات بـوخـاری نەبێ
وەتــەن ئـەو کـاتـە دڵـشـادم گـەلـت ئـــازاری نەبێ
لـێوت لـە سـەر پێکەنین بـێ فرمێسکت جـاری نەبێ
هـەڵـبـگـیـرێ خـۆپـەرسـتـی زوڵــم و زۆرداری نەبێ
ڕەگ و ڕیـشـەی دەربهێنن کوێخاو مـوخـتـاری نەبێ
پەنجە لە نـاو پەنجەیدا بێ ڕێـی جـادوو کـاری نەبێ
کـۆرپـەی سـاوا نـەنـاڵـێـنـێ هـات و هــاواری نەبێ
بوولـبوول لـە نـاوت هەڵفڕێ شـورەو حـەساری نەبێ
وەتــەن مـەڵـێ بـێ وەفـایـە هەمیشە خـەمـباری تۆم
سـەرو مـاڵـم لـەڕێـدایـە لـە گـۆشـەی حـەسـاری تۆم
مـەڵـێ بـانـی دوو هـەوایـە نـاڵـێم شـەرمـەزاری تۆم
نـایـگـۆڕم بـیـرو بـڕوایـە نـەمـامـی نــزاری تۆم
خـۆزگـە وەتــەن تـۆ ببینم سـاڵـی دوو بـەهـارت بێ
بـەهـارێـکـی سـەوز بـوون و پـڕ چـاوی خـومـارت بێ
وەرزێـکـی لــە نــاوچــوون دووژمــنــی زۆردارت بێ
چـوار شەپۆلت لێ تێکەڵ بن تەنها یەک ڕووبـارت بێ
وەتـــەن تـۆ گـوڵـی هـیـوامـی خـەڵاتـی یـەزدانـمـی
ڕوونـــاکـــی دڵ و دەروون و ئــاواتـــی ژیـانـمـی
بـە زسـتـانـان تـۆ گـەرمـێـنـی هـاویـنـان کوێستانمی
بـە بـێ تـۆ بـێ نـاو نیشانم تـۆ تـاجـی سـەر شانمی

# تیپی 41ی کوڕەکاڵاو
# بیـــست و یـەك

## تیپی 41ی کوڕەکاژاو

کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ هۆمەراغاو حەوت کەسیتر شاریان جێهێشت و بوونە پێشمەرگە لە ناوزەنگ، هەشت کەس، هۆمەراغا، هەباس عەلی، سەلیم، محەمەدی حاجی برایمی کانیلان، حاجی خدری حەماغا، ئەحمەدی سەلیمی مەحموود ئاغا لەو هەشت کەسە بوون لە ناوزەنگ بوونە پێشمەرگە.

ناوزەنگ بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی لێبوو، بارەگای مامجەلال لە ناوزەنگ بوو، بارەگای عەلی عەسکەری لە نۆکان بوو، کاک نەوشیروان، سالار عەزیز، تایەری عەلی والی، ملازم عومەر لەو سەرکردانە بوون لە ناوزەنگ و نۆکان و ناوچەکە بوون.

هۆمەراغا کرایە فەرماندەی کەرت، تا بەڕێکەوتن بەرەو هەکاری لە ناوزەنگ بوو، لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨ لە گەڵ عەلی عەسکەری ، دکتۆر خالید، بەرەو هەکاری-سێ کوچکەی سنوور بەڕێکەوتن دوای ئەو بارودۆخەی لە کارەساتی هەکاری بە سەریاندا هات، گەڕانەوە ناوزەنگ.

## هەرێمی (11)

هەرێمی (١١) درووست بوو، قادراغا فەرماندەی هەرێمەکە بوو لە چەند کەرتێک پێکهاتبوو، هۆمەراغا یەکێک لە فەرماندە کەرتەکانی هەرێمی (١١) بوو، پاش ماوەیەک لە گەڵ شێخ سەدرەدین لە هەرێمی (١١) جیابوونەوەو بوونە قوەتی پشدەر، دیارە لە ساڵی ١٩٧٨ قوەتی پشدەر هەبوو قادراغا لێپرسراوی بوو هەر وەکو قوەتی پشدەر بەشداری هەکارییان کرد بەڵام دوای گەڕانەوە بوونە هەرێمی (١١)- دوای درووستبوونی هەرێمی (١١) جارێکیتر قوەتی پشدەر درووست کرایەوە کە شێخ سەدرەدین فەرماندەی قوەتەکە بوو هۆمەراغاش لە گەڵی چووە قوەتی پشدەر تا درووستبوونی تیپەکان.

## درووستبوونی تیپی کوڕەکاژاو

لە گەڵ درووستبوونی تیپەکاندا، تیپی ٤١ی کوڕەکاژاو پێکهات، سنووری چالاکی تیپەکە ناوچەی پشدەرو ئاسۆس بوو.

**پێکهاتەی تیپەکە**

١/ هۆمەراغا فەرماندەی تیپ

٢/ نورەدین سەید قادر جێگری فەرماندەی تیپ

**فەرماندە کەرتەکان**

١/ سەلیم هۆمەراغا فەرماندەی کەرت

٢/ حەسەن گەلاڵی فەرماندەی کەرت

٣/ بەکر گردە شێخاڵی (پورەستێ) فەرماندەی کەرت

سەرەتای درووستبوونی تیپەکە بارەگایان لە ئالانی سەردەشت، شێنێ، زەڵێ بوو، جەولەیان دەکرد بۆ دۆڵی جافەتی- سەرگەڵو- پشدەر- ئاسۆس.

دواجار بارەگای تیپی ٤١ی کوڕەکاژاو لە گەرمکان بوو، تیپی ٤١ی کوڕەکاژاو لە شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاویان بینی.

بۆ هەر کارێکی پێویست، هەر ئەرکێک، سەرکردایەتی – هەڤاڵ مامجەلال بانگیان دەکردن ئەرکیان پێدەسپاردن- بۆ شەڕەکانی قەلاتوکان لە گەڵ ملازم عومەر بوون تیپی ٤١ی کوڕە کاژاو تا ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بوو تیپەکە هەڵوەشایەوە.

# تـــیپی 56ی گـــەڵاڵە
# بیســـت و دوو

## تــيپی 56ی گـــەلاڵە
## 1984 مـــەنگوڕایەتی

(ی ن ک) هەمیشە لە گەورە بوون و فراوان بووندا بوو هێزی پێشمەرگەش لە گەشەی بەردەوامدا بوو، هەر بۆیە درووستبوونی هێزو تیپی نوێ لە پێویستیەکانی ئەو دەمی (ی ن ک) بوو، درووستبوونی تیپی (٥٦) ی گەلاڵەش لە چوارچێوەی ئەو گەشەکردنانەدا بوو.

ناوەڕاستی هاوینی ساڵی ١٩٨٤ لە جەنگەی گفتوگۆی نێوان یەکێتی و ڕژێمی عێراقدا تیپی (٥٦)ی گەلاڵە درووست بوو خرایە سەر مەڵبەندی (٣).

بارەگای تیپی (٥٦)ی گەلاڵە لە (قەلاوە) دانرا کە چەند کیلۆمەترێک لە شارۆچکەی ژاراوە دوورە، فەرماندە کەرتەکان دیاریکران، سەرەتا تیپەکە لە دوو کەرت پێکهات دواتر لە ساڵانی ١٩٨٥ – ١٩٨٦ کرایە چوار کەرت بەمشێوەیە:

١/ کوێخا عەلی فەرماندەی تیپ

٢/ عەبدولڕەحمان سێوەیسی جێگری فەرماندەی تیپ

٣/ سلێمان عەلی ئاغا فەرماندەی کەرت

٤/ حەسەن حاجی ئەحمەد فەرماندەی کەرت

٥/ حەسەن برایم شوان فەرماندەی کەرت

٦/ عەلی وەستا برایم فەرماندەی کەرت

٧/ مەلای عەلی ئاغا ئیدارەی تیپ

٨/ مستەفا سەلیم ڕێکخەری تیپ

٩/ مەلا ڕەحمانی ئاوەژێ لێپرسراوی سەربازی تیپ

بەمجۆرە تیپی ٥٦ی گەلاڵە درووست بوو[١١]

دوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆ لە گەڵ ڕژێمی عێراق بارەگای تیپ لە (قەلاوێ) گواستیەوە چووە قەڵاتوکان، سنووری کارکردن و جووڵەی تیپەکە لە ساوێن تا

[١١] گەلاڵە ناوی شاخێکە لە پشتی سوورە دێ دەست پێدەکات تا دەگاتە کوێستانەکانی سادر پێی دەڵێن گەلاڵە، گەلاڵە زنجیرەیەک لوتکەی لێ دەبێتەوە کوڕەش یەکێک لەو لوتکانەیە.

سوێسنە بوو، هەندێک جاریش ئەرکی پێشمەرگانەیان لە سنووری ئاسۆس و مەرگە پێ دەسپێردرا.

دێ ڕزگارکراوەکانی سنووری تیپی گەلاڵە، قەلاتووکان، ئەبوبەکرە، دەشتێوان، ڕەزگەی سەرو، ڕەزگەی خوارو، شناوەو چەند شوێنێکی تر بوون.

## ڕەوەنـــدەکان

خەڵکی سنووری مەنگوڕایەتی زۆربەی مەڕدار بوون حەزیان بە جاشایەتی و نۆکەرایەتی ڕژێم نەدەکرد خۆیان بە مەڕو ماڵاتەوە سەرقاڵ کردبوو، لە کۆتایی مانگی (٤)و هەندێکیان لە مانگی (٣)وە دەهاتنە ڕەزگەو قەلاتوکان کە لێرەوار و دارستانێکی زۆری هەبوو، هەر دەوەن و بن بەردێک، بن دارو هەوارێک ماڵە ڕەوەندێکی لێبوو، ڕەوەندەکان جگە لەوەی مەڕدار بوون هێزی پشتگیریش بوون، هەمیشە لە خزمەت پێشمەرگەدا بوون.

ڕەوەندەکان لە یەک شوێن ستاریان نەدەگرت، دەچوونە دیوی سورەدێ و عاشقوڵکەو مارە دوێ، لەو ناوچانە تاوڵ و ڕەشماڵیان هەڵدەداو مەڕوماڵاتیان بەخێودەکرد.

ڕەوەنـدەکـان، پەنیر، پەنیری پێستە، لـۆرک، شیرێژ، ماست و کـەرەو دۆو بەروبومی تریان هەبوو، (مێش هەنگ) یان بەخێو دەکرد، هەنگوینی کوردەواریان بەرهەمدێنا، ناوچەکانیان ئاوو هەوای سازگارو گوڵ و گوڵزاری زۆری هەبوو بۆ هەنگ و هەنگوینی ساخ لە بارو گونجاو بوو.

ناوچەی مەنگوڕایەتی، گوێز، هەنجیر، هەنار، سێو، ترێی هەیە، زیاتر سەرقاڵی مەڕداری و چێوارین کەمتر باخ و باخاتیان هەیە.

لە شاخ و کێوەکان، بەڕوو دار بەڕوو، مازوار، دار مازو، دارەبەن کە قەزوان و بنێشتی لێ بەرهەم دێت، زۆرو زەوەندو بەردەستن، بەشێکن لە ئابوری خۆڕسک.

ڕەوەندەکانی دەست و دڵ فـراوان و سەغی تەبیعەت بوون، هەر کەسێک، پێشمەرگەیەک بە لایاندا تێپەڕ بووایە، نان و خواردنیان دەدایە، یان مەڕێک بزنێکیان بۆ سەر دەبڕی.

## چــل بزنه

مانگی (٢)ی ساڵی ١٩٨٥ بارەگای تیپی ٥٦ی گەلاڵە لە قەڵاتوکان گواستیانەوە چوونە (بیوکە)ی بەری مەرگەو ئاسۆس، سێ مانگ لە شاخی (چل بزنە) بوون، لەوێوە چاودێری ناوچەکە و جموجۆڵی هێزەکانی دوژمنیان دەکرد، دوای تەواو بوونی ئەرکەکانیان گەڕانەوە قەڵاتووکان.

## لـــێدانی مـــونەزەمە

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (١)ی تیپی ٥٦ی گەلاڵە لە شەوی ١٩٨٦/٩/٩/٨ چوونە ناو شاری سەنگەسەرو لە مونەزەمەی فاشیەکانیانداو ئاگربارانیانکردن لە کاتی گەڕانەوەدا ڕووبەڕووی هێزێکی دوژمن بوونەوە شەڕێکی یەک سەعاتیان لە گەڵدا کردن و چەکدارێکیان بەدیلگرت.

**دەستکەوت:**

یەک کلاشینکۆف و ٤ شانە

## پــەلاماری دوژمن بۆ قـــەڵاتووکان
## 1987

کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ تیپی (٥٦)ی گەلاڵە هێرشیان کردە سەر ڕەبیەیەک لە سەر جۆگەی (زۆرکان) ئەوەش پەلاماری دوژمنی بە دوای خۆیدا هێنا.

مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٧ هێزەکانی دوژمن پەلاماری بارەگاکانی تیپی ٥٦ی گەلاڵەیاندا لە قەڵاتووکان، داگیرکەر بە پشتیوانی جاش و تۆپخانە هێرشی دەستپێکرد پێشمەرگەکانی تیپی ٥٦ی گەلاڵە بەرپەرچی پەلامارەکەی دوژمنیان دایەوەو زەرەرو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند، دوژمن بەشێک لە قەڵاتوکانی گرت بەڵام لە ژێر گوشاری پێشمەرگەدا دوای سێ ڕۆژ مانەوە کشانەوە.

ئەم داستانە بە خوێنی پێشمەرگەی قارەمان مەلا عەبدوڵڵای بەستەسێن تۆمار کرا، بارەگاکانی تیپی ٥٦ی گەلاڵە کە لە قەڵاتووکان و ئەبوبەکرە بوون

لە دوای  پەلاماری دوژمن بۆ سەر قەڵاتوکان بەردەوام تۆپبارانی لە سەر بوو، لە سەربازگەی شەروێن، سەید ئەحمەدان، تۆپباران دەکرا، تۆپخانەکانی دوژمن کوێرانە ئەو شاخانەیان دەکێڵا.

## ئـــەرکەکانی تـــیپ

تیپی ٥٦ی گەڵاڵە شوێنی گرنگ و هەستیاری هەبوو سەرە ڕێی هێزی پێشمەرگە بوو، شێنێ، زەڵێ، سەرکردایەتی دەبەستەوە بە مەڵبەندی (٣) وە.

دوای ئاشتبوونەوەی گشتی بارەگای حزبەکانی تریش هاتنە قەڵاتووکان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان بارەگایان هێنایە قەڵاتووکان.

تیپی گەڵاڵە لە سەری بێ دیۆ، گازە، پێشمەرگە و بنکەیان هەبوو کە دەڕوانێت بە سەر پشدەرو سەنگەسەردا.

ئەرکی پەڕاندنەوەو هێنان و گەیاندنی حزبەکانیتری کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش لە سەر شانی تیپی ٦٥ی گەڵاڵە بوو، جگە لە هێزەکانی یەکێتی.

سامی عبدالرحمن کاتێک لە پارتی جیابووەوە، تیپی ٥٦ی گەڵاڵە پەڕاندیانەوە، دەیان سەرکردەی عێراقی و کوردستانی لە لایەن تیپی گەڵاڵەوە پەڕێندرانەوەو گیانیان پارێزراو بوو.

بەشێکی دیار لە برینداری تیپەکان کە لە شەڕەکاندا بریندار دەبوون تیپی (٥٦) دەیپەڕاندنەوە، یان دەچوون بە دوایاندا وولاخیان بۆ دەگرتن و دەیانهێنانە قەڵاتووکان لەوێوە دەیانبردنە شوێنی مەبەست.

بەشێک لە پەڕاندنەوەکان بۆ سێروان، مەکتەبی عەسکەری، بارەگای مامجەلال، کاک نەوشیروان بوون، بەشێکیش بەرەو ئێران هەندێک جار تیپی ٦١ی کوڕەش خەڵکیان دەهێناو تەسلیمی تیپی (٥٦) یان دەکردن.

## گـــۆڕانکاری

کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ عەبدولڕەحمان سێوەیسی کرایە فەرماندەی تیپ، سلێمان عەلی ئاغا کرایە جێگری فەرماندەی تیپ، مامۆستا جەعفەر کەریم شانە کرایە ڕێبەری سیاسی تیپی گەڵاڵە.

## ســـــەری گۆمێ

پێشمەرگەکانی تیپی ٥٦ گەڵاڵە لە کاتژمێر ١١ی شەوی ٢-١٩٨٧/٢/٣ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی سەری گۆمێ و لە ماوەی ١٠ دەقیقەدا گرتیان.

**دەستکەوت**

١ ئاڕ بی جی و ٤ گوللە

١ دکتاریۆف

٣ کلاشینکۆف

١ سندوق نارنجۆک

٣ سندووق فیشەکی کلاشینکۆف

## شــەڕی هــەڵەبجە
## 1988/3/16

تیپی ٥٦ی گەلاڵە بە فەرماندەیی عبدالرحمان سێوەیسی فەرماندەی تیپ و بەشێک لە پێشمەرگە و فەرماندەکانی تیپی گەلاڵە بەشداریان لە شەڕی هەڵەبجەدا کرد.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ لە کاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا لە ناو شاری هەڵەبجەدا بوون، دواتر گەڕانەوە.

## تــیپەکان لە قــەڵاتووکان

لە کۆتایی ئەنفالەکاندا بەشێکی زۆر لە تیپ و پێشمەرگەکانی یەکێتی چوونە سنووری قەڵاتووکان لە بناری قەندیل شەڕی گەورە ڕوویدا، بە برووسکەیەک تیپی گەلاڵە کشایەوە بۆ سەری (مۆل) تیپەکانیتریش لە تاتی دۆو کۆتلەرو کوێستانەکانی کشانەوە، تیپی ٥٦ی گەلاڵە چوونە زنجیرەیەک لە پشتی ڕەزگە، لە کوێستانەکانی پشتی ڕەزگە مانەوە دوای سەرماو سۆڵە چوونە گوێزە، دۆڵە کۆکە، لەوێشەوە بۆ گۆڕە شێر.

## شــەهید بوونی عەبدولڕەحمان ســێوەیسی

کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ پایزێکی درەنگ بوو، عەبدولڕەحمان سێوەیسی لە (زەڵێ) شەهید کرا سلیمان عەلی ئاغا کرایە فەرماندەی تیپی گەلاڵە، بارەگایان لە گۆڕەشێر، دەراویدۆڵە تو، بەری ئێران، بەرانبەر شێنێ بوو.

لە گەڵ گۆڕانکاریەکانی ناو هێزی پێشمەرگە بەشی زۆری تیپەکان تێکەڵ کران و بەتالیۆن و تیپی نوێ پێکهات، تیپی گەلاڵەش بە هەمان شێوە.

## ڕاپــەڕین

لە ڕاپەڕیندا لە گەڵ ڕەتڵی حەسەن کوێستانی بە سوێسنەدا هاتنە ڕەزگە، لەوێشەوە بۆ ناو ڕانیە.

تـــيپی مـــــەڵبەندی دوو

1989-1982

بیــست و سێ

## مــەڵبەندی 2 / تیپی مــەڵبەندی 2

لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٣ تیپی مەڵبەندی ٢ درووستکرا کە تایبەت بوو بە پاراستنی سنوورەکانی سەرکردایەتی و دۆڵی سەرگەڵوو.

لە گەڵ هاتنە خوارەوەی مەڵبەندی ٢ بۆ سەرگەڵوو، داموو دەزگاکانیتری شۆڕش بۆ ناوچەکە، تیپی مەڵبەندی ٢ بۆ پاراستنی سەرکردایەتی و داموو دەزگاکانی شۆڕش کە هاتبوونە ناوچەکە دامەزرا، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەرکی سەرشانی تیپی مەڵبەند قورس و گرانتر دەبوو، سەرەتا بارەگای مەڵبەند هاتە سەرگەڵوو بەڵام قۆناغ بە قۆناغ، ڕادیۆ، چاپخانە، نەخۆشخانە، ناوەندی کۆمەڵە، ناوەندی شۆڕشگێڕان، بارەگای کاک نەوشیروان هاتنە ناوچەکە، بارەگای هەڤاڵ مامجەلالیش لە یاخسەمەر بوو، هەر لە سنووری تیپی مەڵبەند دابوو، ڕاستە بارەگای جەنابی مامجەلال تیپی پارێزگاری دەیپاراست، بەڵام زنجیرە شاخەکانی دابان و بەرزاییەکانی دەورووبەری هەر لە ژێر پاراستنی تیپی مەڵبەندا بوون.

## تــیپی مەڵبەندی( 2 ) 1983

**یەکەم پێکهاتەی تیپ**

| | |
|---|---|
| فاتیح شوانی | فەرماندەی تیپ |
| شێخ عومەر کەڵەکنی | جێگری فەرماندەی تیپ |
| کەمال شێخە | فەرماندەی کەرت |
| مستەفا سەرگەڵوویی | فەرماندەی کەرت |
| فاتح شوانی بە وەکالەت | کەرتی تیپ |
| ئەحمەد عەسکەری | ڕێبەری سیاسی تیپ |
| جەبار یاوەر | لێپرسراوی ڕێکخستن-کۆمەڵە |

دوای تەشکیل بوونی تیپی مەڵبەند بە ماوەیەک گفتوگۆی نێوان ڕژێم و شۆڕش هاتە کایەوە، لە ماوەی گفتوگۆشدا تیپی مەڵبەندی ٢ سەرقاڵی ئەرکەکانی سەرشانی بوو لە پاراستنی بارەگای مەڵبەندی ٢ بارەگاکانی دیکەی سنوورەکە.

## تـــیپی مەڵبەندی دوو

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی مەڵبەندی دوو لە شەوی ١٩٨٥/٩/١٣/١٢ چوونە ناو دێی تۆبزاوای نزیک دووکان و جاشێکیان دەستگیرکرد.

**دەستکەوت:**

١ کڵاشینکۆف

٤ شانە

## فـــەرماندە کەرتەکان

## 1983 بۆ 1988

صباح قایکەندی، عوسمان شارستێنی، کەمال شێخە، شوان موغاغی، زرار سێکانیانی، عوسمان هەڵەدنی، کوێخا جەلال، عوسمانە ڕەشە سەرگەڵویی، فاتح جاسەنەیی، ڕەسوڵ حەمە زێڕ، خەتابە ڕەش، مولازم محموود، ڕەحیم باوەزێی، عومەر سەرگەڵویی، حەمە عەلی حاجی محموود، خالید کرژەیی بوون.

**فەرماندە کەرتە شەهیدەکان**

+ شەهید ڕەسوڵ حمە زێڕ
+ شەهید زرار سێکانیانی
+ شەهید عوسمان هەڵەدنی
+ شەهید عەلی بەگ
+ شەهید ملازم محموود
+ شەهید عومەر سەرگەڵویی

## ڕەبـــییەی تـــۆپزاوا

دەستـەیـەک لـە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی مەڵبەندی دوو لـە شـەوی ١٩٨٥/٥/٣١/٣٠ بە پێی نەخشەیەکی دیاریکراو چوونە ناو دێی تۆپزاوای سەر بە شاری دووکان کە دەکەوێتە نێوان شاری دووکان و ناوچەی گەشتیاری دووکان کە چوار دەوری ڕەبییە و سەربازگە بوو.

پێشمەرگە ئازاکانی تیپی مەڵبەند دوای هەڵمەتێکی کتوپڕو خێرا دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەی تۆپزاواو هەموو جاشەکانیان بە دیل گرت تێکڕا ٨ جاش بوون.

**دەستکەوت:**

٧ کلاشینکۆف و ٣٧ شانە

٢ ڕەشاشی دکتاریۆف

پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە و بێ زیان بوون

## شـــەهیدکردنی پـــێشمەرگەیەك

کاتژمێر ٧ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٢٧ تاقمە جاشێک پەلاماری دێی گێچنەیاندا پێشمەرگەیەک بە ناوی ناسیح عەبدوڵلا بە ئیشووکار لە دێیەکەبوو تووشی جاشەکان بوو، زۆر نامەردانە شەهیدیانکرد، مەفرەزەیەکی تیپی مەڵبەندی دوو بەرەو گێچینە دەهاتن لە جاشەکانیاندا و بەرەو مۆڵگەکانیان ڕاویاننان.

## شـــەڕی کەندەشین 1986

کەرتەکانی (١و٢و٣)ی تیپی مەڵبەندی ٢ لە داستانێکی کەم وێنەدا هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەکانی کەندەشین لە خوار شاخی سپیلک، لە هەڵمەتێکی شێرانەداو لە ماوەیەکی کورتدا سێ ڕەبیە دەستیان بەسەردا گیراو خاپوور کران.

## گـــڕدانی عـــەمبارێك

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندی دوو لە شەوی ٢٣-١٩٨٦/٣/٢٤ لە چەند لایەکەوە هێرشیانکردە سەر عەمبارێکی ئازووقەی دوژمن لە حاجی تان و ئاگریان تێبەردا.

**زیانی دوژمن**

سووتاندنی عەمبارێکی ئازووقە

سووتاندنی ٢ کلاشینکۆف

بە دیلگرتنی ٩ چەکدار

**دەستکەوت**

٦ کلاشینکۆف

جیهازێکی ١٠٥

١ دەمانچەی تەنویر

## گـــرتنی ڕبییەی ســـارا

پێشمەرگە شاخەوانەکانی تیپی مەڵبەندی دوو لە کاتژمێر ٢:٣٠ دەقیقەی شەوی ٦-١٩٨٦/٥/٧ بە شاخی سەخت و خزی سارادا سەرکەوتن، دوای لێدانی ٧ گوللەی ئاڕ بی جی لە ڕەبییەکە لە دوو لاوە هێرشیانکردە سەری و گرتیان، لە ئەنجامدا دوانزە سەربازیان بە دیلگرت کە هەموویان سەر بە فەوجی دووکان، وەحدەی (٢٠٩٠) ڕەبییەی شەش بوون.

ڕەبییەی سەرقوتەی سارا کە بەرزترین زنجیرە چیای چەرماوەندە بەسەر دۆڵی جافەتی و سووورداش و دەشتی بنگردوو دووکاندا دەیڕوانی، لە چواردە ساڵەی شۆڕشی ئەیلولدا سێ جار هێرشی بۆ کرابوو، بەڵام نەگیرابوو تا قارەمانەکانی تیپی مەڵبەندی دوو دەستیان بەسەردا گرت.

**دەستکەوت**

١ ڕەشاشی بی کەی سی

١ ئاڕ بی جی

١ ئاڕ بی کەی

١٠ کلاشینکۆفی سیخۆ

١ قەناس بە دووربینەوە

١ هاوەنی ٦٠ ملم

١ جیهازی کۆڵەپشت.

## خـــولی تـــۆپخانە

لەو ماوەیەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشداری لێدانی کەرکوکیان کردوو زیانی گەورەیان لە بەرژەوەندیە ئابوریەکانی عێراقدا، تۆپ و هاوەن و ڕاجیمە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە هاتە دەست، بەشێکی بەرچاویش لە چەکی قورس لە چالاکیە جۆراوجۆرەکاندا دەسکەوت بوون، بەشێکیان لە بەر هەتاوو باران بێ ناز کەوتبوون، هەر بۆیە بە فەرمانی کاک نەوشیروان خولێکی فێر بوونی بەکارهێنانی چەکی قورس کرایەوە کە دواتر تیپی تۆپخانەی لێکەوتەوە، خولەکە کادێرە سیاسیەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە بەشداریان تیادا کرد، کە ئەو سەردەمە «محەمەد تۆفیق ڕەحیم» سەرپەرشتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی دەکرد.

لە ڕێکخراوی «١» جەلال جەوهەر، پۆلای موهەندیس، کاکە ڕەش ، ڕێکخراوی «٢» بەکر فەتاح، ئەحمەد عەسکەری، شوان، ڕێکخراوی «٣،٤» تەلعەت، وشیارە سوور، مامۆستا سابیر، حاکم شۆڕش، بێستوون، مامۆستا سەیفەدین، غەریب عەسکەریش بە بڕیاری کاک نەوشیروان بەشدار بوو.

مامۆستای خولەکە حاجی یونس بوو، حاجی یونس نائیب ضابط بوو لە کۆلێژی سەربازی عێراق ١٩ ساڵ وانەی وتبووەوە کاک نەوشیروان ووتبووی حاجی یونس بتوانێ وانە بە کۆلێژی سەربازی عێراق بڵێتەوە بۆ ناتوانێ بە ئێوەی بڵێتەوە.

خولەکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات، کادێرە سیاسیەکان هەر یەکە گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان و تواناو لێوەشاوەیی خۆیان بەکارهێنا.

## تـــۆپبارانی سوسێ

حکومەت بەردەوام لە سەربازگەی سوسێ وە بۆردوومانی سەرگەڵوی دەکرد، سەرکردایەتی شۆڕش بە تایبەت مەڵبەندی ٢ بڕیاریدا بۆردوومانی پێچەوانە بکەن.

شێخ ڕەوفی سوسێ و شێخ محەمەدی شەدەڵە چوونە لای ئامر لیوا، ئامر لیوا کورد بوو خۆی بە خەڵکی ناوچەکە دەزانی، پێیان ووتبوو تۆپبارانی سەرگەڵوو ڕاگرێت ئەگینا ئەوانیش ئەتوانن تۆپبارانی سوسێ و سەربازگەکانی تریان بکەن،

بەڵام ئامر لیوا زۆر لووت بەرزانە وەڵامی دابووەوەو ووتبووی بە «قالەی حاجی عەلی» بڵێن نەبووە بەوەی هەڕەشە لە حکومەت بکات.

دوای وەرگرتنەوەی ئەو وەڵامە، ئەحمەد عەسکەری کاتیۆشاکەی مەکتەبی عەسکەری بردە سەر دابان بە ٧٠ گوللەوەو دایمەزراند، لە سەری دابانەوە تۆپبارانی سەربازگەی سوسێیان پێکرد لە ٥٩ گوللەی تەقێندراو ٥٧ گوللەیان لە ناو سەربازگەی سوسێدا، ئامر لیوا بە خۆیو سەربازیەوە ڕایکردە قەڵای سوسێ.

بۆ ڕۆژیی دوایی شێخ ڕەوفی سوسێ و شێخ محەمەدی شەدەڵە چووبوونەوە لای ئامر لیوا، ئامر لیوا زۆر شپرزەو ترسا بوو، ئەمجارە بە نەرمی ووتبووی بە کاک «قادری حاجی عەلی» بڵێن ئەوان تۆپمان پێوەنەنێن ئێمە پیانەوە نانێین، بەو شێوەیە و تا ئەنفال تۆپخانەی سوسێ لە بۆڵە کەوت و دەمی نەکردەوە.

هەر لەو ماوەیەدا چەند گۆڕانکاریەک لە تیپەکە ڕوویدا، مستەفا سەرگەڵویی کە جێگری فەرماندەی تیپ بوو کرایە فەرماندەی تیپی مەڵبەند، ئەحمەد عەسکەریش کە ڕێبەری سیاسی بوو کرایە لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپەکانی ، مەڵبەند، ٤٩ی سارا، تیپی تۆپخانە.

## شـــەڕی سورداش 1987

عەلی بەگ پێشمەرگەو فەرماندەی ئازای کەرتی ٤ی تیپی مەڵبەند لە ناو ناحیەی سووورداش بوو لە گەڵ پێشمەرگەکانی کەرتەکەیدا کاتێک لە بەرەبەیانیدا هێزێکی گەورەی ڕژێم هێرشیکردە سەر سوورداش و تا کاتژمێر چواری ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو، شەڕێکی قورس و نابەرانبەر، شەڕێک کە تیایدا دەبابەو تۆپخانەکانی سوسێ و دووکان بەردەوام سورداشیان ئاگرباران دەکرد بەڵام پێشمەرگە بەرگری قارەمانانەیان کرد.

کەرتی ٢ی تیپی مەڵبەند بە فەرماندەیی شوان موغاغی بە هانای شەڕەکەوە چوون لە سەرگەڵوو شاخی هەلاجیشەوە مستەفا سەرگەڵوویی جێگری فەرماندەی تیپی مەڵبەند بە هانای شەڕەکە چوو هێزەکەی دوژمنیان تێکشکاند، لە سەر لە

بەیانی تا کاتژمێر ٤ی ئێوارە ڕژێم تەنها توانی خانوویەک بگرێت، سوپای عێراق لووتی شکاو بەرەو بارەگاکانیان ڕایان کرد، لەو داستانەدا مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەشدار بوو.

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی عەلی بەگ فەرماندەی کەرتی ٤ی تیپی مەڵبەندی ٢، پێشمەرگەیەکی مەفرەزەکەی پارتی بوو کە تەنها ڕۆژێک بوو ببووە پێشمەرگە، خەڵکی گوندی سەرگەڵوو بوو ناوی ئەحمەد عبدالله بوو.

هاوکات مەفرەزەیەکی تیپی ٢٧ی تۆکمە حەمە مین سووسەکانی و هاوڕێکانی لە کەرتی محەمەدی حاجی برایم لە تیپی ٢٧، چالاکیەیەکیان کردبوو چەند سەربازێکیان لە ڕژێم بەدیل گرتبوو هاتبوونە سووورداش تالەوێوە بەرەو بارەگای مەڵبەندیان بەرن لە سەرگەڵو، ئەوانیش لە شەڕی سووورداش دا بەشدار بوون ورۆڵی بەرچاویان بینی لە تێکشکاندنی هێرشی دوژمن.

مستەفا سەرگەڵویی، لە هەلاجەوە هاتبووە سەر سووورداش، بانگی عەلی بەگی کردبوو، پێشمەرگەکان ووتبوویان عەلی بەگ خەوتووە، مانای شەهید بووە.

## بـــۆمبارانی دۆڵی جـــافەتی

فڕۆکە جەنگییەکانی دوژمن لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢٨ و لە یادی لە دایکبوونی (صدام)دا بۆمبارانی دێهاتەکانی دۆڵی جافەتیان کردوو ژمارەیەک پێشمەرگە و هاووڵاتی شەهیدبوون:

١-شەهید کەریم نەریمان پێشمەرگەی ئەندازیار-خەڵکی سلێانی.

٢-شەهید ئاراس غەفور پێشمەرگەی ناوچەی دووکانی پارتی-خەڵکی سلێمانی.

٣-شەهید ئاوارە عەبدوڵڵا تەمەن ٣ساڵ-خەڵکی سەرگەڵوو.

٤-شەهید بنار عومەر حسێن تەمەن ٤ ساڵ خەڵکی سەرگەڵوو.

٥-شەهید بەدیعە عەبدوڵڵا تەمەن ٥ ساڵ خەڵکی سەرگەڵوو.

٦-شەهید ئامینە ئیبراهیم تەمەن ٥٠ ساڵ خەڵکی سەرگەڵوو.

٧-شەهید کەیوان کەیوانی هاووڵاتی ئێرانی ناسراو بە خالد دانیشتووی دێی چۆخماخ بوو.

## تـــۆپبارانی مۆڵگەی دوژمـــن

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٩ تیپی تایبەتی مەڵبەندی دوو بە تۆپ و کاتیۆشا تۆببارانی ڕەبییە و مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد لەبەردەشین، کونە ماسی، کارێزە کۆن، پشتی دوو توێ، زیانی زۆریان بەدوژمن گەیاند.

## گـــوللەبارانکردنی 8 هـــاووڵاتی

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٢ هەشت هاووڵاتی دانیشتووی ناوچە ڕزگارکراوەکانی دۆڵی جافەتی و سووورداش بە تۆمەتی هاتوچۆ و هاوکاریکردنی شۆڕش لەناوشاری سلێمانیدا گوللە بارانکران کە ئەم نەمرانە بوون:

١-شەهید جەمال مستەفا خەڵکی سەرگەڵوو-شۆفێر.

٢-شەهید حاجی ڕەسوڵ خەڵکی سەرگەڵوو-کاسب.

٣-شەهید شەریف حەسەن -دووکاندار.

٤-شەهید جەمال مالوومەیی-شۆفێر.

٥-شەهید ساڵح عەبدوڵلا خەڵکی هۆمەرقەوم-شۆفێر.

٦-شەهید عەتار محەمەد ئەمین خەڵکی تیمار-شۆفێر.

٧-شەهید ڕەشید خەڵکی گوێزیلە-شۆفێر.

٨-شەهید هووشیار عەبدولحەمید خەڵکی هەڵەدن-شۆفێر.

## کـــوشتنی دوو مفەوەزی ئـــەمن

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دوو ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٤ لە سەرشەقامی مەولەوی نزیک پارێزگای سلێمانی دوو مفەوەزی ئەمنیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوشتانن

١-مفەوەزی ئەمن طارق،خەڵکی دیالە، ڕەفیق حزبی.

٢-مفەوەزی ئەمن ئەحمەد،خەڵکی ئەنبار ڕەفیق حزبی.

## گـــرتنی ڕەبییەی ســـپیلك

لە شەوی ١٥-١٩٨٧/٥/١٦ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی ١و٢و٣ی تیپی مەڵبەندی دوو هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی سپیلک و دەستیان بەسەرداگرت.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١١ سەرباز

بەدیلگرتنی ١٦ سەرباز

**دەستکەوت**

١ ئاڕ بی جی و ٥ گوللە

١ تفەنگی برنەو

١٩ کلاشینکۆف

١ ڕەشاشی ئاڕ بی کەی

١ دەمانچە

١ هێستر

## بـــۆسە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندی دوو هەرێمی چواری حزبی سۆسیالیست لە کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٦/١٠ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی سلێمانی-دووکان ئاستی دێی تیمار دانا چوار ئیڤا و لاندکروزەرێک کەوتنە بۆسەکەوە و پێشمەرگەکان گوللە بارانیانکردن.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی ٨ سەرباز و جاش

**دەستکەوت**

٢ ئاڕ بی جی

٣ کۆڵە پشتی پڕ گوللە

٣ سندوق گوللە ئاڕ بی جی

٤ کڵاشینکۆف

١ دکتاریۆف

١ پەڕەشووت

٢ دەمانچە

٥٠ مەخزەن و ٣٠٠٠ فیشەکی کڵاشینکۆف

٢ دەمانچەی تەنویر

١ ئۆتۆمبێلی لاندکرۆزەر

١ جیهازی ١٠٥

١ دووربینی گەورەی سەربازی

گرتن و سووتاندنی ٣ ئیڤا

## گـــرتنی پێنج ڕەبـــییە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢٧ی تۆکمە و ٢٣ سورداش و ٣٧ی شارباژێڕ و تیپی مەڵبەندی دوو لە شەوی ١٠-١٩٨٧/٦/١١ چوونە ئاغجەلەر لە ئەنجامدا دەستیانگرت بەسەر پێنج ڕەبییەدا.

**زیانی دوژمن**

کوشتنی ٨ چەکدار و بەدیلگرتنی ٨ چەکداریتر.

**دەستکەوت**

١ ئاڕ بی جی و ١٠ گولله

١ دکتاریۆف

١٢ کڵاشینکۆف

٢ جیهازی ١٠٥

٢٠٠٠ فیشەک

قوربانی پێشمەرگە ٦ شەهیدبوو.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە مستەفا سەرگەڵوویی هاتە سەر تەرمی شەهیدەکان و سوێندی بە خوێنی ئەوان خوارد هەر ئەمشەو تۆڵەیان بکاتەوە، تەرمی شەهیدەکان بەرەو مێرگەپان بەڕێکران و بە خاک سپێردران.

هەر ئەو شەوە تیپی مەڵبەند بە فەرماندەیی مستەفا سەرگەڵویی پەلاماری ڕەبیەکانی سپیلکیان داو ١٨ سەربازیان بەدیل گرت و ١٨ چەکیش دەسکەوت بوو، شایانی باسە هەر لەساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٨٨ زیاتر لە چوار جار ڕەبیەکانی سپیلک و قوڵە پوشین و قوڵە سەوز لێیاندراو گیران، دواتر دوژمن دایدەنایەوە.

هـەر هـەمـان سـاڵ و جارێکی دیکـە پـەلامـاری ڕەبییـەی سپیلک و سـەری پیرەمەگرونیان دا، ڕژێم توانی سەری پیرەمەگرون بگرێت و جاش و سوپای لێدابنێ بەڵام هەر چەند ڕۆژێک تێنەپەڕی، تیپی مەڵبەندی ٢ بەفەرماندەیی مستەفا سەرگەڵوویی هێرشیانکردە سەر سەری پیرەمەگروون و لە پشتی شەدەڵەوە بۆی سەرکەوتن، لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان گرت بە سەر ڕەبییەو مۆڵگەکانی ڕژێم لە سەری پیرەمەگروون.

بەرەبەیانیەکی زوو لە هەڵمەتێکی شێرئاسادا ئەو چیا بەرزەیان لە دوژمن سەندەوە کە دەیڕوانی بە سەر یاخسەمەرو ناوچەکەدا کە ئەوکات بارەگای جەنابی مامجەلال لەوێ بوو، سەری پیرەمەگروون بە جۆرێک زاڵبوو بە سەر یاخسەمەردا دەتوانرا بەهاوەن و تۆپ لە ناوچەکە بدرێت و دەبووە شوێن ڕەسەدێکی گەورەش بۆ تۆپبارانی ناوچەکە و دەستنیشانکردنی بارەگاکانی شۆڕش لە یاخسەمەرو دۆڵی سەرگەڵوو، بەڵام کوڕانی تیپی مەڵبەند ئەو دەرفەتەیان لە دەستی ڕژێم دەرهێنا، ئامر سریەیەک و چەند سەربازێک و معاون مستەشارێکیان بەدیل گرت و سەری بەرزی پیرەمەگرونیان هەر بە بەرزی هێشتەوە.

## ڕەبـــییەی سەری ســـارا 1987

جاسم سەربازێکی عەرەبی شیعە مەزهەب بوو، لە ڕەبییەی سەری سارا گیرسابووەوە، بە حەبل لە شاخەکە هاتبووە خوارەوە قەناسەیەکی لە گەڵ خۆی هێنابوو، دوای ئەوەی شوانە مەڕێکی بەدیکردبوو قەنناسەکەی لە کونە شاخێک شاردبووەوەو هاتبووە خوارەوە بۆ قەمچوغە، لە قەمچوغە خۆی تەسلیمی هێرش کردبوو کە فەرماندەی کەرت بوو، ووتبووی قەناسەیەکم لەو شاخە شاردۆتەوە دوو پێشمەرگەم لە گەڵ بنێرە با بچم بیهێنم، پێشمەرگە لە گەڵی ڕۆیشتن و قەناسەیان هێنا، دواتر جاسمیان بردە سەرگەڵوو تەسلیمی مستەفا سەرگەڵوویی وتیپی مەڵبەندیان کرد.

جاسم بووە پێشمەرگە، جلی کوردی لە بەر کردوو جامانەی نایە سەری و پوزەوانەی هەڵکێشا و تفەنگێکی کردە شان، چوونکە جاسم خۆی سەرباز بوو لە ڕەبییەی سەری سارا شوێنی لوغمە چێنراوەکان و ڕێگە جیاوازەکانی پێدەزانی کە دەچوونە ناو ڕەبییەکە، تیپی مەڵبەند بە شارەزایی و چاوساغی جاسم و بەهێزێکی تۆکمەوە چوونە بن لوتی ڕەبییەکە، شەش ئار بی جی یەک لە دوای یەک لە ڕەبییەکە دران و چوونە ناو ڕەبییەکە، بە عەرەبی داوایان لێکردن تەسلیم بن، جاسم هاواری لێکردن چوار دەورتان گیراوە تەسلیم بن، سەربازەکان هاتنە دەرەوەو تەسلیم بوون هەموویان هاوڕێی جاسم بوون، ٢٥ سەربازو ٢٥ چەکی تیا بوو، لە گەڵ بی کەی سی و  هاوەن دەستکەوتی پێشمەرگەکان بوون.

## شـــەڕی ئاغجەلەر-تـــەوەکەڵ

بە سەرپەرشتی کاک وەهاب لێپرسراوی سەربازی مەڵبەندی ٢ نەقیب خەلیل دۆسکی و بە بەشداری تیپی مەڵبەندی ٢ بە فەرماندەیی مستەفا سەرگەڵوویی و ژمارەیەک لە کەرتەکانی تیپەکە و چەند تیپێکیتری مەڵبەندی ٢ هێرش برایە سەر سەربازگەی تەوەکەڵ لە ئاغجەلەر و لە ماوەیەکی کورتدا دەستگیرا بە سەر سەربازگەکەدا.

دوای تەواو بوونی شەڕو بەدیلگرتنی دەیان سەربازو چنینەوەی دەستکەوتەکان، گەڕانەوە بەرەو بارەگاکانی خۆیان، لە گەڕانەوەدا لە نێوان هۆمەرقەوم و شەدەڵە کەوتنە بۆسەی جاش و سوپاوە، شەڕ دامەزرا چەندین سەربازو جاش کوژران، هێزە بەزیوەکەی دوژمن لە بەردەم هەڵمەتی پێشمەرگەدا خۆی ڕانەگرت و هەڵاتن.

لەو داستانەدا ٢ پێشمەرگەی قارەمان عبدالله باوەمەندانی و برایم شەهید بوون کەمالی حاجی محموود و عەلی حاجی محموود بریندار بوون.

## خـــێزانێکی تـــێکۆشەر

دوای ئەوەی عەلی حاجی محموودی گەڵاڵە لە شەڕی تەوەکەڵ و دواتر داستانی ڕزگاری و دواتریش لە شەڕی کانی خان بە سەختی بریندار بوو، گواسترایەوە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، لە شاڵاوەکانی ئەنفالی یەک دا بۆ سەر دۆڵی جافایەتی بە فەرمانی کاک نەوشیروان عەلی حاجی محموود و چەند بریندارێکیتر گواسترانەوە نەخۆشخانەکانی ئێران بۆ چارەسەر.

لە ساڵی ١٩٧٩ حاجی محموودی گەڵاڵە و تێکڕای خێزانەکەی بوونە پێشمەرگە لە هەرێمی (٤) یەکەم کۆستی ئەم خێزانە، شەهید بوونی حسن قارەمان بوو لە ساڵی ١٩٨١ لە گوندی سێکانیان.

حاجی محموودی گەڵاڵە جگە لە خۆی، حسن قارەمان، حمە عەلی، حسێن، عوسمان، جەمال، خالید محمد عەلی گەڵاڵی و، ئەحمەد صاڵح عبداللەش لە گەڵیدا چوونە شاخ و بوونە پێشمەرگە.

دوای شەهید بوونی حسن قارەمان، هەر یەک لە عومەری حاجی محموود و عەبدولی حاجی محموود شەهید بوون.

لە ئەنفالەکاندا حاجی ئایشەی کچی حاجی محموود و خونچەی برازای کەوتنە بەرشاڵاوی ئەنفال، لە دوای پرۆسەی ئازادی لە نوگرە سەلمان ناسنامەکانیان دۆزرایەوە.

عەلی حاجی محموود فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی مەڵبەندی ٢ قارەمانی دەیان داستانی پێشمەرگانە بوو، لە شەڕی تەوەکەڵ و داستانی ڕزگاری و کانی خان دا، بریندار بوو.

## شـــەڕی قـــەمچوغە 1987

بەشێک لە پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەند لە قەمچووغە بوون، حکومەتی عێراقی چەند جارێک هێرشیکردە سەریان و تێکشکان، کەرتێکی تیپی مەڵبەندی ٢ بە فەرماندەیی فەرماندەی کەرت ڕەسوڵی حەمە زێڕ بۆ ماوەی دوانزە ڕۆژی بەردەوام هێرش و پەلاماری سوپا و گەلەجاشیان لە قەمچووغە تێکشکاند و بەرگری بەرچاویان کردوو زەبری کوشندەیان لە هێزەکانی عێراقدا.

لەو داستانە ١٢ ڕۆژیەدا ڕەسوڵی حەمە زێڕ فەرماندەی کەرت بریندار بوو، دوای بریندار بوونی گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانەی سەرگەڵو، دوای ماوەیەک مانەوە لە نەخۆشخانە لە بەر سەختی برینەکەی شەهید بوو.

## گـــرتنی ڕەبییەی حـــاجیتان 1987

بە بێ تەقەو بە بێ خوێن، ڕەبییەی حاجی تان کەوتە دەستی پێشمەرگە، بە چاو ساغی چەند چەکدارێکی کوردی هەولێری کە دۆستی پێشمەرگە بوون و ڕەبییەکەیان بەرانبەر ڕەبییەی سەربازەکان بوو، لە ووردەکاری ڕەبییەکەیان دەزانی، بەرنامەو پلانی گرتنیان بۆ پێشمەرگە دانا، چەکدارەکانی ناو ڕەبییە کوردەکە خەڵکی هەولێر بوون، کۆبوونەوەیان لە گەڵ مستەفا سەرگەڵوویی و تیپی مەڵبەند کردوو ووتیان، ئێمە هامووشۆی بەردەوامامان لە گەڵ ڕەبییەی سەربازەکان هەیە، دەچینە لای یەکتری و یاری دەکەین و هەواڵی یەکتری دەپرسین، بە تیپی مەڵبەندیان ووت کە ئێوە لە ڕەبییەکە نزیک بوونەوەو دەنگیان دان بڵێن، لە ڕەبییەی ئەو بەرەوە هاتووین و نەخۆشمان هەیە.

شەو تاریک داهات و پێشمەرگە بەرەو ڕەبییەکە سەرکەوتن دەنگیاندان و ووتیان نەخۆشمان هەیە، حەرەسی ڕەبییەکە چووە ژورەوە تا بە لێپرسراوەکەیان

بلێ، پێشمەرگە خۆیان هەڵدایە ڕەبییەکەوەو لە خرەی میلیاندا ووتیان تەسلیم بن، سەربازەکان کە ژمارەیان ١٥ کەس بوو بێ تەقە تەسلیم بوون، لەو شەوەدا دەستگیرا بە سەر ١٥ کلاشینکۆف و ١٥ هێستریش گیران و گوازرانەوە بۆ بارەگەکانی پێشمەرگە.

## چـــالاکی-خـــوڕخوڕە

هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی دوو دەستەیەکی مەڵبەند بە هاوکاری لیژنەی ناوچەی چوارتای پارتی لە ڕۆژی ١٩٨٨/١/١٩ لە نزیک خوڕخوڕە و یاخیان بۆسەیەکیان دانا، ژمارەیەک لە دوژمن کوژراو ٨٢ سەرباز بەدیلگیران.

**دەستکەوت**

٢ هاوەنی ٦٠ ملم

٣ بی کەی سی

١٢ ئار بی جی

٧ ئاڕ بی کەی

٢ قەناس

٤ دکتاریۆف

٤٧ کلاشینکۆف

٢ دەمانچەی قادسییە

١ دەمانچەی تەنویر

١ دووربین

ژمارەیەکی زۆر قناعی غاز

هەندێک ئەدەواتی ئیحطیاط

## تــێکشکاندنی پەلاماری دوژمــن

کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/١/٢٧ بە پاڵپشتی چوار دەبابە ویستیان دێی تیمار بسوتێنن، پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ سورداش و تیپی مەڵبەندی دوو هێزی پشتگیری سورداش و تیمار و جاسەنە لێیاندان و تا جادەی سلێمانی-دووکـان ڕاویاننان پاشان بۆسەیەکییان دانـا و کاروانێکی سـەربازی کەوتنە بۆسەکەوە و گوللەبارانکران.

**زیانی دوژمن**

کوژرانی زیاتر لە ٢٠ سەرباز و جاش بوو.

بەدیلگرتنی ١٣ سەرباز و جاش

سووتاندن و تێکشکاندنی ٥ ئۆتۆمبێل

**دەستکەوت**

١ بی کەی سی

١ ئاڕ بی جی

١٣ کلاشینکۆف

١ جیهازی ١٠٥

تۆپخانەی تیپی تایبەتی مەڵبەندی دوو بەردەوام تۆپبارانی هێزەکەی دوژمنیان دەکرد.

## جـــەولەیەکی 10 ڕۆژی

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا مەفرەزەیەکی چەند کەسی کە پێکهاتبوون لە خالید کرژەیی، مامە قالەی دۆڵەبی، محەمەد سەرگەڵویی، مولود سەرگەڵویی، بەرەو چیای پیرەمەگرون بەڕێکەوتن دوای چەند ڕۆژێک گەیشتنە لای مەفرەزەکەی پیرەمەگرون بۆ لای شوان موغاغی و هاوڕێکانی کە لە دۆڵەبی پشتی گوندی بیرانی پیرەمەگرون بارەگایان دانابوو، بۆ کاری تایبەت و لە گەڵ شەهید ئاکو سوور چەند شەوێک چوونە ئۆردوگای پیرەمەگرون و گەڕانەوە.

دوای ١٠ ڕۆژ مانەوەیان لە چیای پیرەمەگرون بە هەللاج و گەرووی سێکانیان دا بەرەو دۆڵەبی گەڕانەوە شەو لە ئەشکەوتەکەی دۆڵەبی مانەوە بۆ پشوودان، کاغەزێک لە کونە دیوارێکدا بوو دەریانهێنا دەست و خەتی شوان موغاغی بوو لێی نووسرابوو، ڕۆن و ساوەر لە فلانە شوێنە چاش لە فلان شوێن، ڕۆن و ساوەرو چاکەیان دۆزیەوە ساوەرێکی بەلەزەتیان لێناو چایەکی شاهانەیان دەمکرد.

## خــوولانەوە لە بـــازنەیەکدا

مەفرەزەکە بۆ ڕۆژیی دوایی بەرەو چەمی قەڵادزێ بەڕێکەوتن، بارانێکی زۆر باریبوو، چەمەکە هاتبوو، چڵ و چەوێڵی لە گەڵ خۆی هێنابوو، دارو چەوێڵی باران بردووی ناوچەمەکە گێنگڵی ئەدا خالید کرژەیی دارێکی بەدەستەوە بوو چووە ناو چەمەکە تا بپەڕێتەوە لە ناکاو خزاو لافاو بردی بە مەلەو قەڵەمباز بە زۆران لە گەڵ ئەو چەمە سەرەڕۆیە هەر چۆنێک بێت پەڕیەوە ئەو بەر، چەند جارێک تفەنگەکە لە شانیداخزا بەڵام نەیهێشت بکەوێتە ئاوەکەوەو کردیەوە شان.

خالید پەڕیەوە ئەوبەر، باران و هەورە برووسکە و چەخماخە دنیایان لێڵ کردبوو، چاو چاوی نەدەبینی، مامە قالە و محمد مەولود لەو بەر چەمەکە مانەوەو نەیانتوانی بپەڕنەوە، خالیدیش نەیدەتوانی جارێکیتر بپەڕێتەوە بۆ لایان، بۆیە ناچار لێکدابڕان، خالید شارەزای ناوچەکە نەبوو، کەوتە سەر ڕێگای قیری قەڵادزێ- بلفەت، دنیا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت، شەو داهات، خالید لە سەر ڕێگای قەڵادزێ- بلفەت هەر هات و چوونی بوو، ئەو شەوە ٣ جار ئەمسەراوسەری ڕێگاکەی کرد، هەر دەهاتەوە شوێنی یەکەم پێ، شەو تێپەڕی بەیان ئەنگووت و ڕۆژهەڵات بەڵام خالید هەر لە شوێنی خۆی بوو تا ئێوارە لەوێ مایەوە کە دنیا تاریکی پۆشی، بەڕێکەوت، ملی نا، بەڵام مل نانێک بە نەشارەزایی، چووە سەر شاخێکی بەرز، هەورە برووسکەیەک لێداو هەڵدێرا، مەخزەنی کلاشینکۆفەکەی لە شاخێکی داو بریسکەی لێهەستا، خالید کەوتە شیوێکی قوڵ و چڕەوە، بێهۆش بوو، کاتێک بە خەبەر هات تەنها ئاسمانی لێدیار بوو، گیانی پڕ لە ئێش و ئازار بوو، جەستەی

هیلاک و شەکەت و ماندوو، دەستیبرد بۆ قاچەکانی تا دڵنیا بێت توانای ڕۆشتنی ماوەو قاچەکانی نەشکاون، کە سەری هەڵبڕی و بە چواردەوری خۆیدا ڕوانی تەماشایکرد پشت سەری ڕەبیەی دوژمنە، هەناسەی لە خۆی بڕی، نە پرمە، نە کۆکە، نە دەنگ، لە ناکاو دوو سەگی گەماڵ و گەورە بەرەو ڕووی دەرکەوتن و لێی نزیکبوونەوە، خالید لە بەر ڕەبییەکەی سەری نەیدەوێرا هیچ جووڵەیەک بکات، بە دەست دوو جار ئیشارەتی بۆ سەگەکان کرد، باش بوو ڕۆیشتن و نەیانکرد بە هەراو وەڕین.

خالید برسیبوو، بڕستی لێبڕابوو، لەشی پڕ ئازار و وردە برین بوو، قەمسەڵەکەی بەری کون کون ببوو، کۆڵە پشتەکەی نانی تیابوو بەڵام لە کاتی کەوتنە چۆمی قەڵادزێدا نانەکە خوسابوو ببوو بە هەویر، بە ناچاری نانە خوساوەکەی دەخوارد بەڵام دەیهێنایەوە، قوت نەدەچوو، بە گەروویدا نەدەچووە خوارێ.

ڕۆژ بەرەو ئاوا بوون، دنیا بەرەو تاریکبوون دەچوو، بە پێوە خەو دەیبردەوە، بەڵام لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو تا بگاتە ئاوەدانی، کەوتە شیوێکەوە هەموو ژاژو بێشەڵان بوو ماوەیەک لەوێ خۆی حەشاردا، شەوێکیتری لەوێ بە سەربرد، بۆ بەیانی کە ڕۆژ هەڵات تا ئێوارە لە کەین و بەینی دەرباز بوون دابوو لە گەڵ خۆی دەدوا، شەوێکیتر بە سەر داهات و خالید بەردەوامبوو لە ڕۆیشتن هیلاکی بڕستی لێبڕیبوو، برسێتی یەخەی بەرنەئەدا دەڕۆیشت و بە پێوە خەوی لێدەکەوت لەرز دەیگرت و وە هۆش خۆی دەهاتەوە.

قاچە هیلاک و ماندوەکانی بردیە سەر سەربازگەیەک و بە سەر سەربازگەداکەوت، سەربازەکانی دەبینی حەمامیان داخستبوو نانیان ئامادە دەکرد، چەند جارێک خەیاڵی ئەوەی دەکرد بچێتە ناو چێشتخانەی سەربازگەکەو نانێک بهێنێ، بەڵام چڕبوونەوەی سەربازەکان لە دەوری چێشتخانەکە ئەو دەرفەتەیان لە دەست دەرهێناو ئەو خەیاڵ و خەوەیان زڕاند، خالید لە بەر خۆیەوە هەر ورتەی بوو، باشە من بچمە ناو سەربازگەکە دەمگرن و دەمکوژن، خەیاڵی نان و ئاوێکی ساردوو چایەکی گەرم خۆشترین خەیاڵی دنیا بوون لە بیرکردنەوەی خالیددا، دەبێ نانێکی

گەرم بۆ مرۆڤێکی برسی چەند قاتی تاجی سەری پادشایەک بە نرختر بێت.

خالید هەنگاوەکانی خێراتر دەکردن بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن، شاخ و هەڵەت و گردوو یاڵ و شیوو قەدپاڵ هەنگاوەکانی خالید یان کێش دەکرد بەرەو هیواو ئومێدی ڕزگار بوون، خالید ماوەی چوار شەوو ڕۆژ بەمشێوەیە مایەوە، دەڕۆیشت و دەنووست و خۆی کەنار دەگرت و دیسانەوە دەڕۆیشتەوە .

بە شاخێکدا سەرکەوت و چووە ئەو دیوی شاخەکە هەستی بە ئاوەدانی کرد، چووە سەر جادەیەکی خۆڵ و لە لێواری جادەکە ڕاکشاو خەو بردیەوە، لە خەوێکی شیرین دابوو لە دەنگی پێ و پرمەی وڵاخ بە خەبەر هات و هاواری لێکردن ووتی من پێشمەرگەم، وڵاخدارەکان نزیکی بوونەوە بینیان چەندە شەکەت و ماندووە، کۆڵە پشت و تاقمەکەیان لێوەرگرتوو لە بارەگای گومرگی « سونێ« بۆیان دانا، خالید توانای ڕۆشتنی کەم بوو لە وڵاغدارەکان دابڕا، هێواش هەنگاوی دەنا، بەرە بەیان بوو گەیشتە گومرگی «سونێ« حاجی نوری خەفەر بوو، دوای هەواڵ پرسین و چاک و چۆنی یەکتریان ناسی، حاجی نوری قتویەک پەنیری بۆ هەڵپچڕی لە گەڵ ٤ نان بۆی دانا، خالید ٤ نان و قتوە پەنیرەکەی خوارد، بەڵام هێشتا تێری نەخواردبوو، حاجی نووری وڵاخێکی بۆ خالید گرت و بەرەو قاسمە ڕەش لە ئاوزەنگی ووڵاخی داو لە چاوان وون بوو.

مامە قالە و محەمەد و مەولود گەڕابوونەوە بۆ لای پارتیزانەکانی پیرەمەگروون دوای چەند هەفتەیەک کە چەمەکە نیشتبوەوە و بواری دابوو ئەمانیش پەڕیبوونەوە.

## شـــەڕی مــێشەرۆ/1989

تیپە تێکەڵەکەی مەڵبەندوو تیپی ٢٣ی سورداش کە تیپی ٧٢ی لێپێکهێنرابوو لە مێشەڕۆی نزیک سنوورەکانی شارباژێڕ ئەرکیان پێسپێردرا بوو، تیپی ٧٣ و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی و پارتی لەوێ بوون، دوژمن هێرشیکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەو بارەگای گومرگ لە ناوچەکە پێشمەرگە لێیان هاتنە دەست و هێرشەکەی دوژمنیان تێکشکاند.

## شــــەڕی دۆڵە کــۆکە 1989

لە ئەنفالدا ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بردرابووە دۆڵە کۆگە لەوێ پەخشی بەرنامەکانی دەکرد، هێزەکانی دوژمن بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی ئیزگە هێرشیکردە سەر دۆڵە کۆگە، پێشمەرگە لێیان دان و هێرشەکەیان تێکشکاند، لەو هێرشەدا لە لایەن ئەحمەد عەسکەری و هەڤاڵەکانی تۆپخانەی شۆڕش خرایە گەڕو ڕۆڵی گەورەی بینی لە تێکشکاندنی هێرشەکانی دوژمندا.

## بـــەرەو ڕاپەڕین

هێزەکەی تیپی ٧٢ و شان بە شانی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی ٧ بەرەو ڕزگارکردنی شاری سلێمانی جووڵەیان کرد، بە سەر چیای گمۆدا بە سەراوو میراوادا هاتنە خوارەوە، نزیک ئێوارە لە سەر پاشماوەی گوندێکی ڕووخاو بارگەیان خست بۆ پشوودان.

مامۆستا جەمال فەرماندەی بەتالیۆنی حەوت فەرمانی کرد جیهازەکە ببەستن و بیخەنە کار، هەر کە جیهازەکەیان کردەوە برووسکەی هەڤاڵ مامجەلال هات کە جفرەکەیان خوێندەوە نووسرابوو هەر ئەمشەو بگەنە سلێمانی، بەشێک لە هێزەکە لە شوێنی خۆیان مانەوە، ماندوو شەکەتی ڕێگە بوون مامۆستا جەمال ووتی کێ ناتوانێ بمێنێتەوە ، کێش لە گەڵم دێت با جیابێتەوە، وەجبەیەکی زۆر لە گەڵ مامۆستا جەمال ڕۆیشتن.

بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ گەیشتنە شاخی گۆیژەی سلێمانی و لەوێشەوە بۆ ناو شار، بەشداریان لە ڕزگارکردن و پاککردنەوەی یەکجاری ئەمنە سوورەکەی سلێمانیدا کرد.

## بـــەرەو ڕزگارکردنی کـــەرکوك

دوای ڕزگار کردنی «سلێمانی، هەولێر، دهۆک» هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو ڕزگارکردنی کەرکوک بەڕێکەوتن، تیپی ٧٢ ش هاوشانی هێزی پێشمەرگە

ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە ڕزگارکردنی کەرکوکدا، شەوی یەکەمی ڕزگارکردنی کەرکوک چوونە ئەمنی « کەرامە» بۆ بەیانی کە دنیا ڕووناک بووەوە تەماشایان کرد کاک نەوشیروان لە ناو ئەمنی کەرامە لە ڕاڕەوەکە پیاسەی دەکرد، زیاتر لە هەفتەیەک لە کەرکوک مانەوە، بەرگری قارەمانانەیان کرد، هەر لەویَ زرار سێکانیانی و عوسمان ماوەتی شەهید بوون.

# تـــیپی پــــارێزگـــاری

# 1986

# بیــست و چــوار

## تـــیپی پارێزگـــاری 1986

ساڵی ١٩٨٦ بە بڕیاری سەرکردایەتی «ی ن ک» و هەڤاڵی بەڕێز مامجەلال تیپی پارێزگاری دروستکرا، بۆ پارێزگاری لە سەرکردایەتی و بارەگاکانی هەڤاڵ مامجەلال.

بارەگای تیپی پارێزگاری کە لە ناو بارەگاکانی سەرکردایەتی و هەڤاڵ مامجەلال بوو لە گوندی «یاخسەمەر»ی دۆڵی جافایەتی، ئەرکی تیپی پارێزگاری پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی و سنووری یاخسەمەر بوو، سنووری کارگێڕی تیپی پارێزگاری فراوانتر بوو تێکڕای گوندەکانی دۆڵی جافەتی دەگرتەوە، سنووری سەربازی و جمووجۆڵی پێشمەرگانە بێ سنوور بوو، لە هەر کوێ و هەر ناوچەیەک پێویست بوایە تیپی پارێزگاری لەوێ سەنگەری دەگرت و بەرگری لە گەل و خاکی نیشتمان دەکرد.

### پێکهاتەی تیپی پارێزگاری

| | |
|---|---|
| عبدالرحمن سیتەکی | فەرماندەی تیپ |
| عومەر قادر گوڵەباخ | جێگری تیپ |
| دلاوەر قادر | ڕێبەری سیاسی تیپ |
| عدنان عبدالله شاسوار | ڕێکخستنی تیپ |
| غەریب هەڵەدنی | فەرماندەی کەرتی یەک |
| کەمال تاماس | فەرماندەی کەرتی دوو |
| سالاری حاجی دەروێش | فەرماندەی کەرتی سێ + حەمە سوورەبانی |
| عەباس سیتەکی | فەرماندەی کەرتی چوار |
| حەمە مین | فەرماندەی کەرتی ٥ + مستەفا سوور |
| ئەردەڵان ئیسماعیل عارف | فەرماندەی کەرتی تیپ |
| هاوڕێ سۆران | لێپرسراوی مالیەی تیپ |

لە دوای سالاری حاجی دەرویش، حەمە سوورەبانی کرایە فەرماندەی کەرتی ٣، لە دوای حمە مین، مستەفا سوور کرایە فەرماندەی کەرتی ٥، تایەری حەمەی سەید عەلی، فەرماندەی کەرتی ٥، لە دوای عومەری قالە گوڵباخ، شوان قلیاسانی کرایە جێگری تیپی پارێزگاری.

## شـــوێن دۆشـــکەکان

بۆ پاراستنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی «ی ن ک» و بارەگاکانی هەڤاڵ مامجەلال، لە یاخسەمەرو پشتاوپشتی ژمارەیەک دۆشکاو دیمیترۆف جێگیر کرابوون بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئاسمانی فڕۆکەکانی عێراق، سەری یاخسەمەر، پشتی هەڵەدن، پشتی سەرگەڵوو، شاخی ژیلوان، شاخە ڕەش، لوتکە بڵندەکانی ناوچەکە، دۆشکاو ڕەشاش یان لێ جێگیر کرابوو.

## دۆشـــکەکانی یـــاخسەمەر

+ بەردەم ماڵی مامجەلال دیموترۆفێک، ڕزگاری حەمە زڕگوێزی لێپرسراوی بوو.

+ دۆشکای چیای ئاسنگەران، وەستا عبدول لێپرسراوی بوو.

+ دۆشکای گردە گەورە، کەمال تاماس فەرماندەی کەرتی ٢ لێپرسراوی بوو.

+ دۆشکای شاخە ڕەش، عەباس سیتەکی فەرماندەی کەرتی ٤ لێپرسراوی بوو.

+ دۆشکای بەردەم گردە گەورە، پشتی مەقەڕی مالیە، حەمە سوورەبانی فەرماندەی کەرتی سێ لێپرسراوی بوو.

جگە لەو خاڵە گرنگانە کە دۆشکای لێبوو، ناوچەی یاخسەمەرو سەرکردایەتی و بەشێکی بەرچاو لە دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵووی دەپاراست، تیپی پارێزگاری لە داستانە گەورەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان بینی، لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا دەیان هێرشی دوژمنیان تێکشکاند و داستانی کەم وێنەیان تۆمار کرد، ئەوە جگە لەوەی لە داستانی ڕزگاری و زینووی سپی و ئەنفال و سوورە دێی بناری قەندیلدا، ڕۆڵی گرنگ و باڵایان هەبوو.

## شـــەهید بوونی حەمە ســـوورەبانی
## شەوی 28/29/ 3/1987

دوو پێشمەرگەی تیپی پارێزگاری لە ئێران دەستگیر کرابوون ، حەمە سوورەبانی بۆ سۆراغی ئەو دوو پێشمەرگەیە و ئازاد کردنیان لە ڕێگەی پەیوەندیەکانی «ی ن ک» ەوە چەند جارێک سەردانی (شاناخسێ) ی کرد تا دواجار دوو پێشمەرگەکە ئازاد کران.

لە گەڵ ئازاد بوونیان لە (شاناخسێ) وە بە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی، بە گوندی گۆڕانکەدا تێپەرین لە دوورەوە ئاگرێکیان بەدیکرد، حەمە سوورەبانی وتی ئەو ئاگرە لەوانەیە ماڵی خاڵە کەریمی گۆڕانکە بن با بچین سەردانێکیان بکەین، کە لە ئاگرەکە نزیک بوونەوە چەکدار بوون، ئەمان خەریک بوو بگەڕێنەوەو جاشەکان تەقەیان لێکردن، هەر لە جێدا حەمە سوورەبانی بریندار بوو.

دوای بریندار بوونی زیاتر لە ۲۰۰ مەتر لە شوێنی بریندار بوونەکەی دوورکەوتبووەوە بەڵام هاوڕێکانی بەجێیان هێشتبوو لە سەری نەگەڕابوونەوە چەند کاتژمێرێک دوای بریندار بوونەکەی فیشەکی تەقاندبوو تا هاوڕێکانی بگەڕێنەوە بەڵام نەگەڕانەوە سەری، حەمە سوورەبانی بەدەم ئازاری برینەکەی و چۆڕەی خوێنی لێڕۆشتووی تا دەم بەیان شەهید بوو.

بۆ بەیانی کە دنیا ڕووناک بووەوە جاشەکان چوونە سەر تەرمەکەیی و بەرەو سوورەقەڵات بردیان، دواتر لە گوندی شەمساوا بە خاک سپێردرا.

حەمە سوورەبانی یەکێک لە بەورو وێزو پڵنگ و پیاوە بە هەڵمەتەکانی «ی ن ک» بوو، فەرماندەیەکی ئازاو بوێرو چەلەنگ و جەسوور بوو، پیاوی هەڵمەت و داستان بوو، هەرگیز سڵی لە دوژمنانی گەلەکەی نەدەکردەوە، لە هەڵمەت و هێرشدا هەمیشە دەستەی هێرش بوو، لە تیپەکانی ۳۱و۳۷ پێشمەرگە بوو، دواتر لە تیپی پارێزگاری فەرماندەی کەرتی ۳ بوو.

شەهید بوونی خەسارەتێکی گەورە بوو لە شۆڕش و «ی ن ک» کەوت، کۆستێکی گەورەو بەسۆێ بوو، زامێکی قوڵ و برینێکی سارێژ نەبووە، هەرگیز لە یادو

بیرەوەری هاوڕێ و هاوسەنگەرو کەسوکارو خەڵکی شارباژێڕ و دۆڵی جافایەتی و هێزی پێشمەرگەدا، کاڵبوونەوەو بیرچوونەوەی بۆ نییە، حەمە سوورەبانی هەمیشە باڵای لە مەرگ گەورەتر بوو، ئەوەی سڵی لێنەدەکردەوە مەرگ بوو، ئەوەی بیریشی لێنەدەکردەوە ئەوە بوو، لە شەوێکی کپ و خامۆش گیان بسپێرێ.

## زیـــنووی ســـپی

١٩٨٧/١١/٢٠ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێک لە تیپەکانی «ی ن ک»، لە نێویاندا تیپی پارێزگاری، بە سەرپەرشتی مولازم عومەر دەستیان گرت بە سەر زنجیرە چیاکانی زینووی سپی و ڕەبیەو مۆڵگەکانی ڕژێمیان گرتیبەردا.

تیپی پارێزگاری لەو داستانە گەورەیەدا پێشەنگ و ڕۆڵی دیارو بەرچاو بوو، دوای دەست بە سەراگرتنی زنجیرە چیای زینووی سپی، بەشێک لە هێزەکان پاشەکشەیان کردوو بەشێکیش بۆ بەرگری لە چیاکە مانەوە.

کەرتی ٢ی تیپی پارێزگاری بە فەرماندەیی کەمال تاماس لە گەڵ ١٨ پێشمەرگەی کەرتەکەدا مانەوە، لە ماوەی سێ شەوو ڕۆژدا ١١ هێرشی دوژمنیان تێک شکاند جگە لە هێرش و پەلامار، بەردەوام لە برزووت و بایلۆسەوە کە بە سەر زینووی سپی دا زاڵبوو بۆردوومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکرا لە زینووی سپی.

زینووی سپی هێندە فیشەک و تەقەمەنی داگیر کەری لێبەجێمابوو، بەشی چەند مانگێک شەڕی دەکرد، لە ١١ هێرشی ڕژێم بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە سێ شەوو سێ ڕۆژدا ٢٢ لاشەیان بە دوژمن بە جێهێشت دواتر تیپی ٣٧ پێشمەرگەکانی زینووی سپی بەدلکرد.

## بـــۆسە-گـــۆجاڕ

هێزێکی هاوبەشی تیپی پارێزگاری لە شەوی ١٧-١٩٨٨/١/١٨ بۆسەیەکیان لە دامێنی شاخی گۆجاڕ دانا لە ئەنجامدا ٧ سەرباز کوژران و ٩ سەربازیتر بەدیلگیران.

**دەستکەوت**

٥ کڵاشینکۆف

١ قەناس

١ دکتاریۆف

٢ دەمانچە

١ بێتەلی ڕاکاڵ بە موجەفیرەوە

٢ بێتەلی ڕاکاڵی بی سی سی

٢ دەمانچەی تەنویر

ژمارەیەک بەڵگەنامە

**ناوی بریندارەکانی تیپی پارێزگاری لە کیمیابارانی شاناخسێ دا**

| | |
|---|---|
| ١/ سالاری حاجی دەروێش | فەرماندەی کەرت |
| ٢/ هەژار حاجی شەریف سنجەڵێی | جێگری کەرتی ٣ |
| ٣/ شەماڵ عەلی باپیر | فەرماندەی کەرتی ٤ |
| ٤/ ڕێبوار چاوشین | کەرتی ٣ |
| ٥/ خالید سیتەکی | کەرتی چوار، فەرماندەی مەفرەزە |
| ٦/ ساماڵ عومەر مۆریاسی | کەرتی ٤ |
| ٧/ ڕزگار عمر حمەی قازی | کەرتی ٤ |
| ٨/ واحیدە بچکۆل | کەرتی ٣ |
| ٩/ هاوڕێ سۆران | لێپرسراوی مالیەی تیپ |
| ١٠/ دەروێش بارەیی | کەرتی ٣ |
| ١١/ کەمال ڕەحمان | کەرتی ٣ |
| ١٢/ عوسمان ڕەحمان | کەرتی ٣ |
| ١٣/ مام ئەنوەر | کەرتی ٣ |
| ١٤/ ئازاد سمیع | کەرتی ٢ |

| | |
|---|---|
| ١٥/ نەوزاد چاوشین | کەرتی ٢ |
| ١٦/ بورهان صالح بەحری «بورهانە پیر» | لێپرسراوی مالیەی کەرت |
| ١٧/ مەلا جەلال | فەرماندەی مەفرەزە کەرتی ٢ |
| ١٨/ جەمال شێخ محی الدین | کەرتی ٣ |
| ١٩/ سمکۆ | کەرتی ٢ |

## شـــەڕی سوورەدێ، قـــەندیل

دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ قەڵاتووکان و بناری قەندیل، شەڕی گەورەو بەرەنگاربوونەوەی گەورە ڕوویدا بەرانبەر هێزی داگیرکەر لە گوندی سوورەدێ، شێخ ئایش، بناری قەندیل بە گشتی، قەڵاتووکان، لوتکەو چیا بڵندەکانی ناوچەکە کرایە گۆڕستان بۆ داگیرکەرانی کوردستان.

تیپی پارێزگاریش لە سوورەدێ شەڕی گەورەو بێ ئامانیان بەرانبەر هێزەکانی داگیرکەر کرد، دەستی گەورەو گورزی گەورەیان لێوەشاندن دواتر بەرەو زەڵێ و قاسمەڕەش پاشەکشەیان کرد.

## دەســـتەی مـــەشق

دوای کشانەوەی پێشمەرگە بۆ سنوور، لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران گیرسانەوە، سەرکردایەتی شۆڕش سەر لە نوێ پێداچوونەوەی بە هێزەکاندا کرد، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە خولی زانیاری سەربازی بوو، تا هێزێکی دەوڵەمەند بە زانیاری سەربازی ڕەوانەی ناوچەکانی کوردستان بکاتەوە.

بە فەرماندەیی خەلیل دۆسکی لە زەڵێ دەستەی مەشق دامـەزراو خولی سەربازیان بۆ هێزی پێشمەرگە کردەوە، بۆ ئەو پێشمەرگەو فەرماندانەی دادەبەزینە ناوچە چۆڵکراوەکان بۆ خەباتی پارتیزانی.

خولەکە فراوان بوو، پڕ زانیاری جۆراوجۆری سەربازی بوو، خولی خۆ قایم کردن، شەڕی شاخ، هەڵگرتنەوەی مین، دانانی مین، درووستکردنی ئەڵغام، هەڵگرتنی

خۆراک، مەلەوانی، شێوازی شەڕی پارتیزانی و چەندین بابەتی تر بوون، ٢٠ وەجبە پێشمەرگە بەشداری خولی مەشقیان کرد کە هەر خولێک یەک مانگ بوو.

## مامۆستاکانی دەستەی مەشق

١/ کەمال تاماس
٢/ ئاراس ڕووف
٣/ شێخ سالار
٤/ نەورۆز حەمە زڕگوێزی
٥/ مەلا عوسمان
٦/ کاک تۆفیق
٧/ کاک کوردۆ ڕەحمان
٨/ کاک شادمان

## شـــەهیدەکانی تیپی پـــاریزگاری

تیپی پارێزگاری لە ماوەیەکی کەمی تەمەندا کە لە ساڵی ١٩٨٦ درووست بوو ژمارەیەک شەهیدی قارەمانی بەخشیوە، هەندێک لەو شەهیدانە دوای ڕۆشتنیان، یان نەمانی تیپی پارێزگاری خۆی بە خاوەنیان دەزانێ و لە لیستی شەهیدانی خۆیدا هەژماریان دەکات.

| | |
|---|---|
| شەهید حەمە سوورەبانی | فەرماندەی کەرتی ٣ |
| شەهید تاهیری حەمەی سید علی | فەرماندەی کەرتی ٥ |
| شەهید غەریب هەڵەدنی | فەرماندەی کەرتی ١ |
| شەهید نەژاد | جێگری کەرتی ٣ |
| شەهید ئەکرەم «مامە قالە» | جێگری کەرتی ٢ |
| شەهید ئەزوەر | فەرماندەی مەفرەزە کەرتی ٢ |
| شەهید ئازاد سەمیع | پێشمەرگەی کەرتی ٣ |
| شەهید عەلی یاخسەمەری | پێشمەرگەی کەرتی ١ |

| | |
|---|---|
| شەهید کەمال عەبە دالار | پێشمەرگەی کەرتی ٣ |
| شەهید پشتیوان وەندەرێنەیی | پێشمەرگەی کەرتی ٢ |
| شەهید سالاری حاجی دەروێش | فەرماندەی کەرت |

## ڕاپــــەڕین

تیپی پارێزگاری لە ڕاپەریندا بەشدار بوون و ڕۆڵی دیاریان بینی لە ڕزگار کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان تا ڕزگارکردنی کەرکوک.

# تـــــيپی 49ی ســـــارا
# 1991-1986
# بیـــست و پێنـــج

## تــیپی 49ی ســـارا 1986

سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی «ی ن ک» داموو دەزگا گرنگەکانی یەکێتی، ناوەندی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان، بارەگای کاک نەوشیروان، نەخۆشخانە، چاپخانە، ڕادیۆ، بارەگای مەڵبەندی ٢ لە سەرگەڵوو بەرگەڵوو بوو، بارەگای جەنابی مام جەلالیش لە یاخسەمەر بوو.

بۆ بەرگری کردن لە ناوچەکانی سەرکردایەتی پێشمەرگەی تیپەکانیتر لە ناوچەکانی ترەوە دەهاتن و لە دۆڵ مازەڵەو قەڵەم پاشا دەهاتنەوەو بەرگریان لە ناوچەکە دەکرد، ناوچەکە کە لە کۆمەڵێک شاخ و تەنگەو زنجیرە شاخی ستراتیژی سارا پێکهاتبوو، پێویستی بە هێزێکی تایبەت و هەمیشەیی بوو تا لە ناوچەکە بمێنێتەوەو بیپارێزێت، بۆ ئەو مەبەستەش جەنابی مام جەلال، حامیدی حاجی غالی و عەبدوڵلا بۆری ناردە لای حاجی حەمە سعیدی قەڵەم پاشا تا هێزێک بۆ ناوچەکە درووست بکەن، هەر بۆیە حاجی حەمە سەعید و حاجی فەقێ سمایل سەردانی هەڤاڵ مام جەلالیان کرد بۆ یاخسەمەر و بڕیاری درووستکردنی تیپی ٤٩ ی سارا لە مانگی ١٩٨٦/٧ دەرچوو.

حاجی فەقێ سمایل وەک فەرماندەی تیپ و حاجی محموود وەکو جێگری فەرماندەی تیپ دەستنیشان کرا، دواتر لە سەر داوای مەڵبەند، کاک عەزیزی حاجی حەمە سەعیدی قەڵەم پاشا کە فەرماندەی کەرت بوو وەکو جێگری فەرماندەی تیپی ٤٩ی سارا دەست بە کار بو ، بارەگای تیپی ٤٩ی سارا لە قەرەنگوێ دانرا.

بارەگای ٢ کەرت لە دۆڵ مازەڵە دانرا کە شاخێکی بەرزو ستراتیژیە و هاوتای چیای دابانە، ئەو چیایە جادەی بۆ دەچووە سەرو پێنج ڕەبییەی دوژمنی لێبوو، هەر بۆیە ٢ کەرتی پێشمەرگە لەوێ جێگیر کرا، ٢ کەرتیش لە قەڵەم پاشا دانرا، تا بەرگری لە ناوچەکانی سەرکردایەتی بکەن، دۆڵ مازەڵە و قەڵەم پاشا بە تەنگە و گەروو شاخ و لوتکەیەوە وەکوقورگی ناوچەکە وان و گرنگن.

## پێکهاتەی تیپی 49ی سارا

| | |
|---|---|
| حاجی فەقێ سمایل | فەرماندەی تیپ |
| عەزیز حاجی حەمە سەعید(قەڵەم پاشا) | جێگری فەرماندەی تیپ |
| حامید مولود صالح قەرەنگوێی | فەرماندەی کەرتی ١ |
| محمد محموود جوبلاغی | فەرماندەی کەرتی ٢ |
| ئەحمەد حاجی حسێن | فەرماندەی کەرتی ٣ |
| عەلی فەقێ ڕەشید یاخیانی | فەرماندەی کەرتی ٤ |
| بەکر محمد جوبلاغی | فەرماندەی کەرتی تیپ |

ئەرکی ڕۆژانەی ئەم کەرتانە لەم شاخ و شوێنانە بوو، کڵاوە سپی، کەلێنی مەتە ڕێزان کە تەنها کیلۆمەترێک لە ڕەبیەکانی دوژمنەوە دوور بوو، لە گەڵ شاخی کەوی دێنان و ورچەچ، بەرگریان لە ناوچەکە دەکرد کە تێکڕایان ١٥٠ پێشمەرگە زیاتر بوون، سنووری جوگرافی تیپەکە لە دووکانەوە بۆ قەرەسەردوو سارا و کڵاوە سپی و سەرگەڵوو لە بەرگری و چالاکی دا درێژ دەبووەوە.

## کـــیمیابارانی شـــاناخسێ

بەشێک لە هێزەکانی تیپی ٤٩ی ساراو مەڵبەندی ٢ لە شاناخسێ مابوونەوەو بارەگایان هەڵدابوو، لە کیمیابارانی شاناخسێ ژمارەیەک پێشمەرگەی تیپی ٤٩ بە سەختی بریندار بوون کە تا ئێستاش ئاسەواری چەکی کیمیاییان لە سەر ماوە، کاک عەزیزو هاوڕێکانی بۆ هەواڵی بریندارەکانی تیپی ٤٩ بەرەو شاناخسێ گەڕانەوە، بەڵام بە سەر هەواری خاڵی و بارەگای خاپوورو برینداریکی زۆردا کەوتن دواجار خۆشیان کەوتنە بەر کاریگەری چەکی کیمیایی.

## بـــارەگای تازەی تـــیپ

دوای ماوەیەک تیپی ٤٩ی سارا گەڕانەوە شاناخسێ و لەوێ مانەوە، عەزیز قەڵەم پاشا فەرمانی فەرماندەی تیپی بۆ دەرچوو، بە ڕەسمی کرایە فەرماندەی تیپی ٤٩ی سارا.

دوای پشوودانێکی چەند مانگی هاتنە بلەکێ، تیپی ٤٩ی ساراش هاوشانی تیپەکانیتر چوونە گەیلان غەرب بۆ دەورەیەکی چەند مانگی، دوای ئەوەی هێزەکان کرانە ٣ بەش، تیپی ٤٩ لە بەتالیۆنەکان مانەوە، بەڵام ماوەی مانگێک بە پارتیزانی چوونە چیای پیرەمەگروون.

## بــەرەو چیای پـــیرەمەگروون

مانگی ٨ ی ساڵی ١٩٩٠ و بە فەرماندەیی عەزیز قەڵەم پاشا فەرماندەی تیپی ٤٩ سارا هێزێکی چەند کەسی بۆ ماوەی مانگێک لە پیرەمەگروون مانەوە، کە پێک هاتبوون لە: « عەزیز حاجی حەمە سەعید قەڵەم پاشا، محەمەد، مولود سەرگەڵوویی، بەکر ئەحمەد سەرگەڵویی، عوسمان برنەو».

## کادێرو فەرماندەکانی تیپی 49

لە سەرەتای درووستبوونی تیپی ٤٩ی سارا تا ڕاپەڕین ئەم کادرو فەرماندانە لە پێکهاتەی تیپەکە بوون:

| | |
|---|---|
| ١/ ئاوات بەهادین | ڕێبەری سیاسی تیپ |
| ٢/ مەلا بەکر جاسەنەیی | کادێری ڕێکخستن |
| ٣/ ناسر عەزیز | کادێری ڕێکخستن |
| ٤/ ئەنوەر عەلی سەرگەڵویی | کادێری ڕێکخستن |
| ٥/ فایەق قادر کەرکوکی | کادێری کۆمەڵایەتی |
| ٦/ عارف عەلی حەسەن | کادێری ڕێکخستن |
| ٧/ حمەمین عەلی | کادێری ڕێکخستن |
| ٨/ تاهیر ئەحمەد | کادێری ڕێکخستن |

**فەرماندەی کەرتەکان و جێگرەکانیان**

| | |
|---|---|
| ١/ محەمەد محمود حاجی | فەرماندەی کەرت |
| ٢/ حامید مولود | فەرماندەی کەرت |
| ٣/ ئەحمەد حسێن | فەرماندەی کەرت |
| ٤/ عەلی فەقێ ڕەشید | فەرماندەی کەرت |
| ٥/ محمود بەگ | فەرماندەی کەرت |
| ٦/ گورون قادر | فەرماندەی کەرت |
| ٧/ محمد ئیبراهیم | فەرماندەی کەرت |
| ٨/ بەکر محمد حسن | فەرماندەی کەرتی تیپ |
| ٩/ عەزیز شارستێنی | فەرماندەی کەرت |
| ١٠/ حەمە ئەمین حسن | فەرماندەی کەرت |

**جێگر کەرتەکان**

| | |
|---|---|
| ١/ ڕەسوڵ سەلیم | جێگری فەرماندەی کەرت |
| ٢/ فەتاح محمد | جێگری فەرماندەی کەرت |
| ٣/ ئەحمەد عبدالرحمن | جێگری فەرماندەی کەرت |
| ٤/ جواد عەلی عبدالله | جێگری فەرماندەی کەرت |
| ٥/ ئیسماعیل حسێن | جێگری فەرماندەی کەرت |

## بـــەرەو ڕاپـــەڕین

تیپی ٤٩ی سارا هاوشانی تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە پێی بەرنامەو پلان و نەخشەی ڕاپەڕین بەشداری ڕزگارکردنی شاری سلێمانیان کرد، لەوێشەوە بەرەو ڕزگارکردنی شاری کەرکوک بەڕێکەوتن، لە ڕزگار کردنی کەرکوکدا، مەلا خالید، جێگری تیپی ٤٩ی سارا شەهید بوو.

تیپی ٤٩ی سارا لە تێکڕای نەبەردی و داستانەکان دا، لە سەرەتای درووست بوونیەوە تا ڕاپەڕین ژمارەیەک شەهیدی مل کەڵ و سەربەرزی بە نیشتمان بەخشیوە کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید جواد عەلی عبدالله

٢/ شەهید سدیق عبدالله سەعید

٣/ شەهید ئەمین عەلی عبدالله

٤/ شەهید ڕزگار ڕەشید

٥/ شەهید ئیبراهیم سەعید

٦/ شەهید عەزیز مستەفا

٧/ شەهید حەمە ئەمین حەسەن

٨/ شەهید محمد ئیبراهیم

٩/ شەهید عوسمان بڕنەو

١٠/ شەهید حەمە ئەمین مستەفا مولود

١١/ شەهید جەمال عبدالرحمن

١٢/ شەهید ناسر عەلی سعدون

١٣/ شەهید عزیز ئەمین

١٤/ شەهید مەلا خالید

١٥/ شەهید فایەق

١٦/ شەهید محمد ئەمین سەرمۆردی

١٦/ شەهید محمد محموود

## تـــيپی 27ی تـــــۆکمه
## 1987
## بیـــست و شـــەش

## تیپی 27ی تۆکمە 1987

سەرەتای وەرزێکی نوێ بوو تازە شەڕی قەیوان ماوەت لە مانگی تێپەڕاند بوو، هێزی پێشمەرگە لە بەرگریەکی سەخت دابوون بەرانبەر بە لەشکری داگیرکەران، تۆپ و فڕۆکە و دەبابە گوێ ی چەم و شاخ و دەربەندی پڕ کردبوو، دارو دەوەن تۆزی چەرە دووکەڵی لێنیشتبوو، بۆنی باروت لە داروبەردوو گەڵاو بنچک و هەتا لە کانی و چۆڕگەی چیا سەرکەشەکانیش دەهات، هەموو شتێ بۆنی گڕو دووکەڵی گرتبوو، پێشمەرگەکانی یەکێتی، تیپە قارەمانەکانی مەڵبەندی دلێران سێرەی تفنگیان گرتبوو بڕیاریان دابوو ئەو شاخانە بڕۆن ئەمان ناڕۆن و چۆڵی ناکەن.

هەواڵی شەڕو چالاکی بەردەوامی پێشمەرگە و خۆڕاگری کوڕانی گەل، بەزینی دوژمن، بەردەوام دەگەیشتە شارو دەروونی تێکۆشەرانی گەش دەکردەوە، چالاکی و نەبەردی و نەبەزین هەمیشە دیاری پێشمەرگە و گوڵی دەستی پێشمەرگە بوو بۆ یەخەی گوندوو شەقام و شار.

لە گەرمەی شەڕی قەیوان ماوەت، لە لوتکەی دڕندەیی بەعسدا تازە تازە خەڵفی نەمامی نوێ هەڵ دە چوو، تازە کوڕگەل ڕیزیان بەرەو شاخ دەبەست و هەر تفەنگی پێشمەرگە بوو بە گژ کێوو هەورا دەچوو، هەتا ڕقی دوژمن ئەستوورتر بوایە، هەتا بۆڵە و ناڵەی تۆپ و تۆپخانەکانی ڕژێم زۆرتر بوایە، دەروونی خەڵکی کوردستان زیاتر جۆشیان دەخوارد و پەرەیان دەسەند، زیاتر دەروونی گڕگرتوویان کڵپەی دەسەند بە گژ داگیرکەردا دەچوو، کۆڕی شەڕی قەیوان ماوەت گەرم دەبوو، هەتا هەناسەش گەرم بوو، بۆیە مانەوە لە ڕیزی داگیرکەران لە لای هەندێک کەس شەرم بوو.

میلی ئیزگەکەی شاخ بادراو گەرووی پڕجۆشی فەرهاد سەنگاوی گەرم بوو، هەواڵ هەواڵ، هەواڵێکی گەرم بوو، فەوجێکی سەر بە ڕژێم کە لە ناخیان کوردایەتی قوڵپی ئەدا ڕوویان کردە ڕیزەکانی شۆڕش و بوونە پێشمەرگە، نزیک بە ٢٢٠ ڕۆڵەی خوێن گەرم هاتنە ڕیزەکانی پێشمەرگەو تیپی ٢٧ی تۆکمەیان لێپێکهات.

لە تیپەکانیتری پێشمەرگەش ژمارەیەک فەرماندە و پێشمەرگە گواسترانەوە بۆ تیپەکەو بوونە هەوێنی تیپی ٢٧ی تۆکمە و پایەکانیان بەرز ڕاگرت.

## نامەی بەخێرهاتنی هەڤاڵ مامجەلال بۆ دارای حاجی برایم

**برای خۆشەویستم کاک دارای حاجی برایمی بەڕێز**

**سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم**

بەناوی ( ی.ن.ک ) و هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی خۆت و براکانت کاک ڕۆستەم و کاک ڕۆبیتان و کاک بارزان و هەموو فەرماندەی سریەکان و هەموو برا پێشمەرگەکانی لای ئیوە دەکەم و پیرۆزبایی گەرمی ئەو هەنگاوە دلێرانەتان لێدەکەم کە وەک ڕۆڵەی دڵسۆزی کورد و کوردستان هەڵتانهێناو خۆتان بەسەدان پێشمەرگەی چەکدارەوە گەیاندە ڕێزەکانی شۆڕشەکەی گەلەکەتان.

ئەم دلێری و جوامێرابیەی ئەم هەنگاوە شۆڕشگێڕانەیە لە مێژووی کوردایەتیدا لاپەڕەیەکی درەخشان بۆ خۆی تۆمار دەکات و مایەی ڕێزوو تەقدیدیری هەموو کورد پەروەرێکە هەروەک گورزێکی کاریگەریشە لە دەوژمنی داگیرکەری عەفلەقی دەدرێ .

هەنگاوە شۆڕشگێڕەکەتان هاندەرە بۆ هەموو کوردێکی هەڵخەڵەتاو یان ناچارکراو یان بەزۆر چەکدارکراو لە ڕیزی دوژمندا بۆ ئەوەی کەچاو لە پیاوەتی و ئازایەتی ئێوە بکەن و خۆیان بگەیەننە ڕێزی شۆڕش و گەلەوە تا ئەوانیش وەک ئێوە ببنەوە ڕۆڵەی شۆڕشگێڕو دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەیان.

ئێوە ئەی برایانی خۆشەویست نەک هەر سەری هۆزی سمایل عوزێریتان بەرزکردەوە و سەروەریتان بۆ لە مێژوودا نووسییەوە، بەڵکو دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزیشتان خۆشکردووە هیواتان بەسەرکەوتنی کوردایەتی جۆشدایەوە.

دیسان بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم و شۆڕشیش لەباوەشی گەرمی خوێدا وەک ڕۆڵەی دڵسۆز و بە شەرەف و نیشتمان پەروەر جێگەتان دەکاتەوە و بەناوی هەموو کوردێکی بەشەرەفیشەوە پیرۆزبایتان لێدەکات و بەخێرهاتنتان دەکاتەوە.

هیوادارم هەموو کوردێکی چەکداری لای میریش چاوتان لێبکات و ئێوە ببنە سەرقافڵەی گەڕانەوەیان بۆ باوەشی گەل و ڕیزی شۆڕش خوای گەورە وێنەتان

زۆر بكات و بتانپارێزێت و هەر شاد و سەربەرزو سەركەوتوین و هەربژین.

برای دڵسۆزتان مامجەلال

سكرتێری گشتی ( ی.ن.ك ) ١٩٨٦/١٢/١٩

## پــێكهاتەی تیپی 27ی تـــۆكمە

دارا حاجی برایم چەرمەگا فەرماندەی تیپ

ڕۆستەم حاجی برایم چەرمەگا جێگری فەرماندەی تیپ و سەرپەرشتیاری تیپی ٢٧ ی تۆكمە

كاك شۆڕش ڕێبەری سیاسی تیپ

مام ڕۆستەم قوله ڕەیسی فەرماندەی كەرت

دارا زایری فەرماندەی كەرت

حەمە عەلی بەرخانەقا فەرماندەی كەرت

محمدی حاجی برایم سوسێی فەرماندەی كەرت

سنووری تیپی ٢٧ی تۆكمە، لە چەمی ڕەزان و سوورقاوشان ، بێژنگ بە سەر، باخ، قایكەن، گولیجە، سۆتگە و قولەڕەیسی و قەمەرتلی و چەند ناوچەیەكیتر بوو، تیپی ٢٧ی تۆكمە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ بە دواوە كەوتە چالاكی و جمووجۆڵ و تا مانگی ٥ی ١٩٨٨ كە دەكاتە ئەنفالی چوار لە ناوچەكەدا مانەوە و دواتر بەرەو قەندیل پاشەكشەیان كردوو تیپەكە هەڵوەشایەوە، ئەو پێشمەرگە و فەرماندانەی مابوون بە سەر تیپ و مەڵبەندەكانی تردا دابەش بوون.

## چـــالاكیەكانی تیپی 27ی تـــۆكمە

ساڵی ١٩٨٧ هێزێكی تیپی ٢٧ی تۆكمە بە فەرماندەیی مام ڕۆستەم قوله ڕەیسی چوونە ناو گەڕەكی زەرگەتەی شاری سلێمانی و ١٢ جاشی ڕژێمیان دەستگیر كردوو سەركەوتوانە گەڕانەوە بارەگاكانیان.

## شــەڕی تــەوەکەڵ

هێزێکی تیپی تۆکمە هاوشان لە گەڵ تیپی ٣٧ی شارباژێردا، هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەکانی نزیک ئاغجەلەر و دەستی بەزەبریان لێوەشاندن، لەو هەڵمەتانەدا دوو پێشمەرگەی تیپی ٢٧ ی تۆکمە، عوسمان حاجی محمد جێگری فەرماندەی کەرتی ١ی تیپی ٢٧ ی تۆکمە و لوقمان حەمە حەسەن، پێشمەرگە لە هەمان کەرت شەهید بوون، ئەو ڕەبیەی کەرتی یەک هەڵمەتیان بردە سەری چواردەوری ئەڵغام ڕێژ کرابوو، ڕەبیەکە نەتوانرا بگیرێت.

## گـــرتنی ڕەبیەی کـــۆتەڵ

هێزێکی تیپی ٢٧ی تۆکمە لە سەر ڕێگای سلێمانی- سورداش، هەڵیان کوتایە سەر ڕەبیەی کۆتەڵ و دەستیان بە سەردا گرت، پێشمەرگەکان سەرکەوتوانە و بێ زیان بوون.

## هــێرشی بەردەوام

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧ بەدواوە تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ ڕژێم بە دەیان هێرشیکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە گوندەکانی حاجی ئاوا، حەسەن تەپە، زایر، باخ، گورگەیەر، هەر سێ تەڕەمار، قازان، گەبە، گەورەدێ و سوورقاوشان، کە بەشێک لەو گوندانە بارەگای تیپی ٢٧ی تۆکمە و تیپی ٢٣ی سورداشی لێمابوو، لەو ماوەیەدا نزیک بە ١٥ جار هێرشی گەورە و فراوان کرایە سەر هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە، قارەمانەکانی تیپی ٢٧ی تۆکمە لێیان دان و تێکیان شکاندن.

لە ماوەیەکی کورتی تەمەنی تیپی ٢٧ی تۆکمە تا ئەنفالی یەک و شەڕەکانی ئەنفالی ٤ دەیان چالاکی و نەبەردی قارەمانانەیان ئەنجام دا.

## ئـــەنفالی( 4)

پێشمەرگەکانی تیپی ٢٧ی تۆکمە هاوشانی تیپی ٢٣ی سورداش لە ناوچەکە مابوونەوە تا لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی ٤دا ڕژێم هێرشیکردە سەر ناوچەی سوورقاوشان و چەمی ڕەزان و عەسکەرو گۆپتەپە، دوای بەرگرییەکی کەم وێنە تیپی ٢٧ی تۆکمە هاوشانی هێزەکانیتری پێشمەرگە بەرەو قەندیل کشانەوە.

لە سوورە دێی بناری قەندیل و قەڵاتوکان و شێخ ئایش و تێکڕای ناوچەکانی بناری قەندیل هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری بەرچاویان کرد، تیپی ٢٧ی تۆکمە لە بەریەک هەڵوەشا، ئەو پێشمەرگانەی کە مابوونەوە، بە سەر تیپ و مەڵبەندەکان دابەش بوون.

لە ڕاپەڕیندا دوو لە فەرماندەی کەرتە ئازاکانی تیپی ٢٧ی تۆکمە محمدی حاجی برایم سوسێی لە کفری ، حەمە عەلی بەرخانەقا لە چیمەن شەهید بوون.

تەمەنی تیپی ٢٧ی تۆکمە تەنها ساڵێک و هەشت مانگ بوو بەڵام تەمەنێکی پڕ لە جووڵەو چالاکی و سەروەری و کۆڵنەدان و قوربانیدان بوو، دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمان لە تیپی ٢٧ی تۆکمە بوون، کە نموونەی نەبەزین و نەنەوین بوون.

تـــیپی 29ی کـــەڵکە ســـــماق
1987
بیـــست و حـــەوت

## تــیپی 29ی کەڵکە سماق ســـاڵی 1987

تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق لە تیپە دلێرو قارەمانەکانی «ی ن ک» بوو، کە لە ماوەی نزیک بە ٢ ساڵی تەمەنی، ڕۆڵی دیارو بەرچاوی دیوە لە دەست وەشاندن لە هێزەکانی داگیرکەرو شەڕەکانی بەرگری لە سەرکردایەتی لە ئەنفالی یەک و شەڕەکانی دەشتی کۆیەو ئەنفالی چوار.

تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق بە ڕێبەرایەتی و فەرمانی کاکە حەمەی کەڵکەسماق و بە فەرماندەیی شێخ هـاوڕێی کاکە حـەمـەی کەڵکە سماق ڕۆڵـی دیـاری لە سنووری کەڵکە سماق و دەشتی کۆیە تا سوورقاوشان و عەسکەرو سنووری سەرکردایەتی و مەڵبەندی ٢ دواتریش بناری قەندیل دا بینیوە کە زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەکانی تیپی ٢٩ لە پیاوە تێکۆشەرو کوردپەروەرەکانی هەقەی مامە ڕەزایی سەر بە خانەقای کەڵکە سماق بوون.

بۆیە پێش ئـەوەی داسـتـان و نـەبـەردی و شوێن سەنگەرەکانی تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق بە سەرکەینەوەو مێژووی تێکۆشان و کۆڵنەدانی ئەو قارەمانانە بنووسینەوە، گوزەرێکی خێراو سەرپێی بە ناو ئەهلی هەق و مێژووە یەکسان خوازو دادپەروەریەکەی دا دەکەین.

## هـــەقە «ئەهلی هـــەق»

هەقە لە چەند دەستەو گرووپێکی جیاواز، یان لە چەند خانەقایەکی جیاواز پێکدێن کە شوێن و ناوچە و موریدوو شوێنکەوتوانیان جیاوازن، شەدەڵەییەکان هەقەن، حەمە سووریەکان هەقەن، حەمە ئاغاییەکان هەقەن، مامە ڕەزاییەکان هەقەن، بەڵام لە یەکتری جیاوازن هەر یەک لەمانە شوێنکەوتەو موریدی خۆیان هەیە، جگە لەمانەش کۆمەڵێکی تریان سەر بە هیچ لەم گروپانە نین، وەکو سۆفی و مورید لە ماڵی خۆیانن، بەڵام هەقەن.

هەقەکان خاوەنی سێ خانەقان، خانەقای کەرکوک، خانەقای شەدەڵە، خانەقای کەڵکە سماق، ئەم سێ خانەقایە بەردەوام جمەیان دێ لە شوێن کەوتوان و سۆفی

و موریدی خانەقاکەیان، بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان یان هەر ویستێکیتر، هەندێ جاریش بۆ پرس و ڕاو بەردەوامیش بۆ پەیمان نوێکردنەوەو خوداپەرستی ڕوودەکەنە خانەقا، خانەقا خاوەن پەیام و ڕوانگەی خۆیەتی کە لە خوداپەرستیدا چڕ دەبێتەوە، دواتریش خۆی لە دادو ئاشتیدا دەبینێ.

## نـــازناوی هـــەقە

هەقەییەکان لە سەردەمی شێخ عبدالکریم نازناوی هەقەیان پێدراوەو بە باڵا دابڕاوە، ئەو نازناوەش خوازراوی خۆیان نییە بەڵکو لە لایەن خەڵکەوە پێیان دراوە، لە بەر ئەوەی مورید و سۆفیەکان بۆ هەر پێشهاتێک بۆ هەر دەنگێک هاواریان کردووە یا هەق، مانای ناوی یەزدان، ناوی خودا، لە زیکرەکان دا زیاتر ناوی هەقەیان بەکارهێناوە، کارێک ڕاست بووبێ، باش بووبێ ووتوویانە هەقە، دەنگێک هاتبێ ووتوویانە یاهەق.

هەقەکان لە بنەڕەتدا سەر بە تەریقەتی نەقشبەندین کە زاناو عولەمای وەکو مەولانا خالید تازەکەرەوەو ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی و سەرتۆپ و سەر قافڵەی تەریقەتە، کە هەمیشە سەربەستی و یەکتر قبووڵ کردن و پێکەوە ژیان پەیامی بووە.

## هـــەقە مامە ڕەزایـــیەکان

مامە ڕەزاییەکان، یان هەقەی مامە ڕەزایی، هەڵگری پەیامی ڕاست و درووست و مرۆڤ دۆستانە بوون باوەڕی پتەوو نەگۆڕیان بە ئاشتی، برایەتی، دادپەروەری، یەکسانی، سەربەخۆیی، سەربەستی ژنە، یەکسانی ژن و پیاوە لە ئەرک و مافدا، لای مامە ڕەزاییەکان ژن و پیاو یەکسانن.

حاجی شێخ مستەفا کە لە ١٩١٥ و لە جەنگی جیهانی یەکەم دا کۆچی دوایی کردووەو ئێستا مەرقەدەکەی لە بەغدایە، جیاوازی لە نێوان سۆفی ژن و پیاودا نەکردووە لە زکرو خوداپەرستیدا سەر خەتمەی ژن لە ژن و پیاو لە پیاوی داناوە بەڵام لە شوێنی جیاوازدا.

مامە ڕەزا ئەمەشی تێپەڕاندوە، دژی دوو ژنەو شیربایی و گەورە بە بچووک و بە زۆر بە شوودانی ژن بووە، مافی بەرابەری و وەک یەکی بۆ ژنان دەستەبەر کردوە، دادپەروەرو یەکسان خواز بووە، مامە ڕەزا هێندە بڕوای پتەوو قوڵی بە ئاشتی هەبووە لە جیاتی چەک، داری بەکارهێناوە، ووتوویەتی ئێمە داری سەلامەتیمان هەڵگرتووە، لە سەردەمی شێخ عبدالکریم و مامە ڕەزادا، لە دوو سەردەمی جیاوازدا ٢ جار مەرکەزی پۆلیسی کەرکوکیان گرتووە هەر دوو جارەکە بەدار گرتوویانە.

## مـــامە ڕەزاییەکان لە شـــۆڕشدا

مامە ڕەزاییەکان هەمیشە دۆستی شۆڕش و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی بوون، لەو پێناوەشدا بەشداری کاریگەریان کردووەو گیانیان بەخشیوە.

لە کۆماری مهابادا ٤٠ کەس لە مامە ڕەزاییەکان پێشمەرگە بوون و بۆ پشتیوانی لە کۆماری مهاباد جەنگاون تا ڕووخاندنی کۆماری مهاباد، لە شۆڕشی ئەیلول لقێک پێشمەرگەیان هەبووەو بەشداری دیاریان کردووە، لە شۆڕشی نوێشدا دەیان فەرماندە و پێشمەرگەیان هەبووەو خاوەنی تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق بوون.

خانەقای مامە ڕەزا هەمیشە وەک قوتابخانەیەکی بەردەوامی شۆڕش وابوون لە پێگەیاندنی کادێرو پێشمەرگەدا، پەناو نواوماڵێکی گەرم و گوڕ بووە بۆ هەر کەسێک ڕووی تێکردبێت.

لە ساڵانی شەستدا، ماوەی ساڵێک شیوعیەکان لە خانەقای مامە ڕەزا بوون، تا ئەو کاتەی خواردن ڕوو لە کزی دەدات لەوێ حەسانەوەو جێگیر بوون.

## درووست بـــوونی تیپی 29ی کـــەڵکە سماق

ساڵی ١٩٨٧ تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق بە فەرمانی سەرکردایەتی «ی ن ک» و ڕەزامەندی کاکە حەمەی مامە ڕەزای کەڵکە سماق درووستکرا.

تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق خاوەن ژمارەیەکی دیار لە پێشمەرگەو فەرماندەی دلێرو ئازا بوو کە لە سەرەتای درووست بوونیەوە خاوەن تاقیکردنەوەی پێشمەرگانە

بوون و پێشتریش لە چەندین داستان و نەبەردیدا بەشداریان کردبوو.

+ ساڵی ١٩٨٦ کاتێک ڕژێم هێرشیکردە سەر کەڵکە سماق بە مەبەستی دەست بە سەرداگرتنی دەشتی کۆیە، شێخ هاوڕێ و بەشێکی دیار لە پێشمەرگەکانی سنوورەکە بەشداری گرنگیان کرد لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ڕژێم و تێکشکاندنیان.

هەر چەند تیپەکە بە ناوی کەڵکە سماق بوو بەڵام سنوورەکەیان لە سوورقاوشان و ناوچەی عەسکەرو کۆتەڵ و دووکان سەری دەکرد، سەرەتا تیپەکە ٨٠ پێشمەرگە بوو، لە سێ کەرت پێکهاتبوو، لە جێگەی کەرتی تیپ، مەفرەزەی تیپ هەبوو، کەرتی «١،٢،٣» شێخ هاوڕێ کرایە فەرماندەی تیپ، سەعیدی حەمە شوان جێگری بوو دواتر بووە پێنج کەرت و فراوانتر بوو.

## تـــەشکیلەی تـــیپی 29

+ شێخ هاوڕێ کاکە حەمە مامە ڕەزا، فەرماندەی تیپ.

+ سەعید محمد عبدالله «سەعیدی حەمە شوان»، جێگری تیپ.

+ ئیبراهیم ئەحمەد «مام برایم» فەرماندەی کەرتی ١ کاکە مەند جێگری بوو.

+ ئەنوەر شوانی فەرماندەی کەرتی ٢، عبدالرحمن مامە ڕەشە جێگری کەرت بوو.

+ حەسۆ نەسرەدین فەرماندەی کەرتی ٣، هەژار صاڵح عسکری جێگری کەرت بوو.

+ شێخ جەواد بێدەری فەرماندەی کەرتی ٤ بوو.

+ جەوهەر ئاغا، فەرماندەی کەرتی ٥ بوو.

+ ئامانج حەمە ڕەزا کادێری شۆڕشگێڕان بوو.

+ قارەمان عەسکەری، کادێرو ڕێکخەری کۆمەڵە بوو.

## چـــالاکی تەوەکەڵ

دوای دروستبوونی تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق، جمووجۆڵ و چالاکی پێشمەرگانەیان دەستپێکرد، یەکەم چالاکی تیپی کەڵکە سماق هاوشانی تیپەکانی ٢١، ٢٥، تیپی مەڵبەند و ٩٣ی کۆیە ، دەستبەسەردا گرتنی فەوجی تەوەکەڵ بوو لە ناوچەی ئاغجەلەر.

## چـــالاکی کۆیە، تـــەقتەق

بە حوکمی ئەوەی پێشمەرگەکانی تیپی ٢٩ شارەزای کون و کەلەبەری ناوچەی کۆیە و تەق تەق و شوان بوون چەندین چالاکی جۆراوجۆریان لە سەر جادەی نێوان تەقتەق، کۆیە، شوان ئەنجامدا، چەندین بۆسەو کەمینیان بۆ هێزەکانی داگیرکەر دانا دەستی بە زەبریان لێوەشاندن و دەستکەوتیان هەبوو.

## چـــالاکی سەرجادەی دووکـــان، ســـلێمانی

پێشمەرگەکانی تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق لە سەر جادەی سلێمانی، قەمچووغە، دووکان لە چەندین بۆسەو کەمیندا هێزەکانی دوژمنیان تارومار کردوو گورزی کاریگەریان لێوەشاندن، هـەژار پێش شەهید بوونی لە یەکێک لەو چالاکیانەدا بریندار بوو.

تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق زیاتر لە سەنگەرەکانی بەرگری لە سەرکردایەتی و مەڵبەندی ٢ بوون، چوونکە دوژمن بەردەوام لە ئامادەباشیدا بوو بۆ هێرش کردنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و سەرکردایەتی، پێش پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی یەک، تیپی ٢٩ زیاتر لە ٤٠ ڕۆژ لە قوڵە پوشێنە لە ئامادە باشیدا بوون.

## ئـــەنفالی یـــەك

پێش پرۆسەی ئەنفالی یەک جارێکیتر تیپی کەڵکە سماق نێردرانەوە بۆ شاخی قوڵە پوشینە ، دوای چەند ڕۆژێک مانەوەیان لە قوڵە پوشینە هێرشەکانی ئەنفالی یەک دەستیپێکرد.

کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٦، دوژمن هێرشی کردە سەر قوڵە پوشینە و سەنگەرەکانی تیپی کەڵکە سماق، دوای بەرگریەکی سەخت و قارەمانانە «عبدالرحمانی مامە ڕەشە و هەژار صالح عەسکەری» کە هەر دووکیان جێگری فەرماندەی کەرت بوون گیانیان بەو داستانە سپاردوو شەهید بوون.

دوای کشانەوە بۆ گوندی شەدەڵە جارێکیتر پێشمەرگەکانی کەڵکە سماق ڕووبەڕووی هێزەکانی دوژمن بوونەوە لە شەدەڵە و شەڕێکی نابەرانبەر ڕوویدا.

هێرشەکانی دوژمن بەردەوام بوو، شەدەڵە دەستی بەسەردا گیرا، هێزی پێشمەرگە کشانەوە بۆ سەری دابان، هێزەکانی ڕژێم هێرشیانکردە سەر چیای دابان لە نێوان هەڵەدن و سەرگەڵوو تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق لێیان دان و ٢٠ سەربازیان لێ بەدیل گرتن لە گەڵ کۆمەڵێک چەک و جیهازی کۆڵەپشت کە دواتر جیهازەکەیان بردەوە دەشتی کۆیە.

تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق هاوشانی تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگە کشانەوە بۆ شاناخسێ و لەوێ بارەگایان دانا، لە کیمیابارانی شاناخسێ دا ژمارەیەک پێشمەرگەی تیپی ٢٩ بریندار بوون، ئەنوەر شوانی و جەواد بێدەری هەر دوو فەرماندەی کەرتی تیپی ٢٩ هاوشانی پێشمەرگەکانی دیکە بە برینداری ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران کران.

## گەڕانەوە بۆ دەشتی کۆیە

دوای ماوەیەک تیپی کەڵکە سماق بە بناری قەندیل و ناوچەی وەرتێ و مەڵبەندی سێ هاتنەوە سنووری کۆیە، بەڵام کەرتی ٣ بە فەرماندەیی حەسۆ نەسرەدین لای کاک کۆسرەت مانەوە، ١٤ شەوو ڕۆژی بەردەوام ڕێگایان بڕی تا هاتنەوە دەشتی کۆیە.

لە گەڕانەوەیان دا بۆ دەشتی کۆیە، لە سەرجادەی هەولێر کۆیە تووشی شەڕو پێکادان بوون لە گەڵ هێزەکانی ڕژێمی عێراق هەر لەوێ تیپەکە ڕێکخرایەوەو تەشکیل کرایەوە.

## ئـــــەنفالی 4

ڕژێمی عێراق بەنیاز بوو لە کەڵکە سماقەوە هێرش بکاتە سەر گوندەکانی ناوچەی بۆگدو ئیللەڵڵا و داگیری بکەن، تیپی ٢٩ و ٥١ دەست نیشان کرابوون تا بەرگری بکەن و نەهێڵن ڕژێم بێتە خوار بۆ دەشتی کۆیە، بەڵام پرۆسەی ئەنفالی ٤ دەستیپێکرد و بەر چەکی کیمیایی کەوتن.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٥ بە چەکی کیمیایی لە گۆپتەپە درا، تیایدا زیاتر لە ١٥ پێشمەرگەی تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق شەهید بوون و دەیانی دیکەش بریندار بوون، سەعیدی حەمە شوان جێگری تیپی کەڵکە سماق مەلا محموود لێپرسراوی کۆمەڵایەتی لە ناو شەهیدەکان دا بوون.

لە مانگی ٢ ی ١٩٨٨ تا ١٩٨٨/٨/٣١، «٤٥» پێشمەرگەی تیپی کەڵکە سماق شەهید بوون.

دوای ئەنفالی دەشتی کۆیە هێزێکی تیپی ٢٩ لە گەڵ کاکە حەمەی مامە ڕەزا بەرەو ناوچەی خاڵخالان و شوان ڕۆیشتن نزیک بە دوو مانگ لەو ناوچەیە مانەوە، دواتر لە ڕێگەی هەڤالانەوە گواسترانەوە بۆ بناری قەندیل، تێکرای تیپەکەش چوونە بناری قەندیل لەوێوە بۆ قاسمە ڕەش دواتر ناردیاننەوە بۆ شاناخسێ.

دواتر گەڕاندیاننەوە بۆ سنووری قەندیل، بۆ ناوچەی گەڕەوان و کەژۆش و گەرووی مەنجەڵ لە پشتی گولان لە سنووری مەڵبەندی ٣ کەمین و خاڵی پشکنین ناوچەکەیان پێسپاردن تا مەڵبەندی ٣ چۆڵیکرد.

تیپی ٢٩ گەڕانەوە بناری قەندیل، تەشکیلەی تیپەکە کرایەوە، زرار سەعدون کە فەرماندەی کەرت بوو لە مەڵبەندی ٢ کرایە جێگری تیپ، تیپەکە لە گەڵ شێخ دارای حەفید مانەوە تا ١٩٨٨/٨/٣١.

دوا شەڕی تیپی ٢٩ لە ناوچەی شێخ ئایش و پشتی سوورەدێ و گۆڕتسوێ بوو، لەو شـەڕەدا، عبدالرحمن جێگری کەرت و فەلاح کە هەر دووکیان خەڵکی سمایل بەگی ناوچەی شوان بوون شەهید بوون.

تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق وەکو تێکڕای تیپەکانی تر لە مازەندەران و گەیلان غەرب دەورەی سەربازیان بینی.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا لە سنووری دووکان و پیرەمەگروون ڕۆڵی بەرچاویان بینی.

# تـــيپی تـــۆپخانەی شـــۆڕش
# مـــەڵبەندی 2
# 1989-1987
# بیــست و هەشــت

## تـــیپی تۆپخانەی شـــۆڕش/ مـــەڵبەندی( 2 ) 1987

لە گەڵ گەشەکردن و فراوانبوونی چالاکی پێشمەرگە، بەردەوام دەستکەوتی زیاتر لە چەکی قورس و هەمەجۆر، لە دۆشکاو هاوەن و کاتیوشا، لە ڕەشاش و دیمیترۆف و ئێس بی جی ناین، دەکەوتە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە ڕێگەی هاوکاری و پەیوەندیەکانیشەوە چەکی مام ناوەنجی و گەورە دەگەیشتە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردایەتی شۆڕش.

هەر بۆیە بیرۆکەی درووست کردنی تیپی تۆپخانەی شۆڕش و کۆکردنەوەی چەکی قورس لە یەکەیەکی پێشمەرگانەدا هاتەکایەوەو سەرکردایەتی «ی ن ک» بڕیاری درووستکردنی تیپەکانی تۆپخانەی شۆڕشی لە تێکڕای مەڵبەندەکان دا، تیپی مەڵبەندی ٢ ش یەکێک لەو تیپانە بوو کە لە چەند کەرتی جیاواز پێکهاتبوو، هەر کەرتەش تایبەتمەندی خۆی هەبوو لە ڕووی بەکارهێنانی جۆری چەک و تەقەمەنی.

### پـــێکهاتەی تیپی تـــۆپخانە

| | |
|---|---|
| کاک محموود «خولە کۆمەڵە» | فەرماندەی تیپی تۆپخانە |
| ئیسماعیل مەلا عبدول | جێگری فەرماندەی تیپ |
| ڕەحیم حاجی خدر | فەرماندەی کەرتی دۆشکا |
| شێخ سالار | فەرماندەی کەرتی هاوەن |
| ئیبراهیم عارف | فەرماندەی کەرتی ڕاجیمە |
| صلاح کونجرینی | فەرماندەی کەرتی تیپ |
| عبدالله دڕەیی | فەرماندەی کەرت |
| ئەحمەد گەرمیانی | فەرماندەی کەرت |
| فەرەیدون ئەحمەد کەلان | ڕێبەری سیاسی تیپ |
| شاخەوان | لێپرسراوی دارایی، مالیەی تیپ |

بارەگای تیپی تۆپخانەی شۆڕش، مەڵبەندی ٢ لە مێرگە پان بوو.

## کـــــەرتی دۆشـــکا

ڕەحیمی حاجی خدری باوزێ فەرماندەی کەرتی دۆشکەکان بوو لە تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی ٢، عبدالله کانی میرانی جێگری فەرماندەی کەرت بوو، عارف سوسێی ڕێبەری سیاسی کەرتەکە بوو.

بارەگای سەرەکی کەرتی دۆشکا لە سەری دابان بوو لە سەر چیای دابان دۆشکەیەکیان دانابوو تا پارێزگاری لە سەرگەڵوو بەرگەڵوو تێکڕای ناوچەکە بکات.

لە ناو شارەدێی سەرگەڵوش سێ خاڵی سەرەکی هەبوو کە ٢ دۆشکاو دیمیترۆفێکی لێدانرابوو، بۆ پارێزگاری لە سەرگەڵوو دۆڵی بەرگەڵوو کە بە ٣ خاڵی سەرەکی دژە فڕۆکە هەژمار دەکران، ئەحمەدی مینە عەلی فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی دۆشکەکان سەرپەرشتی ئەو مەفرەزەو خاڵانەی دەکرد کە لە سەرگەڵوو وەکو دەستەی دژە فڕۆکە بەردەوام لە حاڵەتی ئامادە باشی دابوون و بە ئاگا بوون لە هەر جمووجۆڵێکی فڕۆکە، زۆر جاریش بە دۆشکاکەی سەر دابان ڕەبیەکانی سپیلک و قوڵە سەوزیان دەکوتا.

## کـــەرتی هـــاوەنەکان

کەرتی هاوەن کە شێخ سالار فەرماندەی بوو، لە هەر جمووجۆڵێکی ڕژێم بۆ سەر هێزی پێشمەرگە، یان هێرشی ڕژێم بۆ سەر مۆڵگەو ڕەبیە و سەربازگەکانی ڕژێم بەشداری چالاکانەی دەکردو جێگە دەستیان دیارو نەخشاو بوو.

زۆر جار بە هاوەنی ١٢٠ ملم، ڕەبییەکانی سەر ڕێگای دووکان-سلێمانی، سەربازگەی سوسێ، قەڵای سوسێ و مۆڵگەکانیتری ڕژێمیان بۆردوومان دەکرد، وەڵامی هەر تۆپبارانێکی تۆپخانەکانی ڕژێمیان ئەدایەوە کە دەیکردە سەر ناوچەکە.

## کـــــەرتی ڕاجـــیمە

ئیبراهیم عارف «بلە قەرەج» فەرماندەی بوو، کەرتێکی چالاک بوو لە سنووری مەڵبەندی ٢، خاوەنی دوو ڕاجیمەی گورز وەشێن بوون، لە بۆردوومانکردنی سەربازگەی سووسێ و مۆڵگەو ڕەبیەکانی دوژمندا ڕۆڵی دیارو بەرچاویان بینی.

کەرتێکی دیکەی تیپی تۆپخانە عبدالله درەیی فەرماندەی بوو، چەند هاوەنێک و ڕاجیمەیەکی ١٢ یان لابوو، بارەگایان لە سنووری مێولاکە و چۆخماخ بوو ئەوانیش ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە کوتانی مۆڵگەکانی ڕژێمدا.

کەرتێکی دیکەی تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی ٢ لە سنووری تیپی ٢٥ی خاڵخالان بوو، ئەحمەد گەرمیانی فەرماندەی بوو، ئەوانیش چەند هاوەنێک و ڕاجیمەیەکی دوژمنیان لابوو، لە هێرش و پەلامارەکاندا ڕۆڵی گرنگیان بینی لە سنووری تیپی ٢٥ی خاڵخالان.

بەشێک لە پێشمەرگەو فەرماندەکانی کەرتی هاوەن و دۆشکاو ڕاجیمە دەورەی پێویستیان بینیبوو بۆ بەکارهێنانی دۆشکاو ڕاجیمە و هاوەنەکان، هەروەها بۆ هەڵوەشاندن و چاکردنەوەیان لە کاتی پێویست و پاک کردنەوەدا.

ساڵی ١٩٨٦ واتە ساڵێک پێش درووست بوونی تیپی تۆپخانەی شۆڕش، لە سەرگەڵوو، لە سەر لوتکە و شاخی هەلاج لە زنجیرە چیای سەختی دابان، خولێکی خێرا بۆ پۆلێک پێشمەرگەی مەڵبەندی دوو کرایەوە لە سەر فێر بوون و ڕاهاتن لە بەکار هێنانی هاوەنی «٦٠، ٨٠، ١٢٠» ملم مامۆستا و ڕاهێنەری خولەکە ڕائید جەلال، خەڵکی ناوچەی خۆشناوەتی و ئەفسەری پێشوی سوپای عێراق بوو، لە مەڵبەندی سێ وە هاتبووە سەرگەڵوو.

پاش تەواو بوونی خولەکە ڕائید جەلال و پێشمەرگەکانی خولەکە بەرەو سنووری سنگرو مێولاکە بەڕێکەوتن، لە سەر شاخی کوێرەنگەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی هاوەنەکانیان بەکارهێناو تاقیکردەوەو بۆردوومانی سەربازگەی سوورەقەڵات و کارێزەیان پێکرد، لە شەڕی قەیوان-ماوەت دا.

لە کەرتی دۆشکە ساماڵ خولی فێربوونی بینیوو شارەزا بوو، پێشمەرگەکانی دیکەش بە شێوەی پراکتیکی فێری بەکارهێنان و هەڵوەشاندن و بەستنەوەی دۆشکەکان بوون.

کەرتی ڕاجیمەش خولی تایبەت بە تەقاندن و مامەڵە کردنی زانستیانەی ڕاجیمەیان بینیبوو، بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ڕاجیمەیان بەکار دەهێناو شوێن مەبەستیان دەپێکا.

## تـــۆپبارانی ســـەربازگەی سوسێ

پێش درووستبوونی تیپی تۆپخانەش، مەڵبەندوو تیپەکان خاوەن، هاوەن و ڕاجیمە و دۆشکا و چەکی دیکە بوون، بەڵام تیپی تۆپخانە تێکڕای چەکە قورسەکانی لە یەکەیەکی پێشمەرگەی بە ئەزموون و شارەزادا کۆکردەوەو تۆکمە و پتەوی کردن و وەکو یەکەیەکی پسپۆڕو پیشەیی لێکردن.

تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی ٢ لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧دا درووستکراو پێکهات، بەڵام لە نەورۆزو بەهاری هەمان ساڵدا هەمان تۆپ و ڕاجیمەکانی تیپی تۆپخانە، بۆردوومانی خەست و سەختی سەربازگەی سوسێ یان کردوو زەرەرو زیانی گەورەیان پێگەیاند.

زۆر جار لە سەربازگەی (سوسێ) وە تۆپبارانی سەرگەڵوو بەرگەڵوو ناوچەکانی دیکە دەکرا، هێزی پێشمەرگەش وەڵامی دەدانەوە دەرەجەدارەکانی ڕژێم بە موختارەکان دا وەڵامیان بۆ پێشمەرگە ناردبوو ئەگەر ئەوان بۆمبارانمان نەکەن، ئێمەش نایکەین، بەڵام وەک هەمیشە بێ بەڵێن و نەهێن گرو پەیمان شکێن، تۆپبارانی سەرگەڵوویان کردو پێشمەرگەیەک و چەند هاووڵاتییەک شەهید بوون.

لە وەڵامی تۆپبارانی ڕژێم بۆ سەرگەڵوو، تۆپخانەی شۆڕش لە سەری دابانەوە سەربازگەی (سوسێ) یان بۆردوومان کردوو نزیک بە ٨٠ گوللە ڕاجیمەیان بە سەربازگەی (سوسێ) وە نا.

ساماڵ و عوسمان کوێخا عەزیزی شەدەڵە و خالید حاجی تانی لە سەر شاخی قوڵە پوشینە ڕەسەدی ڕاجیمەکە بوون بۆ لێدانی سەربازگەی سوسێ، چونکە چیای قوڵە پوشینە ڕاستەوخۆ دەیڕوانی بە سەر سەربازگەی سوسێ دا.

لە سەری دابانەوە شێخ ئەحمەد عەسکەری گوللە ڕاجیمەکانی دەتەقاند، عارف سوسێی و شۆڕشی حەمە جامانە ، نەبەزی حاجی محموود و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە هاوکار بوون لە سەرخستنی گوللەکان لە سەرگەڵوو بۆ سەری دابان بە عەرەبانە، بارکردن و داگرتنیان و تەقاندنیان، گورزێکی کاریگەر لە سەربازگەی (سوسێ) درا، خەڵکی دۆڵی سوسێ و بە تایبەت گوندەکانی، گەبە، گولیجە، سوسێ،

هاتبوونە سەربانەکان و سەیری تۆپبارانی سەربازگەی (سوسێ) یان دەکردوو خۆشحاڵ بوون.

زیانی ڕژێم ئێجگار زۆر بوو، سەرباری هەموو ئەو تاوانانەی ڕژێمی بەعس بەرانبەر خەڵکی ناوچەکەو کوردستانی دەکرد، بە جۆرێک هەر فڕۆکەیەک لە شەڕگەی ئێرانیش بگەڕایەتەوە بۆمبێکی بە دیاری دەهاوێشتە سەرگەڵوو بەرگەڵوو، کەچی ئامر لیوای سوسێ بە خەڵکی ناوچەکەدا وەڵامی بۆ پێشمەرگە ناردبوو ووتبووی ئەوە ویژدانە هەیانە، خۆ ئەوەی بە ئێمەیان کرد، ئیسرائیل بە فەڵەستینی نەکردووە.

عارف سوسێیی بە شێخ ئەحمەد عەسکەری ووتبوو، ڕیزێک ڕاجیمە بنێن بە ماڵە ئەمنەکانی سوسێ وە، ئەحمەد عەسکەریش وتبووی عارف کێ دەڵێ ناکەوێتە ماڵی ئێوەوە، عارفیش ووتبوی یا شێخ با دوان بکەوێتە ماڵی ئێمەوە، بەڵام ڕیزێکی پێوەنێ، ڕەتڵێک ڕاجیمەش نرا بە ماڵە ئەمنەکانی (سوسێ) وەو تەمێ کران، بۆ ئەو سەردەم و قۆناغە تۆپبارانی سەربازگەی (سوسێ) و ماڵە ئەمنەکانی سوسێ دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، کاریگەر بوو لە سەر ورەی خەڵک.

شۆڕشی حمە جامانە کە دەستەی تۆپبارانکردنی سەربازگەی سوسێ بوو دوای نزیکەی مانگێک لە تۆپبارانی سوسێ لە داستانی ڕزگاری و لە شاخی پیرەمەگرون و لە کلکەی قوڵە سەوز- لە گەڵ بەکری حەمە فەرەج شەدەڵەیی شەهید بوون و گیانیان بەو داستانە سپارد.

کەرتی ڕاجیمەی سەر بە تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی دوو لە زۆربەی هەڵمەتەکانی پێشمەرگە بۆ سەر مۆڵگەو ڕەبیەکانی ڕژێم و تێکشکاندنی هێرشەکانی ڕژێم و بۆردوومانی زنجیرە چیاکانی قوڵە پوشینە و قوڵە سەوزو سپیلک و قەڵای سوسێ و سەربازگەی سوسێ ڕۆڵی بەرچاویان بینی و بەردەوام مۆڵگەکانیان دەکوتا.

زۆر جاریش هاوەن و دۆشکاش بۆردوومانی سەربازگەی دووکان و ڕێگەی سلێمانی دووکانیان دەکرد، هەندێک جاریش بە مەبەستی لە نزیکەوە بۆردوومان کردنی مۆڵگەو ڕەبیەکانی ڕژێم هاوەن و ڕاجیمە بەرەو قەمچوخە و گێچینەو ڕێگای سەرەکی سلێمانی دووکان دەگوازرایەوەو چالاکی پێ ئەنجام ئەدرا.

## شـــەڕی قوڵە ســـەوز

کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ ڕژێمی عێراق دەستی گرتبوو بە سەر قوڵە سەوزوو ڕەبیەی لێدانابوو پێشتر ئەو ڕەبییانە لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە دەستیان بە سەردا گیرابوو بەڵام دووژمن جارێکیتر چوو بووەوە ناویان بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڕیاریاندا بچنەوە ناو ڕەبییەکان و دەستیان بە سەردا بگرنەوە.

شـەوی یەکەم هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی قوڵە سـەوز بـەڵام هێزەکەی دووژمن بەرگریان کردو نەگیرا.

بۆ شەوی دووەم تیپی تایبەتی مەڵبەندی دوو ( تیپی تۆپخانە) تیپی مەڵبەندی دوو، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە چەند لایەکەوە هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەکان بەمجۆرە:

+ تیپی تایبەتی مەڵبەند بە فەرماندەیی مستەفا سەرگەڵویی بە دیووی سووررداشدا هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەکانی دووژمن

+ تیپی تۆپخانەو تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بە فەرماندەیی جەلالی حەمەی محە، ئیسماعیل مەلا عەبدول، هەڵۆ ئەحمەد، ڕەحمان سیتەکی هەڵمەتیان بردە سەر قوتەو ڕەبیەیکانی قوڵە سەوز.

بڕیاردرا هەمووان پێکەوە سەرکەون و لە دارەکەی حاجی تان یەک بگرنەوە.

کاتژمێر سفر تەقە دەستپێکرد هەڵمەت برایە سەر ڕەبییەکانی دووژمن، ڕەبییەی قوڵە سەوز گرێگرت، دووژمن هێزێکی نارد بە هانای ڕەبییەکانیەوە، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هێزەکەی دووژمن کوژران و لەو شاخ و کێوانە هەڵدێران.

لـەو شـەڕەدا پێنج پێشمەرگەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ سـالار حەمە بچکۆل، کامەرانی حەبێ، حەسەن چاو ڕەش، ساڵح چاوشین، کەریم بەگ شەهید بوون، ساڵح و کەریم بەگ دوای چەند ڕۆژێک لە بریندار بوون شەهید بوون.

لە قوڵە سەوز دوو پێشمەرگەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون پێشڕەو ئامۆزای جەلالی حەمەی محەو ئازاد عەرەب شەهید بوون، ژمارەیەک پێشمەرگەش بریندار بوون لە ناویاندا ئیسماعیل مەلا عەبدول.

## ڕۆژمـــێری پـــێشمەرگەیەك

سێ شەممە ١٩ی کانوونی دووەم ١٩٨٨، ٢٩ی بەفرانبار، ٣٠ جماد الاول.

ئەمڕۆ لە دابانەوە بەڕێکەوتین بۆ قزلەر، لەوێشەوە یەکسەر بۆ چۆخماخ بە دۆشکەوە، بە ڕاستی چاک ماندوو بووین لەم ئەرکەماندا لە گەڵ کاک عبدالله کانی میرانی و محمد باوزێی بە یەکەوە بووین، دیارە دۆشکەکەمان لە هێسترەکە بارکردبوو مەترسی ئەوە هەبوو دوژمن لەو قۆڵەوە هێرشێکی بەرفراوان بکا، برادەرانی کەرتی هاواناتیش لەوێ بوون، کاک شەریفی قورئانی و برادەرانی تیپەکانی گەرمیانیش لەوێ بوون، تیپی ٥٩ی حەمرین لە ناو گوندی چۆخماخ مەقەڕیان دانا بوو، گوندەکە هەموو چۆڵی کردبوو، ڕژێم بە تۆپی قورس و کاتیوشا بۆردوومانی گوندەکەو دەورووبەری دەکرد دۆشکەکەمان لە قوتەیەک دامەزراند نزیک بوو لە ناو (دێ) وە ئێمە لە ناو دێ نزیک تیپی ٥٩ی حەمرین بووین، ١٥ ڕۆژ لە چۆخماخ ماینەوە، ڕۆژانێکی ساردوو تۆف و بەفرو باران بوو.

## « لە ڕۆژژمێری عارف سوسێی پیەوە» .
## ئـــەنفالی یەك، هـــێرش بۆ سەر نـــــاوچەکە

هێرشی بەربڵاوی ئەنفالی یەک بۆ سەرگەڵوو بەرگەڵوو دۆڵی جافایەتی و دووکان لە ١٩٨٨/٢/٢٦ دەستیپێکرد هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تۆپخانەی شۆڕش وەڵامی قورسی هێرشەکانی ڕژێمیان دایەوە، دوژمن سەرەتا بۆردوومانی تیمارو سورداش و قوڵە پوشینەی کرد دواتر تۆپباران و هێرشەکانی فراوانتر کرد.

٢٧ی مانگ شاخی قوڵە پوشێنەی گرت و زاڵبوو بە سەریدا، ٢٨ی مانگیش دەستیگرت بە سەر شەدەڵەدا لە دۆڵی سورداش و دابان و ناوچەکە تیپە دلێرەکانی یەکێتی بەرگری قارەمانانەیان کرد.

لە ٢١ ڕۆژ بەرگری لە چیای دابان کە کەرتی دۆشکای لێبوو، (٢) دۆشکە لە چیاکە بەرگریان کرد، دەیان هێرشی ڕژێمیان تێکشکاند.

کەرتی ڕاجیمەو هاوەنیش لە تێکڕای سنوورەکە هەر لە دابان و شەدەڵە و چۆخماخ و سەرگەڵوو بەرگەڵوو دۆڵی جافەتی بەرگری کەم وێنەیان کرد.

## ڕۆژمـــێری پـــێشمەرگەیەك

هەینی ٢٦ شوبات ١٩٨٨، ٧ی ڕەشەمێ، ٩ی ڕەجەب.

ئەمڕۆ ڕژێم هێرشێکی توندیکرد بۆ سەر قوڵە پووشینە و تیمارو دەوری سووورداش، هەروەها بە توندی تۆپبارانی ناوچەکەیکرد.

***

٢٧ی شوبات شاخی قوڵە پووشینەی گرت، لە کلکەی پیرەمەگرون تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق لەوێ بوون، دوو شەهیدوو چەند بریندارێکیشیاندا.

***

یەکشەممە ٩ی ڕەشەمێ، ٢٨ی شوبات، ١١ی ڕەجەب.

ئەمڕۆ دوژمن هێرشی هەر بەردەوام بوو، هەروەها گوندی شەدەڵەی گرت، ئێمەش حەشرمان پێکردن بە دۆشکەکە لە سەری دابانەوە، کاک شێخ داراش سەرکەوت بۆ سەر شاخ بۆ لامان، سەیارەکەشی بە تۆپباران تێکشکا.

***

تێکڕای هێزی پێشمەرگە بە تیپی تۆپخانەشەوە لە ناوچەکە پاشەکشەیانکرد، دوا گوللەی ڕاجیمەو هاوەن و دۆشکەیان نا بە مۆڵگەو هێزەکانی داگیرکەرەوە، دواجار بەشێکی لە لایەن پێشمەرگەوە تەقێنرایەوەو هەندێکیش جێما.

سەختی شەڕو بەرفراوانی هێرشەکانی داگیرکەر، دەرفەتی ئەوەی نەدا، دۆشکاو ڕاجیماو چەکی قورس بگوازنەوە.

تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی دوو ناچار بە پاشەکشە کرا بەرەو چالاوا، دواتر بە شاخی خەرتیزدا هەڵزنان و لە سیرەمێرگ، بەرەو دۆڵی شێخ محمد مەسافە مەسافە، هیلاک، ماندوو شەکەتی ڕێگە دەڕۆیشتن و هەنگاویان دەنا بەرەو چارەنووسی نادیار.

لە کاتژمێر ٦ی ئێوارە تا ٩ی بەیانی بە ناو بەفرو زریان و ڕنوودا بەڕێوەبوون، نەدەخەوتن و بە پێوە بوون.

چەند ڕۆژێک پێش هێرشی ئەنفال لە ١٩٨٨/٢/٢٢ پێشمەرگەی کەرتی ڕاجیمە

سیروان فەرەج بە قەناسی دوژمن شەهید بوو گیانی سپارد، شەهید سیروان لە کەرتی ڕاجیمە بوو لای برایم عارف لە گوندی قەمچووخە دوا هەناسەی سپاردە نیشتمان، سیروان کوردی دانیشتووی بەغدا بوو، لە بەغداوە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی هەڵیگرت و لە قەمچووخە بەهاری تەمەنی بووە خەزان.

تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی ٢ لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ درووست بوو لە ئەنفالدا کۆتایی هات کە تەنها تەمەنی ٨ بۆ ٩ مانگ بوو، بەڵام لەو ماوە کورتەدا جێگە دەستیان دیارو بەرچاوە، پێشتریش لە تیپی مەڵبەندی ٢ عوسمان کۆنفۆ بە تۆپی ١٠٦ ملم و هاوەن لە سەر لووتی هەلاجەوە، ڕەبیەو مۆڵگەکانی سەرجادەی سلێمانی – دووکانی دەکوتا، شەریفی قورئانیش وەکو دەڵێن ئەو شوێنەی باران بیگرتایەوە ئەویش تۆپی تێدەکرد.

دیارە کەرتی تیپ و بارەگای تیپ لە شەدەڵە تێکڕای کەرتەکانی تیپ، دەستە پلان چنەکان لە تیپی تۆپخانە و ساڵانی پێشووتریش شانازی و سەروەری گەورەیان پێ دەبڕێت.

## لەم بەرگەدا سودمان لەم تێکۆشەر و سەرچاوانە وەرگرتووە

**تیپی ١٥- ١١ هەورامان - شارەزوور**

* حەمە قاشتی
* جەلال کوڵکنی
* عەزیز کوڵکنی
* فەلاحی حەمە بۆر
* بورهان مەسەکانی
* سەلام خەنان
* هەورامان محەمەد
* ئەکبەر یەناخی
* بلە کۆیی
* دڵشاد هەورامی
* سەلامی کوێخا عەزیز
* ئەرشیفەکەم
* ڕێبازی نوێ
* برووسکە

**تیپی ٣١ پێنجوێن**

* جەمالی حەمەی خوا کەرەم
* عیزەت شەمساوایی
* کامەران ڕەشە چالە
* ئەرشیف

**تیپی ٣٣ سلێمانی**

* ئازاد دەرەمیانەیی

* حەمە عەلی بەرزنجی
* جەمال وەندەرێنی
* بیرەوەری ئاوات قارەمانی
* ئەرشیف

**تیپی ٣١ سلێمانی**

* هەڵۆ پێنجوێنی
* ئازاد وەندەرێنی
* جەمال وەندەرێنی
* ئەرشیف
* ڕێبازی نوێ

**تیپی ٣٧ شارباژێر**

* سەید ئەحمەد حەمەلاو
* عەلی محەمەد چوارتایی
* حەمە هەژار
* خاڵە سەراوی
* وەستا فاروق
* عادل سەراوی
* لاوە مڕانەیی
* عوسمان چنارەیی
* هاوڕێ سۆران
* بەکرە درێژ
* غەریب گەنکەیی
* ڕازاو محموود فەرەج

* دکتۆر برایم ماوەتی
* شێخ جەمال
* جەمالی حەمە خوا کەرەم
* تالیب مۆریاسی
* کازم تەپەڕەشی
* ڕێبازی نوێ

**دروستبوونەوەی تیپی ١١ هەورامان و١٥ شارەزوور**

* دکتۆر کەمال شاکر
* فەلاح حەمە بۆر
* ئەکبەر یەناخی

**تیپی ٣٣ سورێن**

* دکتۆر کەمال شاکر

**تیپی ٤٧ پیرەمەگرون**

* شێخ فەتاح
* حەمە سنگری
* ئیسماعیل ماوەتی
* ئازاد وەندەرێنەیی
* کەمال شێخە
* ساڵح گەورەدێی
* ئیسماعیل مەلا عەبدول
*سالار عەبدوڵڵا
* ئەرشیفەکەم

* ڕێبازی نوێ
* برووسکە

**تیپی ٤٣ ئاسۆس**

* عوسمان شارشێنی
* زاهیر سێدەری
* محەمەد لۆتەری
* بێستوون سابوراوایی
* ئەرشیف
* ڕێبازی نوێ
* برووسکە

**تیپی ٦٨ مامەندە**

* جەنگیز قادراغا
* حەمە هەژار

تیپی ٤٤ چەکوچ

* شێخ سمایل
* تاهیر حەماغا
* بەرزان ئاغا

**تیپی ٦١ کوڕەش**

* محەمەد وەتمان
* بروسکە

**تیپی ٦٣ جوتیاران**

* عەبدوڵڵا هەمزە

* مەولود هێرۆیی
* عەلی حاجی شەریف
* حەسەن محەیدین
* مەحمود ڕازیانی
* ئەرشیف
* برووسکە

**تیپی ١٤ ئاکۆ**

* سواراغا
* محەمەد کاک هەمزە

**تیپی ٧٣-٧٩**

* محەمەد مام ڕەسوڵ

**تیپی ٩٩ بیتوێن**

* تۆفیق کانی وەتمانی
* عەبدوڵڵای مام عەلی
* محەمەد خەلیفە
* شێخ عەلی شێخ حەمە ساڵح
* بەکر کەڵکە سماقی
* ڕێبین حاجی سەعید گردجانی
* عەلی بۆسکێنی
* برووسکە

**تیپی ٦٥ بلْفەت**

* مەولود هێرۆیی

**تیپی ٤١ کوڕەکاژاو**

* هۆمەراغا

**تیپی ٦٥ گەڵاڵە**

* مەلای عەلی ئاغا

**تیپی مەڵبەندی دوو**

* مستەفا سەرگەڵویی
* خالید کرژەیی
* عەلی حاجی مەحمود گەڵاڵی
* ئەحمەد عەسکەری
* برووسکە
* ڕێبازی نوێ
* ئەرشیف

**تیپی پارێزگاری**

* کەمال تاماس
* جەمال حاجی مامەندی

**تیپی ٢٧ تۆکمە**

* مام ڕۆستەم قولەرەیسی
* ڕێبازی نوێ

**تیپی ٢٩ کڵکە سماق**

* شێخ هاوڕێ

**تیپی تۆپخانە**

* ئیسماعیل مەلا عەبدول

# ویـــنـــەکـــان

## تیبی ٢٧ تۆکمە













## تیپی ٣١ی سلێمانی
























شه هيد حه مه و مين خه جي



## تیپی ۳۳


شەهید بختیار
حاجی فارس


تیپی 31 ی سلێمانی - کەرتی 4
عبدالله صالح
کاوە کوێخا مەجید
شەهید جەلال عەلی


1987 گوندي شاناخسي
ئازاد ده ره ميانه ي. غه ريب هه له دني. عه لي كول


1987 زيويي


1979 دزلي
تايه ر حاجي عه زيز




1982
ئازاد ده ره میانه ي له گه ل پوليمنالي گوندی جارخ



## تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ



















غەریبە رەش
شەهید سورکێو
شەهید هێمن
سەراوی










# تیپی ٤٧

























79 8 18







## تیپی پارێزگاری











## تیپی ئاسۆس ٤٣








مانگی تەموزی 1990 پۆلیک پیشمەرگە دابەزین بۆ پیرەمەگرون








شەریف حاجی رەسول گۆمەزەلی-حاجی صالح یاخیانی-عبدالله مام سعید-شەهید محمود سێدەری-کاکە مین کوێرەکانی-نەناسراو









## تیپی١١ی هەورامان





















لە ڕاستەوە: عمر کوێخائە حمد، ئەکبەر ڕێناخی ، ڕزگار بۆینی ٣١/١/١٩٨٤ تەپە کوڕە



لە ڕاستەوە: محمود مۆردینی ، حەمەی حەم سعید ، فەیسەڵی مامۆکاکە ، ڕزگار عزە قوڵ، ئەکبەر ئێناخی

دانیشتوەکان: غەفار فایەق ، هاشم بۆینی هاوارەکۆن ١٩٨٢



پۆلێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ١١ی هەورامان

ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینی ١٩٩١، دزلێ

## تیپی ٦١ ی کوڕەش
















## تیپی ٦٣ ی جوتیاران
















## تیپی ٦٨ ی مامەندە
















١٠/٩/١٩٨٩ تۆزەڵ



## تیپی ٧٣ی قەندیل















اسفند ٦٥



## تیپی مەڵبەندی دوو











